ژنان و کاروبـــاری ژنـــان

لــــە

ئیســلامــدا

ئەحمەد کاکە مەحموود

چاپی یەکەم

١٤٣٠ کۆچیی

٢٠٠٩ زایینی

٤

ناسنامەی کتێب:

ناو: ژنان و كاروباری ژنان له‌ ئیسلامدا.

نووسه‌ر: ئه‌حمه‌د كاكه‌ مه‌حموود.

تایپ: عبدالرحمن نجم الدين طه - موحه‌مه‌د ئه‌حمه‌د كاكه‌ مه‌حموود.

خوێندنه‌وه‌و پیاچوونه‌وه‌ی: عرفان ئه‌حمه‌د كاكه‌ مه‌حموود.

هه‌ڵه‌چنی: صهيب ئه‌حمه‌د كاكه‌ مه‌حموود.

ساڵی چاپ: ١٤٣٠ كۆچیی- ٢٠٠٩ زایینی. چاپی یه‌كه‌م.

چاپخانه‌: دارالفكر- به‌یروت- لوبنان.

تیراژ: ٥٠٠٠ دانه‌.

پێشەکی چاپی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله، وعلى آله وصحبه ومن والاه.

سوپاس و ستاییشی بێ پایان بۆ خوای بالاً دەست و بەتوانا، درودو سلاًوی خوای میهرەبانیش بۆ سەر گیانی پاکی پەیامبەری ئازیزو یارو یاوەرانی و شوێنکەوتوانی. خوێنەرانی هێژا: وا بۆ جارێکی تر بە یارمەتی خوای پەروەردگار دەستنووسێکی تری مامۆستای موجاهیدو موفەسسیری قورئان جەنابی مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود دەخەینەوە بەردیدی ئێوەی خۆشەویست و رۆشنبیران و لاوان و گەنجانی ئەمرۆمان، بەتایبەت ئافرەتان، لە دێر زەمانەوە مامۆستا لە خولیای نووسینی کتێبێك بوو سەبارەت بە (ژنان و کاروباری ژنان لە ئیسلامدا)، بەتایبەت بۆ ئەم وەزعەی ئەمرۆی موسڵمانان و بەتایبەتی تریش کێشەی ئافرەتان و خوشکان، کە لە دونیای ئەمرۆی عەولەمەدا زۆرێك بەناوی جیاجیاوە خۆیان کردووە بە پارێزەرو دەمراستی ئافرەتان و بەسەدان و هەزاران رێکخراوی جۆراوجۆر بۆ کێشەو کاروباری ژنان درووستکراوەو فرمێسکی تیمساحاوییان بۆ دەرێـژن!، وە هەر یەکەیان دەهۆڵی شوێنێك لێدەدات و جاڕنامەی مافی ئافرەتان دەخوێنێتەوەو بلاًو دەکاتەوە، جا لەم کات و ساتە ناسکەدا مامۆستا هەستا بە نووسینی ئەم کتێبەو وەك خۆی لە پێشەکییەکەیدا هێمای پێکردووە تەواوی سەرجەم کێشەکانی ئافرەتانی لە سۆنگەی قورئان و فەرموودەو پاشان بیروو بۆچوون و ڕاو پێشنیاری زانایانی ئیسلامیی و غەیرە ئیسلامیی باسکردووەو هیچ کێشەیەك نەماوە مامۆستا لەم کتێبەیدا سەبارەت بە ئافرەتان باسی نەکردبێت و وەلاًمی تەواوی ئەو کەسانەیشی داوەتەوە کە بەناوی ئازادیی و ڕادەربڕینەوەو لەسایەی عەلمانییەتدا هێرشی ناڕەوا لەو دەرگایەوە- ئافرەتان- دەکەنە سەر ئیسلام و مێژووی ئیسلامیی. وە هەروەها مامۆستا بەرەحمەت بێت وەك کارێکی نموونەیی لەم کتێبەدا هەستاوە بە بلاًوکردنەوە زیاتر لە ٣٠٠ فەتوای تایبەتیی

بـه ئافرەتـان، كـه ئەمــەش شـتێكى نوێيــه بـۆ ئافرەتــان و ســەرجەم وەڵامــى پرســيارە هەســتيارەكانى ئافرەتــانى داوەتــەوە، هــەر چــەندە ئــەم كتێبــه مــاوەى زيــاتر لــه ٣ ســاڵه نووسراوە، بەڵام بەهۆى نەبوونى كولفەى چاپكردنييەوە وەك – كتێبەكانى ترى– تا ئـەمرۆ دوا كەوت و ئێستاش پشت بەخوا چاپى يەكەمى ئەم كتێبە دەخەينە بەر دەستى خوێنـەران، بەهيواى سوودو كەڵك لێوەرگرتنى بەتايبەت خوشكان و ئافرەتان. وە دڵنياشتان دەكەينـەوە كـه بـه يارمـەتى خـواى گـەورە سـەرجەم نووسـراوو بەرهەمـەكانى مامۆسـتا مـەلا ئەحمـەد بلاۆدەكەينـەوەو رێگـاو فيكـرو بيرمەنـديى مامۆسـتا تـا رۆژى دوايـى هـەر گەشـاوەو رۆشـن دەبێت، انشاوالله. داواى دۆعاى خێرتا لێدەكەين.

وصلى الله وسلم على نبينا و قائدنا محمد و على آله وصحبه.

عيرفان ئه‌حمه‌د كاكه مه‌حموود

١٣ ى شه‌عبانى ١٤٣٠ كۆچيى

٤ / ٨ / ٢٠٠٩ ى زايينى

www.ahmadkaka.com

erfankaka@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەكیی:

إن الحمد لله نحمده ونستعينه، ونستغفره و نتوب إليه، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيآت أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادى له، وأشهد أن لاأله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

﴿ياأيهاالذين آمنوا اتقوا الله حق تقاته ولا تموتن إلا وأنتم مسلمون﴾ آل عمران:١٠٢.

﴿ياأيهاالناس اتقوا ربكم الذى خلقكم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالا كثيرا و نساء واتقوا الله الذى تساءلون به والأرحام إن الله كان عليكم رقيبا﴾ نساء:١.

﴿يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله وقولوا قولا سديدا يصلح لكم أعمالكم ويغفر لكم ذنوبكم ومن يطع الله ورسوله فقد فاز فوزا عظيما﴾ الأحزاب: ٧٠-٧١.

أما بعد:

فإن أصدق الحديث كتاب الله تعالى، و خير الهدى هدى محمد ﷺ، و شر الأمور محدثاتها، و كل محدثة بدعة، و كل بدعة ضلالة، و كل ضلالة فى النار.

پاشان:

بێگومان مەزنترین كێشە، لە نێو كێشە كۆمەڵایەتیەكاندا -بە كۆن و نوێوە- كاروباری ژنانە، بۆیە دەبینی زۆرێكی زۆرینەی كۆمەڵناس و فەیلەسووف و، یاساناس و، تەنانەت سیاسیی و سیاسەتمەداریش، خۆیان بە ئافرەتەوە سەرقاڵكردووە، دەتوانم بڵێم: بەوكارەیان هەم ئافرەتیان چەواشە كردووە، هەم كۆمەڵگە، واتە: زێدەڕۆییەكی زۆر كراوە لە بارەیانەوە، خۆ خودای گەورەش زێدەڕۆیی لەهیچ شتێكدا قبوڵ ناكاو، ڕێیش نادا زێدە ڕۆیی تێدا بكرێ، وە بۆهەر كەسێكیش بەڕێژەی خۆی - بێ ستەم و ناهەقیی- ماف و ئەركی بۆ دیارییكردووە، مەگین بۆ دوایی بۆ خۆیان ماڤ یەكتر پێشێل بكەن و هەقی یەكدی بخۆن. ئەم ئادەمیزادە، لە جێبەجێكردنی ئەركی سەرشانیی و، وەرگرتنی

ماف خۆیدا گشت یەكسانە.

جا لەبەرئەوە كە باسی ژنان، بۆتە باسێكی گشتگیرو، فرە لق، وە بەهەق و ناهەق فرمێسكی بۆ دەڕێژرێ وكراوەتە كێشە لەجیهانی ئیسلامدا، دیارە ئەمەیش -بەپلەی یەكەم- لە خۆرئاوای فاسید و گەندەڵەوە سەری هەڵداو خۆی خزاندە ولاتە ئیسلامییەكانەوە، بگرە خۆی كوتایە هەموو ماڵە موسڵمانێك و، ئاگری بەردایە نێو ماڵی هەموو ئوسرەو خێزانێكی بچووك و گەورەوە، (بەندە)ش لە مێژە دەمەوێت بە تێروتەسەل لەو باسە بنووسم و، بەپێی توانای خۆم و بە پێی دەسكەوتنی سەرچاوەی ئیسلامیی و، نائیسلامیی، هەق و ناهەق لێكجودا بكەمەوە، ڕوونی بكەمەوە ئاخۆ ئافرەت لە ئیسلامدا ماف زەوتكراوە، یان لای ئەوانە لە میدیاكانەوە دەیكەنە هەراو بۆ ژنان دەگرین...؟

لەم نووسینەشدا تا بۆم بكرێت لە (قورئان) و لە (فەرمووده) دەگەڕێم، ئەوسا بۆچوونی زاناكانی ئیسلام – بەكۆن و نوێوە – دێنین و هەڵدەسەنگێنین، ئینجا كتێب و نامیلكەی ئەم لاو ئەولا، دیارە كە ئەم باسە زۆر گرنگەو، زۆریش دەوڵەمەندەو، ئافرەتیش هەقیەتی لە هەموو بوارێكی ژیاندا بەشی هەبێ و، لێكۆڵینەوەی لەسەر بكرێت: لە دروست بوونی، ئینجا شیوەو ڕەنگ و ڕوخساریی، قەدو بەژن و بالاو نەرم و ناسكیی جەستەی، هێندێ لە تایبەتمەندی خۆی، لە ڕووی فەسیۆلۆژیاو (تەناسول)ییەوە، ئەركەكانی سەرشانی، بەشداربوونی لە گشت بڕیار و فەرمانەكانی خودادا (ئەمر) و (نەهی)، خواپەرستیی: (نوێژ، ڕۆژو، حەج، زەكات، جیهاد، ئیمان و باوەڕو ئەركان و پایەكانی) لەماڵەوە بوونیی و، هاتنە دەرەوەی لەماڵ، خستنە ژێر ئیش و كاری ڕۆژانە و، بژێوی دان بەسەریا، چوونە ناو دام و دەزگادەوڵەتیەكانەوە، بوونی بە سەرۆك دەوڵەت، وەزیر، قازیی و حاكم و دادوەرو خۆكاندیدكردن و، ماف هەڵبژاردن...، جل و بەرگ و كالای شیاوو تایبەت بۆی، مافە گشتییەكانی: خاوەنداریێتی، ماف هەڵبژاردنی مێردو هاوسەر، جیابوونەوەو تەلاق – هەركە تووشی زیان و ستەم بوو لەلایەن مێردەكەیەوە – فێربوونی زانست و زانیاریی (ئەوەی لەگەڵ فیترەت و سروشتیدا دەست بدات)، خێرو خێراتكردن و بەخشین – بەئارەزووی خۆی – لە ماڵ وداراییی

خۆیـدا، کێـی ویـست دەتـوانێ خۆشـی بـوێ و زیـارەت و سـەردانی بکـا، دەتـوانێ – وەکـو پیـاو – بـە ⅓ ی سـامانەکەی وەسـیەت بکـا، هەقیـەتی بـە ئـارەزووی خـۆی جـل وبـەرگ و کـالآی (حـەریر و ئاوریـشم و زێـڕ) بـەکاربهێنێت، هەقیـەتی بەهـەر هـۆو وەسـیلەیەکی خۆجـوانکردن، ئـارایش بکـا بـۆ هاوسـەرو شـووەکەی، دەتـوانێ کـولْم و لێـوو روخـساری سوور بکا، مافەکانی بەسەر مێردەکەیەوە، یان مافی مێردەکەی بەسـەر ئـەوەوە، مارەیی و میرات، شایەتیی و گەواهیی، ئەمانـەو هەرشـتێکی تـر پەیوەنـدی بـەوەوە هـەبێت –پـشت بەخوا– بەدەوڵەمەندانە دەینووسین و لێـی دەکۆڵینـەوە، ئومێـدەوارم (خانمـەکان) سـوودو کەڵکی لێوەرگرن و، بیکەنە ڕۆشناییەك بۆ دۆزینەوەی هەق و ڕاستییەکان.

ئەحمەد کاکە مەحموود

مانگی ٥ / ١٤٢٧ کۆچیی

هەڵەبجەی شەهیدان

قورئان گرنگیی به ژنان و كاروباری ژنان دەدات

دیاره كه ئافرەت له سەرەتا بەراییەكانی هاتنی ئیسلامیی پیرۆزیشدا، لای مەردم ماف پێشێلكراوو بەشخوراو بوو، بۆیه دەبینی لەتوێی ئایەت و سوورەتەكانی قورئان و فەرموودەكاندا، بایەخێكی ئێجگار زۆر به ئافرەتان دراوه، وه ماف و ئەركەكانی پتر روون و شیتەڵكراونەتەوه، تەنانەت – وەكو گرنگیدانێك پێی– وشەی (إمرأة = ژن) (٢٤) جار له قورئاندا هاتووەو، لەپاڵ هەریەكەیاندا ماف و بڕیارێكی بۆ چەسپاندووه، كەچی وشەی (مرء = پیاو) (٩) جار هاتووه، وەیان وشەی (رجل = پیاو) (٥٦) جار هاتووه، كەچی بێژەی (نساء = ژنان) (٥٧) جار هاتووه (المعجم المفهرس / بەڕێز مامۆستا فؤاد عبدالباقی)، بێ شك ئەمه پەردە لادانه لەسەر مافەكانی ژنان، هەتا جارێكی تر به هیچ شێوەیەك ستەم و ناهەقیی بەرامبەر نەكرێت و، به پلەی دووەمی مرۆڤ سەیر نەكرێت و، دەرەنجام لەمەشەوه پیاوان زاڵ نەبن بەسەریاندا و، چۆن بیانەوێ هەڵیان بسووڕێنن و لەژێر باریان بنێن !

نێرومێی مرۆڤ دروستكراوی خودای گەورەو دلۆڤانن

خودای گەوره، هەروەكو پیاوو نێرینەی بەدیهێناوەو دەفەرمویٚ: ﴿یاأیُها الناس اتقوا رَبَكم الذی خَلَقكُم من نفس واحدة...﴾ ٤/١. هەر ئاواش ژن و مێینەی خولقاندووەو، دەفەرمویٚ: ﴿وخَلَقَ منها زَوجها..﴾ ٤/١. ئەوساش تەواوی ئادەمیزادی لەو (نێرومێیه) پەرەپێسەندو لەزەویدا بلاْوی كردنەوه: ﴿وَبثَ منهما رجالا كثیرا ونساء...﴾ ٤/١، یان دەفەرمویٚ: ﴿یا أیُها الناسُ إنا خَلَقناكُم من ذكَر وأُنثی...﴾ (حوجورات) كەوابوو له گرنگترین خاڵدا، لەسەرەتای سەرهەڵدانی ژیندا، ژن و پیاو هەردوو پێكەوه – لەیەك سەرچاوەوه – بەیەك دەستی خودایی، له دەرگای ژینیانداوەو، هاتوونەته نێو ژینەوه، خودای گەورەو میهرەبان، بۆخۆی مرۆڤی یەكەمی باوه (ئادەم) خولقاند، هەروەكو دایه (حەوا)شی بەدەستی خۆی خولقاند، واته: هیچ جیایی و جیاوازییەكی له نێوانیاندا لەم مەسەلەیەدا دانەناوه، ئەمی له زێڕ دروست نەكردووەو، ئەویش له قوڕ، بەڵكو بۆ هەردوو دەفەرمویٚ: ﴿خلقكم من نفس واحدة...﴾، ﴿وخلق منها زوجها...﴾ بكەرو (فاعیل)ی هەردوو هەریەكەو خۆیەتی – جل جلاله– بۆیه جێگەی شانازییه بۆ ئافرەت – ئەگەر ژیرانه ورد بێتەوه كه ئەویش هیچی له پیاو كەم نییه و، هەردوو تەواوكەری یەكترن و، كەسیان پلەی یەكەمی نەدراوەتیٚ و، ئەویشیان پلەی دووەم، دەشتوانم بڵێم بۆیه دایه (حەوا)ی لەو مادده دروستكرد كه بابه (ئادەم) ی لێدروستكرد، بۆ ئەوەبوو تا باشتر له یەكتر تێبگەن و، باشتر پێكەوه بژین و، هیچیان دەعیه بەسەر ئەوی تریاندا نەكات.

ژن و پياو وەك يەك خاوەن بەهاو خاوەن مافن

خوداى كارزان و كارجوان، لەبارەى مرۆڤەوە –بەبێ جياوازى– دەفەرموێ: ﴿ولقد كرمنا بنى آدم وحملناهم فى البر والبحر..﴾ الإسراء/٧٠، يان دەفەرموێ: ﴿ياأيُهَا الناسُ إنا خَلَقناكُم من ذكر وأنثى وجَعلناكم شعوباً وقَبائلَ لتعارفوا إنَ أكرمكم عِندَاللهِ أتقاكُم..﴾ حُجرات/ ١٣ (أهل الحل والعقد / د. عبدالله بن إبراهيم الطريقى)، ئەمە پلەو پايەى ژن و پياوە لە ئيسلامدا، نابينرێ كەسێكيان فەزڵى زياترى لەوى تريان هەبێت، مەگەر بەكارو كردارى چاك و، ئاكارى جوامێرانە، هەر كەسێك چاك و باش بێت – ژن يان پياو – جێگەى بەهەشتەو خواش خۆشى دەوێ: ﴿إن الأبرار لفى نعيم﴾،﴿فمن يعمل مثقالَ ذرة خيراً يره﴾ كێش بەدكارو بەدڕەوشت بێت، جێگاو ئەنواى جەحەننەم ودۆزەخەو، خوداش نايەوێ: ﴿وإنَ الفجارَ لفى جحيم﴾، ﴿ومَن يعمل مثقالَ ذرة شَرّاً يره﴾. ئەوەتە ئافرەتێك بە بێ ڕەحمى خۆى پشيلەيەك لەماڵەوە بەند دەكات، نە خواردنى دەداتێ، وە نە ئازاديشى دەكا، بچێت شتێ پەيدا بكات بۆ خۆى، دەرەنجامى ئەو ژنە بەهۆى ئەو بەدكارييەوە جەحەننەم و دۆزەخە. پياوێكيش سەگێك لە تينوويەتى ڕزگار دەكا، لە بەر ئەوە خوداى گەورە دەيبەخشێ و عەفووى دەكا. كەوابوو ژن و پياو – بێ فەرق و سوون– ڕێزدارن و، بەيەك چاوەوە تەماشاى كارو كردەوەيان دەكرێت، چاككاربوو، چاككارە، بەدكرداريشبوو، بەدكردارە. دە ئاخۆ جێگەى خۆى نييە (خانمەكان) دواى هەق و ڕاستييەكان بكەون و، ئەوەند بە قسەى ئەم و ئەو فريو نەخۆن و، بە فرمێسكى (تيمساح)انەيان دڵگەرم وخۆشحاڵ نەبن ؟

پێكهاتەى جەستەى ژن و پياو لێكجودايە

بەڵێ لەگەڵ ئەوەدا كە ژن و پياو هەردوو ئينسانن و مرۆڤن و، وە هەردوو وەكو يەك خاوەن بەهاو بەحورمەتن، لەهەندێ شتدا پێكهاتەى جەستەيان لێكجودا دەبێتەوەو هەركامێكيان تايبەتمەندى خۆى هەيە، بۆ نموونە: ژن دەكەوێتە (حەيز)و بێ نوێژييەوە، كەچى پياو حەيزو بێ نوێژى نييە، ژن دووگيان دەبێ، پياو دووگيان نابێت، ئەوجا لەگەڵ ئەو بەهاو حورمەتەيان و جياوازى جەستەييان، ژن كارێكى زۆر گرنگترى پێدەكرێت، كە پياو ئەوەى لێنايەت، ژن دەتوانێ بێ پەيوەندى نێرومێيى، دووگيان ببێ، بەلاّم پياو –هەرگيز– بێ مێينە وەبەر نايەت، ئەمەيە كە قورئانيش ئاماژەى پێدەكاو دەفەرموێ: ﴿وليس الذكر كالأنثى...﴾ (الإسلام/سعيد حوى). بۆيە خاتوونە (مەريەم)يش، بێ پەيوەندى نێرومێ بە فەرمانى خودا (عيسا) پێغەمبەرى لێبوو. تەفسيرى (مەنار) دەڵێت: بەلاى زاناكانەوە

سەلمێنراوە کە لەهەندێ ئاژەڵدا، هەندێ مێینە هەیە بێ (تەلقیح) و متوربە لەگەڵ نێرەکەیدا، زاوزێ دەکا: (إنه من قیل ما هوَ ثابت إلى اليوم عند العُلماء من التوالد البكرى، وهوَ أن إناث بعض الحيَوانات الدنيا تلد عدة بطون بدون تلقيح من الذكور) تفسير المَنار. ب٧ لاپەڕە ٣٣١ ج٨. (عبدالوهاب نجار) دەڵێت: ٢٩/مایۆی ساڵی ١٩٣٩ز، ڕۆژنامەی (ئەهرام)ی میسری بلاّوی کردەوە کە: لە ١٤ی مایۆ، لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون، لە شاری (لیما)ی پایتەختی کۆماری (پیرۆ)ی ئەمریکای باشوور، کیژێکی تەمەن (٥) ساڵ، منداڵێکی بەنەشتەرگەری دیت و، تەندروستیشی زۆر باشە! (قصص الأنبياء/ عبدالوهاب النجار) مەبەست لە هێنانی ئەم بۆچوونە جۆراوجۆرانە، نرخاندنی دۆزی ئافرەتانە لەم بوونەوەرەدا ئەوەیە کە: هێندێ شتی سەرسوڕهێنەر لە ژناندا دەبێ، لە پیاواندا دەست نادات، کەوابوو خوای گەورە زۆر ڕاست دەفەرموێ: ﴿وليس الذكر كالأنثى..﴾ جا لەبەر ئەوە کە ئەوگشت نهێنییە لەژناندا هەیە، خوا بە (مەریەم) دەفەرموێ: ﴿إنَ الله اصطفاكِ وطَهَّرك واصطفاكِ على نساءِ العالمين﴾ ٣/٤٢.

باوە (ئادەم) و دایە (حەوا)، هەردوو پێکەوە لەدرەختەکەی بەهەشتیان خوارد

ئافرەت لەهەموو خێرو شەڕێکدا، شان بەشانی پیاو بووە، هەردوولا قابیلی ئەنجامدانی کاری چاك و خراپن، خوای میهرەبان هەردوو وەکویەك سەیر دەکا، (ئەمر)و(نەهی)یەکانی بۆ هەردوولایانە، هەردوو پێکەوە دەنێردرێنە (بەهەشت)ـەوە، لە بەهەشتدا لە هەردووش ڕێدەگیردرێ بۆ خواردن لە درەختەکە، شەیتان هەردوولا لەخشتە دەبا و دەیانخەڵەتێنێ و، لە بەهەشت دەریان دەپەڕێنێت، هەردوو پێکەوە دادەبەزێنێ بۆسەر زەوی، هەردوو پێکەوە دەپاڕێنەوە لەخوا و پەشیمانی دەردەبڕن و خواش لێیان گیرا دەکات: ﴿وقُلنا يا آدم اسكن أنتَ وزوجكَ الجنة وكلا منها رغدا حيثُ شئتما ولا تقربا هذهِ الشَجَرة فتكونا من الظالمين فَأزلهما الشيطان عنها فأخرجهما ممّا كانا فيه وَ قلنا اهبطوا بعضكم لبعض عدوّ ولكم فى الأرض مستقر ومتاع الى حين. فتلقى آدم من ربّه كلمات فتابَ عليه إنهُ هوَ التواب الرحيم﴾ ٢/٣٥-٣٧. لەسوورەتی (ئەعراف)یشدا لەئایەتی(١١)دا هەمان باس هاتووە، بەلاّم بەشێوەو شێوازێکی تر، دیسان هەرلەوێ دەفەرموێ: ﴿قالا ربنا ظلمنا أنفسنا وإن لم تغفرلنا وترحمنا لنكونن من الخاسرين﴾ ئایەتی: ٢٣.

لەسوورەتی (طه)شدا، لەئایەتی (١١٥) وە تا(١٢٣) سەبارەت بەو بەسەرهات و داستانەیە هاتووە، ئەمانە هەموو ئەوە دەگەیەنن کە ژن و پیاو، وەکو یەك بەرێزن، وەکو یەك قابیلی (خیطاب)و ئاخاوتنن، وەکو یەك (تەکلیف)و ئەرك لە ئەستۆیان دەنرێت، مەگەر شتێك تەنیا

لەپیاودا، یان لە ژناندا تەكلیف هەڵبگرێت، واتە: هێندێ شت هەیە لە پیاواندا دەست دەدات، لە ژناندا نابێت، یان بە پێچەوانەوە. لەگشت ﴿یاأیُها الناس..﴾ و ﴿یاأیُهَا الذین آمنوا..﴾ و ﴿یابنی آدم...﴾ەكانی قورئاندا، ژن و پیاو هاوبەشن، وە هەموو ئەو وشەو رستانەی (بیكە)و (مەیكە)ی قورئان رووی لە هەردووكیانە.

ژن و پیاو لە ئایدیۆلۆژیادا دەبێ یەك بن

هەر لەسەر بەرژەوەندی (ژن و پیاوە) كاتێ لەئایدۆلۆژیاو بیروباوەڕیان دەدوێ، ئەگەر بیانەوێ ببنە هاوسەرویێكەوە ژن و مێردی بكەن، ئەگەر بیروباوەڕو فیكرەیان لێكجودا بێت، ئەو ژیانە سەقامگیرنابێ و دەوامی نابێت، هەر بۆیە رێگە نادات پیاوی موسڵمان ژنی (موشریك) و بێ دین و بێ دیانەت مارە بكات، یان ژنی موسڵمان لەپیاوی (موشریك) و بێ دین وبێ دیانەت مارە بكرێت، بەڵام بۆ خاوەن نامەكان (عیسایی و موسایی) جیاوازییەكی هەیە، بۆیە لەسوورەتی: ٢٢١/٢دا هاتووە: ﴿ولا تنكحوا المُشركات حتی یُؤمنَّ ولأمة مؤمنة خیر من مشركة ولو أعجَبَتكم ولا تنكحوا المشركینَ حتی یؤمنوا ولَعبد مؤمن خیر من مشرك ولو أعجَبَكم أولئكَ یدعونَ الی النار والله یدعو إلی الجَنة والمَغفرة بإذنه ویُبیّن آیاته للناس لعلهم یَتذكرون﴾ واتە: ئەو ژن و پیاوە دەبێ – تەنانەت– لە فیكرەشدا یەك بن، ئەگینە ژیانیان قابیلی تێكچوونە و، قابیلە نەتوانن، دوو مرۆڤی خاوەن فیكرەی لێكجودا، ژیانێكی ئاسوودە بەرنە سەرو، ماناو مەبەستی ژن و مێردی بێتە دی كە خوا ئەفەرموێ: ﴿هوَ الذی خلقكم من نفس واحدة وجَعَلَ منها زوجها لیسكن إلیها...﴾ أعراف/١٨٩. یان دەفەرموێ: ﴿وَمن آیاته أن خلق لكم من أنفسكم أزواجاً لتسكنوا إلیها و جَعَلَ بینكُم مودة وَ رَحمة إن فی ذلك لآیات لقوم یَتفكرون﴾ روم/ ٢١.

لە بەر ئاسوودەیی ژنانە، هاوكووفیی رەچاوكراوە

لەم سۆنگەوە بوو زاناكان –هێندێكیان– پاش باس و لێكۆڵینەوە لە ژیانی ژن و پیاو (مێردوهاوسەر) دەروازەیەكیان لە كتێبەكانیاندا كردەوە بەناوی (باب الكفاءة)ەوە، واتە: ئەو پیاوەی دەیەوێ ببێتە هاوسەری هەر ژنێك، دەبێ لە كۆمەڵێ كاری پەسەندوجوامێریدا هاو كووف و هاوشانی ئەو ژنە بێت، وە خاوەن شان و شەوكەوت بێت، ئافرەتەكە هەست بە كەم و كورتیی باری كۆمەڵایەتی هاوسەرەكەی نەكات، لەناو كۆمەڵگەدا باری كۆمەڵایەتی پێی كەم نەبێتەوە، تا لەپاشەڕۆژو ئاییندەشدا مانا و مەبەستی ژن و مێردی، یان بڵێین ژیانیان باشتر بچەسپێ و، پڕ لەخۆشیی و دلۆڤانی بێت، ئەم خاڵەش، واتە: رەچاوكردنی

مرۆڤێكی شیاوو خاوەن سومعە بۆ ئافرەتەكە پتر لەبەرژەوەندی ژناندایە، ئەگەرچی بە گشتیی لە خزمەتی خێزانەكەدایە.

بێ شك ژیان لەگەڵ هاوسەرێكی ئاوادا، پتر مایەی ئاسوودەیی و، مانەوەو درێژەدانە بەژیانی كامەرانیی و، بە دەگمەن بیر لە تەلاق و جیابوونەوە دەكرێت، پێچەوانەی ئەمەش كە: پیاوەكە لە هێندێ لە(فەزائیل)دا لە ژنەكە كەمتر بێت، دەگونجێت ئەو ژنە كەمتر گوێڕایەڵ بێت، كەمتر ڕووخۆش و دلۆڤان بێت لەگەڵ مێردەكەیدا، هەمیشە هەست بە كەمیی و بچووكیی و ناتەواوی مێردەكەی دەكات، ئەوساش خێزان لەو حاڵەتەدا تێكدەچێ و، منداڵ وێڵ و سەرگەردان دەبێ و، واوەیلاش بۆ ئاییندەی هەردوو لایانە (الإسلام عقیدة و شریعة/ شیخ محمود شلتوت) (ئیشەڵلاّ لە جێگەی خۆیدا، پڕتر باسی (كەفائە) و هاوشانیی كچ و كوڕ دەكەین).

ژنـان و حەیزو بێنوێژیی

لەبەشی (١٥)ی (تەورات)دا هاتووە كە: (یەهوود)ەكان، لەحاڵەتی (حەیز) و بێ نوێژی ژناندا بە ڕیسواو كەم نرخیان دادەنێن، بەشێوەیەك كە: هەركەسێك دەستی بەردەستی ئافرەتی حەیزدار كەوتبا بەپیس دادەنرا، هەركەسێ دەستی بەر شوێن و جل وبەرگی كەوتبا، دەبوو بیشۆرێ و حەمام بكات، هەر ڕایەخ و نوێنێك ئەوی لەسەر دانیشتبا پیس دەبوو... هتد. جاهیلیەت و سەردەمی نەفامیش لەگەڵ ژنی حەیزداردا، دانەدەنیشتن، نان و ئاویان لەگەڵ نەدەخوارد! لەگەڵ ئەوەیشدا گەلێ جار سنوور شكێنی دەكراو لە حاڵەتی بێ نوێژییەكەیدا، لەگەڵیا جووت دەبوون و كاری ژن و مێردییان لەگەڵ دەكرد! بەوهۆیەوە –بێ شك ئافرەتەكە– توشی ئازارو بێزاری دەروونیی وجەستەیی دەبوو، چونكە وەكو یاسای پزیشكی دەڵێ: لە حاڵەتی ئاوادا ئەندامی (تەناسول)ی ژنان ئامادەیی بۆ دروستبوون نییەو، لەوانەیشە هەردوولا تووشی هێندی نەخۆشی و حاڵەتی نائاسایی ببن، جا بۆ ڕاستكردنەوەی ئەوحاڵەت و بارە هەڵەیە، خوای بەبەزەیی و لەكارزان فەرمووی: ﴿وَيسئلونكَ عن المحيض قل هوَ أذى فاعتزلوا النساء فى المَحيض ولا تقربوهُنَ حتى يطهرن، فإذا تطهرن فأتوهن من حيث أمركم الله، إنَ الله يحب التوابينَ ويُحبُ المتطهرين، نساؤكم حرثٌ لكم فأتوا حرثكم أنى شئتم و قدموا لأنفسكم واتقوا الله واعلموا أنكم ملاقوه وبشر المؤمنين﴾ ٢/٢٢٢–٢٢٣. واتە: لەبارەی عوزرو حەیزی ژنانەوە پرسیارت لێدەكەن ئەی پێغەمبەر! تۆش بڵێ: ئەوە ئازارو بێزارێكە تووشی ژنان دەبێ، وە لەو چەند ڕۆژانەدا كە خوێنیان هەیە، ئێوە

سەرجێیان لەگەڵ مەکەن، جاهەرکە پاکیش بوونەوە، دەبێ لە جێی ڕێ پێدراوەوە —لەلایەن خواوە — کاریان لەگەڵ بکەن، خوا ئەوکەسانەی خۆش دەوێ لە گوناح پەشیمان دەبنەوە و، حەزیان لە پاك و خاوێنیە. ژنان جێگەی سەوز کردن و وەبەرهێنانن، دەسا ئێوەش لە جێی سەوز کردن و وەبەرهێنانەوە — بەهەر جۆرێ حەزی لێدەکەن — سەرجێیان لەگەڵ بکەن. ئیسلامی پیرۆز ئافرەتی بە (ئینسان) داناوە و، هەر بە ئینسانیش تەماشای دەکا و، دەبێ بە ئینسانانەش مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لە هەموو ڕوویەکەوە، وە بەدەر لە مەسەلەی تێرکردنی ئارەزوو، جێبەجێ کردنی کاری سێکسی، بەدیهێنانی زاڕۆو نەوەی دواڕۆژیشە، وە مایەی بەرهێنانی سەدان و هەزاران و ملیۆنان پیاوی تەنگانەو دواڕۆژیشە، فەیلەسووف و حەکیم و دانا و زانا و، پشکێنەری ئاسمان و فەزاو، زەویی و، ژێر زەویی و، دەریاو ژێر دەریاکانە، جگە لەخاڵێکی هەرە گرنگتر کەئاوەدانکردنەوەی ئەم زەوییەیە... جائەگەر ئەو کاری ژن و مێردیە لە جێی سەوزکردن و ڕواندنەوە نەبێ، بێگومان زارۆو نەوە سەوز نابێ و، دنیاو بوونەوەر بە وێرانی دەمێننەوەو کەسێك نابێ ئەو ئەرکە مەزن و گەورەیە جێبەجێ بکات.

بەڵێ بۆ حورمەت و ڕێزی خانمەکانە کە: بە هیچ شێوەیەك لە جێی خۆیەوە نەبێت، بە پیاو ڕێ نەدراوە کاری سێکسیی لە گەڵیا ئەنجام بدات، چونکە ئەگەر لە جێگەی پەسەندی خۆیەوە نەبێت، ئافرەتەکە تووشی ئێش و ئازار و سووکایەتی دەروونی دەبێ و، بە ئەندازەی ئەوەش کە پیاو لەزەت و خۆشی دەست دەکەوێ، ئەو لەزەت نابات و خۆشی نابینێ، سەرەڕای ئەوانەش، کاری وا بە کاری ((الشذوذ الجنسية)) دادەنرێ وتۆڵەی خوایی وپاسایی خۆی هەیە.

بێحورمەتی کەناڵە سێکسیە بازرگانیەکان بەرامبەر بە ژنان

لـەم بارەیـەوە چـەند کـەناڵێکی ئێجگـار قێـزەون و ناشـیرین و سـووکایەتیکەر بەشـان وشـکۆمەندیی ئافرەتـان لـە کەناڵـە ئاسمانییەکانـدا دانـراوە، کـە بەراسـتی ئەگـەر بـۆ بـاس و بەیان نەبێت، هەر گێرانەوەیشی ناڕەوایە و، بێ ڕێزیە بە کەرامـەتی ئافرەتـان، لـەو کەناڵانـەدا لەبەرامبەر لەش فرۆشیەوە هەرچی شێوەی دزێوو ناشیرینی سێکسیە، لەگەڵ ئـەو ژنـە بـێ خانـە و، بێکـەس و بـێ دەرامەتانـەدا دەیکـەن، کـە بـێ شـك خانمـەکان تـەنها سـووکایەتیی و لەشفرۆشییەکەیان پێدەبڕێت! ئاخۆ کاری وا، مایەی حورمەت و ڕێز بێت بۆ ژنان؟ کە تـەنها ژنێـك چـوار لاوی هـەتیوی کـوڵان و بـێ ئـەخلاقیان تێبـەرداوەو هەریەکـەیان بـە جـۆرێ خەریکیـەتی و ئـارەزووی گـڵاوی خـۆی پـێ تێـر دەکـا: یـەکێ لـە ڕێگـەی پێشەوە، یـەکێ لـە

جێگەی فرێدانی پاشەڕۆكەوە (كاری لەواتە)، دووكەسیش بە نۆرە هەریەكەیان ئامێری خۆی دەخاتــە دەم و قــوڕگی ئەوژنــە لەشفرۆشــەوە، دەبــێ بیمــژێت، هێنــدێ جـاریش دەبــێ (مەنیە)كەیان – كەدەگەنە حاڵەتی خۆشیی و تووڕی دەدەن– بخوات..!! دەئاخۆ كاری وا، چ ڕێزو حورمەتێكی تێدایە بۆ ژنان؟! خانمەكان چۆن ڕێ بە هەتیو و مەتیو دەدەن كە بەوشێوە بێ حورمەتییان لەگەڵ بكرێ؟ ئینجا كۆمپانیا سێكسبازەكانیش لـە كەناڵەكانـەوە بازرگانی پێوەبكــەن؟!. ســەد تــوف لەپێــشكەوتن و ئــازادی و بــێ پــەردەیی ئــاوا، ســەد تــوف لــەو كۆمپانیانەش بازاڕی خۆیان بە جەستەو لەشی ناسكی ژنان گەرم دەكەن، تۆ بڵێیت ڕۆژێ نەیەت كە ژنان بیر لەو سووكایەتیی و بێ حورمەتییە بكەنەوەو بگەڕێنەوە بۆ ئینسانیيەت و ڕوشدی خۆیان وهەزار نەحلەت و نەفرینیش بنێرن بۆ دیموكراسی خوازانی سەدەی بیست ویەك؟ سەدەی شكاندنی ڕێزو حورمەتی ژنان؟.

چەند خوویەكی ناڵەباری جاهیلیەت بەرامبەر بە ژنان وچارەسەریان لە ئیسلامدا

یەكەم– گەلێ پیاو –بۆ ئازارو بێزاری ژنانی هاوسەریان– سوێندیان دەخوارد كە: ژن و مێردیی و تێكەڵی هاوسەرەكانیان نەكەن، بێگومان ئەو كارە –بە خەیاڵی خۆیان– بۆ تۆڵە و ئازاردانی دڵ ودەروونی ژنەكانیان بووا!، دیارە ئەوانیش بەوە تووشی سووكایەتیی و بێ بەهایی دەروونی ناو كۆمەڵگە دەبوون، ئەگەرچی مێردەكەش بەناچاری گەیشتبێتە ئەو حاڵەتەو، وەكو چارەسەرێك بۆلاساری ژنەكەی دانابێت، جا بۆئەوەی ئەو حاڵەتە نائاسایيە زۆر نەخایەنێ و، كاروباری خێزانەكە ئاسایی ببێتەوە، دەبێ پیاوەكە یان سوێندەكەی بشكێنێ و، دەست بكەنەوە بەكارو باری ئاسایی ژن و مێردی خۆیان – وەكو جاران–، یان دەبێ لێك جیاببنەوە، جا بۆئەوە كە ئەو هەڵەیە ڕاست بكرێتەوەو، ئەو زوڵم و ناهەقیە لە ژنان نەكرێت، قورئانی پیرۆز هات و فەرمووی: ﴿للذين يؤلون من نسائهم تربص أربعة أشهر فإن فاءُوا فإن الله غفور رحيم * وإن عزموا الطلاق فإن الله سميع عليم﴾ ٢/٢٢٦–٢٢٧. واتە: ئەوانە سوێند دەخۆن كە لەگەڵ هاوسەرەكانیان نەنوون و سەرجێیی نەكەن، چوار مانگ چاوەنۆڕدەبن، (واتە: نابێ پتر لەچوار مانگ كار بە سوێندەكەی بكات) جا ئەگەر لەو ماوەیەدا گەڕایەوە لایان و هەراو كێشەیان نەما، ئەوا خوا گوناح بەخش و میهرەبانە. خۆ ئەر بڕیاری تەڵاقیان داو، نەگەڕانەوە بۆ كاری ئاسایی خۆیان، ئەوسا خوا دەبیسێ و بەئاگایشە.

بەڵێ... ڕاگرتنی هەست و نەستی دەروونیی ژنان – لە هەموو ڕوویەكەوە – تەنانەتی حاڵەتی پێكەوە نووستن و سەر جێییش، كارێكی گرنگ و پێویستە لەدینی ئیسلامدا، دەبێ

وەلامی داخوازییە دەروونیی و نەفسییەکانی ژنان بدرێتەوە، دەبێ ئەو پیاوە لەکاری سەرجێییشدا ناهەقیی لەگەڵ نەکات، تا ئەویش بیر لەشتی تر نەکاتەوە بۆ تێرکردنی ئارەزووە جەستەییەکانی خۆی. قورئانی پیرۆز چوار مانگ مۆڵەت دیاری دەکات بۆ پیاوان، ئەگەر نێوانیان نائاسایی بوو، ئەگەرچی سروشتی ئادەمزاد لێك جیاوازە، لەوانەیە ژنی وا هەبێ، نەتوانێ ئەوەندەش چاوەڕوانی بکات، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا قورئانی پیرۆز، سنووری بۆ دیاری کردووە و چوار مانگی بۆ داناوە. (عومەری کوڕی خەتتاب/رەزای خوای لەسەر بێت): شەوێك دەردەچێ بۆ چاودێری عەدالەت و ناعەدالەتی ناو کۆمەڵگەکەی (مەدینە)، تا بەچاوی خۆی باری ئاسایی و نائاسایی ناوچەکە ببینێ و، کاریان بۆ ئاسان بکات، جا لەو گەڕانەیدا بوو گوێی لە ژنێکەوە بوو دەیگوت:

تَطاوَلَ هذا الليلُ واسودّ جانبُهْ * وأرَّقـني أن لا خـليـل ألاعبُـهْ

فَـوالله، لَـولا اللهُ أنـى أُراقِـبُـهْ * لّحُرّكَ من هذا السرير جوانِبُهْ

واتە: شەو هەر درێژەی کێشاو نەبڕایەوەو تاریکە، منیش لەبەر ئەوە کە خۆشەویستێك نییە یاری لەگەڵ بکەم، خەو لەچاوم تۆراوە، سوێندبێ بەخوا، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت، خوا چاودێرمە، ئەم تەخت و رایەخەم دەگۆڕیی و، بەتەنها نەدەخەوتم، ئینجا عومەری پێشەوا (حەفصە) خانی کچی خۆی بانگ کردو گوتی: بەپێی تەبیعەت وسروشت، ژنان چەندە دەتوانن لە مێردەکانیان دووربن، یان پێکەوە نەنوون؟ ئەویش گوتی: (٤-٦) مانگ، ئەوسا عومەر گوتی: ئیتر نابێ هیچ سەربازێك، پتر لەوە لەبەرەی جەنگدا بمێنێتەوە. (دەبێ حاڵی ئەو ئافرەتانە چۆن بێت، کە مێردەکانیان بەناوی هەندەرانەوە چەندین ساڵ و مانگ بەجێیان دەهێڵن و، بێ سەرپەرست وچاودێر وێڵیان دەکەن...؟) لەوانەشە ئەو لەوێ کاری سێکسیی خۆی ئەنجام بداو، بەیناو بەینیش شین و گریان لە میدیاکانەوە بۆ ژنان بکاو گلەییش لە ئیسلام بکاو بڵێ: دینی ئیسلام ستەمی لە ژنان کردووە!.

ڕای تەفسیرزانەکان وەکو (ئیبن جەریرو، ئیبن کەسیر) وایە کە: ئەو کابرا سوێند خۆرە تەنهاچوارمانگ مۆڵەت دەدرێ، پاشان ئەگەر باروو دۆخەکەی ئاسایی کردەوە، ئەوە باشە ئەگینە دەبێ تەڵاقی بدا، خۆئەگەر وتی: تەلاقی نادەم، (دادوەر) بەزۆر پێی تەلاق دەدا.

بۆ دوایی (ئیبن کەسیر) دەڵێت: (وهوَ مروى عن عمر، وعثمان، وعلى، وأبى الدرداء، وعائشة أم المؤمنين، وابن عمر، وابن عباس، وَبهِ يقول سعيد بن المسيب، وعمر بن عبدالعزيز، ومُجاهد، وطاووس، ومحمد بن كعب، وقاسم وهوَ مذهب مالك، والشافعى، وأحمد بن حنبل، وأصحابهم -رحمهم الله- وهوَ إختيار ابن جرير أيضاً. وهوَ قول الليث بن سعيد، وإسحاق بن

راهويه، وأبى عبيد ثور، وداود، وكل هؤلاء قالوا: إن لم يفيء ألزم بالطلاق، فإن لم يطلق، طلَقَ عليه الحاكم، والطلقة تكون رجعية، له رجعتها فى العدة). ئيبن کەسیر، فى ظلال القرآن.

باشه! ئەگەر ئەمە گرنگیی و بایەخدان بە ژنان نەبێ؟ دەبێ چی بەبایەخ دابنرێ؟ ئەی ئەمە ماف نیە، کە ئەگەر وەکو پێویست پیاوەکە نەیتوانی ئارەزووی سێکسیی ژنەکەی تێر بکات، دادگا لێی دەسێنێتەوەو، پێی تەڵاق دەدات؟ ئەگەر خۆی داوای جیابوونەوەی کرد. (بەپشتیوانی خوا ئەم باسی تەڵاق و لێکجوداکردنەوەی ژن و پیاوە لە جێگەی خۆیدا، پتر ڕوون دەکەینەوە، ئیتر تا ئەوێ خواتان لەگەڵ.

دووەم – لەبەر گرنگیدان بە کاروباری ژنان و، بۆ ئەوە کە ژنان زۆر دوانەکەون بۆ شووکردنەوە، – پاش ئەوە ژن و پیاو پێکەوە نەژیان و تەڵاق کەوتە نێوانیان و جیابوونەوە – قورئان یاسای ماوەی چاوەڕوانیی و عیددەی بۆ بڕیارداون، ئەوسا دەتوانن بچن مێردی تر بکەن، ئەوەش بۆ ئەوەیە دەرکەوێ ئاخۆ ئەوماوە کە لەگەڵ مێردا بووە، دووگیان بووە یانا؟ تاڕەگەزو ڕشتەی ئادەمزاد تێکنەچێ و، منداڵو (نەسل)ی مێردە کۆنەکەی، بەمنداڵی شووە تازەکەی تێکەڵ نەبێت، کە خۆشەویستی خێزان و بنەماڵە لەوەوە سەرچاوە دەگرێو، هەموو کەس بەوە بنەچەو ڕەچەڵەکی خۆی دەناسێتەوە، لەولایشەوە لەو سەردەمەدا ژنان گیریان کردبوو بەدەست خزم و کەس و کاری مێردەکەیانەوە، بە هەموو جۆرێك ڕێیان لێدەگرتن بۆ مێردکردنەوەیەکی نوێ، ئەوجا ئەم ئایەتە هات و دای بەگوێیاندا کە پاش چاوەڕوانی سێ (قورء – حەیز، یان پاکی) هیچ کەسێك بۆی نیە ڕێ لە ژنان بگرێت، مێرد بکەنەوە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿والمُطلقات يتربصن بأنفُسهنَ ثلاثة قروء ولا يحل لهُنَ أن يكتمن ما خَلق الله فى أرحامهن إن كُن يؤمن بالله واليوم الآخر وبعولتهن أحقُ بردهن فى ذلك إن أرادوا إصلاحا، ولهن مثل الذى عليهن بالمعروف، وللرجال عليهن درجة، والله عزيز حكيم﴾ ٢/٢٢٨. واتە: ژنانی تەڵاق دراوی سەرجێیی لەگەڵ کراو، هەتا سێ جار لە حەیزو بێ نوێژی پاك دەبنەوە، دەبێ چاوەنۆڕبن – جا پاش ئەوە، ئەر ویستیان شوبکەنەوە دەتوانن، ئەر بڕوایان بەخواو، بە ڕۆژی سەڵاوبەرێ هەیە دەبێ ئاوا بکەن، ئەوساش هەرچی لە سکیاندایە، بۆیان ڕەوانیە بیشارنەوە –لەبەر هەر بەرژەوەندیەکی خۆیان – واتە: ئەر لە حەیز دابوون، یان دووگیانبوون، دەبێ ڕاستیەکەی بڵێن، جائەگەر لەو ماوەی عیددەدا پیاوەکە بەنیازی ئیسلاح و، بەنیەتی پاکەوە ویستی ئەو ژنە بگێڕێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی بۆ پێکەوە ژیان، دیارە ئەوپیاوە شیاوترو ماف لەبەرترە بۆ ئەو کارەو، ژنەکەش هەقیەتی – ئەر ڕێگری نەبوو – بچێتەوە لایی و درێژە بەژیانی ئاسایی خۆیان بدەن، هەتا بچێ مێردێکی تازە بدۆزێتەوە، بێ ئەوەی بیناسێ خۆی تەسلیمی بکات.

هەرچۆن پیاوان مافیان بەسەر ژنانەوە هەیە، هەر ئاواش ژنان مافیان بەسەر پیاوانەوە هەیە. (ئیمامی ئیبن کەسیر) دەڵێ: (أی لهُنَ علی الرجال من الحق، مثل ماللرجال علیهن) دەبێ هەریەك لەوان مافی ئەویتریان بە جوامێرانە بداو، ناهەقیی و ستەمی لێ نەکات. (جابر.خ) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە بەشێ لە وتارەکەی ڕۆژی حەجی ماڵئاواییەکەیدا فەرمووی: ((فاتقوا الله فی النساء، فإنکم أخذتموهن بأمانة الله، واستحللتم فروجهن بکلمة الله، ولَکم علیهنَ أن لا یوطئنَ فرشکم أحداً تکرهونه، فإن فعلن ذلكَ فاضربوهنَ ضرباً غَیر مبرج، ولهنَ رزقهن وکسوتهن بالمعروف)) مسلم / کتاب الحج. واتە: سەبارەت بەکاروباری ژنان و هەق ومافیان، دەبێ لەخوابترسن، چونکە ئەمانەت و سپاردەی خوان لای ئێوە، بە بڕیاری خوا حەلاڵ بوون بۆتان، هەقە هەردوولا دڵی یەکتر ڕاگرن، شتێ نەکەن ببێتە ڕەنجە دڵی ئەوی ترتان، بەتایبەتی ئێوە – ئەی ژنان! – دەبێ ڕێ بە کەسێك نەدەن بێتە ماڵەکانتان، یان قسە لەگەڵ کەسێ بکەن مێردەکەتان حەزی پێنەکات، تەنانەتی، ئەرچی خزم وکەس و کاریشتان بن، چونکە (مەسکەن) و خانەو لانەی هەموو کەسێك حورمەت و ڕێزی خۆی هەیە، دەبێ خاوەنەکەی ڕازی بێ، ئەوسا کەسێك دەتوانێ تێی بچێت، ئەر ژنان سەرپێچیان – لەوکارەدا – کردو، پیاوی نەیارو ناحەزیان هێنایە ماڵی پیاوەکانیان، پیاوان بۆیان هەیە – بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە – سووکە لێدانێکیان بکەن، واتە: ئەو لێدانە بە شێوەیەك بێت هێمای نارەزایی و بێزاری ئەو کارەی پێوەی دیار بێت، پێغەمبەر ﷺ ئەر لەگەڵ ژنەکانیدا گەیشتبێتە ئەو حاڵەت وقۆناغە، بە (سیواك) سووکە لێدانێکی کردوون! ئەوسا دەبێ پیاوانیش بەپێی یاساو عورفی پەسەندی سەردەم، ژنەکانیان بژێنن، خانووبەرەو، خواردن و خۆراك و جل و بەرگ و کالای شیاویان بۆ بکەن. (ئیبن عەباس) دەڵێت: لەبەرئەوە کە خوا دەفەرمووێ: ﴿ولَهنَ مثل الذي علیهن بالمعروف﴾ هەقە پیاوانیش وەکو ژنان، خۆ جوان بکەن و، قژی سەریان پاك و پوختە ڕابگرن و، شانەی بکەن و، ڕۆنی بکەن و، سەرچاك بکەن و بەرسمێڵ بکەن و، بن باخەڵ و هەر جێگایەکی تریان پاك و خاوێن ڕابگرن و، ئەگەر پێویستی کرد بیتاشن و لای بەن، چونکە وەکو پیاوەکە حەزی لە جوانیی و، پاك و تەمیزی ژنەکەیە، ژنەکەش هەروا حەزی لە جوانیی و پاك و تەمیزی پیاوەکەیەتی، بۆیە پێغەمبەر ﷺ لە پیاوی پیس و پۆخڵ و قژتێکچوو تووڕە دەبوو، فەرمانی دەدا بیبەن پاك و تەمیزی بکەن (تفسیر الطبری). وە لە مەسەلەی ئارەزوو و کاری (سێکس)یشدا دەبێ هەردوولا هەوڵ بدەن خۆ بۆیەکتر بڕازێننەوەو خۆئامادە بکەن بە هەرشێوەیەك ئارەزوویان دەورووژێنێ، تەنانەت ئەگەر پێویستی بە (حەب و دەرمان) هەبوو، دەبێ پەیدای بکەن و بەکاری بێنن، تا ئارەزووی یەکتر تێر دەکەن.

سێیەم – پاش ئەوە کە ماف ژن و پیاوی– وەکو یەك – چەسپاندو ڕایگەیاند کە پیاوان هەر مافێکیان بەسەر ژنانەوە هەبێت، بێگومان مافێکی ژنانیش بەسەر ئەوانەوە هەیە، ئەو مافانەش بەپێی ڕۆژگار دەگۆڕدرێن، زیادوکەم دەکەن، هەروەك بەپێی ناوچەو وڵات دەگۆڕدرێن، جا لەدیاریکردنی ئەو مافانەدا –بۆیەکتر– (عورف) و باوونەریتی هەر وڵاتەو ناوچە بۆ خۆی بڕیاردەدا، بەمەرجێ حەڵاڵ حەرام نەکاو، حەرام حەڵاڵ نەکات، بەڵام هەندێ لە (فوقەها)کانی ئیسلام، ئەوەندە پێ لەسەر ماف ژنان دادەگرن – لە عورفیش دەچنەدەر – دەڵێن: ژنان بەدەر لەسەرجێیی، کارێکی تریان بۆ پیاوان، وەکو ئیش و کاری ناوماڵ – بەهەموو جۆرەکانیەوە – لەسەر نیە، بەڵکو پیاو سەرەڕای ئیش و کارەکانی دەرەوەی ناوماڵ و نان و نەفەقە پەیداکردنیش، دەبێ خەمی ئیشەکانی ناو ماڵیش بخوات! دیارە ئەم تەقسیم بەندییە جۆرە ناعەدالەتیەکی پێوە دیارە، ناهەقیی و جۆرە ستەمێکی لێ بەدیدەکرێت، بەرامبەر بە دانانی ئەرك بۆ پیاو، لەولایشەوە ژن دەکەنە پارچە گۆشتێکی ئیفلیج و بێ ڕۆح، دەبێ لەم جێ بۆ ئەو جێ بگوێزرێتەوەو، نان و ئاو بکرێت بە قوڕگیاو، تەنانەت منداڵەکانیش بەخێونەکات، کەچی پیاو دەبێ نان و ئاوو خانووبەرەو ئیشەکانی ناوماڵیش بکات!. بەڵام بڕێ لە زاناکان وەکو (ئەبوبەکری ئیبن ئەبوو شەیبە، جورجانی) دەڵێن: ژنانیش ئیش و کاری ناوماڵیان لەسەرە، هەروەکو ئیش و کاری دەرەوەی ماڵ لەسەر پیاوانە، بەڵگەشیان بڕیارەکەی پێغەمبەرە ﷺ لە نێوان (عەلی و فاطمە)دا بڕیاریدا کە: فاتمەی کچی ئیشەکانی ناوماڵ لە ئەستۆ بگرێ و، (عەلی)یش ئیشەکانی دەرەوەی ماڵ.

تەفسیری (مەنار) دەڵێ: ئەم بڕیارە پیرۆزترین و جوانترین بڕیارە بۆ ژن و پیاو، (فیطرەت) و سروشتی هەردوولاش ئەوە هەڵدەگرێت، دابەشکردنی ئیش وکارەکانی ژیان لە نێوان ژن و پیاودا بەوشێوەیە، هاوکاری و هاریکاری یەکتریش لەکاتی پێویستدا، پڕە لە مانای خۆشەویستیی و، ڕاگرتنی سۆزو دلۆڤانی و پێکەوە ژیان، جا پاش ئەوە کە قورئانی پیرۆز، ماف بۆ ژن و پیاو –وەکو یەك– دانا، دەفەرمووێ: پیاوان – زیاد لەوە هەیانە – پلەیەکیشیان بەسەر ژناندا هەیە، ئەم پلەیەش کە قورئان دەیفەرمووێ: ﴿وللرجال عليهن درجة﴾ دیارە بۆ تەفسیری ئەو دەرەجەیە نە فەرموودەیەك هەیە و، نەهاوەڵانیش تەفسیریان کردۆتەوە، بۆیە –پاش ئەوان– ڕاڤەکەرانی قورئان، هەریەکە بۆ خۆیی و بە بۆچوونی خۆی تەفسیری کردووە، ئەگەرچی زۆرینەشیان دەڵێن: مەبەست بەو دەرەجەیە– کە پیاوان بە سەر ژناندا هەیانە– قەووامە و سەرپەرشتی کردنی کاروباری ژنانە، لەگەڵ (ویلایە)ی گشتیی و هێندێ کاروباری تر، جا من لێرەدا نامەوێ درێژە بەو مەسەلەیە بدەم، چونکە إن شاء الله لەجێی خۆیدا لێیدەکۆڵینەوە..

چوارەم– لەسەردەمی كۆندا – بەر لەئیسلام و، لە سەرەتای ئیسلامیشدا– ژنان بەدەست پیاوەكانیانەوە بەگیر هاتبوون و، وەك ئامێرێكی یاریی یاریی هەمیشە یارییان پێدەكردن، پیاوی وا هەبوو – سەدجار ژنەكەی تەڵاق دەداو، دەیهێنایەوە لای خۆی – بەرلەوە عیددەی تەواوبێت– هەتا جارێ پیاوێكی (ئەنصاریی) بە خێزانەكەی خۆی وت: سوێند بە خوا، نەلای خۆم ڕات دەگرم، نەتەڵاقیشت دەدەم، ژنەكە گوتی چۆن؟ گوتی: تەڵاقت دەدەم، جا كە عیددەت نزیك بوویەوە، دەتهێنمەوە، هەرئاوا، ژنەكەش چووەلای پێغەمبەر ﷺ سكاڵای كرد، ئەوسا – بۆ بەرگری لە ماف ئەوژنانە و، بۆ ڕاگرتنی حورمەت و ڕێزیان، ئەم ئایەتە هات و فەرمووی: ﴿الطلاق مرتان فإمساك بمعروف أو تسريح بإحسان...﴾ /٢٢٩، واتە: تەڵاقی ژن دوو كەرەتە (هەردووجار پیاو دەتوانێ تەڵاق بداو، بەرلە تەواوبوونی عیددە بیگێڕێتەوە لای خۆی). ئەوسا یان بە پیاوانەو جوامێرانە ڕاگیردرێ و، مامەڵەی هاوسەرێتی لەگەڵ دەكرێت، یان بەخۆشی و بێ هەراو كێشە، یەكجاری تەڵاقی بدا، با بۆ خۆی ئازاد بێت، چی دەكات بیكات.

دیاریكردنی سنووری ئاوا بۆ تەڵاق، بۆئەوەیە گاڵتەو لاقرتی بەچارەنووسی ژنان نەكرێت، لەولایشەوە ئەو دووجارە مۆڵەتێكە بۆ ژن و پیاوەكە، بەڵكو بەخۆدا بچنەوەو هەڵەكانیان چارەسەر بكەن و، سەر لەنوێ تێهەڵبچنەوەو، دیوارێكی پۆڵایین بۆ ژیانی تازەیان پێك بهێنن، خۆ ئەگەر بەم دووجارەش تەمێخوارنەبوون و، هەمدیسان بۆ جاری سێیەم تەڵاقیدا، ئیتر ناتوانێ بیگێڕێتەوە بۆ ژێر نیكاح و مارەیی خۆی و بیكاتەوە بەهاوسەری خۆی، مەگەر ئەو ژنە مێردێكی تازە بكا، ئینجا مێردە تازەكەی بەئارەزووی خۆی یان تەڵاقی بدات، یان بۆ خۆی بمرێ، ئەوسا لە حاڵەتی ئاوادا، بۆ جارێكی تر – ئەر شووی پێبكاتەوە – مارە دەكرێتەوەو، مارەیی تری بۆ دادەنرێت. واتە: ئەم دوو تەڵاقە – یەك لەدوای یەك – ئەر نەبووە مایەی ژێر بوونی ژن وپیاوەكە، بەڵكو هەر درێژەیان بەناكۆكیی و، كێشەكانیان دا، دیارە كە ئیتر نێوانیان بۆگەنی كردووەو، بۆ ژیانی ژن ومێردی ناشێت و، چارەسەریان هەرتەڵاقی سێیەمە، لەگەڵ ئەوەیشدا دینی ئیسلام زۆر توڕەو دژە لە تەڵاقدان و ڕووخاندنی دیواری خێزان و هاوسەرێتی، بەڵام وەكو دەڵێن (آخرُ الدواء الكيُّ) چارناچارە.

جا لەحاڵەتی ئاوادا – واتە: پیاوەكە، خۆی هۆی ئاژاوەو تێكدانی ژیانی ژنەكە بێت – نابێ ئەو مارەیی و نەفەقەو سەرف و خەرجە بۆ ژنەكەی كردووە – لەماوەی پێكەوە ژیانیاندا – لێی بسێنێتەوە، یان بچێت پارەو پولێكی زۆری پێوە ببەستێ و (تەعلیق)ی بكات، چونكە ژنەكە تاوانێكی نییە، لەولایشەوە مێردەكە بە ناهەق ئازاری دەداو، تەڵاقی

دەدات، خۆئەگەر ریێش بدریٚ هەرمارەیی و شتێکی بۆ کردبێت لیٚی وەرگریٚتەوە، بیٚگومان کاری وا ناڕەواو ناپەسەندە، ئەمەیە کە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ولايحلُّ لكم أن تأخذوا مما آتيتموهن شيئاً إلا أن يخافا ألا يُقيما حدود الله..﴾ واتە: هەر شتێکتان پێدابن، ڕەوانیە لیٚیان وەرگرنەوە، مەگەر ژن و پیاوەکە ترسیان هەبیٚ لەوە کە نەتوانن سنووری فەرمانەکانی خوا بپاریٚزن و، ئەم هەراو ناکۆکیەش لە ژنەکەوە سەرچاوەی گرتبێت، وای لیٚهاتبیٚ کە نەتوانیٚ یاساو قانوونی خۆشەویستی ژن و میٚردیی ڕابگریٚت، ئەگەر لەگەڵ ئەو پیاوەیدا بێت، ڕۆژانە هەرا و شەڕیانەو، سنوورەکانی خوا کەدایناون لە نیٚوان ژن ومیٚرددا – دەبەزیٚنیٚت و گوناهبار دەبیٚ، ئەوسا – ئەگەر وابوو – دەتوانیٚ داوای تەڵاق بکاو، لەبەرامبەر تیٚکدانی قەڵای ژیانی میٚردەکەیەوە، (تەعوین)ی بداو قەرەبووی بۆ بکاتەوە، واتە: دەتوانیٚ هەرچی مارەیی و سەرف و خەرجیٚکی بۆ کرابیٚ –لەلایەن میٚردەوە– لەبەرامبەر تەڵاقەکەوە بیگیٚڕیٚتەوە بۆ پیاوەکەیی و، خۆی لەو ململانیٚیە ڕزگار بکات، هەتا پتر – بەهۆی مانەوەیەوە لای میٚردەکەی – تووشی تاوان و گوناح نەبیٚت لای خودا، میٚردەکەشی هەرچی پیٚوەببەسیٚت –لەوحاڵەتەدا– بۆی حەڵاڵە، چونکە تاوان تاوانی ژنەکەیەو، بەڕەزامەندی خۆیشی دەیداتیٚ، ئەمەیە کە قورئان فەرمووی: ﴿فإن خفتم ألا يقيما حدودالله...﴾ ئەر ترستان هەبوو ئەی موسڵمانان! ئەی کاربەدەستان! کەهەردوو –لەم کاتەدا کەتاوان، تاوانی ژنەکەیە –سنوری خوا ناپاریٚزن و، گویٚ بە یاساو حیکمەتی ژن و میٚردی نادەن، کورد واتەنی: ئەو دەڵیٚ سیرو، ئەم دەڵیٚ پیاز! ﴿فلا جناح عليهما فيما افتدت به...﴾ هیچ گوناحیٚکیان ناگات، ژنەکە (تەعوین) و قەرەبووی تەڵاقەکە بدات بە پیاوەکە، پیاوەکەش گوناحی ناگات وەری بگریٚت ﴿تلك حدودالله فلا تعتدوها ومن يتعد حدود الله فأولئك هم الظالمون﴾ واتە: ئەمانە سنوورو فەرمانی خوان، دەسا ئیٚوەش – ئەی ژن وپیاو! – سنوورەکانی خوا مەبەزیٚنن، دڵنیابن ئەو کەسانە لە سنوورەکانی خوا دەردەچن، ستەمکارو ناهەقیکارن و خواش تۆڵەیان دەدات.

پیٚشەوا (مالیك) خوا لیٚی ڕازی بیٚت لە کتیٚبی (الموطأ) دا دەڵیٚت: (حەبیبەی کچی سەهل)، خیٚزانی (سابتی کوڕی قەیس) لەگەڵ (سابت)دا هەمیشە هەرایان بوو، بەیانییەکی زوو پیٚغەمبەر ﷺ لەماڵ دەرچوو، دیتی وا (حەبیبە) لە دەرگاکەیاندایە، فەرمووی ئەمە کیٚیە؟ گوتی: (حەبیبەی کچی سەهل)، فەرمووی: ئیشت چییە؟ گوتی: من هەرگیز لەگەڵ (سابت)دا ناتوانم بژیم! کە (سابت) هات، پیٚغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەمە حەبیبەیە، قسەو باسیٚکی زۆری بەیانکرد لەبارەی تۆوە، دەشڵیٚت هەرچی بۆ کردوم و پیٚیداوم لام ماوە، پیٚغەمبەر ﷺ

فەرمووی: دەسا لێی وەرگرەوە و تەڵاقی بدە. (سابت)یش هەرچی دابوویە، لێی وەرگرتەوەو، تەڵاقی داو چوویەوەماڵی بابی. بوخاری لە (ئیبن عەباس)ـەوە دەڵێت: ژنەکەی (سابتی کوڕی قەیس) هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ! من هیچ ڕەخنەیەکم لە ئایین و ڕەوشتی (سابت) نییە، بەڵام دەترسم لەدین پاشگەز ببمەوە (ئەوەندە ئازارم بدات). پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ((أتردين عليه حديقته؟)) ئەو باخە کردوویەتیە مارەییت، دەیدەیتەوە؟ گوتی: بەڵێ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ((اقبل الحديقة وطلقها تطليقة)) دەسا باخەکەی لێوەرگرەوەو، یەك تەڵاقی بدە. فتح الباری، کتاب الطلاق ٩/٣٩٥.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (ئەبوو جەریر) لە (عیکرەمە)ی پرسی: ئەرێ (خولع) (واتە: ژنەکە، لەپیاوەکە خۆی ئازاد بکات) لەئیسلامدا بنەڕەتێکی هەیە؟ گوتی: (ئیبن عباس) دەڵێ: یەکەم خولع لە ئیسلامدا، لە خوشکەکەی (ئیبن ئۆبەی)دا بوو، ئەوەبوو هاتە لای پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەر! ﷺ جارێکی تر سەرناخەمە سەر سەرینی ئەو، لەبەرئەوە کاتێ کە گۆشەی خێمەکەمم هەڵدایەوە، دیتم لەناو قەڵەباڵخیدایەو، لە هەموویان ڕەشترو، کورتەباڵاترو، ڕوخسار ناشیرینتر بوو (لەبەرئەوە حەزم لێی نیەو ناتوانم لەگەڵی بژیم) مێردەکەشی گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! من کاتی خۆی باشترین ماڵی خۆمم پێداوە، (واتە: باخێکم هەبوو کردوومەتە مارەیی) ئێستا بمداتەوە تەڵاقی دەدەم، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی بە ژنەکە: چ دەڵێیت؟ ژنەکەش وتی: بەڵێ دەیدەمەوە، حەزیش دەکات، زیاتریشی دەدەمێ، ئەوساش پێغەمبەر ﷺ لێکی کردنەوە.

ئەم ڕیوایەتانە حاڵەتێکیان نیشاندا کە ژنەکە ناتوانێ لەگەڵ پیاوەکەدا بژیی و، ئەو هۆیەش ئەوەند هەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەیان، بۆیە پێغەمبەر ﷺ بەم شێوە ڕێگەی جیابوونەوەی بۆ دانان کە: پیاوەکە تەڵاقی بداو، ئەویش (ژنەکە) بۆی قەرەبوو بکاتەوە، بەهەرشتێك هەیەتی و، پیاوەکە ڕازی دەبێت، چونکە ژنیش – وەکو پیاو – کە حەزی لە مێردەکەی نەبوو، ژیانی تاڵ و تفت بوو لەگەڵیا، دەبێ ڕێگای ئازادبوونی لێ نەگیردرێ و، هاوکاری بکرێ بۆ ڕزگار بوون، بۆیە پێغەمبەر ﷺ کاتێ ژنەکە دەڵێ: (إني رفعت جانب الخباء فرأيته قد أقبلَ في عدَةٍ، فإذا هو أشدهم سوادا، وأقصرُهم قامة، وأقبحهم وَجهاً). ئەویش ڕێنمایان دەکاو، لەئەنجامدا جیای کردنەوە.

دوو ئاگاداریی:

١– ئەگەر ژنەکە هیچ شتێکی نەبوو لەمێردەکەی خۆی پێ ڕزگار بکات، یان هەیبوو بەڵام مێردەکەی لێی وەرنەدەگرت و ڕازی نەدەبوو تەڵاقی بدا... ئەوە دینی پیرۆزی ئیسلام

ڕێنمایی ئەو ژنە دەکات بۆلای (دادوەر)و، ئەمیش بەپێی شەرع ویاسای ئیسلامیی، مادەم ئەم ژنە، زیانمەندە لای ئەو پیاوە، تەڵاقی پێدەدات، هەروەکو پێغەمبەر ﷺ ئەو ژنەی ڕێنمایی کردو بەکابرای مێردەی تەڵاقدا.

٢- ئەو ژنەی هیچ بڕووبیانوویەکی شەرعیی نیە بۆ جیابوونەوەو (تەعوین)دان بە مێردەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێ لەسەر جیابوونەوە دادەگرێت، ئەوە پێغەمبەرمان ﷺ لەبەرامبەر ئەو ژنەوە دەفەرمووێ: ((أيُما امرأة سألتْ زوْجها طلاقهامن غير بأسٍ، فحرامُ عليها رائحةُ الجَنَّةِ)) تەبەریی. پێشەوا (ئەحمەد)یش ئەم فەرموودەیە هێناوە: ((أَيَّما امرأةٍ سألت زوجها الطلاق فى غيرما بأس، فحرام عليها رائحة الجنة)). (ئیبن جەریر)یش ئەم فەرمودەیە دەهێنی: ((إن المختلعات المنتزعات هن المنافقات)). (ئیبن ماجه) ریوایەت دەکات: ((لاتسأل امرأة زوجها الطلاق فى غير كُنهه فتجدَ ريحَ الجنةِ، و إن ريحَها لَيوجد من مسيرة أربعين عاما)). فەرموودەکان - سەرجەم - ئەوە دەگەیەنن کە: هەر ژنێك بێ هۆکاری شەرعیی داوای خولع و تەڵاق بکات لە مێردەکەی، بێ شك ناچێتە بەهەشتەوە و تەنانەتی بۆنیشی -کە ئەندازەی چڵ ساڵ ڕێگە دەچێت- نابیسێت، وە لەبەرئەوەیشە کە بە مونافق ودووڕازی ناوی بردن، تەفسیری ئیبن کەسیر.

<u>پێنجەم</u>- ئەگەر پاش ئەو دوو تەڵاقە - بۆجاری سێیەم - تەڵاقی سێیەمیدا، واتە: بەو دوجارە جیابونەوە و لێکبڕانە، پیاوەکە نەگەڕایەوە بۆ ڕوشدی خۆیی و، هێمان ڕێزی لەژنەکە نەگرت و، کردیەوە هەراو کێشەو تەڵاقی سێهەمیشی پیا کێشا، لەوەوە دیار دەکەوێ کە ئیتر چاکسازی لە نێوان ئەو ژن و پیاوەدا بێ کەڵکە، جا لە بەرئەوە بە یەکجاری لێکیان جیا دەکاتەوەو ڕێگە بە (موراجعه)و گەڕانەویان بۆ لای یەکدی نادرێ، مەگەر ژنەکە بچێ مێردێکی تر بکا و پاشان ئەو مێردە بەویست و ئیرادەی خۆی تەڵاقی بدات، جا ئەگەر پاش تەڵاقدان ڕازی بویەوە بەو کابرا لار ولاسارو تەڵاقخۆرەیە، ئەوا بەعەقدێکی نوێ و بەمارەیەکی تر، بۆی مارەدەکرێتەوەو دەست دەکەنەوە بە ژیانی خۆیان، بەڵام کام ژیان؟ ئەو ژیانەی کەپڕە لەبێ بەهایی و ریسوابوونی ناو کومەڵگە، چونکە ژنەکەی لە دەست داو مێردی کردەوەو چویە باوەشی پیاوێکی تر، دەشکرێت ئەو پیاوە نەیارو ناحەزیشی بوبێت!.

بێ لەوەش، بێگومانە کە ئەم ژنە، ژنەکەی جاران نییە، کە بەهەموو شتێکی ئەو پیاوە ڕازی بێت و ماڵی تری نەدیبێت، ئەمەیە کە ئەفەرموێ ﴿فإن طلقها فلا تحل له من بعد حتى تنكح زوجا غيره، فإن طلقها فلا جناح عليهما أن يتراجعا إن ظنا أن يقيما حدودالله وتلك حدود الله يبينها لقوم يعلمون﴾. ٢/٢٣٠. ئەم زەجرو تەوبیخە - بەو شێوەیە- لەم پیاوو ژنە

لاساره، لەبەرئەوەیە کە کۆمەڵ و کۆمەڵگەی پێ ژێر بکاو، ڕێز لە یاساو مافی ژن و مێردی نێوانیان بگرن و، گاڵتە بە تەڵاق و بەرنامەی تەڵاق نەکەن، وە نان و ئاویان نەبێتە تەڵاق وئەوەندەش بەکەم و بێ بەها سەیری ژنان نەکەن. بەڵێ بۆ حەڵاڵ بوونەوەی ئەم ژنە سێ تەڵاقدراوە بۆ مێردەکەی، چارەسەر هەرئەوەیە کە قورئان فەرمووی: دەبێ بێ فێڵ و فەرەج شوو بکات بەکابرایەکی تر، ئەوسا ئەگەر ئەو کابرایەش بەویست و ئیرادەی خۆی تەڵاقیدا، پاشان ئەو ژنە رازی بوو شوو بکاتەوە بەو، ئەوا بۆی مارە دەکرێتەوە، ئەمەیە زاناکان بە شەرعیی دەزانن و پێی دەڵێن (تەحلیل). خۆئەگەر بەحیلەو فێڵ لە پیاوێکیان مارە کرد، ئەویش پاش مەرج لەگەڵ کردنی تەڵاقی دایەوەو بۆ ئەم مارە کرایەوە، ئەوە لەحاڵەتی ئاوادا بە توندی بەر ئەو هەرەشانە دەکەوێ کە پێغەمبەر ﷺ دەیانکات و دەفەرموێت: ((لَعَنَ الله الواشمة و المستوشمة، والواصلة و المستوصلة، والمحلل والمحلل له، وآكل الربا و موكله)) پێشەوا ئەحمەد، ترمزی، نەسایی. یان فەرمووی: (ألا أخبركم بالتيس المستعار ؟ قالوا: بلى يارسول الله! قال: هوالمحلل والمحلل له)). ئیبن ماجە، كتاب النكاح. واتە: نەفرەت و نەعلەت لەوکەسانە بێت کەژنێ بەنیازی حەڵاڵ کردنەوەی بۆ مێردی پێشووی، مارە بکاو پاشان تەڵاقی بدات. وە نەعلەت لەو پیاوەش کە بە خەیاڵی خۆیان ژنەکەی بۆ حەڵاڵ دەکەنەوە (واتە: مێردی یەکەم) چونکە ئەوە لادانە لە ئامانجی سەرەکیی و یەکەمی نیکاح و مارەکردن. مەبەست وئامانجی (نیکاح) لە ئیسلامدا ژیانێکی هەتا هەتایی و، بێ فێڵ و فەرەجە، بەڵام دیارە کە مەبەست لەم جۆرە نیکاحانە، تەنها حەڵاڵکردنەوەیەتی بۆ مێردی یەکەم، نەك سکوونەت و ژیان پێکەوە بەسەربردن، لەولایشەوە ئەو فێڵ وفەرەجە (بە نهێنی مارە بکرێ لە پیاوێکی ناشیرین وبێکەس بۆ ماوەی چەند ساتێك، پاشان پێی تەڵاق بدرێتەوەو، لە ناو کۆمەڵگەشدا کاری وا ئەوەند سووك بێت پێی بگوترێ (جاش) بێگومان ئەو ئیهانەو سووکایەتییە بە شان و شەوکەتی ژنەکە، چونکە تادەمرێ دەڵێن ژنە جاشکراوەکە. (تەفسیری مەنار) دەڵێت: ئەو جۆرە نیکاحانە دانامەزرێن و ژنەکەش حەڵاڵ نابێتەوە بۆ مێردەکەی.(بۆدوایی زیاتر لە سەری رۆییشتوین).

شەشەم- ئافرەت هەر لە منداڵیەوە تا گەورە بوون و، دەست پێکردنی قۆناغەکانی ژیانی، لای کەس و کاریی و، پاشان لای مێردی، هەر لە ئازارو بێزاردابوو: تا منداڵ بوو زیندە بە چاڵ دەکرا، یان زۆر بەکەم بەهاو سووك دادەنراو رادەگیراو، نەشیان دەهێشت ئەگەر ویستبای بە ئارەزووی خۆی شوو بکات، کورتتر بڵێن، باوونەریتی (جاهیلیەت) ونەفامیی (تەحەککومی) دەکرد بەسەریا، ئینجا ئیسلام هات پلەی بەرزکردەوەو گەیاندیە

پلەی پیاوان، پیاوی تێگەیاند كە ئافرەتیش بێ زیادو كەم لەو پەیدابووە: ﴿وخلق منها زوجها..﴾ تێیگەیاند كە نابێ ئازاری بدات، نابێ ئەو خوو ڕەوشتە جاهیلیەتە شوێنەواریان بمێنێ، هەیان بوو كەژنی تەلاق دەداو نزیكبوو عیدەی بەرەو تەواوبون بچێت، خێرا بەر لەوەی عیدەكەی تەواوببێت دەیهێنایەوەلای خۆی، بەلام مامەڵەی ژن و مێردیان لەگەڵ نەدەكرد، بەڵكو تەنها مەبەستیان ئازاردانی بوو، ئیتر خۆ ئەم كارەیان نەجارێك و نەدوو جاربوو، بەڵكو چەند جار سەری هەڵدایەوە، ئەو ژنە داماوەش هەر لە عەزیەتی ڕۆحیی و جەستەییدا بوو، كەسێك نەبوو ئاوڕێكی بە لا بداتەوە و كێشەكەی چارەسەر بكات و، پیاوەكەی تەمێ بكات، تا خوای گەورەو دلۆڤان ئەم ئایەتەی نارده خوارەوەو فەرمووی: ﴿و إذا طلقتم النساء فبلغن أجلهن فأمسكوهن بمعروف أوسرحوهن بمعروف ولا تمسكوهن ضرارا لتعتدوا ومن يفعل ذلك فقد ظلم نفسه ولا تتخذوا آيات الله هزوا...﴾ ٢٣١/٢. واتە: هەركە ژنانتان تەلاق داو بەماوەی چاوەڕوانییان لە(عیدده) نزیكبوونەوە، ئێوە بەشێوەیەكی باش و خواپەسەند رایان بگرن و (بیان هێننەوە لای خۆتان) یا هەم دیسان بە جوامێرانە و پەسەندی خوا، ئازادیان بكەن و تەلاقیان بدەن، وەنابێ بە نیازی ئازارو لێدان رایانگرن و لە حەق لادەن، وەكو ئەو پیاوە(ئەنصار)ـە كە بە ژنەكەی خۆی گوت:سوێند بەخوا نەوەك ژنی خۆم رات دەگرم، وە نە تەلاقیشت دەدەم! هەرئاوا بەیناوبەین تەلاقت دەدەم، هەركە عیددەكەت نزیك بوویەوە، دیسان دەتهێنمەوەو، هیچ ڕوویەكی خۆشیشت نادەمێ و مامەڵەی ژن و مێردیت لە گەڵدا ناكەم.!

لەسوورەتی ٦٦/٦٥ شدا جەخت لەو دووبارە نەبوونەوەی ئەو حاڵەتە دەكاتەوە كە دەفەرموێ: ﴿ولا تضاروهن لتضيقوا عليهن...﴾ ئینجا هەركەسێك ڕەفتاری وایكرد، دیارە ناهەقیی لە خۆیكردووەو، دوزەخی بۆ خۆی كڵداوە، ئەمانە باسكران بڕیاری خوان و نابێ بە گاڵتەیان بزانین،مامەڵە لە گەڵ ژنان بەو جۆرە كارێكی گەندەڵ و فەسادەو، پێچەوانەی حوكم و فەرمانی خوایە، خوا ڕازی نییە بەو جۆرە ڕەفتاریان لەگەڵدا بكەین، كەوابوو پێچەوانەكەی گەمە كردنە بە فەرمانەكانی خوا، بێگومان خواش شتی وا قبوڵ ناكات، بۆیە پێویستە ئەوژنە دادو بێدادی خۆی بەرێتە لای دادوەر، ئەویش ئەو پیاوە لارو لاسارە بانگ دەكاو دەیترسێنێ بە زیندانیی، بە هەرەشەی دارایی، یان پێی تلاق دەدات. لە بەرئەمەبوو كە پێغەمبەری خوا ﷺ لە (ئەشعەریەكان) توڕەبوو، چونكە ئەوانیش جۆرە هەڵسوكەوت و ڕەفتارێكی ئاوایان لەگەڵ ژناندابوو، ئەویش فەرمووی: ((ليس هذا طلاق المسلمين، طلقوا المرأة فى قبل عدتها)). بەدەر لەوەش، جۆرە ڕەفتارێكی تریان وەك ئەمە هەبوو، دەچوون

رۆژ تائێواره بەگاڵتەوه تەلاقیان دەخوارد، یان کچیان بە مێرد دەدا، یان کۆیلەیان ئازاد دەکرد، کەچی بۆدوایی دەیان وت گاڵتەمان کردووه ! جا بۆ گێڕانەوەیان بۆ هەق و راستییەکان، پێغەمبەری خودا فەرمووی: ((ثلاث جدهن جد، وهزلهن جد: النكاح، والطلاق، والرجعة)). ئەبوو داود، ئیبن ماجە، ترمیزی. یان فەرمووی ((ثلاث من قالهن لاعبا أو غير لاعب، فهن جائزات عليه: الطلاق، والعتاق، والنكاح)).

بەڵێ لەبەر گرنگی مافی ژنان بوو، خوا فەرمووی: ((.. ولا تتخذوا آيات الله هزوا..)) دیسان پاش بەیانکردنی بڕیارەکە فەرمووی: ﴿يعظكم به..﴾ خوا ئامۆژگارییتان دەکاو، سوزو دلۆڤانی و خۆشەویستیی، و ئولفەتی نێوان ژن و مێردتان وەبیر دێنێتەوه: ﴿ومن آياتة أن خلق لكم من أنفسكم أزواجا لتسكنوا إليها و جعل بينكم مودة ورحمة إن فی ذلك لآيات لقوم يتفكرون﴾ ٢١/٣٠.

یان کە دەفەرمووێ: ﴿هوالذی خلقكم من نفس واحدة وجعل منها زوجها ليسكن إليها..﴾ ١٨٩/٧.هەر جەختە لە سەر ڕەچاوکردنی مافی ژنان. گرێدانی ژیانی دوو کەس(ژن ومێرد) بۆ تەمەنێك پێکەوه، بێ شك ژیانی وا کومەڵێ یاساورێسای دەوێت بۆی دابنرێت. بۆ ئەوه بزانن چۆن ڕەفتار لە گەڵ یەك دەکەن، چۆن بۆ یەکتر دڵسۆزبن، چۆن حورمەت و ڕێزی یەکتر بگرن، چۆن خانەو لانەکەیان پڕکەن لە میهرەبانیی و دڵۆڤانیی، چۆن ئامادەی بکەن بو هاتنە دنیای ئەو نەوەو کۆرپەلەیە چاوەڕوانی دەکەن، هەر دوو بەدڵپاکیی و بێ فێڵ و فەرەج پێکەوه بژین، تا لەنێوان ئەو حاڵەتە پڕ لە خۆشەویستیەی نێوانیاندا ئەمیش پەروەردە ببێ، گوێ و چاوی لە کەش و هەوایەکی سازگاردا بکرێتەوه. خۆئەگەر کەش و هەوای ناو خێزانەکە، سنوورەکانی خوای تێدا نە پارێزرا، ئەوسا سۆزو دلۆڤانیان نامێنێ، ئەوسا ململانێ و بەربەرکانێ دەست پێ دەکات، پیاو سوور دەبێتەوه.لەژن، ژن دەنگ بەرز دەکاتەوه بەسەر پیاودا، قسەی ناشیرین بۆ یەك هەڵ دەبەستن، یەکتر سووك دەکەن، کۆرپەلەکەیان بێ ناز دەبێ و، لەرقی یەکتردا هیچیان لێی ناپرسنەوه، کۆڵان و گەڕەك لە دەس قیژو قاوی ئەوان وەڕەس دەبن و دادوەرو دادگا هەراسان دەکەن، تەنها چارەیەکیان تەلاق و جیابوونەوه دەبێ، ئەوسا کۆرپەلەکەشیان سەر گەردان دەبێ: دایك دەیەوێ بیباتە لای خۆی، باوك ناهێڵێ، هۆزی خاڵوان قبوولێ ناکەن و رازییان نییە، ئیتر مەگەر تەنها خوا بزانێ چارەنووسی منداڵی دوور لە سۆزی دایك و باوك چۆن بێت ؟ ئەویش وەکو ئەو باوك و دایکە دڵ ڕەق و کەللە ڕەقە دەردەچێت، یان خوا بە موعجیزە دەیگۆڕێ ؟.(تەفسیری تەبەری، ئیبن کەسیر). هەرلە بەرئەمەیە کە (فوقەها)کان دەیان (فەصل) و (دەروازە)یان لەنیکاحدا داناوه، وە کو ((باب اختيار

الزوجة، الخطبة، شروط الصيغة، العقد، الشهود، الشروط الشهود، الكفاءة فی الزواج) هەتا بەدەیان مەرج و خاڵی تر،چونکە ئیسلام دەیەوێ ئەو (زەواج)ـە لە سەر دیوارێکی پۆڵایین دارێژرێ، نەك لەسەر دیواری بە فرو دوو سبەی بتوێتەوەو هەرەس بێنێ، دەبێ بنج و بناغەی ئەستورو مەحکەم بێت، هیچ هەراو کێشەیەکی تێدا نەبێت، هەتا بەرگەی ئەو تەمەنە درێژەی چەندین ساڵەیە بگرێت، بۆیە کتێبەکان پڕن لە باسی مافی ژن و مێرد بەرامبەر بەیەکتر. هیوادارم کچ و کوڕ و لاوەکانمان بە هەڵەو پەڵە ئەو بناغەیە پڕ نەکەنەوە، زۆر بە ژیرانە بچنە پێشەوە و دایرێژن، چونکە ئەم ژیانە ژیانێکە لەگەڵ تەمەندایە، دەبێ بە نیازی پێکەوە بوون بێت بە خۆشی، نابێت وەکو ئەوە تەماشا بکرێت کچ و کوڕێك لەسەر شەقامێك بە یەك دەگەن بۆ چەند ساتێك، پاشان بلاوەی لێ دەکەن وهەر کەس بەلای کاری خۆیادەچێ، بەنیازم إن شاءالله لە کاتی باسی (نیکاح)گرێداندا، ئەم یاساو رێسایە چڕو پڕتر بکەینەوە.

حەوتەم– لەسەردەمی جاهیلیەت و لەسەرەتای بەشێك لە سەر هەڵدانی ئیسلامیشدا ئافرەت کۆت و زەنجیر کراوی دەستی باب و براو خزم و کەس و کاری بوو، بەئارەزووی ئەوان نەبووبا هیچ ئافرەتێك بۆی نەبوو مێرد بکات، گەلێگ جار لە نەیارو ناحەزێکی ژنەکە بەزۆر مارە دەکرا، یان ئەو پیاوانەی ژنیان تەلاق دەدا، هەرکە کاتی شووکردنی دەهات، رێیان لێ دەگرت و نەیان دەهێشت بە هیچ کەسێك شووبکات! پێیان ناخۆش بوو پاش ئەو ماوەیە ژنی ئەو بووە، ئێستە فلانێك بێت بیکاتە ژنی خۆی، جابۆ چاکسازی ئەو حاڵەتە و ئامۆژگاری کەس و کاری ژنەکە، خوای میهرەبان و کارزان فەرمووی: (وإذا طلقتم النساء فبلغن أجلهن فلا تعضلوهن أن ينكحن أزواجهن إذا تراضوا بينهم بالمعروف....)٢/٢٣٣. واتە: کە ژنانتان تەلاق داو، عیددەیان بەسەر چوو، ئێوە ئەی موسڵمانان!) مەبنە رێگرو بەر هەڵستیان، کە بەشێوەو شێوازێکی شەرعیی و بە پێی باوو نەریتی پەسەندی کۆمەڵگەی ئەوێ، پێك بێنەوە و شوو بکەنەوە بە مێردی پێشوویان. (ترمزی) دەڵێت: لەسەردەمی پێغەمبەردا (مەعقەلی کوڕی یەسار) خوشکەکەی خۆی لە پیاوێکی موسڵمان مارەکرد، پاشان مەعقەل تەلاقی داو عیدەی بەسەر چوو، جا بۆ دوایی هەردوو حەزیان لە یەککردەوە، ویستیان ژن و مێردیی بکەنەوە، بەڵام مەعقەل– برای ژنەکە – بەو کارە رازی نەدەبوو، وەلە کابرای زاوایش– لە بەر ئەوە کە کاتی خوی لێی مارەکردبوو وائێستاش تەلاقیداوە– زۆر تووڕە بوو! ئەوسا ئەو ئایەتە هات: ﴿وإذا طلقتم النساء فبلغن أجلهن فلا تعضلوهن..﴾ مەعقەلیش تەسلیم بوو وکارەکەی ئەنجامدا.(فتح الباري: تەفسیری سوورەتی بەقەرە). (تەفسیری مەنار) دەڵێت: وشەی (بينهم) لە ئایەتی ﴿إذا تراضوا بينهم بالمعروف..﴾ ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ لەنگ ونەنگێکی تێدا

نییە، ئەگەر ژنەکە لەگەڵ هەر پیاوێکی خاوەن سومعەو ڕێزداردا ڕێك بکەوێت و شووی پێ بکات، جا لەکاتی ئاوادا، ئەگەر (ولی) و سەر پەرستکاری ژنەکە، ڕێ لە ژنەکە بگرێت شوو بە مێردی ئاوا و پەسەندی ناو کۆمەڵگای سەردەم بکات، گوناهی دەگات. بۆیە زاناکان، دەڵێن: ئەوژنەی لەگەڵ پیاوێکی سووك وکەمنرخی ناو کۆمەڵگەدا،پێك هاتبێ و بییەوێ شووی پێ بکات، ژنەکەش بۆ خۆی ڕێزدارو سەنگینی ناو کومەڵگەبوو، کەچی ئەو ژنە ویستی شوو بەو پیاوە (خەسیس) وکەم بەهای ناو کۆ مەڵگەیە بکات، ئەوە لە کاتی ئاوادا خزم و کەس و کار دەتوانێ ڕێی لێ بگرێ، تا ژنەکەش کەم بەهاو کەمنرخ نەبێ لە کۆمەڵگەکەدا.

بەڵێ.. هەڵبژاردنی کەسێکی هاوشان و، ناوو شۆرەت چاك، هەر لە کۆنەوە لەناو موسڵمانان و گەلانی تریشدا هەبووە، بەتایبەتی لە ناو پاشاو پیاوماقووڵ و خەڵکانی هەڵکەوتووی ناو هۆزو خێڵەکاندا، هەقە یاساو ڕێسای وا پشت گوێ نەخرێت، تا لە پاشە ڕۆژو ئاییندەدا، ئەو عەقدو نیکاحە باشتر سەقامگیر ببێ و ڕەنگ بداتەوەو، بتوانن زۆرتر پێکەوە بژین و، بەکەم سەیری یەکتر نەکەن و کەم تەرخەمی رونەکاتە خێزانەکەیان، وابزانم تا ئێستاش پاشاو پیاو ماقووڵانی دەرەوەی ئیسلام رەچاوی ئەمە دەکەن، بەلاّم سەد مەخابن زۆرێك لە عەرەبەکان ئەو باوو نەریتەیان گۆڕیوە، دەبینی کوڕە پاشایەکە چووە لە گەڵ ئافرەتێکی گۆرانی بێژ، یان ئافرەتێکی سەماکەرو ئەکتەردا بۆ خۆی ڕێککەوتووە، دیارە بەوە نەریت و زنجیرەی پاشایەتیی و بنەماڵەکەیانی رو خاندووە.

(محمد عبده) دەڵێت: (والمدار فی مسألة الکفاءة علی العرف القومی والوطنی، لا علی تقالید بیوت شرفاء النسب والجاه وکبریائهم، فما یعده الجمهور إهانة للمرأة، تکون مضغة فی الأفواه وعارا علی بیتها فهو الذی یبیح لأولیائها المنع منه، إذا لم یکن العضل سببا المفسدة شرمنه، فالمسألة من أحکام المصالح التی تختلف بحسب الزمان والمکان، لا تعبدیة، ولا یجوز إکراه المرأة علی الزواج بمن تکره مطاقا. (تفسیر المنار). واتە: لە هەڵبژاردنی هاوسەردا، عورف و باوی نەتەوایەتیی و نیشتمانیی دۆزی خۆی دەبێت، نەك باوو نەریتی دەوڵەمەندو پاشاوپیاوماقووڵان، هەرشتێك جەماوەر بەسووکایەتیی وبێ بەهای زانی بۆ ژن، ئەوا دەبێتە مایەی سووکایەتیی و عەیب و نەنگ بۆیی و، کەس و کاری ژن دەتوانن بەر هەڵەستی بووەستن، مەگەر لە بەرهەڵستکردندا، خراپتری لێ بووەشێتەوە، کەوابوو ئەم مەسەلەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ژنانە، بەشێك نییە لە (تعبد)ی‌و خوا پەرستیی، چونکە بە هیچ شێوەیەك نابێ ژنان بەزۆر بەشوو بدرێن.

(دکتـۆر موسـتەفا سـباعی) دەڵێـت: زۆرێکـی زۆرینـەی کۆمەڵگـە –بەتایبـەتی گونـد

نشینەکان– تائێستاش باوو نەریتی خۆیان بەسەر ژناندا زاڵکردووە، بۆیە باوك و دایك و خزم و کەسووکار، کێ هەڵدەبژێرن بۆ بەشوودانی کچەکەیان، هەر ئەوە پەسەند دەبێت، ئیتر هیچ دەرفەت و مەجالێکیان بۆ کچەکە نەهێشتۆتەوە!، بۆ ئەم کارەشیان هیچ بەڵگە نامەیەکی شەرعییان نییە، بەڵکو ئیجتیهاد و ڕاو بۆچوونی هەندێ لە زاناکانی سەردەمە، بۆیە ئیمام (ئەبو حەنیفە) و هاوبیرەکانی ئەوە ڕەتدەکەنەوەو دەڵێن (لیس للأب ولا لغیره من الأولیاء إجبار البنت البالغة علی الزواج، ویجب علی الأب أوالأولیاء إستئمار ها فی امر الزواج، فان وافقت علیه صح العقد وإلافلا).(المرأة بین الفقه والقانون). واتە: نەباوك و نە هیچ کەسێکی تر بۆیان نییە، ڕێ لە مێردکردنی کچان بگرن و بەزۆر بە شوویان بدەن، بەڵکو دەبێ پرس و ڕایان پێ بکەن لە کاروباری بە مێردانیان،جا ئەگەرکچە ڕەزامەندی لەسەر هەبوو، ئەوا نیکاحەکە دادەمەزرێت، ئەگینە،دانامەزرێت.

* کاروباری ژنان، لق و پۆپی زۆرەو پێویستە باسی گشتیان بکرێت، بۆ نموونە: ئەو منداڵ و زارۆڵانە دەکەوێتە نێوان ژن وپیاو، دەبێ پشتگوێ نەخرێن ولە هەموو سەرماو گەرمایەك بپارێزرێن وبە شێوەی شەرعیی و پەسەندی خوایی بە خێو بکرێن، بەتایبەتی لەوسات و کاتەدا نێوان ژن وپیاو بەرەو تێکچوون دەچێ، چونکە لەوانەیە بەهۆی ململانێ و چەلەحانێی ئەوانەوە، منداڵەکەش لەبیر بکرێ و، مافی ڕەوای خۆی پێشێل بکرێ، بەتایبەتی ئەگەر ژنەکە لە کابرا جیابوویەوەو تەڵاق درا، بۆیە قورئانی پیرۆز لەسەر دایك فەرزی دەکات کە: هەر بووی دەبێ گۆشی بکاو تا دوو ساڵان شیری بداتێ، لەولایشەوە لەسەر باوك پێویست دەکات کە بەپێی دابوو نەریتی ناوچەکە جل و بەرگ و خۆراك و خواردن مسوگەر بکات بۆ دایکەکە، لە بەرامبەر شیرپێدانیی و بەخێوکردنیدا، دیارە ئەو بە خێو کردن و، نان و تفاق و جل و بەرگەیە، بەپێی بوون و نەبوون دەگۆڕدرێ، هەژار بە پێی هەژاری خۆیی و، دەوڵەمەندیش بەپێی، تواناو دارایی خۆی، بۆیە لەسوورەتی تەلاق دا دەفەرمووێ: ((... فإن أرضعن لکم فآتوهن أجورهن وأتمروا بینکم بمعروف. وإن تعاسرتم فسترضع له أخری. لینفق ذو سعة من سَعَتهِ ومن قُدِرَ علیه فلینفق مما آتاه الله لا یکلف الله نفساً إلا ما آتاها سیجعَل الله بعد عسر یسراً))٦–٧. واتە: ئەگەر ژنان شیریان بە منداڵ دا، ئێوەش کرێی ومزەی خۆیانیان بدەنێو، بەشێوەیەکی پەسەندوباو لە گەڵیان پێك بێن، خۆ ئەگەر کار گەییشتە ئەوە پێك نەیەن، با ژنێکی تر – بەدەر لەدایکەکە – شیری پێ بدات، کێ بەدەسەڵات و دارایە، بەپێی خۆی، کێش بژێوی کەمەو دەسکورتە، لەوەندەی خوا پێی بەخشیوە ببەخشێ و بەختی بکات، خوا تەنها بەپێی بوون و توانا ئەرك دەخاتە سەر مرۆڤەکان، خواش پاش تەنگانە، بەزوویی فەرحانەو خۆشی دێنێ.

جا پاش كێشەو هەرای نێوان ژن و مێردو، ئەوسا تەڵاق، خوای گەورە – لەبارەی منداڵانی نێوانیانەوە – دەفەرمووێ: (والوالدات يرضعن أولادهن حولين كاملين لمن أراد أن يتم الرضاعة، وعلى المولود له رزقهن وكسوتهن بالمعروف لا تكلف نفس إلا وسعها لا تضار والدة بولدها ولا مولود له بولده وعلى الوارث مثل ذلك، فإن أرادا فصالا عن تراض منهما وتشاور فلا جناح عليهما، وإن أردتم أن تسترضعوا أولادكم فلا جناح عليكم أذا سلمتم ماآتيتم بالمعروف واتقوا الله واعلموا أن الله بما تعملون بصير))٢/٢٣٣. واتە: دەبێ دایكان دوو ساڵی ڕەبەق شیر بەمنداڵیان بدەن، بەتایبەتی بۆ ئەو كەسە دەیەوێ شیری تەواوی بداتێ، ئینجا دەبێ باوكەكە لەو ماوەی شیر پێدانەدا جل‌وبەرگ‌و بژێوی دایكە كە – بەپێی باوونەریتی خەڵكانی ئەو شوێنە – دابین بكات، هەر كەسیش بەدەر لە تواناو دەسەڵات، شتێكی لەسەر نییە، هیچ دایك‌و بابێ، نابێ – لەبەر ساواكەیان – زیان بەیەكتر بگەیەنن، (نابێ باوكەكە سۆزو میهرەبانی دایكەكە بقۆزێتەوەو، گوشار بخاتە سەریی‌و بڕوبیانووی لێ بنێتەوە، هەتا بەخۆڕایی شیری بداتێ، دایكەكەش نابێ ئەو بارودۆخە نائاساییەی باوكەكە بقۆزێتەوەو، بچێ بڕوبیانووی زۆرتری لێ بگرێ) جا ئەگەر منداڵەكە بابی نەبوو، بژێوی و جل‌وبەرگی دایكەكە دەكەوێتە سەر میراتگرانی بابی منداڵەكە، جا ئەگەر باب‌ودایك –بەخۆشیی‌و ڕاویژ– پێكهاتن كە زووتر منداڵەكە لەشیر بڕێتەوە، قەیدی نییەو، هیچ گوناحێكیان ناگات، خۆ ئەگەر باوكەكە بەرژەوەندی منداڵەكەی لەوەدا دیتەوە، كە ژنێكی تر – بەدەر لەدایكەكە – شیری بداتێ، دیسان هیچ گوناحێكتان نایەتە سەر، بەو مەرجە بەپێی داب‌ونەریتی ئەو ڕۆژەیە، كرێ‌و مزەی تەواوی بدەنێ‌و غەدری لێ نەكەن، دەبێ – لەگشت ئەم كارانەدا – ترستان لەخوا هەبێ، دەبێ ئەوەش بزانن كە ئێوە هەر كارێ دەكەن خوا دەیبینێ.

ڕیعایەتی منداڵ‌و پەروەردەی ئەخلاقیی و ڕۆحیی‌و، لاشەو جەستەیی منداڵان بەشێكی زۆر گرنگە لە كۆمەڵگەدا هەر بۆیە لە دینی ئیسلامیشدا، ئێجگار بایەخ‌و گرنگی دراوەتێ‌و، سەدان فەرموودەو هەوڵی پیاو چاكان بەرامبەری هاتووەوكراوە، دیارە ئەوە بابەت‌و باسێكی جیاوازو سەر بەخۆی دەوێ، لەم باسەدا – باسی گرنگی قورئان بەكارو باری ژنان – فرە دەباو، باسەكەش دەگۆڕدرێ، بۆیە پشت بەخوا – ئەگەر خوا مۆڵەت بدات – سەربەخۆ باسی دەكەین، بەڵام – وەكو بەڕێز دكتۆر عبدالكريم زەیدان لە (المفصل)دا دەڵێت – چەند پرسیارێك دێتە پێش: ئاخۆ بۆ دەبێ تا دوو ساڵ شیر بەمنداڵ بدرێ...؟ ئایا نابێ لەو دوو ساڵە لا بدرێ: زیادو كەم بكرێ، ئەگەر بكرێ چ ئاسەوارێك لەسەر منداڵەكە پەیدا دەبێ، چ

حوكمێكى شەرعیى پێش دێت..؟ بۆ وەڵامى ئەم پرسیارانە، خۆت چاوێ بە(مفصل)دا بگێڕە، لەوێ وەڵامى تێرووتەسەلتان دەست دەكەوێت.

<u>هەشتەم</u>- گیروگرفتێكى ترى ژنان لە سەردەمى جاهیلیەتدا:هەر ژنێك مێردەكەى مردبا، دەكەوتە رۆژێكى تاریكەوە: ژیانى پڕ دەبوو لە كوێرەوەریى، دەبوو پیستر و ناشیرینتر جلى لەبەر كردباو، هەتاماوەى یەك ساڵ بۆى ڕەوا نەبوو دەستى بەربۆنى خۆش كەوتبا! پاشان بەشێوەیەكى زۆر ناشیرین و كەمبەها لەماڵ ئەیانبردە دەرێ و، پشقەڵێكى لە دەست دەگرت و فرێى دەدا، بە واتاى ئەوە كە عیدەى تەواو بووە،ئەوسا سوارى گوێدرێژێكیان دەكردو دەیانگێڕا..هتد.. لەگەڵ دەیان باوونەریتى خراپ و نەگونجاوى تر، لەگەڵ ٚ حورمەت و كەرامەتى ژناندا، پاشان كە ئیسلام هات، ئەو گشت رەفتارە نالەبارو سەختانەى لەسەر شان هەڵگرتن، وەلەبەر رێزى پێكەوەبوونى ماوەى ژن و مێردیان و، پەیوەندیى كۆمەلایەتى لەگەڵ باب و برا و خزم و كەس و كارى مێردەكەیدا، وە بۆ كەمكردنەوەو سارێژبوونى برینى ئەو كۆسەى لێیان كەوتووە، ئیسلام ئەو حاڵەتانەى گشت گۆریى و هەڵیوەشاندەوە، عیدەو چاوەروانى-پاش مردنى مێردەكەى- بۆ كردە چوارمانگ وده رۆژ، لەولایشەوە بارى دوو گیانى بەو ماوەیە دەردەكەوێ، بۆ ئەمەیە خواى گەورەو كارزان لە قورئاندا دەفەرموێ: ﴿والذين يتوفون منكم و يذرون أزواجا يتربصن بأنفسهن أربعة أشهر و عشرا فإذا بلغن أجلهن فلا جناح عليكم فيما فعلن فى أنفسهن بالمعروف والله بما تعملون خبير﴾ ٢ /٢٣٤. واتە: ئەو كەسانەتان كە دەمرن و، ژنیان لێ بە جێ دەمێنێ، دەبێ ژنەكانیان تا چوار مانگ و دە رۆژ چاوەنواڕبن، ئیتر پاش ئەوماوەیە، هەركارێ دەكەن — هەر دزێوو ناپەسەند نەبێ — رێیان بدەن با بیكەن، ئێوە گوناهتان ناگات، وە هەركارێ بكەن، خوا بۆخۆى ئاگادارە پێى.

بەڵێ لەبەر راگرتنى بارى كۆمەلایەتى ناو خزم و كەس وكارى هەردوولا، دەبێ لەوماوەى عیددەیەیدا وەكو ژنانى تر خۆ نەرازێنێتەوە و خۆى ئارایش نەدا، بەڵكو دەبێ بە قورس و سەنگین خۆى ڕابگرێ و ئەملاو ئەولا و سەرەتاتكێ نەكاو، وا خۆى نیشان نەدا كە دەیەوێ مێرد بكاتەوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو پێغەمبەر ﷺ فەرمووى: ((لا يحل لأمرأة تؤمن بالله واليوم الآخر أن تحدّ على ميت فوق ثلاثة، إلا على زوج أربعة أشهر و عشرا)) واتە: هەر ژنێ باوەڕى بە خواو بە رۆژى پەسلان هەبێ، رێگەى نییە كە بۆ مردوان -پتر لە سێ رۆژان- نیشانەى تازیەى وخەمبارى پێوە دیار بێت، مەگەر ژنى مێرد مردوو، دەبێ ئەو چوار مانگ و دە رۆژان چاوەڕوان بێت. (زەینەبى كچى ئوم سەلەمە) دەڵێت: بەر لەئیسلام باوبوو كە هەر

ژنێك مێردەكەی مردبا، ژنەكەیان دەكردە ژوورێكی یەك نەفەریی و، خراپترین جل وبەرگیان لەبەر دەكرد و، نەدەبوو نزیكی بۆنی خۆش كەوتبا، تاماوەی یەك ساڵ، ئەو سا لە ماڵیان دەردەهێناو، پشقلێكیان لەناو دەست دەناو فرێیدەدا (بەواتای عیددەی تەواو بوو)، بەڵام كە دینی خوا هات، ئەو ژنە لەو گشت سووكایەتیی و رێلێگرتنە ئازاد بوو، پاش ئەو چوارمانگ و دە رۆژەیە، ئازادەو هیچ كەسێك نییە لە خزمانی هەردوولا، بتوانێ رێی لێ بگرێ لە خۆ ئارایشدان و، لە دەستگیران گرتن و لە شووكردنەوە ئەگەر بیەوێ. وادەزانم ئەگەر بە ویژدانەوە –ژن و پیاو– بڕواننە چاكسازییەكانی ئیسلام –لەهەموو روویەكەوە– كاری باش و رێكوپێكی زۆری بۆ ژنان ئەنجامداوەو، زۆرێكی زۆرینە لە باوونەریتی –پاش ماوەی جاهیلیەتی ئەو سەردەمەی– لەسەر شان هەڵگرتوون، یان كەمیكردوونەتەوە، بە ئایەتەكانیشدا بەدەر دەكەوێ كە ژنان بەر لەئیسلام زۆر چەوساوەو بێ هەق و ماف بوون و، بە هیچ شێوەیەك خاوەنی ڕاووبۆچوونی خۆیان نەبوون، هەمیشە بەدەست باب و براو خزم و كەس وكارەوە، یان بەدەست خزمانی لای مێردەكەیەوە ناڵاندوویانە!.

ئینجاپاش ئەو چاكسازییە ڕوودەكاتە پیاوان، ئەوانەی دەیانەوێ ژن بهێنن و لەگەڵ جۆرە ژنێكی ئاوادا ببنە هاوسەر، پێیان دەفەرموێ: ﴿ولاجناح عليكم فيما عرضتم به من خطبة النساء أو أكننتم فى أنفسكم علم الله أنكم ستذكرونهن و لكن لا تواعدوهن سرا إلا أن تقولوا قولا معروفا ولا تعزموا عقدة النكاح حتى يبلغ الكتاب أجله واعلموا أن الله يعلم ما فى أنفسكم فاحذروه واعلموا أن الله غفور حليم﴾ ٢/٢٣٥. واتە: هیچ گوناهێكتان ناگاتیٚ، كە ژنانی شوومردوو –ناراستەوخۆ– ئارەزوو بكەن و بخوازن. (ئیبن عەباس) دەڵێ: وەك ئەوە پێیان بڵێت: دەمەوێ ژن بخوازم، پێویستم بە ژنە، حەز دەكەم ژنێكی باشم دەست كەوێ (بوخاریی دەیگێڕێتەوە) یان هەر لە دڵا بڕیاری خواستنیان بدەن، خۆ خوا بۆخۆشی دەزانێ كە هەر باسیان دەكەن، بەڵام نابێ بەنهێنی ژوانیان بدەنێ و قسەیان لەگەڵ بكەن بۆ مارەكردنیان – پاش عیددەیان– مەگەر خواپەسەندانە بێت، وە دەبێ تا ئەو ماوەی عیددە بەسەر دەچێ، ئێوە نیازی مارەكردنیان نەكەن، چاكیش بزانن كە خوا دەزانێ ئێوە چی لەدڵتانایە، وەلەخوا بترسن‌و بشزانن لەگوناحان دەبووریٚ‌و لەسەر خۆیە.

بەكورتی: نابێ پیاوان لەگەڵ ژنانی مێرد مردوودا، لە بارەی خواستن‌و، ژن‌و مێردی قسەو باس بكەن، تا عیددەیان بەسەر دەچێ، بەڵكو تەنها ئەمەندەتان بۆ هەیە كە: بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، وە لای خەڵكی ئەو ناوچەیەش پەسەند بێت، بە گوێیاندابدەن كە: ژنی وەكو تۆ هەرگیز دانامێنیٚ، ئیتر قسەوباس وژوان دانان پێكەوەو هاتوچۆو نامە گۆڕینەوەو.هتد

كارێكی حەرامو ناڕەوایە، ئەمەیش – خوا باشتر دەزانیٚ – بۆ ڕاگرتنی كاروباری كۆمەڵگەو كۆمەلاّیەتییە، لەوانەیە خزمو كەس‌وكاری مێردە مردووەكە توڕەبنو، هەراو كێشەشی لیٚ بووەشێتەوە، ئەگەرچی ڕاڤەكەرانی قورئان قسەی زۆرتریان لێكردووەو، بۆچوونی زیاتریان هەیە بۆ دیاریكردنی حیكمەتو فەلسەفەكەی، بەلاّم هەركامێكیان بێت –لەو بۆچوونانە– گرنگ گۆڕینی ئەو حاڵەتە نالەبارەبوو كە بەسەر ئافرەتی مێرد مردوودا سەپێنرابوو.

ئینجا باس لەو ژنانە دەكات كە: مێرد دەكەنو، بەر لە پێكەوە نووستنو سەرجێیی لەگەڵ كردنیاندا، – بەهەر هۆیەكەوە بێت– تەلاّق دەدرێن، ئەمانەیش دوو جۆرن: هەیانە لەناو (عەقد)ی مارە بڕینەكەدا ناوی مارەییان بۆهاتووەو، ڕێژەیەكیان بۆ دیاریكراوە، هەیشیانە بیٚ مارەیی، نیكاح كراون – كە ئەمە پێچەوانەی یاساو باوی نیكاحە، چونكە ناوهێنانی مارەیی لە ناو نیكاحدا –بەپێی ئایەتەكە– فەرزو پێویستە، جا لەو حاڵەتەدا كەبەبیٚ مارەیی نیكاح كراوە، جا ئەگەر تەلاّقدرا، دەبیٚ(موتعە) وقەرەبووی بدرێتیٚ. موتعەش: بەو ماڵو سامانە دەگوترێت، كە پاش تەلاّقدان، دەدرێتە ژنەكە –بۆ دڵخۆشكردنو ڕەواندنەوەی ئەو كەشو هەوا لێڵەیە، بەهۆی تەلاّقدانەوە ڕوویكردۆتە ژنەكەو كەس‌وكاری ژنەكە، دیارە دیاریكردنی ڕێژەكەی، بەپێی بوونو نەبوونی مێردە. خۆ ئەگەر مارەییان بۆ دیاریكرابوو لە گریٚ بەستی عەقدەكەدا، ئەوا دەبیٚ نیوەی بداتیٚ، مەگەر سەماحەتو لێبوردنیان بەرامبەر یەكتر هەبێت:واتە: ژنەكە – یان سەرپەرستیاری ژنەكە – دەتوانیٚ لەو مارەییە كە قورئان بۆی دیاری دەكا دەس هەڵبگریٚو ئازادی بكاو هیچی لیٚ نەسێنێت، پیاوەكەش هەروا بۆی هەیە دەس لەنیوەكەی خۆی هەڵبگریٚو، هەموو مارەیی یەكەی بداتیٚ، لەگەڵ ئەوەیشدا عەفووو گەردن ئازادی لە تەواوی مارەیی یەكە باشترەو، بەخواناسینەوە نزیكترە، بۆیە (جوبەیری كوڕی مونعیم) كاتیٚ كچەكەی (سەعدی كوڕی ئەبی وەقاس)ی تەلاّقدا – بەر لەسەرجێیی– تەواوی مارەییەكەی دایە، گوتیان: بۆچی وادەكەیت؟ گوتی: كاتی خۆی (سەعد) منی بانگ كرد بۆ مێردكردنی كچەكەیی‌و، لەو كاتەدا ڕووم نەهات بڵێم نامەویٚ، بۆیە ئیستا هەموو مارەیەكەی دەدەمیٚ، چونكە من خۆم بەشیاوتر دەزانم بە فەزڵو بەخشین لەبەرخوا.

بۆ ئەو ئاراستەیە كە خودا دەفەرمووی: ﴿لا جناح عليكم إن طلقتم النساء مالم تمسوهن أو تفرضوا لهن فريضة، ومتعوهن على الموسع قدره وعلى المقتر قدره، متاعا بالمعروف حقا على المحسنين، وإن طلقتموهن من قبل أن تمسوهن وقد فرضتم لهن فريضة فنصف مافرضتم إلا أن يعفون أو يعفو الذى بيده عقدة النكاح، وأن تعفوا أقرب للتقوى، ولا تنسوا الفضل بينكم، إن الله بما تعملون بصير﴾٢/٢٣٦-٢٣٧. واتە: ئەگەر ژنانتان – بەر

لەسەرجێیی کردن – تەڵاقداو، هێشتا مارەییتان بۆ دیاری نەکردبوون، مارەییان ناکەویٚ بیاندەنیٚو، ئێوەیش گوناحتان ناگات، بەڵام دەبیٚ لەماڵی خۆتاندا شتێکیان بدەنیٚ، هەر کەسیش بەپێی خۆی: دارا لەئەندازەی خۆیی و، نەداریش هەر بەئەندازەی خۆی، ئەمە هەق و فەرزە لەسەر چاکەخوازان.، خۆ ئەگەر مارەییتان بۆ بڕیبوونەوە، بەڵام لەگەڵیان نەنووستبوون، ئەوا لەحاڵەتی ئاواشدا، نیوەی مارەییان دەکەویٚ، مەگەر خۆیان بیبەخشن،یان ئەو کەسە بیبەخشیٚ مارەییەکەی بەدەستە، خۆ بەخشینیش لە ئاکاری پارێزکارانەوە نزیکترە، نابیٚ چاکەکردن – لەگەڵ یەکتر – لەبیر بکەن. خوا – لەهەر کاریٚ ئێوە دەیکەن – چاودێرە.

بەڵیٚ هەر ئافرەتێك بەرلەوە لەگەڵ مێردا بخەوێت، تەڵاق بدریٚ، بیٚ شك –لێرەولەویٚ– تووشی هێندیٚ قسەوقسەڵۆکە دەبیٚو، گەلیٚ گومانی خراپیشی پیٚ دەبرێتو، لەوانەیشە هەزارویەك شتی لەسەر جیٚ بکەنەوە، ئەگینە بە بۆ چوونی ئەوان تەڵاق نەدەدرا، جا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو کەش‌وهەوا پڕلە بەدگومانیو دوودڵیە، قورئانی پیرۆز (موتعە)ی فەرزکردۆتە سەر مێرد، بیدا بەژنەکە، بۆئەوە گومانی گوماندراران بڕەوێتەوەو بزانن کە ئەگەر تەڵاقدانەکە لەبەر شتێکی نابەجیٚو ئابڕووبەر بوایە، ئەم پیاوە نەدەچوو بەشێك لەماڵی خۆی، یان ئەو نیوەی مارەیی یەکەشی بداتیٚ، دیارە ئەو کات وای لیٚ دێت کە دەبیٚ تەنها و تەنها مەسەلەکە پێك نەهاتن بووەو نەگونجاون، نەك شتێکی تر، لە(بوخاری)یدا هاتووە کە: پێغەمبەر ﷺ (ئەمیمەی کچی شەراحیل)ی مارەکردو بەر لەنووستن لێی جیابوویەوەو، پاشان فەرمانیدا کە: دوو کراسی سپی، سەرتاپێی، بدرێتیٚو بەڕیٚ بکرێت.

بۆ ئەم (موتعە)یەش هێندیٚ لەزاناکان دەڵێن – دەبیٚ بەهەموو ژنێکی تەڵاقدراو – پاش پێکەوە نووستنو، بەر لەپێکەوە نووستن – بدریٚ، بەڵگەی ئەو بۆچوونە ئەوەیە کەخوا بەگشتیی دەفەرموویٚ: ﴿وللمطلقات متاع بالمعروف حقا على المتقين﴾، یان دەفەرموویٚ: ﴿ياأيُها النبی: قل لأزواجك إن كنتن تردن الحياة الدنيا وزينتها فتعالين أمتعكن وأسرحكن سراحا جميلا﴾ دیارە کە هاوسەرەکانی پێغەمبەر ﷺ سەرجێییان لەگەڵ کراوەو مارەییشیان بۆ بڕاوەتەوە، کەچی ئامادەیە شتێکیان بکاتە هەدیەو دیاریی پاش جیابوونەوەکە. بێگومان ئەم ڕاوبۆچوونە – بۆ سارێژکردنی برینی ژنەکەو خزمو کەس‌وکارەکەیی و، ڕەواندنەوەی ئەو گشت دوودڵیو بەدگومانیەی ئەم‌وئەوە، زۆر جێگەی خۆیەتیو، لەگەڵ واقیعەکەدا زۆر پەسەندو لەبارە، بۆیە ئێمەش لەگشت لایە دەخوازین کە: ئەگەر – خوانە خواستە– تەڵاق هاتە بەین، هەر ئاوا بەسادەیەکەوە پاڵ نەنێین بەژنەکەوەو،

بیکەنە دەرەوە! بەڵکو دەبێ شتێکی باش و لەبارو شیاو بە ژیانی ئەو ڕۆژە بەژنەکە بدرێ کەلای خەڵکی خاوەن بەها بێ و کەموکوڕی ژیانی ژنەکەی پێ پڕبکرێتەوە لەو ڕۆژەدا.

* لەپێشەوە گوتمان ژن و پیاو، دوو دروستکراوی خودای گەورەوکارجوانن، مرۆڤی یەکەم (واتە:بابە ئادەم) لەگەڵ بەدیهاتووە، ژنی یەکەمیش (دایە حەوا) هەر لەجیسنی ئەو پیاوەیە (بابە ئادەم)ە واتە: مەگەر لە هێندێ تایبەتمەندی خۆیان، جۆرە فەرق و جیاوازییەکیان هەبێ، یان مەگەر لەبەر هێندێ کاروباری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئەخلاقیی فەرق وسونێك هەبێ، دەشکرێ نەرم و ناسکی لەش و جەستەی ئافرەت و بونیەی هەرەم و پەیکەرەکەی، هێندێ شتی ڕێ لێ بگرێت، ئەمەیش مانای ناتەواوی ژنان نابەخشێت، گوتیشمان هەر دوو ڕەگەزەکە لای خوا یەکسانن، هەردوو دەتوانن ئاکار چاکبن (وەکو ئەو هەموو پیاووژنە هاوەڵانەو، بەرلەوانیش، وە هەردووش لێیان دێت ناپاك و نالەبارو لاسارو نەگریس بن، وەکو ئەوانە لەدەورانی (ئەبوجەهل)و (ئەبوولەهەب)و خێزانەکەی ئەبوولەهەب و، دواترو ئێستاش هەن و دەژین، ئەمە مانای نەحلەتکردن لە ڕەگەزی هیچ کامێکیان نییە، هەتا ڕۆژی قیامەت، جائێستا دەگەڕێمەوە لای قورئان و دەچینە خزمەتی ئایەتی: (٣/٣٦) کە چۆن باس لەشەهامەتی خاتوونە (حەننەی کچی فاقوود) دەکات، دایکی (مەریەم) خانمی دایکی (عیسا) پێغەمبەر – علیهم الصلاة والسلام – ئەو ئافرەتە خواناس و چاك و پاك و دوعا خوێنە کە لەخوا پاڕایەوە، منداڵێکی نێرینەی پێ ببەخشێ و، تابیکاتە خزمەتکارو مجەوری (بیت المقدس)، زۆر حەزی لەوە دەکرد، بۆیە (نەزر)ی کرد کە ئەگەر خوا دوعاکەی گیرا بکات، هەر بەمنداڵی تەسلیمی دەرگاوانەکەی (قودس)ی بکا، تا لەوێ لەسەر خواپەرستیی پەروەردە بکرێ و، ڕابێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی لە ئایندەدا، جا ئایەتەکە دەفەرمووێ: ﴿إذ قالت امرأة عمران ربّ إنى نذرت لك ما فى بطنى محرّراً فتقبل منى إنك أنت السميع العليم فلما وضعتها قالت رّب إنى وضعتها أنثى والله أعلم بما وضعت وليس الذكر كالأنثى وإنى سمّيتها مريم وإنى أعيذها بك وذريتها من الشيطان الرجيم. فتقبَلها ربها بقبول حسن وأنبتها نباتاً حسناً وكفلها زكريا كلّما دخل عليها زكريا المحراب وَجَدَ عندها رزقا قال يامريم أنى لك هذا قالت هو من عند الله إن الله يرزق من يشاء بغير حساب﴾٣/٣٥-٣٧. واتە: ئەو کات وساتە وەبیر بێنە کە هاوسەرەکەی عیمران گوتی: ئەی پەروەردگاری من ! ئەو منداڵەی کەوتۆتە (ڕەحم)ی منەوە، من نەزری تۆی دەکەم، دەخوازم لێم قبوڵ بکەیت، بیسەرو ئاگاداریش هەر خۆتی. ئەوسا کە بارەکەی دانا، گوتی: ئەی پەروەرندەی من ! خۆ من مێینەم دیوە! – ئەگەرچی خواش چاتر دەزانێ بەوکارە – بێ شك

کچیش وەکو کوڕ نییە – بۆ ئەو کارەی من قەولاّنم – من ناوم لیّ نا (مەریەم) ئەوا خۆیی و نەوەکانیشم بە تۆ سپارد، تالەشەیتانی نەحلەتی بیانپاریّزی. ئینجا پەروەردگاریش زۆر بەباشی لیّی وەرگرت ببیّتە خزمەتکارو مجەوری (بیت المقدس) ئەگەرچی نیّرینەش نییە، کەلای ئەوان تەنها نیّرینە بەکەڵکی ئەو کارە دەهات. لە (بوخاری)و (موسلیم)دا هاتووە: لەسەردەمی پیّغەمبەردا ﷺ ژنیّکی ڕەش پیّس هەبوو خزمەتی مزگەوتی دەکرد، پاشان کۆچی دواییکردو، بۆ دوایی پیّغەمبەر ﷺ پرسیاری بۆ کرد؟عەرزیانکرد ماوەیەکە مردووە، فەرمووی: ئەی بۆچی ئاگادارتان نەکردووم، ئەوانیش بەجۆریّکی کەم بەها باسیان کرد. پیّغەمبەریش فەرمووی: ((فدلُّونی علی قبرهِ)) گۆڕەکەییم نیشان بدەن، نیشانیانداو چووە سەر گۆڕەکەیی و، نویّژی لەسەرکردو داوای لیّبوردنی –لەخودا– بۆ کرد. بوخاری: ژمارە: ١٣٣٦. ئەی ئەمە ڕیّزو حورمەتنان لە ژنان نیە؟ بەتایبەتی ئافرەتیّکی مجەوری – کەمبەهای لای کۆمەڵگەی ئەو سەر دەمە –.

دیارە بابی (مەریەم) دەمریّو، (حەننە)ی دایکیشیی، مەریەم دەبا تەسلیمی نووسینگەی چاودیّری کاروباری (بیت المقدس)ی دەکات: (زەکەریا)ی – میّردی پووری مەریەمیش – سەرپەرستیی دەکا، جا هەرکە زەکەریا لە میحرابی خواناسینەکەیدا سەری دەدا، بژیّوی دەدیت لەلایداو، پیّیدەگوت مەریەم! باشە ئەمەت لەکویّ بوو ؟! ئەویش دەیگووت: لەلای خواوە بۆم دیّت، بیّ شك خوا، حەزی لەهەر کەسیّك بیّت، بیّ ئەژمار بژیّوی دەداتیّ.

هەر بۆ گرنگیدانی قورئانی پیرۆز، بەکاروباری ژنان و، پشتگویّ نەخستنیان، دەچینە خزمەتی خاتوونە (مەریەم)ی کچی (عیمران)، دایکی (عیسا)و پووری (یەحیا)ی پیّغەمبەر – خوای لیّ ڕازی بیّت–. مەریەم – سلاّوی لەسەر بیّت – لەقورئاندا (١١) یازدە جار بەم جۆرە ناوی هاتووە: لەسوورەتی (ئالی عمران) (٤)جارو، لەسوورەتی (مەریەم)یش لەئایەتی (١٦–٢٧) هەر لەو باس دەکات، لەسوورەتی (مؤمینون)یش ئایەتی(٥٠)ی لەو دەدویّت، (زوخروف)یش لەئایەتی(٥٧)ی و، (تەحریم)یش ئایەتی(١٢)و، سوورەتی (ئەنبیاء)یش ئایەتی (١٥٢). خاتوو مەریەم لەکەش و هەوایەکی پاك و خاویّنداو، لەژیّر چاودیّری یەکیّ لە پیّغەمبەرانی خوادا (زەکەریا) سلاّوی لیّ بیّت، پەروەردەکراو، لەخەڵوەتگایەکی تایبەتدا پیّگەیشت، وە لەخوانەبیّ ترسی لە کەس نەبوو، خوای گەورەش دەیەویّ ڕووداویّکی میّژوویی و، هەرگیز لەبیر نەچووی، لەسەردەستدا ئەنجام بدات، کەپیاو هەڵگری ئەو قابیلیەت و توانایە نییە و، ئەوەی لیّناوەشیّتەوە کەلە مەریەم وەشایەوە، دەیەویّ بەبیّ پەیوەندی لەگەڵ توخم و ڕەگەزی نیّرینەدا، بەبیّ (تەلقیح)و متوربە، منداڵیّکی وەکو

(عیسا)ی ببیٚو دنیا پڕ بکەن لەکەرامەتو موعجیزە. ئەمەیە کە خوا بەخاتوونە (مەریەم) دەفەرموویٚ: ﴿وإذ قالت الملائكة: يامريم إن الله اصطفاكِ وطهرك واصطفاك على نساء العالمين، يامريم اقنتي لربك واسجدي واركعي مع الراكعين﴾٣/٤٢-٤٣.واتە: ئەو کاتە وەبیر بێنە کە فریشتە (جوبریل) هاتو بەمەریەمی گوت: خوا تۆی هەڵبژاردووە بۆ خزمەتی (بیت المقدس)، وە لەهەر کاروکردەوەیەکی قێزەونو نالەباریش پاك ڕایگرتوویی و، فریشتەشی نارد قسەی لەگەڵ کردیت، لەچاو ژنانی دنیاش بەڕێزتر سەیری کردیت.

لەسوورەتی (مەریەم)دا خوا بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویٚ: لەم قورئانەیشدا باسی مەریەم وەپێشبێنەو بۆ خەڵکانی دنیای باس بکە، ئەوکاتە کە خاتوو (مەریەم) لە کەس وکاری خۆی دوورکەوتەوەو، بەرەو جێگایەکی خۆرهەڵاتی مزگەوتی (قودس) چووو کردیە بارەگاو حەشارگە بۆ خۆیی و، نەیدەویست هیچ کەسێك ببینیٚ، جا لەو بارودۆخە پڕ لە سۆزو خۆشەویستی بۆ خواو، دوورکەوتنەوە لە دنیای سەرقاڵو، پڕ لەهەراو ئاژاوەو، وە دڵ پڕە لە ئاسوودەیی و، ئۆقرەو بەدەر لەخوا بەندایەتی بۆ کەس ناکاو، ملکەچی هیچ شتێك نابێت، هەواو ئارەزووبازیی و، عیشقو ئەوین، خۆ ڕازاندنەوەو ئارایش، لای ئەو بایەخێکی نییە، تەنیاو تەنیا عاشقی نووری خوایە... لەکاتێکی ئاوادا خوا (جوبریل)- کەبە روح ناوی دەبا – دەنێرێتە لای، بەڵام لەسیمای بنیادەمێکی تەواودا هاتە بەرچاوی ئەو، بۆیە ئەویش کتوپڕ زۆر بەتوندی داچڵەکی و، ترسێکی زۆری لیٚ نیشتو بەپیاوەکەی گوت:ئەر لە خوا دەترسی و ئیمانداریت، زیان لەدەستت نابینمو لێم مەیە پێش، مەریەم ترسا ئەو کەسە پیاو خراپ بێت، خۆ پێشتریش تا ئەو کاتە جگە لە زەکەریای سەرۆکی هەرەمەکەی قودس، کەسی تر ئەوی نەدیتووەو، نەچۆتە ئەو جێگایە، بۆیە قورئان لە سەر زاری ئەو دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: ﴿إني أعوذ بالرحمن منك إن كنت تقيا﴾. جوبریل کە دیتی حاڵی زۆر شپرزەو، خەریکە وزە لەدەست دەدات، بەپەلە گوتی: من فریشتەمو لەلای خواوە ڕاسپێراوم کە – بەفەرمانی خۆی – فرزەندێکی چاكو پاکت پیٚ ببەخشم ! کەئەوەی لیٚ بیست لەبەر شەرمو حەیای خۆی گورج گوتی: باشە! من چۆن منداڵم دەبیٚ، خۆ من مێردم نەکردووەو، هەرگیزیش داوێن تەڕیم نەکردووە؟! دیارە کە مەریەمیش هەر وەکو خەڵکانی تر پێی وابووە کە منداڵ تەنها لەڕێی زاوزێوە پەیدا دەبێت، هەرگیز بیری لەوە نەکردبوویەوە کە بەبیٚ پەیوەندی نیرو میٚ، منداڵ پەیدا ببێت. بۆیە ئەو پرسیارانە دەکاو ڕووبەڕووی پیاوەکە وەستاوە. فریشتەکەش گوتی: قسە هەر ئەوەیە پەروەرندەی تۆ گوتویەو، بۆ خواش – کاری وا – زۆر ئاسانەو، دەشمانەویٚ بیکەینە مایەی ڕەحمەتو دلۆڤانی بۆ (بەنی ئیسرائیل)و

سەرجەم خەڵکانی دنیاو، هەتا لەوێوە باشتر بتوانن خوا بدۆزنەوەو بیناسن، ئیترئەم بڕیارو فەرمانە بڕاوەتەوەو دێتە جێ.

لێرەدا گفتو گۆی نێوان فریشتەکەو خاتوونە مەریەم دەبڕێتەوەو، نازانرێ دوای ئەوە چی دەبێ، بەڵام گشت زانایانی پێشینو پاشین (سەلەف)و (خەلەف) یەکدەنگن کە: هەر ئەو فریشتە – بەفەرمانی خوا – فوودەکاتە خاتوو مەریەمو، هەر بەو فووە دووگیان دەبێو، وەکو بابە (ئادەم) گیان وەبەریا دەکرێت، وەکو خوا لەو بارەوە دەفەرموێ: ﴿إن مثل عيسى عند الله كمثل آدم خلقه من تراب ثم قال له كن فيكون﴾٣/. ئیتر ئایا ئەو دووگیانیە، هەروەکو دووگیانی ژنانی تر بوو و(٩) مانگی خایاند، یان ئەمیش هەر بەشێوەیەکی سەیرو سەمەرەو موعجیزە رەنگێك قۆناغەکانی منداڵبوونی بڕیی و لەدایك بوو؟ قورئان لەمانە بێدەنگە، هەر ئەمەندە دەفەرموێ کە: مەریەم پاش ئەو فوو پیاکردنە، بەعیساوە دووگیان بوو و لەتاو شەرمو حەیای ناو کۆمەڵگە دوورکەوتەوەو خۆی گەیاندە جێگایەکی دوور لەوان. (ئیبن کەسیر) دەڵێت: هەر لە مزگەوتی (قودس)دا پیاوێکی زۆر صالحو ناودار، –وەکو مەریەم– بەناوی (یوسف)ی دارتاشەوە هەبوو، ئەویش خزمەتی مزگەوتی دەکرد، جاکاتێ حاڵەتی مەریەمی بە شێوەیەکی نائاسایی دیت، ناچار بوو گوتی: ئاخۆ ببێ درەختێکی بێ تۆو ڕەگەز سەوز ببێ؟ ئاخۆ تۆو بێ بنەتۆو دەڕوێ ؟ ئەی منداڵ بێ باب دەبێ ؟! مەریەمیش تێگەیی چی دەڵێت، بۆیە خێرا گوتی: بەڵێ. چونکە لەسەرەتای ژیانەوە، هەر خوابوو دارو درەختو گژوگیاو ڕووەکی – بێ دنکە تۆو – ڕواند، هەر خوا بوو، بابە (ئادەم)ی بێ بابو دایك بەدیهێنا، کەوابوو دووگیان بوونی منیش – بێ هاوسەرو مێرد – هەر لەدەسەڵاتی ئەو خوایەوە دەوەشێتەوەو، هەر ئەویشە – جل جلاله – ئیرادەو خواستی لەهەر شتێ ببێ دەیکات.

پاشــان ژانــی منــاڵبوون هەڵیپێــچاو – بــێ کــەسو هاوکــارو مامــان !– بردیــە لای دارخورمایـەكو پـاڵی پێوەداو گوتی: کاشکا بـەر لەمـە مردبامو ئەمـەم بەخۆمـەوە نـەدیتباو بەهـەتا هـەتایی لـەبیر دەبرام. جا بۆ دیاریکردنی ئەو جێگایـەش – لەناو عیساییيەکاندا – کێشە هەیە: ئاخۆ (میصر)ی ئێستایە؟ یان (بيت لحم)ی قودسە؟.

جا لەو حاڵەتە زۆر ناسۆرەدا، (عیسای کوڕی) لەژێریەوە بانگی کردو گوتی: خەم مەخۆ، بێ شك پەروەردگارت لەژێرتەوە جۆگە ئاوێکی فەراهەم هێنا، لەلای پێتا ئاوی هەڵقوڵان بۆ خواردنەوەو، ئەو دارە خورمایەش پاڵت پێوەداوە – بیهەژێنە، فەریکە خورمات بەسەردا، دەوەرێنێو لێی بخۆ، دیارە شیرینیو حەڵواو خورماش بۆ ژنی زەیسان زۆر بەکەڵکە، بەچاوی ڕوونو دڵی خۆش بخۆو بخۆوەو، دڵنیابە خوا هاوکارت دەبێت، هەر کەسێکیشت

ڕووبەڕوو بوو پێی بڵێ: بڕیارم داوە – لەبەرخوا – خۆم لەئاخافتن بگرمەوە لەگەڵ كەسدا قسە نەكەم. پاشان هاتەوە بۆ ناو كەس‌وكارەكەیی و منداڵێك بەباوەشیەوەبوو، بەڕاستیی ڕووداوی وا، ڕووداوێكی تاڵ‌و تفت‌و ناڕەحەت بوو، ئەو كچە پاكە خواناسە، داوێن پاكە، وامناڵێكی بەباوەشەوەیە، دەبێ خەڵكان‌و خزم‌وكەس‌وكار چی پێ بڵێن؟ پێیانگوت: مەریەم ! هەرگیز لەتۆمان ڕانەدەبینی كاری سەمەرەی وات لێ ڕووبدا ! خوشكی هاروون ! تۆ نە(باب) ت پیاو خراپ بوو، نەدایكیشت داوێن تەڕ بوو، هەتا كاری وات لێ بووەشێتەوە.

مەریەمیش هێمای بۆ كردن كە: لەگەڵ منداڵەكە دا بێنە ئاخاوتن ! ئەوانیش گوتیان: جاچۆن لەگەڵ مناڵێكی ساوای سەربێشكە قسە بكەین ؟ مناڵەكە – بەفەرمانی خوا – لێیان دێتەوە وەڵام و دەڵێت: من خوڵام و بەندەی خوام، (واتە: نە خوام و نە كوڕی خوام، وەكو بۆ دوایی هێندێ چەواشە بوون و دەڵێن كوڕی خوایە !) كتێبی بە خەڵات دامێ و كردمیە پێغەمبەری خۆی. لە هەر كوێش بم پیرۆزیكردوم و پێووقەدەمم خێرە، هەتا زیندەش بم، ڕایسپاردووم نوێژ بكەم و زەكاتی ماڵم بدەم و، هەمیشە گوێڕایەڵ و گوێ لە مستی دایكم بم و، بە مڵهوورو زۆرداری دانەناوم، سڵاوم لێ بێ ڕۆژێ كە لەدایك بووم و، ئەو ڕۆژە دەمرم و، ڕۆژێ كە زیندوو دەكرێمەوە.

بەڵێ ژنیش هەروەكو پیاو، خێرو شەڕی لێ دێت و، دەتوانێ ببێتە نموونەی دەست پاكیی و، داوێنپاكیی و، هەتاهەتایە ناوو شۆرەتی هەر بڵندو بەرز بێت، خۆ بینیمان خاتوونە مەریەم چ ژنێكی خووڕەوشت بەرزو لە خواترس بوو، خۆ دیتمان چۆن بەرگەی ئەو گشت گێروگرفتانەی گرت، دیتمان كە فریشتە دێتە لایی و قسەی لەگەڵ دەكاو، دڵخۆشی دەداتەوە. قورئان هەروەكو باسی خاتوونە مەریەم دەكات، لەمەڕ پاكی و لێهاتوویی و، كۆڵنەدایی بۆ خواپەرستیی، هەرئاواش دێت باسی لاوێكی جوان و شۆخ و شەنگمان بۆ دەكات، دێت باسی (یوسف)مان بۆدەكات كە چۆن لە فێڵ و فەرەجی ژنانی ئەو سەردەمە خۆی گرت و، خۆی بەدەستیانەوە نەدا، دیارە كە ژن و پیاو– هەردوو– لای خوا گرنگن و، وەكو یەك حسێبیان بۆ دەكرێ.

كەوابوو ئافرەت دەتوانێ لە خەڵوەتگای خواپەرستیدا بژی، دەشتوانێ لە شەوە پەمەیییەكاندا ڕۆژبكاتەوە، دەتوانێ ببێتە دایكی (عیسا)، دەشتوانێ ببێتە دایكی (فیرعەون) و (هامان) و (قاروون) و دڕندەكانی سەردەمی خۆشمان، دەسا هەزاران سڵاو لەو ئافرەتانە كە پیاوی دەسپیس و، داوێن تەڕ فریوی نادات، هەزاران دروود بۆ ئەو ژنانەی خۆیان بۆ بەهەشت ڕادەگرن.

کیژانی هەتیوو بێ باب، گەلێ ستەم وناهەقیان لێدەکرا

قورئانی پیرۆز – ئەگەر بەوردی تێڕوانین – دەبینین هەمیشە دووکاری زۆر مەزن و گرنگی هەبووە، یەکێ سڕینەوەی باوونەریتی جاهیلیەت و، سەردەمی نەفامیی، یەکێ بونیادنانی یاسایەکی نوێ لە جێگەی ئەودا، بۆ نموونە: ئەو ڕۆژە ئیسلام هات، کۆمەڵگە ماڤ هەتیوانی پێشێل دەکرد، بەتایبەت ئەو کیژانەی لە کۆشی خزم و کەس وکارو چاودێردا دەژیان، ئەر ماڵێکیان بووبا، دەیان گۆڕی بەماڵێکی خراپی خۆیان، یان بێ بەرامبەر دەیانخوارد، تەنانەت کە کیژەکانیان لای خۆیان ڕادەگرت، بەو نیازەوە بوو مارەیان بکەن وماڵ وسامانەکەیان بخۆن!، ئیتر بێ ئەوە ماڤ ژن و مێردی ڕەچاو بکرێت، هەیشیان بوو، منداڵ و مرۆڤی لاوازو ژنانیان لە بەشە میراتی خۆیان بێ بەش دەکردو، دەیان دا بەو کەسانە بتوانن چەك لەشان بکەن و،بچنە گۆڕەپانی جەنگەوە.ئەو کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەیەك بوو بەتەواوی پلەی ئافرەتیان دابەزاندبوو، بەردەوام ستەم و ناهەقییان بەرامبەر دەکرد، گەلێ جار وەکو میرات دەکەوتە دەستی کەس وکارەکەی، خۆ هەرکە مێردەکەی دەمرد، خێرا سەرپەرستیارەکەی دەهات بەردێکی بۆ هەڵدەدا، ئەو بەردە واتای ئەوەبوو ئەو کابرایە ئەو ژنەی دابڕیوە بۆ خۆیی و، پاشان ئارەزووی بووایە، بێ مارە دەیکردە ژنی خۆی،یان بەشووی دەداو، خۆی مارەییەکەی دەخوارد! ئەر مێردیش تەڵاقیدابا، دوایی ئەم ڕێی نەئەدا مێرد بکاتەوە! واتە: نە تەڵاقی دەدا، نەلای خۆیشی ڕایدەگرت، ئیتر بەوە ناچار دەبوو خۆی لە مێردەکەی بکڕێتەوە ! جالەبەرامبەر هەریەك لەو یاسا نەفامانە، یاسایەکی پڕ سەروەریی و دادگەرانە هات و، سەرجەم ئەو ستەمانەی سڕیەوە، دیارە زۆربەی ئەو یاساو ئەحکامە تازەو نوێیانە لەسوورەتێکدا بەناوی سوورەتی (نساء=ژنان) کۆکراونەتەوە، چونکە گەلێ ماف و یاسای ژنان باس دەکات، ئیمەش بە پشتیوانی خوا – هەرچیمان توانی – لەم نووسینەدا باسی دەکەین، هیواداریین (خانمەکان)مان قازانجی لێ بکەن و بکەونە سەر باری ڕاستی ژیان و، تێ بگەن کە لە نیوە دورگەی عەرەبیدا – بگرە لەتەواوی دونیادا – وەکو مرۆڤیش تەماشا نەدەکران! چ جای ماف و هەقیان بدرێتێ، ئەگەر چی – سەد مەخابن – ئێستاش لەناو کۆمەڵگەی – بەناو ئیسلامیدا – سەرو خوارێکی زۆر هەیە بەرامبەریان، یەکێ ناهێلێ لەماڵ بێتەدەر، یەکێ سەرەڕای ئیش و کارەکانی ناوماڵیشی، کردوویەتی بە شوانی مەڕوماڵات و، باخەوانی باخ و کشتیارو.......هتد. ئیتر بێ بەشکردن لە میراتی بابیان و، ڕێگرتن لە مێردکردنیان – بەئاوات و دڵی خۆیان – بڕێ جاریش بە خوێندانیان و، هێندێ جاریش بەمێرددانیان بە پیاوێکی پیرو پەککەوتە و کەنەفت، یان مارەکردنی لە منداڵێکی سەر

بێشكە، یان... یان...!! ئەو كارو ڕەفتارە نادروستانە لە ئەژمار نایەن. هیوادارم — بەهەموومانەوە — بتوانین ئەو ستەم و ناهەقیانە ڕاست بكەینەوەو، ژنانیش بۆ داوای ماف و هەقیی خۆیان ئازادبكەین، ئەر داوای بەشەمیراتی خۆیكرد، بەبیٚ ئەقڵی دانەنێین، ئەر نەیویست بە فڵانەكەس مێرد بكا، بەزۆر پێی نەكرێت، ئەر مێردی كردو، دوایی نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو مێردە بژی، بەزۆر نەیبەسین بە دەستیەوە، چونكە فەلسەفەی ژن و مێردی، خۆشەویستیی و سۆزو میهرەبانیە بۆ یەكتر، بێگومان ئەگەر لەجێی ئەوانەدا چەلەحانیٚ و هەراوكێشە پەیدابوو، دەبیٚ بە شێوەیەكی دادگەرانە لێك بكرێنەوە، تا سەر لە نویٚ — هەردوو — لە لایەكی ترەوە هەوڵ بۆ خۆیان بدەن و ژیان دەست پیٚ بكەنەوە.

ئێستا — بەئیزنی خوا — دەچینە خزمەتی سوورەتی (نساء)، بابزانین چیمان پێدەفەرمویٚ ؟ چ دیفاع و بەرەوانیەكی تێدایە بۆ ژنان بەر لە (١٤٢٦) ساڵ، ئەگەر سەیرێكی مێژووی ناوچەكە بكریٚ — سەبارەت بە ژنان — بەر لەو مێژووەو، لەگەڵ بارە ڕاستەكەی — كە ئیسلام خستوویەتەڕوو — چاك دەزانریٚ كە هەنگاوی باش نراوەو، خزمەتی باش بەژنان كراوە،ئەمەیش وەك منەت وخێر باسی ناكەین بۆ ژنان، بەڵكو وەكو هەق ومافی خۆیان باسی دەكەین، دیارە هێمان كۆمەڵگە زۆری ماوە تەواو راست بكرێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ لای ئیسلام ولە هەموو شتێكدا ((دین)) زاڵ بیٚ و بەرجەستە بكریٚ و، كارو باری باوو نەریتی خۆیانی تێكەڵ نەكەن. جالەسەرەتای سوورەتەكەوە — لەبەرامبەر ئەو گشت سووكایەتیەوە كە بەژنان دەكرا، قورئانی پیرۆز — لەسەر زمانی پێغەمبەرەوە (محمد–ص) ڕایگەیاند كە: ژن و پیاو یەكسانن و، ژنیش هەر لەو توخمە دروستكراوە كە ئادەمی لیٚ دروستكراوە،یان هەر پارچەو بەشێكە لە ئادەم خۆی: ((یاأیُها الناسُ اتقوا ربكم الذی خَلقكم من نَفس واحدة وَخَلَقَ منها زوجها...))٤/٢. پێغەمبەریشﷺ لە ڕووی ئەو گشت زاڵم و ستەمكارانەوە لە ژنان، وەستاو فەرمووی: ((إنما النساء شقائق الرجال/ رواه أحمد وأبوداود والترمزی وغیرهم)).واتە:ژنانیش وەكو پیاوانن، یان هەر لە پیاوان بەدیهێنراون.

ئەو خەڵكانەی بەر لە ئیسلام خواناسییان دەكرد، پێیان وابوو، دایە (حەوا) هۆی سەرەكی دەرپەڕاندنی بابە (ئادەم) بووە لە بەهەشت و، تەنها ژنان هۆكاری ئەو كارە بوون، ئیسلام ئەوەشی سڕیەوەو كردیە تاوانی هەردوو:﴿فأزلّهما الشیطانُ عنها فأخرجهما مما كانا فیه.....﴾ أعراف/٢٠. بەڵكو لە هێندیٚ ئایەتا بەتەنها دەیخاتە سەرشانی پیاو: ﴿وعصی آدم ربە فغوی..﴾ ١٢١/١٦.

ئیسلام هات و چوو بەگژ ئەو خووە پیسەیاندا كە: هەر كەسێكیان بینیبا كیژی بووە،

زۆر خۆی بیٚ تاقەت و بیٚ وزە دەکردو، خۆی بەکەم و سووك و کەم بەها دادەنا ! نەیدەزانی چۆن ڕای بگریٚ ؟ زیندە بەچاڵی بکا باشە، یان قبووڵی ئەو گشت سووکایەتیەی ناو کۆمەڵگەیە بکاو نەیکوژیٚ: ﴿وإذا بشر أحدهم بالأنثى ظل وجهه مسودا وهو كظيم. يتوارى من القوم من سوء ما بُشر به أيمسكه على هونٍ أم يدسه في التراب ألا ساءَ ما يحكمون﴾ نحل: ٥٨-٥٩. ئەمەو بەدەیان خوڕەوشتی نادروست و ناڕەوای تریان. سەیری (المرأة بين الفقه والقانون) بکە.

* لە (بوخاری)یدا هاتووە کە: کیژە هەتیوەکان لای خزم و کەس و سەرپەرستیارەکانیان دەژیان، پاشان حەزیان لە ماڵ و سامان و باخ و باخاتەکەیان دەکرد، ئەوسا - لەبەرئەوە - دەهاتن مارەیان دەکردن، بیٚ ڕەچاوکردنی مارەیی و مافی ئاسایی خۆیان، جا بۆ دوایی لەو کارە ناپەسەندەیان ڕیٚیان لیٚگیراو فەرمووی: ﴿وَإن خفتم ألا تقسطوا في اليتامى فانكحوا ماطابَ لكم من النساء مثنى وثلاث ورباع...﴾ واتە: ئەگەر لە بارەی کیژە هەتیوەکانەوە، ترستان هەبوو نەتوانن بە شیٚوەیەکی ڕەواو دادگەرانە ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن (ترستان بوو ماڵ و داراییەکەیان بخۆن و، مارەییان بۆ دانەنیٚن و ستەمیان لیٚ بکەن) دەبیٚ وازیان لیٚ بیٚنن و مارەیان نەکەن، جاکە ئەم ئایەتە - لەمەڕ ئەو کچە بیٚبابانەوە - هاتە خواریٚ، موسڵمانەکان لەبەر پەرۆشی بۆ دینەکەیان، کەوتنە ناو کۆمەڵیٚ پرسیار لەکاروکردەوەکانی بەر لە ئیسلامیان، چونکە بەر لە ئیسلام بەبیٚ دینانە ژیاون و، هەرچیش لە بەرژەوەندییاندا بوو، بیٚ کردوویانە، بەڵام ئیٚستا مەنهەج و دەستووری هەتا هەتاییان بۆ هاتووە، بۆیە لە گشت کاریٚکیاندا - دەترسان نە وەك لای ئیسلام پەسەند نەبیٚ و، لای خواش یاخیبوون بیٚ، بۆیە پەیتا پەیتا لە پیٚغەمبەر ﷺ دەپرسن: ئاخۆ ئەوە شتە حەڵاڵ بیٚت، یان حەرام و قەدەغە بیٚت..؟.

(ئیبن عەباس) دەڵیٚ: لە سەردەمی جاهیلیەتدا هەندیٚ هەبوون، کیژۆڵەی هەتیویان بۆ بەخیٚوکردن هیٚنابووبە لای خۆیان، بۆ دواییش بەشیٚوەی ئەو سەردەمە دیاریی دەکرد بۆ خۆی ! ئیتر کوڕ نەبوو بویٚریٚ لیٚی نزیك بیٚتەوەو بیخوازیٚ، پاشان ئەگەر خۆی حەزی لیٚکردباو جوان بووبا، مارەی دەکرد بۆ خۆیی و، ماڵەکەشی دەخوارد ! خۆ ئەگەر حەزی لیٚ نەکردبا، ئەوا هەر نەیدەهیٚشت میٚرد بکا، هەتا دەمردو بۆ خۆی ماڵەکەی بە میرات دەخوارد، خوا ئەوەشی ڕیٚ لیٚگرتن و، بۆ تەواو کردنی کاروباری کیژە هەتیوەکان ئایەتی: (١٢٧)ی سوورەتی (نساء) هات و فەرمووی: ﴿ويستَفتونك في النساء قل الله يفتيكم فيهن وما يتلى عليكم في يتامى النساء اللاتي لا تؤتونهن ما كتبَ لهن وترغبون أن تنكحوهن....﴾ ئیتر خودا ڕیٚی لیٚگرتن و بڕیاریدا کە دەبیٚ وازیان لیٚ بهیٚنن و بچن لەجیٚی ئەواندا ژنانی تر -

چەنتان پێ باشە – مارە بکەن: دوان، سیان، تا چوار پێکەوە، بەمەرجێ دادگەربن لەگەڵیانداو، ستەم لە هیچ کامێکیان نەکەن (لە جل وبەرگ و، خواردن و جێی حەوانەوەو خانووبەرەو سەرجێییدا). ﴿فإن خفتم ألا تعدلوا فواحدة أوماملكت أيمانكم ذلك أدنى ألاتعولوا..﴾ واتە: ئەگەر ترسان و پێتان وابوو ناتوانن وەکو یەك بەدادگەرانە تەماشای ژنەکانتان بکەن، وەکو خواش دەفەرمووێ: ﴿وَلَن تستطيعوا أن تعدلوا بين النساء ولو حرصتم...﴾. دەبێ یەك ژن مارە بکەن – ئەویش لەگەڵ ڕەچاوکردنی ماڤ ژن و مێردی لەنێوانیاندا – یان لەگەڵ ئەوانە بن بەیاسای ئەو سەردەمە بوونەتە موڵکتان، بۆ خۆ لە غەدرگرتن – لەژنان – یەك ژن پەسەندە. هەندێ لە تەفسیری (أدنى ألا تعولوا)دا دەڵێن: ئەم ئاکارە نزیکە بەوەوە کە ئەرکی ماڵ و منداڵتان زۆر نەبێ لەسەرتان و، بتوانن خواپەسەندانە ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن.، مەسەلەی ئاکاری چاك و خواپەسەندانە لەگەڵ هەموو بوونەوەردا، حوکم و بڕیاری خوایەو، دەبێ هەر شتە بەپێی شیاوی خۆی دادگەری بۆ ڕەچاو بکرێ، خۆ بێ شك مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەبێ پتر بپارێزرێ، بەتایبەتی ئەو ژنە دەبێتە هاوسەرت، ئەگەرچی یەك ژنیش بێت، پێغەمبەرمان محمد ﷺ لە زۆرێك لە فەرموودەکانیا دەفەرمووێ: ((استوصوا بالنساء خيرا، فإنهن عُوانٌ عِنْدَكُمْ... فَحَقُكُمْ عَلَيْهِنَ: أَنْ لا يوطِئْنَ فرشكم من تكرهون، ولا يأذن في بيوتكم لمن تكرهون، ألا و حقهن عليكم أن تحسنوا إليهن في كسوتهن و طعامهن)). (رواهُ أحمد، أبوداود، ترمزي، وإبن ماجه). خۆ ئەگەر بوونە دوو ژن هەتا چوار، دەبێ ئاگاداری ئەو یاساو ڕێسا تایبەت بە فرە ژنی هەبێ.

فرە ژنێتی

تا چوار ژن – لەئیسلامدا – ڕێی پێدراوە، بەمەرجی ڕەچاوکردنی (عەدل)و دادگەری لەنێوانیاندا، هەرکەسێ دڵنیا نەبێ کە بە (عەدل) ڕەفتار دەکات لەگەڵیاندا، ڕێی پێنادرێ لە تەنها ژنێ زیاتر مارە بکات. ئەم (عەدل)ەش کە لە ئایەتەکەدا هاتووە: ﴿فإن خفتم ألا تعدلوا فواحدة...﴾ دەبێ هەبێ، ئەوسا فرەژنی حەڵاڵ دەبێ. زاناکان یەکدەنگن لەسەریی و، پێغەمبەریش ﷺ خۆی بەکردەوە تەفسیری کردووە، کە مەبەست دادگەریە لە جێ حەوانەوەو خانووبەرەو جل وبەرگ و خواردن و خۆراك و خواردنەوەو هەرشتێکی تریش، بەپێی یاسای ناوچەکە بۆ فرەژنی پێویستەو بەکاردێت.

فرە ژنی – بەر لەئیسلام – هیچ سنورێکی نەبووەو، لای (چینی و هنوودو، بابلی و ئاشوریی و میسریەکانیشدا) باو بووە، ئەوەتە شەریعەتەکەی (لیکی) چینیی، تا (١٣٠) ژن

ڕێگەیداوە، وەلای یەکێ لە (ئەباطرە)کانیان (٣٠)هەزار ژن هەبوو، (جولەکە)ش بێ سنوور ڕێیان بەفرە ژنی دەدا، تەنانەتی پێغەمبەرەکانیان فرە ژنە بوون، لە تەوراتدا هاتووە کە: (سولەیمان) پێغەمبەر ـ ﷺ ـ (٧٠٠) ژنی ئازادو، (٣٠٠) کەنیزەی هەبوو! بەلاّم لە (ئینجیل)ەکاندا، بە راشکاوی دەقێك نییە ڕێ لە فرە ژنی بگرێ، بگرە مێژوو دەڵێت: مەسیحیە پێشینەکانیش فرە ژن بوون.

(وسترمارك) زانای خاوەن متمانە لە مێژووی پیاوو هاوسەردا دەڵێت: بەپێی قسەی کەنیشتە، فرە ژنی تا سەدەی (١٧) هەم مابوو و، بێ ئەژمار ڕوویدەدا. (دیارماسدت) پاشای (ئێرلەندە)ش دوو ژن و دوو کەنیزەی هەبوو. ساڵی (١٦٥٠) زایینی، پاش ئاشتەوایی (سنفالیا)و، پاش ئەوە ژمارەی دانیشتوان بەهۆی جەنگە سـی سـاڵ درێژخایانـەکەوە – کەمبوویەوە، ئەنجومەنی (فرنکین) لە (نورمبرج) بڕیاری دووژنی دا. جاکە دینی ئیسلام هات، فرەژنی سنووردار کردوو، یاساو ڕێسایەکی بۆ دیاریکردو، بڕیاریشیدا بەدەر لە چوار ژن قەدەغەیەو ڕێگای نییە، ئەگەر چی وەکو گوتمان پێش ئیسلام بە هەزاران هەزار، ژنیان ڕادەگرت و دەیانکردە هاوسەر،پاشانیش ئیسلام کەڕێگەی فرە ژنیدا، زۆر پێی لەسەر ڕەفتاری دادگەری لەنێوان ئەوژنانەدا داگرت، تەنانەتی پێغەمبەرمان (محمد ﷺ) ئەوەندە سوور بوو لەسەر جێبەجێکردنی (عەدل) لە نێوان خێزانەکانیدا، لەکاتی نەخۆشییەکەشی هەمان بەرنامەی هەبوو هەوڵی دەدا کە: هەر شەوەی لای ماڵی یەکێکیان بمێنێتەوە، تا ئەو ڕۆژە کە نەخۆشییەکەی زۆری بۆ هێناو نەیدەتوانی بەئاسانی بەسەر ماڵەکاندا بگەڕێ، ئەوجا لە ژنەکانی مۆڵەتی خواست کە لە ماڵی یەکێکیاندا بمێنێتەوە، ئەوەبوو چوویە ماڵی خاتوونە (عائیشە)و، پاش چەند ڕۆژێکی کەم بەو نەخۆشییەوە– درودو سلاّوی خوای لەسەر بێت – کۆچی دوایی کرد.

جا بۆ دوایی لە ڕەفتارو گوتەی پێغەمبەریشەوە ﷺ زانا فەقیهەکان – درێژەیان بەباسی هەڵسوکەوت لەگەڵ ژناندا داو ناویان نا (قەسم)، واتە: دابەشکردنی کات و، ئەندازەی مانەوە لای ژنان و، دابینکردنی جێگەو ڕێگەی حەوانەوەو نان ونەفەقە یان. سەیرێکی (المنهاج)ی تەواوی بکە.

فرە ژنی لە چەند ڕوویەکەوە پێویستە

١- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:

بێ شك گەلێ هۆو سەبەبی کۆمەڵایەتی هەیە، ڕێگە بەفرە ژنی دەدەن، لەوانە:

أ – زیاد بوونی ژمارەی ژنان لە ژمارەی پیاوان، وەکو لە هێندێ ناوچەدا بەیناو بەین

ڕوودەدا، بێ ئەوە جەنگ و هەراو ئاژاوە لەو ناوچەکەدا هەبێت، بێگومان فرەژنی لەکاتی ئاوادا، ئاکارێکی ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیە، چونکە ئەگەر وانەکرێ، دەبێ ئەو ژنە زیادانە بێ سەرپەرست و بەخێوکەر، لێرەو لەوێ بسووڕێنەوەو، خەریکی لەشفرۆشی بن. دکتۆر (سباعی) دەڵێت: پزیشکێکی (هلسنکی/فنلەدیی) پێی گووتم لە هەر چوار منداڵێك کەلەدایك دەبن، سیانیان کچن و، یەکێکیان کوڕە، گەلێ لە خۆرئاواییەکان – لەم دواییەدا – لە زۆر بوونی ژنانی بێ سەرپەرست و لەشفرۆش و، زۆربوونی منداڵی غەیرە شەرعیی، بەخۆیاندا چوونەوەو ڕایانگەیاند کە: تەنها چارەسەرێك بۆ ڕێگرتن لەو کارە دزێوو نالەبارەی ناو کۆمەڵگەیە، ڕێدانە بە فرەژنی. ڕۆژنامەی (لاغوص) لە ژمارەی ڕۆژی (٢٠)ی نەیسانی ١٩٠١ زایینی، بە پێنووسی خانمێکی ئینگلیزی، ئەم ڕاستییەی بڵاوکردەوە.

ب– لە کاتی شەڕ و ئاژاوەو جەنگەکاندا، دەکرێ پیاوێکی زۆر تیا بچێت و، ژنێکی زۆر بمێنێتەوە، وەکو ڕوودانی دووجەنگە جیهانیەکە، کەبەڕاستی پیاو ولاوێکی زۆر بوونە قوربانیی و، چەندین کیژوو ژنان بێ سەرپەرست و مێرد دەسووڕانەوەو لە بارودۆخێکی زۆر تاڵو تفتدا دەژیان، ئەوروپا گەیشتە حاڵەتێکی وا، خۆزگەیان دەخواست: پیاوێك هەبووبا – جگە لە ژنەکەی خۆی – چاودێری ژنێکی تری کردبا، دەئاخۆ لەو حاڵەتانەدا خۆ کەڕو کوێر کردن باشترە، یان ئاوڕێك بەلای ئەو ژنانەوە بدرێتەوەو، داخوازیەکانیان وەڵام بدرێتەوە؟

٢– لەڕووی کەسێتی مرۆڤەوە:

بێ سۆ حاڵەت گەلێك هەن، دێنە پێش و دووچاری مرۆڤ دەبن، لەوحاڵەتانەدا، چارەسەر تەنهاو تەنها ڕێ پێدانە بە فرە ژنی، بۆ نمونە:

١– خێزانەکەی نەزۆکە و، منداڵی نابێ و، ئەویش زۆر حەزی لە منداڵەو، دیارە خۆ لەمەشدا هیچ لۆمەیەك ناکرێ کەسێ حەزی لە منداڵ بێ، ئینجا ئەو مرۆڤە دوو ڕێگە چارەسەری لەبەردەستدایە: یان ئەوەتە دەبێ هاوسەرەکەی تەڵاق بدا، یان ئەوەتە بچێ ژنێکی تر بێنێت، بێگومان ژنەکەی ڕابگرێ و، بچێ ژنێکی تر مارە بکا، لە ئاکارو ئەخلاقی جوامێرانەوە نزیکەو، ئەمەش لەبەرژەوەندی ژنەکەدایە، چونکە ئەگەر وانەکرێ، دەبێ ژنەکە تەڵاق وەرگرێ و، بچێ یان ژورێك پەیدا بکات بۆ خۆیی و، بەتەنیا تێیدا بژی، یان دەبێ بگەڕێتەوە لای خزم و کەس وکاری، کە بێگومانیش ئەمانە لەبەرژەوەندی ژنەکەدا نین، کەوابوو چار هەر ڕێ پێدانە بە ژنێکی ترو، کابراش بێ فەرق و جیاوازی و، بەو شێوەیە شەریعەتی ئیسلام، بۆی دیاریکردووە بە عەدل – ڕەفتاریان لەگەڵ بکاو، تۆزقاڵەیەك بەلای هیچ کامێکیاندا لانەدا.

٢- ژنەکە تووشی نەخۆشییەك بووەو کەنەفتی سەر جێگەی کردووە، یان نەخۆشییەکی قێزەونی وای گرتووە، ژیان لەگەڵیا – بەو نەخۆشییەوە – سروشتی مرۆڤ بۆی هەڵناگیرێ و، ناتوانێ وەکو ژنێکی ئاسایی هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکات، دووبارە مێردەکە – لەم کاتەشدا – دوو ڕێی لەبەردەم دایە: بچێ تەڵاقی بداو وازی لێ بهێنێ، بابەو نەخۆشییەوە بتلێتەوە تا دەمرێ – کە بێگومان – دیسان ئەمە لەکاری مرۆڤی بەوەفاو بەئەمەك ناچێ، یان دەبێ ڕێی پێبدرێ ژنێکی دیکە بێنێ و، ژیانی لەگەڵدا بەرێتەسەر، ئایا ئەم دووانە کامیان لەبەرژەوەندی ژنەکەدایە؟

٣- دەگونجێ ژنەکەی – بەهەر هۆیەکەوە بێت – نەتوانێ ئارەزووی مێردەکەی تێربکا، جا لەحاڵەتی ئاوادا ئەگەر ئەو مێردە خۆی گرت و بەئارام بوو، دیارە هەراو کێشەیەك نییە، خۆ ئەگەر خۆی بۆ نەگیراو چارەی نەبوو، ئاخۆ ڕێ بەو پیاوە بدرێ بچێ بە شێوەیەکی ناشەرعیی و حەرام، لەگەڵ ئەم ژنەکەو، ئەو ژنەکەدا ڕابوێرێ و ئارەزووی خۆی تێر بکات – کە ئەمەش دیسان ژنی یەکەم هەر پێی ناخۆشە، لەو لایشەوە مافی ئەم ژنە دووەمە دەفەوتێ و، منداڵەکانیشی بەناشەرعیی دەدرێنە قەڵەم و بەخێوکەریان نابێت... یان بچێت بەشێوەیەکی شەرعیی و یاسایی ژنێکی تر مارەبکاو، هەردوو پێکەوە – بێ جیاوازیی – مامەڵەی شەرعیان لەگەڵ بکاو لەگەڵ هەردوولا بەسۆزو دلۆڤان بێت ؟

پرسیارێکی سەیرو سەمەرە؟!

لەوانەیە هێندێ ئافرەت بڵێت: باشە! کە ئەو هەموو پاساوەت هێنایەوە بۆ ڕێ پێدان بە هێنانی ژنی دووەم، یان سێیەم و چوارەم، ئەی بۆچی هەرهەمان پاساو نابنە هۆی فرە مێردی بۆ ژنان؟ ئەگەر ژنێك مێردەکەی تووشی حاڵەتێك لەو حاڵەتانە بوو، ئاخۆ تەڵاقی لێ وەرگرێ باش بێت ؟ یان بچێت مێردێکی تر بکاو، با هەردووکیشیان مێردی بن !

وەڵامی پرسیاری وا، وادەزانم هەموو ژنێکی ژیرو خاوەن هۆش دەیزانێ و، دەشزانێ کە فرە مێردی بۆژنان شەرعیەتیشی هەبێ و منداڵەکانیش بەناشەرعیی دەرنەچن، هەرگیز شتی وا دەست ناداو ناکرێ، چونکە خوای گەورە – بەپێی سروشت – پیاوی وەك ئامێر دروستکردووە، چۆن کاری پێ دەکەیت و، لە چ جێگایەك کاری پێدەکەیت، دەکرێ و دەگونجێت، ژنیش وەکو (زەرف) دەبێ شتی تێ بکرێ، بێگومان ئەگەر ڕێگە بدرێت کە چەند کەسێك هاتووچۆی یەك ژن بکەن و تێکەڵی بکەن، ئەو نوتفەیە تێکەڵ دەبێ و، نازانرێ منداڵەکە بەکامیان بدرێ؟ لەو لایشەوە چەند پیاوێك هاتووچۆی ژنێك بکەن، ئاخۆ نۆرەیان بۆ دابنرێ؟ کامیان تەمەنی زۆر بێ، ئەوەیان پێش بخرێت؟ یان ژنەکە خۆی کەسێکیان دیاری بکا.؟

ئێمەش ئەم پرسیارە دەکەین و دەڵێین: ئایا شتی وا دەکرێ و، سروشتی ئەو ژنە – وەکو ئاژەڵ – ئەوەی پێ قبوڵ دەبێو، ئەو چەند پیاوە دەیانکرێ پێکەوە؟ لەولایشەوە دەبێ منداڵ و بەرهەمی بۆ کامیان بێت؟! وەئایا سۆزو خۆشەویستی لەگەڵ چەند کەسێکی ئاوادا، وەکو خۆشەویستی و سۆزی نێوان ژن و پیاوێکە بە تەنها – دووبەدوو – بۆ خۆیان بە ئاسوودەو بێ هەراو کێشە بژین ؟ لەولایشەوە سروشتی ئادەمیزاد –بەئیسلامیی و نائیسلامییەوە – لەگەڵ ئەوەدا نەبووەو نەیکراوە کەژنێك چەند مێردێکی هەبێت، ئینجا بۆ مەسەلەی تێرکردنی ئارەزووی جنسیی ژنەکە، ئەگەر مێردەکەی نەیتوانی تێری بکات – لەبەر نەخۆشیی، یان لەبەر پیریی، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت – دەتوانێ پێشنیاری خۆی ئاڕاستەی دادگا بکاو، سکاڵاکەی بگەیەنێتە ئەوێ، بێگومان دادوەر لێکیان دەکاتەوە، پاش لێکۆڵینەوە لەداواو سکاڵای ژنەکە. (المرأة بين الفقه والقانون).

سەرباری ئەوانەیش هەموو، فرەژنی لە ئیسلامدا نە (واجب)ـەو نە(سوننەت)، بەڵکو بۆ دورخستنەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی زاڵم و ستەمکارە لە خواردنی ماڵو دارایی کیژە هەتیوەکانە لە ڕێی مارەکردنیانەوە، قورئان بەو تەماحبازانە دەڵێ: ئەگەر لە مارە کردنی ئەو کچە بێ بابانەدا دەترسان ماڵو سامانەکەیان بخۆن، دەسا واز لەوانە بێنن، بچن ژنی تر لەبەر دەستاندا هەیەو تا چوار مارە بکەن، کەوابوو ئەم مەسەلەی فرەژنیە لەڕێیەکی دوورەوە سەری هەڵداوەو، بە کۆمەڵێ مەرجەوە هاتووە، واتە: لەبەر خۆی (تەشریع) نەکراوەو، ئەوندە شتێکی گرنگ نییە لە دینی ئیسلامدا، بۆیە بە ((ئەگەر)) و ((گریمان))ـەوە باسی دەکات: ((وإن خفتم أن لا تقسطوا في اليتامى...)). لە ئایەتی پاش ئەوەشدا دەفەرمووێ: ((فإن خفتم ألا تعدلوا فواحدة أو ماملكت أيمانكم...)) دواتر دەفەرمووێ: ((ذلك أدنى ألا تعولوا)) گرتنی ڕێگەی یەك ژنی نزیکترە بە (عەدل)ـەوە، کەوابوو بێ هۆی شەرعیی هەڵمەکوتنە سەرفرەژنی، چونکە بەناعەدالەتییەوە نزیك دەبنەوەو، لە حاڵەتی ئاواشدا فرەژنی حەرام دەبێ، ئەگەر چی نیکاحەکەش لای زاناکان بەدامەزراو دابنرێ.

من وادەزانم ئەوەند کە ئیسلام ئەگەرو نەگەر دەخاتە بەردەم فرە ژنی، مەبەستی ئەوەیەکە مرۆڤەکان هەتا بتوانن لێی دورکەونەوەو، بچنەوە بۆ لای یاسای یەك ژنیی و، لەگەڵ یەك ژندا تێهەڵچن، خۆئەر لە (قەید)و (قیوود)ی ئایەتەکەش ورد ببینەوە، ئەوا دەزانین کە فرەژنی بۆ خۆشیی و ڕابواردن نییە، بۆ تۆڵە سەندن نیە لە ژنی یەکەم، یان لەکەس و کارەکەی، بۆیە دەتوانرێ لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، کۆمەڵێ مەرجی تری بۆزیاد بکرێ و، هێندێ شتی (تعديل)بکرێ، دیسانەوە ئەگەر سەیری زەرەرو زیانەکانی فرەژنی بکرێ و،

ئێستاش پێشەوا (عومەر) – خوای لێ ڕازی بێت – لەژیاندا بووبا، ڕایدەگرت، هەروەکو ساڵی گرانیەکە، بڕینی دەستی دزی ڕاگرت، یان بە جارێ سێ تەڵاقەکەی دەخست، یان بەش (مؤلفة القلوب)ی ڕاگرت. ئەمەش نابێتە مانای گۆڕین و دەستکاری بڕیارەکانی خوا، بەڵکو کاری وا دەبێتە هاندەری پیادەکردنی بڕیارەکانی خوا، چونکە کەدەستی دز لەو کاتەدا نابڕێ، بۆ ئەوەیە کە دۆڵەمەندەکان لە هەژاران بپرسنەوە، سێ تەڵاقە (أنت طالق ثلاثا) بە کەڕەتێ دەخات، بۆ ئەوەیە خەڵکی لە تەڵاق خواردن دەسهەڵگرێ، ئەمەیش کە ڕێ لە فرەژنە دەگیردرێ، بۆ ئەوەیە خەڵکی بە عەدالەت ڕەفتار لەگەڵ ژنان بکەن.

ئەگەری سەرهەڵدانی ئاڵۆزی لە فرە ژنییدا

هـیچ گومانێـك نییـە کـە فرەژنـی – لەگـەڵ ئـەو پاسـاوانەدا بـۆی هێنرایـەوە – ئەگـەری سەرهەڵدانی کۆمەڵێ باری خراپ و نالەباریشی هەیە، لەوانە:

١- سـەرهەڵدانی نـاکۆکی و دژایـەتی لـە نێـوان ژنەکانـدا، بەشـێوەیەك خەریکـە خانوولانەیان بەسەرا برووخێنێ و، پیاوەکەش دنیای لـێ دەبێتە جەحەندەم و، هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە، چۆن خۆی ڕزگار بکات لـە دەستیان، ئـەم شاعیرە چەندە جوان و واقیعیانـە نمونەی پیاوی دووژنە باس دەکات:

تزوَجـــت اثنـــتين لفـــرط جهلـــي	وَقـــد حـــاز الـــبلاء زوج اثنـــتين
فقلـــت أعـــيش بينهمـــا خروفـــاً	أنَعَّـــمُ بـــين أكـــرم نعـــــــجتين
فجـاءَ الأمـر عكـس القـصد دومـاً	عـــــذاباً دائمـــــاً ببلـــــيَّتـــــين
لهـــــذى ليلـــــة وتلـــك أخـــرى	نقـــــار دائـــــم في الليـــــــلتين
رضـــا هـــذى يهـــيج سـخط هـــذى	فـلا أخلـــو مـــن إحـــدى الـــسخطين

واتە: لەبەر نەزانین ونەشارەزاییم، هەستام دوو ژنم هێنا، کەچی نەهامەتی هەردووکیانی گرتەوە ! گوتم: بۆ خۆم وەکو بەرخێك لەنێوان دوو مەڕی چاکدا بۆ خۆم دەژیم، کەچی بە پێچەوانەوە بۆم هات و، هەمیشەش گیرۆدەی دەستی دووبەڵابووم، شەوێکم بۆ ئەمیان داناو، شەوێکیش بۆ ئەویان، کەچی هەردوو شەوەکە شەڕە دەنووك بوو، هەرکامێکیان ڕازی بکەیت، ئەوی دیکە تووڕەیە! کەوابوو لە یەکێك لەو دووانە هەرگیز نەجاتم نابێ.

٢- ئەگەری پەیدابوونی ناکۆکی و بەربەرەکانێ لەناو منداڵەکانیاندا، بە شێوەیەك قابیلی چارەسەر نەبێ، دیارە ئەوەش بەپلەی یەکەم، ژنی یەکەم ئەوەدەکات و، دڵی منداڵەکانی پڕ دەکات لە ڕك و کینە، بەمەبەستی تۆڵە وەرگرتنەوە لەو ژنە دووەمەی شووی

بەسەر ئەمدا کردووە، دەگەنە حاڵەتی دژایەتی لەگەڵ یەکتر، بگرە هێندێ جار دەچنە سەنگەر بۆ یەکتر.

بەڵێ یاسای فرەژنی – لەگەڵ رەچاوکردنی عەدل و عەدالەت – یاسایەکە پڕە لە ئەخلاق و قییەم، بۆ مرۆڤی ڕەسەن و دەست پاك و داوێن پاك، چونکە رێ بە پیاو نادات بە ئارەزووی خۆی و، هەرکات ویستی و، حەزی لە هەر ژنێك بوو پەیوەندی پێوە بکاو، دەست درێژی بەسەر ژنەکەیدا بکاو، گوێ بەوە نەدا، ئاخۆ ئەو ڕازی بێت یانا؟ دەرەنجام دوای بکەوێ و واز لەم بهێنێ ؟ ئەم یاسایە مرۆڤ دەبەستێتەوەو ناهێلێ لە سنووری خۆی بچێتەدەر، ڕێگە بە هیچ پیاوێك نادات، بە نهێنی و پەنامەکی و لەژێرەوە پەیوەندی لەگەڵ ژنانی خراپ و نارەسەندا ببەستێ، تەنانەتی بۆ تەنها ژنێکیش دەبێ بەئاشکرا مارە بکرێ و دەڤ بۆ لێ بدرێ و زەماوەندی بۆ بکرێ و، خەڵکی گوند، یا گەڕەکی لێ بزڕێنێ و، بەر لە هەموو شتێك دەبێ براو خزم و کەس وکاری ژنەکە ئاگادارین.

بەڵام (خۆراوا) کە ئەوەندە لە فرە ژنی دەترسێ و، ئێستاش – بەڕەواڵەت هێندێکی لای خۆمان شین و گریە دەکەن بۆ کلۆڵی ژنان! – ڕازی نابن پیاوێك بچێتە دادگاو، عەقدی ژنێکی دووەم، یان سێیەم بەپێی کۆمەڵێ یاسای شەرعیی و یاسایی، گرێ بداو، بەشێوەیەکی ڕەسمیی و بە ئاشکرا پەیوەندی پێوە بکاو، هەر منداڵێکیشی بوو ماف نەفەوتێ و، لای کۆمەڵگەش بەدنــاو نـەبن، بۆ ئەمە ڕازی نین، کەچی بە غەیرە شەرعیی و نایاسایی لەبەردەم یاسای ئەو وڵاتەداو، لە پێش چاو سەرۆك کۆمارو، سەرۆك وەزیران و، باب و دایك و خزم و کەس و کاریەوە ڕێگە دەدات بە پیاوان بە ئارەزووی خۆیان لەگەڵ دەیان و سەدان کیژۆڵەدا دەست تێکەڵ بکاو، لەگەڵیا – بەهەموو شێوەیەك – ڕابوێرێ ! نابێ هیچ کەسیش فزەبکا، سەد جار ژنەکەی، یان کچەکەی بەدەستی ئەم و ئەوەوە ببینێ، بۆی نییە بە شێوەیەکی پێناخۆش بوون، چاو بەرزبکاتەوە !

سەیر ئەوەیە، ئەوانە کە دیفاع لەژنان دەکەن و، ڕێگە نادەن بەفرە ژنیی، هەر کامێکیان بگری، لەوانەیە بە دەیان ژنی، بۆ خۆیان – بێ سنوور – لەگەڵ ئەم و ئەودا ڕادەبوێرن و، گوێ بە باوك و دایك وخزم و کەس و کار نادەن، تەنانەتی لەلایەن پیاوانی (حیزب و دەوڵەتەوە) ڕێگرتن لە فرە ژنی، بۆتە پسووڵەیەکی خۆهەڵکێشان و، خۆبردنە پێشەوە لەناو کۆمەڵگەی ژناندا، لەوانەیە بەو ڕێگرتنە هەزاران هەزار دەنگ بۆ خۆی مسۆگەر بکات بۆ کاتی هەڵبژاردن و، لەوانەیە خۆیشی دوو سێ ژنی ڕەسمیی هەبێ، غەیرە ڕەسمیش خوا دەیزانێ. خۆ زیانی فرە ژنیش هەرگیز ناگاتە ئەو بێ سنووری و بەرەڵڵایی یە کە ئەمڕۆ لەلایەن دەیان

و سـەدان کچ و کـوڕەوە – ژێـر بـە ژێـر – دەکـرێ و لەگـەڵ یـەك ڕادەبـوێرن، وادەزانم ئەگـەر پزیشك و دەرمانخانەکان نەبووبان، ئێستا ڕێژەی منداڵی ناشەرعیی و لاکۆلانیی، مەگەر خوا خـۆی زانیبـای، دەباشـە، ئەگـەر چـوار کچ لەوانـە بـە شـێوەی شـەرعیی لـە کـوڕێکی لاو مـارە بکـرێن باشـتر نییـە ؟ باشـە کـێ بـەر پرسـە لـەو هـەموو داوێـن تـەڕی و بـەرەڵڵایی و منداڵـە ناشەرعیانە – کە لێرەو لەوێ– لەدایك دەبن ؟ نابێ دەوڵەت و کار بەدەستانی سـەردەم بیرێ لەو ئازادیە بێ سنوورە بۆگەنەیە بکەنەوەو، ئەوەنـدە نـەهێڵن کچ و کوڕ بەو شێوەیە تێکەڵ بـبن و وڵاتەکـەمان پـڕ بکـەن لـە کـاری ناپەسـەندو دزێـو ؟ دەبـێ دەوڵـەت پـێش هـەموو شـتێك خەمی کچ و کوڕە لاوەکان بخوات، ئاسانکاری بە یەکگەیانـدنیان بـۆ بکـات، تـا بتـوانن ببنـە خـاوەنی خێـزان، هـەر لاوەی پێویـستی بەچەنـدەیە لـە پێداویـستییەکانی بـۆ ئـەو کـارە، بـۆی دابین بکات، تا زاڵ دەبن بە سەر ئەو حاڵەتە دزێوو نامۆیەدا، هاتۆتە وڵاتەکەمانەوە.

ئازادی بۆ ڕابواردنی کچ و کوڕ – هەرچۆنێکیان ویست – زۆر بە هەرزان و ئازادانە دەست دەکەوێ ! بەڵام ئازادی بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و بیروفیکرەو، بیرکردنەوە بۆ ئاینـدە و چارەنووس،بۆ دینداریی و خواپەرستیی، کارێکی قەدەغەو بڤەیە !.

تێبینی:

(ئیبن جەریر) سەبارەت بە فرەژنی لەتەفسیری ئایەتێکدا دەڵێت: (وَأولى الأقوال التى ذكرناها فى ذلك بتأويل الآية قول من قال: تأويلها: وَإن خفتم ألاتقسطوا فى اليَتامى، فكذلك فخافوا فى النساء فلا تنكحوا منهن إلا مالا تخافون أن تجوروا منهن من واحدة إلى الأربع، فإن خفتم الجور فى الواحدة أيضاً فلاتنكحوها ولكن عليكم بما ملكت أيمانكم،فإنه أحرى ألاتجوروا عليهن(١))) واتە: تەفسیری شیاوو پەسەند – لەناو گشت ڕاکاندا – قسەی ئەو کەسەیە دەڵێت: کە ترسان لە مارە کردنی کچە هەتیوەکاندا دادگەر نەبن، دەبێ هەر ئاواش لەکاروباری ژنانی تردا ترستان هەبێ و، نابێ ئەو ژنانە مارە بکەن – یەك هەتا چوار – کە دەزانن ستەمیان لێ دەکەن، تەنانەتی ئەگەر دەتانزانی ئەر ژنێکیش بێت، ئێوە هەر ستەمی لێ دەکەن نابێ ئەویش مارە بکەن، بچن لەباتی ئەوان کەنیزە مارە بکەن، چونکە ئەوان حسێبی سەرجێیان جیاوازە.

دەبا ئەوانەش لە ڕێساو یاسای ئیسلام، دژ دەدوێن و، پێچەوانەی ئەو، پەروەردەی کچ و کوڕ دەکەن و، دەیانەوێ هەر بە منداڵی پێکەوە گەورەبن و، پێکەوەش بژین و، پێکەوەش لە قوتابخانەدا بخوێنن، هەتا شەرم و شکۆو حەیایان لانەمێنێ و، سبەینێش زۆر بە ئاسایی لە سەر جادەکان و کۆڵانەکان و، لەشاری گەمەداو لەزانکۆو لە قوتابخانەکاندا، بە بێ پەردە

ڕەفتاری ناشیرین و قێزەون بکەن و، غیرەتی بەرگریی لە خۆیی و، ڕەتکردنەوەی دەستەناپاکەکانی نەمێنێ، بابێن لەباتی ئەوە، بیر لەمافی ژیانی ئەو کچ و کوڕانە بکەنەوە، بێن بیر لەوە بکەنەوە: کچ و کوڕێك هەتا قۆناغەکانی خوێندن تەواو دەکەن (لەسەرەتاییەوە، بۆ زانکۆو باڵاتریش) تەمەنیان دەگاتە نزیکەی (٢٥-٣٠) ساڵ، بەپێی ئەو کەش و هەوایە خەریکی تاوان و گوناح بن بۆ تێرکردنی ئارەزووی (سێکسی)یان، بێن هاوکارییان بکەن و ئاسانکارییان بۆ بکەن، سووکە ژیانێکی ژن و مێردیان بۆ دابین بکەن و، هانیان بدەن - بابەشێوەی شەرعیی - یەکبگرن و، ئەو کاتە دڵ ئاسوودەتر دەبن و، باشتر دەتوانن درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن وببنە خزمەتکاری دین و وڵات و نیشتمان و، گیروگرفتی کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقیش زۆر کەم دەبێ، بە داخەوە باب وبراو کەس وکارو بەر پرسانی کارو باری دەوڵەت وباری کۆمەڵایەتی، چەندە بیر لە گەواهینامەو شەهادە دەکەنەوە بۆ کچ و کوڕ، لە سەدا یەکی ئەوە، خەمی ئەخلاق وقییەمی ڕۆڵەکانیان ناخۆن، خەمی مەسەلە سێکسیەکەیان ناخۆن!! باشە ئەگەر بمانەوێ لاوێك قۆناغەکانی خوێندنمان بۆ تەواو بکا لەو کەش وهەوا گەنیوو گەندەڵەدا، دەبێ چۆنی تەواو بکات؟ ئایادەتوانێ پاك وخاوێن خۆی ڕاگرێ وشتێکیش روونەدات؟! کاتێ ڕوویدا دەبێ کێ ئەو تاوان وتۆڵەیە هەڵگرێ لای خوا؟ دەبێ کێ بەر پرس بێت لە پیس نەبوونی ژینگە؟ مەگەر کەش و هەوای ژینگە تەنهابە فڕێدانی چوار (عەلاگە)و توێکڵە مۆز دەبێ بۆ سەر شەقام و کۆڵانەکان؟ بۆ بەردەم دووکانەکان؟ ئەی کەش وهەوای ژینگە بەو هەموو کارە نارەواو ناشەرعییانە- لە زانکۆو پەیمانگا و بەشە ناوخۆییەکاندا ڕوو دەدەن- پیس نابێ وگیرو گرفتمان بۆ دروست ناکات؟ بە تایبەتی خۆیان واتەنی ئازادییەکی بێ وێنە بۆ ڕابواردن و سێکسبازی دەرگا لە سەر پشتە؟!.

فرە ژنێتی پێغەمبەر ﷺ

دکتۆر (سباعی) دەڵێ: ساڵی (١٩٥٦) لە (ئەرلەندا) گفت و گۆیەك - لەگەڵ قەشەکانی ئەوێدا - کەوتە نێوانمانەوە، لەو گوفت وگۆیەدا پێمگوتن: باشە ! بۆچی ئێوە لە قوتابخانەکانتاندا، قوتابییەکان دژی ئیسلام پەروەردە دەکەن وهانیان دەدەن و، پێغەمبەری ئیسلامیان لا ناشیرین دەکەن و، گەلێ شتی نا پەسەند و نابەجێ بۆ ئیسلام و بۆ پێغەمبەرەکەی موحەمەدمان ﷺ هەڵدەبەستن؟ گوتی: ئاخر ئێمەی خۆرئاوایی ناتوانین ڕێز لە پیاوێك بگرین (٩) ژنی بووبێ !گوتم باشە ! ڕێز لە (داود) و (سولەیمان) پێغەمبەر دەگرن؟ گوتی: بەڵێ ! چونکە ئەوانە ناویان لە (تەورات)دا هاتووەو پێغەمبەرن !گوتم: دەسا

بێگومانبه كه (داود) پێغەمبەر ـ ﷺ ـ (٩٩) ژنی هەبووە، (سولەیمان)یش –سلاوی لیٚ بێت – وەكو لە تەوراتدا هاتووە،(٧٠٠) ژنی ئازاد و (٣٠٠) كەنیزەی هەبووە! كەوابوو بۆچی رێز لە كەسێك دەگرن (٧٠٠)ژنی هەبووە، بەلاٚم رێز لە كەسێك ناگرن (٩) ژنی بووبیٚ ؟! بەمەرجیٚ (٨)یان بێوەژن بوون و، تەنها یەكێكیان كچ بووە؟ پێغەمبەری خوا (محمد ـ ﷺ) سەرباری ئەركی پێغەمبەرێتی و، ئەو گشت كێشەو گرفتانە رووبەرووی دەبوونەوە، كەلە تەمەنی لاسەرووی (٤٠) سالەوە، دەچێتە ژێر ئەركی (٩) ژنەوە، دەئەوەندەی تر باری سەرشانی قورس دەكات، دلنیابن كە كاری ئاوا لە خۆیەوە نییە و، بۆ رابواردن و خۆشی نییە، بەلكو هەریەكە – لەو ژنانە – لەبەر بەرژەوەندییەكی ئیسلام بووە، پێش هەموو شتێك قازانجی ئیسلامی لەوەدا دیتووە، جا ئیتر بۆ ئەوە بووبیٚ كە بەجاریٚ (٩) ژن دەست بكەنە بلاوكردنەوەی دینەكەی بەناو ژناندا، یان بۆ دروستكردنی خزمایەتیی لەگەل هۆزو خێلەكانی سەردەمدا، یان وەكو وەفایەك لەگەل ئەو هاوەلانەدا ئەوسا مال و مندالیان بیٚ سەرپەرست جێماوەو، ئەوان گەراونەتەوە لای خوا، یان لەبەر ئەمانە هەموو و، دەیان بەرژەوەندی تری دینەكەی بووبیٚ؟؟ بێگومان – وەكو یەكە یەكەی خێزانەكانی باس دەكەن – هەریەكەیان چەندین حیكمەت و فەلسەفە لە هێنانیدا هەبووە، وەئەوەی بەخەیالی مرۆڤی ژێردا نەیەت، مەسەلەی ئارەزوو (سێكس)یەتە، ئینجابەم شێوەیە لەیەكەیەكەیان دەدوێن:

١- خاتوو (خەدیجە):

خاتوو خەدیجە مێژووی بەرزو پاكی دیارو ئاشكرایەو، هەموو كەسیش دەزانیٚ ئەو كردیە سەر (محمد ـ ﷺ) مارەی بكات، بەتایبەتی ئەو دەمەی كە لەگەل (مەیسەرە)ی خولامیدا چوونە شام بۆ بازرگانیی و، لە گەرانەوەدا (مەیسەرە) گەلیٚ ئاكاری جوامێرانەو مەردانەی موحەمەدی بۆ گێرایەوە، ئەویش بۆ خۆی ژیر بوو، زانی كە ئەگەرچی تەمەنیشی چل سالەو، هێمای تەمەنی ئەو – محمد ﷺ (٢٥) سالە، بەلاٚم هەرگیز هاوسەرێكی ئاوای دەست ناكەویٚ، كە رێزو حورمەتی لیٚ بگریٚ و ببێتە قەلایەكی مەحكەم بۆی، ئەلبەتە لەو لایشەوە –كە بیٚ شك وایە– دەستێكی نهێنی هەبووە، كە موحەمەد ﷺ – لای خەدیجە خۆشەویست بكاو، حەز بە هاوسەرێتی بكا، چونكە بۆ دوایی دەبێتە پالپشت و هاوكارو یارمەتی دەرێكی باش و دلسۆز بۆ خۆی و بۆ بانگەوازەكەی، سەرباری ئەقل و ژیری خۆی، مال و داراییەكەشی خستە گەر بۆ خزمەتی دینەكەی – پاش ئەوە كە كرایە پێغەمبەر، تەنانەت كاتیٚ لە ئەشكەوتی حیرا وەحی بۆ هات و دەم بە لەرزەوە گەرایەوە مال، چونكە یەكەمجاری بوو فریشتە ببینیٚ، زۆر ماندوو شەكەت و دل نیگەران ببوو، هەر خاتوونە

(خەدیجە) بوو دڵی دایەوەو پێیگوت: دڵنیابە، هەرگیز پیاوی وەکو تۆ – بە میهرەبان و دلۆڤان لەگەڵ هەژاران و کەم نەوایان و هەتیوان و لێقەوماوان – تووشی دڵزویری و ناڕەحەتی نابێ‌و، خواش پشتیوانی لێدەکاو، بردیشی بۆ لای (وەرەقەی کوڕی نەوفەڵ)ی ئامۆزای، زانا بە تەورات و ئنجیل و کاروباری وەحی پێغەمبەرێتی.

شیاوی ئاماژە بۆکردنە تاخەدیجە لە ژیاندابوو – خوا لیٚ خۆش بێت – ژنی تری بەسەرا نەهێنا، ئەوەبوو لەتەمەنی پتر لە (٥٠) ساڵی و، سیٚ ساڵ بەر لە هیجرەت، کۆچی دواییکرد، هەزاران دروودو ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت.

٢- خاتوو (سەودەی کچی زەمعە):

ئەم بەڕێزەش پاش کۆچی دوایی خاتوونە خەدیجە، پێغەمبەر ﷺ خواستیی و مارەیکرد، خۆ هیچ ڕیوایەتێك نەهاتووە باسی جەمال و جوانیی و شەنگ و شۆخی و لاویەتی بکات،تا بڵێین ئەوە وایکردبێت کە پێغەمبەر مارەی بکات، بەڵکو بێوەژنێك بوو مێردەکەی – کە ئامۆزای خۆی بوو ناوی (سەکرانی کوڕی عەمر) بوو – لە موسڵمانە سەرەتاییەکانی ئیسلام بووو،کۆچی بۆ حەبەشە کرد، کاتیٚ گەڕانەوە (سەکران) کۆچی دوایی کرد، ئەویش بیٚ سەرپەرست مایەوەو، لەوانەبوو ئەگەر بچێتەوە لای خزمەکانی ئازارو ئەشکەنجەی بدەن و، لەدینی وەریگێڕن، جاوەکو وەفایەك بۆ ئەو خێزانە بەڕێزە، پێغەمبەری خوا ـ ص ـ مارەی کردو، بەهاوسەرێتی خۆی ڕێزی لێنا (خوای لیٚ ڕازی بیٚ).

٣- خاتوو (عایشەی کچی ئەبووبەکری صدیق):

ئەمیشی لە مەککە مارە کردو، لەمەدینە گواستییەوە، شیاوی باسە لەناو ژنەکانیدا تەنها ئەم کچ بوو، وەپاش نۆ ساڵ و پێنج مانگ لە هاوسەرێتی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خودا – درودو سڵاوی لەسەر بێت – کۆچی دواییکرد، شیاوی باسە – لەبەر کۆمەڵیٚ هۆکار – زۆری خۆش دەویست، دیارە حیکمەتی مارەکردنیشی تەنها نزیك بوونەوەبوو بە (ئەبووبەکر)ی زەحمەتکێشی بابیەوە، ئەو ئەبوبەکرە کە بەگیان و ماڵ لە ماوەی تەمەنیدا خزمەتی پێغەمبەری ﷺ کرد ئینجا ئەمیش وەکو ڕێز لێنانێك لە ئەبووبەکر، عایشەی مارە کرد، هەروەکو ئەمیش بۆ ڕێز کچی خۆی لە (عوسمان) و (عەلی) ـ خوای لیٚ ڕازی بیٚ ـ مارە کرد.

٤- خاتوو (حەفصەی کچی عومەر):

بەڵیٚ پاش دووساڵ و چەند مانگێك لە کۆچ بۆ مەدینە، حەفسەخانی مارەکرد، پاش ئەوە کە (عومەر)ی بابی ڕاستەوخۆ دای بە (ئەبووبەکر) و(عوسمان)، ئەوانیش پۆزشیان بۆ

هێنایەوەو مارەیان نەكرد، ئەوجا پێغەمبەر ﷺ لەبەر خاتری بابی مارەی كرد، شیاوی باسە خاتوو حەفصەش هەر بێوەژن بوو.

٥- خاتوو (زەینەب):

خاتوونە زەینەبیش ژنی (زەیدی كوڕی حاریس) بوو، (زەید)یش بەپێی یاساو باوی ئەو سەردەمە، پێغەمبەر ﷺ كردبووی بە كوڕی خۆی، جاكە زەینەب لەگەڵ (زەید)ا ڕێك نەكەوتن و لەلای خواوە بڕیار درا كە پاش تەڵاقدانی - لەلایەن زەیدەوە- دەبێ موحەمەد ﷺ مارەی بكا، دیارە لەیاساو عورفی ناوچەكەدا ژنی بەكوڕكراو، نەدەبوو مارە بكرێت، خواش دەیەوێت ئەو باوونەریتە نەفامییەیان هەڵوەشێنێتەوە، ئەوسا بە بڕیاری خوای كارزان مارەی كرد، ئەگەر چی خوانەناسەكان كردیانە هەرا كە: گوایا بووكی خۆی مارە كردووە !

٦- جووەیریەی كچی حاریس:

ئەم بەڕێزە كچی سەرۆكی هۆزی (بەنی المصطلق)ە، لەناوەڕاستی ساڵی شەشەمی كۆچی – دوای غەزاكردنی هۆزەكەی لەلایەن موسڵمانەكانەوە، پێغەمبەر ﷺ مارەی كرد، لەو لایشەوە نزیكەی دووسەد ماڵ لە خزمانی لەو غەزایەدا دیلكرا بوون، پێغەمبەر ﷺ ویستی بەو مارە كردنەی (جووەیریە) ئەوانە ببنە خەزورانی و، هاوەڵانیش دڵیان نەرم ببێ بۆ ئازاد كردنیان، دیاربوو هەرواش دەرچوو، گوتیان: چۆن دەبێ خەزوورانی پێغەمبەر ﷺ دیل بن؟ بۆیە سەرجەم ئازاد كران ودەرەنجام ئەو مارەكردنەی (جووەیریە)و، ئەو ئازاد كردنەیان پاڵی پێوەنان بۆ نزیك بوونەوە بە پێغەمبەر ﷺ و ئیمانیان هێناو بوونە هاوكارو یارمەتیدەری موسڵمانان، پاش ئەوەی كە نەیارو دژیان بوون.

٧- خاتوو (زەینەبی كچی خوزەیمە):

ئەم خانمەش دایكی موسڵمانان، پاش شەهیدبوونی مێردەكەی (عبدالله)، لە (ئوحود)دا، پێغەمبەر ﷺ وەكو وەفایەك بەرامبەر كارە خزمەتگوزارییەكانی بە كۆمەڵگە مارەی كرد، چونكە ئەوەندە بە خزمەت بوو، پێیان دەگووت (أم المساكين = دایكی هەژاران)، لەولایشەوە ژنی ئەو بەڕێزە بووە.

٨- ئوم سەلەمە (هند):

ئەمیش خێزانی (عەبوڵڵای كوڕی ئەسەد) بوو، كە یەكەم كەسێك بوو – لەبەر خوا – كۆچی كرد بۆ (حەبەشە)، پاشان لە جەنگی (ئوحود)دا بەسەختی بریندار بوو، هەر بەو

برینەش کۆچی دوایی کرد، (ئوم سەلەمە) (عبداللە)ی زۆر خۆش دەویست و، ڕێزی زۆری لێ دەناو، خۆیشی ئافرەتێکی جوامێر بوو، بۆیە (ئەبوبەکر) و (عومەر) خواستیان – پاش شەهیدبوونی (عبداللە) – شووی پێ نەکردن، ئینجا پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی دڵی دامرکێ و خەم و خەفەتەکەی بۆ (عبداللە) کەم بکاتەوە – وەکو وەفایەك بۆی – ماری کرد، ئەگەر چی پۆزشی بۆ هێنایەوە، چونکە ژنێکی منداڵ دارو پیربوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پێغەمبەر ﷺ مارەی کرد، بۆ دواییش لە کێشەکەی (حودەیبە)دا، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، بۆ چارەسەری و کۆتایی پێهێنانی.

٩- خاتوو ئوم حەبیبەی کچی ئەبی سفیان:

خاتوو ئوم حەبیبە (رەملە) کچی ئەبوو سفیانە و لەو هۆزەیە، کە دۆزی گرنگیان – لە دژایەتی پێغەمبەرو ئیسلامدا – هەبوو، ئەمیش خێزانی (عوبەیدواللە) ناوێك بوو، کە هەردوو پێکەوە کۆچیان کرد بۆ (حەبەشە)، بەڵام مێردەکەی لەوێ، بوویە عیسایی و، ئەم وەکو کێو – قایەم و مەحکەم – لەسەر دینی ئیسلام مایەوە، ئینجا پێغەمبەر ﷺ بۆ نزیك خستنەوەی هۆزەکەی لە خۆیی و، وەفایەکیش بۆ (رەملە)خان، هەر لە (حەبەشە) مارەی کردو، مارەیەکەشی (نەجاش)ی حەبەشە بۆی داین کرد، پاشان لە حەبەشە گەڕایەوە بۆ مەدینە. باشە ئافرەتێکی ئاوا، هەقە وێڵ بکرێ و ڕێزو حورمەتی لێ نەگیردرێ ؟، لەکاتێکدا تووشی ئەو دوو بەڵایە بووە: لەلایەکەوە هۆزەکەی دژایەتی پیغەمبەر ﷺ دەکەن، لەلایەکی دیکەوە مێردەکەی لەدین وەرگەڕاوەو بۆتە عیسایی.

١٠- صەفیە خانی کچی (حویەی) سەرداری (بەنی نەزیر):

هەر دوا بەدوای (خەیبەر) و پاش ڕێکەوتنەکەی (حودەیبیە)، پێغەمبەری ئیسلام ﷺ مارەی کرد، شیاوی باسە، هەم باوك و، هەم مێردەکەی (کینانە) کە یەکێ بوو لە سەرۆکانی جوولەکە لە خەیبەردا کوژران، پاشان لە بەسەرهاتەکەی (بەنی قورەیزە و بەنی نەزیر)دا دیلکراو، بۆدوایی پێغەمبەرمان محمد ﷺ لەبەر دروستکردنی پەیوەندی و نزیکبوونەوە بە جووەکانەوە خواستیی و کردیە هاوسەری شەرعیی خۆی.

١١- خاتوونە (مەیموونە)

ئەم بەڕێزەش ناوی (بەررە)یە، پێغەمبەر ﷺ ناوی گۆڕی بە (مەیموونە)، کاتی خۆیشی خێزانی (ئەبی بەرهەم) بوو، پووری (عبداڵڵای کوڕی عەباس) و (خالیدی کوڕی وەلید) بوو، لەوە دەچێ ویستوویەتی تێکەڵی لە نێوان (بەنی هاشم) و (بەنی مەخزوم)دا دروست بکاو، هەردوو باشتر ببنە پشتیوانی دینەکەی.

كورتەى ئەم باسە :

پێغەمبەرى خوا ﷺ لەمارە كردنى هەر يەكىٚ لەو ژنە بەڕێزانەدا، بەرژەوەندييەكى گەورەو مەزنى ڕەچاوكردووە، ويستوويەتى خۆى بكاتە زاواى ئەو گشت پياو ماقووڵ وسەردارانەى ناوچەكە، لەولايشەوە، هەريەك لە خێزانەكانى ببنە مەشخەڵێك بۆ ناو ژنان و كاروبارى دينيان فێربكەن، لەمە بەو لاوە – لەوە ناچىٚ مەبەستێكى ترى هەبووبىٚ، چونكە بىٚ شك ئەگەر ڕابواردن و لەزەتى دنياى مەبەست بووبا، نە دەچوو ئەو گشت بێوەژن و، هەتيوبارانە لە خۆى كۆبكاتەوە ! بەڵكو دەچوو – وەكو پاشاو سەردارەكانى دنيا– كام ژن زۆر جوان و شۆخ و شەنگ و هەڵكەوتە بووبا، ئەوەى دەهێنا، يان دەچوو كۆمەڵە كچێكى مارە دەكرد، ديارە ئەمانەى وەلا نان لەبەر خاترى دينەكەى خواو، پەيداكردنى پاڵپشت و پشتيوان بۆى.

خاتوو (عايشە) خوا لێى ڕازى بێت چەند جوان پێناسەى پێغەمبەر ﷺ دەكا، كاتىٚ دەچوويە لاى ژنەكانى و سەردانى دەكردن: ((كان إذا خلا بنسائه ألين الناس، وأكرم الناس ضحاكا)) واتە لە هەموو خەڵكى دنيا نەرم و نيانترو، بەڕێزترو ڕوخۆشتر بوو. ژيانيشيان، شتێكى كەم و خودكەفايى بوو، ئەوەبوو –كە لەدەوڵەتدا دەسەڵات پەيدابوو– وايان دەزانى، دەبىٚ ئەمانيش وەكو ژنەكانى (كيسرا) و (قەيصەر) ڕابوێرن و بژين، بۆيە داوايان لە پێغەمبەركرد كە خۆشگوزەرانتريان بكات، بەڵام پێغەمبەرى خوا، قيامەتيان وەبير دێنىٚ و، بىٚ بەهايى و بىٚ نرخى دنياشيان دەخاتە پێش چاوو، سەربەرستيشيان دەكات كە: هەر كەسێكيان ئاوا دەژى و ئەو ژيانەى قبووڵە، بادانيشىٚ، هەر كەسێكيش ڕازى نييەو دنياى دەوىٚ، بابێتە پێش، بە شێوەيەكى خواپەسەندانە لێكجودا ببنەوە، درێژەى ئەم باسە لە سوورەتى (ئەحزاب)دا هەيە (١).

مارەيى ژنان

مارەيى مافێكى پێويستى ژنانە – هەركە مێرد دەكەن – دەبىٚ بە چەند ڕازيى دەبن و، بەپێى باوونەريتى ناوچە ئيسلاميەكە، لە گرىٚ بەستەكەدا بۆيان ديارى بكرێت، خۆ ئەگەر لە عەقدەكەدا دييارييان نەكرد، دەبىٚ پاش گواستنەوە، وەكو خوشك و خزمە نزيكەكانى ترى ئەو ژنە، كە بە مێرد دراون و مارەيييان بۆ دانراوە – شتێكيان بۆ ديارى بكرىٚ.

مارەيى مافێكە خواى گەورە خۆى بڕيويەتيەوەو، دايناوە بۆ ژنان و هيچ كەسێك بۆى نييە دەستى تىٚ بخات، پاش ئەوە كە لە سەردەمى (جاهيليەت)دا، بە ئارەزووى خۆيان دەستيان تێوەر دەدا، هەبوو كچەكەى بەشوو دەداو مارەييەكەى خۆى قووت دەدا،

هەیشبوو – وەکو ئاژەڵ بفرۆشیٚ – کچەکەی، یان خوشکەکەی لە پیاویٚك مارە دەکرد و، ئەویش کچەکەی خۆی لەم مارە دەکردو، لەو نێوانەدا ئافرەتەکە هیچ قازانجێکی نەدەکرد... بەڵام ئیسلام هات، ئەوانەو، هەر فێڵ و فەرەجێکی تر لە ژنان دەکرا، هەمووی حەرام و قەدەغەی کرد.

بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بارە نالەبارو ئاڵۆزەو بۆ چەسپاندنی ئەو ماف ومارەو خەڵاتە بوو، کە خوای گەورەو دلۆڤان فەرمووی: ﴿وآتوا النساء صدقاتهن نحلة فإن طبن لكم عن شيء منهُ نفساً فكلوهُ هنيئاً مَريئاً﴾٤/٤. دەبیٚ وەکو پێشکەشیەك مارەیی ژنەکانتان بدەن، ئەمەش (فەرز)ـەو خوا خۆی بڕیویەتیەوەو، پێویستە ئێوەش پەیڕەوی لیٚ بکەن و، بەهیچ شێوەیەك گزی و خەیانەتی تێدا نەکەن، خۆ ئەگەر ژنان بۆ خۆیان شتێکیان لە مارەییەکەیان پێبەخشین، ئێوەش – لەحاڵەتی ئاوادا – بیخۆن و نۆشی گیانتان بێت.

بەڵیٚ خوای میهرەبان – وەکو ڕێزلێنان لە ژنان و ڕەچاوکردنی هەموو حاڵەتە تاڵ و تفتەکانی قۆناغی ژیان – مارەیی فەرز کردووە لەسەر پیاوان، دەبیٚ بەئەوپەڕی ڕەزامەندیی و خۆشحاڵیەوە پێشکەشی ژنانی بکەن و، ئیتر پاش ئەوە هیچ کەسێك – نەمێرد، نەبرا، نەباوك، نە هیچ کەسێکی تر – بۆی نییە بیخواو دەستی تێوەردا.

ئیسلام ئەو مارەییەی کردووە، بە ڕەمزو نیشانەی خۆشەویستیی و دلۆڤانی مێرد بۆ ژن، وانیشان دەدریٚ کە ئەو پیاوە زۆر خۆشەویستیی ئەو ژنەی هەیەو، زۆریش بەخاوەن حورمەت و ڕێزداری دەزانیٚ، بۆیە چەند دەسەڵاتی هەبیٚ، ماڵ و سامانی پێشکەش دەکات، لەیەکەم ڕۆژی بەیەکگەیشتنەوە، ڕێزنانە لە خزم و کەس وکار و بنەماڵەو هۆزو نەتەوەی ژنەکە، ئیسلام لەم ڕووەوە تەماشای مارەیی دەکاو قورئان دەفەرمویٚ:(وآتوا النساء صدقاتهن نحلة....)، ئەگەر چی ماڵ و سامانێکیشە دەستی ئەو ژنە دەکەویٚ و، ئەندازەیەك بژێوی خۆی پیٚ مسۆگەر دەکاو، دەتوانیٚ بازرگانی پێوە بکات، خانووبەرەو زەوی لیٚ دابین بکات، مارەیی بۆ ئەمە دانراوە، ئیتر ئەوە نییە کە بەداخەوە – ئەمڕۆ ژنان بە ڕەمزی بیٚ توانایی و، هیچ لیٚ نەهاتوویی خۆیانی دادەنێن و، سروشتیان نەفرەتی لیٚ دەکا، گوایا دەست پانکردنەوەیەو، پیاوان خێریان پیٚ دەکەن!.

هەر شتیٚ لە کڕین و فرۆشتن و ئیجارە و بە کرێدان بەکاربێت، ئیتر قەرزو حازر بیٚ، زۆر بیٚ یان کەم، بەلای زاناکانەوە ڕەوایە بکرێتە مارەیی و، ژنەکە قبووڵی بکات،ژن دەتوانیٚ مارەییەکەی فێرکردنی قورئانی پیرۆز بێت، یان خوێندنی (بوخاریی) و (موسلیم) بێت، یان فێرکردنی زانیاریی ئەندازەو پزیشکی و، هەر کارو پیشەیەکی تر بێت، یان خانووو دوکان و باخ

و زەوی و مەڕومالاَت و..هتد. ئەگەرچی ئێستا عورف ناوچە لەسەر زێڕو ئاڵتوون دامەزراوەو، خەڵکی زێڕ دەکاتە مارەیی، ژنان لەوەدا ئازادن لە سەرچی پێکدێن وچۆن پێکدێن.

(سەهل – خوا رازی بیّ لیّی) دەڵێت: پیاوێك ویستی ژنێك مارە بكات، پێغەمبەر ﷺ پێیفەرموو: شتیّ لە قورئان دەزانی ؟ گوتی: بەڵیّ. ناوی چەند سوورەتێكی برد كە دەیزانین، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەسا وا لیّم مارە كردیت لەسەر ئەو چەند سوورەتە فێری بكەیت. بوخاریی.

مارەیی لە قورئان و فەرموودەدا سنوورێكی بۆ دیاریی نەكراوە – كەمی و زۆری –، بۆیە ژن و پیاوەكە لەسەر چەندە رێك دەكەون، دروستە بكرێتە مارەیی و لەسەری ڕێك بكەون. واتە: دەبیّ ژن و پیاوەكە بۆ خۆیان ئازاد بن لە دانانی مارەیییەكەداو، كەسێك لە خزمان زاڵ نەبێت بەسەر دین و ویژدانیاندا بۆ زۆرو كەم دانانی... ئەمەیە مارەیی ڕاستەقینە لە ئیسلامدا، خۆ ئەگەر – لەگەڵ ئەوەیشدا – بوون و نەبوونی مێرد ڕەچاو بكرێت لەلایەن ئەو خانمەوە دەبێتە هاوسەری، ئەوە كارێكی پەسەندی شەریعەتی ئیسلامە، ئەگەر ئەوخانمە – لەباتی ئەو زێڕەو، ئەو هێندە بڕوبیانووەی تر بە زاوای دەگریّ – ئاسانكاری و، هاوكاری دەستگیرانەكەی بكاو، بەپێی بوون و نەبوونی ئەو كوڕەلاوە داوای مارەیی لیّ بكات و، شوێنی مۆدێرن نەكەویّ، دیارە كاری وا، بۆ دنیاو بۆ قیامەت پەسەندەو ئافەرینی دەویّ و، زوتر دەتوانن كارەكەیان ئەنجام بدەن.

ئەگەرچی خانمەكە ئازادە لە دانان و دیاریكردنی مارەییدا، بەڵام شەریعەتی ئیسلام، حەز دەكات مارەیی كەم بێت و، زێدەڕەوی تێدا نەكرێت، پێغەمبەرمان (محمد – ﷺ) دەفەرموویّ: ئەو نیكاحە بە پیت و بە بەرەكەتە، كەمارەیییەكەی كەم وئاسانە.(ئیمامی بەیهەقیی و ئیمامی ئەحمەد هێناویانە). یان دەفەرموویّ: پیرۆزی ژن لەوەدایە: خوازبێنی و مارەیییەكەی ئاسان بێت.(ئیمام بەیهەقیی روایەتی دەكات) كەوابوو دەركەوت كە:

١– هیچ كەسێك بۆی نییە دەست بخاتە كاروباری مارەیی ژنانەوە، بەڵكو تەنهاوتەنها خانمەكە خۆی بۆی هەیەو، دەتوانیّ باسی زۆریی و كەمی بكاو، هەر ئەو دەتوانیّ مێردەكەی ئازاد بكا لیّی.

٢– لە بنەڕەتدا مارەیی لای سەروویی و، لای خواروی دیاری نەكراوە.

٣– ئێستا ڕوو لە خانمەكان دەكەین، كە دەبیّ لای خوای گەورەو میهرەبان بەرنەدەن و، بیریّ لە فەرموودەكانی پێغەمبەر ﷺ بكەنەوەو، بزانن كە پێغەمبەری ئیسلام پێیخۆشە ئەوەند چاویان لە مارەیییەوە نەبێت – لەگەڵ ئەوەشدا كە ئازادن – تا لەگەڵ كوڕە لاوەكاندا

زووترو باشتر بگەنەیەك و، لەئایندەدا مێردەكەی قەرزار نەكات، سێ ساڵ، چوار ساڵ هەر قەرزی مارەیی بېژێرێت.

مارەیی وەنەبێ (فەرز) بێت، ئەگەر خانمەكە داوای نەكا پێی گوناحبار ببێ، نەخێر... بەڵكو كە مارەیی ئیكرامیی و رێزانەیەو، خوای گەورە فەرزی كردووە لە سەر پیاوان – لەبەر خاتری ژنانە – هەر ئەو ژنانە دەتوانن، خۆیمان مارە بكەن لە بەرامبەر یەك میسقاڵ ئاڵتوونەوە،یان لەبەرامبەر فێركردنی سوورەتی فاتیحەوە، پاشانیش لەوەش گەردنی ئازاد بكات.

ئایا مارەیی سنووری بۆ دادەنرێت ؟

كتێبەكانی فیقھ و تەفسیر دەڵێن: لەسەردەمی (عومەر)ی پێشەوادا (خوای لێ ڕازی بێت) مـارەیی تـەكانێكی سـەیرو سـەمەرەیداو، لەوانـەبوو ئەسـتەمێك بخاتـە بـەردەم نیكـاح و بەیەكگەیـشتنی كـچ و كوڕەكـان، لەبـەر ئـەوە پێـشەوا عومـەر – وەكـو سەرپەرسـتیاری موسڵمانان و چاودێری خێرو شەڕی كۆمەڵگە – لای سنووری دیاری كردوو، بڕیاریدا: ئەر لە مارەیی ژنەكانی پێغەمبەر ﷺ زیاتر بێت، زیادەكەی بخاتە (بیت المال)ـەوە، ئەم بڕیارەی لەسـەر میمبـەر خوێنـدەوەو، دەست بـەجێ ژنێكی شـارەزای قورئـان هەڵسایەوە سـەر پـێ و پێیگـووت: تـۆ چـۆن سـنووری مـارەیی دیـاری دەكـەیت بـۆ ژنـان ؟ ئـەی ئـەوە نییـە خـوا ئەفـەرمووێ ﴿وأتیـتم إحـداهن قنطـارا...﴾ واتـە: ئەربـە كلـوو رێـك زێڕتـان دابـوو بـە ژنـانی پێشوو، نابێ لێیان بسێننەوە، كەوابوو ژنان دەتوانن بەئارەزووی خۆیان مارەیی بخەنـە سـەر پیاو، پاشان (عومەر) قسەكەی پەسەند كردو بڕیارەكەی خۆی هەڵوەشاندەوە!(ئەم مەسـەلە زیاتر لە فتح الباری، بەرگی (٩) لاپەرە (٢٥٦) هەیە.

مـن وادەزانم ئـەو شـتانەی كـە لـە بەرژەوەنـدی كۆمـەڵ و كۆمەڵگـەن و، مایـەی ژیـانی ئاسوودەیی ئەو خەڵكەن، هەركات گرفتێك پەیدابوو لە پیادەكردنیاندا، پێشەوای موسڵمانان (تەعـدیل)ی بكـاو، ڕای بگـرێ، ئـەم مەسـەلەی مارەییـیـەش – كـە ئـەمڕۆ هـیچ كـچ و كوڕێـك بەئاسانی ناتوانن بگەنەیەك – یەكێكە لەو گرفتانەو، پێویستە سەرپەرستیارو چاودێر، ڕاستی بكاتەوەو، سەروخوارێكی پـێ بكـات، بەپێی ڕۆژگاری كۆمەڵگە، ئەگەرچی بەداخەوە زۆرێكی كیژەكان خۆیان دەبنە لەمپەرو بەربەست لە بەردەم شووكردندا، چونكە لەگەڵ ئەوەیشدا كە لە دەسـەڵاتی بـاوك و دایك و خـزم وبـرا و كـەس و كـار، ئەندازەیـەك ئازادن و دەتـوانن بـۆ خۆیـان چارەنوسـی خۆیـان هەڵبـژێرن، بـەڵام هـەر كیـژەكان خۆیـان ئەوەنـدە داوای زێـڕو زیـوو خـانوو سەیارەو.... هتد دەكەن، هیچ لاوێك نەتوانێ نزیك ببێتەوەو مارەیان بكات.

گەڕانە دواوەو پەشیمانی پیشەوا عومەریش لەو بڕیارەی – سەبارەت بە دیاریکردنی لای سەرووی مارەیی – ئەگەر ڕاست بێت، جێگەی سەرسوڕمانە، چونکە بڕیاری ڕاگرتنی بڕینی دەستی دزو، ڕاگرتنی بەشی (مؤلفة القلوب)یش، هەر لە کاروباری کۆمەڵگەن و، بارودۆخەکەی جارانیان گۆڕاو، ئەمیش حوکم و بڕیارەکەی ڕاگرت، تا ئەو هۆیانە – ڕێیان بۆ خۆش دەکەن – پەیدا دەبنەوە.

مارەیی – بەپێی باوونەریتی ناوچەکە – دەتوانرێ هێندێکی حازر بێ و، هێندێکیشی قەرز وماوەی بۆ دیاری بکا، یان هەر بێدەنگ بێت لێی، بەڵام دەبێ بزانرێ: ئاخۆ چەندەی حازر دەبێ و، چەندەیش قەرز؟

ئافرەت، دەتوانێ هەتا مارەییە حازرەکەی وەرنەگرێ، خۆی نەدات بەدەستی زاواوە.

ئافرەت، بۆ دڵنیایی خۆی لەمەڕ مارەییەکەیەوە – بۆی هەیە داوای کەسێك بکات، ببێتە کەفیل و دەسەبەر بۆ نەفەوتانی مارەییەکەی.

ئافرەت، هەر مارەکرا، دەتوانێ داوای مارەییەکەی بکا.

بە یەکێ لەم شتانە هەموو مارەیی، دەکەوێتە سەر مێرد

١- سەرجێیی لەگەڵکردن.

٢- ژن وپیاوەکە هەرکامێکیان بمرێ- ئەگەرچی بەر لە پێکەوە نووستنیش بێ- هەر شتێ لە (عەقد)ەکەدا ناوبرابێ، بۆی سابت دەبێ، خۆی یان میراتگری داوای دەکاو وەری دەگرێ.

٣- هێندێ مەزەبەکانیش – خەڵوەی تەواوو بێ هیچ لەمپەرێك، دەکەنە هۆیەکی تری سابتبوونی مارەیی.

هەر ئەم تاقمە زانایە دەڵێن: هەرکە کەش و هەوا بۆ سەرجێیی ژن و پیاوەکە جێبەجێبووو، هیچ ئەستەمێك نەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەیەو، ئەوسا بەر لەوە لێك جیابوونەوە، دەبێ ئەو ژنە (عیددە) ببینێ.(١)

بە یەکێ لەمانە نیوەی مارەیی دەکەوێتە سەر زاوا

١- بەر لە پێکەوە نووستن، تەڵاقیداو، لەهەمانکاتیشدا لە گرێ بەستی عەقدەکەدا، مارەییان باسکردبوو. (لەپێشەوە لە سوورەتی بەقەرە، ئایەتی: ٢٣٧ دا باسێکی ئەمە کرا).

٢- خەڵوەی شەرعیی و بێ ئەستەم لەبەردەمدا بۆ سەرجێیی، ئەوسا بەر لە ئەنجامدانی تەڵاقیدا و، دیسان ژنەکە نیوەی مارەییە ناوبراوەکە دەبات.

٣- هە جیابوونەوەیەك، مێردەکە ببێتە هۆو سەبەب، بەر لە پێکەوە نووستنیش بێ، هەمیسان خانمەکە نیوەی مارەیی ناوبراوی پێ دەبڕێت.

لەم حاڵەتانەشدا هەموو مارەیی لە كیس دەچێ

١- خانمەكە لە دین وەرگەڕێ و واز لە ئیسلام بێنێت.

٢- مێردەكە موسڵمان ببێ و، ژنەكە موسڵمان نەبێت.

٣- ژنەكە لەگەڵ یەكێ لە خزمانی مێردەكەی، دەست تێكەڵ بكاو بگەنە سەرجێیی!.

٤- ژنەكە - لەبەر هەژاریی مێردەكەی، یان لەبەر هەر عەیب و ناتەواوییەكی - نیكاحەكە هەڵوەشێنێتەوە.

ئەمانە، لەگەڵ چەند حاڵەتێكی تردا، كە لە كتێبە فیقهیەكاندا باسكراون، دەبنە هۆی لە دەستدانی مارەیی ژنەكە.

بـــەكورتیی: مـــارەیی ڕێـــزو حورمەتێكـــە، دیـــنی ئـــسلام - بـــەر لـــە (١٥) ســـەدە، چەســـپاندوویەتیی وقایـــەلبووە پێـــی بـــۆ خانمـــەكان و، دەبـــێ مێـــرد - لـــە یەكـــەم بەیەكگەییـــشتندا- ئـەو میوانـداریی و ڕێـزە پێـشكەش بكـا، خـۆ ئەگـەر ژنەكـە بـۆ خـۆی نەیویست و قبوولی نەكرد، هیچ تاوان و گوناحێك لـە سـەر هیـچكامێكیان نییـە، بەڵكو جێی سـوپاس و پێزانینـە، هـەم لەلایـەن شـەریعەتی ئیـسلامەوە، هـەم لەلایـەن كۆمەڵگـەوە -بـە گشتیی-، چونكە هاوكاری و بارسوكیەكە لەبەردەم ئەو سوونەتە گەورەدا، ڕێ ئاسانكردنە لەبـەردەم كچان و كوڕاندا، شكاندنی ئەو بەربەست و كۆت و زنجیرەیە كە لاوان ناتوانن لـە سەرەتای تەمەنیانەوە جورئەت بكەن، بیر لە خێزان و خانەوادە بكەنەوە..

خوشكی بەڕێز! دڵنیابە ئەگەر هەردوو لاتان بە پێی ئاڕاستەكانی ئیسلام ڕەفتار بكەن و، بەرنامەی ئیسلام حاكم و بڕیار دەربێ، هەرگیز گیروگرفتێكی وا نایەتە بەردەم لاو پیرو سەرجەم كۆمەڵگە، ئەگەر تۆی بەڕێز گوێ بۆ ئەو فەرموودانە بگریت كە: پێغەمبەرﷺ لەبارەی قایەلبوون بە مارەییەكی كەم فەرموویەتی، یان هەر هیچت لە زاوا نەوێ، ئیتر چ گرفتێك هەیە ڕێ لە تۆ بگرێ، هەتا ببیتە گەورە كچ و، پاشان بۆ خۆت داكەویی و، كاتی بەشووكردنت بەسەر بچێت، یان ئەو كوڕە تەمەنی بچێتە (٣٠-٤٠) ساڵ، هێمان هەژارەو ناتوانێ داخوازییەكانی تۆ: ٥٠ میسقاڵ ئاڵتوون، خانووبەرە، كەلوپەلی ناوماڵ، بەئەندازەی ماڵێكی (٤٠) ساڵ، سەیارە و مۆدێلاتی تر - جێبەجێ بكات ! ئەی بۆچی زۆر بەئاسانی (عەقد)ەكە ئەنجام نادەن و، خێرا بگەنە یەكتر، ئەگەر ئاوا بكەن، هیچ كامێكتان تەمەنتان لە كیس ناچێ‌و، لەكاتی خۆیدا سوود لە تەمەن و جەستەتان وەردەگرن.

شیاوی ئاماژە بۆكردنە كە لە سەرەتای ئیسلامەوە (جەهازیی) و كەلوپەلی ڕێك خستنی بووك، لەسەر ماڵی باب و خزم و كەس وكاری ژنان بووە، ئیمامی (نەسایی) لە (عەلی كوڕی

ئەبی تالیب)ـەوە –خوای لێ ڕازی بێت– دەگێڕێتەوە: ((جهّزَ رسول الله – ﷺ – فاطمة فی خمیل، وقرته، ووسادة حشوها إذْخَرٌ)) واتە: پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی خاتوونە (فاتمە)ی کچی ڕێکخست و جەهازی بۆ ئامادەکرد، جەهازیەکەشی بۆ ئەو ڕۆژە: لێفۆڵکەیەکی کورك و، پشتییەك و، جەوەندەیەکی ئاوخواردنەوەبوو.

کیژۆڵە بەر لە هاتنی ئیسلام لە میرات بێ بەش بوو !

(ئیبن عەباس – خوای لێ ڕازی بێ) دەڵێ: بەر لە ئیسلام نە کیژۆڵە، نە کوڕی بچکۆڵە، میراتیان نەدەدانێ، چونکە –بەپێی باوی ئەوان– ئەوانە ناتوانن سواری ئەسپ ببن و، شاڵاوی ناحەزو نەیاریان لێ وەدوور بخەنەوە، واتە: میراتبەر کەسێك بوو، توانای بەرگری لە خۆیی و لە هۆزو نەتەوەکەی بووبا ! جا کە ئیسلام هاتە گۆڕێ، ویستی هەموو شتێك بخاتەوە جێگەی شیاوی خۆی، بەتایبەتی میرات، چونکە ئیسلام تێڕوانینی خۆی هەیە – لەتەکافول و دەسەبەربوون دا– لەناو تاکەتاکەی گشت خێزانێکدا، ئەوەتە لە ئەستۆی کاکی خاوەن دەسەڵاتی پێویست کردووە، لە خزمە نزیکە هەژارەکانی بپرسێتەوە، وەکاتێ خوێنێ هاتە سەری، دەبێ هاوکاری بکا... هەروەها، کەوابوو ئەگەر ئەو کەسە مردیش، هەقە ئەم کەسە زۆر نزیکەی میراتی لێ ببات، بەپێی پایەوپلەی نزیکی بە مردووەکەوە، ئیسلام یاساو ڕێسایەکی چروپڕی هەیە لە دابەشکردنی ئەرك ومافەکاندا.... میراتیش هەر لەو ڕێچکەوە هەڵدەقوڵێ‌و، سەرچاوە دەگرێ، ئەگەرچی –مخابن– لێرەو لەوێ خەڵکانێك هەن، لەبەر بیری تەسکیان، هێرش دەکەنە سەر ئەم یاسای میراتە ! بێ شك ئەم یاسایە لەسەر بنەمای (تەکافولی ئیجتیماعی) داڕێژراوە، کە چڕو پڕ لەگەڵ (فیطرە)و سروشتی ئادەمیزادا – بەئاسانی – یەکدەگرنەوە. ئینجا ئەگەر ئەم خزمایەتییە دەرەقەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ نەهات، بۆ چارەسەری کێشەکان دەگوێزێتەوە بۆ لای خەڵکی گەڕەك، دەبێ ئەوان بۆی چارەسەر بکەن، خۆئەر خەڵکی گەڕەکیش بۆیان چارەسەر نەکرا، ئەوسا سەرەی دەوڵەت دێت.. ئەم دابەشککردنەش بەو جۆرەیە، لەبەر ئەوەیە ئەرك و مافێکی زۆر نەکەوێتە سەر دەوڵەت و لەکاروانی پێشکەوتندا دوا نەکەوێت. (تەکافول) لەسەرەتاوە لەناو خێزانێکدایە، بێگومان ئەگەر ئەوخێزانە لە کێشەکانی یەکتر بپێچنەوە، سۆزو خۆشەویستیان بۆپێکدێ و، دەبنە خۆشەویستی یەکتر، خۆ لەئاستی کۆمەڵ و دەوڵەتیشدا ئاشکرایە کە دلۆڤانی بۆ کۆمەڵگەو دەوڵەت بەرپا دەبێ وهەموو حەزدەکەن ئەو دەوڵەتە دەئەوەندەی تر پایەدار تر بێت، وەنەبێ باوك و دایك و براو خزم و کەسوکار، دەبێ تەنها لەبواری ماڵ و ساماندا، هاوکاری ڕۆڵەکانیان

بکـەن، بەڵــکو پێویـستە لـە گـشت بوارێـکدا، بەشـێکیان لـێ بـدەن، تەنانـەتی لـە زیرەکیـی و تەمەڵیشدا، لەنەخۆشیی و دروستیدا، لـەئازایی و بیٚ جورئـەتیـدا، لـە پیـشەو ئیش و کاردا، لەبەژن و باڵاو، جوانیی و ناشیرینیدا،... هتد. کـەوابوو (عـەدل) لەوەدایـە کە لـە (میرات)یـشدا بەشـی خۆیـان ببـەن... لێرەوەیـە ئـەم یاسـایە سەرچـاوە دەگـرێ و، خـوا دەفـەرمووێ: (للرجـال نصيب مما ترك الوالدان والأقربون وللنساء نصيب مما ترك الـوالـدان والأقربـون – مما قلّ منه أوكثـر– نـصيبا مفروضـا.) ٤/٧. لـە ئایـەتی ١١–١٢ درێـژتر لـەم باسـە دەدوێـت، ئێمـەیش – بەپێی توانای خۆمان ڕاڤەی دەکەین و، هەر تۆزو گەردێکیشی لەسەر کەوتبێت دەیسڕینەوە.

ئەم ئایەتی (٧)ی (نیساء)یە دەفەرمووێ: میراتی باوك ودایك و خزمانی نزیـك – کـەم یـان زۆر – نێرینە بەشی خۆی هەیەو، مێینەش تێدا بەشدارەو، بەشیان بۆ بڕاوەتـەوە، هەریەکە بـەپێی پلـەی نزیکـی و دوری لەمردووەکـەوە، یـان بـەپێی ئـەرکی سەرشـانی. کـەوابوو هـیچ کەسێك بۆی نییە ژنان و منداڵان لەمیرات بیٚ بەش بکات.

میرات لە ئیسلامدا

میرات: بریتییە لەو ماڵ و سامانە لە دوای مردووەوە بـەجیٚ دەمێنێـت، بە تایبـەتی پـاش لێدەرکردنی هەر قەرزو قەرزارییەك بەسەر مردووەکەوە هەبیٚ.

مـیرات وکەلـەپوور بـەر لـە ئیـسلام، یاسـایەکی ئـەوتۆی نـەبوو، تاپـەیڕەویی لـیٚ بکـریٚ، ئەوەند نەبیٚ کە سەرۆك خێڵ و هۆزەکان بەئارەزووی خۆیان، ئەمیان بەشدار دەکردو، ئەویان بیٚ بەش دەکرد! ئەو ناهەقیی و ستەمەش بەتایبەتی – لە ژنان و منـداڵ و هـەتیوان دەکـرا – هەر لەو بیٚ یاسایی و بیٚ سەروبەریەوە سەرچاوەی گرتبـوو، جا ئـەوسا کـە ئیـسلام هـات بـە سیٚ (ئایەت). لـە سوورەتی (نـساء): (١١–١٢)، وە کۆتـا ئایەتیـشی یاسـای تـەواوی (زانیـاری بەشی میرات بەرەکانی) دیاریکردو، ئەوەیش کە مابوو، یان پێغەمبەر ﷺ ڕوونی کردەوە، یا زاناکانی پاش ئەو – لەژێر ڕووناکی یاسای (علم الفرائض)دا بەیانیان کرد.

بنەماو بنچینەی میرات بەم ئایەتانـە دامـەزراو، لـق و پۆپـەکانی تریـشی سـەرجەم لەمـەوە سەرچاوەیان گرت کەدەفەرمویٚ: ﴿یوصیكم الله فی أولادكم للذكر مثـل حظ الأنثـیین فإن كن نساء فوق اثنتین فلهن ثلثا مـاترك وإن كانـت واحـدة فلـها الـنصف ولأبویـه لكـل واحـد منهمـا السدس مما ترك إن كان له ولد فإن لم یكن له ولد وورثهُ أبواه فلأمه الثلث، فإن كانَ لـه إخـوة فلأمه السأدس مـن بعـد وصـیة یوصـی بها أودیـن آباؤكـم وأبـناؤكم لاتـدرون أیهـم أقـرب لكـم نفعا فریضة من الله إن الله كانَ علیما حكیما. ولكم نصف ماترك أزواجكم إن لم یكن لهـن ولـد

فإن كان لهن ولد فلكم الربع مما تركن من بعد وصية يوصين بها أودين ولهن الربع مما تركتم إن لم يكن لكم ولد فإن كانَ لكم ولد فلهن الثمن مما تركتم من بعد وصية توصون بها أودين وَإن كانَ رجل يورث كلالة أوامرأة ولَهُ أخ أو أخت فلكل واحد منهما السدس فإن كانوا أكثر من ذلك فهم شر كاء فى الثلث من بعد وصية يوصى بها أودين غير مضار وصية من الله والله عليم حكيم﴾ ٤/١١-١٢. واتە: خوا بەتایبەتی پێتان ڕادەگەیەنێ: کەلەپوورتان بۆ نێرینە دووبەش و، بۆ مێینەش نیو بەشی نێرینە بێ، جا ئەگەر ژمارەی مێینە میراتبەرەکان لەدوان پتر بوو، ئەوا دووبەش لەسێ بەشی میراتەکە دەبەن، خۆ ئەگەر مێینە یەکێ بوو، نیوەی کەلەپوورەکە دەبات. جا ئەگەر مردووەکە منداڵی لەپاش بە جێما، دایك و بابی هەریەکەیان شەش یەك لەو ماڵە دەبا، ئینجا ئەگەر هیچ منداڵی نەبوو، دایك و باوکی میراتەکەیان دەبرد، ئەوا لە سێی بەش، بەشێك بۆ دایکە، ئەوسا ئەگەر مردوو براو خوشکی بەجێ هێشتبوون — پاش دانەوەی قەرز و فەرزو پێکهێنانی وەسیەتەکە — دایك شەش یەکی دەکەوێ.

بەڵێ ئەم مەسەلەی میراتە، لەدێرین ڕۆژگارەوە، بۆتە چەقڵی چاوی ناحەز و نەیارانی دینی ئیسلام، لەوێوە خۆیان خزاندۆتە نێو جەرگەی جیهانی ئیسلامەتیەوەو، بەدەیان و بەسەدان بەدگومانیان دروستکردووە بۆ ژنان و پێیان دەڵێن: ئەگەر ئێوە لای ئیسلام ڕێزدارو خاوەن ڕێز بووبان، چۆن ئاوا بۆ نێرینە دوو بەشی دادەناو، بۆ مێینەش بەشێك؟ دیارە ئەوە ماناو واتای کەم بەهایی ژنانە ! ئێمەش –پشت بەخوا– بەم جۆرە لەو مەسەلەیە دەدوێن و دەڵێین:

١– دانانی میرات بەو شێوەیە، لە بەر بێ ڕێزی و کەمبەهایی ژنان نییە وەکو ئەوان دەڵێن – بەڵکو لەبەر ئەوەیە:

أ– پیاو هەموو بژێویی و نەفەقەی ماڵ و منداڵی بەسەرا دراوە.

ب – پێویست کراوەتە سەر پیاو کەمارەیی پێشکەش بەژنان بکات، ژنیش لە بەرامبەر ئەوەوە کارو باری بەڕێوە بردنی ماڵ و، دووگیان بوونی خۆیی و، منداڵبوونی و، خۆتەرخانکردن بۆ بەخێوکردنی منداڵانی بۆ دانراوە، کەوابوو دابەشکردنی میرات بەو جۆرەیە لە فەرهەنگی ئیسلامدا – لە بەر ڕێزو حورمەتی ژنانە، لەبەر ئەوەیە کە بەوردی بتوانن کاروباری ناوماڵ و، منداڵان بەڕیوەبەرن و، گرفتی پەیدا کردنی بژێویان نەبێ و، بەڵکو پیاوەکەی خەمی ئەو شتانەی بۆ بخوات.

ج –ژن هەموو پێداویستیەکی لەسەر پیاوە، مەگەر ژنەکە خۆی دەستی یارمەتی درێژبکات بۆ مێردەکەی، ئەو بژێویی و جل وبەرگ و خانووبەرەو....هتد پیاو دابینی دەکات بۆ ژنان، خوا دایناوەو بۆتە هەقێکی شەرعیی و یاسای خوایی، هیچ کەسێك ناتوانێ منەت

بکات به سەر ژنەکەدا، بەڵام ئەگەر ژنەکە دەستی یارمەتی ڕاکێشا بۆ پیاوەکە، دەتوانێ منەت بخاتە سەری، هەر لەو ڕووەشەوەیە کە پیاو ناتوانێ زەکاتی ماڵەکەی بداتە ژنی خۆی، بەڵام ژن دەتوانێ زەکاتی ماڵی خۆی بە مێردەکەی بدات.

د –ژن کە تەڵاق درا، دەبێ پیاو نەفەقەی ماوەی تەواوکردنی (عیدەی) بۆ بدات.

ھ –ژن کە تەڵاق درا، شەریعەتی ئیسلام بە پێی بوون و نەبوون (موتعە)ی بۆ پێویست کردۆتە سەر پیاوەکەی.

٢– ئەم میراتە – کە نێرینە دوو ئەوەندەی مێینە لێدەبا – تەنها لەنێوان براو خوشکیی باوك و دایکیدایە، ئەگینە هێندێ جار، مێینەش بە ئەندازەی نێرینە دەبات، بۆ نموونە:

* خوشکی دایکیی – ئەر تەنها خۆی بوو– لەمیراتەکە شەش یەك دەبا، هەر چۆنێ برای دایکیش ئەر بەتەنها بێت، شەش یەك دەبا.

* ئەر خوشك و برای دایکیی، دوان بوون، یان زیاتر، ئەوا وەکو یەك سێیەك دەبەن.

* ئەگەر – لەدوای مردووەکەوە – منالی نێرینە، یان نێرینەو مێینە، لەگەڵ باوك و دایکیدا بەجێمان، ئەوا باوك و دایکەکە – هەریەکەیان شەش یەکی میراتەکە دەبەن.

* ئەر مردووەکە بەتەنها منداڵی مێینەی لێ بەجێما، دیسان باوك و دایك شەش یەك دەبەن، واتە: لەم حاڵەتانەو لە هێندێ حاڵەتی تردا، نێرینە و مێینە وەکویەك میرات دەبەن.

کەوابوو ئەوەی بۆتە جێگەی مشت و مڕی خۆرئاواییەکان، تەنها مەسەلەی ئەو کیژو کوڕانەیە باوکیان دەمرێ و، ئەوسا پاش مردووەکە، میراتەکە دەکرێ بە سێ بەشەوە: دووبەشی بۆ کوڕەکەو، بەشێکی دادەنرێ بۆ کچەکە، هەر ئەمەیە کە نەزان و ناحاڵیەکان – لێرەو لەوێ – لە ئیسلامیان کردۆتە هەراو، بۆ پشتگیری خۆیان خەڵکیان کۆکردۆتەوەو، گشت پێکەوە دەهۆڵ لێ دەدەن! خۆ بێگومان – وەکو لەپێشەوە کورتەیەکمان باسکرد – دابەشکردنی ئەو میراتە بەو شێوەیە (کچ سێیەکی کوڕ دەبا) کە دەکەونە دوای بابیان و، کچەکە سێیەکی کوڕەکە دەبا، لەبەر ئەوەیە کە ماڵ و سامانی کچەکە هەر لە زیاد بووندایە: چونکە کچ کە مێرد دەکات، مارەیی وەردەگرێ بۆ خۆیی و، دەشتوانێ بازرگانی پێوە بکاو وردە وردە زیادی بکات، لەولایشەوە هەموو پێداویستێکی ژیانیش خۆیی ومنداڵی لەسەر مێردەکەیەتی. بەڵام کوڕ کە زەماوەند دەکات، مارەیی دەداو، پێویستی زەماوەندەکەشی لەسەرە،وەکو کڕینی ناوماڵ و، پەیداکردنی خانوو جێی حەوانەوە...دەسا ئیستا کچەکە زۆر وەردەگرێ، یان کوڕەکە؟ کامیان قازانجی کردووو، کامیان زیان؟.(لەم کتێبانە سوود وەرگیراوە: (فی ظلال القرآن، تفسير المنار، المرأة بين الفقة والقانون، الإسلام عقيدة وشريعة).

گەواهی ژنان لە ئیسلامدا

ژن و پیاو لە فەرهەگی ئیسلامدا وەکویەکن، مەگەر هێندێ شتی تایبەتمەندی هەریەکەیان، بۆ نموونە: هێندێ شت هەیە، تەنها گەواهی ژنانی لەسەر وەردەگیردرێ، چونکە لە ولاّتی خاوەن ئەدەب و بەئەخلاقدا، باو نەبووە ئەو شتانە پیاوان ئاگایان لێی بێ و بیزانن،بۆ نموونە:(لەدایکبوون و کچێتی و، عەیب و ناتەواوی ناوەوەی ژنان) هەر وەکو بڕێ مەسەلەو باسیش هەیە لەبەرئەوە کە ژنان بەسۆزو بە میهرەبانترن، ناتوانن لەکاتی ڕوودانیاندا ددان بەخۆدا بگرن و لایان بمێننەوە، تا بەتەواوی ببینن و ئاگایان لێی بێ و بۆ دواییش شایەتی لەسەر بدەن، هێندێ شتیش هەیە شایەتی هەردووکیانی – وەکو یەك – تیا وەردەگیردرێ، بۆ نموونە: لە شەهادەتی (لیعان) دا، ئەوکاتە پیاوکە ژنەکەی تۆمەتبار دەکات بە مەسەلەی زیناوەو، شایەتیشی نییە بۆ چەسپاندنی، لەکاتی ئاوادا دەبێ پیاو چوار (أشهد بالله) بکێشێ کە ڕاست دەکا، بۆ جاری پێنجەم بڵێ: ئەر درۆ بکەم، نەفرین و نەحلەتی خوام لێ بێت، دیارە پیاوەکە بەم گفتوگۆ و (أشهد بالله)یە، لە قامچی وشەلاق لێدان خۆی ڕزگار دەکاو، ژنەکەش ئەگەر خۆی بێدەنگ بکا بەردەباران دەکرێ و تۆڵەی ئەو گوناحەی – لە قیامەتدا – لەسەر نامێنێ، خۆ دەشتوانێ وەکو پیاوەکەی، چوار جار (أشهد بالله) بکێشێ کە: پیاوەکەی لە درۆزنانە و درۆی بۆ هەڵدەبەستێ، بۆ جاری پێنجەمیش: دەڵێ: بەر غەزەب و تووڕەیی خوا بکەوم ئەگەر ڕاست بکات.

بەڵام کە ئیسلام هات سەیری یاسای ژیانی ژن و پیاوی کردو، دیتی ژیان بە هەردووکیان ئەوجا بەرێوە دەچێ، هەستا لەبەر ئەوە کەپیاو باشتر بەرگەی سەرماو گەرماو، ناڕەحەتییەکانی تر دەگرێ، ئیش و کارەکانی دەرەوەی ماڵی دابەسەر پیاودا، لەبەر ئەمانەو لە بەر رەچاو کردنی هێندێ لایەنی تر، بڕیاریدا:ژنان خانم و سالارەی ماڵ بن و، ڕێگەی نەدا بچێتە بەر خۆرو ناو سەرماو دەشت و دەر بکەن و، بنێرینە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنەوە ! چونکە ئیسلام ژیان و بژێوی ژنانی (فەرز) کردۆتە سەر پیاوان، بۆ نوونە: تا کیژۆڵەن، لەسەر باب و براو کەس وکاریەتی بیانژێنن، هەرکە مێردیشیان کرد، ژیانیان لەسەر مێردیانە... جا لەم سۆنگەیە دەردەکەوێ کە ژنان ئەوەندە سەرقاڵی کڕین و فرۆشتن و بازاڕ نابن، تا ئاگایان لە مامەڵەی پیاوان بێ وبتوانن سبەینێ شایەتییان بۆ بدەن، کە پێوەی سەرقاڵیش نەبوون، دیارە ئەوندەش لەدڵ و مێشکیاندا نامێنێتەوە، چونکە – لای ئیسلام – کاری وا، کاری ئەو نییە، بەڵکو کاری ئەو، کاروباری ماڵ و مندالانە، پێگەیاندن و پەروەردەیانە، هەر لەم سۆنگەشەوەیە کە بۆ هەڵگرتنی شایەتی و، شایەتیدان، بەقەد پیاو بەرپرس نیەو، لەوانەیە

وەکو پیاو ئەوەند گوێ بە مەسەلەی (ماڵ وسامان) نەدا، بۆیە قابیلی لە بیرکردنەو، لەوانەیە هەڵەی تێدا بکەن، لەوانەیە لە ئاییندەدا نەتوانن، ماڵ و سامانی ئەو کەسە بپارێزن و نەفەوتێ، هەر لە بەرئەمەیە کە قورئان دەفەرموێ: ﴿.. واستشهدوا شهيدين من رجالكم فإن لم يكونا رجلين فرجل وامرأتان ممن ترضون من الشهداء...﴾ ٢/ ئەمەیە کە دوو ژن بە پیاوێك وەردەگیردرێ و، دەبێ بۆ کاتی شایەتی هەردووکیان لای (قاضی) ئامادەبن و قسەبکەن و گوێیان لەیەکتر بێت، جا ئەگەر ژنی یەکەم بەرێك و پێکی شایەتییەکەی ئەنجامدا، ئەوا ژنی دووەم دووپاتی دەکاتەوە، ئەگینە هەڵەکەی بۆ ڕاست دەکاتەوە.

بەڵێ...ئەم مەسەلە لەبەر بێ ڕێزی ژنان نییە، بەڵکولەبەر ئەمەیە کەدینی ئیسلام وای بەباش زانیوە ژنان نەچنە بەرخۆرو سەرماو بازاڕ، دیارە کە نەچوونە ناو بازاڕەوە زۆر کەمیش ئاگاداری ڕوداوەکان دەبن، هەرئەوەشە کە لە (جنايات) و تۆڵەدا، شایەتیان وەرناگیرێ.

سەرباری ئەمانەش بەڕێز (دکتۆر محموود شەلتووت شەیخی ئەزهەر) دەڵێ: ئایەتەکە بۆ دڵنیاکردنی خاوەن ماڵەکان هاتووە، وەکو پێیان بفەرموێ: باشترین ڕێگا بۆ ئۆقرەی دڵتان بەرامبەر بەسامانەکەتان، ئەوەیە: یان دوو پیاو ئاگاداری مامەڵەکەتان بکەن، یان دوو ژن و پیاوێك... مەسەلەکە دڵنیایی و دڵ ئۆقرە بوونە، نەك ئامادەبوون لەبەردەم (قاضی)یدا.

((تەفسیری کاشف))یش دەڵێ: هێندێ جار(قاضیی) ئەوەند کە دڵنیا دەبێت بە شایەتی تەنها ژنێك، بەشایەتی دەپیاوی ناعادڵ، ئەو زانیاریانەی بۆ پەیدا نابێ و، دڵنیا نابێت لەمەسەلەکەدا، خۆ((قاضیی)) یش هەرکات گەیشتە ئەودڵنیاییە، دەتوانێ کار بەو زانستیەی خۆی بکات، ئەگەرچی تەنها ژنێکیش بێت، چونکە لێرەدا کار بۆ ئەو زانست ودڵنیاییە دەکرێت.هەروەها لەبەرامبەر دانانی دووژنەوە بەیەك شایەت – پاش هێنانەوەی هێندێ پاساو بۆی – دەڵێ: چاك وایە خۆمان ببەستین بە دەقی قورئانەکەوەو، ئەوەندە نەڵێین.

تۆڵەی سەرەتایی بۆ ژنانی زیناکار

ئیسلام کاتێ دێت، کۆمەڵگە – بە پیاووبە ژنەوە– لەکاری قێزەون و بەدکاریدا نقومببوون، دیارە ڕاست کردنەوەی هەڵەو تاوانی کۆمەڵگەیەکی ئاواو، تۆڵەدانی ئەو کۆمەڵگە فاسیدە بەشێوەیەکی توندوتیژ، پێیان قبووڵ نابێ و، لە هێڵ دەردەچن، بۆیە لەسەرەتاوە کەدێت ئەو ژنانە فاحیشەچین و داوێن تەڕن، لە کۆمەڵگەیان دادەبڕێ و دووریان دەخاتەوەو، ڕێگە نادات تێکەڵی کۆمەڵگە بن، تا خەڵکەکەی تر تووشی ئەو پەتایە نەکەن و، لەوانەوە نەتەنێتەوە بۆ ژن و کیژۆڵەکانی تر، هەروەکو ئازارو بێزاری پیاوە بەدکارو فاحیشە

چیەکانیش دەدا، ئەوانەی کە بەکاری نامۆو (شاذ) ەوە خەریك دەبن. ئەوەیە کە هەر لە سوورەتی (نساء)دا، ئایەتی (١٥) دەفەرمووێ: ﴿واللاتى يأتين الفاحشة من نسائكم فاستشهدوا عليهن أربعة منكم، فإن شهدوا فأمسكوهن في البيوت حتى يتوفاهن الموت أو يجعل الله لهن سبيلا﴾.هەر کە هەستتان بە ژنێك کرد لە خۆتان (واتە: لە ژنانی موسڵمان و ئیماندار) کە خەڵکانی نامۆو بەدرەوشت بەخۆ فێردەکەن، ئێوەش – بۆ سەلماندن و چەسپاندنی ئەو کارەیە – چوار کەسی موسڵمانی ئیمانداریان لێ بکەنە شایەت – ئەو کات وساتە لێك جووت بوون – جا هەرکە شایەتەکان هاتن شایەتیان لەسەر دان، دەبێ ئێوەش – ئەی کاربەدەستانی ئیماندار ! – هەر لەماڵدا قەتیسیان بکەن و، ڕێگەیان مەدەن تێکەڵیی کۆمەڵگە بکەن و، مێرد بە خەڵکە پاکەکە بکەن، تا یان دەمرن، یان ئەوەتە خوای دلۆڤان ڕێگەی دیکەیان بۆ دادەنێ.

بەڵێ لەسەرەتاوە تۆڵەی ژنی داوێن تەڕ و زیناکار هەر ئەمە بوو، تا بۆ دوایی لە سوورەتی (نوور)و لە فەرموودەکاندا، فەرمان و بڕیاری نوێ و هەتا هەتایی هات و بووبە کۆتا بڕیار. (عوبادەی کوڕی صامیت) دەڵێ: هەر کە وەحی بۆ پێغەمبەر ﷺ دەهات، پێوەی دیار دەردەکەوت و ماندوناڕەحەت دەبوو ڕەنگیشی دەگۆڕدرا. جا کە ئەمجارەیان وەحی بۆ هات، فەرمووی: ((ئەم بڕیارەم لێ وەرگرن... بێ شك وا خوای گەورە لەبارەی ئەو ژنانەوە بەم شێوەیە، فەرمان و بڕیاری یەکجاری خۆیدا: کچ لەگەڵ کوڕدا جووت بن، دەبێ هەر یەکە سەد قامچیان لێ بدرێ و، ساڵێکیش – لەجێ و شوێنی خۆیان – دوور بخرێنەوە. پیاو وژنیش – هەرکە لە یەك جووت بوون– بەردەباران دەکرێن و، قامچی بۆ ئەمان نیە. ئیمامی (ئەحمەد) و ئیمامی (موسلیم) ڕیوایەتیان کردووە.

لەبارەی پیاوەکانیشەوە دەفەرمووێ: ﴿واللذان يأتيانها منكم فآذوهما فإن تابا وأصلحا فأعرضوا عنهما إن الله كان توابا رحيما﴾ ١٦/٤. واتە: ئەو دوو کەسەشتان – ئەی ئیمانداران !– کە ئەو کارە دزێوو شاززە(نێر بازیی) دەکەن، دەبێ ئێوە – پاش ئاشکرابوونی بەچوار شایەت –، بەتاکە پێڵاوو قسەی تاڵ ئازاریان بدەن، دیارە بۆ ئەمانیش ئاوایە تا خوا – بەیەکجارەکی – بڕیاری خۆیدەدا بەرامبەریان....ئەوەبوو بۆ دوایی، قامچی، یان بەردەبارانیان پێویست کرا.

(ڕەشید رضا) دەڵێت: بەڕێز (محمد عبده)ی مامۆستام ڕای وابوو هەردوو ئایەتەکە: (١٥–١٦)هەر لەبارەی زیناکارانەوە هاتوون، ئایەتی پازدە مەبەستی ژنانی مێرد کردوو و زینا کارن، جا ئەوجۆرە ژنانە نابێ تێکەڵ بە کۆمەڵ بن و، ڕێیان بدرێ لەماڵ بێنە دەر،تا

خوا بڕیاری تریان بۆ دەدا، ئەوە بوو بۆ دواتر سوورەتی (نوور) هات.

مەبەست بەئایەتی شازدەش ئەو کچ و کوڕانەیە زینا دەکەن، ئەمانیش دەبیٚ بەقسەی تاڵ و ناشیرین و، بەتاکە نەعل ئازار بدرێن، تا بڕیاری کۆتا دیٚت. ئەوەبوو ئەمیش لە سوورەتی (نوور)دا هات و یەکلاکرایەوە. بەڵیٚ ژنانیش ئیعتیباری خۆیانیان هەیە، ڕیٚز لە چاکەکانیان دەگیردریٚ و، تۆڵەی بەدکارو فاسیدەکانیان دەدریٚ. (بەپیشتوانی خوا لە سوورەتی نوور، دریٚژتر لەم باسە دەدویٚین).

ژنان کرابوونە ماوەو کەلە پوور!

بەر لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام و، دەسەڵات پەیداکردنی، کەسیٚك مردبا، کەس وکارەکەی دەهاتن وەکو کەلەپووردەستیان بەسەر ژنەکەیدا دەکیٚشا! ئەرپیٚویستی بووبا مارەی دەکرد، یان بەمیٚردی دەداو، مارەییەکەی دەخوارد، یان هەرنەیدەهیٚشت شوو بکاتەوە...تا خۆی لیٚ دەکڕییەوەو فیدیەی لیٚ دەسەند! یان تەڵاقی دەداو، دەیکردە مەرج لەسەری کە: نابیٚ میٚرد بەفڵانە کەس بکات، هەتا خۆی نەکڕیٚتەوە بە مارەییەکەی. هەیشبوو ئەیهیٚشتەوە تا کوڕە بچکۆڵەکەی گەورە دەبوو لیٚی مارە دەکرد! وەهەروەها دەیان کاری نامرۆڤانەی تریان بەرامبەر ئەو ژنە بیٚ چارانە دەکرد.... ئەمە هەر بەردەوام بوو تا وەختی ئەوە هات کە ئەو کۆمەڵگە بیٚ ئاوەزە، لەبارەی ژنانەوە حاڵی بکاوپیٚیان بڵیٚ: ژنیش وەکو پیاو بۆ خۆی ئازادە، بۆ دیاریکردنی ئایندە و چارەنووسی خۆی، هیچ کەسیٚك بۆی نییە یاری پیٚ بکاو پیٚی ڕابویٚریٚ و، بەرژەوەندییەکانی ڕەچاو نەکات، تیٚیگەیاندن کە پەیوەندی ژن و میٚرد، وەکو پەیوەندی ئاژەڵ نییە، بۆ بازرگانیی و کاتیٚکی کەم نیە، پاشان دەست بکیٚشیٚ بەسەریاو ئازادیی لیٚ زەوت بکات...ئیسلام هات حەرامی کرد ژنان بکریٚنە کەلەپوور، قەدەغەی کرد ئازادییان لیٚ بگیردریٚ، چۆن شوو دەکەن و، بەکیٚی دەکەن ؟؟ ئەمەیە کە خوای میهرەبان و دلۆڤان دەفەرمووێ: ﴿يا أيُها الذين آمنوا لايحل لكم أن ترثوا النساء كرهاً، ولا تعضلوهن لتذهبوا ببعض ماآتيتموهن – إلا أن يأتين بفاحشة مبينة – وعاشروهن بالمعروف فإن كرهتموهن فعسى أن تكرهوا شيئاً ويجعل الله فيه خيراً كثيراً وإردتم استبدال زوج مكان زوج وآتيتم إحداهن قنطارا فلا تأخذوا منهُ شيئاً. أتأخزونه بهتاناً وإثماً مبينا وكيف تأخذونه وقد أفضى بعضكم إلى بعض وأخذنَ منكم ميثاقاً غليظاً﴾ ٤/١٩-٢١. واتە: ئەی خەڵکانی خاوەن باوەڕ ! بۆتان حەڵاڵ نیە ژنان بەزۆرداری بکەنە ماڵی میراتیی، نابیٚ زۆریشیان بۆ بیٚنن،هەتا بڕیٚك لەوەی پیٚتان داون – دیسان – لیٚیان بسیٚننەوە، مەگەر بە ئاشکرا لاساربن و کاری دزیٚوو ناپەسەند ئەنجام بدەن، دەبیٚ بە بەشیٚوەیەکی جوان و پەسەند ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن، خۆ ئەگەر هەر چارەتان نەدەویستن، ددان

بەخۆتان بگرن باشترە لەتەڵاقدانیان، چونكە گەلێ شتی وا هەیە ئێوە حەزی لێناكەن، بەڵام بۆ ئایندە خوا خێرو چاكەی زۆری تیاداناوە. ئەگەر ویستتان ژنی خۆتان تەڵاق بدەن و، لەجێی ئەودا ژنی تر بێنن، یان هەر ئیترپاش ئەو، ژن نەهێنن، ئەگەر بەو ژنەتان – كە دەتانەوێ تەڵاقی بدەن – كلوورێك زێڕودراوتان دابێ، نابێ لێیان بسێننەوە، دەتانەوێ بەبوختان و درۆو دەلەسە وكاری حەرام بیسێننەوە ؟ واتە: بڕوبیانوویان بۆ هەڵبەستن و لەبەرامبەر تەڵاقەكەیانەوە مارەیی یەكەیان بخۆن و، ئەوانیش لەبەر خۆ ڕزگاركردن لێتان، دەست لە مارەیییەكەیان هەڵگرن ؟

چا كە ئێوە ماوەیەك بەژن و مێردی پێكەوە بوون و ڕاتان بواردووەو هەر لە جێ و بانێكدا خەوتوون و، پەیمانی پتەویان لەگەڵ ئێوەدا – ئەی مێردان ! – بەستووەو، مارەكراون و بوونەتە هاوسەرو حەڵاڵتان ؟ كەی ڕەوای هەقە مارەییەكەیان لێ بسێننەوە؟. (قەتادە) دەڵێت: ئەو پەیمانە ئایەتی: ﴿فإمساك بمعروف أو تسريح بإحسان﴾ ٢/٢٢٩. واتە: ڕاگرتنی ژنان و تەڵاقدانیان، هەردوو بارەكەی دەبێ بە چاكەو جوامێرانە بێت، یان ئەو گرێ بەسی نیكاحە، هەر بۆ حورمەت و ڕێزنانە لە یەك، هەرگیز ڕەوا نیە بۆ مێرد، پاش ئەو هەموو تێكەڵی و پێكەوە بوونەو، لەڕازو نیازی یەكتر گەیشتن، ناكۆكبن و، هەراو كێشەیان لەگەڵ دروست بكەن و، ئەوانیش بەناچاری هەر چیتان پێدا بن – بەهۆی نیكاحەوە – دەستی لێ هەڵبگرن؟!.

بەڵێ ئەو ئیسلامەی كە دیدو بۆچوونێكی تایبەتی هەیە، سەبارەت بە تێڕوانینی مەسەلەی ئافرەت، ئەو ئیسلامە كە خانوو و ناوماڵ، بەجێگەی ئەمن و ئەمان و ئۆقرەی دڵ دادەنێت، وەبەمیهرەبانی و بەزەیی و دلۆڤانەوە دەڕوانێتە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، هەر ئەو ئیسلامەیە كە بە (مێرد) دەڵێ: ئەگەر بێ هۆكاری شەرعیی – وەكو كاری فاحیشەو دزێوو.... تاد– چارەی ژنەكانتان نەویست، هێمان بەئارام بن و، ددان بە خۆتاندا بگرن و، هەوڵ بدەن لێك جیامەبنەوە، دوور نییە خوا ئەو حاڵەتە ناڕەحەتی یەتان بە خێرو چاكە و ژیانی خۆش بۆ بگۆڕێ.

زۆرێك لە ژن و پیاو هەبووە، كاروباریان شێواوەوئاڵۆز بووە، ژنەكە، یان پیاوەكە ددانی بەخۆدا گرتووەو، لەوماوەیەدا، خوا منداڵی پێداون و بەوهۆیەوە هەردوولا ئاشتبوونەتەوەو خۆشەویستی كەوتۆتە نێوانیان و، ژنەكەش بەتایبەتی شیرین تر بووە لای پیاوەكەی.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەموو كەسێ ڕەوشت بەرزترو، ڕەفتار شیرینتر بووە لەگەڵ هاوسەرەكانیدا، بەڕووی خۆشەوە، بەڕوویاندا چووە، قسەی خۆش و گەمەی لەگەڵ كردوون، زەردەخەنەو پێكەنینی لە ڕوویاندا كردووە،تەنانەت كێ بەركێی لەگەڵ كردوون ! خاتوو (عایشە– خ) دەڵێ: بەر لە قەڵەوبوونم پێشبڕكێم لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ كردو پێشی كەوتم و،

پاش قەڵەوبوونیشم هەر پێشبڕکێمان کرد، بەڵام ئەمجارەیان لێی بردمەوە، ئەوسا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (داش بەداش). پێغەمبەر ﷺ لەهەر ماڵێکیاندا بووبا، زۆربەی شەوەکان دەینارد بە دوای هاوسەرەکانی تریدا، بۆ خۆشیی و خۆشەویستی نێوانیان، لەوماڵەدا کۆی دەکردنەوە، پاشان کاتی خەو هەریەکەیان دەگەڕایەوە ماڵی خۆی، پێغەمبەر ﷺ لەبەر ڕێزو پایەی ژنان بوو، کە فەرمووی: ((خیرکم، خیرکم لأهله، وأنا خیرکم لأهله)). (ئەبوو داود، ئیبن ماجە) واتە: هەر ئەوەتان چاکە، کە بۆ ژن و هاوسەرەکەی زۆر چاکە، شیاوی باسە، من لە گشتتان بۆ ژن وماڵم باشترم. هەر ئەو پێغەمبەرە ﷺ ئەوەندە سۆزو خۆشەویستی ژنەکانی لا مەبەست بوو، هەوڵی زۆری دەدات، دڵیان نەیەشێ و گەرد نەگرێ بەرامبەری، بۆیە هەر کە دەرچووبا بۆ سەفەرێك، یەکێکیانی لەگەڵ خۆی دەبر، بەڵام چۆنی دەبرد؟ حەزی لەهەرکامێکیان بووبا ئەوەی دەبرد ؟ حاشە! وای نەدەکرد، بەڵکو تیروپشکی بۆ دەکردن و، ئینجا بۆ کامیان دەرچوایە، ئەوەیانی دەبرد... بەڵێ ژن لە ئیسلامدا – بێ جیاوازیی – وەکو پیاوەو، نابێ بە هیچ شێوەیەك ستەمی لێ بکرێ و، ئازادیی لێ زەوت بکرێت.

بەرلە ئیسلام ژنی باب مارە دەکرا !

بەر لە هاتنی ئیسلام – وەکو ئاماژەمان پێکرد – ژنان کرابوونە میرات و کەلەپوور و زۆر جاران کە باوك دەمرد، نەیان دەهێشت ژنەکەی – بەئارەزووی خۆی – شوو بکاتەوە، هەتا منداڵە بچکۆڵەکەی گەورە دەبوو، ئەوسا یان مارەی دەکرد، یان دەیکردە کەلەپوورو بەشووی دەدا،جا کە ئیسلام هات، زۆر بەخەستی چوو بە گژیانداو، بەسەختیش ئەو کارەی حەرام کردو فەرمووی ﴿ولاتنکحوا مانکحَ آباؤکم من النساء الإ ماقد سلف، إنه کان فاحشة و مقتا وساء سبیلا﴾ ۲۲/۲۰ بەواتای: ئەو ژنانە کە بابتان مارەیکردوون، هەرگیز ئێوە مارەیان مەکەن – مەگەر ئەوی تێپەڕیوە – بەڕاستی کاری وا زۆر دزیوو مایەی ڕك و تووڕەبوونی نێوانتانە و، ڕێگاو ڕەوشتێکی خراپ و ناپەسەندە. دەکرێ هۆی حەرام بوونی ژنی باوك لە سێ شتاندا کۆبکەینەوە، ئەگەرچی لەوانەیە گەلێ هۆی تریش هەبێ و، ئێستا ئێمە درکیان نەکەین:

یەکەم: لە ئیسلامدا باوەژن حیسابی دایکی هەیە.

دووەم: نابێ کوڕ بچێتە جێگەی بابی و بێتە نیارو دژی، چونکە مرۆڤ – بەپێی سروشت – ڕکی لەو کەسە دەبێتەوە ژنەکەی مارە دەکاتەوە.

سێیەم: کاری وا لە کاری جاهیلیەتی بەر لە ئیسلام دەچێ کە: ئەوان ژنی بابیان دەکردە میرات و مارەیان دەکردو، بەوە لە ڕێزی ژنانیان کەم دەکرد. پاشان خوای گەورە پتر لەسەر

مەسەلەی حەڵاڵ و حەرامی ژنان دەچێ و دەفەرمووێ: ﴿حرمت عليكم أمهاتكم وبناتكم وأخواتكم وعماتكم وخالاتكم وبنات الأخ وبنات الأخت وأمهاتكم اللاتى أرضعنكم وأخواتكم من الرضاعة وأمهات نسائكم وربائبكم اللاتي فى حجوركم من نسائكم اللاتى دخلتم بهن فإن لم تكونوا دخلتم بهن فلا جناح عليكم وحلائل أبنائكم الذين من أصلابكم وأن تجمعوا بين الأختين إلاما قد سلف إن الله كان غفوراً رحيما﴾٢٣/٤. واتە: ئەم ژنانەتان لەسەر حەرام کراوەو پێتان ناشێن: دایك و کچ و خوشك و پوور – لەهەردوولاوە – وکچی براو کچی خوشك و، ئەو ژنانەش بە ساوایی شیرتان خواردون و، ئەو کیژەی هاوشیرتان بووەو، خەسووتان و، ئەو کیژانەی خۆتان بەخێوتان کردوون و، لەو ژنانەن سەرجێیتان لەگەڵ کردون، خۆ ئەر دایکەکانیانتان مارە کردو نەکرا لەگەڵیان بنوون ئەوە قەیدی نیەو دەتوانن کیژەکانیان بخوازن، وەژنی کوڕی پشتی خۆیشتان، دووخوشکیش پێکەوە قەدەغەیە بکرێنە هاوسەر – مەگەر بەر لە ئیسلام ئەو کارانە کرابن – بێ شك خواش لە هەڵەو پەڵە دەبوورێ و دلۆڤانە. بەڵێ مەسەلەی ژنانی مەحرەم، لە هەموو گەلێکی سەرەتایی و پێشکەوتوودا حیسابی خۆی بۆ کراوە، لە ئیسلامیشدا ئەمانەن لەم ئایەتەداو، لەئایەتی پێشوویداو، دواتریش هێندێکیان باس دەکرێن.

ئەو ژنانەی حەرامە مارەکردنیان ئیسلام کردوونی بەسێ بەشەوە: بەشێکیان تا دنیا دنیا بێ حەرامن، یان لەسات و کاتێکی تایبەتدا – مارەکردنیان حەرامە– بەهۆی ڕشتەو ڕەگەزەوە. یان بەهۆی شیر خواردنەوە. یان بەهۆی ژن و ژنخواستنەوە ئیتر بەدەر لەوانە، ئیسلام هەموو ئیعتیبارێکی تری هەڵوەشاندۆتەوە – کەلەناو کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا باوبوون –.

وە بەهۆی خزمایەتی زۆر نزیکیشەوە چوار جۆریانی قەدەغە کردووە:

یەکەم: لە بنەڕەت و بنچینەوە (أصول)، ئەمانەش دایکی خۆیی و، دایکی باوکیی و، دایکی دایکیی و، دایە گەورە لە هەردوولاوەوە: ﴿حرمت عليكم أمهاتكم﴾.

دووەم: لق و وەچە (فروع). ئەمانەش: کچی خۆیی و، کچەزاو کوڕەزا دەگرێتەوە: ﴿وبناتكم﴾.

سێیەم: لق و وەچەی باوك و دایکیی، کەوابوو مارەکردنی کچی خوشکی خۆی و، خوشکەزایی و برازایی و نەوەی ئەوانیش: ﴿وأخواتكم﴾... ﴿وبنات الأخ وبنات الأخت﴾ یاساغە.

چوارەم: لق و نەوەی ڕاستەوخۆی باپیرە، بۆیە مارەکردنی پوور – لەهەردووسەرەوە – قەدەغەیە، هەروەها پووری باوك خۆی، پووری باپیرەی باوك ودایکیی... ﴿وعماتكم وخالاتكم﴾. بەڵام لق و نەوەی ناڕاستەوخۆ، ڕەوایە ژن ومێردی بکەن، کەوابوو ژن وژنخواستن لە نێوان ئامۆزاو، پورزاو خاڵۆزادا ڕەوایە.

ئەم ژنانە بەژن و ژنخوازی حەرام دەبن

١- بنەڕەت و بنچینەی خێزانت. دایکیی و، دایە گەورەی ژن لە هەردوولاوە. ئەم حەرامبوونەش هەر بە مارەکردنی ژنەکە – بگوێزرێتەوە، یا نا – پەیدا دەبێ: ﴿وأمهات نسائكم﴾

٢- بەچەو وەچەی خێزان و هاوسەر.. واتە: کەژن خوازرا، ئیتر حەرامە کچ وکچەزاکانی بخوازرێت، بەڵام ئەمەیان بە گواستنەوەی ژنەکە پەیدا دەبن: ﴿وربائبكم اللاتى فى حجوركم من نسائكم اللاتى دخلتم بهن، فإن لم تكونوا دخلتم بهن فلا جناح عليكم...﴾.

٣- ژنی باب و باپیرە – لەهەردوو سەرەوە –: ﴿ولاتنكحوا مانكح آباؤكم من النساء...﴾.

٤- ژنی کوڕی خۆت و، ژنی کوڕەزاکانت، یان ژنی کوڕی کچت، واتە: بووك: ﴿وحلائل أبنائكم الذين من أصلابكم﴾.

٥- ژن خوشك. دیارە حەرامبوونی ژن خوشك، کاتییەو، هەرکە ژنەکەی خۆی مرد، یان تەڵاقیدا، ژنخوشکەکەی حەڵاڵ دەبێتەوە: ﴿وأن تجمعوا بين الأختين﴾.

ئەم ژنانەش بە شیر خواردن حەرام دەبن

١- دایکی شیریی و، بنەڕەتیی و (ئوصول)ییەکەی: ﴿وأمهاتكم اللاتى أرضعنكم﴾.

٢- کچی شیریی و، کچەزاکانی.

٣-خوشك و خوشکەزای شیری: ﴿وأخواتكم من الرضاعة﴾.

٤- پووری دایکی شیریی، یان خوشکی شیریی مێرد.

٥- دایکی شیریی ژنەکەی و، بنەڕەت و بنچینەی.

٦- کچی شیریی خێزانی.

٧- خێزانی باب و باپیرەی شیریی.

٨- ژنی کوڕی شیریی.

٩- کۆکردنەوەی ژن لەگەڵ خوشکی شیریی، یان پووری شیریی خۆیدا. (بوخاریی) و (موسلم) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموون: ((يحرم من الرضاعة ما يحرم من النسب)). واتە: هەر ژنێ بەهۆی رشتە و ڕەگەزەوە حەرام ببێ، بە هۆی شیر خواردنیشەوە حەرام دەبێ، ئەم فەرموودەیە لای زاناکان، کراوەتە ماددەو بنەمایەك بۆ ژنانی شیر خواردوو، لەژێر ئەو یاساوە ئەو (٩) جۆرە – باسمانکردن – بڕیاری حەرامیەتیان وەرگیراوەو حەرامبوون.

ئەمانە هەموو بە بڕیاری خوای کارزان و دلۆڤان، مارەکردنیان قەدەغەو حەرامە، واتە: پێویست ناکات بەدوای هۆکارو سەبەبدا بگەڕێین، چونکە خوا حەرامی کردوون، بەڵام لەگەڵ

ئەوەیشدا، ئەگەر بە بۆچوونی خۆمان هێندێ هۆکارو سەبەبی بۆ دابنێین و بیزانین، شتێکی باشەو، پتر هۆی حەرامبوونەکە بۆ ئەوانە ڕوون دەبێتەوە، ئیمانیان کزولاوازە.

بێ شك شەریعەتی ئیسلام دەیەوێ پەیوەندی نێوان دایك وکچ و پوورو خاڵۆو برازاو... تاد، وەکو پەیوەندی نێوان ژن و مێرد نەبێت، بەڵکو دەیەوێ پەیوەندی نێوانیان پڕ بێت لە سۆزو میهرەبانیی و حورمەت و ڕێزلێنان لەیەکترو، هەرگیز ڕۆژێ ئەو جۆرە هەراو کێشانە ڕوودەکەنە ژن و مێردو، ئەوساش دەگاتە قڕەقڕو چەلەحانێ و، بۆ دواتریش دەگاتە جیابوونەوەو تەلاق، ئەوە لەنێوان کوڕو دایك و خوشك و.....تاد ڕوونەدات. یان دەتوانین بڵێین حەرامبوونی هەر یەك لەوانە لەبەر ئەوەیە کە پەیوەندی ژن و مێردیی بۆ فراوان کردنی سنووری ئوسرەو خێزانە، دیارە ئەوانە ئەوەند نزیکی یەکن، هیچ پێویست ناکات بەپەیوەندییەکی تر، وەکو پەیوەندی ژن و مێردیی..

دەشتوانین بڵێین – سەبەب هەرچی بێ بۆ حەرامبوونیان – هەڵبژێردراوی خوایەو، خوا خۆی ئەو بڕیارەی داوە، ئێمەیش ملکەچی گشت فەرمان و بڕیارەکانی خوای کارزانین و، ئیمانمان بەوە هەیە کە: هەر خوای گەورە بۆی هەیە حەرام و حەڵاڵ دیاری بکات، هەر شتێکی حەرام کرد، حەرامە، هەر شتێکیشی حەڵاڵ کرد، حەڵاڵە، ئیتر هیچ دەوڵەت وحکومەت و لایەن و گروپ و دەسەڵاتدارو زلهێزێك بۆی نیە دەسکاری ئەوانە بکا، ئەم بۆچوونەیە بنەڕەت و بنچینەی راستەقینەی دیین و ئایین.

لەلایەکی تریشەوە خوای گەروە ئەم بوونەوەرەی فەراهەم هێناوەو ئەم ئادەمیزادەی تێدا داناوەو، هەریەکە لە جێگاو شوێنێکی ئەم زەوییەدا دەژین و، هیچیان بە یەکتر ئاشنا نابن، جا بۆ ئەوەی ئاشنا بەیەك بن و، لەیەك نزیك ببنەوەو لەیەکتر حاڵی بن و، بیر لە زیانگەیاندن بەیەکتر نەکەنەوە، بەو سێ جۆرە ئاشنایەتی و دۆستایەتی و خۆشەویستی فراوان کرد لە نێوانیاندا: بەڕەگەزو نەژاد، بەشیر خواردن، بەژن و ژنخواستن... بەم کارە دانیشتووی گوندێك، یان گەڕەکێك سەرجەم دەبنە براو، برازاو، خوشکەزاو، پوورزاو ئامۆزاو.... هتد. ئەوجار زۆر بە ئاسانترو باشتر گشت پێکەوە دەژین و، هەست بە هیچ کەسێکی نەیاریان ناکەن.(خوای گەورە خۆیشی باشتر دەزانێ).

بەڵام لە هەموو گرنگتر، ئەوەیە کە خودای میهرەبان هیچ لایەنێکی ژیانی ئافرەتانی بە ئاڵۆزیی و، بێ بەرنامە نەهێشتۆتەوە، هێندێکیان دەکاتە هاوسەری مێرد، هێندێك دەکاتە دایك و دایە گەورە، هێندێك خوشك و خوشکەزاو برازاو.... تاد جا ئیتر دەبێ کێ لەمانە ڕێز نەگرێت؟ کەوابوو ئەو صیفەت و ناز ناوانە بە ژنان خەڵاتکراون، باشترین ڕێزلێنان وخەڵاتن بۆیان... زۆر لەوە مەزنتر نیشانیان دەدات، کە بۆ تێر کردنی ئارەزووی سێکسییەت بن.

بەر لە ئیسلام بەژنان لەشفرۆشی دەکرا !

ئیمامی (بوخاریی) لە خاتوو (عایشەوە – خ) دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لەسەردەمی جاهیلیەتدا، گەییشتنی ژن و پیاو بەیەك(بۆ ژن ومێردیی)، چوار جۆری هەبوو:

یەکەم: وەکو ئەم باوونەریتەی ئەمڕۆی خۆمان بوو، پیاوێك دەچوو لای کەس وکارەکەی خواز بێنی کچێکی کرد، ئینجا پاش ئەریٚ و وەڵامدانەوە، لە لایەن زاواوە مارەیی بۆ دادەنراو لێی مارە دەکرا.

دووەم: هەرکە ژنان لە بیٚ نوێژی پاك دەبوونەوە، دیاننارردنە لای کابرایەکی ڕەسەن ونەجیمزادە! ئەویش سەرجێیی لەگەڵ دەکردودەیناردەوە، بۆ دواییش مێردەکەی لێی نزیك نەدەبووەوە، هەتا دەردەکەوت ئاخۆ لەو پیاوە دووگیان بووە یانا؟ مەبەستیشیان لەو کارە، ئەوەبوو بەشکو منداڵێکی قارەمان و نەجیمزادەی – وەك کەڵەگاکەی– لیٚ بکەوێتەوە...!

سێیەم: هەشت نۆ پیاو لەتەنها ژنێك کۆدەبوونەوەو، هەر هەموو سەرجێییان لەگەڵ دەکرد ! جا ئەگەر بەوە دووگیان بووبا، ژنەکە پاش منداڵبوونەکەی، دەینارد بەدوایاندا و کەسیش نەیدەتوانی دوا بکەویٚ، ئەوسا بەئارەزووی خۆی دەیبڕی بەسەر یەکێکیانداو، ئەویش نەیدەتوانی نکووڵی لیٚ بکات.

چوارەم: لەشفرۆشیان دەکرد ! دەستە ژنێك دەچوون لەجێگایەکی تایبەتدا کۆ دەبوونەوەو لەسەر دەرگاکەی تابلۆیەکی لەشفرۆشیان هەڵدەواسی، ئیتر هەر کەسێك چووبا، بە ئازادانە دەچوو، پاشان ئەگەر دووگیان بووباو، منداڵەکەی دانابا، ژنەکە دەچوو بەژن وبالآناسێکی بانگ دەکردو، لەکیٚ چووبا دەیاندا بەسەریاو، دەبوو بە خێوی بکا!.

بێگومان جۆری سێیەم وچوارەمی ئەو باوو نەریتە، لەشفرۆشی و (سەفاح)یەتەو، سرۆشتی پاکی ئادەمزاد قێزی لیٚ دەکاتەوەو، ڕێگا نادات هیچ ژنێك کاری ئاوای سووك و بیٚ بەها بەسەر خۆیدا بێنێت، ئیسلام نایەویٚ کاریئاوای بیٚ بەهاو بیٚ ڕێز بەرامبەر بە ژنان بکریٚ، بۆیە هەرکە هات لە سەرەتاوە پلەو پایەی ژنانی گەیاندەوە جێی شیاو وگونجاوی خۆیان و لەوکارە دزێوە ڕزگاری کردن، بەڵام سەد مخابن، ئێستا دیسانەوە ژنانیان گێڕایەوە بۆ سەردەمی جاهیلیەت و لەشفرۆشی، چونکە نە دەوڵەتێك هەیە لە ژنان و بژێوی ژنان بپرسێتەوەو، لەکاتی خۆیدا بەمێردیان بدا، نەباوك و براو خزم و کەس و کارێکی وایش هەیە، چارەسەری دەردیان بکات، دەرەنجام ئێستا دەبینی دنیا بەدەست لەشفرۆشی و منداڵی ناشەرعیەوە بەگیر هاتووە !.

بەڵیٚ ئیسلام هات و بە مرۆڤی گوت: خوای کارزان ژن و پیاوی دروستکردووەو، لەو

دیوی ڕابواردن و کاری سێکسیەتییەوە، گەلێ کارو ئامانجی تری داناوە، دەیەوێ بە زاڕۆو وەچەی ئەوان کاروانی مرۆڤایەتی درێژە بەخۆی بدا، بۆیە ڕێگە نادا بەلاکۆلانی – وەکو ئاژەڵ – بەیەکابنووسێن و، پاشان هەریەکە بەلایەکا بچی ! مرۆڤ – ژن و پیاو – پاش پێکەوە جووتبوون، دەبێ چاوەڕوانی نەوەو وەچەی ئاییندەش بن، بزانن چی لەو جووتبوونەوە پەیدا دەبێ، هەتا کەش و هەوایەکی ساف و سازگاری بۆ سازبدەن و، بەڕێك و پێکی پەروەردەی بکەن، بێگومان ئەو کەش و هەوا سازگارەش تەنها لە سێبەری تاکە پیاوێکدا دەگونجێت، بۆیە ڕێگەی بەژنان نەدا، پتر لە پیاوێکیان هەبێ و، فەرمووی: ﴿والمحصنات من النساء إلاماملكت أيمانكم كتاب الله عليكم وأحل لكم ماوراء ذلكم أن تبتغوا بأموالكم محصنين غير مسافحين فما استمتعتم به منهن فآتوهن أجورهن فريضة ولا جناح عليكم فيما تراضيتم به من بعد الفريضة إن الله كان عليماً حكيماً﴾٤/٢٤. واتە: ژنانی شووداریشتان پێناشێ، مەگەر ئەو ژنانەی بوونەتە ماڵی خۆتان، ئەم بڕیارەش لەلایەن خواوە بۆتان نووسراوە، ژنانی تر (واتە: بەدەر لە ژنانی مەحرەم – بەهەرسێ جۆرەکەیەوەو، ژنانی بەشووکردو) حەلاڵن بۆتان بەپارەو سامانی خۆتان بیانهێنن، بەلام بەپاکیی وبە شێوەی شەرعیی، نەك بەداوێن پیسیی و شێوەی یارو دۆسگرتن لەگەڵیان ڕابوێرن. جا لەبەرامبەر ئەو لەزەتەی لە ژنانی خۆتانی دەبەن، دەبێ مارەییەك – کەفەرزو بڕیاری خوایە – بیاندەنێ، خۆئەگەر لەپاش دیاریکردنی مارەیی، لەنێوخۆتان پێك بێن (ژنەکە لەتەواوی مارەییەکەی، یان لە هێندێکی دەست هەڵبگرێت، یان پیاوەکە پاش نیکاحەکە بڕێکی تری بۆ زیاد بکا) ئیشێکی باشیان کردووەو گوناحبار نابن، خواش زاناو لەکارزانە.

خوای بەخشندە بۆ ئەوە ژن و مێرد یەك بخا، هێزی لەزەت و رابواردنیشی پێداون تا: بەنیازی هەتاهەتایی – بەشێوەی شەرعیی – ڕێك بکەون و، بەناشەرعیی و کاتیی، دەست ڕانەکێشن بۆ یەکتری، چونکە کە ئەونەوەو وەچە لەنێوانیاندا دەکەوێتەوە، پێویستی بەکات و ساتێکی زیاتر هەیە، بۆیە ڕێ دەگرێ لە نیکاحی کاتی – بۆ چوار ڕۆژ، یان بۆ چوار مانگ، یان بۆ ئەوەند ساڵ– لە بەر ئەمەیشە ڕێگە نادات – بەهیچ کچ و کوڕێك، یان ژن و پیاوێك – بەناشەرعیی و حەرامیی لەگەڵ ئەم و ئەودا ڕابوێرێ و، بیکاتە دۆست و یاری خۆی... بەتایبەتی ژنی مێرد دار... هەر ئەم بەرەڵاڵیی و بێ سنووریەیە وایکردووە کە: ئەمڕۆ زۆرێکی زۆرینەی کچ و کوڕ، ئامادەنین بەشێوەی شەرعیی لەیەك مارە بکرێن وئەرکی ژن و ماڵ بکەوێتە سەر شانیان، هەر ئەو هەرزان بەهاو ئاسان دەسکەوتنەیە کوڕان ناچنە ژێر ئەرکی مارەیی ژنانەوە – مارەییش پێشتر گوتمان: خوای گەورە لەسەر مێرد فەرزی کردووە بۆ

خانمەكەی، جا ئەگەر ئەو خانمە بە ئارەزووو هەوەسی خۆی، لێی نەسەندو ئازادی كرد، كارێكی باش و پەسەندەو خوایش پێیخۆشە، ئایەتی: ﴿ولا جناح عليكم فيما تراضيتم به من بعد الفريضة...﴾ هەر جەخت لە سەر ئەومەبەستە دەكاتەوە.

بەڵێ ژن و پیاو ڕێزو حورمەتی تایبەتییان هەیە لای ئیسلام، دەبێ بەڕێزو حورمەتیشەوە ڕێك بكەون، دەبێ هێماو نیشانەی سۆزی پێكەوە ژیان دیار بێت، مارەیی یەكێكە لەوهۆكارانە خۆشەویستی زیاد دەكات، شتێكە مەمنوویەتی مێرد بەرامبەر بەژنەكەو بەرامبەر بەكەس وكاری ژنەكە نیشان دەدا.... ئیسلام ددان بەوەدا نانێ كە: پیاوان لە هەر جێگایەكدا ژنانیان بەرچاوت كەوتن و حەزیان لێكردن، تەپ بكوتنە سەریان و سنوورشكێنی بكەن و یاسای كۆمەڵگەو كۆمەڵایەتی پێ شێل بكەن... بۆ ئاسانكاری ئەو بەیەك گەیشتنەی كچان و كوڕانەیە، كە دەیان و سەدان فەرموودە هاتووەو، داوا لەكار بەدەستان و سەرپەرستیكارانی ژنان دەكەن: ڕێگری لە كچان و كوڕان نەكەن و، زۆر بە سادەو ساكار كارەكەیان بۆ ساز بكەن. (ئەر كات بوو – إن شاء الله– لە جێگەی تردا، زیاتر لەم باسە دەكۆڵینەوە).

قەووامە چییە ؟!

بێ شك یەكخستنی هەر ژن و پیاوێك و بوونیان بە خێزانێك و، ئەوساش بۆ ماوەی تەمەنیان پێكەوە بژین، هەروا كارێكی ئاسان و سادەو ساكار نییە، دەبێ – پاش ئەوە كە هەردوو هاوبەشی ژیانن – یاساو ڕێسایەكیان بۆ دابنرێت، ئیشەكانیان – هەریەكە بەپێی تایبەتمەندییەكانیان – بۆ دابەش بكرێ و، هیچ كامێكیشیان ستەمی لێ نەكرێت... دیارە لەبەر ئەوە كە ژنان زاوزێ دەكەن و منداڵ وەبەر دێنن و، پاشان دەبێ پەروەردەی بكەن، خوای دلۆڤان – بەپێی سروشت – جۆرە ئارام و سۆزو میهربانی و دلۆڤانیەكی بە ژنان بەخشیوە، كە لە پیاواندا بەدی ناكرێت، پیاویش لەبەرئەوە دەبێ لەدەرەوەی ماڵدا كار بكاو، نان و بژێوی بۆ ئەو ژنە دووگیانە – كە منداڵی بۆ بەرهەم دێنێ – پەیدا بكات، دیسان ئەمیش لەش و قەوارەیەكی تایبەت – بەو كارەوە – پێ بەخشیوە.. وای دروست كردووە بەرگەی ئەو هەمووسەرماو گەرماو وەبەرهێنانی كشت و كاڵ و بازرگانی و ئەم بەرو ئەوبەرە بگرێت، بە شێوەیەك درووستی كردووە بەرگەی ئەو گیروگرفتانە بگرێت دێنە ڕێگای، بەڵێ دووكەسی ئاوا – زەحمەتكێش – ژنەكە بەحەیزو بێ نوێژی و زەیسانی و دووگیانی و بەرهەم هێنانی منداڵەوە سەرقاڵە، پیاوەكەش دەبێ بژێوی بۆ ئەو ژن و منداڵە پێكەوە پەیدا بكات، بێگومان دەبێ كارەكانیان بۆ ڕێك بخرێ و، یەكێكیان بكرێتە بەر پرسی بژێوی و نان

وتوفاق، تا له پشێوی و فەوزا ڕزگاربن، خۆ دیاره که ئیسلام هیچ شتێ بێ ئیدارەو سەرپەرست و چاودێر ناهێلێ، تەنانەتی دووکەس سەفەرێ بکەن، دەبێ یەکێکیان بەرپرس بێت.. جاباشه ! ئەی چۆن ماڵ و حاڵێکی ئاوا بێ سەرپەرست دەبێ....؟ ئێستا ئەگەر بڵێین با ژنەکه سەرپەرست بێ و (قەووامه) بەدەست ئەو بێ، وادەزانم ستەم له ژنەکه دەکرێ، چونکه ئەو لەلایەکەوه دووگیان دەبێ و منداڵ وەبەردێنێ، لەو لایشەوه بەرپرسیەتی بژێوی نان و توفاقیشی بدرێتێ – هەر لەبەرئەوه که حەز ناکا پیاو کوێخایی بەسەردا بکات – بێ سۆ لەحاڵەتی ئاوادا ستەم لەژنەکه دەکرێ و، پیاوەکەش بێ ئیش وکار دەمێنێتەوەو، دەبێتە ئاغاو کوێخای ناهەق بەسەر ژنەکەوه، ئەگەر نا پێشتر ڕەنجبەرو خزمەتکاربوو، خۆ ناشکرێ کارەکانیان بگۆڕنەوه، منداڵ بوون بدرێتە پیاوو، هەڵسوڕانی کاروباری بژێویش بدرێتە ژنان، چونکه دووباره هەر دەبێ وەکو ئێستا کارەکانیان بۆ دابەش بکەین و، هێندێ ڕازی دەبێ و، هێندێ ناڕازی.

لەبەر ئەمەیه که خوای کارزانیش دەفەرمووێ: ﴿الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعض وبما أنفقوا من أموالهم فالصالحات قانتات حافظات للغيب بما حفظ الله، واللاتي تخافون نشوزهن فعظوهن واهجروهن في المضاجع واضربوهن فإن أطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا إن الله كان علياً كبيراً﴾٣٤/٤١. واته: پیاوان دەسەڵاتیان بەسەر ژناندا هەیەو، سەرپەرستیی کاروباریان دەکەن، لەبەرئەوه که:

یەکەم: هێندێ له هێندێ، لەلەش و قەوارەو پێکهاتەی جەستەیی و بیرو هۆش و، هەوڵ بۆ بژێوی کامڵتروخوا بەتواناتر بەدیهێناون.

دووەم: پیاوان ئەرکی بەڕێ چوونی ماڵیان لەسەر شانه، جا ژنانی باش ئەوانەن که گوێ بیستن و – وەکو خواش فەرمانی داوه – بەتایبەتی گەر شووەکەیان نادیاربوو– شەرمی خۆیان دەپارێزن و ئاگاشیان لەماڵ و حاڵی دەبێ. ئەو ژنانەش که ئێوه دەترسن ئەشقی بن، ئامۆژگاریان بکەن و جێگەیان لێ جیا بکەنەوه، پاش بێ سوودی ئەو دووخاڵەیە، هەر لەبەر دامرکانەوەی کێشەو هەرا که، دەکرێ ئەر لێشیان بدەن، جا ئەگەر گوێ بیست بوونەوه، ئێوه بیانوویان لێ مەگرن، بەڕاستی خوا بەرزو بڵندو زانایه.

ئەم (قەووامه)یه لەبەر چاکیی ورێك وپێکی پیاوان و خراپی ژنان نییه، بەڵکو تەنها لەبەر ئەو دوو خاڵەیه که قورئانی پیرۆز باسی کردوون، جگه لەوەش بەپێی باوونەریتی سەرجەم هۆزو خێڵەکانی سەردەمیش، هەر پیاوان بەدەم ڕووداوه سروشتیەکانەوه بوون، هەر پیاوان –بەپلەی یەکەم– بەشداری شەڕو شۆڕەی خێڵەکانیان کردووه، هەر پیاوان زیاتر لەماڵ

چوونەتە دەر، بۆپەیداکردنی نان و بژێوی، خۆ پەیداکردنی نان وبژێوی ئەو سەردەمەش، وەکو ئێستا ئاسان نەبووە، ژنێك بەیانی درەنگانێك لە خەو هەستێ و، سواری سەیارەکەی ببێ و، بەسەر جادەی قیردا بچێتە مەڵبەندی کارەکەیەوە و پارێزەریشی هەبێ و، لەولایشەوە بە سووك و ئاسان بگەڕێتەوە – ئەگەر چی ئەم ژنانەش لەچاو ژنانی دنیادا ڕێژەیەکی زۆر کەمن، لە بەر ئەوە شەریعەتی ئیسلام یاساو ڕێسای گشتگیر دادەنێ ودەبێ بۆ هەموو کات وساتێك بە کەڵك بێت.

خۆ ژنانیش کەمتر دەتوانن – وەکو پیاوان دەشت و دەرو، شاخ و چیاو، بەرزایی و نزمایی بکەن، جا لەبەر ئەو هۆیانە، ئەو ئەرکانە بڕاون بەسەر پیاواندا و بوونەتە خزمەتکاری ژنان و، ژنانیش بۆ خۆیان ڕۆژ تا ئێوارە، خانمانە بۆ خۆیان ڕادەبوێرن...

لە کاتێکدا (قەووامە) بە پیاوان سپێردراوە، لەبەرامبەریەوە مارەیی ژنان و بژێوی و گشت پێداویستیەکانیشیان خراوەتە سەر شان، لەولایشەوە ئەم کوێخاییە، ئەوە نییە کە ئیتر ژنەکە هیچ ئیرادەو ویستێکی نەبێ و، نەتوانێ بەویستی پیاوەکە نەبێ بجوڵێتەوە، نەخێر. چونکە سەرپەرستیاری ئیش و کار، تەنها چاودێری دەکاو، ئەویش بۆ خۆی کار دەکات.

مەسەلەی قەووامە – پاش ڕەچاو کردنی هەموو صیفەتێکی بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە مەزنە – ئەوجا دراوەتە پیاوان، بۆیە سەرپێچی و لادان لێی، کارێکی ئاسان و سادەوساکار نییەو، دەرەنجامێکی باشی نابێت بۆ ئەو خانەوادەیە سەرپێچی لێ دەکات... چونکە ئەو منداڵانەی لە ژێر چاودێری بابدا گەورە – نابن و پەروەردە ناکرێن – دەرەنجام شەخصییەتێکی لاوازدەردەچن، یان بەدەگمەن ڕێك و پێك و صاڵح و کامڵ دەرچن.

ئینجا لەو کەش و هەوا سازگارەدا، ژنەکە بە (قەووامە) ی پیاوەکە رازیی و، پیاوەکەش بەرامبەر بە ژنەکە دلۆڤان و میهرەبان، دەبێ ئیتر ژنان گوێ بیست بن و، لاساری نەکەن وکەش و هەوای ماڵەکە نەشێوێنن، بۆیە لە (أحكام القرآن)ی (جەصاص)دا هاتووەو لە تەفسیری (قەووامە)دا دەڵێ: (أی أن عليها طاعته وقبول أمره مالم تكن معصية) واتە: قەوامە ئەوەیە کە: ژنەکە گوێ بیستی مێردەکەی بێ و سەرپێچی نەکا، مەگەر لە کاری خراپ و تاواندا، خوای میهرەبان بەو ژنانە دەفەرمووی:﴿فالصالحات قانتات حافظات للغيب بما حفظ الله﴾. (ئیبن عەباس) لە تەفسیری (الرجال قوامون..) دەڵێ: (عليها أن تطيعه فيما أمر الله به من طاعته، وطاعته:أن تكون محسنة إلى أهله، حافظة لماله، وفضله عليها بنفقته وسعيه).

ئەشقیبوونی پیاو

لەپێشەوەگوتمان: وادەبێ ژن و پیاو، هیچ کێشەیەکیان نییەو، هەردوولا ڕێزو حورمەت لەیەك دەگرن و، ماف ژن و مێردی یەکدی جێبەجێ دەکەن، دەشکرێ هەردوولا ئەشقی بن و سنووری ژن و مێردی ببەزێنن،ئەوەبوو بۆ ژنەکە خوا لە پێشەوە فەرمووی: ﴿واللاتی تخافون نشوزهن...﴾ وبۆ چارەسەری ئەشقیبوونەکەشی سێ خاڵ دیاریکرا، وەبۆ ئەشقیبوونی پیاوەکەش قورئان دەفەرمووێ: ﴿وإن امرأة خافت من بعلها نشوزا أو إعراضا فلا جناح عليهما أن يصلحا بينهما صلحا والصلح خير...﴾ ٤/١٢٨. واتە: ئەگەر ژنێك هەستی کرد کە مێردەکەی ئەشقیبووە، یان ڕووی لێ وەردەگێرێ و ڕوویخۆشی ناداتێ، ژن وپیاوەکە دەتوانن هەوڵی ڕێکەوتن بدەن: ژنەکە دەست لە هێندێ هەق و هقووقی خۆی هەڵبگرێت، پیاوەکەش قبووڵی بکاو بەو شێوەیە ئەوهەرایە بکوژێننەوە، بێ شك ئاشتبوونەوە لەو هەراو کێشەو دڕدۆنگیە باشترە... ڕاستە ژنی ژیرو فامیدە هەرگیز ناهێڵێ پەیوەندی ژن و مێردی بچڕێت، ئەگەرچی لە پێناو ئەوەشدا، برە زیانێك لە خۆی بدات، چونکە لەدەستدانی مارەییەکەی باشترە، تا لەسەر خانەو لانەی چەند ساڵەی هەڵفڕێنرێ و تەڵاق بدرێ.(تەماشای ((فتح الباری)) بەرگی(٨)، ژمارەی فەرموودە:٤٦٠١ بکە).

بەپێی قسەی پێشینان، پیاو هەبووە – بێ هۆ – حەزی لەناوچاوی خێزانەکەی نەکردووەو، خێزانەکەی بەدەستیەوە گیرۆدە بووە، ژنەکەش – سروشتی پیاوەکەی ناسیوە – هەڵساوە بەژیرانە لەگەڵیا ڕێکەوتووەو لەسەر ماڵ و حاڵی خۆی ماوەتەوەو ئەو ئاگرەی کوژاندۆتەوە، ژنی وایشبووە – بێ هۆ – حەزی لە هاوڕێتی مێردەکەی نەکردووە، ئەو ژنە هەستاوە – لەبەرئەوە تووشی گوناح نەبێ – مارەییەکەی قەرەبۆ کردۆتەوە بۆ پیاوەکەی و (خولع)ی لێ قبوڵکردووە، وەکو لەپێشەوە باسمان کرد.

دانانی کە یخودا (حەکەم) لە نێوان ژن و مێردا

جا ئەگەر ئەو ژنە ناکۆکە لەگەڵ پیاوەکەی، بەهیچ شتێ دانەمرکایەوە (نە بە ئامۆژگاریی، نەبە جیاکردنەوەی جێی نوستن، نەبە سووکە لێدان) وە منداڵ و خزم و کەس وکار – بگرە خـەڵکانی تـریش – پێیـانزانین، ئـاییـنی پـیرۆزی ئـیـسلام – هـەر لەبەرئـەوە ئـەو دەزگایـە هەڵنەوەشـێتەوەو نەگاتـە تـەڵاق – بڕیـارێکی تـر دەدات، بـەهیوای چارەسـەرو نەڕوخـانـدنی دەزگاکە.

چارەسەرەکەیش ناردنی دووناوبژیکەرە، یەکێ لەخزم و کەسی پیاوەکە، یەکێ لەکەس

و کاری ژنەکە، دیارە دەبێ هەر کەسەیان بەخزمی خۆی ڕازی بێ، لەکەش و هەوایەکی پاکدا – بێ لایەنگری – دەیاننێرێ لە جێگایەك کۆ ببنەوە بۆ لێکۆڵینەوەی هەراو کێشەکەیان و، پاشان ڕامالینی و ئاشتکردنەوەیان، جا ئەگەر سەرکەوتوو بوون، ئەگەرچی – ئەگەر ئەوان نیەتیان باش بێت – نزیکە خوا سەریان بخا و ڕێ چارەسەر بدۆزنەوە، ئەمجارەش منداڵ و ژن و پیاوەکە ماڵ وێران نەبن و، خزم و کەس وکاریش دڵ بریندار نەبن لەبەر ئەوان.

حەکەمەکان و کارەکانیان

لە ئیسلامدا پاراستنی پەیوەندی نێوان ژن ومێردو، هەوڵی بەردەوامیی ژیانیان، زۆر مەزن وگرنگە، بۆیە بۆ نەهێشتنی هەراو کێشەی ژن و پیاوەکە، ئەو هەموو ڕێگاچارانە دەگرێتە بەر، گوتمان ئەر لە ژنەکەوە کێشەکە پەیدا ببوو،پیاوەکە ڕێگای ئامۆژگاری بگرێتە بەر بۆی، ئینجا جێی نووستنی لێ جیابکاتەوە، ئەوسا سووکە لێدانێکی بکا، خۆئەگەر کێشەکە لە پیاوەکەوەبوو، ژنەکە دەتوانێ – بەئاوەزی خۆی – ئەو پیاوەی بەچی دەگیردرێ، هەوڵی لەگەڵ بدات، ئەگەر چی لەو پێناوەشدا قبووڵی هێندێ زیان بکا، جا پاش بێ کەڵکی ئەو هەموو هەولانە، پێویستە لەسەر موسڵمانان، لەسەر (قاضیی)، لەسەر خزم و کەس وکاریان بکەونە نێوانیان و، ئەو حەکەمە بنێرنە لایان و بەوردی لەمەسەلەکەیان بکۆڵنەوە، بەڵکو بتوانن چارەسەری بۆدابنێن.

جا ئەگەر هەوڵەکانیان بێهوودە بوون و نەیانزانی، کامیان – لەژن و پیاوەکە – هۆی کێشەکەیە، یان بۆیان دەرکەوت کامیان کێشە دەنێتەوە، بەڵام وا بەو ئاسانیە بۆیان چارە نەدەکرا... دیارە ئیتر – بۆ ئەوەی خراپتری لێ پەیدا نەبێت – دەبێ لێك جیا بکرێنەوە..ئاخۆ ئەم دوو حەکەمە – هەر لەبەر ئەوە کاتی خۆی کراونەتە کەیخوا بۆ بڕینەوەی ئەو کێشەیە – ئێستا دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە – بێ ڕەچاوکردنی ڕەزایەتی ژن و پیاوەکە – لێکیان بکەنەوە بە تەڵاق؟ بۆ وەڵامی ئەمە تاقمێ زۆر لە زاناکانی پێشینان و پاشینان، ڕایان لە سەر هەیەو پەسەندیانە، یان دوو حەکەمەکە – بێ ڕەزایەتی ژن و مێردەکە – دەسەڵاتی جیاکردنەوەیان نییە، دیسان کۆمەڵێکیش هەن ئەمەیان پەسەندەو هەردوولاش بەڵگەی خۆیانیان هەیە، جیاوازی زاناکانیش لەوەوە سەری هەڵداوە: ئاخۆ ئەو دووکەسە کە نێردراون بۆ ئەوکارە بە (وەکیل) دادەنرێن، یان بە (حەکەم)ن و دۆزی (حاکم)یان هەیەو، دەتوانن تەڵاق بدەن و ئەو کێشەیە کۆتایی پێ بێنن؟. (شیخولئیسلام – ئیبن تەیمیە) و(ئیبنولقەییم) هەردووئەمەی دووەمیان هەڵبژاردووە، بۆیە (شیخولئیسلام) دەڵێت: (هوالصواب، ونص علیه الإمام احمد فی إحدی الروایتین).

حەکەمەکان چۆن ژن و پیاوەکە لێکجودا دەکەنەوە؟

پاش گرتنەبەری ئەو عیلاج وچارەسەرانەو، دەستەوسان وەستان لێیان، (مالیك)یەکان دەڵێن: ژن و پیاوەکە ڕازی بن یا نا؟ دوو حەکەمەکە بڕیاری تەڵاقیان دەدەن وکار بە ئەنجامەکەیشی دەکرێ، بەڵام بۆ ئەوە شەرع پەسەند بێ، دەبێ یەك تەڵاقی بدا و، بەخوڕایش بێت، واتە: ئەگەر هۆکاری هەراو ئاژاوەکە مێردەکە بوو، ئەوا تەڵاقەکە بەخۆڕایی دەدرێ، خۆ ئەر هۆکارەکە ژنەکە بوو، ئەوا لەڕێگەی (خولع)ـەوە چارەدەکرێ و، قەرەبووی مارەرەییەکەشی دەکەوێتە سەر، خۆ ئەگەر کێشەکە لە هەردووکیانەوە سەری هەڵدابوو، ئەوا بەخۆڕایی تەڵاق دەدرێ و، پێویستە (قاضی)یش بێ دەسکاری ئەو بڕیارە پیادە بکا، شیاوی باسە ئەو تـەڵاقـە – لـەو دوو حەکەمەوە دەدرێ – تەڵاقی یەکلابوونەوەو (بائین)ـە.

تێبینیەك:

بەداخەوە لەگەڵ ئەو هەموو گرنگی وبایەخدانە بە مەسەلەی ژن و مێردو، چارەسەری کێشەکانیان لە قورئان و لەفەرموودەکاندا، کەچی ئێستاو سەردەمی پێشتریش، پشت گوێخراوەو، لای هیچ کەسێك باسی نەماوەو، ژنانیش نازانن کە ئەگەر ژیانیان لای مێردەکانیان تاڵ بوو، دەتوانن پەنابەرنە بەر (قاضی)یەکی موسڵمان و بەشێوەیەکی جوان و پەسەندی شەرع لێك جیاببنەوە.. هیوادارم بەچاوێکی وردەوە تەماشای ئەم گشت ئایەتانەی قورئان– کە سەبارەت بەژنان و ژیانیان هاتوون – بکەن و، ئەوجا کێشەکانیان و، ئەوساش چارەسەریان، تا دنیاش بزانێت کە ژن شتێك نییە هەرکات لە پیاوێك مارەکرا، ئیتر چاك بێ، یان خراپ، هەر دەبێ لەگەڵیا بێ و بەداخ وخەفەتەوە سەربنێتەوە! بەڵکو گەلێ جار (وەکو لەجێی خۆیدا باسی دەکەین بە ئیزنی خوا) دەتوانێ بەزۆر ملی مێردەکەی بگرێ و تەڵاقی لێ بسێنێ.

سێ جۆر چارە سەر لە بەر دەستدایە بەر لە تەلاق

ئەوژنانەش دەبنە هۆی تێکدانی کەش و هەوای ماڵەکەو، خۆ لە پیاوان ئەشقی دەکەن – بێ هیچ گوناح وتاوانێکی مێرد – سێ جۆر چارەسەر لەبەردەست مێرددایە، دەتوانێ یەکە یەکە تاقییان بکاتەوە، بەڵکو یەکێکیان ببێتە چارەسەر بۆی و لەوحاڵەتەی دابەزێ:

١- ئامۆژگاریی (فعظوهن):

دەبێ مێرد فەرمانەکانی خوایان وەبیر بێنێتەوەو پێیان بڵێ خوا بڕیاریداوە، کە ئێوە لەگەڵ مێردتاندا چاك و گوێ ڕایەڵبن، وە سزاو تۆڵەی پاشە ڕۆژیان بیر بخاتەوە..، تێیان بگەیەنێت کە ئەو هەمیشە خێرو خۆشی بۆ ئەو دەوێ، دەیەوێ سەرفرازی دنیاو قیامەت

بێت، دەیەوێ لە قیامەتیشدا پێکەوە بژین.

هەروا منداڵەکانیشی وەبیر بێنێ – ئەر منداڵیان هەبوو –، شیاوی ئاماژە بۆ کردنە دەبێ بە نەرم و نیانیی و پڕ لە خۆشەویستیی و، دوور لە وشەی ناشیرین و فیزو دەعیەو خۆ بەزلزانین ئامۆژگارییان بکات، هەر وەك دەبێ دوو بەدوو بن و خزم و کەس و کاریان دیار نەبێ.

٢- جێیا کردنەوەی جێی نووستنیان لێیان (واهجروهن فی المضاجع):

پاش ئەوە کە ئامۆژگاریی و نەسیحەت کەڵکیان نەبوو، ئەوسا بیگوێزێتەوە بۆ قۆناغێکی تر، ئەویش ئەوەیە جێخەوی لێ جیا بکاتەوەو لە گەڵی نەخەوێت، یان خێر سەرجێیی لەگەڵ نەکات، یان بزانێ چی بەلایەوە سەخت و ناڕەحەتە، ئەوەی لەگەڵ ئەنجام بدا، ئەم لەگەڵ نەنووستنە چارەسەرێکی نهێنی و پەنامەکییە، نە منداڵ پێی دەزانێ تا ئەوانیش فێری شەڕوکاری فەساد بن، نە خەڵکانی بێگانەو نەیاریش گوێی لێوەیە، تا ئافرەتەکەی پێ سووك ببێ، وە نەخزم و کەس و کاریش پێدەزانن، تا کێشەو هەرای لێ بکەوێتەوە... چونکە تەنها مەبەست چارەسەری لووت بەرزی ژنەکەیە، نەك سووکایەتی پێکردنی.

٣- سووکە لێدانێ بکرێن: (واضربوهن):

بەڵێ وادەبێ جیاکردنەوەی جێی نووستن و پشتکردن لێیان، بێ کەڵك و بیهوودە دەبێ، ئایا دەکرێ لەوکاتەدا دەستەوسان بووەستین، تا ئەو خێزانە ماڵ وێران و سەرگەردان دەبن و تێدەشکێن...؟بێ شك چارەسەری تر هەیە – ئەگەرچی توندو سەختیش بێ – بەڵام هەر چۆنێك بێت ئەو چارەسەرە لە تێشکانی خێزانەکە باشترە، ئەویش سووکە لێدانێکی ژنەکەیە، لێدانێکی بێ ئێش و ئازار، لێدانێکی (نەفس) شکێن، پێشەوا (شافعی) دەڵێ... بۆ چارەسەری یاخیبوونی ژنان، مێرد دەتوانێ سووکە لێدانێکیان بکا، خۆ ئەگەر خۆی بگرێ و، لێدانیان نەکا هێمان هەر ئەمە باشترە لە لێدانەکە. (عەتا – خوای لێ ڕازی بێ) دەڵێ:لەباتی لێدان، دەتوانێ لێی تووڕە ببێ. بەدەر لە مانەیش پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: من حەز ناکەم لەژنان بدەن و، کەچی پاش ماوەیەکیش بچن سەرجێییان لەگەڵ بکەن!. لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: هەندێ مۆڵەتیان خواست لە پێغەمبەر ﷺ بۆ لێدانی ژنان، ئەویش فەرمووی: دەتوانن لێیان بدەن، بەڵام پیاو چاك، هەرگیز لە ژنان نادات. (أحكام القرآن للجصاص). ئەم لێدانەش تەنها بۆ ئەو ژنانەیە کە سوور دەزانرێ، بەو لێدانە نەبێ تەمی خۆرنابن و، گوێ نادەن بەڕووخانی خێزانەکە.

بەڵام شەریعەتی ئیسلام هەرگیز ڕێگە نادات بە ناوی تەمێکردنەوە، کەسێك هەڵسێ و

خۆی بکاتە (جلاّد) و بەهەق و ناهەق بەر ببێتە گیانی ژنان، هەروەك ڕێگەش نادات پیاوەکە ببێتە ژن و، ژنەکەش بێتە پیاو ! یان هەردوو ببنە شتێکی سێیەم، بەناوی تێگەیشتن لە دین و سەردەمی گۆڕانکاریی و پێشکەوتن.

پوختەتر بلێین: ئەم لێدانە کاتێك بەکاردێت، سوور بزانرێ کە ئەو ژنە بەوە چارەسەر دەکرێ، شیاوی ئاماژە بۆ کردنە کە ئیسلام لە بنەڕەتدا پێیخۆشە لێدان هەر نەبێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ هەرگیز لە ژنانی نەداوە.(لە فی ظلال القرآن، تفسیرالمنار، المفصل، سوود وەرگیراوە).

نەفەقەو بژێوی ژنان

بە پێی قورئان و فەرموودەو، بەکۆی دەنگی زاناکانیش، هەموو بژێوی و پێداویستیەکی ژنان خراوەتە سەرشانی پیاوان، ئایەتی: ﴿وعلى المولود له رزقهن وكسوتهن بالمعروف...﴾٢/٢٣٣ و ە ئایەتی: ﴿أسكنوهن من حيث سكنتم من وجدكم ولاتضاروهن لتضيقوا عليهن...﴾ سوورەتی (طلاق/٦. فەرموودەی: ((...ولهن عليكم رزقهن وكسوتهن بالمعروف)). موسلیم. بەڵگەی ئەوراستیيەن.

بژێوی ژنان بۆچی خراوەتە سەر پیاوان؟

ئیسلامی پیرۆز لەم ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە ئەو مەسەلەوە کە: هەرکات ژنێك مارەکرا لە پیاوێك، ئیتر بەهۆی ئەو مارەکردنەوە، ئەو ژنە بەو پیاوەوە قەتیس دەبێ و دەبەسترێتەوەو، لەهەموو ئیش و کارێك دەکەوێ و، دەبێ گوێ بیستی پیاوەکەی بێ و، – تا پێویست نەبێ – لەماڵ نەچێتە دەرو – خۆی بەماڵ و منداڵ و پێداویستی پیاوەکەیەوە سەرقاڵ بکا، پیاوەکەش لەبەرامبەر ئەوەوە لەدەرەوەی ماڵ هەڵدەسێت بەپەیداکردنی بژێوی و ژیانی ئەو ماڵ و منداڵە، ئیسلام ئاوا ئیش وکارەکانی دابەشکردووەو، ڕێزو حورمەتی لە ژنان ناوەو کردوونی بەسالارەو خانمی ماڵو، بژێوییانی پێویستی کردۆتە سەر پیاوان – بێ هیچ جۆرەمنەتێك – ئیتر ئەگەر ژنێك بەرژەوەندی خۆی نەزانێ و، مەسەلەی نەفەقەو مارەیی، بەشتێك بزانێ لەشانی ژنان کەم دەکاتەوە !– بەتایبەتی وەکو ئێستا – کە بەمەبەستی تێکدانی شیرازەی خێزان و ئازادبوونێکی بێ سنوور – لەهەموو کەناڵەکانەوە – لێرەو لەوێ – هێرش دەکرێتە سەر ئەو مەسەلەو، سەرمەسەلە خاوەن بەهاکانی تری ئیسلام !

هیوادارین خانمەکان، وردتر بڕواننە ئەو باسەوەو، بەفێڵ و فەرەجی ئەم و ئەو نەخەڵەتێن.

خۆ ئەم نەفەقەو مارەییەش نابنە لەمپەرێك لەبەردەم سەرمایە گوزارییەکی ئازاددا بۆ

ژنان، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ژن دەتوانێ ئیش وکاری تر بکاو، بەو مارەییەش بازرگانی بکاو، سەروەتێکی باشیش پێکەوە بنێ و، وای لێ بێت ئەو هاوکاری مێردەکەی بکاو، منداڵەکانی بژێنێ، لەکتێبی (المحلی)دا هاتووە: (١٩٢٦ – مسألة: فإن عجز الزوج عن نفقة نفسه، وامرأته غنية كلفت النفقة عليه، ولاترجع عليه بشيء من ذلك إن أيسر..)واتە: ئەر پیاو توانای بژێوی خۆیی و،توانای بژێوی ژنەکەی نەبوو – لە هەمانکاتدا ژنەکەش دەوڵەمەندو دارا بوو – دەبێ نەفەقەوبژێوی مێردەکەی بدات.

جا بۆ ئەم نەفەقەیەش، زاناکان کۆمەڵێ مەرجیان نووسیوەو لە کتێبەکانیاندا تۆمارە، من بە پێویستی نازانم بۆ خوێنەرانی هێژای تۆمار بکەم، بەڵام پێویستە مەسەلەی ئەو ژنانە بزانرێ کە: ڕۆژ دەبێتەوە دەچن بەلای ئیش و کاریانەوەو لە کۆمپانیایەکدا، یان لە دەزگایەکدا دامەزراون وکار دەکەن.. ئەم جۆرە ژنانە، ئەگەر مێردەکانیان ڕێیان نەدەن بچن کار بکەن و، ئەوان بەویستی خۆیان هەر بچن، ئەوە بێ شك نەفەقەیان ناکەوێ و بژێویان دەکەوێتە سەرشانی خۆیان، وەکو لە (المفصل)دا هاتووە.

شیاوی باسە، نەفەقەش بەپێی بوون و نەبوون دەگۆڕدرێ، هەروەکو ساڵ بۆ ساڵ و کات بۆ کات دەگۆڕدرێ، مەبەستی ئەم ئایەتە کە دەفەرمووێ: ﴿لينفق ذوسعة من سعته ومن قدر عليه رزقه فلينفق مما آتاه الله لا يكلف الله نفساً إلا ما آتاها سيجعل الله بعد عسر يسرا﴾ طلاق/٧. ئەو فەرق و جیاوازییە دەخات بۆ نەفەقە.(فقه السنة، المفصل).

ژنانی ئاکار چاك

لەپێشەوە گەلێ جار گوتمان: ژن وپیاو هەردوو دروستکراوی خوان و، یەکێکیانی خۆشناوێ و ڕکی لەویان بێت، نەخێر، بەڵکو هەردوو بۆ بەهەشت بەدیهاتوون، وەکو (بابە ئادەم) و دایە (حەوا) – سەلامی خوایان لێ بێت – بەڵام بۆ دوایی بەهۆی کاروکردەوەی خۆیانەوە، چاکیان دەبێتە چاك و، خراپیشیان دەبێتە خراپ، زۆر جاریش دەکرێ، هێندێ ئافرەت لەسەدان پیاو باشترو بەخزمەت ترن، صاڵحترو چاکترن، بۆ ئەمەش مێژوو پڕە، جا ئێمە بۆ ئەم باسە لە قورئانی پیرۆزدا چەند ژنێ وەبیر دێنین، تا ئێمەش چاکمان بەلاوە چاك بێ و، خراپیشمان بەلاوە خراپ بێت،گەرچی ژنی پێغەمبەر ﷺیش بێت، نەك وەکو سەردەمی جاهیلیەت کە هەموو کارێکی ئافرەتیان بەلاوە خراپ بوو! فەرموون ئەمەش چەند ژنێکی ئاکار چاکن:

١– (سارە) خاتوونی ژنی (ئیبراهیم) پێغەمبەر – درودو سڵاوی لێ بێت – ئەم ژنە بەڕێزە

وەك دەڵێن تەمەنی (٩٩) ساڵ و، زۆریش صالح و ڕێك و پێك بوو، تا دەگاتە ئەو تەمەنەش هیچ منداڵێكی نابێ و، ئەو تەمەنەش بە پێی سروشت و باوی ژنان، ساڵی نەمانی هیوا بەمنداڵ بوونە، وەكو تەمەنەكەی (ئیبراهیم)یش هەروا، مەگەر بەدەگمەن.. گەرچی لەتواناو دەسەڵاتی دروستكەری بوونەوەردا زۆر ئاسانە، بەڵێ خوای گەورە هەموو شتێكی ئەندازەگیر كردووەو هۆكارو سەبەبی بۆ داناوە، بەڵام بۆئەوەی خەڵكیی بیناسن، بڕێ جار هێندێ شت دەكات، بەدەر لەبۆچوونی ئەوانە، بۆیە ئیماندارەكانیان بەئاسانی تەسلیم دەبن و، بێ دینەكانیشیان یاخیی، بۆ نموونە: لەگەڵ بابە ئادەم و، لە (مەریەم) عیسا – بێ پەیوەندی نێرو مێیی – وەدی دێنێ، خۆ ژنانیش لەدەوروبەری پەنجاكاندا لەزاوزێ دەكەون، بەڵام ئەوەتە لەوتەمەنەدا منداڵ دەداتە خاتوو (سارە) بۆئەوە دەوروبەر ڕاچڵەكێنێ و، بیانخاتە سەر بیركردنەوەو ئیمان هێنان بەخوای تاك و تەنیا، بۆئەمەیە كە خوای گەورەو میهرەبان لە سوورەتی (هوود)دا دەفەرمووێ: ﴿وامرأته قائمة فضحكت فبشرناها بإسحاق ومن وراء إسحاق يعقوب. قالت ياويلتا أألد وأنا عجوز وهذا بعلى شيخا إن هذا لشيء عجيب. قالوا أتعجبين من أمر الله رحمة الله وبركاته عليكم أهل البيت إنهُ حميدٌ مجيد﴾/٧١-٧٣. واتە: ژنەكەی ئیبراهیم – درودوسڵاویان لێبێ – كە لە كاتی هاتنی فریشتەكاندا هەڵویستا بوو – لەو مژدە خۆشە پێكەنی (فریشتەكان هاتبوون بۆ فەوتاندنی خەڵكە خراپە نێربازەكەی قەومی (لووط)، ئەمیش ژنێكی صالح و چاك و باش بوو، لەخۆشی ئەوەدا هاتە پێكەنین)، بۆ دواییش مزگێنیان پێدا بە لەدایكبوونی منداڵێك، ناوی (ئیسحاق) دەبێ و، سەرەڕای ئیسحاقیش بەیەعقووبی كوڕی ئیسحاق. ئەویش – بەپێی ئەو تەمەنەی هەیبوو، لەبار نەبوو بۆ منداڵ بوون – بۆیە گوتی: های لەمن ! ئاخۆ منی پیرەژن منداڵم دەبێ و، ئەمەیش شووەكەمە پیرە مێردێكە، بەڕاستی ئەم كارە، كارێكی سەیرو سەمەرەیە ! فریشتەكانیش بە (سارە)یان گوت: ئاخۆ فەرمانی خوات پێ سەیرە ! ئەی خێزانی ئەمماڵە ! بەربەزەیی و بەرەكەتی خوا بكەون، بەڕاستی پایە بەرزی و پێ هەڵگوتن هەر لەخۆی دێ.

لەسوورەتی (زاریات)یشدا دەفەرمووێ: ﴿فأقبلت امرأته فى صرة فصَكت وجهها وقالت عجوزٌ عقيم. قالوا كذلك قال ربك إنه هو الحكيم العليم﴾ ٥١/٢٩-٣٠. واتە: ژنەكەی ئیبراهیم – پاش مژدەكە بە منداڵ – بەهاوار هاوار هات و چەمۆڵەیە (پووكاوڵ)ێكی لەخۆی داگرت و گوتی: من پیرە ژنێكم بێ زك وزا، ئاخۆ چۆن منداڵم دەبێ...؟ دیارە ژنێك تەمەنی گەیشتبێتە ئەوەندە ساڵ و، هێمان منداڵی نەبووبێ و، ئێستا پێی بڵێن منداڵت دەبێ، بێ شك ئەو قسەیە جێگەی سەرسوڕمانە! ئەگەر دەسەڵاتی خوا نەبێ شتی وا كەی دەبێت، بۆیە فریشتەكانیش

گوتيان: پەروەردگارى تۆ واى فەرمووەو بڕاوەتەوە، بۆخۆيشى كارزان و زانايە.

تێبینی:

١) (قورتوبى) دەڵێ: وشەى (أهل البيت) كە لە سوورەتى (ئەحزاب)يشدا هاتووە: ﴿إنما يريد الله ليذهب عنكم الرجس أهل البيت ويطهركم تطهيرا﴾ ٣٣/٣٣. ژنى پێغەمبەرەكانيش دەگرێتەوە، ئەگەرچى هێندێ بەرهەڵستى لەمە دەكەن !

٢) بوخارى لە كتێبەكەيدا دەڵێ: (باب القيام المرأة على الرجال فى العرس وخدمتهم بالنفس). واتە: ژنان هەڵسن بەخزمەتى پياوانى صالّح و چاك و دۆس لە زەماوەندا. پێشەوا (موسليم)يش لە (سەهل ى كوڕى سەعد)ـەوە دەگێڕێتەوەدەڵێ: ((ئەبوو ئوسەيدى ساعيديى) زەماوەندى كردو پێغەمبەرى ﷺ دەعوەتكردو، ژنەكەى (بووكەكە) خزمەتى دەكرد... زاناكانيش لەمەوەوەريان گرتووە كە: ژنان دەتوانن لە زەماوەندا خزمەتى مێرديان و هاوەڵانى مێرديان بكەن، هەروەها دەشكرێ ئافرەت لەبەردەم ميوانى صالّح و موسڵماندا هاتوچۆو خزمەت بكات، ئەگەرچى لەوانەيە ئەم ڕووداوە پێش ئايەتى (حيجاب)يش هاتبێ.

٢- ژنە ئيماندارەكەى فيرعەون:

ئەم ژنەش - ئاخۆ ئاسيەى كچى موزاحيّم بێت، يان (ئيخناتوون) بێت - نموونەى ئيمان وقارەمانيەتييە بۆ ژنان، چونكە باوەڕدارێكى ڕاستەقينە بوو بەپەروەردگارى خۆى، ئەگەرچى ژنى فيرعەونيش بووو لە كۆشكى پاشايەتيدا دەژيا، وەلە هيچيش كەمى نەبوو، وەهەرچى ژنانيش حەزى لىٚ بكەن لە ڕابواردنوخواردن و جلوبەرگ و زێڕوزيوو، حورمەتوڕێز، لە كۆشكى پاشايەتيدا، دەستى ئەو كەوتبوو، بەلاّم ئەمانە گشت نەبوونە ئەستەم ولەمپەڕێك لەبەردەم ئيمانداريدا، ئيتر سەربارى ئەوەكە (فيرعەون) داواى خوايەتى دەكردو دەيگوت: ﴿ما علمت لكم من إله غيرى. أنا ربكم الأعلى﴾، كاتێكيش فيرعەون زانى ئەو ژنە باوەڕى بەو نييەو، دەزانێ ئەويش يەكێكە لە دروستكراوەكانى خواو، خوا لەو مەزنترە، ئازارو بێزارێكى زۆريدا، بۆئەوە لەوە پەشيمان ببێتەوەو باوەڕ بەدەسەلاّت و خوايەتى فيرعەون بێنێت! بەلاّم ئاسيەخان وەكو كێوە سەربەرزەكان وەستاو نەلەرزيى و، ددانى بەخۆدا گرتو دەيگوت: خوايە ! لە فيرعەونو، لەكاروكردەوەى فيرعەونو، لەگەل و نەتەوەى ستەمكارێكى وەك فيرعەون نەجاتم بدە، خوايە ! لەلاى خۆت ماڵوكەيەكم - لەبەهەشتدا - بۆ بنياتنە.

بەڵێ هەڵوێستى ئەم ژنە دلێرو قارەمانە، كە هێماو ئاماژەى پيرۆزىو سەرفرازييە بۆ دنياو قيامەت، ڕەمزى ئەوەيە كە ژنانيش - ئارەزوويان هەبێ - خۆ زاڵ دەكەن بەسەر گشت

ڕابواردن و ناوو نازناوێکی دنیادا، ئەگەر بە باشی لێبڕێن پاشاو گشت موڵکەکەی، ناتوانیٚ لەخشتەیان بەرنو، دەتوانن مێژوویەکی پڕلە سەروەریی و خەبات،بۆ گشت ژنانی دنیا تۆمار بکەن و لە قیامەتیشدا پلەی بەختیاریی و سەربەرزیی بەدەست دێنیٚ، پێغەمبەری خواش ﷺ لەبەرامبەرئەو ژنە ئاکارچاك و بەرزانەوە دەفەرمووێ: ((أفضل نساء الجنة: خديجة بنت خويلد، وفاطمة بيت محمد، ومريم ابنت عمران، وآسية ابنت مزاحم فرعون)).

دەسا هەزاران درودو سڵاو بۆ ئەو خانمە ئیمانداره چاکە پاکانە کە هەرگیز ماددەو کۆشكو تەلار نایانخەڵەتێنیٚ. سڵاو بۆژنانیٚ لە پێناو ئاقیدەو باوەڕدا دەکۆشن وخۆ تەسلیمی زۆردارانی سەردەم ناکەن.

٣- دوو کیژەکەی (شوعەیب):

بەر لەوە باسی ئەو دوو کیژەیە بکەین، پێویستە کەمیٚ پێشتر بچین و وەکو دەسپێکێك، لەڕووداوی پێش ئەو بدوێین.

مووسا - کـە بـۆ دوایـی دەبێتـە پێغەمبـەر، پاڵـەوانی ڕووداوەکەیـە - لاوێکـی (بـەنی ئیـسرائیل)ــەو لــەماڵی (فیرعــەون) ی (میــسر) گــەورە دەبــیٚو، پاشــان بــەهۆی کێــشەو ڕووداوێکەوە لای فیرعەون قاچاخ دەبیٚو، بەناچاری ڕێی (مەدیەن) دەداتەبەر، شیاوی باسە نێــوانی (مەدیــەن) و (میــسر) (٨) ڕۆژان ڕیٚ دەبــیٚ، دیــارە ڕێگاوبــانی ئــەو ســەردەمەش، چۆڵوبیابان دوورو، بیٚ ئاوونان بووەو، هیچ خزمەت گوزارییەکی تیا دەس نەکەوتووە، بۆیـە زۆر بەخەسـتەو بەماندوویـەتی دەگاتـە لای ئاوێـك - کـە خـەڵکی مەدیـەن لـەوئاوە کـەڵکیان وەردەگـرن - دەگاتـە ئـەویٚ، هێمـان نەحەواوەتـەوە، چـاوی بـە دیمـەنێك دەکـەویٚ، ویـژدانی پیـاوی جوامێرو بەشـەهامەت بۆی قبـووڵ نابێت، بەتایبـەتی نـەفس پـاکێکی وەك ئـەو، بۆیـە دڵو دەروونی هەژاند ! چونکە خەڵکێکی زۆری دیت لەسـەر ئاوەکـەن و هەریەکە مـەڕومالاتی خۆی ئاو دەداو، دووکیژیش بەر لەمـەڕەکانی خۆیـان دەگرنو لەئاوەکـە دووریـان دەخەنـەوە، سا بەڵکو چۆڵ ببیٚو، پاش ئەوان، ئەمانیش بچنە سەر ئاوەکە، دیارە لای مرۆڤی فیترەت پاك، دەبوو پیاوەکان - بەر لەخۆیان - ڕێیان بەکیژەکان دابا کە ئاوی مەڕەکانیان بدەن.

مووسا کە ئەوە دەبینیٚ - لەگەڵ ئەوەیشدا قاچاخەو هەڵهاتووەو غەریبو ئاوارەیە - لەکیژەکان دەچێتە پێشیٚو لەو کارەساتە دەپرسیٚ ؟ دەپرسیٚ بۆچی ئێوە بەتەنها خۆتاننو، بۆچی لەدوورەوە مەڕەکانتان ڕاگرتووە...؟!

ئەوانیش گوتیان: ئەوانە کۆمەڵە خەڵکێکی بەهێزن، بەزۆری خۆیان مەڕەکانیان دەبەنە پێشو، ئەوەش بۆ ئێمە نەگونجاوەو دەس نادات، بۆیە هەر خۆشمانین، چونکە (باب)مان

پیرێکی بەساڵاچووەو، وزەی بگرەو بەردەی نەماوە، ئێمەش لەبەر بێ کەسی هاتینە ئێرە.

ئەمە پتر شەهامەتی مووسای هەژاندو، چوویە پێش، بۆ ئاودانی مەڕەکانیان – کە هەقە هەموو کاتێ پیاوان بەرامبەر بەژنان، خاوەن میهرو بەبەزەیی بن، ئاسانکاریان بۆ بکەن – بۆ خۆیشی ئاوارەو بێ هاوکارو بێ پاڵپشتە، لەوانەیشە زۆر پاڵ پاڵێنێ بکات، تووشی شتێکی تر سناك ببێ، بەڵام گشت ئەمانە نەیانتوانی لە ئەنجامدانی کارە خێرەکەی خۆی ببنە لەمپەڕ، بۆیە وەکو پاڵەوانێك مەڕەکانی دایەبەرو لەناو ئەو حەشامەتەدا گەیاندنیە سەرئاوەکەو، ئاوی دان بۆیانو،دڵودەروونی خۆی ئاسوودە کرد، پاشان – لەبەر ئەوە کەکاتێکی زۆر گەرم بوو، ماندووی ڕێگایشە، پشتی لەوان کردو چوویە بن سێبەرێك، بەڵکو کەمێ بحەوێتەوە، لەوێ تەنها پەنایەك شك دەبا کە هاواری بۆ بەرێوداوای ناتەواویو کەموکورتیەکانی خۆی لا بکات، بۆیە گوتی: پەروەردگارەکەم ! بۆ خۆت دەزانی زۆر گەرمە، بۆ خۆت دەزانی تەنیاو بێکەسم، بێ هێزو بێ تواناو لاوازم، زۆر ئاتاج وموحتاجی لوتفو فەزڵی تۆم: ﴿ربّ إنّي لما أنزلت الىّ من خير فقير﴾.

جا پاش موناجاتو پاڕانەوەی مووسا ﷺ ئەوەندەی نەخایەند، هەتا جەڕەسو زەنگی ڕزگارییو دەرووی خێری بۆ نێردرا ! خێرا کیژەکان ئەو ڕووداوە بۆ بابیان دەگێرنەوەو، بابیشیان ئەو کارە بەکاری مرۆڤێکی سادەو بێ بەرنامە دانانێت، بۆیە یەکێ لە کیژەکانی بەئەوپەڕی ئەدەبو وێڵو شەرمەوە دەنێرێو دێتە لای مووساو پێی دەڵێت: بابم بانگت دەکات بۆ لای خۆیو دەیەوێ پاداشتی ئەو کارە جوامێرانەیەت بداتەوە !

بەڵێ بەهەقیقەت خانمێکی زۆر بەحەیاو بەشەرم بوو، دیارە شێرە ژن بوو، بۆیە بابی هەڵیبژارد بۆ گەیاندنی پەیامەکەیو، ئەویش زۆر بەئازایانە هاتو لەچەند ڕستەیەکی کورتدا مەبەستەکەی بە مووسا گوت: ﴿إن أبى يدعوك ليجزيك أجرماسقيت لنا﴾.. خۆ ئافرەت هەر بە فیترەت وا دروست بووە لەکاتی بەیەکگەیشتنی لەگەڵ پیاودا، جۆرەشەرمو حەیایەك دەیگرێت، بەڵام ئەوشێرە ژنە، زەحمەتکێشەی بابی لەئەوپەڕی متمانە بە پاكو خاوێنی، بێ هیچ جۆرە شڵەژانێك هەواڵەکەی گەیاند.

لێرەدا ئەم دیمەنە تەواو دەبێو، دیمەنی بەیەك گەیشتنی مووساو پیرە بەتەمەنەکەیە (بابی کیژەکان). بەڵێ جاکە مووسا هاتە لایو داستانەکەی خۆی بۆ گێرایەوە... هەستی کرد، هەروەکو پێویستی بە خواردنو خۆراك هەیە، پێویستی بە ئەمنو ئاسوودەیی هەیەو، پێویستە پەنا بدرێو خەمی نەمێنێت، بۆیە خێرا پێی گوت: ﴿لا تخف نجوت من القوم الظالمين﴾. ترست نەبێ، لەو خەڵکە ستەمکارانە ڕزگارت بوو، دەسەلاتیان بەسەر (مەدیەن)دا نیە.

پاش ئەم قسەو دیالۆکەیەو پاڵبەستن بەشەهامەت‌و کارەجوامێرانەکانی، ڕۆژی ئاودانی مەڕومالاَتەکەیان، یەکێ لە کیژەکان، زۆر بەئازایانەو، بێ پەردەو بێ ترس لە هیچ تۆمەتێك بدرێتە پاڵی، گوتی: بابە ! بەکرێی بگرە، با ئیش‌و کارەکانمان بۆ بکات، با مەڕەکان بەخێو بکات، با ئێمە جارێکی تر نەچینەوە ناو حەشامەتە بێ میهرەکە، دیارە ئەو کیژە ژیرەیە دەیەوێ بێ زەروورەت لەماڵ دەرنەچێ، دەیەوێ بەپاك‌و خاوێنی بمێنێتەوەو، بەپیاوانی نەیاردا هەڵنەتەقێت، بائامۆژگاری‌و وانەیەکیش بێت بۆ ئەوانەی شوانێکی نامەحرەم دێننە ناوماڵ‌و، گەلێ جاریش ئەنجامی باشی نابێت. ڕاستە ئافرەتی قورس‌و ژیرو فامیدە، حەز دەکات هەمیشە خۆی لەماڵ دانێ‌و، هەتا زۆر پێویست نەبێ لەماڵ دەرنەچێ‌و لەگەڵ پیاواندا شان لە شان نەدات، بۆیە ئەم کیژەش ئەو داوایەی لەبابی کردو، بۆسەر خستنی کارەکەیشی دوو سیفەتی گرنگی باسکرد کە هەردووبۆ پیاوی کرێکارو کارمەند پێویستن، بەتایبەتی ئەو ڕۆژە کە بەهاوار ئەوانەوە هات‌و زۆر بە بوێرانەو، پاکانە مەڕەکانی بۆ ئاودان.

یەکەم: بۆ تێپەڕاندنی ئیش‌وکار، لاوێکی زۆر بەهێزە، دەتوانێ بێ دامان‌و بێ ئەوە کەسێك ڕێی لێ بگرێ کارەکان ئەنجام بدات.

دووەم: دەسپاك‌و ئەمینە.. بەتایبەتی ئەو ڕۆژە، زۆر بە لاوێکی سەنگین‌و ئەمین کەوتە بەرچاوی. کەوابوو دەشێ ماڵەکەی بدرێتە دەست.

بەڵێ.. ئافرەت – ئەگەرچی کیژیش بێت – دەتوانێ بە ئازادانە لەگەڵ باب‌وبراو خزم‌و کەس‌وکاری خۆیدا، باسی کێشە کۆمەلاَیەتییەکان‌و چارەسەریان بکات‌و، ئەوانیش گوێی بۆ بگرن‌و جێبەجێی بکەن، بۆیە ئەمیش لەم دیمەنەدا، بێ ئەوە لە تۆمەتێك بترسێت پێشنیازی خۆی پێشکەش کردو بابیشی وەلاَمی دەداتەوە.

لەوە دەچێت (شوعەیب) بە ژیرانەی خۆی زانیبێتی، ئەم قسەو باسانە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کیژە حەز دەکات لەگەڵ ئەو لاوەدا ببنە هاوسەر، بەتایبەتی کە دوو صیفەتە بەرزە جوامێرانەکەی مووسای باس کرد، باسیکرد کە: پیاوێکی بەهێزو چاو نەترسە، ئەمین‌و دەسپاك‌و دڵپاکە.. خۆ ئەگەر وایش بێت کیژان هەقیانە، مێردی ئاوا بۆ خۆ هەڵبژێرن‌و، بدەن بە گوێی بابیاندا، بابیش هەقە بەگوێی کچی ئاوای ژیرو فامیدە بکاو، هاوسەری ئاوای بۆ بگرێ.

هەقیەتی زۆر بەسادەو بەئاسانیەکەوە بە مووسا ﷺ بڵێت: دەمەوێ یەکێ لەم کیژانەمت لێ مارە بکەم، ئەگەرچی ئەو کیژەی دەیەوێ لێی مارە بکات دیاری نەکرد، بەلاَم پێدەچێت هەموو هەست بکەن، بەو مەڕاسیم ونیکاح‌و مارەکردنە.

بەڵێ بە مێردانی کیژ، دەبێ زۆر ئاسان بێت، دەبێ باوك‌و براو خزم‌و کەس‌وکاری تر، بە

پیاوی باش‌و بەدین‌و بەتەقواو بەخزمەت بڵێن: دەمەوێ ئەم کچەمت لێ مارە بکەم، بێ هیچ شەرم‌و سەرلێکردنەوەیەك، ئەگەرچی کۆمەڵگەی ئێستاش ئەمە قبووڵ ناکات، بەڵکو دەبێ مێردو لایەنی مێرد، بێنە خوازبێنی‌و مەمنوونیەت بەرامبەر بە کەس‌وکاری کیژەکە دەربڕن.

ئەو کۆمەڵگەیە ڕێنادەن باب‌و کەس‌وکاری کیژ، یان کیژەکە خۆی، بەئازادانە مێرد دیاری بکەن، بەڵام بێ خوازبێنی‌و، بێ هیوای بەژن‌ومێردبوون، ڕێگا ئازادە بۆ تێکەڵ‌و قوڵ بە قوڵ کردنا!

بـەڵێ مەسـەلەی ژنـان، مەسـەلەیەکە، تـا ئێـستاش هەقیقەتەکـەی – وەکـو پێویـست نەخراوەتـە ڕوو، بەئەنـدازەی ئەوەکـە لـە قورئـان و لـە فـەرموودەدا ڕوونکراوەتـەوە، بـەڵکو باوونەریتی کۆمەڵگە – لەباتی قورئان‌و سوونەتی پێغەمبەر ﷺ حاکم‌و بڕیاردەرە، بڕیاری داوە: لایەنی کچ نابێ خوازبێنی لە کوڕێك، یان لەکەس‌وکارەکەی بکەن بۆ کچەکەیان، ئەوە کە کچ بۆ خۆی لاوێکی باش‌و خواناس‌و هەڵکەوتە بۆ خۆی هەڵبـژێرێ، باسی شتی وا هەر نیە، بەڵکو ئەگەر بوو دەبێتە مایەی سووکبوونی ئەو کیـژە، یان خزم‌وکەس‌و کارەکەی لای کۆمەڵگە !

خۆ گوتیشمان قورئان – بەتایبەتی داستانی ئەم دوو کیژە – دەگەیەنێت کە کیژ هەقیەتی لاوی باش‌و تێگەیشت‌و پاك‌و خاوێن بۆ خۆی هەڵبژێرێ، ڕاوبۆچوونی لەدیاریکردنی چارەنووس‌و ئایندەی خۆی بە ئازادانە دەربڕێ، بتوانێ بۆ تەمەنێکی یەکجارەکی (ئەرێ‌و، نەرێی)هەبێ، عەیب نەبێ بڵێ: بەفلان مێرد دەکاو، بەفلانی نایکات، قەت شیاوو گونجاو نیە ئافرەت لەبەشووداندا ڕای نەبێت، بەخۆی نەزانێ مارە بکرێت، هەست‌و شعووری نەبێ ژن بە ژنی پێ بکرێت، بەخوێندا بدرێ...!

هەزار ڕەحمەت لە (شوعەیب) کاتێ کچەکە گوتی: بەکرێی بگرە (واتە مووسا)، چونکە بەڕاستی بەهێزو ئازاو ئەمین‌و دەسپاکە، ئەویش وەڵامی دایەوەو بەمووسای گوت: دەمەوێ یەکێ لەم کیژانەمت لێ مارە بکەم.

بەڵێ ئاسانکاری لەبەردەم کچ‌وکوڕدا، ژن‌وپیاودا، بۆیە هاوسەریی بوون‌و بەمێرد بوون، لەناو چین‌و نەوەی سەرەتاکانی ئیسلامدا، زۆر زۆربوو گرنگیشی: دەدرایە، ژنی ژیرو دیندار دەیکردە سەر پیاوی دیندار: دەیەوێ شووی پێ بکات، خۆ ئەو ژنە بەرێزە کەکردیە سەر پێغەمبەر ﷺ دەیەوێ مێردی لەگەڵ بکات، زۆر بەدەنگ‌و باسە، خۆ (عومەر) کچەکەی خۆی خاتوو(حەفصە) دەداتە (ئەبوبەکر)و پاشانیش (عوسمان)، هەردوو پۆزشی بۆ دەهێننەوە، جا کە هەردوو داوای لێبوردنیان کردو ئەمیش دڵ نیگەران بوو و، چوو بۆ پێغەمبەری گێڕایەوە ﷺ پێغەمبەریش ﷺ بۆ دڵدانەوەی (عومەر) گوتی: بەشکوم خوا لەوان باشتری کردبێتە بەشی

(حەفصە)، ئەوە بوو دوایی لەبەر عومەر خۆی مارەیکرد،ئەمە لە (سیرە)دا زۆر باسکراوە.

ئاسانکاری بۆ کیژان و کوڕان، سوننەتێکی گەورەی شەریعەتی ئیسلامە، ئەوەتە پێغەمبەری خوا ﷺ ژنێك – لەسەر دوو سوورەتی قورئان – لەپیاوێك مارە دەکات !هەزار سڵاو لەو ژنانە کە لەبەردەم سەختی ژیاندا ورەیان ناڕوخێ و، دەست دەدەنە کاروباری دەرەوەی ماڵ، ئەگەرچی شوانیش بێت، خۆ دیتت ئەو دوو کیژە بەڕێزە، سەربەرزەی (شوعەیب) چۆن پەزەکانیان بەخێوکردو ئاو دەدا؟. دیسان هەزار سڵاو لەو کیژانەش لە نەخشەی بابیان دەرناچن و مێردی قارەمان و ئەمین و دڵپاك و دەست پاك هەڵدەبژێرن، هەزار سڵاو لە باوکانەش، کە بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی کیژەکانیان، بەشوویان نادەن.

لەماڵ هاتنە دەرەوەی ژنان بۆ ناو ئیش وکارو کۆمپانیەکان و دام و دەزگاکان، هەتا زۆر پێویست و زەروور نەبێ، هەق نیە دەرفەت و ڕێگا بدرێ، چونکە کاری وا گەلێ جار لەتوانای جەستەیی و (ئوونوسەت)ی ئەو خانمانەدا ناگونجێت، وادەزانم ئەگەر لەبەر ﴿وأبونا شيخ كبير﴾ نەبووبا، ئەو کیژانەی شوعەیبیش ناچاری پاڵەپەستۆی ئەو کەم ویژدانانە نەدەبوون و ئەوەند گوشاریان نەدەکەوتە سەر، کەهاتنە دەریش خۆدیتتان چەندە بەئەدەب و خاوەن وێڵ و ڕەوشت بەرز بوون: ﴿لانسقي حتى يصدر الرعاء...﴾ لەگەڵ: ﴿تمشي على استحياء﴾ ئەوڕاستیەمان پێ دەڵێن.

بەڵێ ئافرەتی چاك و خاوەن شەهامەت، بەشەهامەت و چاکە، ئافرەت دەبێ لەگەڵ کاروانی ژیاندا بەجێ نەمێنێ و، لەڕێگایەکی شەرعیەوە خۆی و منداڵی بەخێو بکات، ئەگەرچی لەڕێی شوانی و کشتوکاڵیشەوە بێت، گەلێ ژنە کوردی خۆمان هەیە، کەمێردیان دەمرێ، شێرانە دەچنە گۆڕەپانی کردوکۆششەوە و ناهێڵن، ئاتاج و موحتاجی دەرگای نامەرد بن و سەربەرزانە بۆ خۆیان دەژین.

٤- بەڵقیس ی پاشای سەبا:

پێش ئەوە بچینە ناو باسەکەمانەوە، دەبێ ئەمە بزانین کە (سولەیمان – علیه السلام – پێغەمبەری ئەو سەردەمە بوو) دەسەڵات و توانایەکی فرەی – لەلایەن خواوە – پێ بەخشرابوو، (بەڵقیس)یش لەسەردەمی ئەودا لە (یەمەن) دەژیا، بەڵام ئەوەند لەیەك دوور بوون بەیەکیان نەدەزانی.

سولەیمان عليه السلام تەنها خوای تاك و تەنیای دەپەرست، (بەڵقیس)ی شای (سەبا)یش خۆرپەرست بوو !سولەیمان – بەفەرمانی خوا گفت وگۆی لەگەڵ پەلەوەراندا دەکردو لەدەنگ و ئاوازیان تێدەگەیشت و، جنۆکەو پەریەکانیشی بۆ کەوی ببوون و هەموو ئیش و

کارێکی پێدەکردن: ﴿یعملون له مایشاء...﴾.

ڕۆژێ – پاش ئەوە کە بە(دۆڵی مێروولە)دا تێپەڕی – لەحاڵی لەشکرەکەی دەگەڕا، دیتی (پەپووسلێمانە)کەی دیار نییە، گوتی: ئاخۆ خۆی دزیوەتەوە؟ شەرت بێ لەسەر ئەوە سزای توندی بدەم، یان ملی بقرتێنم، وەیان دەبێ بەڵگەی خۆییم بۆ بێنێ، بزانم بۆچی دیار نییە؟ سولەیمان ﷺ لەناوچەی (فەڵەستین‌و لوبنان‌و سووریەو عێراق‌و کەرتی فورات)ی ئێستا دەژیا، واتە: دەسەلات‌و پاشایەتیەکەی لەوە تێنەپەڕیبوو، بێگومانیش بەشێك لەپەلەوەرو جنیەکانی ئەو ناوچانەی بۆ رامببوو، هەر بۆیەش کاتێ سەری لەشکرەکەی داو پشکنینی، بەئاسانی زانی کە پەپووسلێمانە دیار نییە،خۆ ئەگەر گشت پەلەوەرەکانی بۆرامبووباو، لەناو ئەوانیشدا گشت پەپووسلێمانە، ئاوا بەئاسانی لەناو (مەلایین) پەلەوەردا، نەیدەزانی پەپووسێمانە لەناو ملیونەهای تردا نادیارە، بۆیە کە دەڵێ: بۆ دیار نییە....؟ دیارە پەپووسلێمانەیەکی تایبەتە، دەکرێ لەناو ئەو گشت پەپووانەدا ئەو دنکە رامبووبێ‌و، هەر ئەوەش بەو شێوەیە خوای گەورە ئەو هەست‌و دەرکەی پێ بەخشیبێ! (خوای گەورە خۆی زانیاریی تەواوی بە کۆمەڵی جنیی‌و پەلەوەرو گشت بوونەوەر هەیە).

ئینجاماوەیەکی زۆری نەخایاند، پەپووسلێمانە پەیدابوویەوەو گوتی: من شتێك دەزانم تۆنەتزانیوە، من لە وڵاتی (سەبا)وە هاتووم، دەنگ‌و باسێکی گرنگ‌و دروستم بۆ هێناوی.(سەبا) کەوتبوویە باشووری (یەمەن)، پێی ڕاگەیاند: لەوێ ژنێك پاشایەتیان دەکاو، تواناو دەسەڵاتێکی کەم وێنەو تەختێکی زۆر گەورەی هەیە (واتە: لەوپەڕ پێشکەوتن‌و خۆشگوزەرانیدان‌و، لەهیچیان کەم نیە) لەگەڵ ئەمەشدا خۆی‌و نەتەوەکەی – لەباتی خوا – سوژدە بۆ خۆر دەبەن ! دیارە شەیتان لەخشتەی بردوون‌و چەواشە بوون، ئەگینە چۆن دەبێ لەباتی خوای بەدیهێنەری (خۆر)و گشت بوونەوەر، سوژدە لەخۆر ببرێت؟! شەیتان وای پێکردون کە: سوژدە بۆ ئەو خوایە نەبەن کە گشت شاراوەو نادیارەکانی ناو ئاسمانەکان‌و زەوی دەزانێ‌و دەریان دەخات!

پەپووسلێمانە لەسەر قسەکەی دەچێ‌و دەڵێت: ئەر شەیتان لای نەدابن لەڕێی ڕاست، چۆن دەتوانن سوژدە لەو خوایە نەبەن کە غەیرەز ئەو شتێکی تر بۆ پەرستن ناشێ‌و، خاوەن‌و پەروەردگاری تەختی هەرە گەورەیە! سولەیمان –علیه السلام–، ئەو قسەوباسەی ئەوەند لا گرنگ بوو، نەبەڕاست نەبەدرۆ تیشکی نەخستە سەر، بەڵکو گوتی: بەتەئکید لەسەری دەچم‌و دەڕوانم، بزانم ڕاستتگوت، یان لە درۆزنانی؟ چونکە هەواڵی وا، دەبێ گرنگی خۆی بدرێتێ، دەبێ هەوڵ بدرێ خەڵکێکی ئاوا لە (خۆرپەرستیی) ڕزگار بکرێ.

بۆیە نامەیەكی سەرمۆر دەداتە (پەپووسلێمانە) بیگەیەنێتە دەستی ئەو ژنە پاشایە، لەوەش دەچێ بەدەر لە خۆی كەسێكی دی، ئاگاداری ناوەڕۆكەكەی نەبووبێ، بۆ ئەوە بەر لەبڵاوبوونەوەی بزانێ چ وەڵامێكی بۆ دێتەوە: ﴿إذهب بكتابی هذا فألقه إلیهم، ثم تولّ عنهم فانظر ماذا یرجعون﴾.

لێرەدا پەردە دادرایەوە لەوە كە پەپووسێمانەكە چۆن نامەكەی گەیاندو، پاشاژنیش چۆن بەدەستی گەیی‌و، دوای ئەوە چی كرد؟ ئەمە نەبێ كە بەسەیرو سەمەرێیەكەوە بەدەوروبەرەكەی دەڵێت: نامەیەكی بەڕێزم بۆ هێنراوە، لەوە دەچێ نەشزانێ كێ بۆی هێناوە، ئەگینە ئەر زانیبای‌و پەپووسلێمانەكەی دیتبا، ناوی دەهێنا، چونكە كاری وا، جێگەی سەرسوڕمانەو، شوێنی خۆیەتی ناوی بهێنرێت.

پاشاژن زۆر بەڕێز و بەحورمەتەوە پەسنی نامەكەی كرد: ﴿ألقی إليَّ كتاب كریم﴾ دیارە كە نامەی مۆركراوو سەرمۆرو، ناوەڕۆك جوامێرانە، جێگەی خۆیەتی پێی بڵێت (كەریم = بەڕێز) و ئەوسا (بەڵقیس) لەبەردەم پیاوانی باڵا دەستی وڵاتەكەیدا نامەكەی دەدركێنێ‌و بۆیان دەخوێنرێتەوە، ئەمەیش دەقەكەیەتی: ﴿إنه من سلیمان وإنه بسم الله الرحمن الرحیم ألا تعلوا علیّ وأتونی مسلمین﴾ واتە: لەسولەیمانەوەو، هەر بەناوی خوای بەبەزەیی‌و میهرەبانەوە (بۆ ئەو گەلە خۆرپەرستە)، وەرن موسڵمان بن‌و خۆ بەگەورە مەزانن، وەلەخۆرپەرستیی (دروستكراوی خوای بەدیهێنەر)واز بێنن و تەنیاو تەنیا ڕوولەخوای بەدیهێنەری جیهانەكان بكەن.

بێ شك سەرهەڵدانی كاری وا لەو وڵاتە پڕ لەخۆشی‌و ئاسوودەیی‌و، پڕ میوەجات‌و نێعمەتەدا، ڕووداوێكی چاوەڕوان نەكراوە بۆیان، وە بە خەتەرێكی گەورەی دەزانێ، بۆیە زۆر بەوردو ژیرانە بیر دەكاتەوەو، بێ مەشۆرەت بەدامو دەزگای دەوڵەتەكەی هیچ بڕیارێك نادات، وەبەهیچ شێوەیەك بەر ترس‌وبیمی ئەو هەڕەشەیە ناكەوێ كە سولەیمان پێیگوتوو: ﴿لاتعلوا علیّ وأتونی مسلمین﴾، ئەمەش بەپێچەوانەی زۆرێكی زۆرینەی پاشاو دەسەڵاتدارەكانی دنیا – بەژن‌و بە پیاوەوە – كەزۆر بەپەلەو بەملهوڕانە بڕیاری جەنگ‌و كوشتار دەدەن، بەرامبەر هەرشتێك لەگەڵ بەرژەوەندییەكانیاندا نەگونجێت !

بەڕاستی پاشای ئاوا – بەتایبەتی ئەو ژنە بەڕێزە – كە دەڵێت: ﴿یاأیُها الملأ أفتونی فی أمری ماكنت قاطعة أمرا حتی تشهدون﴾ ئەی گەورەكانی ولات ! بابزانم بەرامبەر بەو ڕووداوە ڕاتان چییە....؟ دڵنیاشبن – وەكو پێشتر بێ ئێوە هیچ بڕیارێكم نەداوە – ئێستاش هەتا ڕای ئێوە نەزانم، هیچ بڕیارێك نادەم.

ئینجا – هەروەكو باوونەریتە بۆ پیاوانی دەستو پێی دەوڵەت – ئامادەیی خۆیان دەردەبڕنو، كۆتا بڕیاریش دەدەنە دەستی پاشا: ﴿قالوا: نحن أولو قوة وأولو بأس شديد. والأمر إليك فانظري ماذا تأمرين﴾. پێیدەڵێن: بێ خەمبە، ئێمە خەڵكانێكی بەهێزو بەهەڵمەتین، لەگەڵ ئەوەیشدا خۆت چاك دەزانیت.

ئەگەر ئەم ژنە، ئافرەتێكی تەواو ژیرو فامیدە نەبووبا، دەبوو بەو كەشوفشەی پیاوانی دەوڵەتەكەی لەخشتە بردباو بەرنامەی جەنگی ڕاگەیاندبا، كەچی دەیەوێ نەتەوەكەی لەشەڕو هەراو كێشە بپارێزێو تووشی هەڵدێریان نەكات، بۆیە قورئان لە سەر زمانی ئەو دەڵێت: ﴿إن الملوك إذا دخلوا قرية أفسدوها وجعلوا أعزة أهلها أذلة وكذلك يفعلون وإني مرسلة إليهم بهدية فناظرة بم يرجع المرسلون﴾.بێگومان كە دەسەڵاتداران – بەتایبەتی پاشاكان – هەركە بەشەڕو هەراو جەنگ چوونە شارێكەوە كاولو وێرانی دەكەن، سەروەتو سامانی بەتاڵان دەبەن، سەركردەو سەرۆكەكانی ڕیسواو زەلیل دەكەن... جا من بۆ خۆ لادان لەهەڵگیرساندنی شەڕێكی كاولكەری وا، دەستو دیارییەكی باشو بەنرخیان بۆ دەنێرم، ئەوسا چاوەڕوان دەبم، وەڵامیان چۆن دەبێ؟

لەوەدەچێ – بەدەر لە گۆڕینی هەڵوێستیان بەرامبەر بە شەڕەكە – دەیشیەوێ (سولەیمان) بەو دیارییە تاقی بكاتەوە، ئەگەر قبووڵی كرد، دیارە پیاوێكی دنیاییەو، بەم جۆرە شتانە خۆمانی لێ لادەدەین، خۆ ئەگەر قبووڵیشی نەكرد، بێ شك كارەكە، كاری ئاقیدەو ئایدۆلۆژیایەو بەم شتانە چار ناكرێت.

لەم كاتەدا پەردە لەم دیمەنە دادەرێتەوەو، لەناكاو شاندەكەی (بەڵقیس) بەخۆیانو دیارییەكەیانەوە لەبەردەم سولەیماندان ! دەبینن سولەیمان لەو هەدیەو دیارییە زۆر بێ نیازو بێ تاقەتە، لەوە بێ تاقەتە كە دەیانەوێ بەو هەدیەو جۆرە شتانە، ڕێگای بانگەوازەكەی پێ بگۆڕن، بۆیە لەوپەڕی متمانە بەخۆییو بەڕاشكاوانە دەڵێ: ﴿أتمدونن بمال فما آتاني الله خير مما أتاكم بل أنتم بهديتكم تفرحون إرجع إليهم فلنأتينهم بجنود لا قبل لهم بها ونخرجنهم منها أذلة وهم صاغرون﴾ ئەوە ئێوە دەتانەوێ بەو سەروەتو سامانە لەخشتەم بەرنو لەئیشەكەم ڕامگرن؟ هەرگیز بیر لە كارو كردەوەی وا نەكەنەوە، چونكە ئەوی خوا پێیداوم زۆر زۆرترو باشترە لەوەی بەئێوەی بەخشیوە (زانستو زانیاریی و پێغەمبەرێتیی و،كەویكردنی جنییو پەلەوەر، من بەهیچ شتێ لەوانە ئێوە بۆم دەنێرن خۆشحاڵ نیم، لەخشتە ناچم، ئێوەن بەو جۆرە هەدیەو دیارییانە دڵخۆشن.

هێمان لەو قسانە ڕەقتریشیان پێ دەڵێت، پێیان دەڵێت: خۆتانو دیاریتان وەگەڕێنو

چاوەڕوانی چارەنووسی خۆتان بن، ئەمەیش سوێندی بێت، لەشكرێكی وا دێنمە سەریان، بەهیچ جۆر نەتوانن رێی لیٚ بگرنو، دەرەنجامیش بەڕیسوایی دەریان دەپەڕێنم.

لێرەدا ئەم دیمەنەش كۆتایی دێتو، لەشێوەی گەڕانەوەی شاندەكەی بەڵقیسو هەڵوێستیان چۆن بوو بێدەنگە؟ كەچی كتووپڕ دەنگوباسی هاتنی بەڵقیس پەیدا دەبیٚو، سولەیمانیش بەمە دەزانیٚ و، لای سوپاكەی دەكەوێتە سەروخواری هێنانی تەختو عەرشی پاشایەتیەكەی، بۆیە گوتی: ﴿يا أيُها الملأ أيكم يأتيني بعرشها قبل أن يأتوني مسلمين﴾ ئەی دەستو پێی دیوان ! بەرلەوە ئەوانە بێن داوای (ئەمان) بكەن، كیٚ دەتوانیٚ تەختی ئەو ژنەم بۆ بێنیٚ....؟. لەوەدەچیٚ سولەیمان بیەوێت، بەرلە گەیشتنیان، تواناو دەسەڵاتێك نیشان بدات، پتر ملیان پیٚ ڕاكێشیٚو، خۆ تەسلیم بكەن بەخوای باڵا دەست.

دیارە نواندنی هێزو توانایی لەبەردەم بەرامبەری نەیاردا دەبێتە مایەی دابەزینی لەسەر هەر خەیاڵێكی خراپ هەیبێت، دیارە موسڵمانیش دەبیٚ هێزو دەسەڵاتیان هەبیٚ، چ دارایی، چ سەربازییو تەكنیكی، بۆ چاو بەسی خەڵكانی نەیارو ناحەز، بۆ تۆقاندنو شەرم كردن لەبەرامبەریان، گەر بزانن بەرامبەرەكەیان بەتواناو خاوەن هێزە، زۆر كەم بیر لە لەشكركێشی دەكاتەوە بۆی، وەزۆر بەئاسانی خۆ دەدات بەدەستەوە.

سولەیمان لەداواو پێشنیازەكەی بوویەوەو، جنییەكی زەبەلاحی زلحۆرت گوتی: ﴿أنا آتيك به أن تقوم من مقامك وأني عليه لقوي أمين﴾ بەر لەوە لەجێی خۆت هەستی، من بۆتی دێنم، دڵنیاشبە بەتواناو دەسپاكم.

سولەیمان ئەو ماوە بەزۆر دەزانیٚ و، هەڵدەستیٚ هەوڵی تری بۆ دەدات، بۆیە ئەوشارەزاو زانا بە كتێب بوو گوتی:﴿أنا آتيك به قبل أن يرتد إليك طرفك﴾ ئەمن بەر لەوەچاوت بترۆكێنی بۆتی دینم،جاكە سولەیمان دیتی تەختەكەی بەڵقیسی لایە، لە بەرامبەر ئەوەوەدەعیەوفیز نایگرێت، بەڵكو شوكرانە بژێر دەبیٚ و دەڵێت: ﴿هذا من فضل ربّي ليبلوني أأشكر أم أكفر ومن شكر فإنما يشكر لنفسه ومن كفر فإن ربي غني كريم﴾.

واتە: ئەمەش هەر فەزڵو چاكەی پەروەرێنی خۆمە، دەیەویٚ تاقیم بكاتەوە: ئاخۆ شوكرانە بژێرم، یان سوپڵەو پێنەزان، خۆ هەر كەسێك شوكر بكات، بۆ خۆی دەكات، كێش سپڵە بیٚ، بێگومان پەروەردگاری من زۆر بیٚ نیازو دەهندەیە.

هێنانی ئەو تەختەی (بەڵقیس)ـە لەسەبای (یەمەن)ـەوە بۆ (فەلەستین) بەر لەچاوترووكانێك، هەر كەسێك باوەڕی بەتوانایی خوای باڵادەست نەبیٚ، بیٚ شك دەكەوێتە نێوان كۆمەڵیٚ شكو گومانو بیٚ ئاسانی تەسلیم نابێتو، سەد پرسیار بۆ خۆی دروست دەكاو دەڵیٚ: بیٚ هۆكارو

سەبەب، ئەو ماوە درێژەیە چۆن دەبڕدرێ...؟ زانستو زانیاریی ئەو سەردەمە کەی هێندە بووە، خۆ ئێستاش هێمان هەر بەوە نەگەیشتووە! ئەی ئەو تەختە گەورەو مەزنەی پاشایەتیەکەی بەڵقیس چۆن هاتو کێ توانی بەوەندە مەودا ئامادەی بکات؟.

بەڵام مرۆڤی ئیماندار، زۆر بەسادەو ئاسانیکەوە، باوەڕ دەکاو تەسلیم دەبێ، دەزانێ کاری وا بۆ خوای باڵادەستو بەدیهێنەری بوونەوەر، زۆر زۆر کەمو بچووکە، چونکە هەموو شتێکی لەنەبوونەوە سەر پێهەڵداوە، ئەی باشە ! چۆن ناتوانێ زانیاریی و سەلیقەو توانایەکی وا خەڵاتی کەسێك بکات — خۆی هەڵبژێرێ بۆ ئەو کارە — ولەچاوتروکاندنێك جێبەجێی بکات.....؟

پاش ئامادەکردنی تەختەکەی بەڵقیس، سولەیمان هێمان دەیەوێ شتێکی تری سەرسوڕهێنەری نیشان بدات، هەتا بزانێ ڕێژەی زیرەکی ئەو شاژنە چەندە؟، هەتا بزانێ سەری لێدەردەکات، یان چەواشە دەبێو سەری لێ تێك دەچێت؟: ﴿قال: نكّروا لها عرشها ننظر أتهتدي أم تكون من الذين لا يهتدون﴾ سولەیمان گوتی: هێندێ نیشانەی تەختەکەی لێ بگۆڕن، خۆشمان تەماشا دەکەین: ئاخۆ پێی دەزانێ، یان سەری لێ دەرناکات؟

بەڵێ دوای ئەو هەموو خۆ ئامادەکردنەی (سولەیمان)ـە ﷺ لەڕووی بەڵقیسدا، ئەوجا کە بەڵقیسیش هاتو، پێیانگوت: مەگەر ئەمە تەختەکەی تۆ نییە؟ گوتی لەوەدەچێ.

بەڕاستی ڕووداوێکی کتووپڕ بوو، هاتە پێشێ بۆ (بەڵقیس) ! ئەولە (بيت المقدس)ـەوە هاتووە، خۆ بەرلەوەش بێت کۆشكو تەلاری پاشایەتی خۆی قوفڵکردووەو، پاسەوانێکی زۆری بەدەوردا داناوە، ئێستا ئەمە چیە؟ بڵێی عەرشەکەی ئەو بێت، جا باشە ئەگەر ئەو بێت، چۆن هاتووەو کێ هێناویەتی ؟ خۆ ئەویش وەڵامێکی زۆر ژیرانەی دایەوەو گوتی: هەر دەڵێی خۆیەتی !. ئیتر بەڵقیس گوتی: هەر ئەو دەمە کە نامەکەو پەپووسێمانەکە هاتو، دیتم سولەیمان دیارییەکەی وەرنەگرت زانیم کە ئەوە پاشایەکی دنیایی نییە، بەڵکو پێغەمبەری خوایە، بۆیە هەر ئەوکات موسڵمان بووین.

بەڵام لەبەرئەوە کە خۆیو قەومەکەی (ڕۆژ)یان دەپەرست، ئەو ڕۆژپەرستنە بوویە لەمپەڕێك لەڕووی باوەڕهێنانو پەرستنی خوای باڵادەستدا، دیارە وا ئێستا تەسلیم بوون.

سولەیمان ﷺ بەرلە گەیشتنی بەڵقیس، شتێکی سەیرو سەمەرەتری نیشاندا، هەتا باشتر مل ڕاکیشێو خۆ بەدەستەوە بداو، وانەزانێ هەر ئەودەسەڵات و توانای هەیە، بۆیە قورئان دەفەرمووێ: ﴿قيل لها ادخلى الصرح فلمّا رأته حسبته لجّة وكشفت عن ساقيها قال إنه صرح ممرّد من قوارير قالت ربّى إنى ظلمت نفسى وأسلمت مع سليمان لله رب العالمين﴾.

بەڵێ کە گەیشتو، بردیان بۆ کۆشکی میوانداریی و حەوانەوە، پێیگوترا: دەفەرموو بچوو ئەم کۆشکەوە، بەڵام چونکە ناوەکەی لە بلوورو شووشە دروستکرابوو و ژێرەکەیشی ئاو بوو، بەڵقیس شا، تووشی حاڵەتێکی نائاسایی بوو و، وا لێی تێگەیشت دەریایەو، ئەگەر بەناویا بچێت لاقەکانی تەڕ دەبن! بۆیە هەردوو لاقی هەڵکرد، هەتا تەڕ نەبێت، ئینجا کە سولەیمان ﷺ ئەو حاڵەتە نائاساییەی بەڵقیسی دیت،گوتی: ئەوە تۆ بەدەریای دەزانیت، کۆشکێکە لە شووشە ! بەڵقیسیش خێرا گوتی: ئەی پەروەردگارم ! بێ شك من ستەمم لەخۆمکرد (ئەو ماوەیە لەتۆ دوور بووم، وا ئێستا لەگەڵ سولەیمان ملکەچ بووم بۆ پەروەردگاری جیهانیان.

بەڵێ ئیمان بەخوا هەموو کەسێك – دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات – دەباتە ڕیزی یەکەوە، ئەوەتە (بەڵقیس)ی ڕۆژپەرست ی دوێنێ، ئەمڕۆ لەگەڵ سولەیمان پێغەمبەردا – هەردوو پێکەوە ملکەچی فەرمانی خوان. لێرەدا کۆتایی بەم باسەی (بەڵقیس)ـە دێت و، ئەنجامەکەی بەباوەڕهێنانی ئەو تەواو بوو، لە بەر ئەمەش خوای کارزان ئەم ڕووداوە بۆ پێغەمبەر – ص– دەگێڕێتەوە، تا قوڕەیش – کە بەلایانەوە زۆر سەخت بوو، لەبەر عینادیو خۆ بەگەورە ڕاگرتن، دوای پێغەمبەر بکەونو ببێتە گەورەیان – چاك بزانن کە ئیسلام بوون بۆ خوا، جیاوازی لە نێوان ئەموئەودا ناهێڵێت، کەسێك نابێتە سەرۆك و، کەسێکیش ژێر دەستە، بەڵکو هەموو لەگەڵ پێغەمبەرەکەدا دەبنە موسڵمان بۆ خوای جیهانیان: ﴿وأسلمت مع سليمان لله رب العالمين﴾.

ژنانی ئاکار خراپیش هەن:

گوتمان مرۆڤ بەهەردوو جۆرەکەیەوە – ژن وپیاو– ئاکار چاکی هەیەو، بەدکاریشی هەیە، هەرکامێکیان چاك بوو چاکە، هەر کامێکیشیان خراپ بوو خراپە، لە پێشەوە هێندێ ژنی ئاکار چاکمان باس کردن، ئێستاش بڕێ لە ژنانی بەدرەفتار دێنینە ناو باس، بەمەبەستی ئەوەکە ژنیش مرۆڤەو، قابیلی هەڵەو پەڵەیە و،نابێ هەمیشە خۆی بە فریشتە بزانێت، وەکو پیاو هەردوو جۆرەکەی هەیە و نابێ ئەمیش هەمیشە هەموو خراپەو تاوانێك لەوەوە بزانرێ، فەرموو ئەمەیش – بۆ نموونە – ئەم چەند ژنانە:

١،٢– ژنەکانی هەریەك لە (نووح)و لە (لووط) سڵاویان لێ بێت:

قورئانی پیرۆز لە سوورەتی (تەحریم) لەبارەیانەوە دەفەرمووێ: ﴿ضرب الله مثلا للذين كفروا امرأة نوح وامرأة لوط كانتا تحت عبدين من عبادنا صالحين فخانتاهما فلم يغنيا عنهما

من الله شيئاً وقيل ادخلا النار مع الداخلين﴾ ١٠. واته:خوا ژنەکەی (نووح)و ژنەکەی (لووط) بەنموونە بۆ کافرەکان دێنێتەوە کە: هەریەکەیان ژنی بەندەیەکی صاڵحی خوا بوون، هەردوو خەیانەتیان لێکردن، ژنەکەی نووح پاڵیدا بە نەیارەکانی (نووح)ەوە، ئەمیش وەکو ئەوان گاڵتەو مەسخەرەیان بە نووحو بانگەوازەکەی دەکرد ! ژنەکەی (لووط)یش، ڕێنمایی قەومەکەی دەکرد بۆ گیانی میوانەکانی (لووط)، کە نەتەوەیەکی فاحیشەچیو بەدکاربوون ! دیارە ئەمە خەیانەتە لە ڕێبازی دینو مەزهەبی مێردەکانیان ! ئەم دوو ژنە هەرچەندە خێزان وهاوسەری پێغەمبەران بوون لە گەڵیان ژیان، بەڵام کەنەهاتنە ژێر بەیداخی دینی خواوە، بوونە جەحەننەمیی و، لەگەڵ جەحەننەمییاندا ڕەوانەی ئاگر کران. کەوابووبە یاسای خوا: هەموو کەسێك بەگوناحی خۆی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکریٚو تۆڵەو سزای دەدریٚ، لەو لایشەوە بە گێڕانەوەی ئەم داستانە بەژنەکانی پێغەمبەرمان (محمد – ﷺ) دەڵێت: ئێوەش وریابن! ئاگاداری خۆتان بنو بۆ خۆتان چاك بن، ئەگینە حیسابی ئەوانتان بۆ دەکریٚ، چونکە بەهاوسەری بوونتان بۆ پێغەمبەر ﷺ بیٚ پەیڕەوی لەو، بێهوودەیە. کەوابووژنانیش لە ئەحکام ویاساو ڕێسای قورئاندا جیٚوڕێی خۆیانیان هەیەو، هەموو کردارو وتارێکیان حیسابی لەسەرە، بۆیە دەبیٚ هەوڵی چاکەو چاکسازی بدەنو، بۆ خۆیان کارو کردەی چاك ئەنجام بدەن، چونکە ئەوانیش بەشێکی ئەم کۆمەڵگەیەنو، ئەم کۆمەڵگەیە بیٚ ئەوان کەم وکورت وناتەواوە.

٣- ژنەکەی عەزیزی میسر / زلێخا:

ئەم ژنە، ژنی عەزیزو دەسەڵاتداری میسرەو، (یوسف)یش وەجاخزادەو نەوەی پێغەمبەرانە، پاش ئەو خەیانەتە براکانی بەرامبەریان کردو فڕەیاندایە قووڵایی بیرەکەوەو، کاروانێك هاتو سەتڵێکیان هەڵدایە ناویەوە بۆ ئاو هەڵگۆزین، کەچی ئەوی هێنایە سەر، ئینجا هەڵسان بەنرخێکی زۆر هەرزانو کەمبەها فرۆشتیان ! قەدەری خوا وابوو ئەو بکەوێتە دەستی (عەزیز)ی میسرو بیکاتە خوڵامو ئیشوکاری ماڵەوەی پیٚ بکەن، چونکە (عەزیز) – وەکو دەڵێن – لەتەمەنی چل ساڵیدایەو، (زلێخا)ش لەدەوروبەری سی ساڵدایەو، هێشتا بیٚ منداڵن.

لەوەدەچێت ئەم قۆناغەش بۆ (یوسف)، تاقیکردنەوەیەکی تر بێت، چونکە هەرکە چووە ماڵی گەورەی (میسر)و لەبەردەست شاژندا کەوتە ئیشوکارو بێرەو بچۆ، لەبەرئەوە کە یووسف لاوێکی ئێجگار جوانو شیرین بوو، زلێخاش بەرنامەی لێدەگۆڕیٚو دەیەویٚ ئەوینبازی لەگەڵ بکات!

بۆ ئەمە دەچینە خزمەتی سوورەتی (یوسف)، گویٚ دەگرینو ورد دەبینەوە بزانین چ

دەقۆمیٚ: ﴿وراودته التى هو فى بيتها عن نفسه وغلّقت الأبواب وقالت هيت لك قال معاذالله إنه ربّى أحسن مثواى إنه لا يفلح الظالمون﴾٢٣. واته: ئەو ژنەى (عەزیز) کە یووسف لە ماڵی ئەوا بوو، پێمایە یووسفو تەمای تێکرد. هەڵسا بۆ ئەنجامدانی ئەوەش دەرگاکانی لیٚ بەستو گوتی: خێرا ئامادە بە.....! دیارە ئافرەتێکی شاژنی شۆخو شەنگو لەسەرەتای تەمەنیدا، لاوێکی جوان چاكو هەڵكەوتەش وەكو یوسف، ڕۆژ دوای ڕۆژ پتر بەرەو جوانی دەچیٚ، لەماڵێکی تەنیاو چۆڵدا دابنریٚ، قابیلی ڕوودانی کاری دزێوی وایە، قابیلە شاژن تەماح بکاتە خولامەکەی خۆیو، پشت ملی بگریٚو بیەویٚ ئەو کارەی لەگەڵ بکات، خۆ ئەگەر یوسف، خوا نەیپارازتایە — وەكو لەئایەتەكەی تردا دێت — ئەوا كار لەكار دەترازا.

بێگۆمان ئەمە ئامۆژگارییەکی بەرزی کۆمەلایەتییو خێزانی تێدایە بۆ هەموو کەس و بۆ هەموو خێزانێك، بەتایبەتی بۆ پاشاو پیاوە هەڵكەوتووەكان، ئەوانەی هەمیشە لە گوزەرانی خۆشدانو ڕادەبوێرن کە: خەڵکی نەیارو دزێو نەبەنە ناو ماڵو منداڵ، هەتا ژنو کچەکان گیرۆدەی ئەوین نەبنو دەست درێژی روونەدا، خۆ ئەگەر هەر پلەوپایەیەك لە ئەوین گەورەتر بوایە، دەبوو زلێخا پێی عەیب بوایە، بیر لەوە بکاتەوە لەگەڵ یوسفێکی خولامی خزمەتکاری خۆیدا دەست تێکەڵ بکات، دیارە ئەوین لەهەموو شتێك مەزنترە، دیارە ڕەتدانەوەی (غەریزەی جنسیی) زۆر سەختە، مەگەر لاوێکی وەکو یوسف — کەئەویش دەستی خوای پێوە بوو — پارێزراو بێت.

ئەمەی من دەیڵێم، مانای دڵپیسیو بەدگومانی نییە لە هاوسەرو خێزانەکان، بەڵکو حەقیقەتو واقیعێکەو، سەدانو هەزاران جار، شتی ناپەسەندی وا ڕوویداوەو ڕوودەدات، بەلام ئێستا — بەداخەوە — ئەوی زۆر بەهەرزانو بیٚ لەمپەر دەسکەوێت ئەو کارەیە! ئەوی ئالای ئازادی بۆ بەرز کرابێتەوە — لێرەو لەویٚ — ئەوەیە، هیوادارم پەندو عیبرەت لەم بەسەرهاتەی شاژنو خولامەکەی وەربگیردریٚو، ئامۆژگاریەکانی ئیسلام لەبەرامبەر جلی بالاپۆشو تێکەڵ نەبوونی ژنوپیاوی نامەحرەمو، بەدروست بوونی (خەڵوەت)ی ژنو پیاوی نامەحرەم ڕێگە نەدرێت.

ژنەکە بەیوسفی گوت ئامادەبە ! یوسفیش گوتی: پەنا بەخوا، چۆن ئامادەبم؟! مەگەر مێردەکەی تۆ گەورەو ئاغام نیە، ڕێزی نەگرتووم، لەبیرەکە ڕزگاری نەکردمو لەتەلاری پاشایەتی خۆیدا جێی نەکردمەوە؟؟ بەراستی کاری وا تۆ لەمن داوای دەکەیت، کاری پیاوانی ناهەقکارە، بیٚ شك پیاوانی وایش لەسزاو تۆڵە ناخەلەسێن.

یوسف هەرلە یەکەم قۆناغدا، زۆر بەمەردانە، وەلامێکی جەرگ بڕی زلێخای دایەوە،

زلێخاش – پاش ئەوە – لێبڕا بەهەر جۆرێك بووبێ مەبەستەکەی خۆی پێ جێبەجێ بکا: ﴿ولقد همت به وهم بها لولا أن رأى برهان ربه....﴾ بەخوا سوێند بێ، بەدڵ لێبڕا ئەو کارە بە یووسف بکات،بەڵام یوسفی لاوی تازەپێگەیشتووی بەردەستی شاژن لە کۆشکی پاشایەتییدا، خوا چاودێری کردو دڵی داچڵەکاندو نەیهێشت توخنی ئەو کارەدزێوو ناپەسەندە بکەوێتەوە، ئەگەرچی وەکو ئینسانێك نەفسیشی بۆی لێدابێ ! ﴿كذلك لنصرف عنه السوء والفحشاء إنه من عبادنا المخلصين﴾٢٤. خوا دەیەوێ و مەبەستییەتی (یوسف) لەکاری خراپو دزێوو ناپەسەند وەدوورخا، چونکە یووسف یەکێکە لەبەندە پاكو دڵسۆزەکانی خوا، یوسف بۆ خۆی لێبڕا لەوجۆرە کارانە هەڵبێت، خواش پشتیوانی لێ کرد ﴿واستبقا الباب وقدت قميصه من دبر وألفيا سيدها لدى الباب قالت ماجزاء من أراد بأهلك سوءاً إلا أن يسجن أو عذاب اليم﴾٢٥. هەردوو بەکێبەرکێ بەرەو دەرگاکە چوون، یوسف بۆ خۆڕزگارکردن لە چەنگ ژنە ئەوینبازەکە، ژنەکەش بۆ ئەوە یووسفیلەدەستی دەرنەچێتو کارە ئاژەڵیەکەی ئەنجام بدات، کەوتە سەر یوسفو لەپشتەوە دەستی گەیاندە کراسەکەیو دڕاندی، لەناکاو لە دەم دەرگاکەدا تووشی (عەزیز) یمێردی زلێخا بوون، زلێخاش خێرا پێیگوت: دەبێ سزاو تۆڵەی کەسێ چی بێت، بیەوێ لەگەڵ ماڵو خێزانی تۆدا کاری شوورەیی بکات؟

ئەم ژنە ژنێکی ئەوینبازە، دەیەوێ پاکانە بۆ خۆی بکاو، یوسفیش – لەناو نەچێت – بۆیە گوتی: بەدەر لەزیندانی، یان جەزرەبەو سزایەکی بەژان، هیچی تری شایستە نیە ! ﴿قالَ هى راودتنى عن نفسي وشهد شاهد من أهلها إن كان قميصه قد من قبل فصدقت وهوَ من الكاذبين﴾ ٢٦. یوسف ناچار بوو پەردە لەسەر ڕاستیەکان هەڵماڵێو بڵێ: ئەوبوو لەمن پێچاو تەماحی کرد لێم، لەم قسەو باسانەدا بوون، یەکێ لەخزمەکانی ژنەکە ئەم لێدوانەی داو گوتی: ئەگەر کراسەکەی لەلای پێشەوە دڕابوو، ئەوە ژنەکە ڕاست دەکاو، یوسف درۆزنە، (چونکە دەکرێ یوسف دەرگای بەو گرتبێتو، ئەویش – بۆبەرگری لەخۆی – بەرەو ڕووی چووبێو دەستی لە کراسەکەی گیر کردبێو بەدەستیەوە دڕا بێ).﴿وإن كان قميصه قد من دبر فكذبت وهو من الصادقين﴾٢٧. خۆ ئەگەر لەدواوە دڕابوو، ئەوە ژنەکە درۆیکردوەو، (یوسف) ڕاستەو لەڕاست بێژانە، چونکە هەڵدەگرێ ژنەکە یەخەی پێگرتبێو، ئەویش – بۆ خۆلادان لەو کارە دزێوە – هەڵهاتبێو، ئەمیش لەدواوە دەستی بە کراسەکەی گەیشتبێو، بەدەستیەوە دڕابێ.

﴿فلما رأى قميصه قد من دبر قال إنه من كيدكن إن كيدكن عظيم﴾٢٨. ئینجا کە

(عەزیز)دیتی لەدواوەوە كراسەكەی دڕاوە، گوتی: بێ شك كاری وا، لە فێڵو فەرەجی ئێوەی ژنان دەچێ، خۆ فرتو فێڵی ئێوەش گەورەو مەزنە.

بەڵێ ئەو پیلانو ڕووداوە مەزنەیە، بەلای بنەماڵە چەواشە بوو وخۆشگوزەرانەكانەوە، شتێكی زۆر بچووكو سادەیەو، هەمیشە دەیانەوێ بە شێوەیەكی زۆر سادەو ساكار كپی بكەنەوە، بۆیە بە یوسف دەڵێن: ﴿یوسف أعرض عن هذا واستغفری لذنبك إنك كنت من الخاطئین﴾٢٩. یوسف ! تۆ ئەم كارە پشتگوێ بخەو، لەهیچ جێگایەك باسی مەكە! (دیارە بەلای ئەوانەوە هەر ئەوەند بەسە بۆ تۆڵەو سەر كۆنە).

زلێخا! تۆش، بێ شك لەهەڵەكارانیت، دەبێ داوای لێبوردن بكەیت، (بەڵێ لەهەموو سەردەمێكدا چینی (ئوروستوقراتی) هەر ئەوەند جورئەت دەكەنو هەر ئەوەندەیان لێدەوەشێتەوە !.

لێرەدا پەردە دادرایەوەو، لەوەدەچێ پاشا هەرئەوەندەی بەبەس زانیبێ بەرامبەر زولێخا بیكـات، بۆیــە (یوســف) هــەر لەكۆشــكەكەدا لای شـاژن دەمێنێتــەوەوئیش و كـاری مـاڵی پێدەكەن، بەڵام خەریكە ئەو ڕووداوە لەناو تەلاری پاشایەتیدا دەچێتە دەرو ژنان لەدەرەوە دەیلێنەوە ! ﴿وقال نسوة فی المدینة امرأة العزیز تراود فتاها عن نفسه قد شغفها حبا إنا لنراها فی ضلال مبین﴾٣٠.لەناوشاردا ژنان وتیان: وای ! ژنەكەی عەزیز تەمەحی لە خولامەكەی خۆی كردووە!، وەئەوینو خۆشەویستی ئەو لاوەیە، چۆتە نێو پەردەی دڵیەوە، بەڕاستی ئێمە وای دەبینین بەئاشكرا چەواشە بووەو سەری لە خۆی تێكداوە ! ئەگینا ئەو ژنە گەورەیە، خێزانی ئەو پیاوە مەزنەیە، چۆن دەچێ لەگەڵ خولامێكی (عیبرانی) فرۆشراودا، ئەوینبازی بكات؟! زلێخاش كە دەزانێ دەنگو باسەكەی كەوتۆتە دەم ژنان، دەیەوێ بەرامبەریان فێڵو فەرەجێ بكات، هەتا ئەوانیش بڵێن بەڕاستی زلێخا ناهەقی نەبووە، كە گیرۆدەی ئەوینی ئەو لاوە بووە ! بۆیە: ﴿فلما سمعت بمكرهن أرسلت إلیهن وأعتدت لهن متكئاً وآتت كل واحدة منهن سكینا...﴾ هەر كە ئەو حیلەو فێڵەیەی بیستن، زانی كە چۆن سەركۆنەیان كردووە، هەڵسا میوانداریییەكی –لەكۆشكی خۆیدا– بۆ كردن و ناردی بەدوایانداو، بۆ هەریەكەیان ڕایەخو پاڵەپشتی بۆ ئامادە كرد، دیارە دێنو دەگەنە تەلارەكەو، كاتی میوە خواردنیش دێتو، بۆ هەریەكەیان چەقۆیەكی میوەخۆر دادەنێ: ﴿وقالت اخرج علیهن فلما رأینه أكبرنه وقطعن أیدیهن وقلن حاش لله ماهذا بشرا إن هذا إلا ملك كریم﴾٣١. وسەرقاڵی میوە پاككردن دەبن، یان بەچەقۆ خەریكی پچڕاندنی گۆشت دەبن، جا لەو كاتەدا بە یووسف دەڵێت: دە ئێستا بچۆ بۆ لایان، جا كە هاتو دیتیان، هەموو

مـەدهوش بـوونو چاویان بڕییـە یوسـفو، لەملایـشەوە – بـیٚ ئاگایانـە – دەسـتو پەنجـەی خۆیانیان بریندار کردو گوتیان: بێخەوشی بۆ خوا ! هەرگیز ئەمە ئادەمزاد نییە، ئەمە – ببیٚو نەبیٚ – هەر فریشتەیەکی بەڕێزە !.

زلێخا کە دیتی وا ژنەکانی تریش، وەکو ئەو مەدهۆش بوون بە یوسف، خۆی بەسەرکەوتو داناو بەڕاشکاوانە ﴿قالت: فدلکن الذی لمتنن فیە ولقد راودتە عن نفسە فاستعصم ولئن لم یفعل ما آمرە لیسجننّ ولیکونا من الصاغرین﴾٣٢. گوتی: ئەوەبوو، کە من بەبۆنەیەوە بۆمە جێی قسەوباسو تەشەری خەڵکان ! ئەها ئێوەش چیتان لێهات بەدیتنی ؟ ئێستاش چاك بزانن کە: ڕاستە من بووم تەمەحم تێکرد، بەڵام ئەو زۆر پەنای هێناو هاواری کرد کە وازی لیٚ بهێنم، دڵنیابن ئێستاش هەر وازی لێناهێنمو، ئەوە سوێندی بێت، ئەگەر ئەوی من دەمەویٚ لێی، جێبەجێی نەکات، تووڕهەڵدەدریٚ بۆ بەندینخانەو بیٚ دەسەڵاتو زەلیل دەکرێت.

یوسفیش لەناو ئەو کۆمەڵە ژنە خۆئارایشکەرانەدا، کەژنان بەسروشت هەمیشە حەزیان لەخۆڕازاندنەوەو خۆ دەرخستنە، دەستی بەندایەتی خۆی بۆ لای پەروەردگاری بەرزەوە دەکاو دەکەوێتە موناجات: ﴿قال رب السجن أحب إلیّ مما یدعوننی الیە وإلا تصرف عنی کیدهن أصب إلیهن وأکن من الجاهلین﴾٣٣. و دەڵیٚ: پەروەردگارم ! بەندیخانەم لا زۆر باشترە، لەو کارەی ئەوان بانگم دەکەن بۆی، ئەر بۆ خۆت فێڵی ئەوانەم لیٚ لانەدەیت، مەیلم دەچی بۆ لایانو دەچمە ڕیزی نەزانو نەفامانەوە. (یوسف چەند خۆی بەپاك بزانیٚ، هێشتای پێویستی هەر بە پەنای زیاتری خوایە، بۆیە ئەو موناجاتو هاوارەی لیٚ بەرزەوەبوو). ئینجا خواش بەهانایەوە هاتوو، هیوای لەدڵی ئەواندا بڕی کە لە یووسف شتیٚ هەڵکرێنن، بۆ خۆیشی تۆکمەتر بوو لە پشت هەڵکردن لێیان: ﴿فاستجاب لە ربە فصرف عنە کیدکن إنە هو السمیع العلیم﴾٣٤.

پاش ئەوە هیچیان لە یووسف سەوز نەکردو هەڕەشەکانیان یووسفی نەرم نەکردو، ئاهەنگێکی –بۆ ژنانی ناوداری نێو شار وەکو خۆی– گێڕاو کوڕە لاوەکەی بۆ نمایشکردنو، ئەوانیش بەبینینی مەستبوونو ئەقڵیان لەدەست دا، شاژنیش بەڕاشکاوانە ددانی نا بەداوەکەدا کە: ئەم تەماحی لەو لاوە کردووە.ئەوەش سوێندی بێت، دەبیٚ فڕە بدرێتە زیندانەوە ئەگەر وەڵامی داخوازییەکەی نەداتەوە، لاوەکەش زیندانی بۆ خۆی هەڵبژارد... پاش ئەم هەموو بەڵگانە بۆ خاوێنی یوسف، کۆشکی پاشایەتی وابەچاك دەزانیٚ کە بۆ ماوەیەك – ئەگەرچی پاكو بیٚ گوناحیشە – لاوەکە زیندانی بکریٚ، بەڵکو لەپێش چاوەوە نەمێنیٚو، وردە وردە لەبیر بچێتەوە !

دیاره ئەوانەی لە کەش‌وهەوای (ئورستوقڕاتیەت)دا دەژین‌و، لەوجۆرە تەلارانەدان، ڕەنگ‌وڕوخساری جاهیلیەتیان لیّ نیشتووە، بۆیە لەباتی زیندانکردنی تاوانبارو، ئازادکردنی بیّ تاوان، دەچن بەپیّچەوانەوە کاردەکەن ! یوسفی بەریی بۆ زیندان‌و، شاژن – پاش ئیعتیراف – بەهەزار ئاو شۆرایەوە !

جا من ئەوەی مەبەستم بوو لە گێڕانەوەی ئەم داستانەدا، تا ئێرەبوو، چونکە تا ئێرە پتر پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە، جا ئیبتیلاو بەڵاکانی یووسف – ماوەی مانەوەی لە بەندینخانەو لیّ نەپرسینەوەی، بۆ دوایی خەودیتنی پاشاو، لیّکدانەوەی تەنها لای یووسف‌و، نەهاتنە دەری لە زیندان، پاش ئەوە پاشا ناردی بەدوایدا، تا ڕاگەیەنراویّك لە کۆشکی پاشایەتیەوە دەردەچیّ، تیّیدا پاکانە بۆ یووسف بکا، بۆ ماوەیەکی تر دەبیّتە وەزیری (ئابووریی)و، برا لاسارەکانی – ئەوانەی خستیانە بیرەکەو فرۆشتیان – لیّیان دەقەومیّ‌و دیّنە لای یووسف بۆ گەنم‌وجۆو دانەویّڵە.... تاد ئەمانە گشت سەر دەنیّینەوە. مەبەستیش لەم داستانە ئەوەیە کە ژنانیش – وەکو پیاوان – ناهەقیی دەکەن‌و، دەچنە ناو تاوانەوەو،، بە حیلەوئیفتیراو دەسەلآتی‌خۆیان، خەڵکی‌بیّ تاوان دەنیّرنە گرتووخانەکانەوەو، خۆشیان وەك سوورەی بانان بۆی دەردەچن !

مەبەست ئەوەیە وەکو گوتمان کە ئەم ئادەمزادەیە – بەژن‌و بەپیاوەوە – چاکیان هەیەو خراپیشیان هەیە، هیچ لایەکیان خۆی بە فریـشتە دانەنیّ‌و، بەرامبەرەکـەی بەشەیتـان ! ئەوی کارەکانی پاك‌و جوان‌و جـــوامیّرانە بـــوو، بیّ شك خۆیشی چاك‌و پاکە، بیّگۆمان پیّچەوانەکەیشی، مایەی خراپی‌و نالـــەباریە.

ژن وپیاوی داوێن تەڕ

پاش ئەوەی کە ژنان، بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا، بەسووك‌و تاوانبار تەماشا دەکران‌و، بەهۆکاری تاوان دادەنران ! ئایینی پیرۆزی ئیسلام دیّت، ئەو ڕاوبۆچوونانەیان بە هەڵەیەکی گەورە دادەنیّ‌و، ئەو دوو (جنس)ە هەردوو وەکو یەك سەیر دەکاو، فەزڵی هیچ کامیّکیان نادات بەسەر ئەوی تریاندا، مەگەر بەتەقواو ئەنجامدانی کاری چاکە، هەروەك هیچ لایەکیشیان بەکارگەی شەڕوخراپە دانانیّ، بەڵکو هەردوولا دەتوانن کاری چاك بکەن‌و خراپەش بکەن، وەکو لە پیّشەوە گەلیّك لەوبارەیەوە دواین، ئیّستاش دەچینە خزمەتی سوورەتی (نوور) کە ئەحکامگەلیّکی تیّدایە – بەتایبەتی بۆ ژنان، بۆ یەکیّ لەو ئەحکامانە دەفەرمووێ: ﴿الزانیة والزانی فاجلدوا کل واحد منهما مأة جلدة ولا تأخذکم بهما رأفة فی دین الله إن کنتم تؤمنون بالله والیوم الآخر ولیشهد عذابهما طائفة من المؤمنین﴾٢. واتە: لە هەریەکە ژن‌وپیاوی داویّن پیس،

سەد شەلاق بدەن، ئەگەر باوەڕتان بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیە، وە بۆ ئەنجامدانی ئەم حوكمی خوایە نابیٚ بەزەیی بتانگریٚ بەرامبەریان‌و، كارەكەتان بۆ پیادە نەكریٚت.

لەسەرەتای هاتنی ئیسلامدا تۆڵەی ژن‌وپیاوی زیناكار ئەوەبوو لەسوورەتی (نیساء)دا، ئایەتی: ﴿واللاتی یأتین الفاحشة من نسائكم فاستشهدوا علیهن أربعة منكم. فإن شهدوا فأمسكوهن فی البیوت حتی یتوفاهن الموت أو یجعل الله لهن سبیلا﴾ دەبوو ژنان لەماڵ نەیەنە دەر، پیاویش قسەی تاڵ‌و تفتی پیٚ بگوتریٚ. جا بۆ دوایی ئەم حوكم‌وبڕیارە نوێیە، لە سوورەتی (نوور)دا هات‌و سەبارەت بەو مەسەلەیەش بە كۆتا بڕیار دادەنریٚ: شەلاق (قامچی = تازیانە) تۆڵەی كچ‌وكوڕە، بەمەرجیٚ موسڵمان‌وباڵغ‌و ژیرو ئازاد (حوڕ) بن. ژن‌وپیاویش (واتە:ئەوانەی لەمارەبڕینێكی شەرعیدا جووتبوون) ڕەجم‌و بەردەباران دەكریٚن، بەپێی ئەوە كە پێغەمبەرمان (محمد-ص)، دەربارەی (ماعیز) و (غامدیە) كاری پێكردووە، وە پێی ئەم فەرموودەیە ئەو حوكمەی دامەزراند: ((خذوا عنّی، خذوا عنّی، قد جعل اللهُ لهن سبیلا: البكرُ بالبكر: جلدُ مأةٍ وتقریبُ سنةٍ، والثیبُ بالثیب جلدُ مأةٍ والرجمُ)) مسند احمد ومسلم، وسنن أبي داود، وابن ماجة، وعارضة الأحوذي.

ئەم بڕیارەش! چونكە ژن‌و پیاو (واتە: جووتبوو لە نیكاحێكی صەحیحدا) ڕێگەی پاك‌وحەلاڵ شارەزان، بۆیە پاش ئەوە ئەگەر لایانداو زینایان كرد، وادەگەیەنێت (فیطرەت)یان تێكچووە، دەبیٚ ئەو تۆڵە سەختەیە بچێژن، بەلاٚم چونكە كچ‌وكوڕ هێمان بەو ڕێگایەدا نەچوون، تۆڵەكەشیان سووكەو تەنها جەلدەو شەلاقە.

شیاوی باسە دەبیٚ كۆمەڵێك لە ئیمانداران – لەكاتی تۆڵەسەندنەكە لێیان – ئامادەبن، بۆئەوە پتر كۆمەڵگە عیبرەت‌و وانەی لێوەرگرن‌و نەهێڵێن ئەو جۆرە كارانە ڕووبدەن، ژن‌و پیاوەكە، یان كچ‌وكوڕەكەش ئەوە دووبارە نەكەنەوە. درێژەی ئەم باسە لەكتێبە فیقهییەكاندا هەیە.

پاشان لەبەر خراپی‌و دزێوی زیناو زەرەرو زیانەكانی و، پتر قێزەونی دەكاو لەمپەرێك دەخاتە نێوان كۆمەڵگەو زیناكارەوە، بۆیە دەفەرمووێ: ﴿الزانی لاینكح إلا زانیةً أو مُشركة والزانیة لا ینكحها إلا زان أو مشرك وحرّم ذلك علی المؤمنین﴾ واتە: پیاوی داوێن پیس، هەردەبیٚ ژنی داوێن پیس، یان بت پەرست بخوازیٚ، ژنی داوێن تەڕیش هەردەبیٚ: یان مێرد بە داوێن پیس بكات، یان مێرد بە بت پەرست بكات، ئەوكارەش بۆ ئیمانداران حەرام‌و بەربەرستكراوە.

ڕاگرتنی كۆمەڵگە بەپاك‌و خاوێنی‌و، ئەنجامدانی كاری (سێكس)یی لە ڕێگای شەرعیی خۆیەوە، خاڵێكە لە خاڵە هەرە گرنگەكانی ئیسلام، بۆیە ئەوند جەختی لەسەر دەكاتەوەو بەو شێوەش تۆڵە دەدات.

ئیسلام لەگەڵ (غەریزە)و هێزی ئارەزوو و سێكسدا دژ ناوەستێو بەشتێكی خراپو قێزەونی دانانێت، بەڵكو ئیسلام دەیەوێ بە شێوەیەكی پەسەندو دوور لە زیانی ڕۆحیی و جەستەیی ڕێكی بخات، مرۆڤ لەشكڵو بچمی ئاژەڵ جیا بكاتەوە، چونكە هەر ئاژەڵ جیاوازی ناخات لەنێوان ئەم جەستەو ئەو جەستەدا بۆ تێركردنی ئارەزووە سێكسیەكانی، یان لە پێكەوەنانی ماڵو حاڵو خێزان بیر ناكاتەوە، ئیسلام بێ هیچ (ضمانات)و دەستەبەربوونێك ئەو تۆڵەیە نادات، بۆیە بەر لە هەموو شتێك كۆمەڵگە لەو كاروكردە ناشیرینو ناپەسەندانە پاك دەكاتەوە: (كچ لە كوڕ، پیاو لەژنان جیادەكاتەوە، ڕێ لەتێكەڵی دەگرێ، ڕێ لەڕوانینو ئەوینبازیی – بۆ تێركردنی ئارەزوو – دەگرێ، بەكەس‌وكاری كچ‌وكوڕ فەرمان دەدات كە ئاسانكاری بكەن بۆیانو، زوو بەیەكیان بگەیەننو ئەستەمو لەمپەڕ مەهێننە بەردەمیان، بروبیانوویان لێ مەگرن، لەدەوڵەت – بگرە لەژنو پیاوبەگشتیی داوا دەكات – كە لەلاوو جوانەكان بپرسێتەوە..) پاش ئەمانە هەموو، ئینجا تۆڵەی داناوە، جا ئەگەر دوای ئەو هەموو (ضمانات)ـە شتێكی وا ڕوویدا، هێشتای دەگەڕێ چارەسەرێك بۆ دەربازبوون لە تۆڵە بدۆزێتەوە، بۆیە پێغەمبەرمان (محمد–ﷺ) دەفەمووێ: ((إدرأوا الحدود عن المسلمین ماستطعتم فإن كان له مخرج فخلّوا سبیله، فإن الإمام أن یخطيء فی العفو خیر من أن یخطيء فی العقوبة)) ترمزي. واتە: هەتا دەتوانن ڕێ چارەسەرێك بدۆزنەوە بۆ ڕاگرتنی تۆڵە، ئەگەر ڕێی دەربازبوونتان چنگ كەوت، لە تۆڵە واز بێنن، چونكە پێشەوا (دادوەر) لە ئازادكردن و عەفوودا هەڵە بكات، گەلێ لەوە باشترە بەهەڵە تۆڵە بسێنێت، خۆ دەزانی پێغەمبەر ص لەگەڵ (ماعین)دا چەندە هەوڵیدا بۆ ئەوە تۆڵەی لێ نەسێنێ ! بەلام (ماعین) هەر سوور بوو لەسەر ئیقرارو بە زینا.

بوختان بۆ ژنانی داوێنپاك

لەبەر ئەوە كە كۆمەڵگە لەكەش‌و هەوایەكی هێمن‌و ئاسوودەدا بژێت، وەدوودڵی و بەدگومانی تێدا نەبێ، وە هەموو كەسێك لە خێزان‌و هاوسەری خۆی دڵی پاك بێ‌و، كەسێك نەتوانێ بەئاسانی تۆمەتباری بكات، ئیسلامی پیروز هات تۆڵەی ئەوانەی درۆو دەلەسە هەڵدەبەستن‌و ژنانی داوێنپاك تۆمەتبار دەكەن، نزیك بە تۆڵەی كوڕوكچی زیناكار، تۆڵەی بۆ دانان كە: (٨٠) شەلاق‌و پووچەڵكردنەوەی شایەتییان بە هەتاهەتایی‌و، بە فاسقدانانیان، ئەمەیە كە خوای میهرەبان لە سوورەتی (نوور)دا دەفەرمووێ: ﴿والذین یرمون المحصنات ثم لم یأتوا بأربعة شهداء فاجلدوهم ثمانین جلدة ولاتقبلوا لهم شهادة أبدا وأولئك هم

الفاسـقون﴾. واتـه: ئـەو كەسـانەی ژنـەداوێن پـاك‌و بەحورمەتـەكان، تۆمـەتبار دەكـەن بـەزیناو شەڕواڵ پیسیی، پاشان بەچوار شایەتەوە نایەن – بۆ چەسپاندنی داواكەیان – ئێوە ئەی موسڵمانان ! (٨٠)قامچیان لێبدەن‌و هەرگیز شایەتیان وەرمەگرن‌و بەوەش لای خوا دەبنە فاسق‌و سنوور بەزێن، مەگەر تەوبە بكەن.

ئەمەیە دین‌و شەریعەتی ئابڕوپارێز، حیمایەتكەری ئوسرەو خێزان، بێگومان ئەگەر تۆڵەی وا لـە بەرامبـەر تۆمەتبارانـەوە دانـەنێت، لەوانەیـە هـەر مرۆڤێكـی لارو لاسـارو ناحـەزی هـەر خێـزان‌و بنەماڵـەو هۆزێـك، هـەر كـات بیـەوێ ئـەو خێزانـە سـووك بكـات لای كۆمەڵگـەی پـاكی ئیسلامیی، بەئاسانی ئەوكارە ئەنجام بدات، بەڵام كەدەزانێ ئەگەر (٤) شایەتی لەگەڵ نەبێت، قسەكە لەسەر خۆی دەكەوێت‌و مۆركی ناعەدالـەتی لـەڕووی دەدرێ‌و ئازاری جەستەیی (٨٠) شەلاق دەچێژێ، ئیتر وا بەو ئاسانیە ئەو كارەی بۆ ناكرێ‌و خۆی دەگرێتە دواوە.

بوختان بۆ هاوسەر

تۆمەتباركردنی خێزان‌و هاوسەر بە زینا، كارێكی ئابڕووبەرترە، وەلەتۆمەتباركردنی ژنانی تـر بەگـشتیی درێـوترەو، بـەو ئاسانیـشە چـوار شـایەت پەیـدا نـاكرێن بـۆ بینـینی لـەكاتی ئەنجامـدانی كارەكـەدا، چونكە ئـەو جـۆرە شـتە حـەرام‌و قەدەغەكراوانـە، هەمیشە لـە شـوێنی پەنامـەكی ونادیـاردا دەكرێن، لەبەرئـەوە حـوكمی تۆمـەتباركردنی هاوسـەر لـە ئیـسلامدا بـە سەخت تر گیراوە لە تۆمەتباركردنی ژنانی تر بەگشتیی، جا بۆ ئاگربەسـت لـە شـەرەف ژنـان‌و بۆ ئەوە هەركەس بەئارەزووی خۆی – هەركات ڕقی هەڵسا لە خێزانێك – نەتوانێ تۆمەتباری بكـات، چـوار شـایەتی داوا كـرد بـۆ چەسـپاندنی ئـەو داوایە،ئەگینـە خـۆی جەزرەبەوسـزا دەدرێـت، ئینجـا بـۆ خێـزان‌و هاوسـەریش – نـەوەك هـەركات ئـەو خێزانـەی نەویـست بـچێ بوختانێكی بۆ بكاو داوێن پیسی بكات، هات پەرژینێكی پۆڵایـەنی ژنەكەی كرد، خۆ ئەگـەر ئەو مێردە هەر گوێی نەداو تۆمەتباری كرد، دەبێ نەحلەت لە خۆی بكاو چوار جار ئەشهەدو بالله بكێشێ كە: ڕاست دەكاو، نەحلەت لەخۆی بكا ئەگەر درۆ بكات، پاشانیش ڕێگایشی بۆ ژنەكە هێشتۆتەوە تا بتوانێ ئەگەر بییەوێ بەرگری لـەخۆی بكـات... جا بـۆ ئەمـە دەچینـە خزمـەتی ئایـەتی (٦-٩)ـی سـوورەتی (نـوور) كـە دەفەرمووێ: ﴿والـذين يرمـون أزواجهـم ولم يكن لهم شهداء إلا أنفسهم فشهادة أحدهم أربع شهادات بالله إنه لمن الـصادقين. والخامـسة أنّ لعنة الله عليه إن كـان مـن الكـاذبين. ويـدرأ عنهـا العـذاب أنْ تـشهد أربـع شـهادات بـالله إنـهُ لمـن الكاذبين. والخامسةَ أنَّ غضَبَ الله عليها إن كان من الصادقين﴾ ٦-٩. واتـە: ئەوكەسـانە بـۆ

ژنەکانیان بوختـان دەکـەنو – جگـە لـە خۆیشیان – شایەتیان نیە، دەبیٚ هەریەکـەیان چـوار جار ئەشهەدو باللە بکێشیٚ کە ڕاست دەکات، بۆ کەڕەتی پێنجەم: نەحلەت لەخۆی بکات ئەگەر درۆ بکات. ئەمە سەبارەت بە پیاوە بوختانکەرەکە، ئینجا ژنەکەش دەتوانیٚ ئەو سزایە (بـەردەباران) لـەخۆی دوور بخاتـەوە بـەوە کـە چـوار جـار ئەشـهەدو باللـە بکێشیٚ کـە: ئـەو پیاوەی درۆی کردووە، بۆ کەڕەتی پێنجەم: بلٚیٚ غەزەبو تووڕەیی خوام لەسەر بێت، ئەگەر ئەو پیاوە ڕاست بکات. ئا بەم شێوەیە ئەوکێشەیە کۆتایی پیٚ دیٚو، ژنەکەش بەهەتاهـەتایی لەمێردەکـەی حـەرام دەبیٚ – ئەگـەر دووگیـانیش بـوو – منداڵەکـە هـی خۆیـەتی و، نـادریٚ بـە پیاوەکە، وەبەیاسای میرات، لەیەکتر میرات دەبەن.

لە (بوخاریی)دا هاتووە: (٤٧٤٥) کە (سەهلی کوڕی سـەعد) گـوتی: (عـووەیمر) چـووە لای (عاصـیمی کـوڕی عـەدیی – گـەورەی بـەنی عـەجلان – وتـی: سـەبارەت بـە پیاوێـك کابرایـەك ببینیٚو لەگـەڵ ژنەکـەی و کـاری بـیٚ شـەرعیی لەگـەڵ بکـات، ئـەمیش بیکـوژیٚ، ئایـائێوە ئـەو بکـوژە دەکوژنـەوە؟ یـان چـی بکـات؟ لەپێغەمبـەر ﷺ پرسـیارم بـۆ بکـە، (عاصـیم چـووە لای پێغەمبــەر ﷺ و پرســیارەکەی لێکــرد، ئــەویش ﷺ لــە پرســیارەکە بێتاقــەت بــوو، پاشــان (عووەیمر) لە عاصیمی پرسیار کردەوە؟ ئەویش گـوتی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ حـەز بـەو جـۆرە پرسـیارانە ناکـات، عـووەیمر گـوتی: سـوێند بـەخوا واز نـاهێنم هـەتا لـە پێغەمبـەر نەپرسـمو وەڵامێــك وەرنــەگرم، هەمیــسان عــووەیمر هاتــەوەو پرســیارەکەی لــە پێغەمبــەر ﷺ دووبارەکردەوە، ئەویش ﷺ فەرمووی: بەڕاستی خوا سەبارەت بەخۆتو خێزانەکەت قورئـانی دابەزاندو بڕیاری دا، ئەوسا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی قورئانەکـەی لەسـەر پیـادە کـردن، ئـەویش نەحلەتەکەی کردو پاشان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! بەڕاستی ئەگەر ئەو ژنە بـەو شـێوەیە ڕاگرم، ستەمی لێدەکەم، ئیتر تـەلاقی داو، ئەو شـێوەیەش بـوو بـە حوکمو یاسا بۆ خـەڵکانی دوای ئـەوان. پاشـان پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: تەماشـا بکـەن، ئەگـەر منداڵەکـەی ڕەشـێکی چـاوڕەش و،نەرمــەی لاڕانــی گــەورە بــوو، وادەزانم (عــووەیمر) ڕاســت بــووە، خــۆ ئەگــەر سوورەیەکی گچکەبوو، پێم وایە درۆی کردووەو (بوختـان بـووە) پاشـان کـە منداڵەکـە لـەدایك بوو، لە (عووەیمر)ی نەکرد.

ئەمەیش دەقی فەرموودەکەیە: (عن سهل بن سعدأن عـویمرا أتـی عاصـم بـن عـدیّ – وکـان سید بنی عجلان – فقال: کیف تقولـون فـی رجـل وجـد مـع امرأتـه رجلاً، أیقتلـهُ فتقتلونـه، أم کیف یصنع؟ سل لی رسـول الله ﷺ عن ذلك. فأتی عاصـم النبـی ﷺ فقـال: یارسـول الله. فکـره رسول الله ﷺ المسائل، فسألهُ عویمر، فقال: إن رسول الله ﷺ کره المسائل وعابها قال عویمر:

والله لا أنتهى حتى أسئل رسول الله ﷺ عن ذلك. فجاء عويمر فقال: يارسول الله، رجل وجد مع امرأته رجلا، أيقتله فتقتلونه، أم كيف يصنع ؟ فقال رسول الله ﷺ: قد أنزل الله القرآن فيك وفى صاجتك. فأمرهما رسول الله ﷺ بالملاعنة بما سمّي الله فى كتابه فلاعنها ثم قال: يارسول الله، إن حَبَستها فقد ظلمتها، فطلقها، فكانت سنة لمن كان بعدهما فى المتلاعنين. ثم قال رسول الله ﷺ: انظروا، فإن جاءت به أسْحَمَ أدْعَجَ العينين عظيم الإليتين خَدلّج الساقين فلا أحسب عويرا إلا أن قد صدق عليها. وأن جاءت به أُحَيْمرَ كأنهُ، وَحَرة فلا أحسبُ عويمراً إلا قد كذب عليها. فجاءت به على النعت الذى نعت رسول الله ﷺ من تصديق عويمر، فكان بعد يُنسَبُ الى أمه)).

تێبـینی: ئیمامی (نەواویی) لە شەرحی (موسلیم)دا دەڵێت: زاناکان لە جیابوونەوەی ژن‌وپیاو (بە شێوەی مولاعە) قسەیان جیاوازە: (ئیمامی مالیك‌و ئیمامی شافیعی‌و جەماوەری زانایان دەڵێن: هەر بەنەحلەت کردنە (ملاعنە)کە ژن‌وپیاوەکە بەهەتاهەتایی لەیەك حەرام دەبن‌و پێویست بەتەڵاقدان ناکات، بەڵام ئیمامی شافیعی (هەروا هێندێ لە مالیکیەکانیش) دەلێێن: هەر بە (مولاعەنە)ی مێردەکە، ژنەکە حەرام دەبێ. (ئەبوو حەنیفە) دەڵێ: پاش (لیعان) دەبێ دادوەر بڕیاری جیابوونەوەیان بدات، هەرچەند جەماوەری زانایان گووتویانە: بڕیاری دادوەری ناوێ بۆ جیابوونەوە.

مەسەلەی زیناو شەڕواڵ پیسی لە ئیسلامدا بەو شێوەیە بووبە کورتیی باسکرا، لەوە بەولاوە هەر کارێکی تر بەرامبەر بە زیناکاران بکرێ، بەبڕیارو حوکمی ئیسلام نییە، بۆ نموونە، ئەگەر برا، یان باوك، یان هەر کەسێکی دی ژن، ئافرەتەکەی لەگەڵ نامەحرەمێکدا دێت، هەرگیز بەو دیتنە بۆی نیە هیچ کامێکیان بکوژێ، چونکە دیتنیان پێکەوە، مانای ڕوودانی ئەو کارە دزێوە نییە، تەنانەتی ئەگەر بەچاوی خۆی بینی خەریکی ئەو کارە بوون، هەر بۆی نیە بیانکوژێ، چونکە ئەگەر کچ‌وکوڕ بن، تۆڵەکەیان قامچی‌و شەلاقە، نەك کوشتن، ئەگەر ژن‌وپیاویش بن، دەبێ یان خۆیان ئیقرار بکەن بەزینا، یان دەبێ چوار شایەت هەبێ بۆ چەسپاندنی زیناکەو تۆڵەکەی، ئەوسا (ڕەجم) دەکرێن،وەدەبێ ئەو کارانە هەموو بگێڕنەوە بۆ دەسەڵاتدارانی موسڵمانان، دەبێ ئەوان حوکم‌و تۆڵەکە جێبەجێ بکەن..... ئیتر (غسل العار) واتە: کوشتن بۆ شتنەوەی عەیب‌وعار لەناموس – بێ ئیسپاتی شەرعیی – لەئیسلامدا ڕێی پێ نەدراوە.

هیوادارم نەیاران‌و ناحەزانی ئیسلام بەوردو چاوی عەدالەتەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەن.پێویستە لەم جێگایەدا پەنجە بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشین وبڵێین کە کچ‌وکوڕ، یان بڵێین

ژن‌وپیاو بۆ تۆڵە وەرگرتن لێیان فەرقێکیان نییە، ئەگەر سەرکۆنەو سەرزەنشتی کچەکە بکرێ، وەیان حاڵەتێکی تری بەرامبەر بکرێ، هەقە بەرامبەر کوڕەکەش، یان پیاوەکەش بکرێ، بەداخەوە ئەمەکە ئێستا لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیەو خووی پێوە گیراوە بۆ نموونە: بەردەبنە گیانی کچەکە، کەچی کوڕەکە لەگوڵ کاڵتری پێ ناوترێ ! لە هیچ شەریعەتێکی ئاسمانیدا نییە، بەپێچەوانەوەدەبێ هەردوو (نێرومێ) وەکویەك تەماشا بکرێن، ئەم ڕاستیەش لە ئایەت و فەرموودەکاندا بەڕاشکاوی دەبینرێ و لەچەرخی پێغەمبەرو خەلیفەکاندا کاری پێکراوە.

سەرەڕای ئەمەش بەکارهێنانی تۆڵە شتێك نییە، بێ خولقاندنی کەش و هەوای پاك بۆ (نێرومێ) و ئاسانکاری بۆ بەیەك گەیاندنیان دانرابێ، نەخێر، بەڵکو بەر لە هەموو شتێك داوا لەباوك و کەس‌وکاریان، ئینجا دەوڵەت و کاربەدەستان دەکات کە: لەکاتی خۆیدا ئەو نێرو مێیانە بەیەك بگەیەنن و گرێ و لەمپەریان بۆ دروست نەکەن، واتە: هەر کچ و کوڕ بەیەك ڕازی بن و خاوەن دین و ئەخلاق بن، بۆ ئەو مەسەلەیە بەسە، ئیتر بیانووی ماڵ و خانووبەرەو خوێندن و بڕوانامەو ئۆتۆمبێلی مۆدێرن و، لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەمانە جێیان نیەو نابێ بکرێنە ئەستەمێك لەبەردەم ژن‌وپیاودا، وەمەسەلەی خاڵیکردنەوەی هێزی سێکس بۆ کچ‌وکوڕ بەشێوەی شەرعیی، خوای میهرەبان خۆی نێرو مێی دروستکردووە، خۆیشی بەو شێوەیە درووستیکردوون کە بگەنە یەك و (نەسل) ونەوەیان لێ بکەوێتەوەو درێژە بەژیان بدرێ.

داستانی بوختانەکە بۆ خاتوو عایشە! خوا لێی ڕازی بێت

دوای باسکردنی بوختان وتۆڵەی بۆختان بەشێوەیەکی گشتیی، پاشان بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ هاوسەرو خێزان، ئێستا نموونەی سەخترین بوختان لە مێژووی موسڵماناندا دێنێتەوە، بوختان بۆ ماڵە پاکە بەرزەکەی پێغەمبەر ﷺ بوختان بۆ (عیرض) و شەرەفی پێغەمبەر ﷺ کەلای خوا زۆر بەرز وبڵوندە، بۆختان بۆ (عیرض) و شەرەفی (صدّیق)ی یارو هاوڕێی پێغەمبەر ﷺ کەلەلای پێغەمبەر ﷺ لەهەموو کەسێك بەڕێزترە، بوختان بۆ هاوەڵێکی پێغەمبەر ﷺ (صفوان بن المعطل) کە پێغەمبەر جگە لە خێرو چاکە شتێکی دی لێ نەدیتووە... بۆختانێکی گەورەو سەختی وابوو، یەك مانگی ڕەبەق بوویە مایەی ناڕەحەتی و بێتاقەتی موسڵمانەکان لە مەدینەدا، یەك مانگ دڵە گەورە پیرۆزەکەی پێغەمبەری ﷺ ئازاردا، یەك مانگ دڵە چاکەکەی (ئەبووبەکر) و دڵە خێرخوازەکەی خاتوو (عایشە) و دڵە بەرزەکەی (صەفوان) لە قەلەق و ئێش و ئازاردا بوون !

دەسا باهـەموو بچینە خزمـەتی خـاتوو (عایشە)و پێکـەوەگوێی بۆ بگرین‌و، لەسـەرەتاوە تاکۆتایی بۆمانی بگێڕێتەوە.

خـاتوو عایشە دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ هـەر کە خـەیاڵی سـەفەرێکی دەکـرد، تیروپـشکی بـۆ خێزانەکانی دەکرد، هـەرکامێکیان ناوی دەرچووبا لەگـەڵ خۆی دەیبرد، جا لەخەزایەکدا – غەزوەی (بنی المصطلق) کە ساڵی پێنجەمی کۆچی ڕوویدا – تیروپشکی کردو ناوی من دەرچـوو، پاشـان – ئەلبـەت دوای هـاتنی ئایـەتی حیجـاب بـوو – لەگـەڵ پێغەمبـەردا ﷺ دەرچووین، شیاوی باسە من بەتەنیا لەناو کەژاوەیەکدا سوار ببووم، ڕۆیشتین تا پێغەمبەر ﷺ لەخەزاکە بوویەوەو گەڕایەوە جا کاتێ بە (مەدینە) نزیك بووینەوە، شـەوێك ڕایگەیانـد کە سوپاو کاروانەکـە بکەوێتـە ڕێگـا، ئـەو حەلـە منـیش بـۆ پێویـستی خـۆم کـەمێك لـە سـوپاکە دوورەوەکەوتم و، ئینجاپاش ئەنجامدانی کارەکەم، گەڕامەوەو دەستم بەرسنگم کەوت، زانیم کـە ملوانکـە (یەمـەن)یەکـەم لـە گەردنمـدا نـەماوە ! ئیتر بـە ناچـاری بـۆی گەڕامـەوەو کـەمێك دواکەوتم، تمەسە هەر دوای من سوپاکە بەڕێ دەکەوێ و دەڕوا، ئەوانەش لەگـەڵ کەژاوەکـەی مندان، کەژاوەکە هەڵدەگرن‌و وادەزانـن منی تێدایـەو دەیخەنـە سـەر وشـتر – ژنـانی ئـەو کاتـە لەڕولاواز بوون و خواردنێکی کەمیان دەخوارد – کاتێکیش کەژاوەکەیان هـەڵگرت، هەسـتیان بەهیچ نەکرد (ئاخۆ کەسێکی تێدایە، یا نا؟) منیش کیـژێکی لاو بـووم، وشتریان لێخـوڕی‌و ڕۆیشتن، پـاش ماوەیـەك لەگـەڕان، ئـەوجا ملوانکەکـەم دۆزیـەوە، کەهاتمـەوە بـۆ سـەربازگەکە، دەبینم نـەدەنگ هەیـە نـەڕەنگ، منیش هـەر لـەو جێگایـە تێیدابووم مامـەوە، دەمزانـی هـەواڵم دەزانـن‌و دەگەڕێنـەوە بەدوامـدا. ئـەوەبوو کەماوەیـەك دانیـشتم، خـەو بردمیـەوەو بـۆ خـۆم خـەوتم. (صـەفوان)یـش پـشوویەکی دابـوو کەوتبوویـە دوای لەشـکرەکەو شـەو درەنگانێـك جـوولاو ڕێـی لـە جێگاکـەی مـن کـەوت، لـەدوورەوە تارمـایی مرۆڤێکـی خـەوتووی دیـت، نزیکبوویـەوەو ناسیمی، چونکە پـێش هـاتنی ئایـەتی حیجـاب دیتبـوومی، منـیش بـەدەنگ گوتنی (إنا لله وإنا إليه راجعون)ی ئەوەوە خەبەرم بویەوە، ئیتر بەچارشێوەکەم دەم و چاوم داپۆشی، سوێند بەخوا تەنیا وشەیەکیشی لەگەڵ نەوتم‌و، جگە لە (إنا لله.....) هیچیشم لـێ نەبیـست، ئینجـا وشـترەکەی پـخ کـردو منـیش سـوار بـووم‌و، ئـەویش حیلـەوی ڕاکێـشاو ڕۆیـشتین هـەتا لەگـەڵ قرچـەی نیوەڕۆدا گەیـشتینەوە پێیـان. ئینجا تیاچـوو ئـەوی تیاچـوو سـەبارەت بەقسەوقسەلۆك دەربـارەی مـن، بەسـەرۆکایەتی (عبداللـە کـوڕی سـەلوول). جا کـە گەیشتمە مەدینـە –لەحەسرەتدا– یـەك مـانگ نەخۆش کـەوتم، خـەڵکیش هـەر لـە بوختانەکە دەدوان‌و بوو بوویە ڕازو نیازیان، ئەگەرچی لـەئێش‌و ئازاری خۆمـدا هیـچیم لـەبیر نـەما بـوو،

بەڵام هەستم دەکرد کە پێغەمبەر ﷺ میهرەبانیەکەی جارانی لە گەڵم نەماوە! چونکە کە جاران نەخۆش دەکەوتم و سەردانی دەکردم زۆر بە میهرەبان بوو، بەڵام ئیستا وانەمابوو، تەنانەتی کە دەهات بۆ سەردانم سەلامی دەکردو بیٚ ناو هێنانم هەواڵ پرسیی لێدەکردم، بۆیە ئەوە پتر گومانی بۆ دروست کردم، ئەگەرچی هەستم بەشتی خراپ نەدەکرد ڕوویدابیٚ، تا چاك بوومەوەو لەگەڵ (ئوم میسطه ح) پێکەوە چووینە دەرەوەی (مەدینە) بۆ دەست بەئاو گەیاندن – کەهەر شەواو شەو دەچووین – چونکە هێمان لە نزیك ماڵەوە جێگەی (ئەدەب)مان دروست نەکردبوو، وەئێمەش هەر بە عادەتی عەرەبی پێشوومان دەکرد، لەماڵیشەوە نەدەکرا (ئەدەب) دروست بکەین، لەبەر ناتەمیزیو شتی وا، جا منو (ئوم میستەح – پووری ئەبووبەکری صدیقو دایکی میستەح) چووین، لەکاتی ڕۆشتندا قاچی لە کراسەکەی هەڵکەوتو گوتی: میستەح ! یاخوا خێر نەیەتە ڕێت ! منیش پێمگوت: زۆر خراپت گوت بە میستەح، چۆن بە پیاوێك قسە دەڵێیت ئامادەی (بەدر) بووە؟ ئەویش گوتی: ئەی کەم سەلیقە، مەگەر نەت بیستووە چی دەڵێن ؟! ئەوسا دەنگو باسەکەی (ئەهلی ئیفك)ی بۆ گێڕامەوە، ئیترمنیش پتر نەخۆشکەوتم و لەش بەبار بووم، ئینجا کەگەڕامەوە بۆ ماڵ، پێغەمبەر ﷺ وەك جاری پێشوو سەلامێکی کردو جۆرە هەواڵپرسییەکی لێکردم ! منیش گوتم: مۆڵەتم بدە دەچمەوە بۆ لای دایكوباوکم – ویستم ئەو هەواڵە لای ئەوان هەڵسەنگێنم – پێغەمبەر ﷺ مۆڵەتی دامو چوومەوە، ئینجا بەدایکمم گوت: ئەو هەواڵە چیە کەوتۆتە دەمی خەڵك ؟ گوتی: کچۆڵەکەم ! ئەوقسەیە زۆر بەکەم سەیر بکە، سوێندم بەخوا کەم ڕێکدەویٚ ئافرەتێکی جوانی هەوێدارو خۆشەویست لای مێردەکەی قسەی هەمەجۆرەی لەسەرنەکرێت، گوتم: سبحان الله ! هەر بەڕاستی مەردم ئەو بوختانە باس دەکەن؟ خاتوو عایشە دەڵیٚ: ئەو شەوە تا بەیانی فرمێسك لەچاوم نەوەستاو، خەویش لەچاوم نەچوو، جا بۆ بەیانیەکەی پێغەمبەر ﷺ (عەلی کوڕی ئەبوتالیب)و (ئوسامەی کوڕی زەید)ی بانگکردو داوای لیٚ کردن چی بکریٚ باشە؟ چونکە ئەوماوە (وەحی) نەهات،(ئوسامە) گوتی: سوێند بەخوا خێروچاکە نەبیٚ بەرامبەر بەخێزانت شتێکی تر نازانم ئەی پێغەمبەری خوا !. (عەلی)یش گوتی: خۆ خودا دەرگای لیٚ دانەخستوویت ئەی پێغەمبەر ! ژنانی تر زۆرن. (ئیمامی نەوەوی دەڵێت: ئەم قسەیە، بۆ پێغەمبەر ﷺ پڕبوو لە خێرو بەرژەوەندی، چونکە زۆر لە قۆناغەکە بێتاقەت بوو، ویستی لەو قەلەقە ڕزگاری بکات، ئەگینە لەدڵا دەیزانی کە خاتوو (عایشە) زۆر پاکە). وە لەجاریەکەی بەردەستیشی بپرسە، چونکە ئەو هەموو شتێك دەزانیٚ، پێغەمبەریش ﷺ (بەریرە)ی کەنیزەکی بانگکردو فەرمووی: ئایاتا ئێستا تۆ شتێکت

له عایشه دیتووه بتخاته گومانەوه؟ (بەریره) گوتی: نەخێر، سوێند بەوەی تۆی کردووه بە پێغەمبەر ﷺ تا ئێستا شتێکم لێ نەدیتووه لەنگو نەنگ بێت، ئەوندە نەبێ کە کیژۆڵەیەکی مندالە، لەکاتی نان کردندا خەوی لێدەکەوێو مەڕو مالأت دێن هەویرەکەی دەخۆن، واتە: هیچ عەیبو ناتەواوییەکی تێدا نیە، ئەمە نەبێ، ئەگەر بەعەیب دابنرێت. ئینجا پێغەمبەر ﷺ هەر ئەو رۆژە داوای لە موسڵمانان کرد کە: لە دەم وزمانی (عەبداللەی کوڕی سەلوول) رزگاری بکەن، وە فەرمووی: کێ عوزرم قبوولێ دەکات بەرامبەر بەکەسێك کەئەو ئازارو بێزارەی دام دەربارەی خێزانەکەم؟ واتە: ئەگەر تۆڵە درا، کەسێك لۆمەم نەکات، بەخوا سوێند، خێرو چاکە نەبێ، شتێکم نەزانیوە بەرامبەر خێزانم، باسی پیاوێك دەکەن، سوێند بەخوا، خێر نەبێ هیچم لێ نەدیتووه، وەلەگەڵ خۆم نەبێ نەهاتۆتە مالم. (سەعدی کوڕی موعاز) هەڵساو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! سوێند بەخوا من عوزرت قەبوولێ دەکەم. ئەگەر ئەمر بکەیت تۆڵەی دەدەین، ئەر لە (ئەوس) بێت لە گەردنی دەدەین، ئەگەر لە برایانی (خەزرەج)یشمان بێت، بفەرموو فەرمانت جێبەجێ دەکەین، ئەو رۆژە فرمێسك لە چاوم نەوەستاو، خەویش لەچاوم نەچوو، باوكو دایکیشم هەر لەلام بوون بەجێیان نەهێشتم، ئەو شەووڕۆژە ئەوەندە گریام گوتم جەرگم لەت بووه. لەم دەمەدا ژنێکی (ئەنصار)یش مۆڵەتی خواستو هاتە ژوورەوه ئەویش لەگەڵم دەستی کردە گریان، پاشان پێغەمبەر ﷺ هاتە ژوورەوەو دانیشت – کە بەڕاستی لەو رۆژەوه ئەو دەنگو باسە سەری هەڵدابوو، دانەنیشتبوو لەلام، مانگێکیش تێپەڕی هیچ (وەحی)یەك لەبارەی منەوه نەهات، پێغەمبەر ﷺ پاش (الحمد للەو شایەتی بەتاكو تەنیایی خوا) فەرمووی: عائیشە ! خۆ دەزانی ئەو قسەوباسەم پێگەیشتووه، جائەگەر پاك بیت، خوا پاکانت بۆ دەکات، وەئەگەر تاوانێکت کردبێت، لەخواداوا بکە لێت خۆش ببێت، چونکە ئەگەر بەندە ئیعتیراف بەتاوانی خۆی بکاو تەوبە بکات، خوا لێی دەپۆشێ. جاکە پێغەمبەر ﷺ لەقسەکەی بوویەوە – ئەوەند سەخت بوو لەلام – فرمێسك بەچاومەوه قەتیسما، ئینجا بەباوکم گوت: تۆ وەلأمی پێغەمبەر ﷺ بدەوه، ئەویش گوتی: سوێند بەخوا منیش زیاد لەوه ئێوه دەیزانن – نازانم چی پێ بڵێم. بەدایکم گوت: دەسا تۆ لە باتی من وەلأمی پێغەمبەر ﷺ بدەوه، گوتی: سوێند بەخوا نازانم چی وەلأم بدەمەوه. دەڵێ گوتم: خۆ من کیژێکی لاوی تەمەن کەمەو ئەوەند قورئانم لەبەرنیە... سوێند بەخوا بێ، بێگومان دەزانم کەئەو قسەو باسەیەتان بیستووه لەدەم خەڵکدایەو دەشزانم لە دڵتاندا ئوقرەی گرتووەو باوەڕتان کردووه، خۆ ئێستا ئەگەر بڵێم دڵنیا بن من بەریم – کەخواش چاك دەزانێ بەریم – ئێوه باوەڕم پێناکەن ! خۆ ئەگەر

ئیعتراف بەشتێ بکەم – کە خوا دەزانێ بەریم لێی – باوەڕ دەکەن ! سوێند بەخوا منیش هەر قسەکەی باوکی یوسف (یەعقووب) دەڵێم: ((فصبر جميل والله المستعان على ماتصفون) (یوسف: ١٨) پاشان لەسەر نوێنەکەم وەرچەرخام و لەخوام دەخواست تەبریئەم بکات، بەڵام هەرگیز باوەڕم نەدەکرد خوا بۆ پاکانەی من وەحی بنێرێت، چونکە خۆم زۆر بەکەمتر لەوە دادەنا قورئان لەشانی مندا بێتە خوارێ، بەڵام هیوام بوو پێغەمبەر ﷺ لەخەوا تەبریئەی منی نیشان بدرێت. سوێند بەخوا پێغەمبەر ﷺ لەو شوێنەی هەڵنەساو، هیچ کەسێکیش لەوماڵەدا لەجێی خۆی نەچوویەدەر، تا وەحی دابەزیە سەر پێغەمبەرو تووشی سەختی وەحیەکە بوو، وەك جاران کەوەحی بۆ دەهات ناڕەحەت دەبوو. تەنانەتی لە ڕۆژێکی سەختی زستاندا دڵۆپە عارەق – وەکو مرواری بێگەرد – لەناو چاویا دەڕژایە خوارێ.

ئینجا کە ئەو بێتاقەتی وناڕەحەتییەی پێغەمبەر ﷺ نەماوکەوتە کەنین و یەکەم قسە کردی، پێی گوتم، ئەی عایشە ! سوپاسی خوا بکە، ئەوا تەبریئەی کردیت، ئینجا دایکم پێی گوتم: هەستە سوپاسی پێغەمبەر بکە، گوتم: سوێند بەخوا هەڵناسم و جگە لەخواش سوپاسی کەس ناکەم. ئەوسا خوا فەرمووی: ﴿إن الذين جاؤوا بالإفك عصبة منكم...﴾ (نوور: ١١) جا کە خوا ئەم پاکانەیەی بۆ کردم، باوکم (ئەبووبەکر –خ –) کەجاران (میستەحی بەخێو دەکرد – سوێندی خوارد: ئیتر دوای ئەو قسەیە کە هەڵیبەست بۆ عایشە، بەخێوی ناکەم، ئەوجا خوا فەرمووی: ﴿ولايأتل أولوا الفضل منكم والسعة أن يؤتوا....﴾ تا ﴿غفور رحيم﴾. ئەبووبەکر گوتی: بەڵێ... سوێند بەخوا حەزدەکەم لێم ببووریت، ئیتر گەڕایەوە سەرباری پێشووی بۆ بەخێوکردنی (میستەح).

پێغەمبەر ﷺ لە (زەینەب)یشی پرسیار دەکرد: ئاخۆ شتێکی بیستووە، یان دیتووە ؟ زەینەبیش دەیگووت: ئەی پێغەمبەری خوا ! گوێ و چاوم دەپارێزم، واتە هیچم نەبیستووەو، هیچیشم نەدیتووە. عایشە گوتی: خۆ ئەگەر بڵێ: زەینەب کاتی خۆی شانی لەشانم دەداو خۆی هەڵدەکێشا بە جوانیەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا خوا پاراستی و خۆی نەخستە ناو ئەو هەواو گوناحانەوە، بەڵام (حەمنە)ی خوشکی زەینەب خۆی خستە ناو ئەو داوەوەو بەهیلاك چوو.

ئەمە کۆتایی ئەو داستانەبوو، بۆ خاتوو عایشە چنراو هەڵبەسترا. (دەتوانی تەماشای ئەم سەرچاوانە بکەیت: (مسند احمد/١٩٤–١٩٧، فتح الباری: کتاب الشهادات ٢٦٦١/٥. ومسلم: کتاب التوبە:٤/ و سیره إبن هشام).

ئیمامی (نەواویی) دەڵێت: تەبریئەی خاتوو (عایشە) بەدەقی قورئانی پیرۆز کراوە، بۆیە

ئەگەر كەسێك گومانى لەو مەسەلەدا هەبێ – پەنا بەخوا – بەكۆى دەنگى موسڵمانان.كافر دەبێو بەمورتەد دادەنرێ.(ئیبن عەباس)و چەند زانایەكى تر دەڵێن: (لم تزن امرأة نبىّ من الأنبياء صلوات الله وسلام عليهم أجمعين). واتە: ژنى هیچ پێغەمبەرێك زیناكار نەبووە.

خوێنەری هێژا ! لەهەموو سەردەمێكدا كۆمەڵە مرۆڤێكى نەفس نزم، سەرى ژەهراوییان بەرز دەكەنەوە، بەخەیاڵى خاوى خۆیان دەیانەوێ ئەو ماڵە ڕەوش بەرزە ناشیرینو لیخن بكەن، دەیانەوێ قەڵاى قییەمو ئەخلاق بڕوخێنن ! بۆیە لەم دواییەشدا كۆمەڵە قەڵەمێكى ژەهراوى خۆفرۆشو، دوور لە هەموو ڕەوشتێكى مرۆڤایەتى، هێرشێكى بێ وێنەیان كردە سەر تەواوى ئیسلامو بەها پیرۆزەكانى ئیسلامو پێغەمبەرانو خێزانو هاوسەرەكانیانو – بەداخەوە – لەلایەنى حكومەتى هەرێمى كوردستانیشەوە خەڵاتى نووسەرەكەى كرا ! خواى كارجوانو كارزان دەفەرمووێ ﴿إن الذين يرمون المحصنات الغافلات المؤمنات لعنوا فى الدنيا والآخرة ولهم عذاب عظيم﴾٢٣/٢٤ واتە: ئەوكەسانە بۆ ژنانى داوێنپاكى بێ ئاگاى ئیماندار بوختان دەكەن، لە دنیاو لە قیامەت نەحلەت لێكراون، جەزرەبەشیان ئێجگار گەورەو دژوارە. دیارە ئەم دیفاعو بەرەوانیە بۆ گشت ئەو ژنانەیە ئەو صیفەتەیان هەبێت، بەتایبەتى خاتوو (عایشە – خ) كەهۆكارى هاتنە خوارەوەى ئەم ئایەتانە بوو. (ئیبن كەسیر) دەڵێت: (وقد أجمع العلماء – رحمهم الله – قاطبة على أن من سبّها بعد هذا ورماها بما رماها بعد هذا الذى ذكر فى هذه الآية، فإنه كافر، لأنه معاند للقرآن، وكذا الحكم فى جميع أمهات المؤمنين). پێغەمبەریشمان محمد ﷺ دەفەرمووێ: ((إجتنبوا السبع الموبقات)) واتە: لەو حەوت شتە بەهیلاك بەرانەوە دوور بن. پێیانگوت ئەوانە چین؟ ئەى پێغەمبەرى خوا ! فەرمووى: ((الشرك بالله، والسحرُ، وقتل النفس التى حرّم الله إلا بالحق، وأكلُ الربا، وأكلُ مال اليتيم، والتولّى يوم الزحف، وقذف المحصنات الغافلات المؤمنات)) متفق عليه. واتە شەریك دانان بۆ خوا، جادوو، كوشتنى مرۆڤ بەناحەق،سوود خواردن، خواردنى ماڵى هەتیو، هەڵهاتن ڕۆژى هێرشى كافران، بوختان بۆ ژنانى ئیماندارى داوێنپاكى دوورەئاگا. مرۆڤى پاك – ژن، یان پیاو – لاى ئیسلام بەڕێزو خاوەن حورمەتە، هەربەیەكیش شیاون ژنومێردى بكەن، ژنوپیاوى داوێن تەڕیش هەر بۆ یەك شایەستن، دیارە خاتوو (عایشە– خ) پاكە، بۆیە لاى پێغەمبەرەﷺ. واتە (عایشە) خاوێن نەبووبا، بۆ پێغەمبەر ﷺ نەدەشیا، كەوابوو پاكو بێ عەیبە بۆیە لاى پێغەمبەرە ﷺ.

جل و بەرگی باڵا پۆش (حیجاب)

پاراستنی ئەخلاق و قییەمی کۆمەڵگەی خاوەن ئەخلاق، یەکێکە لەو شتە زۆر گرنگانە کە دیــنی ئیــسلام زۆر بایــەخی دەداتــێ، تەنانــەتی خــوای میهرەبــان هــەموو صــیفەتەکانی پێغەمبـەرمان (محمـد ــ ﷺ) کـورت دەکاتـەوە لـەم ئایەتـەداو دەفـەرمووێ: ﴿وإنـك لعلـى خلـق عظيم﴾ واتە: بێگومان تۆ ئەی پێغەمبەر! خلوق و ڕەوشتت گەورەو مەزنـە، لەمامەڵەو کڕین و فرۆشتندا، لەئاشتیی و لـە جەنگدا، لەپەیداکردنی ماڵ و ساماندا، لەپـەیمان و پەیماننامـەدا، لەگەڵ دۆست و دوژمندا، لەگەڵ دینداروبێ دیندا، لەگەڵ خێزان و هاوسەردا.

ئیسلام زۆر لە لای مەبەستە کە (نێرومێ)ی ژن و پیاو، لـەکاتی خۆیدا بەیەك بگەیـەنرێن، پـێش ئـەوە (فاسـید) بـن، پـێش ئـەوە کۆمەڵگـە پـیس ببـێ، بڕیاریـداوە کـە هـەر کچ وکوڕێك بەکـەڵك بێـت پێکـەوە بـژین، نـابێ لەلایـەن باوك و دایك و بـراو کـەس وکاریانـەوە ڕێیـان لـێ بگیردرێ، هـەر لـە بـەر ئەوەیـشە فەرمانـدەدا کـە پێغەمبـەر ﷺ بـە ئیمانـداران بفـەرموێ: ﴿قـل للمؤمنين يغضوا من أبصارهم ويحفظوا فروجهم ذلك أزكى لهم إن الله خبير بما يصنعون﴾ ٣٠/٢٤. دەبێ چاویان لە ئاستی ژنانی نامەحرەم دابخەن، تەماشایان نەکەن و عەورەتیشیان لە ئاستی هەموو شتێکی حەرام بپارێزن، کاری ئاوا مایەی پاك و خاوێنیە بۆیان، ئەوە پاکترە بۆیـان (هـەتا چاو چنۆکی و چاولەوەڕاندن بەسـەر کچان و ژنـانی نامەحرەمـەوە، مـرۆڤ وەکو ئاژەڵ بێ سنوور نیە، بۆیە لە هەموو جیهاندا یاسای بۆ دیاریکراوە) بەڕاستی خوا بەئاگایە بەوەی ئەوان دەیکەن.

تەماشای ژنانی نامەحرەم بەهەموو شێوەیەك کارێکی یاساغ وحەرامە، مەگەر کتوپڕ، بـێ نییەت و نیاز بێت، ئەویش دەبێ خێرا چاوی لێ کلا بکات. چونکە سـەرەنجام سـەر دەکێشێ بۆ گوناحی زۆر گەورەی دزێوو ناشیرین، هەزار ڕەحمەت لە شاعیری گەورەی کـورد (ئەحمـەد شەوقی) کە لەو بارەوە دەڵێ:

(نظرة، فابتسامة، فسلام، فكلام، فموعد، فلقاء)

یان شاعیرێکی تر دەڵێت:

(كل الحوادث مبدأها من النظر ، ومعظم النار من مستصغر الشرر).

(جـەریری کـوڕی عەبـدوڵلا – وەکـو ئیمـامی موسـلیم ڕیوایـەتی کـردووە – دەڵـێ: لـە پێغەمبەرم پرسی: لە حوکمی چاوکەوتن بەژنان کتوپڕ؟ فەرمانی پێکردم کە: بەپەلە چاوت هەڵبڕەو تەماشای مەکە. لەبوخاریدا هاتووە: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((إياكم والجلوس على الطرقات)) وریابن لەسەرە ڕێگاکاندا دامەنیشن ! گوتیان: جێگەی ترمان نیە تیادانیشین و

قسەوباسى خۆمـانى تێدا بكـەين، فـەرمووى ((إن أبيـتم فـأعطوا الطريـق حقـه)) ئەگـەر هـەر دانيـشتن، وريـابن مـافى ڕێگاكـە بـدەن. گوتيـان: مـافى ڕێگـا چـيە ئـەى پێغەمبـەرى خـوا ؟! فەرمووى: ((غضّ البصر، وكف الأذى، وردّ السلام، والأمر بالمعروف، والنهى عن المنكر)) چاوداخستن لـە حـەرام، ئازارنـەدانى مـەردم، وەلامـى (سـەلاو)، فـەرمان بـە چاكە، ڕيگـرتن لـە خراپـە. فـەرمووده لـەمبارەوە زۆر زۆرە، بۆ ڕوونـەدانى (زينـا) و شـەڕواڵ پيسى، چونكه هـەر روانين و تەماشا كردنـە ژن و پيـاو لەيـەك نزيـك دەكاتـەوە، ئەوسـايش تووشـى ئـەوكارە دژوارە دەبـن، بۆيـە فـەرمان بەچاو داخستن دەكـات لـە ئاسـت نامـەحرەم، وەبـەژنانيش دەفـەرمووێ: ﴿وقل للمؤمنات يغضضن من أبصارهن ويحفظن فروجهن ولايبدين زينتهن إلا ما ظهرمنها وليضربن بخمرهن على جيوبهن ولايبدين زينتهن إلا لبعولتهن أو آبائهن أو آباء بعولتهن أو أبنائهن أو أبناء بعولتهن أو إخوانهن أو بنى إخوانهن أو بنى أخواتهن أو نسائهن أو ماملكت أيمانهن أو التابعين غير أولى الإربة من الرجال أو الطفل الذين لم يظهروا على عورات النساء ولايضربن بأرجلهن ليعلم مايخفين من رينتهن وتوبوا إلى الله جميعا أيها المؤمنون لعلكم تفلحون)٣١/٢٤. واتە: ئەى پێغەمبەر ﷺ! بەژنە ئيماندارەكان بڵێ: چاويان لەئاست نامەحرەم قەدەغـە بكـەن، عەورەتيـشيان لەهـەر كـارێكى حـەرام بپـارێزن، (زينـەت)يـشيان: گـوارەى گوێيان و، ملوانكەى مليان و، سينگ و برۆكيان و بازنە و خڵخالى قاچ و دەستيان دەرنەخەن، مەگەر ئەوشتانە كەبەپێى باوونەريت بۆ خۆى دەردەكەوێت (وەك دەم و چاوو هـەردوو پـێ) وەدەبـێ بە لەچك وسەرپۆشـەكەيان – سـەرەڕاى سـەرومليان – گـەردن و سينگيشيان و ئـەو زێڕزيـوو خـشڵەش پێوەيـەتى داپۆشـن و دەرى نەخـەن، لاى ئەمانـە نـەبێ: مێـردو بـاب و خـەزوورو كـوڕى خۆيـان، يـان زڕ كوڕيـان، وە لاى بـراو بـرازاو خوشـكەزا، يـان لاى ژنـانى موسڵمانان – وەك خۆيـان – جاريـەو كـەنيزەكيان و ئەوانـەى مشەخۆرن و ئاوەزى ژنان نيە، وەئەو منداڵانەش هێشتا – لەبەر گچكەييان – عـەورەتى ژن و شـتى تـر لێكناكەنـەوە (چونكە منـداڵ) بـێ ئـاوەزن (لاى ئەمانـە دەرخستنى سينگ و لاق و سـەرو مل و گـەردن) قەيـدى نيـە، وەنـابێ ژنــان پێيــان بەزەويــدا بــدەن بۆئــەوەى زرەى خڵخاڵەكـەى قاچيان بـێ و خـەڵكانى نامـەحرەم بـەئاگا بكەنـەوە لـە خۆيـان، دەسـا هـەموو – بـەژن و بـەپياوەوە – تەوبـە بكـەن و بگەڕێنەوە بۆلاى خواى گوناهپۆش ئەى ئيمانداران ! بەشكو سەرفرازبن.

بۆ هۆكارى دابەزينى ئەم ئايەتە (جابيرى كوڕى عبداللەى ئەنصاريى) دەڵێت: (ئـەسماى كــچى مرشــيدە) باخــە خورمايــەكى هــەبوو، جــا بەوبۆنــەوە ژنــان لێيكۆدەبوونــەوەو جل وبەرگەكانيشيان ئەوند درێژو رەسا نەبوو قاچيان داپۆشێ و خەڵخاڵەكانيان دەرنەكەوێت

! لەگـەڵ ئەوەشـدا سـینگ و قـژو پەلکـەکانیان بـەدەرەوەبوو، (ئـەسما) گـوتی: ئـای ئەمـە چ کارێکی خراپ و ناشیرینە؟! ئیتر ئایەتی (وقل للمؤمنات....) دابەزی.

زۆرینـەی زاناکـان دەڵـێن: نـابێ ئـافرەت، نەبـەئارەزوو، نەبەغـەیری ئـارەزوو تەماشـای پیـاوی نامەحرەم بکات، بەبەڵگەی ئەم فەرموودە (ئەبووداود)و(ترمذی) ڕیوایەتیان کردووە: (ئوم سـەلەمە) و(مەیموونـە)ی دایکـی موسـڵمانان – خ – لەخزمـەت پێغەمبـەردا بـوون، (عبـدالله ئـوم مـەکتوم)ی نابیناش – دوای دابەزینی ئایەتی (حیجاب) – هات، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون: خۆتان داپۆشن لێی! (ئوم سەلەمە) دەڵێ گوتم: ئەی مەگەر ئەو نابیناو کوێر نیە؟! پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: ئـەی مەگەر ئێوەش کوێرو نابینان؟ ئایا ئێوە ئەونابینن؟. دەستەیەکیش لەزاناکان دەڵێن: ژنان دەتـوانن بێ ئارەزوو تەماشای پیاوانی نامەحرەم بکەن. بەڵگەشیان ئـەو ڕۆژەیـە کـە پێغەمبـەر ﷺ تەماشـای (حەبەشـیە)کـانی دەکـرد کـەرۆژی جـەژن لەمزگەوتـدا یارییـان بـەتیری رمـەکانیان دەکـرد، خـاتوو (عایشە)یشەش لەپشت سەریەوە سەیری دەکردن. فتح الباری/١/٤٥٤.

زینەت و زێڕو زیوو خشڵ و خۆڕازاندنەوە بۆ خودی ژنان حەڵاڵ و ڕێگا پێدراوە، چونکە بە (فیطرە ت) و سروشت وا دروستکراوە حەزی لەو شـتانە بێ، کـەوابوو دەبێ بۆیـشی حـەڵاڵ بکرێـت، وەك وەڵامدانەوەیـەکی (فیطـرە ت). بـەڵێ هـەموو مێینەیـەك حـەزی بـەجوانی و خۆڕازاندنەوەیـە، حـەزیش دەکـات ئـەو جوانیـەی دەرکـەوێت و پیـاوانیش ببیـنن، دیـارە زینەتیش ئەمڕۆ بۆ سەردەمێکی دی دەگۆڕدرێ، بەڵام لەبنەڕەتدا، بۆ جوانی و دەرخستنی بـۆ پیاوان یەك شت دەگرێتەوە.

جا ئیسلام لـەڕێی ئـەو داخوازیـە (فیطـرە)یـەدا ناوەسـتێ و لەمپـەڕی بـۆ دروسـت ناکـات، بـەڵکو ڕێکـی دەخـات و دەیـەوێ تـەنها بـۆ یـەك پیاوبـەکار بێـت ودەرخرێـت – کـە ئـەویش شـەریك و هاوبەشـی ژینیـەتی – دەیـەوێ یـەك کـەس زینـەت و جوانیەکـەی ببینـێ، ئـەویش مێردو پیاویەتی، ئیسلام ڕێنادات کەژنان هەرکات و ساتێك بەدەست یەکێکەوە بن، لەباخەڵی کەسێکدا ببینرێنەوە، چونکە سروشتی مرۆڤ و ئاژەڵ لەیەك جیاوازن.

ژنانی ئیماندار – کاتێ کەخوا فەرمانی دا بەچارشێوەکانیان سەرو مل و سێنگ و جوانیان داپۆشن – بوونە ئەو ژنانە خاتوو (عایشە) /خ) دەفـەرموێ: ((خـوا ڕوحـم بەژنـە کۆچکردووە بـەرایی یـەکان بکـات، هەرکـە خـوا ئایـەتی ﴿ولیـضربن بخمـرهن علـی جیـوبهن....﴾ دابـەزاند، لـەخوارەوە جل وبەرگـەکانیان دەدڕان و لەسـەرەوە سەروسـینگیان پـێ دادەپۆشـی. (بوخـاری) ڕیوایەتی دەکات: ((یرحم الله نساء المهاجرات الأول، لما أنزل الله: (ولیـضربن بخمـرهن علـی جیوبهن)، شققن مروطهن (إزارهن) فاختمرن به) فتح الباری /تفسیر سورة النور ٤٧٥٨/٨.

ژنـانی سـەردەمی جاهیلیـەت سەرپۆشـەكانیان لەپـشتەوە بەردەدایـەوە، ئەوسـا خـوا فەرمانیدا كە – لەباتی ئەوە – گەردن و سێنگیانی پێداپۆشن.

ئەمەیـە شـێوەو سەروسیمای ژنـانی موسـڵمان و ئیمانـداری ڕاسـتەقینە، بـەڵام بەداخـەوە دەبینـی ژنـانی بـێ ئیمـان و بـێ بـاوەڕی ئـەوروپا لەسـەر شاشـەی تەلەفزیۆنـەكانی میدیاكانی جیهان و ڕۆژنامەكان، چۆن خۆیـان بـەڕووت و قووتی نیشان دەدەن!، بەتایبـەتی چۆن سـەرو گـەردن و سـینگیان ڕووت دەكـەن، هـەر ئـاوایش خانمـەكانی لای خۆمـان لەسـەر شاشـەی تەلەفزیۆنی كوردە عەلمانیـەكان،خۆیان نمایش دەكەن! لەوانیـشە زۆربـەیان موسـڵمان بن ! هیوادارم ئەو خانمە بەڕێزانە كاریٚ نەكەن لەسنووری ئیمـان و ئیـسلام دەرچێت، كـاتی خـۆی ژنە لەشفرۆشەكانیش ئاوا وەك ئەمان خۆیان نمایش دەكرد، خـوای میهرەبـان فەرمانیـدا ژنە داوێن پاكەكان، دەبیٚ خۆیان لەوان جیا بكەنـەوەو بەپێـچەوانەی ئەوانـەوە بـن:﴿یاأیُها النبـی قل لأزواجك وبناتـك ونـساء المـؤمنین یـدنین علـیهن مـن جـلا بیـبهن ذلـك أدنـی أن یعـرفن فـلا یؤذین وكان اللهُ غفوراً رحیماً﴾ الأحـزاب/٥٩. واتـە: ئـەی پێغەمبـەر ﷺ ژنـەكانت و كـچەكانت و خێزانی ئیمانداران تیٚ بگەیەنە، بابە چارشێوەكانیان خۆیان داپۆشن، كاری وا باشـتر دەبێتـە هۆی بەچاك ناسینیان و ئازارنەدانیان، خواش – هەمیشە – خەتا پۆش و دلۆڤان

غەریزەی جنسیی بە سەرجێیی شەرعیی چارەسەر دەكریٚ

تـەنها چارەسـەرێك بـۆ پـاك ڕاگـرتنی كۆمەڵگـە، لـەكاری دزێـوو ناپەسـەند، (زەواج)و یەكخستنی (نێرومیٚ)یە بە شێوەیەكی شەرعیی، وەلەسەردەوڵەت و باوك و براو خزم و كەس و كار پێویستە ئاسانكارییان بۆ بكەن و، گریٚ و گۆتاڵیان بۆ دروست نەكەن، تا ناچار نـەبن هەڵسن بەكاری دزێوو ناشیرین، تا ناچار نەبن ڕێگای لەشفرۆشی هەڵبـژێرن بـۆ خۆیـان – كە بەداخەوە – ئەمڕۆ بۆتە باوونەریت وڕێگای پەیداكردنی نـان وخـۆراك لای هەنـدیٚ لـەژنان، بە شێوەیەك زۆر بە ئاسان و بە نرخێكی هەرزان دەست دەكەویٚ! هەر لەبەر ئەوەیە ئایـەتی جل وبەرگی بالاٚ پۆش و، فەرمان بە چاونوقاندن لە ئاست نامەحرەمدا هات، هەر لەبەر ئەوەیە داوا لە كۆمەڵی موسڵمان دەكات، هاوكاری ژن و پیاو، كچ وكوڕ بكـەن، ڕێگـەیان بـۆ ئاسـان بكەن، نەبوونی((ماڵ وسامان)) نەبێتە هۆكاری دواكەوتنی (زەواج)یان، لەبەر ئەوەیە زانایـان دەڵێن: لە سەر حكومەتی سەردەم پێویستە لەحاڵی كۆمەڵایـەتی (نێرومـیٚ) بپرسـێتەوە، ژنـی بیٚ مێرد، پیاوی بیٚ ژن نەهێڵێتـەوە، بەڕای منیش ئەگەر وەزارەتێك پێك بهێنرێت تـەنها بـۆ كاروبـاری لاوان و ژنـانی بـیٚ مێـردو، پیـاوانی بـیٚ ژن، كـارێكی واجبـی ئیـسلامیی

جێبەجێکراوە،جا ئەو وەزارەتەش لەهەر شارێکدا چەند بەڕێوەبەرێتێك و چەند دەزگایەك دروست بکات، ئەوانیش لەهەر گەڕەکێك، چەند کەسێکی زاناو دڵسۆز بەمەسەلەی لاوانەوە هەڵبـژێرن، پاشـان دەوڵـەت بوودجەیـەکی تایبـەتی بـۆ دابنێـت، ئەگەرچـی لـە بوودجـەی وەزارەتـی گەشـت و گـەڕ و ئـاوەدان کردنـەوەو خانووبـەرەو وەزارەتـەکانی تربێت. بۆیـە خـوا دەفەرمووێ: ﴿وأنكحوا الأيامى منكم والصالحين من عبادكم وإمائكم إن يكونوا فقراء يغنهم الله من من فضلهِ والله واسع عليم﴾ ٣٢/٢٤. واتـە:ژنـی بیێ مێرد و، پیاوی بیێ ژنتـان جووت بکەن، ژنەکە بەمێردی بدەن و، پیاوەکەش هاوسەری بۆ پەیدا بکەن،وە عەقەباتی ڕێگەیان مـەهێڵن، بـە تایبـەتی ئەگـەر ئـەو گرێیـە دارایـی بـوو، بـە لێنـی خـوای میهرەبانـە کـە ئەگـەر دەسکورت بوون کیفایەتیان بدات. (ئەبوبەکری صديق) خوا لێی ڕازی بێت فـەرمووی: ئێوە فەرمانەکـەی خـوا ئـەنجام بـدەن، خـواش بـەڵێنی خـۆی جێبـەجێ دەکـات. پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرمووێ: هاوکـاری سـێکەس لەسـەر خـوا هەقـە: ژن هاوەرێـك، مەبەسـتی پاراسـتنی (عـەورەت)ی بێـت، بەندەیـەکی نامـە بـۆ کـراو بـۆ ئـازادبوون، مەبەسـتی بێـت بیداتـەوە، جیهادکـەرێك لـە پێنـاو سەرخستنی دینـی خـوا دا تێبکۆشێت. (ئەحمەد، ترمزی، نەسایی، ئـیبن ماجـە). ((ثلاثـة حـق علـى الله عـونهم: النـاكح يريـد العفـاف، والمكاتـب يريـد الأداء، والغازي في سبيل الله)).

لەفەرموودەیـەکی تـردا هاتووەکـە پێغەمبـەر ﷺ لاوەکـان – کـچ وکـوڕ – هەڵـدەنێ بـەپێی توانـاو گونجـان زەواج بکـەن، چـونکە هـەم چـاویان لەئاسـت حەرامـەکان دەنـووقێ، هـەم عەورەتیـشیان دەپـارێزرێ، خـۆ ئەگـەر توانـایش نـەبوو، بـا بـچن ڕۆژو بگـرن، چـونکە ڕۆژوو دەبێتە قەڵغان لـە ڕووی تـاوان و کـارە گونـاح هێنەرەکانـدا: ((يامعشر الـشباب ! مـن اسـتطاع منكم الباءة فليتزوج، فإنهُ أغض للبصر، وأحصن للفرج، ومن لم يستطع فعليه بالصوم، فإنـه لَهُ وجاء)) متفق عليه.

لـە فەرموودەیـەکی تـردا دەفـەرمووێ: جـووت بـبن (ئـەی نێرومـێ!) تـا نـەوەو نەسلتان بـبێ، چونکە نەسل ونەوەی ئێوە – تەنانەتی منداڵێکی لەبارچووش – بۆ من مایەی شانازیە لـە ڕۆژی قیامەتدا: ((تزوجوا توالدوا تناسلوا، فإني مباه بكم الأمم يوم القيامة))ئەبووداود، نەسایی.

ئیـسلام زۆر بـە لێبڕاوانـە هـەوڵ دەدات بـۆ ڕاگـرتنی کۆمەڵگەکـە بـەپاك و خـاوێنی و، سووکایەتی نەکردن بەژنان و ڕێگرتن لـە لەشفرۆشـی بـە ژنـان، بۆیـە بەتایبـەتی دەفـەرمووێ: ((ولاتكرهـوا فتيـاتكم علـى البغـاء إن أردن تحـصنا لتبتغـوا عـرض الحيـاة الـدنيا...))٣٣/٢٤. (سوددی) دەڵێت: کوڕەکەی سەلوول (عەبدوڵلا) کەنیزەیەکی هـەبوو، هەرکـە میوانی هاتبا –

بـۆ ڕێزگـرتن لـه میوانه‌كـه – ده‌ینـارده‌لای بـۆ جـووت بـوون !، ڕۆژێـك ئـه‌و كـه‌نیزه هاتـه‌لای (ئه‌بووبـه‌كر) خـوا لێـی ڕازی بێـت سـكالای لـه (عه‌بـدوڵلاّ) كـرد، ئـه‌ویش بـۆ پێغه‌مبـه‌ری ﷺ گێڕایه‌وه، پێغه‌مبه‌ریش بڕیاریدا نه‌هێڵن بگه‌ڕێته‌وه لای (سه‌لوول)، سه‌لوولیش كردیه هـه‌راو داوای لـه خـه‌ڵك كـرد نـه‌هێڵن موحه‌ممـه‌د ئـه‌و زوڵمـه‌ی لـیٚ بكـات ! ئه‌وسـا ئـه‌و ئایه‌تـه هـات فه‌رمووی: له‌شفرۆشی مه‌كه‌ن به ژنانه‌وه – چ ئازادو چ كه‌نیزه.

بـه‌ڵام به‌داخـه‌وه دیـسان كۆمه‌ڵگـه‌ی ئـه‌وروپا – له‌وانیـشه‌وه ناوچـه‌كانی خۆمـان بـۆ جاهیلیه‌تی كۆن گه‌ڕایه‌وه، بگره خراپتریش، ده‌توانین بڵێین هـه‌موو كـون وقوژبنێكی دنیـایـان پڕكرد له فه‌سادو ! فرمێسكی (تیمساح)یش ده‌ڕێژن بۆ ژنان.

ژنـانی پیرو به‌سالاّ چوو

له‌پێـشه‌وه گوتمـان: پێویـسته ژنـانی لاوو تـازه هـه‌ڵهاتوو، (زینـه‌ت)و شـوێنه ئـاره‌زوو بزوێنه‌ره‌كانیان له خه‌ڵكانی نامه‌حره‌م بشارنه‌وه، ئینجا له‌م شوێنه‌دا باسی ئـه‌و ژنانه دێت، كه كاتیٚ شوویان به‌سه‌رچووه‌و چونه‌ته ساڵه‌وه، بۆیه ده‌فه‌رمووێ: ﴿والقواعد من النساء اللاتـى لايرجـون نكاحـا فلـيس علـيهن جنـاح أن يـضعن ثيـابهن غـير متبرجـات بزينـة وأن يـستعففن خـير لهـن والله سميـع علـيم﴾٢٤/٦٠. واتـه: ئـه‌و ژنانـه‌ی وه‌ختی شـوویان نـه‌ماوه، تاوانێكیـان له‌سـه‌ر نیـه كـه جل‌وبـه‌رگی ده‌ره‌وه‌یـان فڕێده‌ن، به‌مـه‌رجیٚ (عـه‌وره‌ت)و زینـه‌تیان ده‌رنه‌كه‌ویٚ، ئه‌گه‌رچی بۆ ئـه‌وانیش وا باشـتره پاك‌و شـه‌رمێن بمێـنن (واتـه: وه‌كو ژنانی لاو خۆیان داپۆشن). خـواش ژنه‌واو زانایه. بۆ روونكردنـه‌وه‌ی مانـای ﴿فلـيس علـيهن جنـاح أن يضعن ثيابهن..﴾ چه‌ند ته‌فسیرێك هه‌یه: (ئیبن مه‌سعوود) ده‌ڵیٚ: واتـه: لـه‌دانانی عه‌باكه‌یانـدا گوناحبـار نـابن. (ئـه‌بوو صـالح) ده‌ڵـیٚ: عـه‌با دابنـێن‌و به‌بـه‌رده‌م پیاوانیـشدا بـڕۆن‌و بـچن، گووناحیان له‌سه‌ر نیه.

تێبینی:

قسه‌وراوبۆچوونی په‌سه‌ندو باوه‌ڕ پێكراو سه‌باره‌ت به (ته‌وقه) له‌گه‌ڵ ژنانـدا ئه‌مه‌یه كـه: به هیچ شێوه‌یه‌ك بۆ ته‌وقه‌ی ژن‌وپیاو له‌گه‌ڵ یه‌كتردا ڕێگا نییه، چ ژنه‌كه ده‌ست ڕابكێشیٚ، چ پیاوه‌كـه ده‌سـت پێـشخه‌ر بێـت، هـه‌ردوولایان لاوبـن، یـان هـه‌ردوو پـیر بـن، یـان یـه‌كێكیان لاوبیٚ‌و، ئه‌ویان پیر له (بوخاری)یدا هاتووه: خاتوو (عایشه خ) ده‌ڵێت: ئـه‌و ژنانـه‌ی كۆچیان ده‌كرد، پێغه‌مبه‌ر ﷺ به‌م ئایه‌تی: ﴿يـأيها النبـى إذا جاءكَ المؤمنات يبايعنك﴾ هـه‌تا ﴿غفور رحـيم﴾ تاقییده‌كردنـه‌وه، هـه‌ر ژنـیٚ ئیقـراری بـه‌مانای ئـه‌م ئایه‌تـه كردبـا، پێغه‌مبـه‌ر ﷺ

پێیدەیفەرموو: ((قد بایعتك كلاما..)) واتە: تەنها بەقسە بەیعەتی لێوەردەگرتن، نەك بە دەست لەناو دەستنان وتەوقە. خاتوو عایشە دەڵێت: (ولا والله مامست یده ید امرأة قط فی المبایعة، مایبایعهن إلا بقوله: قد بایعتك علی ذلك)) ژمارەی فەرمووده: ٤٨٩١. واتە: بەخوا سوێند بێت، پێغەمبەر ﷺ قەت دەستی لەدەستی ژنان نەکەوتووە لە (بەیعەت) وەرگرتندا، بەڵکو پێیدەیفەرموو: بەیعەتم لێ وەرگرتیت لەسەر ئەوە خوا فەرمانی پێکردووە. سەیرێکی (المفصل) بەرگی ٣/ل٢٣٩ بکە. خۆ ئەگەر پێچەوانەکەی دەستکەوت وصەحیحیش بوو، دەبێ تەئویل بکرێت. سەیرێکی (الجهاد والقتال فی السیاسة الشرعیة – دکتۆر محمد خیر هیکل/بەرگی ٢ لاپەڕە:١٠٤٥ بکە).

هاوسەرەکانی پێغەمبەر ﷺ و خۆشگوزەرانی !

دەبێ ژنان لەگەڵ مێردیاندا بە هەموو شتێکی کەمو پاکو حەڵاڵ ڕازی بن، بەتایبەتی ژنانی صاڵحو چاکیان، بەتایبەتی تر ژنانی پێغەمبەر ﷺ، چونکە پلەی ئەوان لە پلەی ژنانی تر بەرزترە، وەنموونەن بۆ قەناعەتو صەبرو خۆڕاگریی، وەلە هەموو گیروگرفتەکانی ژیاندا، دەبێ وانەی دەروون بەرزی بنو هەرگیز ئەم دنیایە فریویان نەدات، دەبێ هاوشانی پێغەمبەر ﷺ ئەخلاقو قییەم بڵاو بکەنەوە، ئەگەرچی ئەوانیش هەر مرۆڤنو حەزیان لە دنیایە، بەڵام نابێ وەك ژنەکانی (کیسرا)و (قەیصەر) خۆیان بۆ دنیا یەکلا بکەنەوە، ئەو کاتە خەریك بوو هەڵێدێرێنو ویستیان وەك ئەوان دنیایان بۆ بێتو داوایان لە پێغەمبەر ﷺ کرد نەفەقەیان – باشتر بکات – خۆ بێگومان ئەگەر بووبا، پێغەمبەر ﷺ درێغی ناکات – جا لەمەوە کێشەیەکی خێزانی بۆ پێغەمبەر ﷺ سەری هەڵدا، ناچار (ئەبووبەکر)ی باوکی خاتوو(عایشە)و (عومەر)ی باوکی خاتوو(حەفصە) خوالە هەموویان ڕازی بێت، هاتنە ناومەسەلەکەوەو توانییان بەهەموویانەوە قەناعەتیان پێ بکەنو ڕازی بن بەوەی خوا داویەتی، چونکە ئەم ناتوانێ وەکو (کیسرا)و (قەیصەر) ئاڵ ووێڵ (تەصەروف) لە (بیت المال)دا بکات تابتوانێ بۆیان بڕێژێ، جا بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە خوا فەرمووی: ﴿یا أیُها النبی قل لأزواجك إن كنتن تردن الحیاة الدنیا وزینتها فتعالین أمتعكن وأسّرحكن سراحا جمیلا. وإن كنتن تردن الله ورسولهُ والدارالآخرة فإن الله أعد للمحسنات منكن أجرا عظیماً﴾ ٣٢/٢٨–٢٩. واتە: ئەی پێغەمبەر! ﷺ بەژنەکانت بڵێ: ئەگەر ئێوە ژیانی ئەم دنیاو زینەتو زیبایتیان دەوێ، دەسا وەرن هەقی خۆتانتان بدەمێو بەخۆشی بەڕێتان بکەم.

ئەگەریش خواو پێغەمبەرو ماڵی دوارۆژتان دەوێ، خوا بۆ کارە چاکەکانتان پاداشتی

گەورەی داناوە. پیغەمبەر ﷺ بەرامبەر بە هیچ کەسێك ستەم وناهەقیی نەکردووە، بەتایبەتی بەرامبەر بەژنەکانی خۆی، سەرەڕای ئەوەیش سەرپشکیان دەکاکە: ئەگەر بەم ژیانە ڕازیبن، ئەگینە وەرنە پێش هەر هەقێکیان هەیە دەیانداتیٚ و بەخۆشی دەستیان لێهەڵدەگرێت.

(سەید قوتب) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆیو بۆ خاوخێزانی ژیانێکی خودکەفایی هەڵبژاردبوو، وەك کەسێك بیەویٚ جوامێرانەو پێغەمبەرانە بژی، دڵی بەزەویو دنیاوەپەیوەس نەبیٚ، وەکو کەسێك خۆی بەرزتر بگرێت لە ژیانی ئەم دنیایەو بیەویٚ بەرز هەڵفریٚ بۆ لای خواو، پاداشتی هەوڵەکانی لەماڵەکەی تردا وەرگریٚ، ئەگینە هەر لە ژیاندا بوو، (فتووحات)ێکی زۆر کراو (غەنیمەت)و دەسکەوتی جەنگی باڵی ڕاکێشا بەسەر ناوچەکەداو، ئەوی نەیبوو ماڵی پەیدا کرد ! لەگەڵ ئەوەیشدا مانگ تێدەپەڕیٚ ئاگر لە هیچ ماڵێکیدا نەدەکرایەوە ! کەهەمیشەیش لەو دیاریی و صەدەقانە دەهاتنە بەردەستی.... خەریکی بەخشین بوو بەخەڵکانی تر، ژیانی ئاوای بۆ خۆی هەڵبژارد، نەك لەبەر ئەوەبێت کە بیروباوەڕو دینو شەریعەتەکەی بڕیاری لەسەر دابێت نەخێر، چونکە ژیانی خۆشو گوزەرانی خۆش لەدینو شەریعەتی ئەودا حەرام نەکراو، تەکلیفی لە ئوممەتەکەیشی نەکرد، ئەوانیش وەك ئەو بژین، نا، مەگەر کەسێك ئەویش بەئارەزووی خۆی ژیانی ئاوا هەڵبـژێریٚ بۆ خۆییو ماڵو منداڵی، هەتا بەپاك و خاوێنی بژیو دنیا نەیخنکێنیو بۆ دوا ڕۆژیش گیرۆدەی لای خوا نەبیٚ.

بەڵام خۆ ژنانی پێغەمبەریش ﷺ، وەکو ژنانی تر ئادەمزادنو حەزیان لەدنیاو زینەت وزیبا هەیە، ئەگەرچی لەماڵی پێغەمبەریشدا بژین، بۆیە هەردیتیان خێرو خێراتێکی زۆر بەسەر پێغەمبەرو موسڵمانان‌دا ڕژا، هاتن داوای نەفەقەی زیاتریان کرد، بەڵام پێغەمبەر ﷺ حەزی نەکرد وەکو دەوروبەری خۆی بژینو بۆ خۆیو بۆ ئەوانی بڕێژیٚ ! بۆیە لەوەوە تووشی جۆرە هەراو کێشەیەکی خێزانی بوو و، ماوەیەکیش لەخەمو خەفەتدا نەدەچوویە ناو هاوەڵانی، ئەوەیش لای ئەوان زۆر قورسو سەخت بوو، هەندیٚ جار دەهاتن ببینن، ڕێی پیٚ نەدەدان، تەنانەتی لەسەرەتاوە مۆڵەتی (ئەبوو بەکر)و (عومەر)یشی نەدا بێنە لای، بەڵام هەرجۆر بوو هاتنو دەرەنجام هاوکارییان کرد بۆچارەسەری کێشەکە. (ئەمە بەدرێژە ئیمامی موسلیمو ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتیان کردووە).

ئیسلام (قییەم)ـە ئەساسیەکان بۆ ژیان بەتایبەتی لە (بيت النبوة)دا دیاری دەکات تا ببێتە (مەنارە)و هەردەم تەماشا بکرێن.

کە ئەو دوو ئایەتەی (تەخییر/سەرپشککردن)ـە هاتن ڕێگای بۆ دیاریکردن: یان دنیاو

زینـەتی دنیـا، یـان خـواو پێغەمبـەرو مـاڵی دوا ڕۆژ هەڵبـژێرن، دەبـێ یـەکێ لەمانـە بێـت، دڵ هەریـەکێکیان دەگـرێ، هـیچ کەسـێك دوودڵـی نیـە. بۆیـە ژنـەکانی پێغەمبـەر ﷺ سـوێندیان خوارد: لەمڕۆ بەدواوە لە پێغەمبەر ﷺ داوای شتێ نەکەن نەیبێت. جا بۆ ئەوە ئەو مەسەلەیە بچەسپێنێ لـە ژیانی موسڵمانانـدا قورئـان هـات، کەوابوومەسـەکە، مەسـەلەی بوون‌و نـەبوون نییە، بەڵکو مەسەلەی هەڵبژاردنی خوداو پێغەمبەرو دوا ڕۆژە، بۆیە دەبێ هەموو ئادەمزادێك – بەژن‌و بەپیاوەوە – بگەنە ئەو ئاسۆیەو خۆیان لە دنیا گەلێ بەرزتر نیشان بدەن.

پاش دیاریکردنی (قییـەم) بۆ هەڵبـژاردنی خـواو پێغەمبـەر ﷺ، یـان بـۆ هەڵبـژاردنی زیبـاو زەنبـەری دنیـا، لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا، خـودای کـارزان پاداشـتی دووبەرامبـەر، یـان تۆڵـەی دووقاتیـان بـۆ ئامـادە دەکـاو دەفـەرمووێ: ﴿یانساء النبی من یأت منکن بفاحشة مبیّنة یضاعف لها العذاب ضعفین وکان ذلك علی الله یسیرا. ومن یقنت منکن لله ورسوله وتعمل صالحاً نؤتها أجرها مرّتین وأعتدنا لها رزقا کریما﴾ ٣٢/٣٠-٣١. واتە: ئەی ژنانی پێغەمبەر! هەرکامێکتان ناچیزە بێت، دوو بەرامبـەر جەزرەبەی دەدرێ (چونکە لـەماڵی پێغەمبەردایـە و هەقە صالح و چاك بن) وەئەوەش بۆ خوا ئاسانە. هەرکامێکیشتان ملکەچی خـواو پێغەمبـەر بـێ، کـاروکرداری چـاك بکـات، ئێمـەش دوو ئەونـدە پاداشـتی دەدەینـەوە، وەلەبەهەشـتدا ڕۆزییـەکی پـاك‌و چاکمان بۆ ئامادە کـردووە، ئینجا لـەم چـەند ئایەتـەی تـردا تایبەتمەنـدی ژنانی پێغەمبەر ﷺ (أمهات المؤمنین) بەیان دەکا، تێیـان دەگەیـەنێت کـە ئـەرك‌و واجیباتیـان، لەبارەی مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا، لەخواپەرستیدا، لـەنێو مـاڵی خۆیانـدا لـە ژنـانی تـر جیاوازە، هەر بۆیە خواش حیمایەتی تایبەتیان دەکات.

دەیـەوێ پـاك‌و خـاوێن ڕایانگرێـت، نەبنـە جێگـەی قسەو تـوانجی تـوانجگران. دەیـەوێ بەرزیان بکاتەوە بۆ ئەو ئاستە بۆیان دانراوە، دەیـەوێ کۆمەڵگە ئاگـادار بکـات کـە پەیوەنـدی ژن‌وپیاو، پەیوەندیـەك نیـە تـەنها بـۆ تێرکردنـی جەسـتەیی، یـان بـۆ کوژاندنـەوەی هەڵچوونی گۆشت‌و خوێن بێت، یـان.. یـان... بەڵکو پەیوەنـدی ژن‌وپیـاو، پـەیوەنی دوو مرۆڤە لـە تـەنها (نەفس)ێك دا. خۆشەویستیی‌و سۆزیان لەنێواندایە، حەوانەوەو ئیسراحەتی تێدایە بۆیان.

﴿یانساء النبی لستن کأحد من النساء إن اتقیتن فلا تخضعن بالقول فیطمع الذی فی قلبه مرض وقلن قولاً معروفا. وقرن فی بیوتکن ولاتبرجن تبرج الجاهلیة الأولی وأقمن الصلاة وآتین الزکاة وأطعن الله ورسوله إنما یرید الله لیذهب عنکم الرجس أهل البیت ویطهرکم تطهیرا. واذکرن مایتلی علیکن فی بیوتکن من آیات الله والحکمة إن الله کان لطیفاً خبیرا﴾٣٢/٣٢-٣٤. واتە ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر ! ئێوە وەکو ژنانی تـر نین، ئەگـەر خۆتـان بپـارێزن (هـیچ

ژنێك ناتانگاتیٚ لەپلەوپایەدا) دەسا لەگەڵ پیاواندا بەنەرمیی وخاوی قسە مەكەن، هەتا ئەوی نەخۆشی لەدڵیدایە قرمی خۆش كا، وەهەمیشە لەئاخاوتندا پەسەندانە بێژن. ماڵ بەجیٚ مەهێڵن و خۆ دەرمەخەن وەك دەورانی زەمانی پێشوو، واتە: بۆ كاری پێویست نەبیٚ، وەكو ئەو شتانە بەتۆ نەبیٚ نەكریٚ، یان بۆ مزگەوت و شوێنە پەیوەندی دارەكان بەمزگەوتەوە) لەوەشدا خشڵ و زەمبەرتان بۆ خەڵكانی نامەحرەم دەرمەخەن، نوێژ بكەن و زەكات بدەن، وەلەفەرمانی خواو پێغەمبەر دەرمەچن، خوا دەیەویٚ – ئێوە كە سەر بەم ماڵەن چەپەڵیتان لەسەر لاباو پاك و خاوێن ڕاتانگریٚ. ، (ئیبن كەسیر) دەڵیٚ: ئەم ئاداب و وێڵە، خودا(بەپلەی یەكەم) دەیدا بەگوێی هاوسەرەكانی پێغەمبەردا ﷺ ئەوساش بەگوێی تەواوی ژنانی ئیمانداراندا، چونكە بیٚ شك ژنی پیاوی ئیماندار، وەكو ژنی خەڵكانی تر نییە –چ جای ئەوە كە ژنی پێغەمبەریش بێت ﷺ– ئەمان مەكانەتی تایبەتی خۆیانیان هەیە، هیچ كەسێك ناتوانیٚ بیانگاتیٚ،بەمەرجیٚ ((تەقوا))یان هەبیٚ و لەخودا شەرم بكەن، واتە: ئەوپلە بەرزەیە تەنها بەژنبوونی پێغەمبەر ﷺ بەدەست نایە، هەربەوە لەماڵی ئەودایەو هاوسەری ئەوبیٚ،یان بڵێین كچی ئەو بێت، خۆ ((یافاطمة ابنة محمد، یاصفیة ابنة عبدالمطلب، یابنی عبد المطلب، لا أملك لكم من الله شیئا...)) هاتووەو بیستووتانە!.

خوای كارزان بۆ یەكەمجار بەخێزانەكانی پێغەمبەرو ژنی هەموو ئیماندارەكان فەرمان دەدا كە هەتا كارێكی زۆر پێویست و زەروورەت نەبیٚ لەماڵ دەرنەچن،خۆ ئەگەر زەروورەت پەیدابووو ئێوەیش چوون بەدوایدا، وەكو ژنانی زەمانی پێشوو سەرو مل و سینگ و جوانی و زەمبەرتان دەرمەخەن، وەجل وبەرگیٚ لەبەر مەكەن، دەغزدارەكان دواتان بكەون، وەلە ئاخاوتنا – ئەگەر پێویست بوو – بەنازو نووزەوە قسە مەكەن، تامەرخیان نەچێتە سەرتان و قرمیان خۆش نەكەن، پێغەمبەر هەر لەدانانی بەردی بناغەی یەكەمی ئەم دینەدا، خیتابی زۆر گرنگی سیاسیی و كۆمەڵایەتی و دینی بۆ ژنان دەدا، بەر لەهەموو كەسێك ژنانی و ماڵەكەی خۆی.

بەڵیٚ هەرگیز ژنان لەهیچ كاروبارێكدا – ئەوی بۆ ئەوان دەست بدات – پشتگویٚ نەخراون، ئەوەتە هەر ئەو ڕۆژە خوا داوای یەكخواپەرستیی دەكات، بڕیاری ئەو ئاداب و ئەحكامانانەش بۆ ژنان دەدات – وەك ئاماژەیەكیش بەگرنگی هەردوو نەوعەكەی مرۆڤ (نێرومیٚ) –.

ئیسلامی پیرۆز كە بەژنان دەڵیٚ لەماڵەوە بن و دەرمەچن، مەبەستی ئەوەیە كە: یەكەم – بیٚ ئیش وكاری پێویست، لەماڵ نەچێتە دەر. دووەم – ئەگەر پێویست بوو و دەرچوو، بەحیشمەتەوە دەرچیٚ، تا دەغەڵ و دەغزدارەكان تەمەحی تێنەكەن. لەمە زیاتر هیچ

سانسۆرێکی لەسـەر ژنـان دانـەناوە، ئیتر نـازانین بۆچـی هـەواوئارەزوو پەرستەکان – زیـاتر لەژنان خۆیان – شینیان بۆ دەکەن؟! حەز دەکەن هەمیشە بازاڕەکان جووڵەی بێت لەژنانو ئەوانیش هەمیشە بۆ چاولەوەڕاندنو ئارەزوو تێرکردن لەناویاندابن،، خۆ دڵنیایشم ئەوانە – ئەو شینە دەکەنو کتێب لەو بارەوە دەنووسنو لەسەر شاشـەی تەلەفزیۆنـەکان وتـار دەدەنو لاپـەڕەکانی ڕۆژنامـەکان ئیـشغاڵ دەکـەن، لـەو دەسـتو تاقمـە ڕووخـاوەی نـاو کۆمەڵگـەن، لەوانـەن لـە ئەخلاقـدا ئیفلاسـیان کـردووە، لەوانـەن جیهـەتێك بـەکرێیان دەگرێـت بـۆ بـڵاو کردنـەوەی ئـەوەی ئـەو دەیـەوێ ! لەوانـەن توانـای پێکهێنـانو بـەڕێوەبردنی ژنومـاڵی شەرعییان نییە، لەوانەن (ڕەجوولیەت)یان نەماوە، لەوانەن بوونەتە جنسی سێیەم (نەپیاون، تاصـیفاتی پیاویـەتیی هـەڵگرن، نەژنیـشن، تـا صـیفاتی ژنـان هـەڵگرن، بـەڵکو لەصـیفاتو خووی ئاژەڵو (بەهیمـەت)ـەوە نـزیکترن، هەرکەسێك توانـای ژنومێـردی ببـێو، بتـوانێ مـاڵ بەڕێوەبەرێ، ئیسلام داوای لیێ دەکات هاوسـەر پیادە بکـات – ژن بـێ یـان پیـاو – ((یامعشر الشباب ! من استطاع منكم الباءة فليتزوج...)).

ژنان لەسـەردەمی پێغەمبـەردا ﷺ دەردەچوون بۆ مزگەوتـەکان، هـیچ ڕێیـان لـێ نـەدەگیرا، ئەگەرچـی ئـەو سـەردەمەو ئـەمڕۆ – لـەڕووی پـاکیی و ئەخلاقییـەوە – ئاسمـانو ڕێـسمان فەرقیانـە. ئـەو سـەردەمە ژنـان بەسـەرو ملو سینگ داپۆشـراوەوە دەردەچـوونو (زینـەت)ی خۆیانیـان دەرنەدەخـست، لەگـەڵ ئەوەشـدا، دوای کۆچـی پێغەمبـەر ﷺ خـاتوو (عایـشە – خ) بەچاکی نەدەزانی ژنان بچنە مزگەوت: ((قالت عايشة رضى الله عنها –: كـان نـساء المؤمنين يـشهدن الفجـر مـع رسـول الله ﷺ ثـم يـرجعن متلفعـات بمـروطهن مـا يعـرفن مـن الغلـس) متفـق عليه. وەهەروەها دەڵـێ: ((لو أدرك رسول الله ﷺ ما أحدث النـساء لمنعهن مـن المـساجد، كمـا منعـت نـساء بنـى إسـرائيل)). ئـاخۆ ئەگـەرخاتوو (عایـشە – خ) کەوتبایەتـە ئـەمرۆژگارەوە ئێمەی تێکەوتووە، چی گوتبایە؟!.

ئینجا بۆ پێناسەی خۆدەرخستن لەزەمانی پێشوودا (التبرج فى الجاهلية الأولى) موجاهيد دەڵـێ: ژن لـە نێوان پیاواندا دەهـاتو دەچـوو، ئەوەبـە (تـبرج) دادەنـرا. (قـەتادە) دەڵـێ: ژنـان جۆرە لەنجەو لارێکیان دەکرد، خوا ڕێی لێگرتن! چونکە بە (تبرج) دادەنرا.

(موقاتيـل) دەڵـێ: ژنـان لـەماڵ دەردەچـوون، سەرپۆشـیان لـەمل شـتەك نـەدەدا، ملوانکـەو گەردنو گوارەیان دەردەکەوت، بە (تەبـەروج) دادەنـرا !. ئەگـەر ئـەمڕۆ لەگـەڵ ئـەو سـەردەمەدا بەراورد بکەین، دەبینین لـە تاریکستاندا دەژیـن، کەوتووینەتـە (أسـفل سـافلين)ی جاهیلیـەت، کەوتووینەتـە ئـەو چـەپەڵییە، کـە خـوا بـە خێزانـەکانی پێغەمبـەری فـەرموو: ﴿إنمـا يريـد الله ليذهب عنكم الرجس أهل البيت ويطهركم تطهيرا﴾.

عيففەت وپاكژيى لە ئەستۆى ژن و پياودايە

پـاك‌و خـاوێنى و ڕەوشـت بـەرزيى كۆمەڵگـە، بەژن‌وبـە پيـاو، دەپارێزرێـت، بۆيـە خـوا دەفەرمووێ: ﴿إن المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات والقانتين والقانتات والصادقين والـصادقات والـصابرين والـصابرات والخاشـعين والخاشـعات والمتـصدقين والمتـصدقات والصائمين والصائمات والحافظين فروجهم والحافظات والذاكرين الله كثيرا والذاكرات أعد الله لهم مغفرة وأجرا عظيماً﴾٣٤/٣٢. واتە: پياوان‌و ژنانى موسڵمان‌و ئيماندار، پياوان‌و ژنانى فەرمانبەرو ملكەچ، پياووژنى قسەڕاست‌و ڕاستگۆ، پياووژنى خۆڕاگرو بەصەبر، پياووژنى خۆ بەكەمزان‌و بێ فيز، پياووژنى بەخشەرو صەدەقەدەر، پياووژنى ڕۆچەوان، پياووژنى داوێن‌پاك، ژن‌و پياوێ كە زۆر يادى خوا دەكەن... بۆ هەريەكەيان لەخواوە لێخۆشبوون‌و پاداشتێكى گەورەيان بۆ دانراوە.

ئابەوشێوەيە قورئانى پيرۆز، ژن‌وپياوى خستە پاڵ يەك، دواى ئەوە ژنان زۆر هێنرابوونە خوارەوە لەپايەوڕێزدا، پياوانى تێگەياند كە لەگەڵ ئەوانيش ژنان هەن، لە ئێوە هيچيان كەمتر نييە و لە هەموو ئەو كارانەدا هاوبەشن، وەكو يەك لاى خوا پاداشتيان هەيە، هەر كامێكتان لابدەن –ژن يان پياو– بێ جياوازى تۆڵەى هەيە، ئەمەيە: ﴿ولهن مثل الذى عليهن بالمعروف﴾. واتە: بەپێى عورفى پەسەندى كۆمەڵگەى پەسەند، هەر هەقێ لەسەر ژنان بێت بۆ پياوان، هەمان هەقيش لەسەر پياوانە بۆ ژنان.

ژن و پياو لە فەرمانى خودا نابێ كلا بن

كاتێ دينى ئيسلام هات، كۆمەڵگە پڕبوو لەداب‌ونەريتى سەيروسەمەرە! بۆنموونە: مرۆڤ بەكۆيلـە كـردن‌و، زۆربەكـەمنرخ تەماشـاكردنى، تەنانـەتى نانيـان لەگـەڵ نـەدەخوارد، ژنيـان نەدەدايە ! لەبازاڕەكاندا – وەكو ئاژەڵ – دەفرۆشرا ! يان ژنى تەڵاقدراوى بەكوڕكراو (دعىّ)، وەكو ژنـى كـوڕى (نەسـەب)يـى دادەنـرا، واتـە: هەرچۆنـێ بـووك پـاش تەڵاقيـشى، نـابێ مـارە بكرێـت، ئـەميش نـەدەبوو مارەبكرێ ! ديارە گێڕانـەوەى ئـەم دووخاڵـە بـۆ سـەربارى ئاسـايى شەرعيى خۆيان، بەپێغەمبەرێك نەبێ ناكرێ، بۆيە خوا ئەو تەكليفە لە پێغەمبەر ﷺ دەكات بـۆ شـكاندنى ئـەو فـەرق‌و جياوازيـە دروسـتكرابوو لـەنێو مرۆڤەكانـدا، دەسـت بكـات بەشكاندنى‌و، ئـەو كۆمەڵگەيـە تێگەيـەنێت كـە: مرۆڤ لاى خـواى ميهرەبـان هـەموو يەكسانە، مەگەر بەتەقوا (ئەميش لەقيامەتدا جيادەكرێتەوە) بۆيە هەڵدەسێت بەڕێكخستنى (زەينەب)ى پـووررزاى قوڕەيـشى (بـەنى هاشـم)، دەسـەڵاتدارو سـەركردەى ئـەو ڕۆژە بـۆ (زەيـد)ى كۆيلـەى

بەکوڕکراوی خۆی، تا – بەفەرمانی خوا هەردوو ڕەوشتە جاهیلیەتەکە هەڵوەشێنێتەوە –، بۆ ئەمە (ئیبن عەباس – خ) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ خوازبێنی (زەینەب)ی (ئەسەدیی) کرد بۆ (زەید)ی غولامیی (خوا لە هەردوو ڕازی بێت) ئەویش گوتی: مێردی لەگەڵ ناکەم ! پێغەمبەر ﷺ داوای لێکرد: مێردی لەگەڵ بکات، گوتی: با لەگەڵ خۆمدا مەشوەرەتێ بکەم (بزانم چۆن دەبێ؟)، لەو قسەوباسانەدا بوون، خوای کارزان فەرمووی: ﴿وماكان لمؤمن ولا مؤمنة إذا قضى الله ورسوله أمرا أن يكون لهم الخيرة من أمرهم ومن يعص الله ورسوله فقد ضلّ ضلالا مبينا﴾ ٣٦/٣٢. واتە: کەخوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ بڕیاری کارێکیاندا، ئیتر بۆ هیچ ژنوپیاوێکی موسڵمان ڕەوانیە بڕیارێکی تر بۆ خۆیان هەڵبژێرن، ئەوی سەرپێچی لەخواو لە پێغەمبەرەکەی بکات، بەڕاستی بەئاشکرا گومڕایە. (زەینەب)یش گوتی: باشە ! تۆ قەبووڵتە (زەید) مێردم بێت؟ فەرمووی بەڵێ. ئەویش گوتی: دەسا سەرپێچی لە پێغەمبەری خوا ناکەم، ئەوا بەمێرد قبووڵم کرد. (تەبەریی) لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێ: بەلەنگو نەنگی دەزانی مێردی پێ بکات، بۆیە گوتی: من لەو باشترم ! –بەسروشت بۆ خۆیشی تووڕەبوو – تا خوا ئەو ئایەتەی نارد، ئەویش تەسلیم بوو ملی ڕاکێشا.

لە (مەسنەد)ی ئیمام (ئەحمەد) ٤٢٢/٤ هاتووە، پێشەوا (موسلیم) لە (کتاب الفضائل/١٩١٨/٤-١٩١٩) لە (ئەبوو بەرزەی ئەسلەمیەوە هێناویەتی: کە (جولەیبیب) ناوێك هەمیشە حەزی بەناو ژنان دەکرد، (ئەبوو بەرزە) دەڵێ: بەخێزانەکەمم گوت: ئەمڕۆ ڕێ بە (جولەیبیب) نەدەن بێتە ناوتان، ئەگینە خۆم دەزانم چیتان پێ دەکەم ! (ئەنصار)ـەکانیش هەرکە ژنێکیان بەمێرد دەدا، لەپێشەوە مەشوەرەتیان بە پێغەمبەر ﷺ دەکرد، بۆیە ڕۆژێك پێغەمبەر ﷺ بەپیاوێکیانی گوت: کچەکەتم بدەرێ، ئەویش واتێگەیشت بۆ خۆی داوای دەکات، بۆیە بەپێخۆشحاڵیەوە خێرا پیرۆزبایی لێکرد ! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بۆ خۆمم نەخواست، بۆ (جولەیبیب)م دەوێ! باوکی کچەکە گوتی: دەسا بامەشوەرەت بە دایکی بکەم، ئەویش گەڕایەوەو مەسەلەکەی گوت بەدایکی کچە، دایکەش وای زانی کە پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی خواستوویەتی، بۆیە خێرا بەخۆشحاڵیەوە پیرۆزبایی کرد، باوکی کچەکە گوتی: بۆ خۆی نیە، بەڵکو بۆ (جولەیبیب)ـە ! ئەویش لەبەر بێزاری گوتی: بەخوا سوێند، نابێ لێی مارە بکەیت. جا بەرلەوە هەڵسێو قسەکە بێنێتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ، کچەکە – دیار بوو گوێی لەو ڕاگۆڕینەوەی باوكو دایکی بوو – گوتی بەدایکی: پێغەمبەر ﷺ بۆ کێی خواستووم؟ دایکی تێیگەیاند. کچەکە گوتی: جا دەکرێ ئێوە قسەی پێغەمبەر ﷺ بشکێنن؟ من دڵنیام کە پێغەمبەر ﷺ شتی خراپی بۆ من ناوێ. باوکی وەڵامەکەی بردەوە بۆ پێغەمبەر، ئەویش لە (جولەیبیب)ی مارەکرد.

پاشـان خەزایـەك هاتـە پـێش، پێغەمبـەر ﷺ چووە خەزاكـەوە، (جولـەیبیب)یـش لەگـەڵیا ڕۆشـت، پـاش سـەركەوتن بەهاوەڵـەكانی فـەرموو. كەسـێك هەیـە دیـار نـەبێ ؟ گوتیـان بـەڵێ (چەند ناوێكیان هەڵدا) دیسان فەرمووی: بگەڕێن، كێی تر دیار نییە ؟ گوتیان: ئیتر كەسێك نییە دیار نەبێ ! فەرمووی: من (جولـەیبیب) نـابینم ! بـچن لـەناو كوژراوەكانـدا بـۆی بگـەڕێن، ئەوانیش چوون تەماشا دەكەن لە جێگایەكدا شەهید بووەو حەوت لـە دوژمنـانی ئیـسلامیش لەلایـدا كـوژراون ! ئـەوانیش هەواڵەكـەیان بـۆ پێغەمبـەر ﷺ بـردەوە گوتیـان: حـەوت كەسـی لەنـەیارانی ئیـسلام كووشـتووەو بـۆ خۆشـی شـەهید بـووە، ئەوسـا پێغەمبـەر ﷺ چووە لای جەنازەكەیو وەستاو فەرمووی: حەوتی كوشتووەو كوشتوویانە ! (هذا منی وأنا منه) سـێ جار فەرمووی: جولەیبیب لەمنـەو، منـیش لـەوم! پاشـان لەسـەر هـەردوو باسـكی خـۆی دانـاو گۆڕیان بۆ هەڵكەندو خستیانە گۆڕەوە. بـۆ دواییش پێغەمبـەر ﷺ دوعـای بـۆ ئـەو كـچە كـردو فەرمووی: ((اللهم صبّ علیها الخیر صبّاً، ولا تجعل عیشها كدّا)) واتە: خوایـە ! خێرێكـی زۆر بڕێـژی بەسـەریاو، سـەختی نەیەتـە ژیانیـەوە. (ئـەبوو بـەرزە) دەڵـێ: ئـیتر لـەناو (ئەنـصار)دا ژنێكی تر نەبوو، وەكو ئەو گوزەرانی خۆش بێت.

كە ئیسلام دێت، خووە نالـەبارەكانی سـەردەمی جاهیلیـەت، زۆرنو، هـەركامێكیان لەگـەڵ ئینـسانیەتی ئینـسانەكاندا نـەگونجێت، هەڵیدەوەشـێنێتەوەو مرۆڤـەكان گـشت یەكـسان دەكاتەوەو دەڵێ: مرۆڤ هەر مرۆڤە، كەس لەكەس گەورەترو مەزنتر نییە، هەموو كچو كوڕێك شـایەنی یـەكترن، هـیچ هۆزێـك لـە هـۆزێكی تـر بـالآتر نییـە، بـەڵێ ئایەتەكـە هـات بـۆ تەسـلیم بوونو شكاندنی ئەو هەموو ئەستەمو لەمپەڕانە كۆمەڵگە فەراهەمی هێناونو كردوونیە یاسا بۆ كاروباری خۆی، بڕیار هەر بڕیاری خوایە، (زەینـەب)ی (ئەسـەدیی)یـش لـە(زەیـد)ی كۆیلـە مەزنتر نییە، ژنی بەكوڕ كراویش نابێتە بووكو پاش تەلآقدانی نیكاحی ڕەوایە.

ژنانی پێش سەرجێیی تەلآقدراو

لەپێشەوە – لە سوورەتی (بەقەرە)دا – باسـی ئـەو ژنانـە كـرا كـە پـێش چوونەلایان تـەلآق دەدرێن فەرمووی: ﴿لا جناح علیكم إن طلقتم النساء ما لم تمسوهن أو تفرضوا لهن فریضة﴾ ئنجـا لێـرەدا باسـی ئـەوە دەكـات ئـاخۆ عیـدەیان لەسـەرە، ئەگـەر دوای مـارە بـڕینو، پـێش گواستنەوە تەلآق بدرێن..؟! ﴿یاأیُها الذین آمنوا إذا نكحتم المؤمنات ثم طلقتموهن من قبل تمسّوهن فما لكم علیهن من عدّة تعتدونها فمتعوهن وسرحوهن سراحاً جمیلا﴾٤٩/٣٢. واتـە: ئەی ئیمانداران ! كاتێ ژنانی باوەڕدار مارە دەكەن، پاشـان – پـێش سـەرجێیی لەگـەڵكردن –

تەلاقتان دان، ئێوە هەقی هیچ عیدەیەکتان بەسەریانەوە نییە بەسەری بەرن، کەوابوو هەقی خۆیانیان بدەنێ (ئەگەر مارەییيان هەبوو نیوەیان دەکەوێت، ئەگەر نەیشیان بوو، بەگوێرەی دەسەلات باربوو بکرێن) پاشان بەشێوەیەکی جوان و پەسەند بەڕێیان بکەن (بێ ئەزیەت و ئازارو دڵ ئێشانیان).

فەلسەفەی عیدده: بۆ دەرکەوتنی خاڵیبوونی (رەحەم)ی ژنانە لەمنداڵ، تا (نەسل)و (نەسەب) تێکەڵ نەبن، منداڵی ئەم تێکەڵ بەهی ئەوی دیکە نەبێ، دیارە ئەو ژنەی سەرجێیی لەگەڵ نەکرابێ، (رەحەم)ی شتێکی تێدا نییە تا تێکەڵ بەهی کەسێکی تر ببێت پاش مێردکردنەوە، کەوابوو عیدەشیان لەسەر نیە.

عیدەی شەرعیی

عیدده ماوەو زەمەنێکە، لە شەریعەتی ئیسلامدا دادەنرێ بۆ چاوەنۆڕی ژنان پاش تەلاق، یان پاش مردنی مێردیان،بۆ ئەوە دەرکەوێ (حەمل)ی هەیە یانا؟، یان بۆ دەربڕینی ناڕەحەتیی ودەرخستنی وەفایەك بۆ مێرده مردووەکەیان، یان هەر لە بەر فەرمانی خودای میهرەبان و(تعبد).

عیده دەبێتە چەند بەشێکەوە:

١- هەرجیابوونەوەیەك بەر لە سەرجێیی بێت عیدەی نییە(مێرد مردوو نەبێ).

٢- هەر ژنێك مێردی مردو دوو گیان نەبوو، دەبێ چوار مانگ ودەرۆژ دانیشێ.

باسێکی دی ژنەکانی پێغەمبەر ﷺ

کاتێ ئایەتەکەی سوورەتی (نساء): ﴿فانكحوا ماطاب لكم من النساء مثنى وثلاث ورباع....﴾ هات و چوار ژن زیاتری قەدەغەکرد، لەو دەمەدا پێغەمبەر ﷺ لەبەر هێندێ هۆکار بەدین وئاقیدەکەیەوە – ئەم (٩) ژنە لە خوارەوە ناویان دێت لە ژێر رکێفیا بوو: خاتوو(عایشە) و (حەفصە) کچانی (ئەبووبەکر) و (عومەر – خوا لێیان رازیی بێت) بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو دوو پیاوە بەڕێزە ئازاو دڵسۆزوناودارانەدا. (ئوم حەبیبە، ئوم سەلەمە، سەودە، زەینەبی کچی خوزەیمە) چونکە لەلایەکەوە کۆچیان کردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە مێردەکانیان لەخەزاکاندا لەدەستدابوو، ئەوسا لەبەر ڕێزلێنان لێیان – چونکە نەجوان و نەلاو بوون – پێغەمبەر ﷺ مارەیکردن. (زەینەب) ی کچی (جەحش) کە لەمارە کردنەکەیدا کارێکی زۆر گرنگی پێ ئەنجام دا: ئەویش: ئەوە بوو عەرەبەکان ژنی بە کوڕکراویان بەبووك دادەنا و پاش تەلاقدانیشی رێیان بە مارەکردنی نەدەدا، پێغەمبەر زەینەبی مارە کرد تائەو کارە بێ

بنەمایــە هەڵوەشــێنێتەوە، ئەگەرچــی نــەیارو ناحــەزەکانی درۆو دەلەســەیەکی زۆریــان بــۆ هەڵبەست لە مارەکردنی (زەینەب)دا! خـاتوو (جووەیریـە) لـەهۆزی (بـنی المـصطلق). (صـەفیە) کچی (حەی بن أخطب) مارەکردنی ئەم دوانەش بۆ زیادبوونی پەیوەندی بەخێڵەکانەوە بـوو.... بـەپێی دەقـی قورئـانی پـیرۆز کـە دەفـەرموێ: ﴿وأزواجـه أمهـاتهم....﴾ ئـەو ژنانـە هـەموو بوونـە دایکـی موسـڵمانانو، کـاتێکیش ئایـەتی (تـەخییر) هـات، لـە بـاتی دنیـاخواو پێغەمبـەریان هەڵبـژارد، ئینجا کـە ئایـەتی دیـاریکردنی ژمـارەی ژنـان (تـا چـوار) هـات، زۆر لایـان قـورسو سـەخت بـوو کـە لـە پێغەمبـەر ﷺ جیاببنــەوە، جـا لەبـەر ئـەوە خـوا بەچـاوی بەزەییـیـەوە تەماشــایکردنو، پێغەمبــەری ﷺ لــەو حــوکمو بڕیــارە هــەڵاواردو مۆڵــەتی هێــشتنەوەی هەمووییانیدا، پاش ئەوەیش – هێمان هەرلەبەر خاتری ئەوان رێی لێگرت کە هیچ کامێکیان تەلاق بدات، یان ژنی تریان بەسەربێنێ.

جا بۆ چەسپاندنی ئەو مەبەستانە ئەم ئایەتانەی خوارەوە هات و ئێمـەش لەخزمەتیانـدا دەبین کـە دەفـەرموون: ﴿ياأيهـا النبـى إنـا أحللنـا لـك أزواجـك اللاتـى آتيـت أجـورهن وماملكـت يمينك مما أفاء الله عليك وبنات عمك وبنات عماتك وبنـات خالـك وبنـات خالاتـك اللاتـى هـاجرن معـك وامـرأة مؤمنـة إن وهبـت نفسها للنبـى إن أراد النبـى أن يـستنكحها خالـصة لـك مـن دون المؤمنين قد علمنا مافرضنا عليهم فى أزواجهم وماملكت أيمانكم لكيلا يكون عليك حرج وكـان الله غفـورا رحيمـا﴾٥٠/٣٢. واتـە: ئـەی پێغەمبـەر ﷺ ! بێگومـان ئێمـە ئـەم ژنانـەمان بـۆ حـەڵاڵ کردویت، ئەگەرچـی لەچـواریش پتربـن: ئەوانـە مارەییـت پێـداون. ئەوانـەی لەجەنگـدا بوویتـە خاوەنیـان، وەکـو خـاتوو (صـەفیە)و خـاتوو(جووەیریـە) کـە هـەردووکیانی ئـازاد کردووپاشـان مارەیکردن، وەخاتوو (ریحانە) و (ماریە)خان. وەکچەمامو کچەپووری (هـەردوولا)و کچەخاڵ، ئەوانەیان لەگەڵ تۆدا کۆچیان کرد، بۆ رێزلێنانیان. وەهەر ژنێکی ئیمانداریش خۆی ببەخشێ پێت، دەتـوانی مـارەی بکـەیت (بـێ مـارەیی و بـێ وەلیـی و بـێ شـایەت) تێبینـی: سـەبارەت بـەو ژنانـە کـە خۆیـان بـە پێغەمبـەر بەخـشی ڕیوایـەت گـەلێك هـەن، ئـاخۆ وەك ئـەوان خۆیـان پـێ بەخشیی، ئـەمیش مـارەیکردن، یـا نـا؟ قسەی پەسـەند وراسـت ئەوەیە کـە:هـەر کەسێك داوای کردبێـت مـارەی بکـات، لەیـەکێ لـەهاوەڵانی مـارەیکردووە، نـەك لـە خـۆی). بۆیـە خـوا ئـەو بڕیارەیدا، تا پێغەمبەر ﷺ لە هێشتنەوەی خێزانەکانیدا نیگەران نەبێت.

سەبارەت بەخواستنی ئەو ژنانەش خۆ دەبەخشن بە پێغەمبەر ﷺ، دەیتوانی قـەبووڵیان بکـاو، دەیـشیتوانی بیانداتـە دواوەو، دەیـشیتوانی پـاش ماوەیـەکی تـر، هـەر کامێکیـانی قەبولْ بێ مارەی بکات وبیکاتە هاوسەری خۆی، واتە: لەبەر ئەرکەکانی سەرشانی، واجیب

نـەبوو وەریـان گـریٚ، بـەڵکو دەیتـوانی کامیـان لەگـەڵ کاروباریـا دەگـونجیٚ وەری گـریٚو، کامیشیان ناگونجێت وەری نەگرێت: ﴿ترجی من تشاء منهن وتؤوى إليك من تشاء ومن ابتغيت ممن عزلت فلا جناح عليك ذلك أدنى أن تقرّ أعينهن ولا يحزن ويرضين بما آتيتهن كلهن والله يعلم ما فى قلوبكم وكان الله عليما حليماً﴾٥١. واتـە: تـۆ هـەر کامێکیـان دوا بخـەیتو هـەرکامێکیان بگریتـە لای خـۆت کـەیفی خـۆتـە (دەتوانی) ژنـی کەنارلێگیراویشت ئاشـت بکەیتـەوە، بـۆ ئەمـە گوناهێکـت نایەتـە سـەر، ئـەم کـارە باشـترە دەبێتـە مایـەی دڵخۆشبوونو خەم نەخواردنیان و هەمووش ڕازی بن بەوەی پێتداون. هەرچیش بەدڵتانا بێت خوا دەزانیٚ. وەزاناو لەسەر خۆیە.

بۆ مانای ئەم ئایەتە دوو تەفسیر هەیە:

یەکـەم: هـەرکامێك لـەو ژنانـە خـۆ دەبەخـشن پێـت، کەیفتـە وەریـان گـری، یـان وەریـان نەگریت، دیسان بۆ دواتریش ئەوانەی وەرت نەگرتن، هەر دەتوانی وەریان گریت.

دووەم: سەبارەت بەخێزانەکانت – ئەی پێغەمبەر! ڕێت هەیە لە (قەسم)و دابەشکردنی کات بەسەریاندا لایان بمێنیتەوە، لەوەشدا کامیان پێش دەخەیت، کامیان دوا دەخەیت سەرپشکبە. زانایان دەڵێن: لەبەر زۆری ئەرکەکانی دانانی (قەسم) لەسـەر شانی ئەوگران و سـەخت بـوو، جا لەبەرئەوە قەسمی لە سەر واجیب نەکرابوو، ئەگەرچی ئەو پێغەمبەر ﷺ ستەمو ناهەقی لەهیچ کامێکیـان نـەدەکرد، نەلـەڕیٚ وشـوێندا، نـە لـە خـواردن و جل و بەرگـدا، نـە لەسـەرجێیدا. ئـەو تەفـسیرە هـەرکامێکیان بێـت، بـۆ پێغەمبـەر ﷺ پـڕ بەواقیعەکەیـەتی، کـیٚ ی بەچـاك زانـیو بەرژەوەنـدی ئیسلامی تێدابوو، دەیکاتـە هاوسـەری خۆی، لەگـەڵ کێشدا بەرژەوەنـدی نـەبینی دەیداتـە دواوە. سـەبارەت بـە (قەسـم)یـش دەعـوەو بانگەوازەکـەی وا هەڵدەگریٚ کـە لـەو جـۆرە شتانەدا نەبەستریٚ بە جێگایەکەوە، ئەگەرچی بۆ خۆی هەموویانی ڕازیکردووە.

ئینجا بـەدەر لـەو ژنانـەی بـەر لـەهاتنی ئایـەتی ﴿فانكحوا ماطاب لكم من النساء مثنى وثلاث وربـاع...﴾هـەیبوون، خـوا ژنـانی تـری لەسـەر حـەرامکرد، مارەیـان بکـات، یـان بییانگۆڕیٚو تەڵاقیان بدات، وەکو دەفەرمویٚ: ﴿لا يحل لك النساء من بعد ولا أن تبدل بهن من أزواج ولو أعجبك حسنهن إلا ماملكت يمينك وكان الله على كل شيء رقيباً﴾٥٢/٣٢. واتـە: دوای ئـەو ژنانـەی هاوسـەرتن، هـیچ ژنێکـی تـرت بـۆ حـەڵاڵ نییـەو، ناشـتوانی بیـانگۆڕی بەهاوسـەرانی تـر، ئەگـەر چـی جوانیەکـەیان سەرسـامت بکـات، مەگەرکەنەنیزەیـەك ببیتـە خاوەنی، خواش بەسەر هەموو شتێکدا چاودێرە.

زانا گەلێك (ئیبن عەباس، موجاهید، زەحاك، قەتادە، ئیبن زەید، ئیبن جەریر...) دەڵێن:

خوا پاداشتی ژنەكانی پێغەمبەری ﷺ بەم حوكمو بڕیارەدایەوە كە هەرگیز پێغەمبەر نەتوانێ ژنی تر بێنێ، یان تەڵاقیان بدات، ئەمەیش پاداشتی ئەوەبوو، كاتێ پێغەمبەر ﷺ سەرپشكی كردن لەنێوان هەڵبژاردنی دنیاو خواو پێغەمبەردا، خواو پێغەمبەریان هەڵبژارد.

خاتوو (عایشە – خ) دەڵێت: بەر لەكۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ، ئەو حوكمە هەڵوەشایەوە، بەڵام پێغەمبەر وەكو خۆی مایەوە، واتە: نەژنی تری هێناو، نەهیچ كامێكیانی تەڵاقداو گۆڕی.

كات لە یەكتر مەگرن

(بوخاریی) لە (ئەنەس)ی كوڕی (مالیك)ـەوە دەڵێ: كاتێ پێغەمبەر ﷺ بۆ گواستنەوەی (زەینەب)ی كچی (جحش) زەماوەندی كرد خەڵكێكی دەورو بەری دەعوەتكرد، جاپاش نانخواردن، لەباتی هەڵسانو چۆڵكردنی ماڵەكە، دانیشتن و كەوتنە ڕازو نیازی خۆیان ! پێغەمبەریش ﷺ خۆی ئامادە كردبوو هەڵسێ، كەچی ئەوان هەڵنەسان ! ئینجا كەدیتیان وا پێغەمبەر ﷺ هەڵسایەوە، هێندێكیان هەڵسانو، سێ كەسیان هەڵنەسان ومانەوە ! جاپاشان كە دیتیان وا پێغەمبەر ﷺ هەڵساوە، ئیتر ئەوانیش هەڵسان، ئەنەس دەڵێ منیش چووم بە پێغەمبەرم گوت وا هەڵساون، ئەویش هاتو چوویە ژوورەوە، پاشان خوا فەرمووی: ﴿یاأیها الذین آمنوا لاتدخلوا بیوت النبی إلا أن یؤذن لكم إلی طعام غیر ناظرین إناه ولكن إذا دعیتم فادخلوا فإذا طعمتم فانتشروا ولا مستأنسین لحدیث ذلكم كان یؤذی النبی فیستحی منكم والله لایستحی من الحق وإذا سألتموهن متاعا فاسألوهن من وراء حجاب ذلكم أطهر لقلوبكم وقلوبهن وماكان لكم أن تؤذوا رسول الله ولا أن تنكحوا أزواجا من بعده أبدا إن ذلكم كان عند الله عظیما. إن تبدوا شیئا أو تخفوه فإن الله كان بكل شیء علیما﴾ ٣٣/٥٣-٥٤. واتە: ئەی ئیمانداران ! مەچنە ژوورەوەی ماڵەكانی پێغەمبەر ﷺ، مەگین بۆ خواردن بانگ كرابن، ئەویش وەختی وامەچن خواردنەكە ئامادە نەبووبێت، جا هەر خواردنەكەشتان خوارد، بڵاوە بكەنو خۆ بەقسەوە خەریك مەكەن، چونكە كاری وا پێغەمبەری ئازار دەدا، پێغەمبەر ﷺ لەبەر ئێوە شەرم دەكات دەنگتان بدات، خۆ خودا لە قسەی ڕاستگوتن شەرم ناكات، هەر كاتێكیش داوای شتێك لەژنەكانی دەكەن، چاویان تێمەبڕن، بەڵكو دەبێ لەپشت پەردەوە بیخوازن، ئەم كارەیە بۆ دڵپاكی هەردوولاتان باشترو نزیكترە. نابێ پێغەمبەری خوا لە ئێوەوە ئازار ببینێ، وە ڕەواش نییە دوای خۆی – بەهەتا هەتایی – ژنەكانی بخوازنو مارە بكەن، كەكارێكی وا لای خوا كارێكی گەورەیە. هەرچییش دەرخەن، یان بیشارنەوە خوا پێی دەزانێت.

لەم ئایەتەدا خودای كارزان شێوەی هاتووچۆی موسڵمانان بۆ ماڵی پێغەمبەر ﷺ

ڕێکدەخات، یاساو ڕێسایەکی بۆ دادەنێت، بەتایبەتی لەودەمەدا کە خەڵکانێکی خراپ و درۆزن و دووڕوو هەبوون و، هەمیشە بۆ درۆودەلەسەیە دەگەڕان، کە شعوورو هەستی پێغەمبەر وماڵەکەی بڕووکێنن.

لەسەردەمی جاهیلیەتدا ئەدەب و وێڵی شێوەی زیارەت و سەردانی یەکتر ریعایەت نەدەکرا ! هەر بۆیە کە دەچوونە ماڵی پێغەمبەریش ﷺ گەلێ جار زۆر دادەنیشتن و خۆی و ماڵەوەی تەنگەتاو دەبوون و وەخت و بێوەختیان بەلاوە نەبوو، خودای پەروەردگار بۆ پەرژینێك لەماڵە بەڕێزەکەی و سەرقاڵ نەکردنی پێغەمبەر ﷺ بەشتی لاوەکیەوە بەچەند ئایەتێك و بە چەند قۆناغێك هاتووچۆو سەرقاڵکردنەکەی کەمکردەوە، جاری لە سوورەتی(موجادیلە)دا فەرمووی: ئەوانەی دەیانەوێ بچنە لای پێغەمبەر ﷺ، دەبێ پێش ئەوە صەدەقەیەك بکەن، جاری تر – لێرە– فەرمووی: کە چوونە ماڵەکانیەوە – ئەر بانگکرابوون بۆ خواردن – کاتێ بچن خواردنەکە ئامادە بووبێت، هەرکە خواردیشتان هەڵسن، مەمێننەوە و خۆ بە قسەوە خەریك بکەن، بێگومان بەو چەند ئامۆژگاریانە کاتی زیارەت و سەردانی پێغەمبەر ﷺ چوویە قۆناغێکی ترەوە.

سەبارەت بەو قەڵەباڵغیی و هاتووچۆیە بۆ ماڵی پێغەمبەر، بێگومان هەموو جۆرە مرۆڤێك – چاك و خراپ – دەچێت، ئەوەیش قابیلی هەموو قسەیەکی خراپە بکەوێتە دوای خێزانەکانی، بۆیە – وەکو (عومەری کوڕی خەتتاب)یش پێشنیازی کرد – ئایەت هات و فەرمووی: هەرکە داوای شتێکتان لێ کردن، با لەپشت پەردەوە داوایان لێ بکەن. ئیمامی (بوخاریی) لە (ئەنەس)ەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ((قال عمر بن الخطاب: يارسول الله: يدخل عليك البر والفاجر، فلو أمرت أمهات المؤمنين بالحجاب: فانزل الله آية الحجاب...)). واتە: (عومەر – خ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ! چاك و خراپ دێتە ماڵتان، خۆزگە فەرمانت بەدایکی موسڵمانان (واتە خێزانەکانت) دەدا بە حیجاب ! ئیتر ئایەتی حیجاب هات.

(قورتوبی) دەڵێ: (ويدخل فى ذلك جميع النساء بالمعنى، وبما تضمنته أصول الشريعة من أن المرأة كلها عورة (بدنها وصوتها، فلا يجوز كشف ذلك إلا لحاجة) واتە:تەواوی ژنان لەو حوکم و بڕیارەدا وەکو ژنەکانی پێغەمبەرن –، دەبێ هەردوولایان هیچ جێگایەکیان نامەحرەم نەیبینێ، کاتی زەروورەت و پێویست نەبێت.

ئەمە ئەدەب و وێڵی دینی ئیسلامە سەبارەت بەژنان و پیاوانی نامەحرەم، چونکە مرۆڤ تەنها بەو جۆرە لەدڵەڕاوکێ و بەدگومانی دەپارێزرێت، خودا خۆی باشتر دەزانێت، کەبەغەیری ئەو ئەحکامانە خۆی بڕیاری داون، پاکی و خاوێنی بەدەست نایەت، نابێ

كەسێك بڵێت دڵ حسێبە، یان وەكو خوشكم سەیری ئەو ژنە دەكەم، یان بڵێت: ئەگەر ئینسانەكان (كچ وكوڕیان) هەر لەسەرەتاوە لە قوتابخانەو شوێنە گشتییەكاندا تێكەڵ بكرێن، ئیتر ئەو حەساسیەتەیان نامێنێ و بەدوای یەكدا ناگەڕێن و كەسێك دڵی پیس نابێت بەرامبەر كەسێكی تر ! ئەمە ئاشكرایە كە قسەی وا ناڕاست و درۆیە، چونكە خوای گەورە ئینسانی وا دروستكردووە خاوەنی (غەریزە)ی جنسیەو، بەیەكگەیشتن نەبێت دانا مركێتەوە، ئەو كچ وكوڕانەش كە شەوو ڕۆژ بەیەكەون، دیارە ئەوەی مەبەست بیت ئەنجامی دەدەن لەو جێگایانەدا بۆیان دەست دەدات، ئیتر پێوست ناكات لەناو قەڵەباڵغیدا دەستبازی و شتی وا بكەن، بۆیە ئەگەر بمانەوێ كۆمەڵگە بەپاكی بمێنێتەوە، چار هەر ئەو حوكم و بڕیارەیە خوای دلۆڤان و میهرەبان داویەتی.

كاتێ ئایەتی (حیجاب) هات، بەلای موسڵمانانەوە جێبەجێكردنی زۆر سەخت بوو بەتایبەتی لەگەڵ خزمانی نزیكیان، بۆیە خوای كارزان فەرمووی: ﴿لا جناح علیهن فی آبائهن ولا أبنائهن ولا إخوانهن ولا أبناء إخوانهن ولا أبناء أخواتهن ولا نسائهن ولا ماملكت أیمانهن واتقین الله إن الله كان علی كل شیء شهیدا﴾٥٥/٣٥. واتە: سەبارەت بە تێكەڵی ئەو خزمانە (بێ پەردەدانان لە نێواندا) ژنان هیچ گوناحێكیان ناگات: باب و كوڕان و براو برازاو، خوشكەزاو ژنانی موسڵمان و ئەو كۆیلانە بوونەتە خاوەنیان یەكتر ببینن، وەدەبێ – بەپەنهایی و بەئاشكرا – لە خوا بترسن، چونكە خوا هەمیشە چاودێرە بەسەر هەموو شتێكەوە.

(سەید قوتب) دەڵێ: ناتوانم مێژووی هاتنی ئەم ئایەتەی ئێرە كە تایبەتە بەژنەكانی پێغەمبەر ﷺ، لەگەڵ ئایەتەكەی سوورەتی (نوور)دا كە گشتگیرەو سەرجەم ژنانی ئیمانداردەگرێتەوە، دیاری بكەم وبڵێم: كامیان لە پێشەوە هاتووە...؟ بەڵام قسەی پەسەند ئەوەیە كە ئەمەی سوورەتی (ئەحزاب) تایبەتە بە خێزانەكانی پێغەمبەرەوە ﷺ، پاشان بڕیارەكە هەموو ژنانی گرتەوە.

جا بۆئەوە كە هیچ دوودڵیەك نەمێنێ سەبارەت بە (حیجاب) بۆ تەواوی ژنانی ئیماندارو كەسێك نەڵێت، (حیجاب) تەنها بۆ ژنانی پێغەمبەر ﷺهاتووە، خودای میهرەبان بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ﴿یاأیها النبی قل لأزواجك وبناتك ونساء المؤمنین یدنین علیهن من جلابیبهن ذلك أدنی أن یعرفن فلا یؤذین وكان الله غفورا رحیما﴾٥٩/٣٢. واتە: ئەی پێغەمبەر ! بەژن و كچەكانت،و بەژنانی ئیمانداران بڵێ: بە (جیلباب = عەبا)كەیان تەواو جەستەیان داپۆشن (دەم و چاو هەموو جەستەیان) تاله ژنانی خراپ جیاببنەوەو دووڕووەكان ڕێیان لێ نەگرن، وەكو دەفەرمووێ: ئەوە نزیكترە بناسرێنەوەو ئازار نەدرێن. خوایش هەمیشە گوناه پۆشە، میهرەبانە.

کتێبی (روائع البیان/صابونی) دەڵێت: (جلابیب) جمع جلباب، وهو الثوب الذی یستر جمیع البدن. قال الشهاب: هو إزار یلتحف به، وقیل هو الملحفة وکل یغطی سائر البدن. قال فی لسان العرب: الجلباب: ثوب أوسع من الخمار دون الرداء، تغطّی به المرأة رأسها وصدرها. وقیل هو الملحفة) واتە:جەلابیب: بەو پارچە قوماشە دەڵێن:کە تەواوی جەستە داپۆشێ. بەدەم (ئیبن عەباس)ـەوە دەڵێن تەنها چاوێکی نەبێ !.بەڵێ ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەڵێن (عەبا) لەگەڵ ئەو تەفسیرانەدا دەگونجێت و شتێکی شەرعیی و پەسەندە، دەمێنێتەوە سەر ئەوە ئاخۆ داپۆشینی دەم و چاو واجیب بێت؟. قورئان دەفەرمووێ: ﴿ولا یبدین زینتهن إلا بعولتهن أو آبائهن...﴾ نابێ ژنان زینەت و جوانیان بۆ مەحرەمیان نەبێ دەربخەن، دیارەکە دەم وچاو بنچینەو بناغەی جوانی ژنانە، وە هەموو کات لەوێوە تەماشای جوانی ژنان دەکرێت کەوابوو داپۆشینی واجیبە مەگەر کاتێ بزانرێ کەسێك نیە تەماشای بکات و سەرنجی ڕابکێشێ.

حیجابی شەرعیی و پەسەند، چەند مەرجێکی هەیە

١) تەواوی جەستەی ژنان داپۆشێ.

٢) ناسك و تەنکێك نەبێ جەستەی لێوە دیار بێت.

٣) خۆی بۆ خۆی قوماشێکی سەرنج ڕاکێشەر نەبێت، خۆ ئەگەر پارچەیەکی وابوو، سەرنجی خەڵکانی بۆ خۆی ڕادەکێشا، ئەوەبە (حیجاب) دانانرێ وحەرامە پۆشینی.

٤) نابێ تەسك و ترووسك بێت و جەستەی بگووشێ وحیکایەت لە جەستەی بکات.

٥) جل وبەرگێکی خۆشبۆ (معطر) نەبێ، پیاوان بەخەبەرکات لە خۆی!

٦) جل و بەرگێك نەبێ پیاوانیش لەبەری بکەن.

کەوابوو هەرشتێك کرا بە (حیجاب)و صیفەتێك لەوانەی ناتەواو بوو، ئەوە حیجاب نییەو دەبێ ڕێ بەلەبەرکردنی نەدرێت.

ئەمەش ئەو دەقانەن کە لە قورئاندا دەربارەی حیجابی ژنان هاتوون:

١) ﴿وقرن فی بیوتکن ولاتبرجن تبرج الجاهلیة الأولی﴾.

٢) ﴿وإذا سألتموهن متاعاً فاسئلوهن من وراء حجاب....﴾.

٣) ﴿یاأیُها النبی قل لأزواجك وبناتك ونساء المؤمنین یدنین علیهن من جلابیبهن ذلك أدنی أن یعرفن فلا یؤذین...﴾.

٤) ﴿وقل للمؤمنات یغضضن من أبصارهن ویحفظن فروجهن ولا یبدین زینتهن إلا ماظهر

منها وليضربن بخمرهن على جيوبهن...﴾.

هیوادارم هەموو خوشکانی بەڕێزم، ریعایەتی حیجابی شەرعیی بکەن‌و بەقسەی خەڵکانی ناحەزو نەیاری ئیسلام فریو نەخۆن، چونکە حیجاب مەزنترین شتێکە کە مرۆڤ و ئاژەڵ لێك جیادەکاتەوە: ﴿يابني آدم قد أنزلنا عليكم لباسا يواري سوآتكم وريشا ولباس التقوى ذلك خير...﴾. جل‌وبەرگی جوان‌و خۆئارایشدان، نیشانەی شارستانیەتبوونی مرۆڤە، ڕووتیی‌و خۆداماڵینیش هێمای گەڕانەوەیە بۆ سەردەم ودەورەی ئاژەڵی‌و ژیانی بیدائیی.

یازدە ژن داستانی مێردەکانیان دەگێڕنەوە

کۆتایی ئەم بەشە دێنم بەو فەرموودە (متفق عليه)یە کە پێغەمبەر ﷺ بۆ خاتوو (عایشە)ی گێڕایەوە. بۆ هۆکاری گەڕانەوەکەیشی ڕیوایەتگەلێ هەیە (بەڵام هەر خوا چاك دەزانێ هۆکارەکەی چیبێ). یەکێ لەو ریوایەتانە دەڵێ: خاتوو (عایشە) – وەك باوونەریتی ژنان، کە هەمیشە خۆیان هەڵدەکێشن بەو صیفەتانەی لەباب‌و کەس‌وکاریاندا هەن – ویستی هێندێ لەسەروەتەکەی بابی‌و کەسێتی‌و ناوداریی بابی بگێڕێتەوەو بیکاتە (مەفخەرە)یەك بەسەر ژنەکانی تردا ! ئەوجا پێغەمبەر ﷺ پێیفەرموو: من‌وتۆ بۆیەکتر وەکو (ئەبوو زەرع)و (ئوم زەرع) واینە. واتە:هەر چۆنێ (ئەبوو زەرع) بۆ (ئوم زەرع)ی خێزانی زۆر چاك بوو، وە(ئوم زەرع)یش هەرکە باسی (ئەبووزەرع)ی‌مێردی کردبا، زۆر بە جوامێرو چاك ڕەفتار وەصفی دەکرد، جا خاتوو (عایشە) داوای لە پێغەمبەر ﷺ کرد: ئەو بەسەرهاتە چۆن بووە، ئاوا بۆی بگێڕێتەوە، ئەویش فەرمووی: لە گوندێکدا (١١) ژن کۆدەبنەوەو پەیمان بە یەك دەدەن کە هەرکەسەیان – بێ کەم‌و زیاد – وەسفی مێردەکەی بکاو هیچ شتێکی لێ کەم نەکات، چاك یان خراپ !پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

* یەکەم گوتی: ((زوجي لَحْمُ جمل غثٌ على رأسِ جبلٍ لا سَهْلٍ فَيُرْتَقى ولا سمينٍ فيُنْتَقَلُ)) واتە:مێردەکەم دەڵێی: گۆشتی وشترێکی لەڕوو لاوازی بێزراوەو، بەسەر شاخێکەوەبێ و ئاسانیش نەبێت بۆی سەرکەوی، قەڵەویش نەبێت بگوێزرێتەوە بۆ جێگایەکی تر. واتە:مێردەکەی دەڵێیت پارچە گۆشتێکی لەڕولاوازە، کەبەسەر شاخێکەوە بێ و دەست نەیگاتێ تاوەربگیردرێ، قەڵەویش نە بێ، تا لە پێناوپێگەییشتنیدا قبووڵی ماندوو بوونی بۆ بکرێ. مەبەستی ئەوەیە ئەوەند بەدڕەوشتە بەکەڵکی هیچ شتێك نایەت !.

* دووەم گوتی: ((زوجي لا أبث خبره. إني أخاف أن لا أذره، إن أذكره أذكر عُجَرَهُ وبُجَرَهُ)) واتە:من نامەوێ دەنگ‌وباسەکانی بەتەواوی بڵاوبکەمەوە، چونکە ئەوەند قسەکان زۆرن،

دەترسم درێژە بکێشێ، بەڵکو کەباسی بکەم، باسی گرێو گوتاڵەکانی دەرەوەو ناوەوەی دەکەم. واتە: دەرەوەو ناوەوەی خاوەن نەنگ وعەیبدارە !.

*سێیەم گوتی: ((زوجی العَشَنّقُ، إن أنطق أطلَّقْ، وإن أسكُتْ أعَلَّقْ). مێردەکەم: سەروسیمایەکی ناشیرینی هەیە، ناشوێرم قسە بکەم، چونکە ئەگەر قسە بکەم، تەلاق دەدرێم، ئەگەر بێ دەنگیشبم، هەڵپەسێراو دەبم. واتە نەوەك ژنی خاوەن مێرد مامەڵەم لەگەڵ دەکات، نەبەتەواوی وازیشم لێدەهێنێت.

* چوارەم گوتی: ((زوجي كَلَيْلِ تِهامَةَ، لا حرَّ ولا قرٌ، ولا نَحافَةَ ولا سآمَةَ)) مێردەکەم دەڵێی شەوە سازگارەکانی (تیهامە)ی ولاتی(یەمەن)ـە، گەرچی گەرمیش بێت، بێ زەرەرو زیانە، واتە: مێردەکەم ئەخلاق جوانەو ژیانو هاوسەری لەگەڵیا خۆشو بێ ترسەو کەس ناڕەحەت نابێت.

*پێنجەم گوتی: ((زوجی إن دَخَلَ فَهِدَ، وإن خَرَجَ أسِدَ، ولا يَسْألُ عمَّا عَهِدَ)) مێردەکەم کەدێتە ژوورەوە – لەشەرمو بێ زیانیدا – دەڵێیت یۆزە (فەهد)، کەدەڕواتە دەریشەوە – لەئازاییدا شێرە.، ئەوەندش بەسەخاوەتە لەماڵو سامان ناپرسێتەوە. واتە: ڕەوشت بەرزو جوامێرە.

* شەشەم گوتی: ((زوجی إن أكَلَ لَفَّ، وإنْ شَرِبَ إشْتَفَّ، وإن اضطَجَعَ التَفَّ، ولا يولجُ الكَفَ لِيَعْلَمَ البَثَّ)) مێردەکەم ئاوونان زۆر خۆرە، هەرکە خەوت بەتەنها خۆی دەپێچێتەوە، دەست نابات بزانێ چ باسە. واتە: کە خەوت ناچێ بەلایاو سەرجێیی لەگەڵ ناکات. حەوتەم گوتی: ((زوجی غَیاباء. أو عَیاباءُ، طَباقاءُ، کل داء لَة داء شجَّك او قَلَّك أوجع كُلاً لك)) مێردەکەم: شتێکی وا نیە، کەم ئاوەزە، پیشەی لێدانە، یان سەرت، یان جەستەت، یان هەردووکیان زامدار دەکات. هەشتەمیان گوتی: ((زوجی المَسُّ مَسُّ أرنَبٍ، والريحُ ريح زَرْنَبٍ)) مێردەکەم: وەك کەروێشك نەرمو نۆڵە، بۆنی لەبۆنی گیای بۆنخۆشە. نۆیەم گوتی: ((زوجي رفيعُ العِمادِ، طويل النَّجاد، عَظيمُ الرَّمادِ، قريبُ البَيْتِ من النادِ)) مێردەکەم: خانووبەرەی بەبەرزاییەوەیە (وەك باوی پیاوانی هەڵکەوتەو دەسەڵاتدار) هەمیشە شیری پێیە (واتە: ئازاو لێهاتووە) سەخیو خاوەن بەخشیشە، ماڵەکەی لەناوەڕاستیدایە (هەتا خەڵك بەئاسانی بیبینن). دەیەم گوتی: ((زوجی مالك وما مالكُ؟ مالِكٌ خيرٌ من ذلك، له إبل كثيرات المبارك، قليلات المسَارِحِ، وإذا سَمِعْنَ صوتَ المزْمارِ أيقنّ أنهن هوالِكُ) مێردەکەم: وشترێکی زۆری هەیە، کەم دەردەچن بۆ لەوەرگە (هەر لەماڵەوەن، چاوەڕوانی میوان دەکرێ سەربڕێن بۆی) کاتێ دەنگی (عوود)و گۆرانی دەبیسن، دەزانن تیادەچن (میوان هاتووەو سەردەبڕدرێن) یازدەهەم گوتی: ((زوجی

أبـو زَرْعٍ، فمـا أبـو زَرْعٍ؟ أنـاسَ مـن حُلِـيٍّ أذنَـيَّ، ومَـلأ مـن شَـحْمٍ عُـضديَّ، وبَجَّـحَني فَبَجَّحـت الـيَّ نَفْسي، وَجَدَني في أهل غُنَيْمةٍ بِشِقَ، فَجَعَلَني في أهل صَهيلٍ وأطيطٍ ودئيسٍ ومُنَقٍّ، فعنْدَه أقول فلا أقبح، وأرقُدُ فأتَـصَبَّح وأشْـرَبُ فـأتَقَمَّحُ)) مێردەكـەی مـن (ئـەبوو زەرع)ە، چ پیاوێكـه ئـەبوو زەرع؟ گـوێی پـڕ كـردوم لـه زێڕوزیـو، جەسـتەی پـڕ كـردووم لـه گۆشـت (ئەوەنـد سـەخییە) !بـه قسەی خـۆش، خۆشـحاڵی كـردووم، لـەناو مـەڕوماڵاتی كـەم مانـدوو بـووم، بردمیـە نـاو ڕەوگ‌و گەلـه وشـتر، خـاوەن گـەنم‌و دانەوێڵـەی پاكیزەیـە (دەوڵەمەنـدو نـازدارە) هـەرگیز قسـە نـاداتـەوە بەڕوومدا ! هـەتا خـۆری چێشتنگا دەخـەوم (خزمـەتكاری بۆ گرتـووم) لەهـەموو خواردنەوەیـەك (شیرو غەیری شیر) دەخۆمەوە (جۆرەها خواردنەوەی هەیە) (أم أبي زَرْع، فما أبـي زَرْع؟ عُكُومُها رَداحٌ، وبَيْتُهـا فَـساحٌ). دایكـی (ئـەبوو زەرع)یـش چ ژنێكـه؟ جانتاكـەی پـڕو قورسـه، ماڵەكـەی گەورەو فراوانه، واته: دایكی مێردەكەم دەوڵەمەندەو خاوەن حاڵ‌و ماڵێكی چاكه دیاره ژنێكی ئاوا، كوڕەكەیشی هێشتا لاووگەنجە، كەوابوو مێردەكەم هێمان لاوە. (ابن أبي زَرْع، فما ابـن ابـي زَرْعٍ؟ مَـضْجَعَهُ كَمَـسَلِّ شَـطْبَةٍ، ويُـشْبِعُهُ ذِراعُ الجُفْـرَةِ) كوڕەكیـشی، چ كوڕێـك بـوو؟ هـەر بەقـەد كێلانـی شمـشێرێك جێگـەی دەگـرت كـه دەخـەوت، بەدەسـتی كارژەلەیـەكی چـوار مـانگ تێـر دەبـوو، واتـه: كـوڕێكی زۆر ئێـسك سـووك‌و ئـەرك سـووك بـوو، بەئاسـانی دەخـەوت، بەكـەم تێـر دەبوو. (بنت ابي زَرْع، فما بنت أبي زَرْعٍ؟ طَـوعُ أبيها وطَـوْعُ أمّها ومِلْءُ كِسائها وغَيْظُ جارتِها) كچەكەیشی، چ كـچێك بـوو؟ گـوێ ڕایـەڵی بـاوك‌و دایكـی. جـوان‌و بەلـەش‌و قـەوارە بـوو، هـەوێی توڕە دەكرد، واته: حەسادەت‌و ئێرەیی پێ دەبرد. (جارية أبي زَرْع فما جاريـة أبـي زَرعٍ؟ لا تَبُـثُّ حـديثَنا، ولا تُنَقثُ ميراتَنـا تَنْقيثا، ولا تمـلأ بيتنـا تَقْثيثـا) كەنیزەكەیـشی، چ كەنیزەیـەك بـوو؟ قسەو باسمانی نەدەبردە دەری ماڵ، لە زەخیرەی ماڵمـان گـزی نـەدەكرد، بەرژەوەنـدی ماڵـەوەی دەپاراست‌و، چاودێری بوو.

ئوم زەرع گوتی: ((خَرَجَ أبو زَرْع والأوطابُ تمْخَضُ، فَلَقى امرأة معها ولدانِ كالفَهْدَيْنِ، يَلْقيـان مـن تَحـت خـصْرها بُرمَّـانتينِ، فَطَلَّقَنـى ونكَحَها، فَنَكَحـتُ بعـدها رجُـلا سَـرياً ركـب شَـرياً، وأخَـذَ خَطيّاً، وأراح عَلَـيَّ نَعمـاً ثَريـاً، وأعطـانى مـن كـل رائحَـةٍ زوجـاً، وقـال: كُلـي امَّ زَرْعٍ وحيـري أهْلَـكِ) ئەبوو زەرع – كاتی مەشكە كیزان – لـەماڵ دەرچـوو، دەگـا بـەژنێك دوو منداڵی شـیرە خـۆرەی – وەك یـۆز– لەگـەڵ دەبێـت (واتـه: منـداڵ‌و تەمـەن كـەم) یـاری دەكـەن لـه كۆشـی دایكیانـدا، مـنی تەڵاقداو ئـەوی مـارەكرد، منـیش شـووم بەپیـاوێكی مـاقووڵی ئەسـپ سـواری چاكی ڕم بەدەسـت كـرد، نیعمـەت‌و خۆشـیەكی زۆری بـۆ ڕشـتم، وەلەهـەموو حـەیوان‌و ئـاژەڵێكی پێـدام (واتـه: بەخششی زۆر بوو)‌و گوتی: ئوم زەرع! بخۆو بۆ خزمانیش ببه. ئوم زەرع گـوتی: (فلـو جَمَعْتُ

كلَّ شَيْءٍ أعْطانيه ما بَلَغَ أصْغَرَ آنيةٍ أبي زرع) ئەگەر ئەوی پێیدام کۆمکردبایەتەوە، ئەوەند نەبوو هەمیشە لە مەنجەڵەکەی (ئەبوو زەرع) دا لێدەنرا. خاتوو (عایشە – ر.خ) گوتی: پێغەمبەر ﷺ فەمووی: (كُنْتُ لكِ كأبي زَرْعٍ) عایشە ! من بۆ تۆ وەکو ئەبوو زەرعم. لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە: فەرمووی: ئەبوو زەرع (ئوم زەرع)ی تەڵاقدا، بەڵام من هەرگیز تەڵاقی تۆ نادەم. (نەسایی) دەڵێت: لەوەڵامی پێغەمبەردا ﷺ فەرمووی: (من وەکو ئەبوو زەرعم بۆ تۆم) خاتوو (عایشە) گوتی: (بل أنت خير من أبی زرع) نەخێر، تۆ چاکتری لە ئەبوو زەرع. لە (فتح الباری)بەرگی٩، باب حسن المعاشرة، ژمارەی فەرموودە:٥١٨٩.وە (فقه السنة)کەڵکم وەرگرتووە.

گرێبەستی ژن و مێردیی / زەواج

زەواج: بریتیە لەو گرێبەستە کە جوتبوونی ژنوپیاو حەڵاڵ دەکات.

بەڕێز (محمد أبي زهرة) لە کتێبی (عقد الزواج وآثاره) دەڵێ: ((الزواج عقد يفيد حل العشرة بين الرجل والمرأة بما يحقق ما يتقاضاه الطبع الإنساني وتعاونهما مدى الحياة ويحدد ما لكليهما من حقوق وما عليه من واجبات).

خودای خاوەن دەسەڵات لە هەموو بوونەوەردا – لەگەڵ جۆری جیاوازیاندا – نێرومێیی فەراهەم هێناوە بۆ (تەلقیح)و متوربەکردنی یەکتر: ﴿ومن كل شئ خلقنا زوجين﴾. بۆ زەواج و ژیانی ژنومێردیی، ئیسلام چەندین یاساو ئەحکامی داناوە، تا باشتر توکمەو پایەدار ببێ و بەرگەی هەمووکاتو ساتێکی خۆشو ناخۆش بگرێو، هیچ شتێك نەتوانێ قەڵای ژیانیان بڕوخێنێ.

زەواج: بۆ پاراستنی کۆمەڵگەیە، بۆ بەختەوەری خێزانە، بۆ بڵاوبوونەوەی (فەضیلەت)و پاراستنی ئەخلاقو مانەوەی جۆری ئینسانە، خودا بە ئەمری خۆی دەفەرمووێ: ﴿فانكحوا ما طاب لكم من النساء..﴾٣/٤. یان دەفەرمووێ: ﴿وأنكحوا الأيامي منكم والصالحين من عبادكم وإمائكم..﴾ نوور: ٣٢. پێغەمبەریش ﷺ بۆ خۆی دەفەرمووێ: ((يامعشر الشباب! من استطاع منكم الباءة فليتزوج، فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج...)) بوخاری / کتاب النکاح، ژمارەی فەرموودە: ٤٧٧٩. وە بۆ شیرینکردنی ژنانو بەرزڕاگرتنی قەدرو حورمەتیانە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((الدنيا متاع، وخير متاع الدنيا المرأة الصالحة)) موسلیم: کتاب الرضاع. یان دەفەرمووێ: ((أربع من سنن المرسلين: الحياة والتعطر، السواك، والنكاح))ترمذي: کتاب النکاح.

حيكمەتی نيكاح

زاناكانی ئيسلام هەريەكەيان بە بۆچوونی خۆی شتێكی لەحيكمەت و فەلسەفەی نيكاح نووسيوە، نايەوێ لێرە درێژەی بدەينێ، بەلاَم ئەم چەندە خاڵە كە (الفقه المنهجی) نووسيويەتی، ئاماژەی پێدەكەين:

١-بۆ وەلاَمدانەوەی داخوازييەكانی (غەريزە) و (فيطرەت)ی ئينسانەكانە.

ئەمەيە كە پێغەمبەر ﷺ رێ لە ژيانی زوگردیو رەبەنی دەگرێ. (سمرە) دەڵێ: ((أن النبی ﷺ نهی عن التبتل)).

٢-درێژەدان بەكاروانی مرۆڤايەتی، لە رێگەی نەسلی ئايندەی شەرعييەوە، فەرموودەی ((تزوجوا الولود الودود..))بۆ ئاماژەی ئەو راستييە.

٣-پێكهێنانی ئارامییو سوكنايی دڵودەروونو نەفەسو روح.

بۆيە كە ئەوەند(ژنومێردێك) دڵئاسوودەيیو (سەكينە)ی نەفسيان پێكەوە دەبێ، هەرگيز كوڕوكچێكی رەبەن نايانەبێ.. ئەمەيە كە خودا دەفەرمووێ: ((ومن آياته أن خلق لكم من أنفسكم أزواجا لتسكنوا إليها وجعل بينكم مودة ورحمة...)).

٤- بۆ راگرتنی ئەخلاقو قييەمە لە پەستيیو دابەزين:

بێگومان ئەگەر مرۆڤ لە رێی پەسەندەوە رێی نەدرێت ئارەزووی جنسيی تێر بكات، هەوڵ دەدات لە رێگا چەوتو درێوەكانەوە خۆی دامركێنێت، جا لەو حاڵەتەشدا مەگەر خودا بزانێ چی روودەدات لە كۆمەڵگەی مرۆڤايەتيدا ! ئەمەيە كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((إذا جاءكم من ترضون دينه وخلقه فانكحوه، إلا تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد)) ترمذي / كتاب النكاح.

٥- لەبەر پاراستنی جۆری مرۆڤەكانە لەهەر نەخۆشيیو پەتايەك، بۆيە خودای ميهرەبان تەنها لە رێی پەسەندو شەرعييەوە رێگە دەدات نێرومێی بگەنە يەك، ئەگينە ئەو كۆمەڵگەی مرۆڤايەتييە دەبێتە كانگەی هەموو جۆرە بەدبەختیو نەخۆشييەك، دەبێتە جێگەی وەبەرهێنانی فەسادوكاری درێوو ئاژەڵیو بەربوونە گيانی يەكتر، ئەمەيە كە دەفەرمووێ: ﴿إن الله بالناس لرؤوف رحيم﴾ (البقرة: ١٤٣).

٦- لەبەر فراوانبوونی رێگەی نزيكبوونەوەی مرۆڤەكان بەيەكدی و هاوكارييان.

بێگوومانە كە زەواجی شەرعيی باشترين هۆكارە بۆ پەيوەندی خێزانو عەشيرەتو هۆزو خێڵو تيرەكان، هەر لەو رێيەوەيە يەكێ لە بنەماكانی رشتەو رەچەڵەكو (موصاهەرە) و ژنو ژنخواستن پەيدا دەبێ، خزمايەتی لەوێوە دروست دەبێ، وە ((التكافل والضمان الإجتماعي)) بەهێز دەبێ، هەردوولا منداڵ پێدەگەيەنن... هتد.

(المفصل)یش چەند خاڵگەلێكی هێناوە، یەكێ لەوانە:

یەكەم: زۆر بوونی ئوممەتی ئیسلامییەو لەپاڵ ئەوەیشدا بە هێزبوونیەتی، ئەوەیە كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((خير نسائكم الولود الودود)).

دووەم: لە ڕێی ژن و مێردیی شەرعییەوە ژن و پیاو بۆ یەكدی قۆڕخ دەبن و هەریەكەیان هەموو هەست و نەستێكی دەبێتە ئەویكەیان و پاڵپشت دەبن بۆ یەكتر.

زەواج: هەندێ جار واجیبە، واتە: لە پلەی (ندب) و (مباح) سەردەكەوێ و دەچێتە پلەی (واجب)ەوە، بەو مانایە ئەگەر هەوڵی بۆ نەدەیت گوناحبار دەبی.

زەواج: هەندێ جار پێش دەخرێ لە (حەج)ی ماڵی خودا، بەتایبەتی ئەگەر ئینسانێكی (شەهوانیی) و خاوەن ئارەزووی وا بێت كە ئەگەر ژن نەهێنێت وەیان شوو نەكات، تووشی شەرواڵ پیسی و كاری دزێو دەبێت.

زەواج: بۆ ئەو جۆرە كەسانە – هەقەو ڕێگەش بەقەرزكردن دەدات، بۆ تەواوكردنی ئەو كارەیە.

زەواج: وایش دەبێ (حەرام)ە. واتە: ئەگەر پیاوێك بزانێت توانای ژن و مێردی نییەو ناتوانێ ژنەكەی ڕازی بكات، وەیان ژنێك جەستەو قەوارەی ژن و مێردی نییە، لە حاڵەتی ئاوادا نابێ هیچ لایەكیان نزیكی (زەواج ببنەوەو یەكتر دەسخەڕۆ بكەن. یان ئەگەر بزانن تووڕەو ئەشقێن و مافەكانی نێوان ژن و مێردی ناپارێزن، دیسان هەقنییە هیچیان نزیكی (زەواج) ببنەوە.

زەواج: ئەمڕۆ – پتر لە ڕابردوو – دەبێ هەوڵی بۆ بدرێ، چ لە لایەن دەوڵەتەوە، چ لەلایەن كچان و كوڕان (خۆیانەوە)، چونكە سەردەم و زەمانی ئێستا چڕوپڕترە لە (فەساد) و لە هۆكارەكانی بزووتنی هێزی سێكسیی لە مرۆڤدا،ئەوروپا بە تەواوی لە ڕووی كەناڵە ئاسمانیەكانیەوە لەو مەسەلەدا هیچی نەهێشتووە نەیكاو نەیڵێت، وە لە هەموو ماڵێكیشدا هەیە ! سەرەڕای ئەمانەش نیكاح سووننەتی پێغەمبەرانە – علیهم السلام)–.

(ئیبن تەیمیە) چەند جوان دەڵێت: ((الإعراض عن الأهل والأولاد ليس مما يحبه الله ورسوله، ولا هو دين الأنبياء، قال تعالى: ﴿ولقد أرسلنا رسلا من قبلك وجعلنا لهم أزواجا وذرية..﴾. بۆیە دەبێ هەوڵی جددی بدرێت بۆ وەدەستخستنی هاوسەر، ئەگەرچی لە ڕێیگۆڕینی سیستمی خوێندنیشەوە بێت بۆ كچان، چونكە شیاو و گونجاو نیە كە نێرو مێ هەردوویەك سیستمی خوێندنیان هەبێت، كچ نزیكەی (٣٠)ساڵ خۆ خەریك بكات بە قۆناغەكانی خوێندنەوە، لەو كەش و هەوا لەبارە بۆ فەساد و گوشاری هێزی سێكسیی و جنسیی، كە بێگومان تووشی زۆر شتی نادروست و ناڕەوا دەبێت، هەقە چاوێ بە سیستمی

خوێندندا بگێڕنەوە، تا لاوەكان بتوانن هەم بخوێننو هەم (زەواج)یش بكەن، بەتایبەتی جیهانی ئیسلامەتیی – بەپلەی یەكەم – بەرپرسە لە خوێندنو هێزی سێكسی لاوەكان، هەقە دەولەت هەلیان نێت بۆ (زەواج) ئەگەرچی قۆناغەكانی خوێندنیشان تەواو نەكردبێت، بەلام لەگەل دابینكردنی ڕێو شوێنی حەوانەوەو ئیسراحەتو خەوو خواردن بۆیان، تا كۆمەلگە هەم بە پاكی بمێنێتەوە، هەم لە خوێندنی دنیای ئەمڕۆش دوانەكەوێت، هەقە بۆ ئەوە یەك وەزارەت تەرخان بكرێت، هەر لە خوێندنو مەنهەجەوە تا دەگاتە مەسەلەی زەواج، من بە ڕاستی نازانم مەنهەجێكی نزیكەی (٢٥) سالی دابنرێت بۆ قوتابیو خوێندكار، بەلام بەهیچ شێوەیەك بیر لە هێزی سێكسیان نەكرێتەوە، وەك پێیان بلێن چۆن خۆتان تێردەكەن لەو مەسەلەیە، ئازادبن !.

* ئوسرەو خێزان لە ئیسلامدا خشتی بنەڕەتی كۆمەلگەیە، تاك بەشێكیەتی ﴿ذرية بعضها من بعض﴾. (آل عمران: ٣٤). پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((مامن مولود إلا يولد على الفطرة، فأبواه يهودانه، وينصرانه، ويمجسانه، كما تنتج البهيمة بهيمة جمعاء، هل تجدون فيها من جدعاء))موسلیم: كتاب القدر.

كەوابوو تاك بە شێكە لە خێزان، خێزانیش بەشێكە لە كۆمەلگە، جا ئەگەر خێزان چاكو صالحو باش بوو، بێشك تاكیش صالح دەبێ، ئەوسایش كۆمەلگە هەموو سازو سازگار دەبێت.

بۆیە ئیسلام بەر لە هەموو شتێك فەرمان بە پێكەوەنانی خێزان دەدات، گرنگی خۆی دەداتێو بەشێكی بەرچاوی قورئانو سوننەت باس لە خێزان دەكەنو ڕێگە نادەن لە ڕێی خێزانی شەرعیی نەبێ تێكەلی ژنو پیاوی بكرێت: ﴿ولا تقربوا الزنى إنه كان فاحشة وساء سبيلا﴾ الإسراء: ٣٢. دیارە هەرسەرجێیكردنێك لە ڕێی ژنو مێردی شەرعییەوە نەبێت بە (زینا) و (سەفاح) دادەنرێت، خۆ جوتبوونی ئاوایش قەدەغەو حەرامە: ﴿محصنين غير مسافحين ولا متخذي أخذان..﴾ (المائدة:٥) ڕێگرتنە لەو كارە دزێوو فاحیشەو هەر دۆستو دەسگیرانێك بە ناشەرعیی بێت، گشت ئەمانە بۆ پاراستنی زنجیرەی خێزانە.

دەبێ كچ وكوڕ هاوسەری شیاو هەلبژێرن

* لە شەریعەتی ئیسلامدا داوا لە كچو كوڕ دەكرێت كە هەر كامێكیان هاوسەرێكی باشو صالحو شیاو بۆ خۆی هەلبژێرێت، تا لە دوا ڕۆژدا باشتر بتوانن پێكەوە بژینو مالداری خۆیان بكەن، ئەوەیە كە پێغەمبەر(صلى الله عليه وآله وسلم) دەفەرمووێ: ((تخيروا لنطفكم والأكفاء وأنكحوا إليهم))ئیبن ماجە.

بۆ ئەو هەڵبژاردنەش ئەم چەند ڕێنمایانە ڕەچاو کراون:

١- د یندارو صالّح بێت:

ئیمامی (بوخاریی (شرح العسقلانی: ج ٩ ص ١٣٢) ئەم فەرموودەیە هێناوە: ((تنكح المرأة لأربع: لمالها ولحسبها وجمالها ولدينها، فاظفر بذات الدين تربت يداك)) واتە: ژن کە هەڵدەبژێردرێت لەبەر یەکێ لەم چوار خەصڵەتانەیە: دارایی، شەرەفداریی و حەسەب ورشتەی، جوانیی وشۆخ وشەنگیی، موسڵمانەتیی و دینداریی، جا تۆ لەبەر هەر کامێکیان بێت، دەتوانی بیکەیتە هاوسەرت، بەڵام بەدوای دینداردا بگەڕە، تا سەرکەوتوو و بەختیار بیت.

دەبێ هەر جۆرێك بێت مەسەلەی ((دین)) پشتگوێ نەخرێت، ئەگینە خەصڵەتەکانی تر بە تەنها ڕۆڵ و دۆزی سەلبی دەبینن و زۆر کەم زەواجی وا سەرکەتوو دەبێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((لا تزوجوا النساء لحسنهن، فعسى حسنهن أن يرديهن، ولا تزوجوهن لأموالهن فعسى أموالهن أن تطغيهن، ولكن تزوجوهن على الدين، ولأمة خرماء سوداء ذات دين أفضل)). واتە: لەبەر جوانی ژنان مارە مەکەن، چونکە نزیکە بە جوانییەکەیان خۆ هەڵەبکەن و بکەونە ناو عوجب و کیبرەوە. وە لەبەر ماڵەکەشیان مارەیان مەکەن، لەوانەیە بەو بۆنەوە یاخیی ببن لێتان، بەڵام لەبەر دینداری مارەیان بکەن، بێگومان کەنیزەیەکی گوێ و لووت بڕاوی ڕەشپێستی دیندار باشترو شیاوترە بۆ هاوسەری، لەو ژنانەی دی.

بێگومان ژنی صالّح و چاك، دەتوانێ مێردەکەشی صالّح و چاك بکاو، بەرەو قیامەت ئامادەی بکات، هاوکاری بێت بۆ پیاوەتی و جوامێریی ناو کۆمەڵگە، سەرەڕای ئەمانەیش مایەی ئیسراحەت و حەوانەوەی ماڵە بۆ پیاو، هۆی سەقامگیریی و دڵئاسوودەیی مێردە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((إنما الدنيا متاع، وليس من متاع الدنيا أفضل من المرأة الصالحة))ئیبن ماجە.

ژنی صالّح و باش – دوای تەقوای خودا – لە هەموو شتێك باشترە، ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((ما استفاد المؤمن – بعد تقوى الله – خيرا له من زوجة صالحة إن أمرها أطاعته، وإن نظر إليها سرته، وإن أقسم عليها أبرته، وإن غاب عنها نصحته في نفسها وماله)) ئیبن ماجە. ژنی صالّح و سازاو بۆ خودا، مێردیش دەسازێنێ بۆ خودا، هەردوو پێکەوە بەرەو خودا دەڕۆن، هەردوو پێکەوە بۆ خودا کار دەکەن، لە فەرموودەیەکدا هاتووە: ((ليتخذ أحدكم قلبا شاكرا، ولسانا ذاكرا، وزوجة مؤمنة تعين أحدكم على أمر الآخرة))ئیبن ماجە.

٢- جوان و شۆخ و شەنگ بێت:

پێشتر گوتمان تا دەکرێت، باژنێکی بە تەقواو صالّح بکرێتە هاوسەر، ئەگەرچی جوانیش

نەبیٚ، جا ئەو قسەیەش ئەوە ناگەیەنێت کە بەلای ژنی جوان و شۆخدا نەچن، بە پێچەوانەوە ئەگەر بگونجێت دیندارو شۆخ و شەنگیش بێت، بێگومان باشتر دڵ دادەمەزرێت، باشتر بیانووەکانی نەفس و ئارەزوو دەبڕێت، باشتر پێکەوە دەژین و خۆشەویستی و ئولفەتیان زیاد دەکات، بۆیە سەرجەم زاناکان بەڕاشکاوی دەڵێن: هاوسەر تادەکریٚ بەجەمال و جوان بێت، لەبەر ئەوەیە ڕێنمایانکردووە: کچ و کوڕ بەر لەوە یەکتر بخوازن، دەبیٚ یەکتر ببینن، لە پێغەمبەر ﷺ دەپرسن: لە ژنان کام ژن باشترە بخوازرێت؟ فەرمووی: ((التي تسره إذا نظر اليها، وتطيعه إذا أمر، ولا تخالفه في نفسه ولا في ماله بما يكره)) ئەحمەد نەسایی. یان دەفەرمووێ: ((خير فائدة أفادها المرء المسلم – بعد إسلامه – إمرأة جميلة تسره إذا نظر إليها، وتطيعه إذا أمرها وتحفظه في غيبته في ماله ونفسها)).

٣- کچ بێت:

واتە: ئەو کەسەی دەیەوێ خێزان پێکەوە بنێت، تا بۆی دەکرێت، هەوڵ بدات کچ مارە بکات، چونکە کچ بە هەموو شتێك ڕازی دەبیٚ و، لەگەڵ مێردا دلۆڤانترە، پتر توانای وەبەر هێنانی منداڵ و نەوەی هەیە، پێشتر هیچ جۆرە ماڵ و حاڵ و دارایی و ژیانێکی دی نەدیتووە، ئێستاش چۆن ڕابهێنرێت، وا ئولفەت دەگریٚ و دڵی بەو حاڵەتەی خۆشە لە ماڵی مێرد دەیبینیٚ و تێیدایە، ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((عليكم بالأبكار، فإنهن أعذب أفواها، وأنتق رحما، وأرضي باليسير))ئيبن ماجە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا مارەکردنی بێوەژن، هەندێ جار باشترە لە کچ، بۆ نموونە: ئەو کچانەی دەست دەکەون، دیندارێکی وانین، بەڵام بێوەژنێکی دینداری باش هەیە، لەوکاتەدا مارەکردنی بێوەژنەکە پەسەندترە، یان کابرایەکی منداڵ دارەو، لەبەر منداڵەکانی هێنانی بێوەژنێك بۆ ئەو کەسە باشترە، چونکە خزمەتی خۆی و منداڵەکانی، یان خوشك و براکانی دەکات.

ئیمامی (بوخاری-شرح العسقلانی ج٩ ص ٥١٣) لە (جابر عبدالله)وە دەگێڕێتەوە و دەڵیٚ: باوکم مرد، (٧) یان (٩) کچی بەجێهێشت، منیش چووم بێوەژنێکم مارەکرد، دوایی پێغەمبەر ﷺ فەرمووێ: جابر ژنت مارەکرد؟ گوتم: بەڵیٚ. فەرمووی: کچ یان بێوەژن؟ گوتم: بێوەژن. فەرمووی: ((فهلا جارية تلاعبها وتلاعبك، وتضاحكها وتضاحكك ؟)). دەبۆ کچێکت مارە نەکرد، تا یاری لەگەڵ بکەیت و یاریت لەگەڵ بکات، بیهێنیتە پێکەنین و بتهێنێتە پێکەنین؟. جابر گوتی: عبدالله ی بابم کۆچی دواییکردووەو ئەو کچانەی بە جێهێشتووە، نەدەکرا وەك ئەوان بهێنم بۆ ناویان، بێوەژنێکم مارە کرد، تا چاودێری و خزمەتییان بکات، ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((بارك الله لك)).یان مارەکردنی بێوەژنێکی هەژارو بێکەس،

یـان خـزم، یـان خـاوەن جیهـادو هیجـرەت، لەبـەر هەریـەك ئـەو صـیفەتانە باشـترە لـە کـچ مارەکردن، بۆیە موسڵمانان گەلێ جار بێوەژنەکانیان مارەدەکرد.

٤- **خاوەن سكو زا بێت:**

مارەکردنی هەر ژنێك سكو زا بکات، لەو ژنانە باشترە سكو زا ناکەن، ئەگەرچی کچیش بن ! چونکە دەبێتـە هۆکار بۆ وەبەرهێنانی (نەسل)و نـەوەی ئاینـدە. (ئەبوو داود) لە (معقل بن یسار)ەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: پیاوێك بە پێغەمبەر ﷺ ی گوت: ژنێکی جوانو حەسبدار هەیە بەڵام منداڵی نابێ، ئایا مارەی بکەم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نەخێر. جارێکی تر هاتەوە بۆ هەمان مەبەست، پێغەمبەر ﷺ هەر ڕێی نەدا. جاری سێیەم هاتەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((تزوجوا الودود الولود فإني مكاثر بكم الأمم)). ئەو ژنە مارە بکەن کە مێردیان خۆش دەوێو سكوزاش دەکەن، چونکە من بە زۆری ئێوە شانازی دەکەم بەسەر ئومەتانی دیکەدا.

٥- **بنچینە پاك بێت:**

مـارەکردنی ژنێکـی بنـچینە پـاکی دیـار – بـۆ ئـەوە نـەوەکانیش چـاك بـن – کـارێکی شەرعیو پەسەندە، بەڵکو دەبێ خۆ ماندو بکرێت بە دوایدا: ((فاظفر بذات الدين تربت يداك)). یان ((تخيروا لنطفكم..)) بۆ دنەی ئەوەیە.

٦ - **منداڵی خۆشبوێت:**

بەر لەمارەکردنی ژنان، بۆ پیاو واباشە لەهەر ڕێگەیەکەوە بێت، بزانێت ئەو ژنەکە دەیەوێت مارەی بکات، لەگەڵ منداڵان دلۆڤانو میهرەبانە، دەزانێ باش پەروەردەو خزمەتیان بکات، دڵسۆزە بەماڵو حاڵی مێرد، ئەوەیەکە ئیمامی (بوخاری – شرح العسقلاني ج ٩ ص ١٢٥ – ١٢٦) لە (ئەبوو هورەیرە)وە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((خير نساء ركبن الإبل، صالح نساء قريش: أحناه على ولده في صغره، وأرعاه على زوج في ذات يده)).

٧- **لە خانەوادەیەکی دیندارو صاڵح بێت:**

سوونەتە هەوڵ بدرێت، ئافرەتێك بخوازرێت لە خێزانو بنەماڵەیەکی خواناسو دیندار بێت، خاوەن سومعەو ناووشۆرەتێکی پاكو بەرز بێت، بە ئەخلاقو دیندار بێت، تا باشتر لەگەڵ هاوسەردا ژیان بەرنە سەرو پێکەوە لەسەر بنچینەیەکی خواناسی زاروو نەوەکانیشیان پێ بگەیەنن، ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەستە دامێنیان دەبێت کە لە ژنانی خراپو ڕێو شوێن خراپ نزیك نەبنەوە: ((إياكم وخضراء الدّمن، فقيل: وما خضراء الدمن؟ قال: ألمرأة الحسناء في المنبت السوء)) دارەقوطني.

٨- خزمی تەواو نزیك نەبێت:

زاناكـان وا بەچـاك دەزانـن، مـرۆڤ خزمـی زۆر نزیكـی خـۆی نـەخوازێ، نـەوەك بـۆ دوایـی پێكەوە نەسازێن و هەراو كێشەی لێ پەیدا ببێ و، پاشانیش تەڵاق بێتەكایەوە، ئینجا لـەوەوە پەیوەندی خزمایەتیشیان نەمێنێ، یان بۆ ئەوە كە مرۆڤ لەباتی ئەوە لە خزمان ژن بخوازێت، بچێت لە عەشیرەت و خێڵەكانی دی بخوازێ، تا پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیشدا پەیدا بكات، ئیتر ئـەم قسەیە كـە دەڵـێ: ئەگـەر لـە خزمـانی نزیكـی خـۆی ژن بخوازێـت منـداڵیان لاواز دەبـێ، پەسەند ناكرێت، چونكە پێغەمبەر ﷺ خاتوو (فاطمە)ی لە (عەلی) ئامۆزای مارە كرد، كـە زۆر بەیەك نزیك بوون. ئەم فەرموودەش: ((اغتربوا لاتضووا...)) واتـە: ژنـانی غـەریب و دوور لـە خۆتـان بخـوازن... هـەر ئـەوەی لـێ وەردەگیردرێـت كـە لـە خـەڵكانی دوور ژنـان مـارە بكـرێن، تاپەیوەندی نێوان ئینسانەكان پتر بێت.

تێبینی:

بەرژەوەندی لە كوێدا دەبینرایەوە ئەوە ڕەچاو بكرێ باشترە لـەوەی كەهـەر بگـوترێ: ژنـی دوور لـەخۆتان مـارە بكـەن، چونكە وا دەبـێ بەرژەوەنـدی لـە ژنـی دووردایـە، وایـش دەبـێ لـە ژنانی خزم و پشتدایە.

٩- دەبێ ژنانیش خاڵگەلێك لە دڵخوازەكەیاندا ڕەچاو بكەن:

ئەو خاڵانەی سەرەوە بۆ هەڵبژاردن و مارەكردنی ژنان بوو، هەقە ژنانیش كـاتێ دەیانـەوێ مێـرد بكـەن، كۆمـەڵێ خـاڵ بـۆ خۆیـان ڕەچـاو بكـەن، هـەوڵ بـدەن لـە ڕێـی خۆشەویـست و دۆسـتیانەوە بگـەڕێن بۆپیاوێـك خـاوەنی ئەوصـیفاتانە بێـت، تـا تووشـی پیـاوێكی ئەشـقیی و لاسارو تووڕەنـەبن و گیرۆدە بـن و بـۆ دواییش بەئاسـان بۆیـان چارەسـەر نـەكرێت. ئیمـامی (بوخاری / شرح العسقلانی ج٩ ص ١٧٤) دەگێڕێتەوە كە: (ثابت بن البنـاني) لای پێغەمبـەر ﷺ دەبێ و ژنێك دێتـە لای پێغەمبـەر ﷺ دەدات بە گوێیدا كەدەیـەوێ شـووی پـێ بكات؟ كچەكەی (ئەنـەس)یـش كەلـەوێ دەبـێ دەڵـێ: وای چ كـەم شـەرمە، وای لـەو ئابڕووچـوونە؟! ئەنـەس بەكچەكەی دەڵێت: ئەو ژنە گەلێ لە تۆ باشترە، چونكە پێغەمبەری خۆش دەوێ و داوای لێدەكا مـارەی بكـات. (ئـیبن حەجـەر) دەڵـێ: بە پێـی ئەمـە و ڕووداوی تـر لـەو وێنەیـە، ژنـان دەتـوانن هـەوڵی خۆیـان بـدەن و بەهـەر شێوەیەك شیاوی كۆمەڵگەكە بێـت بـدەن بـەگوێی هـەر پیاوێكدا دەیانـەوێ مێـردی لەگـەڵ بكـەن، وەلـە ڕووی شـەریعەتی ئیسلامەوە هـیچ شـتێكی تێـدا نییـە، بەڵكو تـەواوی زاناكـان بـە سوونـنەتی دادەنێن، بـەڵام دەبـێ مەسـەلەی دینـداریی و صـەڵاحەت و

خواناسى لەو پياوەدا لە بير نەچێت.. هەڵبژاردنى پياويش، وادەبێ ژنەكە بۆ خۆى پێيدەڵێ، وايشدەبێ كەسێكى شياو بۆ ئەو كارە دەنێرێتە لاى، جا ئەگەر وەڵامى دايەوەو قبوڵى كرد، يان قبوڵى نەكرد، نابێ لەو نێوانەدا لێك نزيك ببنەوەو تووشى كارى ناشەرعيى ببن.

خوازبێنى

خوازبێنى – چ لە باوكو دايكو كەسو كار بكرێت، يان ڕاستەوخۆ ژن لەگەڵ پياوو، پياو لەگەڵ ژن مۆڵەتێكە –بەر لە گرێبەستەكە –بە ژنو پياو دەدرێت كە لەو ماوەيەدا حاڵو ئەحواڵى يەكتر شارەزابن، بچن پێش وەڵامدانەوە لەيەكترى بپرسن، بزانن ئەو صيفەتانەى تێدايە بۆ ژن وميٚرديىو بەهاوسەربوون پێويستن، چونكە ئەمە يەكەم هەنگاويانە بۆ پێكەوەنانى ماڵو خێزانو ببنە باوكو دايكى مندالان،جالەبەرئەوە زۆر زۆر پێويستە بۆ هەردوولا – ژنو پياوەكە – لەيەكەم هەنگاودا تووشى هەڵە نەبن، ژنەكە پياوێكى وا هەڵبژێرێت، سبەينێ ئابڕووى نەبات، پياوەكەش هەوڵ بدات ژنێكى شياوو دامەزراو پەيدا بكات دوو بەيانى ژيانى لێ تێك نەدات. دەشكرێ بەر لە خوازبێنى هەر كامێكيان لە حاڵى ئەويان بپرسێت، هەر كەسێك بەشياوى مەشۆرەت دێت بۆ ئەوكارە، ژنەكە يان پياوەكە بچن مەشۆرەتى پێ بكەن، ئينجا ئەويش لەوبارەوە هەرچى بزانێ دەبێ بەڕاشكاوى بەو ژنە، يان بەو پياوەى بڵێت، خۆ ئەگەر لەبەر خزمايەتى، يان لەبەر هەر هۆيەك هەندێ صيفەتى خراپى لێشاردنەوە، دەبێتە خەيانەتو گزى لەو ئينسانە مەشۆرەتى پێكردووە..لە فەرموودەدا هاتووە: ((الدين النصيحة)).

(فاطمەى كچى قيس)، (معاويەى كوڕى أبى سفيان)و (ئەبوو جەهم) ناوێك خوازبێنيان كردبوو، جا پێش ئەوە بۆ هيچ كامێكيان ئەرێ بكات، هات مەشۆرەتى بەپێغەمبەر ﷺ كرد: ئاخۆ ئەو دوانە بەكەڵكى ئەوە دێن، ئەگەر ئەرێ بۆ يەكێكيان بكات ؟ پێغەمبەر ﷺ بەڕاشكاوى فەرمووى: ((أما أبوجهم: فلا يضع عصاه عن عاتقه، وأما معاوية فصعلوك لامال له، أنكحي أسامة بن زيد)) واتە: ئەبوو جەهم: دار دەستەكەى هەميشە وا بەشانيەوە، واتە: لەگەڵ ژنان بەدرەفتارو خراپە، (معاويە)ش پياوێكى نەدارو هەژارە، تواناى ژن بەخێوكردنى نييە (واتە: شوو بەهيچ كامێكيان مەكە) بچۆ شووبە (ئوسامەى كوڕى زەيد) بكە. كەوابوو هەر كەسێك مەشۆرەتى پێكرديت لەبارەى ئەو كەسەوە دەيەوێ بيخوازێت،يان دەيەوێ شووى پێ بكات، دەبێ هەرچى تێدا بێت لەو بارەوە بەڕاشكاوانە باسبكرێت، وە شەريعەتى ئيسلام كە غەيبەتى حەرامكردووە، لەبەر زەرووڕەت ڕێى بەوەداوە بە غەيبەتى دانانێ.

ژنان‌و پیاوانی پێشوو ئەوەند گرنگییان بەو مەسەلەیە دەدا، دەچوون (ئیستیخارە)یان بۆدەکردو لەخودا دەپاڕانەوە کە ئەگەر باش وڕێك وپێك بێت، بۆیان ئاسان بکات، ئەگینە ڕێك نەکەوێت !.

ئەو ژنانە بۆ خواستن دەشێن

١- ئەو ژنانە دەخوازرێن، نابێ بە خوازیارەکە مەحرەم بن (وەك دایك‌و خوشك‌و پوور - لەهەردوو سەرەوە - برازاو خوشکەزاو خوشکی شیریی‌و دایك‌و پووری شیریی، وە لە ژێر نیکاحی کەسێکی تردا نەبێ، وە خوشك‌و دایك‌و پووری ژنەکەی نەبێ‌و لە عیددەی کەسێکی تردا نەبێت) هەر نیکاح‌و گرێبەستێك لەگەڵ هەر کامێك لەوانەدا بکرێ حەرامەو کاری پێناکرێت.

٢- خوازراوی کەسێکی تر نەبێت، واتە: ئەگەر ژنێك لەلایەن کەسێکەوە خوازرا بوو، تا ئەو کەسە نەگەڕێتە دواوە، یان ژنەکەو کەس‌وکاری ژنەکە نەگەڕێنە دواوە، نابێ بچێتە خوازبێنی، ئەگینە حەرامەو گوناحبار دەبێ، هەرچەند ئەگەر کاری وا کراو نیکاح کرا، گرێبەستەکە دادەمەزرێت.

٣- ژن‌و پیاوەکە یەکتر ببینن: بۆ هەردوولا (موباح)ە، بگرە (سووننەت)ە تەماشای یەکتر بکەن.. ئەوەبوو (موغیرەی کوڕی شوعبە) کاتێ ویستی خوازبێنی ژنێك بکات، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: ((إذهب فانظر إليها فإنه أحرى أن يؤدم بينكما)). بچۆ بیبینە، چونکە بینین هۆکاری تۆکمە بوونی کاری نێوانتانە. بێگومان ژنیش هەقیەتی ئەو پیاوە ببینێ دەیەوێ بیخوازێ، چونکە وەکو پیاوان حەزیان لەسەرو سیمای جوان‌و قەشەنگە، ژنانیش حەزیان لێیەتی، بۆیە (عومەری کوڕی خەتتاب) بەباوك‌و کەس‌و کاری ژنان دەڵێ: ((لا تزوجوا بناتكم الرجل الدميم)). کچەکانتان لەپیاوی سەروسیما ناشیرین مارە مەکەن ((فإنهن يعجبهن منهم ما يعجبه منها)) (المذهب وشرحه). چونکە پیاوان حەزیان لەهەرچی ببێ ژنانیش حەزی لێ دەکەن. سەرەڕای ئەوەیش لای تەواوی زاناکان تەماشا کردنی ژن‌و پیاو بۆیەکتر، کارێکی پێویست‌و پەسەندەو دەبێ ئەنجام بدرێت.

چپەیەك:

١- هەتا بکرێت - بۆ تەماشا کردنەکە - هیچ کامێکیان ئاگادار نەبن باشە، تا داوودەرمان‌و هۆکاری خۆ جوانکرن بەکارنەهێنن‌و یەکتر چەواشە بکەن.

٢- پێکەوە - دوو بە دوو - نابێ کۆببنەوەو یەکتر ببینن و کەسێکی سێیەم لە نێواندا

نـەبێت، ئەگینـە حـەرامو مایـەی گونـاحو تاوانـە، ئەوەیـە کـە پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرمووی: ((لا يخلون أحدكم بامرأة إلا مع ذي محرم)) یان دەفەرمووێ: ((لا يخلـون رجل بـامرأة فإن ثالثهما الشيطان)).

پێغەمبـەر ﷺ ئەوەنـد گرنگـی بـەو چاوپێکەوتنو دیـتنی (کچو کوڕان)ـە – دەیانـەوێ ببنـە هاوسـەر بـۆ یەکـدی – داوە، بـۆ خۆیـشی کـاتێ ویـستی ژنێـك مـارە بکـات، هەڵسا ژنێکـی ناردەلای و پێیگوت: ((شَمّي عوارضَها، وانظري إلى عرقوبها)) بەیهەقی.

٣- پاش خوازبێنیو سەرگرتنی خوازبێنییەکە، هەردوولا بۆیان هەیە بگەڕێنـە دواوە، لەبەر هەر هۆیەك ڕەچاوی دەکەن لەیەکتردا، پاشان هـەرکامێکیان لـەو ماوەدا زەرەری کردبوو، یـان هەدیەو بەخششێکی بردبوو – کـە ئەمـە بـۆ زاوا دەگەڕێتـەوە – ئەگـەر ئـەو هەدیـەو بەخششە مابوو و تیانەچوو بوو، دەبێ بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

پایەکانی گرێبەستی/ زەواج

بۆ دامەزرانـدنی (زەواج) لـە نێـوان ژنوپیـاودا، سـەرەڕای بـوونی ژنوپیاوەکە، (ئیجـاب)و (قبوول) پێویستە، واتە: ژنەکە بڵێ: ئەوا مێردم پێکردیت، پیاوەکەش بڵـێ: قبـوڵم کـرد، یـان پیاوەکە بڵێ: ئەوا کردیتم بە ژنی خۆم، ژنەکەش بڵێ: قبوڵم کرد.

(ئیبن تەیمییـە-خ) دەڵێـت: ((وينعقد النكـاح بمـا عده النـاس نكـاحا بـأي لغة ولفظ كـان ومثلـه كـل عقـد)). الإختيـارات الفقهيـة ص١١٩. واتـە: عـورفو بـاوی ئـەو خەڵکـە – لـەو ناوچەیەدا – هـەر وشـەو بێژەیـەك بـە مارەکردنو نیکـاح دابنێن، بەوەدادەمـەزرێو دروستـە، ئیتر بە عەرەبی بێت، یان بەشێوەی عەجەمی بێت؟

ئەگـەر هـەر کامێکیـشیان لاڵ بـوو، ئـەوە بەئیـشارەو ئامـاژە دادەمـەزرێت. زاناکـان دەڵـێن: ((وينعقد النكاح بالإشارة من الأخرس إذا كانت إشارته معلومة)). خۆ ئەگەر ئـەو کەڕولاڵانـە دەیانزانی بنووسن، نووسینەکە باشترە، ئەگینە ئاماژە بەسە بۆ دامەزراندنی زەواجەکە.

ئەگەر ژنو پیاوەکە، یان بڵێین کچو کوڕەکە هەردوو لەیـەك دوور و (غـایب) بـوون، دەکـرێ بەنووسین کارەکەیان ئەنجام بدەن، بەمەرجێ یەکتر بناسنو هیچ ڕێگرێکی تر نەبێت، وە هـەر کات نامەکـە گەیشت دەبێ ژنەکـە یـان پیاوەکـە دووشـایەت ئامـادە بکـەنو لـە ڕووی ئەوانـدا بیخوێننەوەو هەر لەڕووی ئەوانیشدا (ئیجاب) و (قبوڵ)ەکە ئەنجام بدەن.

بەتەلەفۆنیش (ئیجـاب)و(قبـوڵ) دروستـەو نیکـاحی پێـدا دەمـەزرێت، بەمـەرجێ پایـەکانی تری نیکاح دروستبنو هیچ ڕێگرێکی تر پەیدا نەبێتو، لەو کاتەشدا دوو شایەت ئاگادار بن

و گوێیان لـێ بێـت. هـەروەها دەكرێ هـەر كامێكیـان یـان هـەردووكیان، بریكـار بـۆ خـۆی دا بنێـت. (ئیجـاب)و(قبـوڵ) وادەبـێ (منجـز)ـە، وەك ئـەوە كـچەكە، یـان (وەلـی)ـەكەی، یـان بریكارەكەی ڕاستەوخۆ بە لایەنی میرد بڵێ: شووم پێكردیت، كچەكەمم لێمارەكردیت، ئینجا پیاوەكەش، یـان بریكارەكـەی بڵـێ: قبـوڵم كـرد. مـارەكردن و نیكـاح بەوشـێوەیە لای تـەواوی فوقەها شەرعیی و پەسەندە.

وایشدەبێ (معلّق)ـە وەكو ئـەوە كـچەكە بەپیاوەكە بڵـێ: ئەگـەر ئـەمساڵ لـە تاقیكردنەوەكانـدا دەرچووویت شووت پێدەكەم، ئـەوە گرێبەستی ئـاوا دانامـەزرێ و هـیچ ئاسـەوارێكی شـەرعیی لێ پەیدا نابێ و تەواوی زاناكان لەمەدا یەكدەنگن، ئەگەرچی (إبن القیم) دەڵێ: ((ونص الإمام أحمد علی جواز تعلیق النكاح بشرط)).

ئایا ژنان دەتوانن خۆمارە بكەن؟

* **شافیعیەكان دەڵێن**: ((لا تزوج المرأة نفسها..)) بە هیچ شێوەیەك ژن ناتوانێ دەخالەت لـە خۆمارەكردندا بكات، نە لە (ئیجاب) دا، نە لە (قبوول)دا. واتە: بۆی نییـە نـەخۆی مارەبكات، نە قبوولیشی بكات، ئەگەرچی (وەلی)ـەكەشی مۆڵەتی بدات.

* **مالیكییەكان**: ئافرەتان چ كچ چ ژن نـابێ بـە هـیچ شـێوەیەك لـە خۆمارەكردنـدا دەسـتیان هەبێ، خۆ ئەگەر خۆیان لـە كەسـێك مارەكرد، وەلییەكەی مۆڵـەتی هـەبێ، یانـەی بێـت، پـاش گواسـتنەوە بێـت، یـان دوای گواسـتنەوە، ئـەو نیكاحـە هەڵدەوەشـێنرێتەوە، تەنانـەت ئەگـەر منداڵیشی هەبێ.

* **حەنبەلییەكان**: ژنان دەسەڵاتی خۆمارەكردنیان نییەو، ناشتوانن (وەكیـل) بـۆ ئـەو كـارە بگرن،ئەگەرچی ئیمامی (ئەحمەد) بۆ خۆی دەڵێت: ژن دەتوانێ كچی خۆی مـارە بكـات لەهـەر كەسێك لەسەری ڕێكدەكەون.

* **حەنەفییەكان**: ژنی باڵغ و ئاقڵ دەتوانێ خۆی و غەیری خۆی نیكـاح بكـا بـۆ هـەر كەسـێك خۆی ڕازیە ئەگەرچی پێچەوانەكەی پەسەندو(مستحب)ـە.

* **جەعفەریـەكان**: ئیجـاب و قبـوڵ لەلایـەن هـەر كەسـێكەوە بێـت لـە ژنەكـەوە بێـت، یـان لـە وەلییەكەیەوە، یـان لـە لایـەن بریكارەكەیـەوە بێـت، دادەمەزرێـت و بەئەنجامەكەی كاردەكرێـت، هەریـەك لـەو زانایانـەش بـۆ ڕاوبۆچوونەكانیان بەڵگـەی خۆیانیـان هەیـە، ئیشەڵڵا دواتـر ئـەم باسە ڕوونتر دەكەینەوە.

مەرجەکانی گرێبەستی/زەواج

یەکەم: کچ و کوڕەکە دەبێ هەردووژیرو بەفامبن، ئەگەرچی ژیریشیان لە پلەی منداڵێکی خاوەن تەمییز دا بێ، بۆیە کوڕوکچی شێت، نیکاحیان دانامەزرێت، بەڵام باڵغبوون مەرج نییە، ئەگەرچی کاتێ ئەقڵی تەواویان گرت، دەتوانن رای خۆیان دەربڕن بەرامبەر بە نیکاحەکە، هەڵوەشێننەوە، یان پیادەی بکەن.

* نیکاح چ لەناخەوە بێت، یان بە گاڵتەو (مەسخەرە)وە بێت دادەمەزرێت، واتە: ئەگەر کچێك بەگاڵتەوە بە کوڕێکی گوت: شوم پێکردیت، ئەویش گوتی: قبوڵمە، ئەو نیکاحە دادەمەزرێت و کاری لەسەر دەکرێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((ثلاث جدهن جد، وهزلهن جد: النكاح، والطلاق، الرجعة)) (ترمذي و ئەبووداود). بەڵام ئەگەر پێش وەڵامدانەوە لەلایەن بەرامبەرەکەوە، ئەم پەشیمان بوویەوە کاری پێدەکرێ و نیکاحەکە دانامەزرێت، هەروەها ئەگەر بەرامبەرەکە (ئەهلیەت)ی نەما، دیسان هیچ ئاسەوارێکی لێ پەیدا نابێت.

تێبینی:

ئەو (ئیجاب) و (قبول)ـە دەبێ لەیەك (مەجلیس)دا بێت و (فاصلە)یەکی وا نەکەوێتە نێوانیانەوە، بەڵام ئەگەر قبوڵەکە ئەندازەیەك دواکەوت و لەو نێوانەدا شتێك پەیدا نەبوو مانای نارەزایی و پشتگوێ خستنبوو و لە مەجلیسەکەیش هەڵنەسابوون، پاشان قبوڵی کرد، دادەمەزرێت و قەیدی نییە، هەروەك مەرجە (ئیجاب) و (قبول) بەرامبەربن و جیاوازیان نەبێت، بۆ نموونە: ئەگەر (وەلی) گوتی: (فاتمە)م لێمارە کردیت، دەبێ ئەویش قبووڵی نیکاحی فاتمە بکات.

دووەم: ژنەکە دەست بدات بۆ مارەکردن: واتە حەرامی ئەو کەسە نەبێت دەیخوازێت: ((وەکو دایك و خوشکی نەسەبیی و شیریی و خەسوو خوشك و دایکی خەسوو...)

هەروەها زاناکان دەڵێن: ژن وپیاو (زوج، زوجە) لەکاتی گرێبەستەکەدا نابێ لەجل و بەرگی (ئیحرام) دابن، ئەگەرچی (حەنەفیە)کان دەڵێن: بۆ (زەوج، زەوجە) تەنانەتی (وەلی) گرێبەست دادەمەزرێت، هەرچەند لە (ئیحرام)یشدا بن، بەڵگەیشیان مارەکردنی خاتوو (مەیمونە)بوو لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ کە لە ئیحرامیشدا بوو، ئەو فەرموودەیش کە دەڵێ: ((لا ینكح المحرم ولا ینكح)) مەبەست ئەوەیە کە موحریم نابێ تێکەڵی لەگەڵ ژنەکەیدا بکات لەکاتی ئیحرامەکەدا، نەك مارەکردن.

سێیەم: نابێ بۆ کاتێکی دیاریکراو بێت (نكاح مؤقت): هەر نیکاحێك ماوەی بۆ دیاری بکرێت، بە کۆی دەنگی زاناکان – جگە لە شیعە – دانامەزرێ و بە حەرام دادەنرێت.. بەڵکو

دواتر بتوانین پتر تاوتۆی ئەم باسە بكەین.

چوارەم: پیاوەكە هاوكووفو هاوشانی ژنەكە بێت:

أ-بەلای حەنەفییەكانەوە – ئەبوو حەنیفە خۆیی و ئەبوو یوسف – ئەگەر ئافرەتێكی باڵغی ژیرو بەفام، خۆی لە غەیرە كووفێك مارە كرد، دانامەزرێت، چونكە سووكایەتی ڕوودەكاتە (وەلی)و بنەماڵەكەی، كاری ئاوایش – بۆ دوایی – بە ئاسانی ڕزگاریان نابێت لێی. بەڵام (محمد بن الحسن الشیبانی) هاوڕێی ئەبوو حەنیفە دەڵێ: هاوكووفیی مەرج نییە بۆ دامەزرانی نیكاحەكە، بەڵكو مەرجی پیادە كردنیەتی، واتە: ئەگەر ژنێك لە پیاوێكی غەیرە كووف خۆی مارە كرد، تەماشا دەكرێ ئەگەر (وەلی)یەكەی ڕەزایەتی لەسەردا، دادەمەزرێت، ئەگینە هەڵیدەوەشێنێتەوە.

ب-شافعیەكان دەڵێن: ئەگەر باوك، یان تەنها مامێك كچێكی لە غەیرە كووفێك مارەكردو كچەكە بۆ خۆی ڕەزا بوو، وەیان چەند براو ئامۆزایەك – لەسەر ڕەزایەتی كچەكە – لە غەیرە كووفێكیان مارەكرد، ئەو نیكاحە دروستەو دادەمەزرێت، بەڵام ئەگەر یەكێ لە براكانی، یان لە ئامۆزاكانی – لەسەر ڕەزایەتی كچەكە لە غەیرە كووفێك مارەكردو، براو ئامۆزاكانی تری ڕەزایەتیان نەبوو، ئەو نیكاحە دانامەزرێت، ئەگەرچی لە قسەیەكی شافیعیەكاندا هاتووە: ((یصح العقد ولهم الفسخ)).

ج-حەنبەلیەكان: هاوكووفیی كچو كوڕ بۆ دامەزرانی نیكاح مەرج نییە، ئەگەرچی هەندێكیان بەمەرجی دادەنێن.

د-مالیكیەكان دەڵێن: ئەوی لە ژنوپیاودا پێویستە هەبێ، دووشتە:

یەكەم: مێرد دیندار بێت، واتە مێرد فاسقو بێدین نەبێ.

دووەم: سەلامەت بێت لەو ناتەواویانەی دەبنە هۆی (فەسخ)و هەڵوەشانەوەی نیكاح، ئەگەر ژنەكە ویستی لە هەڵوەشانەوە هەبوو.. خۆ ئەگەر ژنەكە، یان (وەلی)یەكەی بە پیاوێكی فاسق ڕازی بوون دەتوانن ئەو نیكاحە بكەنو گوێ بە هاوكووفیی نەدەن.

پێنجەم: شایەت ئامادە بكرێت:

ئامادە بوونی شایەت بۆ نیكاحو مارەكردن مەرجە بۆ دامەزرانی، ئیمامی (ترمذي) ئەم فەرموودەیەی هێناوە: ((البغایا: اللاتي ینكحن أنفسهن بغیر بینة)) لە سەردەمی پێغەمبەرو هاوەڵانو پاشینانیشدا، بەبێ شایەت نیكاح نەكراوە. ئیمامی (بەیهەقی) لە خاتوو (عایشە/خ) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر- صلى الله علیه وآله وسلم – فەرمووی: ((لا نكاح إلا بولي و شاهدي عدل، فإن تشاجروا – وفي روایة اشتجروا فالسلطان ولي من لا ولي له))

پێشەوا (ئەحمەد)یش ئەم ڕیوایەتەی هێناوە: ((لا نكاح إلا بولي وشاهدي عدل)). ئەم چەن فەرمووده و فەرموودەگەلێکی تر بەڕاشکاوی ئەوە دەگەینن کە لە نیکاحدا شایەت مەرجەو هەر دەبێ ببێ. (ترمذي)یش دەڵێ: ((والعمل على هذا عند أهل العلم من أصحاب النبي ﷺ ومن بعدهم من التابعين وغيرهم، قالوا: لانكاح إلا بشهود)).

سەبارەت بە بوون ونەبوونی شایەت لە نیکاحدا ئەم بۆ چونانە هاتووە:

یەکەم – (يشترط لصحة النكاح الإشهاد عليه، وإلا كان فاسدا، روى ذلك عن عمر بن الخطاب، على بن أبي طالب، وهو قول ابن عباس وسعيد بن المسيب، والحسن، والنخعى، وقتادة، والثورى، والأوزاعي، وهو قول جمهور الفقهاء من الشافعية، والحنفية، والحنابلة، والزيدية)).

دووەم – يصح النكاح بغير شهود، فعله ابن عمر، والحسن بن على، وابن الزبير، وسالم وحمزه ابنا عبدالله بن عمر. وبه قال عبدالرحمن بن مهدي، ويزيد بن هارون، والفبري، وأبو ثور، وابن المنذر وهو قول الإمام الزهري، وهو مذهب الجعفرية).

سێیەم – (الإشهاد على النكاح ليس شرطا لصحته، ولكن الإشهاد شرط عند الدخول بالزوجة، وهذا مذهب المالكية).

پوختەی مەسەلەی ئامادەکردنی شایەت بۆ نیکاح بەم شێوەیە: جەماوەری زاناکان یەکدەنگن لە سەربوونی شایەت لە گرێبەستی نیکاحدا، خۆ ئەگەر ئامادە نەبوون، ئەو نیکاحە بە (فاسد) و دانەمەزراو دادەنێن.

ژمارەی شایەت

دەبێ شایەت لە دوو پیاو کەمتر نەبن، خۆ ئەگەر زیاد لەوە کۆمەڵە خەڵکێکی باش‌وچاك کۆکرایەوە ڕێك‌و پێکترە.. قسەی ڕاست ئەوەیە کە بە پیاوێك‌و دووژن ئەو گرێبەستە دادەمەزرێت، جگە لەمەیش (ظاهريه)کان دەڵێن: بە ئامادە بوونی چوار ژنیش بە تەنها لە گرێبەستەکەدا دادەمەزرێ و کاری پێدەکرێت.

عەدالەتی شایەت

هەندێ دەڵێن: شایەتەکان پێویستە خاوەن عەدالەت بن‌و فاسق نەبن. هەندێ تر عەدالەت بەمەرج دانانێن، بەڵکو بە ئامادەبوونی دوو (فاسق)یش دادەمەزرێت، ئەمەیش مەزەبی حەنەفییەکانە. بێگومان هەتا دەست بدات پیاوی صاڵح‌و چاك ئامادە بکرێ بۆ شایەتی، خۆ ئەگەر دەست نەکەوت، دەچێتە حاڵەتی زەرووت‌و ناچاری.

هەروەها مەرجە شايەتەكان موسڵمان بن، بە بەڵگەی ((لا نكاح إلا بولي وشاهدی عادل)).
بەڵام حەنەفيەكان لێرەدا دەڵێن: ((يجوز نكاح المسلم ذمية بشهادة ذميين على هذا النكاح)).
هەروەها دەبێ باڵغو فاميده بن و كەڕو تێنەگەيشتوو نەبن، خۆ ئەگەر بيناشبن باشترە.

مەرجدانان لە گرێبەستەكەدا

ئەو شتانە پێچەوانەو دژ نابنەوە لەگەڵ ئامانجو مەبەستی نيكاحدا، يان حەرامێك حەڵاڵ ناكەن، يان بە پێچەوانەوە، ڕەوايە بە مەرج بگيردرێن و كاريشيان پێ بكرێت، ئيمامی (بوخاری) ئەم فەرموودەيە هێناوە: ((إن أحق ما أوفيتم من الشروط أن توفوا به ما استحللتم به الفروج)) شرح العسقلاني ج ٢١٧/٩. بۆ نموونە: ژنەكە گوتی بە پياوەكە: بە مەرجێ شووی پێ دەكات، چاكو ڕێك پێك بێت لەگەڵياو نەفەقە و جلوبەرگو مەسكەنی بۆ فراهەم بهێنێت.. بەڵام ئەو مەرجانە كە لەگەڵ بنەڕەتو ئامانجی نيكاحدا دژ دەوەستنەوە، بۆ نموونە: ژنەكە بە پياوەكەی بڵێ نابێ نەفەقم بكێشيت، نابێ لەگەڵ خۆت بمبەی بۆ سەفەر،ئەم جۆرە مەرجانە كاريان پێناكرێت و گرێبەستەكەش دادەمەزرێت، چونكە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((كل شرط ليس في كتاب الله فهو باطل)).

بەڵام ئيمامی (ئەحمەد) و كۆمەڵێك لە زانايا دەڵێن: پێويستە كار بە گشت مەرجێك لە گرێبەستەكەدا بكرێت، چونكە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((إن أحق الشروط بالوفاء...)).

(ترمذي)يش دەڵێت: ((والعمل على هذا عند بعض أهل العلم من أصحاب النبي ﷺ، منهم: عمر بن الخطاب)). كەوابوو ئەگەر ژنێك گوتی: بەمەرجێ شووت پێدەكەم كە لە ماڵی باوكم دوورم نەخەيتەوە، دەبێ دووری نەخاتەوە.

بەكورتی: هەر مەرجێك لە گرێبەستەكەدا ژن وپياوەكە لە سەر يەكتری دادەنێن، پێويستە لە ئايندەدا كاری پێ بكەن و نابێ پێچەوانەی ڕەفتار بكەن.

ئەو مەرجانەی لە گرێبەستەكەدا دادەنرێن

هەندێ مەرج هەيە، قازانجەكەی تەنها بۆ ژنان دەگەڕێتەوە، لەوانە: بەمەرجێ شووی پێدەكات كە لەو ماڵە، يان لەو شارە، نەيباتە دەر، يان نەيبا بۆ سەفەری دوور وەڵات، يان ژن نەهێنێ بەسەريا، بەلای ئەم زانا بەڕێزانەوە: (عومەری كوڕی خەتتاب، سەعدی ئەبوو وەقاص، موعاويە، عەمری بن عاص، بۆ دوای ئەوانيش، شوورەيح، عمر بن عبد العزيز، جابر بن زيد، طاووس، ئەوزاعی، ئيسحاق) دەبێ بە پێی ئەو مەرجانە بجووڵێتەوە لەگەڵيا، ئەگينە دەتوانێ نيكاحەكە هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەرچی دەستەيەك زانا: (زوهری، قەتادە، هيشام،

عوروه، مالك، لەیس، سەوری، شافعی، إبن المنذر..) دەڵێن: ئەو مەرجانە کاریان پێناکرێت، چونکە لە قورئاندا نین، هەرچیش لەوێ نەبێ کاری پێناکرێت.. هەر ئەمەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((کل شرط لیس في کتاب الله فهو باطل وإن کان مائة شرط)) کەوابوو نیکاحەکە دادەمەزرێت.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((المسلمون على شروطهم، إلا شرطا أحل حراما أو حرم حلالا)). واتە: موسڵمانان لەسەرمەرجی خۆیان دەبن، مەگەر شتێك حەرام حەڵاڵ بکات، یان حەرامێك حەڵاڵ بکات، خۆ ژنی دووەمو سێیەم بەپێی قورئان و مەرجەکانی – حەڵاڵە، کەوابوو ئەگەر ژنێك گوتی: بەمەرجێك شووت پێدەکەم، کە ژن نەهێنیت بەسەرما، ئەوە ئەو مەرجە پوچەڵەو کاری پێناکرێتو دەتوانێ ژنی تر مارە بکات بەسەریا.

یان ئەگەر ژنێك گوتی: بەومەرجە مێردی لەگەڵ دەکات، تەڵاق بەدەستی ئەو بێت، دیارە بەلای ئەوانەوە، کە ئەو مەرجانە بەڕەواو دروست دەزانن – وەك حنبەلیی و حەنەفییەکان – کاری پێدەکرێ و ژنەکە هەرکات ویستی جیا ببێتەوە دەتوانێ.

ئەگەر ژنێك گوتی: بەمەرجێ ئەو نیکاحەی قەبووڵە، کە ئەوژنەی ئێستا هەتە، تەڵاقی بدەیت، ئەویش قبوڵی کرد، هەندێ زانا – لەوانە – حەنبەلییەکان – بەدروستی دەزانن و کاری پێدەکەن، واتە: دەبێ پیاوەکە مەرجەکەی بۆ جێبەجێ بکات، ئەگینە هەقی (فەسخ)ی هەیە.

مەرجگرتنی (صیفەت)ێك لە پیاوەکەدا، یان لە ژنەکەدا

بۆ ئاوا مەرجێك (شافیعیەکان) پتر لە مەزەبەکانی تر بۆچوونیان گونجاوترە، وە دووقسەیان تێدا کردووە:

یەکەم – ئەگەر پیاوەکە بەژنەکەی گوت: بەو مەرجە نیکاحی تۆم قەبووڵەکە: کچ بیت، یان لە نەخۆشی سەلامەت بێت... یان ژنەکە بە پیاوەکەی گوت: دەبێ ئازاو خاوەن شەهادە بیت، کەچی وادەرنەچوون ! ئەوە نیکاحی ئاوا دانامەزرێت، چونکە ژنەکە بەو(صیفەت)ـەوە پیاوەکەی دەوێت، یان پیاوەکە بەو صیفەتەوە ژنەکەی قبووڵە کە بەژنوباڵای بەرز بێت.

حەنبەلیەکانیش دەڵێن: هەر یەکەیان سەرپشك دەخرێن: دەتوانن قەبووڵی بکەن، دەشتوانن (فەسخ)ی بکەنەوە.

دووەم – نیکاحەکە دادەمەزرێتو مەرجەکە پووچەڵەو کاری پێناکرێت، بەتایبەتی بۆ پیاوەکە، چونکە پیاو دەتوانێ – ئەگەر فەسخیش نەبێ – بەتەڵاق خۆی ڕزگار بکات لەو ژنە بەدڵی نییە، ئەمەشیان لەبەر گرنگی نیکاحەکە تا لەبەر هەر مەرجێکی سادە هەڵنەوەشێتەوەو کێشەو گرفت پەیدا نەبێ.

ئەو شتانە لە نیکاحدا سووننەتن

یەکەم – کورتە گوتارێك – لەناو زاناکاندا پێی دەڵێن (خطبة الحاجة). بۆ ئەمە (عبدالله بن مسعود) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ ئەم گوتارەی فێرکردین کەبەر لە مارە کردن بڵێین: ((إن الحمد لله نستعينه ونستغفره، ونعوذ به من شرور أنفسنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله. ﴿واتقوا الله الذي تساءلون به والأرحام إن الله كان عليكم رقيبا﴾، ﴿يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله حق تقاته ولا تموتن إلا وأنتم مسلمون﴾، ﴿يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله وقولوا قولاً سديدا يصلح لكم أعمالكم، ويغفر لكم ذنوبكم، ومن يطع الله ورسوله فقد فاز فوزا عظيما﴾ ئەبووداود.

ئـەم گوتـارەش یـەك كـەس دەیخوێنێتـەوە (وەلـی ژنەكـە، یـان خوازبێنیکـەر، یـان هـەر کەسێکی تر)، هەروەها هەوڵ بدرێت کۆمەڵێ پیاو باش و صاڵح کۆبکرێتـەوەو ئامادە بکرێن لە مەجلیسی گرێبەستەکەدا.

دووەم – لە مزگەوتدا گرێبەستەکە بکرێت:

ئیمامی (ترمذي) دەڵێ: خـاتوو (عایشـە–خ) گـوتی: پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: ((أعلنـوا هـذا النكـاح، واجعلـوه في المسـاجد، واضـربوا عليـه بالـدفوف)) نیكـاح ئاشـكرا بكـەن (واتـە: بـا خـەڵكێك لێـی بـەئاگا بـن، ئەگـەر ڕۆژی گواسـتنەوەش بێـت) وە دەفیـشی بـۆ بـەكاربهێنن. بەداخـەوە ئێستا لـەباتی مزگـەوت بەچـاولێكەری خۆرئـاوا (هـۆڵ) داهێنـراوەو شـەرعییەتی خۆیشی وەرگرت ! كە بەڕاستی هەقبوو موسڵمانان بەجێ پێیانـدا نەچووبان‌و ئەو تەقلیدە كوێرانەیان قەبووڵ نەكردبا، ئەگەرچی چەند كەسێكی ئایینیش دەبەن‌و گوتاری تیا بدەن‌و سیمایەكی ئیسلامیش وەرگرێ !.

سێ یەم – ڕۆژی هەینی گرێبەستەکە بکرێت:

کۆمەڵێ لە زاناکان ڕۆژی هەینیان هەڵبژاردووە بۆ ئەنجامدانی نیکاحەکە، چونکە ڕۆژێکی پیرۆزەو خودا لەو ڕۆژەدا (ئادەم) پێغەمبەری دروستکرد، سڵاوی لەسەر بێت.

چـوارەم – ئیمـامی (موسـلیم) لـە خـاتوو (عایشـە)وە دەگێڕێتـەوەو دەڵێـت: پێغەمبـەر ﷺ مـانگی شەشـەڵان مـارەیكردم، هـەر مـانگی شەشـەڵانیش بـوو گواسـتمیەوە. پێـشەوا نـەوەوی دەڵێت: کەوابوو ژن مارەکردن‌و بەشوودانی‌و گواستنەوە بخرێتە شەشەڵانەوە.

پێنجەم – دوعا بۆ زاواو بووكێ بکرێت:

(ئەبوو هورەیرە – خ)دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ بەم شێوەیە پیرۆزبایی لەزاوا دەکرد: ((بارك الله لك، وبارك عليك، وجمع بينكما في خير)). (ئەبوو داوود، ئیبن ماجە).

له سەردەمی جاهیلیەتدا بەزاوایان دەگوت: ((بالرفاء والبنين)) واته: گوزەرانتان خۆش بیّ‌و، كوڕتان زۆر بێت، بەڵام كە ئیسلام هات، ئەوەی گۆڕی بە (بارك الله لك، وبارك عليك، وجمع بينكما خير)).

شەشەم – گۆرانی و دەفلێدان:

بۆ ئەوە گرێبەستی (زەواج) لەكاری (سەفاح)و زینا جیا بكرێتەوە، شەریعەتی ئیسلام فەرمان دەدات ئاشكرا بكریّ‌و گۆرانی و سروودی پەسەندو جوامێرانەی تێدا بگوترێت‌و دەفیشی لەگەڵ بێت.

حەوتەم – شەوی بەیەكگەیشتن زاوا بڵێت:

هەر ئەو شەوە زاواو بووك بەیەك دەگەن، سووننەتە زاوا ئەم دوعایە بخوێنێت:

((بسم الله، اللهم جنبنا الشيطان، وجنب الشيطان مارزقتنا))بوخاري.

هەشتەم – زەماوەند بكرێت:

ئەو كاتە بووك دەگوێزرێتەوە، سووننەتە خواردن دروست بكرێت‌و خەڵكانی بۆ بانگ بكرێت، ئیمامی بوخاری دەڵێ: كە (عبدالرحمن) ژنی هێنا، پێغەمبەر ﷺ پێیگوت: ((أولم ولوبشاة)) واته: ئەگەر بە تەنها مەڕێكیش بێت زەماوەند بكە. بۆئەوە خەڵكی گوندەكە، یان شارەكە، یان گەڕەكەكە ئاگاداربن‌و زاوا تۆمەتبار نەكەن بە زیناو جۆرە حاڵەتێكەوە.

تێبینی:

لەكاتی گرێبەستەكەیشدا دەكریّ خواردن‌و هەر شتێك بۆ ئامادەبوان ساز بكرێت، ئێستا بۆتە باوو كراوەتە عادەت، لەكاتی گرێبەستەكە دا هەندیّ میوەو نوشابە دەدریّ بەئامادەبوان، ئەمەیش كارێكی باشە، بەڵام پێویستە هەموو كەس لەحەجم‌و قەبارەی خۆیدا بێت‌و زیادە ڕەوی تێدا نەكرێت.

نۆیەم – هەر كەسێك بانگكرا پێویستە وەڵام بداتەوەو بچێت بۆ زەماوەندەكە، ئەگینە گوناحبار دەبیّ، مەگەر (مونكەر)و كاری ناشەرعیی تێدا ببینیّ، ئەوكات پێویست دەكات نەچێت، مەگەر لەو كەسانە بێت كە ئەگەر بچێتە ئەویّ بە بۆنەی ئەوەوە زۆرێك لە (مونكەر)ەكە نەمێنیّ، ئەوسا ڕۆشتنەكەی باشترە.

ئەمانە هەندێك لەو شتانە بوون بوونیان پەسەندو(مستحب)ـە لە زەواجدا، هیوادارین بتوانین ڕیعایەتی كاروباری ئیسلامی بكەین لە زەماوەندو بۆنەكانی ترماندا، تا بەڵكو پیرۆز بین‌و خوایش لە خۆمان ڕازی بكەین.

حوكمى زەواجى كاتيى (مؤقت = متعة)

بنەماى دامەزراندنى ژنو مێرديى لە شەريعەتى ئيسلامدا، بە شێوەيەكى ئێجگارەكى و تۆكمەو مەحكەمە، واتە: نابێ كاتى بۆ ديارى بكرێو ماوەى بۆ دابنرێت، بۆيە هەموو مارەكردنێكى لەو جۆرانە، بەناڕەوا دانراوە، لەوانە:

(زەواج المتعة)، واتە: مارەكردنى ژنان لەسەر مارەيەكى تايبەتو بۆ كاتێكى دياريكراو (هەفتەيەك، مانگێك، ساڵێك...) تاد. ئەم نيكاحو مارەكردنە زاناكان بە كارێكى ناڕەواو حەرامى دادەنێن، ئەگەرچى (جعفر)يەكان ڕێيان پێداوەو بە حەڵاڵى دەزانن، (طوسي) مەزەب شيعيى دەڵێت: ((نكاح المتعة مباح في شريعة الإسلام). بەڵام غەيرى ئەوان، ڕەتى دەكەنەوەو دەڵێن: ((وأما نكاح المتعة فجميع فقهاء الأمصار على تحريمها)). (عەلى كوڕى ئەبوو تالب) دەڵێ: ((أن رسول الله ﷺ نهى عن نكاح المتعة، وعن لحوم الحمر الإنسية)) متفق عليه. بێگومان پێغەمبەر ﷺ لە زەمانى (خەيبەر)دا ڕێى لە (نيكاح المتعە) و خواردنى گوشتى كەرى ماڵيى گرت و قەدەغەى كردن.

جەعفەرى يەكانيش چەند بەڵگەيەكى خۆيانيان هەيەو زاناكانى (ئەهلى سوننەت)يەكە بە يەكيان ڕەتكردۆتەوە، ئێستا بە پێويستى نازانين بچينە ناوئەو هەراو كێشەوە، بەڵام بەكورتەيەك دەڵێين: بە كۆى دەنگى زانايانى ئەهلى سوننەت (نيكاح المتعە) حەرامەو دانامەزرێتو هەر كەسێكيش بيكات، دەبێ تۆێژينەوەى لەگەڵ بكرێتو بخرێتە ژێر (تەعزير)و لۆمەوە.. چونكە موتعە نەلە بەرژەوەندى پياودايە، نە لە بەرژەوەندى ژن دايە، سەرەڕاى ئەوەيش بۆ ماوەى چەند كاتژمێرێك ژنان كچێتى خۆيان لەدەست دەدەن، كە هەميشە كچێنى لاى عورفو لاى شەرع پەسەندترن، لەولايشەوە ژنان دەكرێنە كالآيەك و پياوان پێيان ڕادەبوێرن... بەڵكو بەرژەوەندى ژنان لەوەدايە كە بەهەتا هەتايى ببنە ژنى پياوێكى جوامێرو مەردكارو بەئەخلاق و خاوەن قييەمو هەموو مەبەستى لەزەتێكى چەند كاتى نەبێ لە جەستەى ئەودا، بەڵكو (نەسل)و خۆشەويستىو دلۆڤانى و بە هەتا هەتا پێكەوە ژيانو ماڵداريىو دڵدەدانى منداڵان بەدرێژايى تەمەنيانو بەدايكبوونى ژنەكەيە.

من وادەزانم موتعە پێچەوانەى دروستكردنى خانەو لانەيە، چونكە ژنێك ئەگەر ژيانى خۆى بەوە بباتە سەر كە هەر چەند ڕۆژێك يان چەند كاتژمێرێك يان چەند مانگێك لەباوەش پياوێكدا بێ، تاتەمەنى هەيە نابێتە خاوەن ماڵو حاڵى خۆيىو كەپيريش بوو، نازانێ لە كوێ شەو بەو ڕۆژ بكاتەوە، نازانێ چۆن بژى، لەوانەيشە لەو ئاخرو ئۆخرى تەمەنيەوە موتعەچييەكان بەدوايدا نەگەڕێن.. ئەمە حاڵى ژنەكانە، خۆ بێگومان حاڵى پياوە موتعەچى يەكانيش لە حاڵى

ئـەوان باشـتر نـابىٚ... پێغەمبـەر ﷺ كـە مۆڵـەتى دا بـە هـاوەڵان، لـە حاڵـەتێكى نائاسـاييدا بـوو و بەشاخ و كێوو دەشت و دەرەوە بوون، خەريكى جيهادو سەرخستنى دينى خودا بوون، بە چەند مانگ دەستيان نەدەگەيشتە ژنەكانيان، پێغەمبەريش ﷺ كە رێگەيدان بە شێوەيەكى كاتيى و تا گەڕانـەوە بـۆلاى مـاڵ و حـاڵى خۆيـان. بـەلاَم بـۆ دوايـى كـە ئـەو هۆكارانـە نـەمان و ئيـسراحەت گەڕايـەوەو ئـەمن و ئاسايـشى ولاَت زۆر بـوو و هـاوەڵان ئەوەنـد سـەرقاڵ نـەبوون بـەجيهادەوە، موتعەى هەڵوەشانەوە، وەكو لە فەرموودەكاندا بە ڕاشكاوى باسكراوە.

ئەوكەسانەيش كە موتعە بە چارەسـەرێكى بـاش دادەنـێن بـۆ كـوڕان و كـچانى گـەنج و لاو! پێيان دەڵێين: چارەسـەرى ئـەو مەسـەلەى لاوانـە بـەوە ناكرێت، بـەڵكو بـەوە دەبـىٚ كـە ئـەوەى دەوڵەت سەرفى دەكات بۆ گۆرانى بێژان و سـەما كـەران و سـووڕدەران و شوێنە گەشتيارەكان، دەيـەكى ئـەوە خـەرج بكـات بـۆ ئاسـانكارى بۆيەكگەيـشتنى كـچان و كـوڕان و، هـەوڵ بـدات مەنهەجى ئيسلام لە كۆمەڵگەكەيدا پيادە بكات، تا ماناى ئەخلاق و قييـەم و عيففـەت و فەزيلـە بگەڕێتەوە ناو كۆمەڵگە.

سەرپەرستيارى (زەواج). (الولي في الزواج)

لە فيقهى ئيسلاميدا ئەو كەسە سەرپەرشتى نيكاحەكە دەكاو دەتوانىٚ گرێبەستەكە بكا، دەبىٚ ئەم مەرجانەى تێدا بێت:

١- ژيرو فاميدە بێت:

ئەم مەرجە لەبەرژەوەندى مارەكراوەكەيە، يان مارە بۆ كراوەكەيـە.. بـۆ ئەوەيـە بزانـىٚ ئـەو گرێبەسـتە چ قازانج و بەرژەوەندييـەكى (مولى عليـه)يەكـەى تێدايـە، لەبەرئەمەيـە كـە منـداڵى شێت و پيرى خەڵەفاو و ئەقڵ تێكچوو، بۆيان نييە گرێبەست ئەنجام بدەن.

٢- باڵغ و پێگەشتوو بێت:

مـەرجى بـاڵغيش بـۆ كـامڵبوونى ئـەقڵى ئـەو ئينـسانەيە كـە دەيـەوىٚ ژنێك مـارە بكـات بـۆ كوڕەكەى، يان كچەكەى لەيەكێك مارە بكات، بۆيە منداڵ و شێت ناتوانن سەرپەرستى ئەو كارەيە بكەن، ئەگەرچى ئيمام (ئەحمەد) دەڵێت: (إذا بلغ الصبي عشر سنين، جاز لـه الـزواج والتـزوج والطـلاق). بـەلاَم لەگـەڵ ئەوەيـشدا باڵغبوونيـان بەمـەرج گرتـووە.. ديـسان ئەمـەيش لەبەرژەوەندى كچ و كوڕەكەيە و، بۆ باشتر تۆكمە بوونى گرێبەستەكەيە.

٣- دين و ديندارييان يەك بێت:

بۆيە ئەگەر كچەكە، يان كوڕەكە موسڵمان بوون، بەلاَم باوكەكەيان كـافرو خوانـەناس بـوو،

ناتوانێ دەخالەت لە گرێبەستەكەياندا بكات، ئەمەيە كە زاناكان بە گشتيى دەڵێن: ((فلا ولاية لكافر على مسلم أو مسلمة)). (إبن المنذر) ئەم ئايەتە دێنێتەوە كە دەفەرمووێ: ﴿ولن يجعل الله للكافرين على المؤمنين سبيلا﴾ يان ئەم فەرموودە كە دەڵێت: ((الإسلام يعلو ولا يعلى عليه)). خۆ ئەگەر هەردوو واتە: (باوكوكچ، يان باوكو كوڕ) غەيرە دين بوون دەتوانن سەرپەرشتى كاروبارى يەكتر بكەن، بۆ نموونە: هەردوو كافر بوون، يان يەكێ يەهووديى، يەكێ نەصرانيى، دەتوانن دەست بخەنە كارى يەكترەوە، بەبەڵگەى: ﴿والذين كفروا بعضهم أولياء بعض﴾. هەروەها كەسێكى پاشگەزبووە لە ئيسلام ناتوانێ دەست بخاتە كاروبارى منداڵەكانيەوە، تەنانەتى ئەگەر ئەوانيش (مورتەد) بن، هەر ناتوانێو (ويلايەت)ى نامێنێ بەسەريانەوە.

٤- دادگەرو خاوەن عەدالەت بێت:

بەڵێ ئەو (وەلى)يە كە بۆى هەيە دەست بخاتە كاروبارى منداڵەكانيەوە، دەبێ (عادلو دادپەروەر بێت) لەم ڕووەوەيە كە شافيعيەكان دەڵێن: ((لا ولاية لفاسق)) بەبەڵگەى فەرموودەى: ((لا نكاح إلا بولى مرشد)). واتە: بە (وەلى عادل)نەبێ نيكاح نابێت.

حەنبەليەكان: دوو قسەيان هەيە، يەكێكيان عەدالەت مەرجە لە (وەلى)يدا، ئەويديكەيان دەڵێ: مەرج نييە، بەڵام يەكەميان هەڵبژێردراوەو كراوەتە مەزەبو پێڕەويان.

حەنەفيەكان: دەڵێن: عەدالەت مەرج نييە لە (وەلى)يدا، بۆيە بەلاى ئەوانەوە (فاسق) دەتوانێ دەخالەت بكات لە كاروبارى منداڵەكانيداو كچ بەشوو بداو، ژن مارە بكات بۆ كوڕى، ئەگەرچى نابالغيش بن.. بۆ ئەم بۆچوونەشيان بەڵگەيان هێناوەتەوە لێرە ناكرێ درێژەى بدەينێ.

٥- نێرينە بێت:

بەلاى جەماوەرى فوقەهاكانەوە دەبێ (وەلى) نێرينە بێت، چونكە ژن ناتوانێ خۆى مارە بكات، چ جاى ئەوە بچێت غەيرى خۆى مارە بكات، شافيعيەكان ئەم فەرموودەيان كردۆتە بەڵگە كە دەفەرمووێ: ((لا تزوج المرأة المرأة، ولا المرأة نفسها))ئيبن ماجە.

ئيمام (ئەبوو حەنيفە) دەڵێ (ويلايەت) لەبەشووداندا، بۆ (ئولوالأرحام)يش دەبێ، بەمەرجى (عەصەبە) نەبێ. كەوابوو دايك، خوشك، پوورى دايكيى، دەتوانن كچان مارە بكەن، ئەگەر ميرات لەيەك بەرنو عەصەبەى نێرينە نەبێ.

ئەرکی سەرپەرستیاری ژنان

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((إذا خطب إليكم من ترضون دينه وخلقه فزوجوه، إلا تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد عريض))ترمذی ڕیوایەتی دەکات. واتە: هەرکات کەسێکی بەدین و بەئەخلاق هاتە پێش بۆ کچەکەتان، ئێوە لێ مارە بکەن،ئەگەرنا، خراپەو فەسادیکی گەورە بە زەویدا سەر هەڵدەداو، ئەو کات زۆربەی پیاوان بێ ژن و، زۆربەی ژنان بێ پیاو دەمێننەوەو، فیتنەو خراپە پەرەدەسێنێ و هەموو شوێنێ دەگرێتەوە. دەبینی زۆر کەس پیاوی دیندار، یان ژنی دیندار هەڵنابژێرێت.. کەچی بۆ دوایی ژیانیان پڕ دەبێ لە چەلەحانێ و شەڕە دەم.. مەسەلەی دۆزینەوەی پیاوی بەدین بۆ کچان، ئەوەند گرنگە، پیاوە صالحەکان بۆ خۆیان گەڕاون بەدوای پیاوێکی باشداو، پاشانیش گوتویانە، وەرە ئەو کچەمت لێ مارە بکەم !

ئیمای بوخاری دەگێڕێتەوە لە (عبدالله بن عمر)ـەوە کە کاتێ (خاتوو حەفصە) بێوەژن دەکەوێت، (عومەر – خ) گوتی: چوومە لای (عثمان بن عفان)و حەفصەم خستە بەرچاوی کە مارەی بکات! لەوەڵامدا گوتی: با بیرێکی لێ بکەمەوە! پاشان دوای چەند شەوێك پێیگەیشتمەوە گوتی: وا چاکە بۆم ئەمڕۆ ژن نەهێنم، عومەر دەڵێت: بە (ئەبوو بەکری صدیق) گەیشتم و حەفصەم خستە بەرچاوی مارەی بکات، پاشان ئەبووبەکر بێدەنگ بوو هیچ وەڵامێکی نەدامەوە! ئیتر دڵم لە هەردووکیان نیگەران بوو.. ئینجا پاش ماوەیەك پێغەمبەر ﷺ خواستی و لێم مارە کرد.. بۆ دوایی (ئەبووبەکر –خ) بە عومەری گوت: لەبەر ئەوەبوو من وڵامم نەدایتەوە، چونکم بیستبووم کە پێغەمبەر ﷺ باسی کردووە، منیش حەزم نەکرد ئەو نهێنیەی پێغەمبەرە ﷺ بڵاوبکەمەوە، دڵنیا بە ئەگەر ئەوە نەبووایە قەبووڵم دەکرد.

بەڵێ هەروەکو (وەلی) لەسەریەتی پیاوێکی دیندارو بە ئەخلاق بدۆزێتەوە بۆ کچەکەی، بێگومان لەسەریشیەتی بە پیاوێکی سەروسیما جوانی بدات، وەکو لە (عومەری کوڕی خەتتاب – خ) دەگێڕنەوەو گوتوویەتی: (لا تنكحوا المرأة الرجل القبيح الذميم، فإنهن يحببن لأنفسهن ما تحبون لأنفسكم). أحكام النساء لابن الجوزي. ژنان لە پیاوی ناشیرین و سەروسیما تاڵ مارە مەکەن، چونکە هەر چۆنێك ئێوە حەزتان لە جوان و قەشەنگە،ئەوانیش حەزیان لە پیاوی شۆخ و شەنگە. ئەم جوانیشە مانای ئەوە نییە وەك ژنان نەرم و ناسك و سپیکەلە بێت، بەڵکو ئەوەند پێویستە کە سەرو سیمای لا قەبووڵ بێت.

* هەوڵ بدات لە کەسێکی مارە بکات لە ساڵ و تەمەندا نزیکبن، واتە کچێکی لاوی تازە پێگەیشتوو، مارە نەکات لە پیاوێکی پیرو بەتەمەن، چونکە نەگوونجانیان نزیکترە، تا

پێکـەوە ژیانیـان، جگـە لـەوەیش لەوانەیـە ئـەو پیـاوە پـیرە توانـای ڕازی کردنـی ئـەو کـچەی نەمابێت، ئەوکات دوور نییە کچەکە تووشی کاری بیٚ شەرعیی ببێت.

ئیبن جەوزی چەند جوان دەڵێت: (إياك أن تزوج البنت بشيخ أو شخص مكروه، فربما حملها ذلك على مالا ينبغي) أحكام النسا.. واتە: تکات لـیٚ دەکەم کچ لە پیاوی پیر مارە مەکە، گەلیٚ جار تووشی کاری ناهەموارو ناڕەوای دەکات.

لە کتێبی (كشاف القناع)ی (حەنبەلیە) کاندا هاتووە: (ومن التغفيل أن يتزوج الشيخ الصبية) یان هاتووە دەڵیٚ: (ومن التغفيل تزويج شيخ بصبية). واتە: کچۆڵە مارەکردن لە پیاوی پیر، یان بەشوودانی لە پیاوی پیر، خۆ گێل کردنە لە ئەنجامەکەی.

نەهامەتییەکانی مارە کردنی کچی لاو لە پیاوی پیر گەلیٚ زۆرن، لەوانە: کچەکە بە پێی سروشت حەزی لەیاریی و دەستبازیو ئەم دیوو ئەو دیو کردنە، لەوانەیە کچەکە تا بەرەبەیان ماندو نەبیٚو چاوەکانی نزیکی خەو نەبنەوە... تاد. بەڵام پیاوەکە دەکریٚ لەوانە نیشتبێتەوەو هەر ئێوارەیەکی زوو خەو بیباتەوە.. و.. و...، سەرەڕای ئەوانەیش – بەپێی تەمەنو مردن – ئەو کچۆڵە پاش چەند ساڵێکی تر بێوەژن دەکەویٚو تووشی گیروگرفتێکی زۆر دەبیٚ، هەر لە مەسەلەی خۆیەوە تا ژیانی، تا بەخێوکردنی منداڵی وردی...

جا لەبەرئەوە (بەندە)یش تکا دەکەم با ئەوەند کاری نابەجیٚو ناهەموار بەرامبەر بە کۆمەڵگە نەکەین بە ناوی ئیسلامەوەو، ئیسلام لای خەڵکی نویٚو تازە پێگەیشتوو بێزراو نەکەین، بەتایبەتی لای خوشکانی بەڕێز. هەقە مامۆستایانی بەڕێزیش هەرگیز ڕیٚ بەو جۆرە مارە کردنانە نەدەنو، سوڵتەیش وریا بکرێتەوە لیٚی.

ئەگەر لە ڕابردوویشدا – لەبەر هەر بەژەوندیەك – جاریٚ یان چەند جارێك کرا بێت، نابیٚ ئیتر تا قیامەت ئەوە بکرێتە بیانوو ڕەخنە لە ڕابردوو، چونکە نەپیاوان و ژنانی ئەمڕۆ وەك ژنانو پیاوانی ئەو سەردەمەن، نە زەمانو مەکانی ئەمڕۆش وەکو سەردەمی ڕابردووە.

کچو کوڕ هەر پێگەیشتن بەیەکیان بگەیەنن

لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿وأنكحوا الأيامى منكم والصالحين من عبادكم وإمائكم، إن يكونوا فقراء يغنيهم الله من فضله والله واسع عليم﴾سوورەتی نوور\٣٢. واتە:مێیینەی بیٚ مێردتان بە شوو بدەن، وە نێرینەی بیٚ ژنتان ژنی بۆ ساز بکەن،عەبدو کەنیزی هیژاشتان هەروا، ئەگەر هەژاریش بن خودا بە دلۆڤانی خۆی هەموولا بیٚ نیاز دەکات.

لە فەرموودەکاندا زۆر هاتووە داوا دەکات کە بە زوویی کچان بە شوو بدرێنو کوڕان

ژنيـان بـۆ بهێنرێـت، ئەمـەيش بـۆ پاراسـتنى خۆيـانو كۆمەڵگەيـە لـەكارى دزێـوو فاحيـشه، لەوانه:

* ((إذا جاءكم مـن ترضـون دينـه وخلقـه فانكحوه، إلا تفعلوا تكـن فتنـة في الأرض وفساد عريض)).

كـەوابوو دواخـستنى كـچانو كـوڕان لـە كـاتى بەيەكگەيانـدنى خۆيـان، گـەلێ خراپـە، وە چەندين خراپەكاريى و فيتنەى دينو دنياى لىٚ دەوەشێتەوە، وەكو بە ئاشكرا دەبينرێ.

* پێغەمبەر ﷺ به (على كوڕى ئەبوو تالب)ى فەرموو: ((يا على! ثلاث لا تؤخرها: الـصلاة إذا أتت، والجنازة إذا حضرت، والأيم إذا وجدت لها كفوا))ئيمامى ترمذى. واتـه: سـێ شـتى گرنگ هەن، دەبێ دوايان نەخەن ئەى عەلى! نوێژ هەركاتى هـات، مردوو هـەركات ئامادەبوو، ژنى بێ مێرد، هەركات هاوكوفت بۆ دۆزيەوە.

خستنە پاڵ يەكى ئەو سێ شتە، مانـاى گرنگيدانـە بـە مەسـەلەى (زەواج)، ژنـى بـێ مێـرد، پياوى بێ ژن، هەركات شـياوو گونجاويـان بـۆ دەسـكەوت، نـابێ پـشتگوێ بخـرێن، هـەر چۆن نوێژ دوا ناخرێت ! يان جەنازە نابێ دوا بخرێت لە ناشتن..

دواكەوتنى كوڕانو كچان لە بەيەكگەيشتن دەكەوێتە ئەستۆى (وەلى)يەكانيان

بەڵێ.. هەركات هۆكارى شەرعيى نەبوو بۆ دواخـستنى بەشـوودانى ژنـانى بـێ مێـردو، ژن هێنان بۆ پياوانى بێ ژن، باوكو براو هەر كەسێكى تر دەستى تێدا هەبێت، گوناحبـار دەبـن، وە ئەو كچو كوڕە چەندە تاوان بكەن، ئەوەنـد (ولـى)ـەكەيان گونـاحى دەگـات، بەمـەرجێ ئـەو هۆكار بێت بۆ دواخستنيان.

دەبێ كێ بەرپرس بێت لەمانەوەى ئەو هەموو كچانەدا لەماڵى بابياندا كە دەكرێ لـەملاو لەولاوە داوا كارێكى زۆريان هاتبێو رێيان لێگرتبن..؟ بـەو بيـانووەوە: خـانووى نييـەو، يـان سەيارەى نييە، يان شەهادەى زانكۆى نييە... يان فلاَن شتى نييە.. تاد.دەبينـى لـە ئـەنجامى ئەوەوە ئێستا گەشتوونەتە تەمـەنى بـە عـەرەبى (عـەنووس)ـە، بـە كورديش (قـەيرە كـچ)، نـە ئەوانەى پێشوو دەگەڕێنەوە داوايان بكەن، نە كوڕو كاڵى تـازە پێگەيـشتوويش دەچـنە پـێش بۆيــان، ئــەوانيش بــە ژيــانێكى پــڕ لــە ناســۆرو خــەمو خەفــەتو كەســەرەوە، بەناچــارى بۆيدانيشتوون وچاوەڕوانى مردن دەكەن، تا بەڵكو ڕزگاريان ببێ لە خت وبۆڵـەى بـراو براژن وباوك وباوەژن و..تاد، ئيتر خۆ دووريش نييە هەريەكەيان گرفتێكى كۆمەڵايەتيشى بۆ پـێش هـاتبێ: بێكەسـى و لێنەپرسـينەوەى كـەس لێـى، بـراو براژنێكـى خـراپو دژوار... يـان بـابو

بابەژنێکی نەگریس.. یان.. یان..

گەلێك لە کچان بە دەستهێنانی شەهادەی زانکۆو بالآتر دوایان دەخاو بەرەنجام لە خۆشەویستی مێردو، دلۆڤانی دایکایەتی بێ بەش دەبن‌و بۆ خۆیان پیر دەبن‌و لەگەڵ ژیان دەکەونە جەنگ ! گەلێکیان دەبنە دکتۆرەو ئەندازیارو مامۆستاو وەزیرو بەڕێوەبەر لە جێگایەکداو دەبنە خاوەنی خانوو و سەیارەو پارەو ئیمکانیاتێکی زۆرو لە تەلارێکدا بەماندوویی دەژیی‌و ئەوەی شکی ببات ئەو شۆفێرەیە سەیارەکەی بۆلێدەخوڕێ – سەرەڕای ئەوە نامەحرەمیشە پێی – دەکرێ گەلێ لاساریشی لەگەڵ بکات.. یان لەوانەیە – وەکو دەرەوەی وڵات – پشیلەیەك یان سەگێکی ڕاگرتبێ‌و لە ژوورەکەی خۆیدا بیخەوێنێ.. وهیچ هیوایەکی بە مێرد کردن نەماوەو لەو هەموو ماناو مەبەستانە – لە زەواج دا هەیە – خۆی بێ بەشکردووە.. بێگومان هۆکاری ئەو هەموو هەڵانە، لادانە لە (فیطرەت)ی یاسای خودای گەورە کە دایناوە بۆ ئەم دوو ڕەگەزە لەم بوونەوەرەدا کاری پێ بکەن تا بەختەوەربن، ئەگینە سەرلێشێواوی دنیاو قیامەت دەبن.

(عومەری کوڕی خەتتاب) (خودای لێ ڕازی بێت) چەند جوان دەفەرمووێت: ((زوجوا أولادكم إذا بلغوا، لا تحملوا آثامهم)) أحكام النساء لابن الجوزی. واتە: منداڵەکانتان – کچ بن یان کوڕ – هەرکە پێگەیشتن کچەکان بە مێرد بدەن‌و، کوڕەکانیش ژنیان بۆ بێنن، ئیتر ئێوە گوناحەکانیان هەڵمەگرن.. بەدواخستنیان لە (زەواج)و بەرەنجام تووشی گوناحیان بکەن.

بۆیە ئەگەر پیاوێکی دیندارو بە ئەخلاق، هاتە پێش و داوای کچێك بکەن‌و باوك‌و کەس‌و کارەکەی نەیدەن‌و ڕێی لێبگرن، دەسەڵاتەکەی لێدەسێنرێتەوە.

بەشوودانی کچی نابالغ‌و مارەکردنی ژن بۆ کوڕی غەیرە بالغ

لەم مەسەلەیەدا زاناکان بوونەتە سێ دەستەوە:

یەکەم – (ئیبن شبرمە) و (أبوبکر بن الأصم) بۆئەوە چوون کە هیچ کەسێك ناتوانێ نە کچی غەیرە بالغ مارە بکات، نە ژنیش بۆ کوڕی نابالغ مارە بکات، چونکە هیچ پێویستییەکیان بە (زەواج) نییە، واتە: نەهێزی سێکسیی و نە مەسەلەی (نەسل) – کە دوو هۆکاری سەرەکین بۆ زەواج – ئێستا لەواندا نییە، کەوابوو دەبێ حیکمەت‌و فەلسەفەی ئەو زەواجە چی بێت ؟. ئەو دوو زانا بەڕێزە دەڵێن: نابێ نیکاحی خاتوو (عایشە) لە پێغەمبەر ﷺ بە منداڵیی بکرێتە چاولێکەری وبیانوو، چونکە ئەوە تەنها بۆ ئەو دەبێ‌و لە (خصائص) وتایبەتمەندی ئەوە.

دووەم – (ئیبن حەزم) دەڵێ: باوك دەتوانێ كچی نابالغی خۆی مارە بكاو دواییش كچەكە بۆی نیە ڕەخنە بگرێ، كاتێ بالغ بوو، بەڵام كچی بچووكی نابالغی بێ باوك، تا بالغ نەبێ، كەسێك بۆی نییە مارەی بكات، ئەگەرچی زەروورەتیش بێت.

سێیەم – كە بەڕای جەماوەری زانایان دانراوە، دەڵێت: هەم كچی نابالغ بە شوو دەدرێت، هەم كوڕی غەیرە بالغیش ژنی بۆ مارە دەكرێت.

هەندێ بەڵگەش بۆ پشتگیری لە ڕاوبۆچوونەكەیان دەهێنن، بە پێویستی نازانم – بۆ ئەمڕۆ – بیانهێنم، شیاوی باسە بەڕێز (عبدالكریم زەیدان)یش ئەم ڕایە پەسەند دەكاو دەڵێ: بێ شك باوك هەرگیز خەیانەت لە منداڵی خۆی ناكات، هەڵسێ بێ هیچ بەرژەوەندییەك مارەی بكات، یان ژنی بۆ مارە بكات، دەشڵێت لەوانەیە ئەمڕۆ هەندێ صیفەت ڕەچاو بكرێت، كە ئەگەر گەورە بن، ئەوصیفەتانەی لەدەست دەرچێت بۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەڵێت: هەتا بەڕوونی بەرژەوەندییەك لە پێش چاو نەبێ، هەق نییە ئەو كارە بكات، سەرەڕای ئەوەیش ئەوانە لەو كاتەدا هیچ ماف و ئەركێكی ژن و مێردی نازانن، بۆیە شافیعی/خ هەرگیز ڕێ نادات كچۆڵەیەكی بەفامی نابالغ بەشوو بدرێت تا بالغ دەبێ و ڕەزامەندی وەردەگرێت.

بەندەش – بەپێی عەدالەت و دادگەری و دادپەروەریی و ئازادی مرۆڤ و مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا – دەڵێم: ئەوەی لەو سێ ڕاو بۆچوونەی سەرەوە، لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا بگونجێت، ڕاوبۆچوونی یەكەمە كەدەڵێ: هیچ كەسێك ناتوانێ كچی غەیرە بالغ بەمێرد بدات، یان ژن لە كوڕی نابالغ مارە بكات.. ڕاستە ئەوەی خاتوو (عایشە) لە (خصائص)ی پێغەمبەرەو ئەو تێكەڵبوونە لەگەڵ (ئەبووبەكردا/خ) بۆ تۆكمە كردنی ئیسلام و بانگەوازەكەی ئیسلام – بەهۆی ئەبووبەكرەوە – زەروورەت و پێویست بوو و، پڕ بوو لەبەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان، بەڵام ئێستا عەدالەت زۆر كەم بۆتەوەو، باوكان ئەوەند بەرژەوەندی خۆیان ڕەچاو دەكەن، ئەوەند هی كچەكانیان رەچاو ناكەن... جا لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم ڕێی لێ بگیردرێ و هەرگیز شتی وانەكرێت، ئەگەر كرایش كچەكە سەرپشك بكرێت: حەز دەكات بە هاوسەرێتی لەگەڵیا بژی، یان حەز بەجیابوونەوە دەكات ؟.

بەمێرد دانی كچی ژیرو بالغ

یەكەم – ئەمانە نیشانەی بالغ بوونن ؟

أ–كەوتنە بێ نوێژی.. واتە: بەبێ نەخۆشیی خوێن لەوجێگەی خۆیەوە بێتە دەر، چونكە هەرگیز ئەو خوێنە نابینن تا بالغ نەبن، كەوابوو ئەو خوێنە دەبێتە نیشانەی بالغبوون.

ب-دەرچوونی (مەنی) لە زەکەری کوڕانەوەو لە پێشی کچانەوە، لەخەودا، یان لە حاڵەتی بەخەبەربوون.. شتی وا کە دەبێتە نیشانەی باڵغبوون، لەناو زاناکاندا بێ کێشەیەو هەموو یەکدەنگن لەسەری.

ج-سکبوون.. سکبوونی ژنان دەبێتە نیشانەی باڵغبوون، چونکە بەڵگەی دەرچوونی (مەنی)یە، خۆ دیارە منداڵ لە (مەنی) ژن‌و پیاو پەیدا دەبێ.

د-سەبارەت بە ڕوانی ((موو)) لەدەوروبەری زەکەری نێرینەو پێشی کچانەوە.. گەلێ ڕاوبۆچوونی تێدایە: کە ئاخۆ ڕوانی ((موو)) دەبێتە نیشانەی باڵغبوون، یا نابێت ؟ لە کتێبە فیقهییەکاندا باسکراوە.

ه-ئەگەر شتێك لەو چوار نیشانە لە کچان‌و کوڕاندا دەست نەکەوت، ئینجا بەساڵ دەگەڕێین بۆ باڵغبوون، بۆئەمەیش (حەنەفیەکان) دەڵێن: کوڕان دەبێ بگەنە (١٩)ساڵ، کچانیش (١٧)ساڵ. بەڵام (ئەبوو یووسف) و (محمد)ی فەقێیانی ئیمام ئەبووحەنیفە دەڵێن: کچ‌و کوڕ بگەنە (١٥)ساڵ، مانای باڵغبوونە.

(حەنبەلی) و (شافعی)یەکانیش (١٥) ساڵ دەکەنە نیشانەی باڵغبوون بۆ هەردووکیان، ئەگەرچی قسەیەکی تری (حەنبەلی)یەکان دەڵێت: کچ لە (٩)ساڵەدا بەباڵغ دادەنرێت. (مالکیەکان) (١٨)ساڵ بڕیار دەدەن. جەعفەریش: بۆ کوڕ (١٥)ساڵ، بۆ کچیش (٩)ساڵ، شیاوی باسە هەریەك لەم چوار ڕاوبۆچوونانە بەڵگەو دەلیلی خۆیانیان هەیەو لەشوێنی خۆیدا باسیان کردووە.

شەرعزان‌و یاساناسەکان دەتوانن کۆببنەوە — لەهەر وڵاتێکدا بن — هەرکام لەو بۆچوونانە گونجاوە بۆیان هەڵیبژێرن و کاری پێ بکەن لە دادگاو ناوچەکانیاندا، چونکە مەسەلەی باڵغبوون‌و باڵغنەبوون، لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دی دەگۆڕێ...

کچ بەوانە دەڵێن: کە پەردەی کچێنی (غشاء البكارة)یان بەهۆی چوونە لای شەرعییەوە لانەچووبێت.. کەوابوو ئەوانەی پەردەی کچێنیان بەهۆی بازبردنەوە، یان بە هۆی تیژی خوێنی (حەیز)ەوە، یان بەهۆی زۆرمانەوەو قەیرەبوونیانەوە، یان لەبەر زاییەکەوە دەکەونە خوارەوە، یان لێیان دەدرێت، یان بە پەنجە، یان بەهەر هۆکارێکی ترەوە — ئەگەر بە (زینا)یش بێت — نامێنێت، یان بەبێ پەردەی کچێنی لەدایك بوونە، لەناو زانایاندا ئەمانە هەر بە کچ دادەنرێن‌و مامەڵەی کچیان لەگەڵ دەکرێت.

بەشوودانی كچ وبێوەژنی باڵغ و ژیر

حەنەفییەكان دەڵێن: سەرپەرستیاری ئافرەت – باوك بێت یان نا – بۆی نییە زۆر لە هیچ كچێكی باڵغی ئاقڵ بكات بۆ شووكردن، چونكە تا منداڵ و نەفامبوو دەیتوانی دەخالەت بكات لە بەشوودانیا، بەڵام كە گەورە بوو فامیكردۆتەوەو، بۆ خۆی سەرپەرستیاری كاری خۆی دەكاو كەسێك بۆی نییە بە زۆر بەشووی بدات. كەوابوو لە حاڵەتی ئاوایشدا دەتوانێ سەرووكاری خۆی بكاو، بچێت بۆ خۆی مێرد بكات بێ ئیزن و مۆڵەتی (وەلی)، ئیتر مێرد هاوكووف بێت یان هاوكووف نەبێ، بە (مهر المثل) بێت یانا، چونكە دەسەڵاتی تەواوی هەیە كە بۆ خۆی بڕیاری ئایندەی خۆی بدات.. بەڵام ئەوەند هەیە ئەگەر مێردەكەی هاوكووف نەبوو، یان مارەیەكەی شایەنی خۆی نەبوو، (وەلی)یەكەی دەتوانێ ڕەخنە بگرێ و سكاڵا نامە بداتە دادوەرو داوای هەڵوەشانەوەی نیكاحەكەی بكات.

جابۆ دەسەڵاتداریێتی كچی باڵغ و ئاقڵ، حەنەفیەكان بەڵگە گەلێك دێننەوە، لەوانە:

یەكەم – ئایەتی: ﴿فإن طلقها فلا تحل له من بعد حتى تنكح زوجا غيره..﴾.(سوورەتی: البقرة: ٢٣٠).

دووەم – ئیبن عەباس / خ دەڵێت: كچێك هاتە لای پێغەمبەر – صلى الله عليه وآله وسلم – گوتی: باوكم بەزۆر بە مێردی داوم! پێغەمبەریش ﷺ سەرپشكی كرد: كەدەتوانێ لای مێردەكەی بمێنێتەوە، یان نیكاحەكە هەڵوەشێنێتەوە؟.

كچی باڵغی ئاقڵ، ئەگەرچی دەسەڵاتی خۆ مارەكردنی هەبێ، بەڵام وا پەسەندو (مستحب)ە كە نیكاحەكەی بداتە دەستی (وەلی)ەكەی و ئەو مارەی بكات لە مێردەكەی.

ئەگەر كەسێكیش هات داوای ئەو كچەی كرد لە (وەلی)یەكەی، دەبێ (وەلی)یەكەی مۆڵەت وەرگرێت و بزانێ ئاخۆ ئەو كچە ڕازیە بەو كەسە داوای دەكات؟. جا ئەگەر وەلی بێ ئیزن وەرگرتن، مارەیكرد لە كابرایەك، پاشان بە كچەكەی ڕاگەیاند، كچەكە دەتوانێ هەڵیوەشێنێتەوە، دەشتوانێ قبوڵی بكات.

شافیعیەكان دەڵێن: ژنان بە هیچ شێوەیەك ناتوانن سەرپەرستی نیكاح بكەن، واتە: نە دەتوانن خۆیان مارە بكەن بۆ ئەوەی دەیانەوێت، نە دەشتوانن گرێبەست بۆ ژنێكی دی بكەن، تەنانەتی بە شێوازی بریكاریش هەر ناكرێت. بۆ ئەمەیش چەندین بەڵگە دێننەوە، لەوانە: ئەم ئایەتە كە دەفەرمووێ: ﴿فلا تعضلوهن أن ينكحن أزواجهن..﴾ واتە: ئەی (ئەولیا)ی ژنان! ئەو ژنانە تەڵاق دەدرێن و پاشان دەیانەوێ لەگەڵ مێردەكانیان ڕێك ببنەوە، ئێوە ڕێیان لێمەگرن.. كەوابوو بە پێی ئەم ئایەتە (وەلی) بۆ نیكاحی ژنان پێویستە، ئەگینە

ڕێگرتنەکە یان چ دەورێك دەبینێ..؟. پێغەمبەریش ﷺ دەفەرمووێ: ((لا نكاح إلا بولى)).. یان دەفەرمووێ: ((أيما امرأة أنكحت نفسها بغير إذن وليّها فنطاحها باطل، فنكاحها باطل)). سەرەڕای ئەمانەیش عورف وایکردووە – لەبەر ئەدەب و شەرمی ژنان – دەخالەت لە گرێبەستدا نەکەن.. مەگەر زۆر ناچارو پێویست بێت، بۆ نموونە: ژنێك حەزی لە مێردە، نەباب و کەس و کاری هەیە، نەدادوەریش هەیە گرێبەستەکەی بۆ بکات. لەو حاڵەتەدا دەتوانێ زانایەکی (موجتەهید) یان پیاوێکی عادل بکاتە (حەکەم) مارەی بکات لەو پیاوە حەزی لێ دەکات: ((لو عدم الولي والحاكم فولت مع خاطبها أمرها رجلا مجتهدا ليزوجها منه صح، لأنه محكم والمحكم كالحاكم وكذا لو ولت خاطبهاعدلا ليزوجها منه صح على المختار، وإن لم يكن مجتهدا لشدة الحاجة إلى ذلك)) نهاية المحتاج/ج ٦ ص ٢١٩-٢٢٠، مغنى المحتاج – ج٣ /١٤٧.

بۆ دەسەڵاتی (ولی) بەسەر ژنانەوە، شافیعیی – خ ئەم چەند مەرجەی داناوە، ئەگینە نیکاحەکە دانامەزرێ:

١- أن لا يكون بينه وبينها عداوة ظاهرة / نابێ کچەکەو وەلیەکەی دژو نەیاربن بەیەك.

٢- أن يزوجها من كفوء /دەبێ لە هاوکووف و هاوشانی خۆی مارەی بکات.

٣- أن يزوجها بمهر مثلها وبنقد البلد/دەبێ وەك ژنێکی هاوشانی خۆی مارەیی بۆدابنرێت وبە پارەی ئەو وڵاتەش بێت.

٤-أن لايكن الزوج معسرا بالمهر/ دەبێ مێرد بە مارەییی نەدارا نەبێت.

٥- أن لا يزوجها بمن تتضرر بمعاشرته../ دەبێ لە کەسێکی مارە نەکات،بە ژیان لەگەڵیا زەرەر مەند ببێت.. بۆ نموونە: مارەی بکات لە پیاوێکی پیرو بەتەمەن، یان لە نەخۆشێکی وا، ژنان ناتوانن لەگەڵیا بژین، یان هێزی سێکسیی لاوازبێ ونەتوانێ ژنەکە ڕازی بکات، یان ڕووتاڵ و ئەشقیی و ئازارو بێزاری ژنان زۆر بدات.. یان..یان..

تێبینی:

جگە لە باوك و باپیرە هیچ کەسێکی دی بۆی نییە کچی باڵغی ئاقڵ بێ ڕەزامەندی کچەکە بەمێرد بدات خۆ ئەگەر کردی ئەو کچە دەتوانێ ڕایگرێ و کاری پێ نەکات، (عبد الله بن عمر) کچە خاڵێکی خۆی (عثمان بن مظعون) مارە کرد، پاشان دایکەکەی چووەلای پێغەمبەر – صلى الله عليه وآله وسلم – گوتی: کچەکەم حەزی لێناکات! پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی بە (عبدالله) دا دەستی لێهەڵگرێت.

ڕای (حەنبەلی) و (مالکی)یەکانیش لە ڕاوبۆچوونی (شافیعیەکان)ەوە نزیکە و دەڵێن:

((لاتزوج المرأه نفسها..)) بەبەڵگەو دەلیلی فەرموودەی: ((لا نكاح إلا بولی)).

(ئیبن حەزم) دەڵێ: ((وإذا بلغت البكر والثيب لم يجز للأب ولا لغيره أن يزوجها إلا بإذنها، فـإن وقـع فهـو مفسوخ أبـدا..)). جەعفەریـەكانیش وەك ئـەمان دەڵـێن تەنانـەتی لـە كتـێبی (الأحكام الجعفرية في الأحوال الشخصية))دا هـاتووە: ((وللحـرة المكلفة – أي البالغة العاقلة – أيضا أن تزوج نفسها بلا ولي بكرا كانت أو ثيبا ويـصح وينفذ زواجها إذا باشرت عقده بنفسها وبـدون وليها، وسـواء رضـى أو كره، وسـواء كـان بمهـر المثل أو غـيره، وسـواء كـان الزوج كفؤاً أو غير كفؤ)).

پوختەی ئەم باسە

یەكەم – هیچ كەسێك ناتوانێ كچی باڵغو ئاقڵ – بێ ڕەزامەندی كچەكە – بە شوو بدات.

دووەم – ئەگـەر بێ ڕەزامەندیو مۆڵـەتی كـچەكە مارە كـرا، ئـەوە ئەگـەر قـەبووڵی نـەكات، (فەسخ)ـەو هەڵدەوەشێتەوە.

سـێیەم – ئەگـەر (وەلـی) بەشـووی نـەداو مۆڵەتیـشی نـەدا بـۆ خـۆی بـەهاوكووفێك مێـرد بكات، سكاڵا دەداتە دادوەر بۆ چارەسەری كێشەكەی لەگەڵ باوكو كەسوكاری.

ئیمـامی بوخـاریی دەروازەیـەكی دانـاوە بـۆ ئـەم باسـە دەڵـێ: ((بـاب: لا يـنكح الأب وغيره البكـر والثيـب الإبرضـاهما)) پاشـان ئـەم فەرموودەیـە دێـنێ: ((لاتـنكح الأيـم حتـى تستأمر،ولاتنكح البكر حتى تستأذن)). واتە: بێوەژن تـا قسەو ڕەزامەنـدی وەرنـەگیردرێ، بـە مێرد نادرێت، كچیش تا مۆڵەتی وەرنەگیردرێ، بە مێرد نادرێت، لە پێغەمبەریان – صلى الله عليـه وآلـه وسلم – پرسـی: مۆڵـەت وەرگـرتن لـە كـچان چـۆنە ؟ فـەرمووی: بێـدەنگ بوونیانـە. (ئیبن حجر العسقلانی) لەشـەرحی فەرموودەكـەدا دەڵێت:: ((والحـديث دال علـى أنـه لا إجبـار عليها – أي البكر إذا بلغت)).

(ئیبن عباس) – لە موسلیمدا هاتووە – دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((الثيب أحق بنفسها من وليّها، والبكر يستأذنها أبوها في نفسها وإذنها صماتها)). ئەم فەرموودەیـە – ئەوەند بەهێزە (ئیمامی: بوخاریی، موسلیم، أصحاب السنن: ئەبوو داود ترمذی، نەسایی، ئیبن ماجە) هەروەكو (دارەمی، بەیهەقی) ڕیوایەتیان كردووە. ئیمامی (شەوكانی) لـە (نیـل الأوطـار)دا دەڵـێ: ((وظاهر الأحاديث: أن البكر البالغة إذا زوجت بغير إذنها لم يصح العقد)). كـەوابوو (وەلـی) ژنـان نـاتوانن بێ مۆڵەتو ڕەزامەندی كچانی باڵغ بەمێردیان بدەن، گریمان بە مێردیان دان گرێبەستەكە كاری پێ ناكرێتو هەڵدەوەشێتەوە، (ئەبوو داود) لە (ئیبن عـەباس)ـەوە دەڵـێ: ((أن جارية بكرا أتت الـنبي – صـلى الله عليـه وآلـه وسلم – فذكرت أن أباهـا زوجهـا وهـي كارهـة فخيرهـا النبـی ﷺ)).

خاوەنی (سبل السلام) دەڵێت: ئەم فەرمووده بەڵگەیە لەسـەر ئەوە كە حەرامـە بۆ بـاوك – دیـارە غەیری باوك چاكتر – مارە برِینی كچی خۆیان بیٚ رەزامەندییان. ئیمامی(نەسایی) لە خـاتوو (عایشە)وە دەڵێت: كچە لاویك هاتە لای گوتی: ((إن أبي زوجني إبن أخيه ليرفع بي خسيسته وأنا كارهة)) باوكم بەزۆر لە برازایەكی پەستی خۆی مارەیكردووم.. دەبیٚ چارەم چی بێت؟ ئەویش لای خـۆی داینـا تـا پێغەمبـەر ﷺ هاتـەوەو مەسـەلەكەی بـۆ گێرِایـەوە، پێغەمبـەریش ﷺ نـاردی بەدووی باوكیا – پاش لۆمەو سەرزەنشت – كچەكەی سەرپشك كرد: دادەنیشی بەلایەوە، یان نیكاحەكەی هەڵدەوەشێنێتەوە. ئینجا كچەكە – پاش ئەوە كە لە مافی خۆی حاڵی بوو – گوتی: ئەوە پیادە دەكەم كە باوكم كردوویەتی ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەو سكالاّیەشم هـەر بۆ ئەوە بـوو كە ژنان لە مافی خۆیان ئاگاردار بكەم.

راڤەكەرانی فەرموودەكان لەسەر مەسەلەی بەشوودانی كچان – بەبێوەژنیشەوە – باڵغ بن، یـا نـا، گـەلێك روونكردنـەوەیان داوەو پاشـان ئەمـە هەڵدەبـژێرن كـە: بـیٚ رەزامەنـدی كـچان، نیكاح دانامەزریٚ، ئەگەر نابالغیش بن، نابیٚ بە شوو بدرێن تا پێدەگەنو خۆیان چارەنووسـی خۆیان دیاری دەكـەن، هیـوادارم ئیستایش – لـەم سـەدەی بیستو یەكەمـەدا – باشتر هـەوڵ بـدرێت بـۆ كـاركردن بـە فـەرموودەكانو مـافی مـرۆڤ – بەژنانیـشەوە – بگەرِێتـەوە بـۆی، تـا خوایش بەزەیی پێماندا بێتەوە.

(ظیهار): كەسێك بە ژنی خۆی بڵیٚ تۆ دایكمی

ژنـان لەسـەردەمی جاهیلییەتـدا، هەمیـشە گـیرۆدەی دەسـتی پیـاوان بـوون، ئـەوەبوو لـە باسـەكانی پێـشوودا هەنـدیٚ لـەو دەردو گـیرو گرفتانـەمان باسـكردن، لـەم بابەتەشـدا خـوو كردارێكـی نالـەباری تـری جاهیلییـەت بـاس دەكـەین، دیـسان كـە چـۆن ژنـان ئەسـیری ببـوون وپێـوەی دەتلانـەوەو پیـاوان یارییـان بـە چارەنووسـیان دەكرد،ئیـسلامی پـیرۆز دێـت خـووە پیسەكەیان دەخاتە روو و شەرمەزاریان دەكاو بە كارێكی نارەواو درۆو دەلەسەی دادەنیٚ.

لە سەر دەمی جاهیلیەتدا هەر كە پیاو لە ژنەكەی توورە دەبوو پێیدەگوت: تـۆ دایكمـی! واتـە: هـەر چـۆن دایكـم حەرامـە لـێم، تـۆیش هـەروا، ئیتر بـەو رسـتەیە لێـی حـەرام دەبـوو و تەلاّقیشی نەدەكەوت تا بچێت بۆ خۆی رزگار ببیٚ و، بەئازادانە چی دەكات بیكات! ئەمـەش بەشێكی تر بوو لە نەهامەتیەكانی ژنان بەر لە ئیسلام.. ئینجا كە ئیسلام هـات و ئـەو حاڵەتـە لـە خـاتوو (خەولـە) روویـدا، بـۆ وە لاّمـی چارەسـەری ئـەو كێـشەیە سـەرەتای سـوورەتی (موجادیلـە) هـات. ئیمـامی(ئەحمـەد) لـە خـاتوو (خەولـە) خۆیـەوە دەگێرِێتـەوەو دەڵێـت: سـوێندبیٚ بـە خـوا سـەرەتای سـوورەتی (موجادیلـە) لـە بـەر چـارە سـەری كێـشەكەی مـن

و(ئەوس) ی مێردم هات. من ژنی ئەوس بووم، ئەوسیش پیاوێکی پیری بەدکار بوو! ڕۆژێك – وەکو باوی ژن وپیاو لە یەك تووڕە دەبن – لێم تووڕە بوو و گوتی: تۆ دایکمی! پاشان هەڵساو بەجێیهێشتم، جا کاتێ گەڕایەوە داوای تێکەڵی لێکردم، منیش وتم سوێندم بەوەی گیانی (خەولە)ی بەدەستە، دەستت لێم ناکەوێ هەتا خواو پێغەمبەرەکەی بڕیار نەدەن لەم کێشەدا، پاشان (ئەوس) ویستی ئازارم بدات، بەلاّم لە بەر پیری دەرەقەتم نەهات، ئیتر هەڵسام چوم بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بە سەر هاتەکەمم بۆ گێڕایەوەو فەرمووی: خوەیلە! ئامۆزاکەت پیاوێکی پیری بە ساڵاچووە، لە بەرامبەریا لە خوا بترسە! خەولە دەڵێ سوێند بەخوا لەوێ هەڵسام و خوا وەحی بۆ پێغەمبەر ﷺ کردو ناردی بەدوومداو فەرمووی: خوەیلە! بێگومان خوا دەربارەی تۆو مێردەکەت قورئانی دابەزاندە خوارێ ! ئیترئەوەبوو سەرەتای سوورەتی (قد سمع الله) هەتا (وللكافرين عذاب أليم) بۆ خوێندمەو دوایی فەرمووی: بە مێردەکەت بڵێ: لە کەفارەت وبارتەقای ئەو بێژەی(تۆ دایکمی) کۆیلەیەك ئازاد بکات، منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! توانای نییە کۆیلەیەك بکڕێ و ئازادی بکات ! فەرمووی: دە پێی بڵێ دوو مانگ بەدوای یەکدا بە ڕۆژوو بێت، گوتم: بەخوا پیرێکی بەساڵا چووە ناتوانێ ڕۆژوویش بگرێت ! فەرمووی: دەبا (وەسق)ێ خورما – کە دەکاتە شەست مەن – بە شەست کەسی بێ نەواو مسکین بدات، گوتم بە خوا سوێند بێ ئەوەشی نییە ! فەرمووی: دەسا ئێمە خۆمان شەست مەن خورمای دەدەینێ بیدا بە کەفارەتەکەدا، (خویلە) دەڵێ: گوتم: منیش مەنێکی دەدەمێ، فەرمووی: کارێکی باشت ئەنجامدا، دەبچۆ لەباتی ئەو بیدە بە هەژاران و بۆ دوایش لەگەڵ ئامۆزاکەتدا چاك بە، منیش چووم وەسیەتەکەی پێغەمبەرم ﷺ جێبەجێ کرد.

ئەدی ئایا ئەمە گرنگیدان بە ژنان و کاروباری ژنان نییە ؟ کە لەبەر ژنێکی گیرخواردوو بە دەست باوو نەریتی جاهیلیەتەوە خودا وەحیی بنێرێت بۆ پێغەمبەرەکەی و بفەرموێ: ﴿قد سمع الله قول التي تجادلك في زوجها..﴾ مەگەر لەمە زیاتر بەرزکردنەوەی پلەی ژنان ؟ کە خوا بۆ خۆی وەحیی بکاو پێغەمبەرەکەشی بەدەم کاروباری ئەو ژنەوە خۆ خەریك بکات ؟.

(بوخاریی) لە خاتوو عائیشەوە خوای لێ ڕازی بێ، دەڵێ: «الحمدلله الذي وسع سمعه الأصوات لقد جاءت المجادلة (خولة) إلى رسول الله في جانب البيت ما أسمع ما تقول. فأنزل الله عزوجل: ﴿قد سمع الله قول التي تجادلك في زوجها وتشتكي إلى الله﴾ واتە: سوپاس هەر بۆ ئەو خوایە کە دەنگی سکالاّی خەولەی بیست، لەکاتێکدا من لەلایەکی ماڵەکەدا بووم سکالاّکەییم نەبیست !. بەراستیی هەقە ژنان زۆر گوێرایەڵ و فەرمانبەردار بن، شوکرانە بژێر

بن، لەبەرامبەر وەڵامەکەی خوای کارجوانەوە کە لەسەرووی ئاسمانەوە دەنگیان دەبیسیٚ و بۆ چارەسەری کێشەکانیان قورئان دەنێریٚ، هەرچۆنیٚ بۆ نوێژو رۆژوو حەج و زەکات و باقی بابەتەکانی تر قورئان دەنێریٚ. هەقە ئێمەیش وەکو موسڵمان بۆ چارەسەری گشت کێشەکانمان تەنها لەپەیامەکەی خوا چاوەروان بکەین و، هەربۆ لای ئەو بگەرێینەوە، هەروەکو خاتوو (خەولە) کێشەکەی خۆی بردە لای پێغەمبەر ﷺ تا دەرەنجام خوا بە هانایەوە هات و وەڵامی دایەوە. هیوادارم خوشکانمان بە فات و فیتی ئەملاو ئەولا فریو نەخۆن و تەنها بە خوا خۆ تەسلیم بکەن، بەشکو ئەوەند بە ناوی پیاوسالارییەوە لە خشتە نەبرێن !.

بەڵیٚ خوا فەرمووی: ﴿قد سمع الله قول التى تجادلك فى زوجها وتشتكى إلى الله والله يسمع تحاوركما إن الله سميع بصير * الذين يظاهرون منكم من نسائهم ما هن أمهاتهم إن أمهاتهم إلا الئى ولدنهم وإنهم ليقولون منكرا من القول وزورا وإن الله لعفو غفور * والذين يظاهرون من نسائهم ثم يعودون لما قالوا فتحرير رقبة من قبل أن يتماسا ذلكم توعظون به و الله بما تعملون خبير * فمن لم يجد فصيام شهرين متتابعين من قبل أن يتماسا فمن لم يستطع فإطعام ستين مسكينا ذلك لتؤمنوا بالله و رسوله و تلك حدودالله و للكافرين عذاب أليم﴾ ٥٨ / ١ – ٤. واتە: خوا قسەی ئەو ژنەی بیست کە دەربارەی مێردەکەی لە گەڵ تۆ – ئەی پێغەمبەر!– گلەیی وگازندەی لای خوا دەکرد، خوا دەیبیست کە ئێوە وتوو وێژتان بوو، خواش بیسەرو بینایە. ئەو کەسانەشتان بە ژنی خۆیان دەڵێن: ((تۆ دایکمی))، بەو قسەیە ژنەکانیان نابنە دایکیان، دایکیان هەر ئەوانەن دیویانن، ئەوان قسەی خراپ دەکەن وبوختان هەڵدەبەسن، خوا لە گوناح دەبووریٚ وخەتا پۆشە. جا ئەوانەی بە هاوجووتی خۆیان دەڵێن: ((تۆدایکمی)) پاشان پەشیمان دەبنەوە، دەبیٚ بەر لەوە پێکەوە بنوون، کۆیلەیەك ئازاد بکەن، خوا ئاوا ئامۆژگاریتان دەکات، هەر کارێکیش دەکەن خوا لێی بە ئاگایە. هەر کەس نەیبوو کۆیلەیەك ئازاد بکات، با دوو مانگی یەك لە دوای یەك، بەرۆژوو بیٚ، پێش ئەوە بە یەك بگەن، کەسێك ئەوەشی نەتوانی، خۆراك بە شەصت هەژار بدات، هەتا باوەڕتان بە خواو بە پێغەمبەری هەبیٚ و ئەمە سنووری خوایە، بۆ کافرانیش ئازارێکی بە ئێش و بە ژان هەیە. (لە ((فی ظلال القرآن)) و((ابن کثیر)) سوودم وەرگرتووە).

چەند تێبینیەك:

یەکەم– (ئەبوو زەید) دەڵیٚ: جاریٚ عومەر لە گەڵ خەڵکێك بۆ کارێك دەچوو، لەو دەمەدا بەژنێك –خاتوو (خەولە) – گەیشت و عومەر لە بەر رێز لێنانی وەستا! پاشان لێی نزیکبوویەوەو سەری بۆ بردە پێش و گوێی بۆ قسەکانی گرت و بۆدوایی رۆیشت، ئینجا

پیاوێك به عومەری گوت: ئەدی (أمیر المؤمنین)! چۆن لە بەر پیرە ژنێك پیاوانی قورەیشت ماتڵكرد؟! وتی: ئەی هاوار بۆتۆ !مەگەر نازانی ئەو ژنە کێبوو ؟ ئەمە ئەو ژنەیە کە لە سەرووی حەوت ئاسمانەکەوە خوا گلەیی و گازندەکەی بیست و وەڵامی دایەوە، ئەوە خاتوو خەولەیە! بە خوا سوێند ئەگەر تاشەویش وەستابا، منیش دەوەستام لە گەڵی،مەگەر بۆ نوێژ چووبام، پاشانیش هەر دەهاتمەوە بەلایەوە. (لە ابن کثیر)وە (روائع البیان) ی صابوونی کەڵك وەرگیراوە.

دووەم- رستەی ((تۆ دایکمی)) - وەك (ابن القیم) دەڵێ - بەر لە هاتنی ئیسلام تەلاق بوو، بگرە حیسابی گرنگتریشی بۆ دەکرا، پاشان ئیسلام هات ئەو باوو نەریت و یاساو رێسایەی هەڵوەشاندەوەو بە کارو رەفتارێکی حەرام و یاساغی داناو، بڕیاریشیدا تاکەفارەتی نەدرێت،نابێ ئەو مێردە ئەوەی وتووە نزیکی ئەو ژنەی ببێتەوە. کەوابوو ئەگەر پیاوێك بەژنەکەی وت ((تۆ دایکمی))و مەبەستیشی پێی تەلاق بوو، بە (ظیهار) دادەنرێ، وە ئەگەر تەلاقی داو، مەبەستی (ظیهار) بوو، هەر بە تەلاق دادەنرێت.

سێیەم- هەر کەسێك بە ژنەکەی گوت ((تۆ دایکمی)) دوو شت دێتە پێش:

أ - تا کەفارەت دەدات، نابێ سەر جێیی لە گەڵ بکات.

ب- کەفارەت بە یەکێ لەم سێ شتە ئەنجام دەدرێ:

- کۆیلەیەك ئازاد بکات.

- ئەگەر ئەوەی پێنەکرا، دەبێ دوو مانگ - یەك لە دوای یەك - بە رۆژوو بێت.

- ئەگەر ئەوەشی بۆ هەڵ نەسووڕا، دەبێ خۆراك بە (٦٠) کەسی هەژار بدات.

خوێنەری هێژا ! ئەمەی باسکرا، یەکێك بوو لە سەدان گروفتی ژنانی ئەو سەردەمە، ئیسلامی پیرۆز هات و رزگاری کردن لێی. دڵنیاشبن بێ هیچ جیاوازییەك لە نێوان رەگەزی نێرو مێدا، ستەم و ناهەقیی بەرامبەر هیچ لایەکیان قبووڵ ناکات.

جیابوونەوەی ژن و پیاو (تەلاق)

تەلاق و جیابوونەوەی ژن و پیاو بەلای دینی ئیسلامەوە خاڵێکی زۆر گەورەو گرنگە، چونکە تێکچوونی ماڵ و حاڵی بەدوادا دێت، گەڵێ جار منداڵان سەرلێشێواو دەبن و دەفەوتێن، گەڵێ جار کەس و کاری هەر دوولا لەیەك هەڵدەسن و دەبێتە ئاژاوەی نێوانیان و، دووریش نییە خەڵکێکیان لێبکوژرێ، هەر لەم روانگەوەیە بە (أبغض الحلال) دادەنرێت!، هەر لەبەرئەمەیە کە خودای میهرەبان بەر لەوە ئاراستەی موسڵمانان بکات، ئاراستەی پێغەمبەر

ﷺ دەکاو دەفەرموێ: ﴿يأيها النبى إذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن..﴾. هەر لەبەر گرنگی و سامناکی تەڵاقە کە خودا لە نێوان ئەحکامەکانی تەڵاقدا – جار لەدوای جار – وشەی (تەقوا) و (حدود الله) دێنێتە نێوان و دەفەرموێ: ﴿واتقوا الله ربكم﴾.. ﴿وتلك حدودالله ومن يتعد حدود الله فقد ظلم نفسه..﴾.. ﴿لاتدرى لعل الله يحدث بعدذلك أمرا..﴾.. ﴿وأشهدوا ذوى عدل منكم وأقيموا الشهادة لله..﴾ هەر بەو جۆرە بەیناو بەین بێژەی (تەقوا) دێنێت، تا کۆتایی سوورەتی (تەڵاق) دێت. جا بۆ ئەوە خەڵکان هەروا بە ئاسانی نزیکی کاری وانەبنەوە، ئەو هەموو ترسەیان وە بەردەنێت.

– تەڵاق بۆ هێور کردنەوەی باری نائاسایی نێوان ژن و پیاوە، بۆ کوژانەوەی ئەو تورەیی و حاڵەتە سەخت و ناهەموارەیە لە نێوان دوو مرۆڤدا پەیدا بووە، هەوڵێکە بۆکوژانەوەی ئەو ئاگرو جەحەننەمەیە بۆیان کلدراوە، پاش پێچانەوەی ئەو هەموو خۆشەویستیی و سۆزو دلۆڤانییە، کە خودا لە بارەیەوە دەفەرموێ: ﴿و من آياته أن خلق لكم من أنفسكم أزواجا لتسكنوا إليها و جعل بينكم مودة ورحمة..﴾.

- تەڵاق بۆ چارەسەری کێشەی ئەو دوو ئینسانەیە کە تا دوێنێ جل وبەرگ وکاڵا یەکبوون و، لە هەموو نەنگ و لەنگێك یەکتریان دادەپۆشی: ﴿هن لباس لكم وأنتم لباس لهن..﴾.

– تەڵاق بۆ کۆتایی هێنانە بە ناکۆکی ئەو دوو مرۆڤەیە کەچاوەروانی وەبەرهێنانی وەچەو نەوەی ئایەندەیان لێدەکرێ: ﴿نساؤكم حرث لكم..﴾.

- تەڵاق کۆتا هەوڵە لە هەوڵەکانی ئیسلام، بۆ کۆژاندنەوەی بڵێسەی غەزەبی دوو ئینسانی ماندوو بە دەست یەکترەوە، بەو هیوایە نێوانیان لەو حاڵەتە خراپتر نەبێ، بەشکو دواتر بتوانرێ یەك بخرێنەوە، واتە: دەبێ هەموو چارەسەرەکان بگیردرێنە بەر، ئەوجا بیر لە جیابوونەوە بکرێ، بۆ نموونە: یەکەم جار، یەك تەڵاقی بدات.. جا ئەگەر لەو ماوەیەدا هەردوولا لە ئەنجامی وێران کردنی خانەو لانەکەیان عیبرەتیان وەرگرت و هەستیان کردکە ئێستا لە دەرگای ئەم و ئەودان و منداڵان سەرلێشێواون و بۆ خۆیشیان پەشیمانن، ئەوا دووبارە رێیان پێدەدرێتەوە یەك بگرنەوە، ئەنجا ئەگەر پاش ئەو یکگرتنەوەیە، دیسان تێکچوونەوە و بە تەڵاق نەبێ، کێشەکەیان چارەسەر نابێ، با تەڵاقێکی تری بدات و دیسان ماوەیەك هەردوولا دوور لە ماڵ و حاڵی جارانیان بژین، بەڵکو بیر بکەنەوەو ئیتر ژیر ببن و، کۆتایی بە کێشەکانیان بێنن، جا ئەگەر هەردوو گەڕانەوە سەر مێزی دانووستن و دەرەنجام هاتنە سەر ئەوە یەك بگرنەوە، ئەمجارەش شەریعەتی ئیسلام بۆ جاری دووەم رێی پێداون چارەسەری کێشەکەیان بکەن و دەست بکەنەوە بە ژیان.. ئینجا ئەگەر پاش ئەم دووجار

چاكسازيى و يەكگرتنـەوە، ديسان ناكۆكبوونـەوە، دەبـێ ئـەمجارەيان دوو حەكـەم – يـەكێ خزمى پياوەكەو يەكێ خزمى ژنەكە – بچنە نێوانيانەوەو بە ورديى لە كێشەكەيان بكۆڵنەوە، جا ئەگەر توانيـان كێشەكە بدۆزنـەوەو بۆيان روون بوويـە لـەلاى كاميانـەوە سـەرى هەڵداوە، ئـەوا هـەوڵى خۆيـان دەخەنـە گـەڕ بـۆ چـاككردنى نێوانيـان، جـا ئەگـەر لـە هەوڵەكانيانـدا سـەركەوتوو بـوون ئـەوە كـارێكى پەسـەندو باشـيان كـردووە، خۆئەگـەر گەيـشتبوونە ئـەو قەناعەتـە كـە ژيانيـان پێكـەوە نـاگونجێ، ئـەوجا دەبـێ لەيـەك جيـا بكرێنـەوە و، نـابێ هـيچ كامێكيـان سـتەم لـەوى ديكـە بكـات (وەك لـە سـوورەتى بەقـەرەو سـوورەتى نيـساو دا ئـەم مەسەلە باسكرا). بەڵێ ئەمە مەسەلەى شێوەى ئەو تەلاقە بوو لە ئيسلامدا رێى پێدراوە، ئيتر تەلاق ئەوە نييە بابايەك بە ئارەزووى خۆى نان و ئاوى بكات بە تـەلاق و ! هەرچى بـە دڵـى نەبوو تەلاقێكى پيا بكێشێ.

سـەرەراى ئەمانـەيش، لـەكاتى تـەلاق دانەكـەدا، دەبـێ رەچـاوى ئـەم خاڵانـەى لاى خـوارەوە بكرێ، وەكو لـە سـوورەتى (تـەلاق) دا دەفـەرموێ: ﴿يـا أيهـا النبـى إذا طلقـتم النـساء فطلقـوهن لعـدتهن و أحـصوا العـدة و اتقـواالله ربكـم لا تخرجـوهن مـن بيـوتهن و لا يخـرجن إلا أن يـأتين بفاحشة مبينة و تلك حدودالله و من يتعد حدودالله فقد ظلم نفسه لاتدرى لعل الله يحدث بعد ذلك أمرا﴾ ٦٥ /١، واتە: ئەى پێغەمبـەر! هـەركات ويستان ژنەكانتان تـەلاق بـدەن، لەكاتى عيدە ژماردنياندا تەلاقيان بدەن و ماوەكە بەورديى ئامار بكەن، لە خوداى پـەروەردگارتان شـەرم بكـەن و لەماڵ خۆيان دەريـان مەكـەن و بۆ خۆشيان دەرنەچن لـەو مـاوەى عيـددەدا، مەگـەر بە ئاشـكرا كـارێكى دزێـوو شـوورەيى بكـەن، ئەمـە سـنوورى خودايـە و لـە سـنوورى خـودا بـەولاوە چـى تـر، ستەمى لەخۆى كردووە، تۆ چووزانى لەوانەيە دواى ئەوە خودا كارێ تر وەدى بێنێ.

ئيـسلام خێـرا هـەر لەگـەڵ سـەرهەڵدانى كێـشەيەك پەلـە ناكـات بـۆ بـچراندنى زنجـيرەى خێزان، بەڵكو زۆر بە توند ئەو مەسەلە دەگرێت وە هەتا قابيلى چارەسەر بێت چارەسەرى بـۆ دادەنێت، بۆ نموونـە: خـودا دەفـەرموێ: ﴿و عاشـروهن بـالمعروف فإن كرهتمـوهن فعسـى أن تكرهوا شيئا و يجعل الله فيه خيرا كثيرا﴾. واتـە: ئێـوە ئـەى مێـردان! بـە جوامێرانـەو پەسـەند مامەڵە لە گەڵ ژنەكانتاندا بكەن، خۆئەگەر ركيشتان لێيان بوويەوە بەهۆى كارێكـەوە حـەزتان نەبوو لێى، هەردان بە خۆتاندا بگرن و تەلاقيان مەدەن، چونكە دەكرێ ئێوە ركتان لە شـتێك بێتەوەو حەزى پێ نەكەن، كەچى خودا قازانجى فرەى تێدانابێت بۆتان.

بـەرێز دكتـۆر (مـصطفى الزلمـى) لـە كتێبـى (الطـلاق) دا دەڵـێ: لەبەرئـەوە ئيـسلام زۆرى مەبەستە كە ژيانى ژن و مێرد هەڵنەوەشێتەوەو هەميشە بەردەوام بێت، بۆ بەرهەڵستكردن و

ڕێگرتن لێی هاتووه چەند خاڵێکی داناوه، لەوانە:

یەکەم – پەندو ئامۆژگاریی ژنەکان بکەن: (فعظوهن).

جا لەو حاڵەتەدا کە ژنەکە دانامرکێ و مل نادات بە مێرد، قورئان داوا لە پیاوان دەکات کە بەهەر شێوەیەك کەڵك بەخش دەبێت، ئامۆژگاری ژنەکانیان بکەن، بەڵکو ئەو تووڕەیی و هەڵچوونەیەیان دابەزێ.

دووەم – جێگەی نووستنیان لێ جیا بکەنەوە: ﴿واهجروهن فی المضاجع﴾.

بەو واتایە کە ئەگەر ژنەکە – لەبەر هەر هۆیەك بوو – بە ئامۆژگاری دانەمرکاو لەو حاڵەتە دانەبەزی، ئەوا قورئانی پیرۆز لەوە دەگوێزێتەوە بۆ عیلاج و چارەسەرێکی (نەفسیی)، ئەویش دوورکەوتنەوەیە لێیان لەکاتی خەودا، بێگومان ئەوە حاڵەتێکە ژنی بەویژدان دەزانێ چەندە ئاسەواری هەیە لەسەر دڵ و دەروون، بەڵام دەبێ ڕیعایەتی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکرێ:

أ- دەبێ دوورکەوتنەوەکە تەنها لەکاتی نووستندا بێت.

ب- منداڵەکانیان – ئەگەر هەبوون – پێیان نەزانن، تا ئاسەواری خراپی لێنەکەوێتەوە بۆ ئەوانیش.

ج- لەبەردەم خەڵکانی غەریب و نەیار بەو خێزانە، ئاسەواری دەرنەکەوێت.

د- ئەگەر ئەم چارەسەرە بێ کەڵك بوو، ئینجا چارەسەرێکی تر دێتە پێش.

سێیەم – سووکە لێدانێکی بێ زەرەروو زیان بکرێن: (فاضربوهن).

بێگومان هەموو دەردێك دەرمانێکی هەیە، بۆیە شەریعەتی ئیسلام سێ (خەیار)ی لەبەردەم پیاودا دانا بۆکوژانەوەی ئەو تووڕە بوون و ململانێیە، هەرکامێکیان بگریت زۆر ئاسانتر و بچوکترە لە (تەڵاق) و جیابوونەوەکەیان.

گەلێ کەس بۆ ئەم لێدانە تەفسیری خراپ دەکاتەوە و بە کەم و سووکایەتی دەزانێ بۆ شانی ژنان، بەڵام هەر چۆنێك بێت لە تەڵاقدانەکە زۆر کەمترو ئاسانترە، سەرەرای ئەمەیش کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لا يجلد أحدكم امرأته جلد العبد ثم يجامعها في آخر اليوم)) فتح الباري/ باب ما يكره من ضرب النساء، ح / ٥٢٠٤. نابێ کەسێکتان لێدانی ژنەکەی بکات، وەك چۆن لە بەندە دەدات! پاشانیش بچێ سەرجێیی لەگەڵ بکات!. خۆئەگەر وەکو چارەسەرێك بۆ روونەدانی تەڵاق لێدان کرا دەبێ هیچ شوێنێکی بریندار نەکرێ و تووشی ئازارو بێزار نەبێ.

پێغەمبەر ﷺ بەوکەسانە لە ژنان دەدەن دەفەرموێ: ((و لا تجدون أولئك خياركم))

(شەوكانى) نيل الأوطار ٦/٢٣٨. ئەوانەتان لە ژنان دەدەن، مرۆڤى چاك نين، واتە: ئەوانە چاكن كە لە ژنان نادەن. وە لە فەرموودەيەكى تردا هاتووە: ((و لا يضرب إلا شراركم)) الطبقات الكبرى ٧/١٤٨. واتە: مەگەر هەر مرۆڤە خراپەكانتان لە ژنان بدەن!.

پياوچاكانى پێشوو باش لە ماناو مەبەستى ئەو لێدانە گەيشتن، بۆيە (قازى شورەيح) كە (عومەرى كوڕى خەتتاب) كردبوويە قازيى (بەصرە) و (٦٣) ساڵ تەمەنى تەواو كردبوو، ئەگەر لە خاتوو (زەينەب)ى ژنى تووڕە بوو با، بە سيواكەكەى ئاماژەيەكى بۆ دەكرد و ئەم شيعرەى دەخوێندەوە:

رأيت رجالا يضربون نساءهم * فشلت يمينى حين أضرب زينبا

كەوابوو ئەو لێدانە قورئان ڕێگەى پێداوە، غەيرى ئەو لێدانەيە خەڵكانى نەزان لێى تێگەيشتوون و تەفسيرى دەكەنەوە. (سەيد قوتب) دەڵێ: ئەوى كەمێ لە حيكمەتى ئەم چارەسەرە ورد بێتەوە، دەزانێ كە مەبەست ئەزيەت و ئازارى ژنان نييە، زۆر كردن نييە لێيان، تا بە ماڵ و حاڵێ رازى بن، حەزيان لێ نەبێ. (فى ظلال القرآن)، ٥/٦٤.

<u>چوارەم</u> – ئەگەر ئەشقيبوونەكە لە پياوەكەوە بوو، قورئان ڕوو لە هەردوو ژن و پياوەكە دەكات كە هەوڵ بدەن نێوانيان ڕێك بخەنەوە و صوڵح و سازش بكەن، واتە: بير لە تەڵاق نەكەنەوە، بەڵكو بير لە چارەسەر بكەنەوە، بۆيە دەفەرموێ: ﴿و إن امرأة خافت من بعلها نشوزاً أو إعراضاً فلا جناح عليهما أن يصلحا بينهما و الصلح خير..﴾ سورة النساء /١٢٨. واتە: هەر چۆنێك ڕێك دەكەون و ئەو ئاڵۆزييە ريشەكەن دەكەن، بە زيادكردنى مارەيى بێ بۆ ژنەكە لەلايەن مێردەوە، يان ژنەكە واز لە هەندێ مافى خۆى بێنێ، يان بەهەر شێوەيەكى دى، گرنگ ڕێكەوتنيانە، خۆ بێگومان ئەو ڕێكەوتنە زۆر باشترو قازانجترە لە تەڵاق و جيابوونەوەيان.

<u>پێنجەم</u> – ئەگەر هەريەكەيان هەراو كێشەكەى دەخستە سەر ئەوى ديكەيان، ئەوا (تەحكيم) بەكاربهێنرێ، وەكو قورئان دەفەرموێ: ﴿فابعثوا حكما من أهله و حكما من أهلها..﴾ پێويستە بۆ دوو حەكەمەكانى نێوانيان، ئەم خاڵانەيان تيا ڕەچاو بكرێ:

أ– هەر كام لە ژن و لە پياوەكە بەحەكەمى خۆيان رازى بن.

ب– هەردوو حەكەمەكە خاوەن عەدالەت بن و، لە كاروبارى هەراو كێشەى خێزان شارەزاو لێزان بن.

ج– تا بكرێ خزمى ژن و پياوەكە بن، خۆئەگەر لەوان دەستى نەدا، با لە دراوسێكانيان بن، چونكە لەوانەيە ئەوان لە بەشێ لە كێشەكەيان ئاگاداربن.

د- هەردوو وەکو کەسێکی بێ تەرەف کار بکەن، واتە: خزمایەتی بەکارنەهێنن، بەڵکو تەنها مەبەستیان ڕێکخستنەوەی نێوان ئەو ژن و پیاوە بێت.

هـ- دوای لێکۆڵینەوە ڕاپۆرتێك بنووسن، چۆن کێشەکەیان دیت و چۆن سەیری دەکەن؟ لە سوورەتی (نیساء)دا دەسەلأت و توانای ئەم دوو حەکەمە باسکراوە، دەتوانی بگەڕێیتەوە لای.

پاشان ئەگەر پیاوەکە هاتە سەر بڕیاری تەلأقدان، دەبێ ئەم خالأنەی لای خوارەوە پێش چاو بگرێت:

١) ژنەکە لەحەیزو بێنوێژیدا نەبێت.

٢) لەپاکییەکدا نەبێ، تێیدا سەرجێیی لەگەڵ کرابێت، ئەم تەلأقە لە شەریعەتی ئیسلامدا پێی دەڵێن: (الطلاق السنی) واتە: تەلأقی وا تەلأقی شەرع پەسەندەو ئیسلام ددانی پیا دەنێت.

بێگومـان ڕەچـاوکردنی ئـەم خالأنــە بــۆ هێورکردنــەوەی گڕوکڵپــەی ڕك و کینــەی ژن و پیاوەکەیە، تا بەشکو پاش ئەوە کە پیاوەکە زانی ژنەکە لە بێنوێژیدایە، یان لە حەیز پاکەوە بووە، بەلأم لەو پاکییەدا سەرجێیی لەگەڵکردووە، ئەوسا بەپێی شەریعەتی ئیسلام دەزانێ لەکاتی ئاوادا دەرفەتی تەلأقدانی نییە - کەهەقە موسوڵمان لەهەموو کارێکدا شەرعڕەوو سوونەتیی بێت، بێ گومان لە کاتی ئاوادا دوور نییە بیرۆکەی تەلأقەکەش لە مێشکیا نەمێنێ.

لەولایشەوە ئەگەر لە بێ نوێژیدا بێ، بۆ دوایی ژنەکە عیددەکەی ماتڵ دەبێو درەنگ تر دەتوانێ - ئەگەر بیەوێ- مێرد بکاتەوە، پاشانیش ئەگەر تەلأق بەدەمیا هاتو کەوت، دەبێ ژنەکە سێ (قروء - واتە: سێ پاکیی ببینێ (ئەگەر خاوەن سك وزا بێ) یان سێ مانگ دانیشێ وبمێنێتەوە (ئەگەر بچووكو نەزۆك بوو)، یان ئەگەر (حامل)ـە بوو، سکەکەی دابنێت.. لەم ماوەشدا هێمان ژنوپیاوەکە دەتوانن یەك بگرنەوەو بچنەوە سەر خانەو لانەی خۆیان.

بەڵێ ئەم هەموو ئاگربەسە بەدەور تەلأقدا، هەر لە بەر ئەوەیە کە هەتا ترووسکاییەك بەدی بکرێ لە نێوانیاند تەلأق نەکەوێت.. بێگومان هەر کەسێك لەم شتانە ورد ببێتەوە دەزانێ کە هەموو دەگەڕێتەوە بۆ ڕزگارکردنی ژنان لە عاداتو باوی سەردەمی جاهیلیەت، چونکە ژنان لەو سەردەمەدا هەمیشە وەکو کۆیلەو کووتاڵ سەیر دەکران، مێرد چۆن تەلأقی دەدا؟ کەیدەیویست تەلأقی بدا، بێ سنوور بوو،بەلأم ئیسلام هات ئەو هەموو بێ سەروبەرییەی لە ڕیشە هێناو ژنانی بەرز ڕاگرتو هەقو مافی بۆ دیاری کردن وپێیگوتن: هەر لەدایك بوو نابێ زیندە بەچاڵ بکرێو سووکایەتی پێ بکرێت... بەشوو دەدرێ - کچ بێ یان بێوەژن - دەبێ ئیزنی لێ وەربگیردرێ، ژنی خاوەن مێردە دەبێ گشت مافەکانی ڕەچاو بکرێن،کاتێ تەلأق دەدرێت ستەمی لێ نەکرێت، تەلأقدان لە ئیسلامدا ڕێساو یاسای خۆی هەیە، وەکو لەم سوورەتەو لە سوورەتی (بەقەرە)دا گەلێکیان باس کران.

بێ سۆ دانانی ئەم هەموو ئەحكامو یاسایانە بۆ ژنان.. لەبەر ئەوە نەبووە كە ژنان داوایان كرد بێت، یان پیاوان ویژدانێكیان بوو بێت بەرامبەریان، یان یەكێتی ژنانی جیهانیی، یان ژنانی ناوچەكە بەوكارە هەڵسابێ، یان ژنان خۆیان چووبنە ئەنجوومەنی پەرلەمان و داوایان تۆمار كرد بێت ؟! نەخێر، نا، تەنها تەلەفۆنێكیش لە هیچ لایەكەوە نەكرا بۆ دابین كردنی هەریەك لەو مافانە، بەڵكو تەنها خودای میهرەبان خۆی ویستی ئەو ستەمو ناهەقیانە لەسەر ژنان نەمێنێ‌و ژنان بگەڕێنەوە جێگای گونجاوو شیاوی خۆیان، ئەو جێگایە قورئان بۆی دیارییكردوون. خودا دەفەرموێ: ((یا أیها النبي إذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدّتهن..)) ئەی پێغەمبەر! كە دەتانەوێ ژنەكانتان تەڵاق بدەن، با كاتی بێت شیاوی خۆی بێت، واتە: كاتێ بێت ژنەكە خێرا دەست بكات بە ئەژماردنی عیددەی خۆی، تابەڵكو ئەوەند ماتڵ نەبێت، ئەگەر بیەوێ مێردبكاتەوە. بۆیە بۆ تەفسیری ئەم ئایەتە پێشەوا (بوخاری) لە كتێبەكەیدا ئەم فەرموودەیە دێنێ كە دەڵێ: ((عەبدوڵڵای كوڕی عومەر-خ) ژنەكەی لە (حەیز)دا تەڵاق دا! پاشان (عومەر) دەچێ بۆ پێغەرمبەری دەگێڕێتەوە، ئەویش – لەبەرئەوەكە ژنەكە لەحەیزدا تەڵاق دراوە – تووڕە بوو و فەرمووی: ((لیرجعها ثم یمسكها حتى تطهر، ثم تحیض فتطهر، فإن بدا لـهُ أن یطلقها فلیطلقها طاهرا قبل أن یمسها، فتلك العدة كما أمره الله)).واتە: بابیهێنێتەوە لای خۆی رایگرێ، تا لە حەیز پاك دەبێتەوە، پاشان دیسان دەكەوێتەوە حەیزەوەو پاك دەبێتەوە، جا ئەگەر پاش ئەوە بۆی دەركەوت تەڵاقی بدات، باكاتێك بێ پاك بێ (لە حەیز)و سەرجێییشی لەگەڵ نەكرد بێت، ئەمەیە مەبەستی خودا دەفەرمووێ: لە كاتی عیددەیاندا تەڵاقیان بدەن.

پێشەوا (موسلم)یش بەم جۆرە ئەو مەسەلە یە دەهێنێ و دەڵێت: ((فتلك العدة التى أمر الله أن یطلق لها النساء)). (ئیبن عەباس- خ) لە تەفسیری ئایەتی ﴿فطلقوهن لعدتهن﴾ دەڵێ: (أی لا یطلقها وهي حائض ولا في طهر قد جامعها فیه، ولكن یتركها حتى إذا حاضت وطهرت طلقها تطلیقة) واتە: لەحەیزدا، یان لە پاكییەكدا چووبێتە لای، نابێ تەڵاقی بدات، بەڵكو دەبێ لێیگەڕێ تابۆ جارێكی تر بێ نوێژ دەبێتەوەو هەمیسان پاك دەبێتەوە، ئەوسادەتوانێ یەك تەڵاقی بدات. كەوابوو تەڵاقدان لە ئیسلامدا كاتی بۆ دیارییكراوەو، نابێ مێرد هەر كات ویستی وئارەزووی بوو تەڵاقی بدات.. بەڵكو دەبێ ژنەكە:

یەكەم- لە كاتی بێ نوێژیدا بێ

دووەم- لە ماوەی پاكیشیدا مێرد نەچووبێتە لای.

سێیەم- زاناكان دەڵێن: دەركەوتبێ سكی پڕە. حیكمەت لە دیارییكردنی كاتو ماوەبۆ

تەلاقدان، تەمەح خستنە بەر مێردەكە تا بەڵكو لەو ماوەی چاوەڕوانیەدا هەردوولا پەشیمان ببنەوەو سەر لەنوێ ژن‌ومێردیی دەست پێ بكەنەوە.

(ئیبن كەسیر) دەڵێ: فەقیهەكان تەلاقیان كردووە بەسێ بەشەوە:

یەكەم: پێی دەڵێن تەلاقی سوننی (الطلاق السنی). مەبەست لەم تەلاقە، ئەو تەلاقەیە كە قورئان دەفەرمووێ: ﴿یا أیها النبي إذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدّتهن..﴾ واتە: ژنەكە دەبێ پاك بێ و، بێ نوێژ نەبێت و سەرجێشی لەگەڵ نەكرا بێ. ئەم تەفسیرەش رای (ئیبن عەباس)و (ئیبن مەسعود)ـە. هەر لەبەر ئەمەیە كە زاناكان بۆ كەوتنی تەلاق سێ خاڵیان دیارییكردووە:

یەكەم– دەڵێن (أن یكون الطلاق طلقة واحدة). واتە: دەبێ یەك تەلاقی بدات.

دووەم– أن یكون في طهر لم یخالط الزوج فیه زوجته) واتە: تەلاقەكە دەبێ لەو پاكییەدابێ كە ژن‌و پیاوەكە پێكەوە سەرجێیان نەكردبێ.

سێیەم– أن تكون هناك ضرورة تقتضی الطلاق، أو سبب یدعو إلیه) واتە: دەبێ كارێكی پێویست‌و زەروور هەبێت لە تەلاقدانەكەدا. جا ئەگەر ئەم مەرجانە ڕەچاو كران و تەلاقدرا، دیارە ئەو تەلاقە حەڵاڵەو دەبێتە (تەلاقی سوننی)، خۆ ئەگەر یەكێ لەو خاڵانە جێبەجێ نەبوو وتەلاقیشدرا، بێ شك ئەو تەلاقدانە حەرام‌و قەدەغەیە.

ئینجا تەلاقی سوننی دەبێتە دووبەشەوە:(أحسن)و(حسن).

تەلاقی (ئەحسەن) ئەوەیە: كە مێرد یەك تەلاقی ژنەكەی بداو، ژنەكەش لە سووڕی مانگانەیدا نەبێ‌و سەرجێیشی لەگەڵ نەكردبێت، واتە: ئەمە باشترین و پەسەندتریی جۆرەكانی شێوەی تەلاقدانە. چونكە هاوەڵان – خودایان لێ ڕازی بێت – هەمیشە ئەوەیان لا پەسەند بووە كە ژنان یەك تەلاق بدرێن، ئەو كات لەبەردەم ژن‌و پیاوەكەدا فوورسەت هەیە و دەتوانن پەشیمان ببنەوەو بۆ جارێكی تر ژن‌و مێردی دەست پێ بكەنەوە.

تەلاقی (حسن)یش ئەوەیە كە مێرد بە سێ جاران‌و لە سێ (طهر)داو هەر جارەی تەلاقێكی ژنەكە ی بدات، ئەگەرچی پێشەوا (مالیك) ئەمەش بە(بیدعە) دادەنێ، چونكە ئەو دەڵێ تەلاقدان دەبێ هەر بەیەك تەلاق بێت.

دووەم: تەلاقی بیدعیی: تەلاقی بیدعیش ئەوەیە كە بەیەكجار هەر سێ تەلاقەكەی بدات. بێگومان تەلاق لەو حاڵەتەدا،یان لە حاڵتی (حەیز)دا، یان لە حاڵتی (طهر)ێكدا مێرد سەرجێی لەگەڵ كردبێت، كارێكی حەرام و قەدەغە كراوە.. چونكە بە پێغەمبەریان ﷺ راگەیاند كە فلانەكەس هەر سێ تەلاقەی ژنەكەی داوە! ئەوسا ئەویش تووڕە بوو و هەڵسایەوەو فەرمووی:

((أيلعب بكتاب الله وأنا بين أظهركم)) ئايا ئەوە مەسخەرە بە قورئان دەكرێ، كە هێشتا من ماوم و نەمردووم؟! پیاوێك لە ئامادەبووان هەڵساوەو گوتی: ئەی پێغەمبەر! ئەرێ نەچم لە باتی ئەو گوناحەی بیكوژم؟. ئیتر زاناكانیش لەمەوە دەكەونە كێشەوەو دەڵێن: ئاخۆ ئەو تەلاقە بكەوێ، یا نەكەوێ ؟ هەر لەمەیشەوە بوونەتە سێ دەستەوە:

دەستەی یەكەم- كە (شیعەی ئیمامیش) لەم دەستەیەن- دەڵێ: هیچ تەلاقێكی پێناكەوێت.

دەستەی دووەم- كە هەر چوار پێشەواكە لەم دەستەیەن - دەڵێ: هەر سێ تەلاقەكە دەكەوێ.

دەستەی سێیەم- (كە لەسەردەمی پێغەمبەرو خیلافەتی ئەبووبەكرو سێ ساڵ لەخیلافەتی عومەر كاری پێكراوەو ئێستاش زۆرینەی شیعەی ئیمامی رایان وایە) دەڵێ: یەك تەلاقی (رەجعیی) پێدەكەوێت. سەرەڕای (ئیبن تەیمیە)و(ئیبن قەییم)ی شاگردیی. بێ گومان هەر یەكەش لەم سێ ڕایە بەڵگەی خۆیانیان هەیەو لە جێگەی خۆیدا باسیانكردووە، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوە باسەكەمان درێژتر نەبێ كورتمان كردەوە. لەناو زاناكاندا كێشەیەك نییە كە هەر كەسێك بە شێوەی (سوننی) تەلاق نەدات بە گوناحبار دەژمێردرێ، بەڵكو كێشە لە كەوتن و نەكەوتنی تەلاقەكاندایە. هەر چوار مەزەبەكە (حەنەفیی، مالیكیی، حەنبەلیی، شافیعیی) دەڵێن هەر چەند تەلاقەكە بیدعیش بێت، هەر دەكەوێ. جەماوەری شیعەی ئیمامی و (ئیبن حەزم) و (ئیبن تەیمیە)و قوتابخانەكەی ئیبن تەیمییە دەڵێن: یەك تەلاقی رەجعیی پێدەكەوێ، هەر كەسیش لەجێگەی خۆیدا، درێژەی بە بەڵگەی خۆی داوە.

(المُفصل في أحكام المرأة...) دەڵێ: (ئیمامی طحاوی) دەڵێ: دەستەیەك پێیان وایە كە ئەگەر پیاوێك بەیەكجار سێ تەلاقەی خێزانەكەی بدات، یەك تەلاقی دەكەوێت، بەڵام زۆربەی زانایان دەڵێن: هەر سێ تەلاقەكەی دەكەوێت).

(ئیبن تەیمییە) دەڵێ: (وإن طلقها ثلاثا في طهر واحد بكلمة واحدة او كلمات مثل أن يقول: أنت طالق وطالق وطالق. فهذه للعلماء - من السلف والخلف - فيه ثلاثة أقوال، سواء كانت مدخولا بها أو غير مدخول بها... وهذه الأقوال هيَ:

الأول - أنه طلاق مباح لازم، وهو قول الشافعي وأحمد في الرواية القديمة منه، إختارها الإمام الخرقي الحنبلي.

الثاني - أنه طلاق مباح لازم، وهو قول مالك وأبي حنيفة وأحمد في الرواية المتأخرة عنه، وهو منقول عن كثير من السلف من الصحابة والتابعين.

الثالث – أنه طلاق محرم، ولا يلزم منه إلا طلقة واحدة. وهذا القول منقول عن طائفة من السلف والخلف من أصحاب رسول الله ﷺ مثل الزبيرين العوام، وعبدالرحمن بن عوف. ويروي القولان عن علي وإبن مسعود وإبن عباس. وهو قول كثير من التابعين ومن بعدهم مثل طاوس ومحمد بن إسحاق، وهو قول داود – صاحب المذهب الظاهري – وأكثر أصحابه، وهو قول بعض أصحاب أبي حنيفة ومالك وأحمد بن حنبل. ويروي ذلك عن أبي جعفر محمد بن علي بن الحسين، وابنهُ جعفر بن محمد، ولهذا ذهب إلى ذلك من ذهب من الشيعة.

الرابع – وأما القول الذي قاله بعض المعتزلة والشيعة، وهو أنه لا يلزمه شيء. فهذا لا يعرف عن أحد من السلف. (مجموعة الفتاوي شيخ الاسلام ابن تيمية/المجلد:٣٣ص٨-٩.

كورتەی بۆچوونی (ئیبن تەیمیە) ئەمەیە كەدەڵێ: ئەگەر ژنێك – سەرجێی لەگەڵ كرابێ، یا نا – مێردەكەی لە (طهر)ێكدا سێ تەلاقەی بدات بەیەك ڕستە، وەكو ئەوە بڵێ: (أنت طالق ثلاثا) یان بە هەر جۆرێكی تر،سەبارەت بەمە زانایانی (سەلەف) و (خەلەف) سێ قسەیان هەیە:

یەكـەم – دەڵـێن: تـەلاقی وا موباحـەو تەلاقەكەشـی دەكـەوێ. ئـەوەش قـسەی ئیمـامی شافیعیی و ڕیوایەتێكی كۆنی ئیمامی ئەحمەدی حەنبەل.

دووەم– دەڵێ: ئـەو تەلاقە حەرامـەو لەگـەڵ ئەوەشدا دەكـەوێ. ئەمەشیان وتـەی (ئیمامی مالك،ئیمـام ئـەبوو حەنیفـە،ئیمام ئەحمـەد) لـە ڕیوایـەتێكی ئـەم دواییەیـداو، زۆربـەی (سەلەف)ی هاوەڵانو پاشینانیش پەسەندیان كردووە.

سێیەم – دەڵێ: تەلاق بەو شێوەیە حەرامە، بەلام یەك تـەلاقی پێدەكـەوێ. ئەم بۆ چوونەش لە تاقمێك لە هاوەڵانـەوە وەرگیراوە، وەكو: (زوبـەیرو عبدالرحمان). وە لـە (عـەلی كوڕی ئـەبوو تالیب)و (ئیبن مەسعوود) و (ئیبن عـەباس)یشەوە هـەردوو بۆ چوونەكە هـاتووە، كە ئەمـەیش قسەی زۆربەی پاشینانو پاشینانیانە وەكو (تاووس، محمد ئیبن ئیسحاق، داودی (ظاهري) خۆی زۆرینـەی هـاوەڵانی.... وەلـە هەندێ لـە هـاوەڵانی (ئـەبوو حەنیفـە)و(مالیك)و (ئەحمدی حەنبەل)یشەوە ریوایەت كراوە، وە لـە (ئەبوو جەعفەر– محمد بن علی بن الحسین – و (ئیبن جعفر بن محمد)یشەوە هاتووە، لەبەر ئەمەیشە كە برایانی شیعە هێندێكیان بۆچوونیان وایە.

چوارەم – ڕاوبۆچوونی هەندێ (موعتەزیلە) و (شیعە)یە كە دەڵێن بـە رستـەی (أنت طالق ثلاثا في مجلس واحد) هـیچ ئاسـەوارێكی لێناكەوێتـەوە. واتـە: تـەلاقی پێناكەوێت،بـەلام ئـەم قسەیە لە هیچ كەسێك لە (سەلەف)ەوە نەكەوتۆتەوە.

(ئیبن قەییم)یش سەبارەت بە قسەیەكی ئاوا كەدەڵێ:(أنت طالق ثلاثا بكلمة واحدة) دەڵێ چـوار قـسە هەیـە، ئـەمیش لـە ڕاوبۆچـوونەكانی (ئـیبن تەیمیـە) دەچـێ، ئەگەرچـی

جیاوازییـەکیش هـەبێ. (المفصل) لەسـەر باسـەکەی دەچـێ و دەڵێـت: (قـول الجمهـور: وقـوع الطلاق ثلاثا بلفظ الثلاث).

لە کتێبە فیقهیەکاندا هاتووە: کە سێ تەڵاقە، ئەگەرچی بەیـەك ڕسـتەش بێـت، وەکـو (أنـت طالق ثلاثا) بەلای ئیمامی شـافیعیوئیمامی مالیكو (ئیبن حـەزم)ـەوە دەکـەوێو (بیدعـە)ش نییە، وە بەلای (حەنەفی)و(زەیدیی)یەکانیشەوە دەکەوێ، بەڵام بە (بیدعـە)ی دادەنـێن. بـەلای (حەنبەلیە)کانیشەوە هەر سێ تەڵاقەکە دەکەوێ، بەڵام لەڕیوایەتێکدا بـە (بیدعـە)ی دادەنـێن، لـە ڕیوایـەتێکی تـردا بـە (بیدعـە)شـی نـازانن. (جەعفـەر)یـەکانیش هـەراو کێـشەیانە تێیـدا، ئەگەرچی زۆرینەیان دەڵێن: یەك تەڵاق دەکەوێ.بەڕێز (عبد الكريم زەيدان) پێش ئەوە قسەی پەسەند لەو قسانە هەڵبژێرێ دەڵێ: ئەم مەسەلەیە، مەسـەلەیەکی ئیجتیهـادی خیلافیـە، کـەوا بوو دروست نییە تانەو تەشەر لە هیچ خاوەن قسەیەك – لەوانـە – بدرێـت، هـەر وەك ڕەوانیـە بەهیچ کامێکیان بڵێیت: (شاذ)ـە، یان هەندێ قسەی ناشیرینیان ئاڕاستە بکرێ.

وە دەتـوانرێ – بـەپێی هەڵبـژاردنیان – کـار بەهـەر یـەك لەوانـە بکـرێ، واتـە: ئـەوەیان کـە دەڵـێ: هـەر سـێ تەڵاقەکـە دەکـەوێ، یـان ئـەوەیان کـە دەڵـێ: یـەك تـەڵاق دەکـەوێ، چـونکە لەپێشەوە باسمان کرد کە هەر قسەیەکیان چەندین هاوەڵو زانای پاشینان خاوەنینیو هـەر کەسیش بەڵگەی خۆی هێناوە.. ئەو قسەیە نەبێ کە دەڵێ: (أنت طـالق ثلاثـا) هـیچ تـەڵاقێکی پێناکەوێ، چونکە هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نییە.

پاشان (زەیدان) دەڵێ: (والذي أميل إلى الأخذ به من هذه الأقوال الـتي ذكرناهـا، هـو القـول بأن الطلاق الثلاث بلفظ واحد، أو بتكريـر لفظ (أنت طـالق) ثـلاث مـرات في مجلس واحـد، أن الطـلاق بهـاتين الـصيغتين يقـع واحـدة رجعيـة، وهـذا القـول أرفـق بعامـة المـسلمين وأقـرب إلى تحقيق المصلحة المشروعة للأسرة المسلمة، بالإضـافة إلى مالهذا القـول مـن مـستند شـرعي قـوي). واتـە: لەبـەر بارسـووکی بـەکاروباری موسـڵمانانو ڕەچـاوکردنی بەرژەوەندییـەکانی خێزانـە موسڵمانەکان،من بۆ خـۆم ئـەو قسە هەڵدەبـژێرم کـە دەڵـێ ئـەو ڕسـتەیە یـەك تـەڵاقی ڕەجعیی پێ دەکەوێت.

بـەڕێز دکتـۆر (مـصطفى الزلمـي) دەڵـێ: الترجيـح: إنـني لـست مـن أهـل الترجيـح ولا أدعـى ذلـك، ولكـن ترجيحـي هـذا لـيس الا إعـادة مختـصرة لمـا قالـه الـسلف والخلـف بـصرد هـذه المـسئلة الخطـيرة في حيـاة الملايـين مـن المـسلمين...واتـضح لنـا مـن الإسـتعراض الـسابق أنهامسئلة خلافية منذ صدر الاسلام إلى يومنا هذا، وتبين لنا أن أدلة كل طرف هي أدلـة ظنيـة لا تدل على الحكم دلالة قطعية، إذن حكم المسألة متنازع فيه...) واتە: ئەگەرچی مـن خـۆم بـە

ئەهلی (تەرجیح) نازانم، بەلاّم کورتەیەکی ڕاوبۆچوونی زانایانی (سەلەف)و(خەلەف)م لەم مەسەلەدا هێناوەودەڵێم: ئەم مەسەلە سامناك و گرنگە لە ژیانی ملیۆنەها موسڵماندا... وە بەشەن و کەو کردنی بەڵگەی زاناکاندا دەردەکەوێت هەر لەسەرەتای هاتنی ئیسلامەوە تائێستا ئەم مەسەلەیە، مەسەلەیەکی (خیلافییە)، وەبەڵگەی هەر لایەکیشیان (ظنیة)و ناگاتە پلەی (قطعیي) و هەریەکەشیان هەڵدەگرێ ڕاست بێ و، هەڵیش دەگرێت (خەطأ) بێت.. جا ئەو بەڕێزە بۆ پشتگیری لە بۆچوونەکەی پتر لە (١٤) بەڵگە لە کتێبەکەیدا دێنێتەوە، بەلاّم لێرەدا دەرفەت نییە بییان هێنین.

تێبینی:

منیش وەکو خەمخۆرێکی ئیسلام، داوا لە هەموو زاناو دانا بەڕێزە ئیماندارەکان دەکەم، بەچاوێکی حورمەت و ڕێزەوە تەماشای هەموو زانایانی پێشوو بکەن، ئەوانەیان هەردەم لەبەر ڕۆشنایی ئایەت و فەرموودەکاندا، لە هەوڵدا بوون بۆ (استنباط) و (اجتهاد) بۆ پێشهاتەکان، وەبە چاوی ئیعتیبارەوە سەیری ڕاوبۆچوونی موجتەهیدەکان بکرێ، بەتایبەت ئەو مەسەلانە کە ئیجتیهادیی و خیلافین، وە پێویستە بە لێزانانە مامەڵە لەگەڵ ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان بکرێ، وە ڕای هەرکامێکیان بۆ جێگاو شوێنی خۆی سوودی لێ وەربگیردرێ، وە با سەیری خاوەن کێشەکە بکرێ، بزانرێ ئەگەر پیاوێکی صالح و چاك و مندالّدارە، یان پیاوێکی خراپ و تەلاّقخۆرو مەشروبخۆرە، بۆ هەرکامێکیان فەتوایەك هەڵبژێردرێ پڕ بەکالاّی! پێویستە ئێمە ئیسلام زۆر بەڕێزترو گەورەتر لە (مەذاهیب)ـەکان تەماشا بکەین، وەسەیری جیهادو میحنەت و دڵسۆزییان بۆ شەریعەتی ئیسلام بکەین، پێویستە (تعصّب)و دەمارگیریی مەزهەبی وەلا بنێین، پێویستە تەماشای بەهێزیی و لاوازیی فەتواکە بکەین، ئیتر خاوەنەکەی لەهەر مەزەبێك ببێ. پێویستە ئەمڕۆ بە لێزانانەتر بڕۆینە گۆڕەپانی ژیانەوە، تا بتوانین سوود لەو هەموو قوتابخانە فیقهییانە وەربگرین خۆیان ماندو کردووە بۆ ئیسلام، چونکە هەموویان ماڵی ئیسلامن و، بەپێی (إختلاف أمتي رحمة)یش بێت – ئەگەرچی لاوازیشە – دەتوانرێ بۆ هەر بوارێك سوود لە فەتوای یەکێ لەو بەڕێزانە وەربگیردرێ، بەتایبەتی لەبەر ئەمە کە هەر یەکەیان بەڵگەی هەیەو، مەسەلەکەش خیلافییەو بەڵگەکانیش (ظەننی)ین، نەك (قەطیعیی).

پوختەی ئەم باسە

پێویستە بۆ ئەوانە تەڵاقخۆرن، پێش ئەوە هەڵبكوتنە سەر تـەڵاقخواردن، ئـەم هەنگاوانـەی لای خوارەوە بنرێن:

١. ئامۆژگاریی و ترسـی خوايـان وەبـەر بنـرێ، وە ماڵكـاولی و دەرەنجـامی تـەڵاق بخرێتـە پێش چاویان.

٢. جێینووستن جیابكەنەوە، كە بێگومان ڕۆڵ و دۆزی (نەفسیی) و دەروونی خۆی هەيە.

٣. هەڕەشەو لێدانێكی سووك (بە نیازی چارەسەر) نەك بۆ ئازارو بێزاری ژنەكە.

٤. ژن و پیاوەكە بكەونە صوڵح و سازش و هەوڵی ئاشتبوونەوە بدەن، وە بەهەر شێوەيەك دەتوانن ڕێك بكەون، ڕێ بگرنەبەر.

٥. (تـەحكیم)، واتـە: دووكەسـی عـادل و پـسپۆڕو دڵـسۆزو كارنـاس لـەبواری كاروبـاری خێزاندا بچنە نێوانیانەوە.

جائەگەر ئەو خاڵانـەی سـەرەوە هـیچ كەڵكیان نـەبوو، ئینجا بـەم شێوەيەی لای خـوارەوە بچنە سەر مەسەلەی تەڵاق و جیابوونەوە:

يەكەم – سـەرەتا يـەك تـەڵاقی بـدات.. بـەڵكو تـا عیددەی تـەواو دەبـێ، لەوماوەيـەدا پەشیمان ببنەوەو ديسانەوە بەنیكاحێكی تازە ژیان دەست پێ بكەنەوە،، ئەگەر پـاش تـەواوبوونی عیددە ڕێك كەوتنەوە، يان بەڕەجعەت و بێ نیكاحی تر، ئەگەر بەر لەتەواوبوونی عیددە يەكیانگرتەوە.

تێبینی: ئەگەر ئەوخاڵانەی سەرەوە بێ كەڵكوون وچار هەرتـەڵاقبوو، پێویستە ئەم چەند خاڵانەی خوارەوە لەلايەن تەڵاقدەرەوە ڕەچاوبكرێن:

أ– بزانێ كاتی عیددەی چ كاتێ دەست پێدەكات.. ئەو كاتـە تـەڵاقی بـدات، چونكە خـودا وا داوا دەكـات، بۆيـە دەفـەرموێ: ﴿..إذا طلقـتم النـساء فطلقـوهن لعـدتهن..﴾ واتـە: هـەركات دەتانەوێ ژنان تەڵاق بدەن، لە كاتی خۆياندا تەڵاقیان بدەن، (باپاك بن و (لەحەيزو نیفاس)دا نەبن، وە لەوماوەی پاكییەشدا سەرجێییان لەگەڵ نەكرابێت.

ب– مـادەم تەڵاقەكـە ڕەجعیـی دەبـێ و، دەرفـەتی يەككەوتنـەوەی تێـدا دەمـێنێ، نـابێ لـەو جێگـەی تێیـدا بـووە (بـەر لەتەڵاقـدان) بكرێتــە دەر، ســەرەڕای ئــەوەش دەبــێ خــواردن و جل وبەرگ و پێویستیەكانی تريان بدرێتێ.

ج– جا ئەگەر – پاش ئەو ماوەيە – تەڵاقی دا، يان هێنايەوەو پێكهاتنەوە، دەبـێ لە هـەردوو حاڵەتەكـەدا دوو شـايەت ئاگـاداربن، ئـەم دوو شـايەتە ئەوەنـد گرنگییـان پێدراوە، هەنـدێ لـە زاناكان دەڵێن، ئەگەر ئامادەنەكران، تەڵاقەكە ناكەوێ.

د- ژنەکە تەنگەتاو نەکات بۆ ئەوە لە تەواوی مارەیی یەکەی ئازادی بکات، یان شتێکی بۆ بگێڕێتەوە لە بەرامبەر تەڵاقەکەوە، بەڵام ئەگەر ژنەکە بە ئارەزووی خۆی لەبەرامبەر تەڵاقەکەوە لەگەڵ پیاوەکە ڕێکەوتن لەسەر هەر چەند، ئەوە ڕەوایەو پێیدەڵێن (خولع)، خولعیش لە شەریعەتی ئیسلامدا ڕێ پێدراوە، دواتر (إن شاءالله) پتر باسی دەکەین.

ئەگەر پاش ئەوە کە ژیانی ژن‌و مێردییان دەست پێکردەوە، دووبارە بۆ کەڕەتێکی تر تێکچوونەوەو پێکەوە نەدەژیان، دەبێ یەك تەڵاقی تری بدات، بەڵام لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەی لە تەڵاقی یەکەمدا باسکران.

ئینجا ئەگەر هەمیسان پاش تەڵاقی دووەم پەشیمان بوونەوەو حەزیان کرد ژیان دەست پێ بکەنەوە..، ئەوە ئەمجارەش دەرفەتیان لەبەردەستا ماوە، بە نیکاحێکی تازە (ئەگەر عیددەی تەواو ببوو) یان بە (ڕەجعەت) ئەگەر عیددەی تەواو نە بوو بوو. شیاوی ئاماژە بۆ کردنە دوو تەڵاقیان لەدەست داوەو ئێستا لەسێ تەڵاق یەك تەڵاقیان ماوە، جا ئەگەر بەو تەڵاقە درێژەیان بە ژیان دا، ئەوە پیرۆزەو کارێکی باشە، خۆ ئەگەر بۆ جاری سێیەم دەستیان کردەووە بە هەراو کێشە، ئەوە سەرەی تەڵاقی سێیەم‌و کۆتایی دێتە پێش، جا ئەگەر تەڵاقی سێیەمیشیدا، ئەم چەند خاڵانە پەیدادەبن:

١-نابێ لەماڵی مێردەکەیدا بمێنێتەوە (وەکو ئەوە کە لە حاڵەتی یەکەم‌و دووەم دەمایەوە)، چونکە بەتەواوی پەیوەندیان بچراوەو حەرامە لێی.

٢-بەهیچ شێوەیەك (نە بە نیکاحی تازە، نە بە ڕەجعەت) ناتوانێ بگەڕێتەوە لای مێردەکەی.

٣-هەر کە عیددەکەی تەواو کرد، دەتوانێ - ئەگەر بیەوێ - مێرد بکاتەوە بە کابرایەکی تر.

٤-دەتوانێ بگەڕێتەوە لای ئەم مێردە لەدەستچووەی، بەڵام بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ-بێ دانانی هیچ مەرج‌و سانسۆڕێك شووبکاتەوە بە کابرایەکی تر.

ب-مێردی دووەم سەرجێیی لەگەڵ بکات.

ج-لەیەك جیاببنەوە (بەمردنی ئەم مێردی دووەمە، یان بە تەڵاق...)

د-عیددەی ئەو جیابوونەوەیە تەواو بکات.

ئینجا ئەگەر ئەو مەرجانە هاتنە جێ، ئەوا مێردی یەکەم دەتوانێ مارەی بکاتەوە (ئەگەر حەزیان لێبوو)، چونکە هەموو قۆناغێکیان بڕی‌و گەلێ ئەزموون‌و تاقیکردنەوەیان دی، دەگونجێ ئەم جارە بتوانن هەندێ لە کەم‌و کورتیەکانی یەکدی قەبووڵ بکەن.

سەرنجێك:

بۆیە قورئانی پیرۆز ئەو ژن و مێردە بەو سێ قۆناغەدا تێدەپەڕێنێ، تا بەڵکو جار دوای جار بیرێك لە خۆیان و لەماڵ و حاڵیان بکەنەوە، جا ئەگەر پاش بڕینی ئەو هەموو قۆناغانە، هیچ کەڵکێکیان لێ نەبینی، دیارە ئیتر هەر چەندەی تریان لە گەڵ بکرێ، هەر دووبارە کردنەوەیەو تازە ئولفەتیان بەو هەراو کێشانەوە گرتووەو قابیلی پێکەوە ژیان نین، دەبێ بۆ هەتا هەتایی لێك جودا بکرێنەوە، ئەگەرچی بۆ دوایش پەشیمان بن، چونکە زیاد لەوە کە ئیسلام ئەم ڕێگایانەی بۆ دانان و نەیانتوانی سوودیان لێوەرگرن، ئیتر لەوەبەو لاوە چی تر بکات؟.

خوێنەری هێژا ! ئەمە ئەو یاساو ڕێسانەبوون کە ئیسلام ڕەچاوی کردوون بۆ تەلاقدان – پاش ئەو هەموو هەوڵانە – ئەگەر هەر ڕوویدا.. چونکە ئیسلام ڕێگە نادات بە پیاو بە ئارەزووی خۆی چ کات و ساتێ بە مێشکیا هات تەلاقی ژن بدات.. بەڵام ئایا نێوان کۆمەڵگەی پێشکەوتووی ئێستا و ئەو یاساو ڕێسایانە ئیسلام دایناون، نێوان ئاسمان و ڕێسمان جیاوازی نییە؟.

(تەحلیل)ی شەرعیی و پەسەند

تەحلیل دوای کەوتنی سێ تەلاقە و، پاش شووکردنەوەی ژن بە مێردێکی تردەست پێدەکات، جا ئەگەر مێردی دووەم مرد، یان بە ئارەزوو ئەو ژنەی تەلاقدا، ئەوا مێردی یەکەم دەتوانێ مارەی بکاتەوە...بەڵێ ئەمەیە ئەو تەحلیلەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووەو خودا دەفەرمووێ: ﴿فإن طلقها فلا تحل له من بعد حتى تنكح زوجاً غيره..﴾.

حەنەفییەکان لەو بارەوە دەڵێن: ئەگەر ژنێك بەو مەرجە نیکاح کرا لە کابرایەك – کە پاش سەرجێیی – تەلاقی بدات، ئەوە مەرجەکە بەتاڵەو نیکاحەکە دادەمەزرێ و کاری پێدەکرێ، واتە: ناتوانن بە زۆر تەلاقی پێبدەن، چونکە دەڵێن: (إن الشرط الفاسد لا يؤثر على صحة العقد المقترن به).

مالیکیەکان و پێشەوا (ئەحمەد) و (زەید)یەکانیش دەڵێن: نیکاحی وا بەتاڵەو دانامەزرێ، ئیتر لە عەقدەکەدا تەلاقدان باس بکرێ، یا باس نەکرێ ؟ چونکە ئیعتیبار بە نیەتەو، دیارە نییەتیان بۆکاتێکی تایبەت ودیارییە.. پێغەمبەریش (صلى الله عليه وآله وسلم) لەو بارەوە دەفەرمووێ: ((لعن الله المحلل والمحلل له)).

دکتۆر (زەڵمی) دڵێ: (الراجح من وجهة نظري هو رأي من قال بفساد عقد التحليل مطلقاً).واتە: قسەی پەسەند ئەو قسەیەیە کە دەڵێ ئەو نیکاحە کە بەو مەرجانە دەکرێ، بەتاڵەو دەبێ ڕێی پێ نەدرێت، چونکە:

یەكەم – تەحلیلی ئاوا پێچەوانەی ڕەواڵەتی قورئانی پیرۆزە، چونكە قورئان دەفەرموێ: ﴿ولا تعزموا عقدة النكاح حتى يبلغ الكتاب أجله..﴾٢/٢٣٥. دیارە مێردی یەكەم بەر لە تەواوبوونی عیددەی پیاوی دووەم نیەتی تەواوی هێناوە كە ئەو ژنە مارە بكاتەوە، لەكاتێكدا ئایەتەكە دەفەرمووێ: تا عیددەی تەواو نەبێ ئێوە بیر لە مارەكردنی نەكەنەوە.

دووەم – ئەو عەقدەیە عەقدێكی كاتییەو، تەڵاقەكەش حەتمییەو هەر دەبێ ببێ، لەكاتێكدا (عەقد) لە ئیسلامدا بۆ دەوام وهەمەكاتییە، تەڵاقیش ئیحتیمالو ئەگەری تێدایە، نەك حەتمییەت.

سێیەم – پێچەوانەی سوونەتی پێغەمبەرە(صلى الله عليه وآله وسلم)، بۆیە نەفرین لە هەردوولا (محلل، محلل لە). یان دكاو بە (تەیس) و حەچەی خوازراو ناوی دەبات، بۆیە دفەرموێ: ((ألا أخبركم بالتيس المستعار؟ قالوا: بلى يارسول الله: قال: هوَ المحلل، لعن المحلل والمحلل له)). واتە: تگە وحەچەی خوازراوتان پێ نەڵێم كامەیە؟ گوتیان بەڵێ..ئنجا فەرمووی: حەڵاڵكەری ژنەكەیە (واتە:مێردی دووەم) دەسا نەفرینی خودا لە مێردی یەكەم و دووەم بێت.

چوارەم – پێچەوانەی كارو ڕەفتاری هاوەڵانە، چونكە:

أ–(عومەر– خ) دەڵێت: (لا أوتى بمحلل ولا محلل له إلا رجمتهما) واتە: مەگەر ئەو دووانە – مێردی یەكەمو دووەم – نەهێنرێنە لام، ئیللاو بیللا بەردبارانیان دەكەم!

ب–(عەلی كوڕی ئەبی تالیب– خ) دەڵێ: بەنیكاحێكی دڵخوازو ئارەزوومەندانە نەبێ، ئەو ژنە مەدەنەوە مێردی یەكەم، واتە: بەو فێڵو فەرەجە حەڵاڵ نابێ و،كاری وایش گاڵتەو مەسخەرەیە بە قورئان.

پێنجەم – پێچەوانەیە بۆ راوبۆچوونی پاشینان، لەوانە:

أ–(ئیبن جورەیج) دەڵێ بە (عەتا)م گوت: چی دەڵێیت دەر بارەی ئەو ژنەكە مێردی دووەم (واتە:محلل) تەڵاقی دەداو مێردی یەكەم دەیباتەوە؟ گوتی: دەبێ لێك جودا بكرێنەوە.

ب–(بەكر بن عبدالله المزني) دەڵێ: (أولئك يسمون في الجاهلية التيس المستعار) واتە:ئەو جۆرە كەسانە – كاری وا دەكەن – بەر لەئیسلام پێیان دەگوتن: تگەی خوازراو!. پێشەوا (مالك) دەڵێ: دەبێ لێك جودابكرێنەوە!.

شەشەم – ئەو حیكمەتەی ئەو (تەحلیل)ـەی بۆ دانراوە – كەمانەوەی ژنەكەیە لای ئەو مێردە دووەمەو، پاشان بیركردنەوەو پەشیمانی ژنەكە بۆ مێردو ماڵو منداڵی پێشووی – لەوساتو كاتە كەمەدا پەیدا نابێت، ئەوەش پێچەوانەی ئەو مەبەستو ئامانجەیە، كە ئەو (تەحلیل)ـە بۆی (تەشریع)كراوە.

حەوتەم – نیکاحێکی کاتییە،چونکە وا ئەنجام دەدرێ، کە پاش سەرجێیی خێرا تەڵاق بدرێت!.

هەشتەم – نیکاحە بەمەرج: چونکە بەمەرجێ لە (محلل) مارەدەکرێ دوای سەرجێیی تەڵاقی بدات!.

نۆیەم – ژنەکە زۆرجار ڕازی نییە بەو جۆرە مێردکردنە.. چونکە بۆ دوایی قەدرووپایەو پلەی لەناو کۆمەڵگەدا دادەبەزێت، شیاوی ئاماژە بۆ کردنە کۆمەڵگەی کوردەواریی بەو جۆرە نیکاح و مارەکردنە دەڵێت: (جاشکردنەوە!).

دەیەم – قسەی (شافیعییەکان)و (ظاهر)یەکان، پێچەوانەی ئەو فەرموودەیە کە دەڵێ: ((إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ مانوي..)). (ئیبن قەییم) دەڵێ: (ولا فرق عند أهل المدينة، وأهل الحديث وفقهائهم: بين إشتراط ذلك بالقول، او بالتواطوء والقصد فإن القصود معتبرة والأعمال بالنيات، والألفاظ لا تراد لعينها، بل للدلالة علي المعاني فتترتب عليها أحكامها. (زاد المعاد ٦/٤).

تا ئێستا لەو مەسەلانە دواین کە پیاو بەتەنها خۆی (وەکو ئەوەی کە تەڵاقی بەدەستە) هەڵ ئەکوتێتە سەر تەڵاق و، تەڵاقی ژنەکە دەدات، جا بۆ ئەوە کە پیاوان ڕێسا و یاسای تەڵاق و جیابوونەوە نەشێوێنن، ئیسلامی پیرۆز ئەو کۆمەڵە یاسایەی دانا و ئێمەیش بۆ ئێوەی بەڕێزمان نووسی جا ئیتر لەمەبەولاوە سەرەی ئەوەیە کە هەندێ تەڵاق هەیە ئیرادەوخواستی هەردوو لە ژن و پیاوەکەی دەوێ، جا بۆ ئەوەش پیاوان لە ژنان ستەم نەکەن، خاڵگەلێکی بڕیار داوە لە جێبەجێبوونی ئەم جۆرە تەڵاقەداو، ناوی ناوە (خولع)

خولع لە شەریعەتی ئیسلامدا

بریتیە لە ڕێککەوتنی ژن و پیاو، یان بریکاریان، لەسەر کۆتایی هێنان بە پەیوەندی گرێبەستی ژن ومێردیی لەبەرامبەر (عیوەن)ێکەوە، ژنەکە بیدات بە پیاوەکە.

بەڵێ کە ژن و پیاو ئیرادەیان یەکیگرت و پێکهاتن بۆ کۆتایی هێنان بە پەیوەندی نێوانیان، ئینجا ژنەکە چووە ژێر (بەدیل)ـەکەیەوە، بێ شك لەحاڵەتی ئاوادا گومانێك نییە کە ئەو خولعە ڕەوایەو دادەمەزرێت، بەڵام ئەگەر لەبەر گوشاری پیاوەکە بوو، ژنەکە چووبووە ژێر ئەو بارەوە، دیارە کە ئەوە دانامەزرێ وکاری پێ ناکرێت.

باڕۆشنتر بڵێین: ئەگەر پێکهاتنەکەیان بۆ جودابوونەوە لەبەر ناڕێکی و لاساریی پیاوەکە نەبوو، بەڵکو ژنەکە بۆ خۆی ویستی لەو پیاوە جیاببێتەوە کە بە سروشت حەزی لێ

نەدەکرد، جا ئیتر لەبەر جیاوازی تەمەنیان بێ، یان لە بەر جیاوازی پلەی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریان بێ، یان هەر شتێکی تر کە دەسەڵاتی پیاوەکەی تێدا نەبێ بۆ جودابوونەوەکە، بێ شك تەڵاقی ئاوا ڕەوایەو لێکجودادەکرێنەوە. خۆ ئەگەر لەبەر گوشاری پیاوەکە بووو ژنەکەش بە ناچاری قەبووڵی خولعەکەی دەکرد،بێ گومان لەحاڵەتی ئاوادا بەلای (حەنبەلیی)و (ظاهریی) و دەستەیەك لە (جەعفەر)یەکان و سەرجەم (زەید)یەکانەوە، تەڵاقی وا دانامەزرێ و نیکاحەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

ئینجا ژنەکەش: ئەگەر باڵغ و ژیرو ئارەزوومەندو تەندروست بوو و ڕێی لێ نەگیرابوو لە ئاڵ و وێڵدا لە بەر (سەفاهەت)، ئەوە بێگومانە ئەو خولعە دادەمەزرێ، خۆ ئەگەر نەخۆش وشێت و منداڵ و بێ ئارەزوو بوو، لەمەیشدا گوومان نیە کە دانامەزرێ... جا ئەگەر لەو حاڵەتەدا کە ژنەکە (ئەهلیەت)ی شەرعیی نەبوو بۆ قەبووڵکردنی خولع و، (وەلی)ـەکەی چووە ژێر خولع و عیوەزەکەیەوە، زاناکان رایان بەم شێوەیە:

یەکەم – حەنەفیەکان خولعی ئاوا بەڕەواو دامەزراو دادەنێن.

دووەم – شافیعیەکان دەڵێن: هەموو کەسێك – وەلی ئەو ژنە بێت، یا نا – دەتوانێ قبووڵی خولع بکات لە باتی هەموو جۆرە ژنێك:منداڵ و نابالغ و(سفیهە)، بە مەرجێ ئەو کەسە خۆی بچێتە ژێر (عیوەز)ەکەوە.

بۆچی ڕێ بە خولع دراوە؟

ڕێ بە (خولع) دان.. بۆ ئەوەیە کە هەر کات ژن و مێرد زانییان ناتوانن لەمەسەلەی ژن ومێردیدا یاساو ڕێسای خودا بپارێزن و، ڕەفتاریان لەگەڵ یەك بە پێی قورئان و سوننەت بێ، ماف یەکدی پێشێل دەکەن. (ئیبن قدامه الحنبلی) لە کتێبی (المغنی)دا دەڵێ: (والخلع – أي شرع – لإزالة الضرر الذي يلحقها بسوء العشرة والمقام مع من تكرهه وتبغضه..)واتە: بۆ لادانی ئەو زیانەیە تووشی ژنان دەبێ لەلایەن مێردی خراپەوە.

لە (کشاف القناع)یشدا هاتووە: (وفائدته – أي فائدة الخلع – تخليصها من الزوج على وجه لا رجعة له عليها إلا برضاها) واتە: کەڵکی خولع بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ خۆ ڕزگارکردنی ژنەکە لە دەست پیاوەکەی. کەوابوو حیکمەتی خولع.. ئەگەر قازانجی پیاوەکەشی تێدا بێت.. دەتوانی بڵێیت تەنها لەبەر خاتری ژنان داهێنراوەو ڕێی پێدراوە، چونکە پیاو – ئەگەر خولعیش نەبێ، بە ڕێگەیەکی تر دەتوانێ، لە لاساری ژنەکە خۆی ڕزگار بکات.

یاسای عیراقیی چۆن دەڕوانێتە خولع ؟

لەماددەی (٤٦)ی یاسای باری کەسێتی عێراقیدا لەژێر سەردێری: (التفريق الإختياري)دا هاتووە:

١- الخلع لإزالـة قيـد الـزواج بلفظ الخلـع او مـافي معنـاه، وينعقـد بايجـاب وقبـول أمـام القاضي، مع مراعاة المادة (٣٩) ونصها.

٢- على من أراد الطلاق أن يقيم الدّعوى في المحكمة الشرعية يطلب إيقاعه واستحصال حكم به فإذا تعذر عليه مراجعة المحكمة وجب عليه تسجيل الطلاق في المحكمة خلال مدة العدة.

(٣) تبقـى حجـة الـزواج ممتـبرة إلى حـين إبطالهـا مـن المحكمـة). واتـە: خولـع: لابردنـی ئاسەواری هاوسەریەتیە بە وشەی (خولع) یان هەر وشـەیەکی تـر ئـەو مانایـە بگەیـەنێت. ئـەم خولعـە بـە گـوتنی ئـەو ڕسـتەیە دەبـێ لەلایـەن مێـردەوەو، قبـوول کردنـی لەلایـەن ژنەکـەوەو لەبـەردەم دادوەردا، لەگـەڵ ڕەچـاوکردنی مـاددەی (٣٩) کـەتیایا هـاتووە: ئـەوی دەیـەوێت تەڵاقی ژنەکەی بدات، دەبێ لە دادگای شـەرعیدا داوا تۆمـار بکـات بـۆ خستنی تەڵاقەکـەی لـە لایـەن دادوەرەوە، ئەگـەر ئەمـەی بـۆ نـەکرا، دەبـێ لـەماوەی عیـددەی شـەرعیی ژنەکـەدا تەڵاقەکەی لە دادگادا تۆمار بکات.. خۆ ئەگەر هەر گوێی نەدایەو سەردانی دادگای نەکرد، ئـەو ژنـە ئەگەرچـی تەڵاقیـشی دابـێ، هـەر بـە ژنـی ئـەو حـسێب دەکـرێ، هـەتا دەچـێ هەڵیدەوەشێنێتەوە.

١- يـشترط لـصحة الخلع أن يكـون الـزوج أهـلا لإيقـاع الطلاق، وأن تكـون الزوجـة محلالـه ويقـع بـالخلع طـلاق بـائن). بـۆ ئەمەکـە (خولـع) دامـەزرێت، دەبـێ مێردەکـە (ئـەهل) بێـت بـۆ تەڵاقدان، هـەروەك پێوسـتە ژنەکـەش ژنـی ئـەو بێـت. تـەڵاقێکیش لـە (خولـع)ەوە بکەوێتـەوە، جیابوونەوەی یەکجارەکییە، واتە: بينونة الكبرى)یە.

٢- للزوج أن يخالف زوجته على عوض أكثر أو أقل من مهرها). مێـرد بـۆی هەیـە خولعـی ژنەکەی بکات لەسەر بریتیەکەی، زۆرتر بێت یان کەمتر بێت لە مارەیی یەکەی.

ئەو شتانە ڕێ بۆ ژنان خۆش دەکەن بۆ داوای تەڵاق

زاناکـان دەڵـێن: (كل مـا يلحـق الأذى أو الألم ببـدن الزوجـة أو نفسها أو يعرضـها للـهلاك) واتــە: هــەر شــتێك عەزیــەتو ئــازار بەجەســتە ودەروونــی ژنــان بگەیــەنێ، یــان بیانخاتــە هیلاکەتەوە، لەهەموو ئـەو حاڵەتانـەدا دەتوانن داوای جیابوونـەوە لـە پیاوەکانیـان بکـەن، بـێ گومان ئەمە لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر، یان لە ژنێکەوە بۆ ژنێکی تر دەگۆڕدرێ.

بـۆ نموونـه: قسـەی دزێووناشـیرین، جنێـو، بـەخۆی یـان بـەباوكو دایكیـی، یـان رووی لێوەرچەرخێنیٚ وقسەی لەگەلٚ نەكات، یان شەو – بیٚ هیچ هۆكارێكی شەرعیی – لەگەلٚی نەخەوێت، یان ماوەیەك سەرجێیی لەگەلٚ نەكات،یان ڕوو گرژو ڕوو تالٚ بێت لە گەلٚیا، یان ناوچاو بدات بەیەكا، یان قسەی بەرزو نزمی لەگەلٚ بكات، یان گویٚ بۆ قسەی نەگرێت. تاد.

هــەروەها لێـدانێكی – لەسـنوور دەرچـوو– بەدەسـت، یـان بەهــەر ئـامێرێكی تـر، یـان برینـداركردنیان، یـان شـكاندنی جێگایـەكیان، یـان بـە زسـتاندا لـە ڕیٚ و شـوێنێكی سـاردا دابنرێت، یان بە هاویندا جێگاكەی گەرم بێت... بەكورتیی: هەر شتێك لە لایەن پیاوەكەوە پەیـدابوو بەرامبـەر ژنەكـە، وەشـەریعەتی ئیـسلام ڕێـی پـیٚ نـەدابوو، ژن دەتـوانیٚ بیكاتـە بیيانووی تەلاٚق و جیابوونەوە. (مالیك)یەكان پتر لە زاناكانی تر ئەم دەرگایـەیان والاٚكردووە لـە ژنـان بـۆ خـۆ رزگـاركردن لـە دەسـت پیـاوانی لارو لاسـار، بـۆ نموونـە دەلٚـێن: (ولهـا – أي للزوجـة – التطليـق علـى الـزوج للـضرر، وهـو مـالا يجوز شـرعاً كهجرهـا بـلا موجـب شـرعي، وضـربها كـذلك وسـبّها وسـبَ أبيهـا نحـو: يـا بنـت الكلـب، يـا بنـت الكـافر، يابنـت الملعـون... ويـؤدب علـى ذلـك زيـادة علـى التطليـق). (ومـن الـضرر قطـع كلامـه عنهـا، وتحويـل وجهـه في الفراش عنها، وإيثار إمرأة عليها، وضـربها ضـرباً مؤلمـا) بەكورتیی: هـەر وشـەیەك، یـان هـەر كارێك لە مێردەوە ڕەنگ بداتەوە بۆ سەر كەسێتی ژن، دەتوانیٚ ئەوشتە بكاتە بەلٚگە بۆ داوای تـەلاٚقو جیابوونـەوە.... هـەروەها ئەگـەر مێـرد بـەهۆی خواپەرسـتییو نوێـژو ڕۆژوو وشـەو نوێـژەوە سـەرجێیی لەگـەلٚ نـەكرد، ئـەو پیـاوە بـانگ دەكـریٚو پـیٚی ڕادەگەیـەنرێت كـە نـابیٚ كاری وابكات، ئنجا ئەگەر بەوە باش بوو، چاكە، ئەگینە دەبیٚ تەلاٚقی بدات. (شيخ الإسلام – ابن تيميه) دەلٚیٚ: (وحصول الضرر للزوجة بترك الوطء مقتضى للفسخ بكل حـال، سـواء كـان بقـصد الـزوج أو بغـير قـصد، ولـو مـع قدرتـه وعجـزه كالنفقـة) الإختبـارات الفقهيـة للـشيخ ص٢٤٧). واتە: بە هەر شێوەیەك مێرد دوور بكەوێتـەوە لەسـەرجێیی لەگـەلٚ ژنـدا، وە ژنەكـە بەوە ناڕەحەت ببێت، دەتوانیٚ داوای تەلاٚق بكات.

تێبینی:

ئەگـەر هـەر یـەك لـەو شـتانە كـە دەبنـە بیيـانووی داوای تـەلاٚق، یـەك كـەڕەتیش لـەماوەی تەمەنـدا ڕوو بـدات بەسـە، وە ژن دەتـوانیٚ داوای جیابوونـەوەی پـیٚ بكـات. لـە كتێبەكـەی (دەردیر)دا هـاتووە: (ولهـا – أي للزوجـة – التطليـق علـى الـزوج بالـضرر ولم تـشهد البينـة – الشهود – بتكرره) واتە: ژن دەتوانیٚ داوای تەلاٚق بكات بە هـۆی ئـەو زیانـەوە لـەلای مێـردەوە تووشی دەبیٚ، ئەگەرچی تەنها جارێكیش بێت! (دسوقی) دەلٚێت..(..بل شهدت بأنـه حصل

لها مرة واحدة فلها التطليق بها على المشهور).

بۆ ئەم جیابوونەوەش ژنەكە دەچێتە لای (قاضي)و سكالا دەكات، ئەویش بانگی دەكاو فەرمانی پێدەدات تەڵاقی بدات، ئینجا ئەگەر گوتی تەڵاقی نادەم، قاضی بەزۆر پێی تەڵاق دەدات.

بەڵێ... بەڕاستی بۆچوونی (مالیك)یەكان لە ڕۆحی ئیسلامەوە زۆر نزیكە، چونكە فەلسەفەی ژن و مێردیی فەرەح و خۆشیی و، خۆشویستن و ئەنجامدانی حیكمەتی نیكاحە لەلایەن پیاوەكە، جا ئەگەر حیكمەتێك لە حیكمەتەكانی ژن و مێردیی ئیفلیج بوو، دەبێ لێكجودا بكرێنەوە.

جیابوونەوە بەهۆی بێ سەرو شوێنبوونی مێردەوە

پیاوی بێ سەروشوێن (مفقود) بە كەسێك دەگوترێ لەشارو ناوچەی خۆی دیار نەبێ و هیچ كەسیش نەزانێ زیندووە یان مردووە؟ لە (فەتاوا)ی (الهندیە)دا هاتووە، یان دوژمن دیلی كرد بێ و ئێستا بێ سەرو شوێن بێ و نەزانرێ زیندووە یان مردوو، وە لەگەڵ ئەوەیشدا سەردەمێكی بەسەرچوو بێت.

لە حاڵەتی ئاوادا.. ئایا ژن دەتوانێ داوای جیابوونەوەو تەڵاق بكات لای قاضی...؟ بەڵێ ئەگەر سەیری حیكمەت و فەلسەفەی (نیكاح) بكرێ، دەزانرێ كە دیار نەبوونی مێرد ئاسەواری خراپی دەبێ لەسەر ژیانی ژن، بۆیە لای مرۆڤی بە ویژدان بێ بیركردنەوە بڕیاری داوای جیابوونەوە دەدرێ و هەقیەتی بچێتە لای قاضی و قسەو سكاڵای خۆی بكات، ئەگەرچی زاناكانیش قسەیان یەك نییە لەم داوایەدا، بەڵام (شیخ الاسلام) (إبن تیمیە) دەڵێ: قسەی ڕاست و پەسەند سەبارەت بە ژنان، قسەی (عومەری كوڕی خەتتاب)ـە – خ)و هاوەڵانی تر كە دەڵێن: ئەو ژنەی مێردی بێ سەروشوێن دەبێ، دەبێ چوار ساڵ چاوەڕوانی گەڕانەوەی بكات، پاشان ئەگەر دەنگی نەبوو،دەبێ عیددەی ژنی مێرد مردوو تەواو بكات، جابۆ دوایی – تەنانەتی بێ مۆڵەتی حاكمیش – دەتوانێ مێرد بكاتەوە.

خاوەنی (المفصل)یش دەڵێت: لە بنەما گرنگەكانی شەریعەتی ئیسلامە، دورخستنەوەی زیان و نەهێشتنی بۆ ڕوودانی زیان، هەر لەبەرئەوەیشە ئەحكامی (ایلاء)و (شیقاق)و نەتوانایی سەرجێییكردنی پیاو لەگەڵ ژندا هاتووەو كراوە بە یاساو كاری پێدەكرێ... هەموو ئەمانە بۆ دورخستنەوەی زیانە لە ژنان، دەخۆ ئاشكرایە ژنێك مێردەكەی بێسەروشوێن بكەوێت، قورستر نەبێ لەوە كەمتر نییە، كەوابوو پاش تێپەڕبوونی ئەو چوار

ساڵە كە خەلیفە (عومەر) كاری پێكردووە، بڕیاری (تـەفریق) دەدرێ بـۆ ژنەكـەو دەچـێ شـوو دەكات، ئەگەر بیەوێت.

ئایا ئەم (تەفریق)ـە بڕیاری دادوەری دەوێ..؟

دیـارە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە لـەناو زاناكانـدا كێشە هەیـە...، بـەڵام دكتـۆر (زەیـدان) دەڵـێ: پێویستە ژنەكە (قاضی) بە مەسەلەكەی ئاگادار بكا و پاشان عیددەی دەژمێردرێو دوایـیش ئەگەر ویستی مێرد دەكاتەوە.

ئاشكرایشە هەر ئەم قسە لە ڕۆحی شەریعەتی ئیسلامەوە – كە حەز دەكات هەموو شتێك لە ڕێگای خۆیەوە بێ – نزیكترە، تا ئەو قسەیە كە دەڵێ: ژنەكە بۆی هەیە پاش تـەواوبوونی عیددەی – بێ ئاگاداری قاضی مێرد بكاتەوە!.. هەروەها دەڵـێ: مـادەم حیكمـەت لـەو كـارەدا دوور خستنەوەی زیانە لـە ژنـان.. هـەر هەڵبـژاردنی ئـەو قسەیەش پەسـەندە كـە دەڵـێ: ژنـی مێردی بێ سەروشوێن، پاش چاوەنواڕی چوارساڵ دەتوانێ شووبكاتەوە.. وە ئەم قسەیەش لەهـەموو قسەو بۆچوونەكانی تـر باشـترە. چـونكە ئـەو ئەنـدازە بەسـە بـۆ گـەڕان بەدوایـداو سۆراخكردنی حاڵو ئەحواڵی، چوار ساڵەكەش لەو ڕۆژەوە هـەواڵ بـە قاضـی دەدرێ – پـاش هەوڵو گەڕان بەدوایداو مانەوەی بێ سۆراخ – حیساب دەكرێو ئەوسا پاش تـەواوكردنی شوودەكاتەوە.

ئەگەر پاش بڕیاری (تەفریق)، مێردە بێ سەرو شوێنەكە گەڕایەوە

یەكەم – ئەگەر لە ماوەی چاوەنۆڕی ژنەكەدا بۆ تەواوكردنی ماوەی چوار ساڵەكە، یـان بـۆ تـەواوكردنی عیددەكەی، پیاوەكە گەڕایـەوە... ئەوە لـە حاڵـەتی ئـاوادا ئـەو ژنـە هـەر بـە ژنـی ئەوپیاوە دادەنرێو بـێ هـیچ عیـددەو نیكـاحێكی تـازە ژیـان دەسـت پـێ دەكەنـەوە، وەكـو لـە (المجموع في شرح المهذب)و لە (المغني لا بن قدامة)دا هاتووە.

دووەم – چـاوەنۆڕی تـەواوكردووەو مـارەش كـراوە بـۆ كابرایـەكی تـر، بـەڵام سـەرجێیی لەگـەڵ نـەكراوە، ئینجـا دەگەڕێتـەوە – لـەم حاڵەتەیشدا – وەكـو حاڵـەتی یەكـەم – بـێ هـیچ بڕیارو تێبینیەك ژنو مێردی دەست پێدەكەنەوە، دیسان لە (المجموع)دا ئەم بڕیارە هاتووە

سێیەم – كاتێ دێتەوە،دەبینێ ژنەكە مێردی كردۆتەوەو سەرجێیی لەگەڵ كراوە! بۆ ئەمەیان– وەكو حەنبەلیەكان دەڵێن – ژنەكە سەرپشك دەخرێت لە نێوان هەردوو پیاوەكەدا: جا ئەگەر پیاوی یەكەمی هەڵبژاردەوە، ئەوا ژنی یەكەمە، بەڵام دەبێ چاوەنۆڕ بێ هەتا عیددەی لە پیاوی دووەم تەواو دەكات... خۆ ئەگەر پیاوی دووەمی بەدڵ بوو، ئەوا سەر لە نوێ مارەدەكرێتەوە بۆی. ئەمە كورتەو پوختەی ئەو باسە بوو، دەتوانی لە (المفصل)دا پتر ئاگادار بیت.

نادیار بوونی مێرد (غیبة الزوج)

مەبەست ئەوەیە کابرایەك لە ژنەکەی خۆی ون دەکات.. جا ئایا کەسێکی ئاوا ژنەکەی دەتوانیٚ داوای (تەفریق) بکات؟

لە کتێبی (المغنی لابن قدامة) دا هاتووە: بۆ ئەو پیاوە خۆی لە خێزان و هاوسەرەکەی نادیار دەکات، دوو حاڵەت هەیە:

یەکەم – ریٚ وشوێنی دەزانریٚو هەواڵو نامەشی دێت، بۆ ئەمەیان سەرجەم زانایان دەڵێن، ئەگەر بتوانیٚ نەفەقەی بدات، بۆی نییە داوای (تەفریق) بکات.

پوختەی ڕاوبۆچوونی (حەنبەلیە)کانیش دەڵیٚ: ئەگەر مێرد زیاد لە (٦) مانگ خۆی بزر کرد، ژنەکەی دەتوانیٚ سەردانی دادوەر بکا بۆ ئەوەی بۆی بگێڕێتەوە، جا ئەگەر نەهاتەوە، بەڵام پۆزشی شەرعیی هێنایەوە، ئەوا دادوەر داواکەی لیٚ وەردەگریٚو هەڵدەسێت بە (فەسخ) کردنەوەی نیکاحەکە.

مالیکیەکان دەڵێن: نادیار بوون پێنج حاڵەتی هەیە:

یەکەم – ئەوەیە کە هیچ ماڵو نەفەقەیەك بۆ ژنەکە بەجیٚ نەهێڵیٚو، لە نێوان ژن و پیاوەکەشدا بەمەرج نەگیرابیٚ کە هەرکات ئەو پیاوە نادیار کەوت، ژنەکە بتوانیٚ تەڵاقی خۆی بدات، لەم حاڵەتەدا ئەگەر ژنەکە پێیخۆش بوو، ئەوا داوا بەرزبکاتەوە بۆی لای دادوەر بۆ (تەفریق) لەبەر نەبوونی (نەفەقە)و ژیان.

دووەم – هیچ نەفەقەو ماڵێکی بۆ بەجیٚ نەهێشتبیٚ، بەڵام مەرجییان لە نێواندایە کە ئەگەر خۆی بزر کرد، ژنەکە بتوانیٚ خۆی تەڵاق بدات، لەم کاتەشدا ژنەکە خۆی سەرپشکە: دادەنیشیٚ، یان بە هۆی بیٚ نەفەقەییەوە داوای (تەفریق) دەکات لای دادوەر.

سێیەم – نەفەقەی بۆ بە جێهێشتبیٚ و مەرجیشیان لە نێواندابیٚ کە ئەگەر دیار نەما خۆی تەڵاق بدات، لە حاڵەتی ئاوایشدا لە بەرمەرجەکە دەتوانیٚ بچێت داوای (تەفریق) بکات، ئیتر جێگای بزانیٚ یا نەزانیٚ ؟.

چـوارەم – نەفەقـەو ئازووقـەی بـۆ بەجێهێـشتبیٚ، بـەڵام سـەرجێییان نـەبووە، لـە هەمانکاتیشدا دەزانرا ریٚ وشوێنی لە کوێیە، لەکاتی ئاواشدا دادوەر بۆی دەنووسێت: یان بگەڕێتەوە، یان لەگەڵ خۆی بیبات، وە یان تەڵاقی بدات، ئەگینە دادوەر بۆخۆی تەڵاقی دەدات.

پێنجەم – ئەوەند ماڵو سامانی بۆ بەجێهێشتبیٚ پێیبژیٚو مەرجیش لە نێواندا نەبیٚ، بەڵام کەس نەزانیٚ شوێنی لە کو ێیە! ئەمە بە (مەفقوود) دادەنرێت.

بەڵێ.. لای (مالیك)یەكان ژن دەتوانێ لە مێردی نادیار (غائب) جیا ببێتەوە بەم مەرجانە:

یەكەم – دیار نەبوونەكەی زیاتر لە ماوەی ساڵێك بێت.

دووەم – بترسێ تووشی زینا و كاری دزێوو ناشیرین ببێت لەو ماوەیەدا.

سێیەم – نامە بۆ مێردەكەی بنووسێت، یان تەلەفۆنی لەگەڵ بكات – ئەگەر ئەیزانی لە كوێیە – یان بگەڕێتەوە، یان كاری بۆ بكات بیبات بۆلای خۆی،وە یان تەڵاقی بدات، خۆ ئەگەر هیچ یەك لەمانەی نەكرد، دادوەر بۆی تەڵاق دەدات.. ئەمە ئەو كاتەیە كە نەفەقەو ماڵی بۆ بەجێهێشتبێ، ئەگینە دادوەر لەبەر نەبوونی نەفەقە (تەفریق)یان دەكات. بەڵام (شافیعی) و (حەنەفی)و (ظاهری)و (جەعفەری)یەكان (غەیبەتی) مێرد – بەتەنها ناكەنە هۆكار بۆ (تەفریق)!! بەڵام ئەوی لەگەڵ سۆزو میهرەبانی ئیسلامدا بگونجێت رای (حەنبلیە)كانە كە دەڵێن: دیار نەبوونی مێرد – بەبێ بیانووی شەرعیی – هۆكاری (تەفریق)ـە، ماوەی دیار نەبوونەكەشیان بڕیوەتەوە بە (٦) مانگ یان زیاتر! لەو ماوەیەدا ژنەكە دەچێتە دادگا، دادوەریش نامەیەك دەنووسێ بۆ كابرای مێرد كە: یان بگەڕێتەوە بۆ لای، یان بیبات، ئەگینە نیكاحەكە (فەسخ) دەكاتەوە. خۆ ئەگەر بیانووی پەسەندی هەبوو بۆ (غائب)بوونەكەی، دادوەر مۆڵەتی بۆ دیاری دەكات كە چارەسەری كێشەكەی بكات. بەڵام مادەم بیانووی هەیە لە (نادیاربوونەكەیدا) وەكو ئەوە كە بۆ خوێندن چووبێت، یان بۆ حەج، یان بۆ بازرگانی، كاتی گەڕانەوەی بۆ دیاری ناكەن. بەڵام بەڕێز (زەیدان) دەڵێ: چونكە ژنەكە زیانمەند دەبێ بە (غەیبەت)ی پیاوەكەی، ئیتر بیبیانووی شەرعیی هەبێ، یانەیبێ، هەر دەبێ دیاری بكرێت بۆی، ئەوەیش ئەو پەسەندی دەكات، نابێ چوار ساڵ زیاتری پێ بچێت ئەگەر بۆ هەر كارێ چووبێت.. هەروەها لەسەر باسەكەی دەڕواو دەڵێ: دانانی چوار ساڵ مانای ئەوە نییە لە چوار ساڵ كەمتر نابێ، بەڵكو دەخرێتە بەردەستی ئیجتیهادی دادوەر، ئەگەر دادوەر بەلایەوە وابوو كە ئەو ئیشە ئەو بۆی چووە، ساڵێ زیاتری ناوێ، دەتوانێ مۆڵەتی ساڵێكی بۆ دابنێ.

ئینجا مەسەلەی ئەو كەسانەش كە پتر لە چوار ساڵ زیندان دەكرێن بەم شێوەیە دەبێ:،ئەگەر ژنەكە داوای (تەفریق)ی كرد، دادوەر لە ڕۆژی بڕیاری حوكمەكەیەوە ساڵێكی بۆ دیاری دەكات چاوەڕوان بێت،جا پاش ساڵەكە بڕیاری (تەفریق) دەدات.

ژنی پیاوی دیل و بەندكراو

(ئیبن تەیمیە) دەڵێ: (وحصول الضرر للزوجة بترك الوطء مقتض للفسخ بكل حال، سواء كان بقصد من الزوج أو بغير قصد، ولو مع قدرته وعجزه كالنفقة وأولى للفسخ بتعذره في الإيلاء

إجماعاً، وعلى هذا، فالقول في امراة الأسير والمحبوس ونحوهما ممن تعذر إنتفاع امرأته بـه اذا طلبت فرقته، كالقول في امرأة المفقود بالإجماع كما قاله أبو محمد المقدسی) بـه هـەر شێوەیەك ژن تووشـی ئـازاری دەروونـی ببـێ بـەهۆی دیلبـوونی مێـردەوە، یـان بـە هـۆی زیندانکردنیـەوە، ناتوانێ کەڵك لە مێردەکەی وەربگرێـت، کـەوابوو هـەر کـات داوای (تـەفریق)ی کـرد، چـوار سـاڵ چاوەنۆڕی بۆ دادەنرێ، جاپاش ئەوە دادوەر بڕیاری جیابوونەوەیان بۆ دەدات.

ئاخۆ سەرجێیی نەکردن لەگەڵ ژناندا دەبێتە هۆکاری (تەفریق)؟

ئەگـەر لـەبیرمابێت، کـەمێك پێـشتر ئـەو قـسەی (ئـیبن تەیمیـە)مـان باسـکرد کـە دەڵـێ: (وحصول الضرر للزوجة بترك الوطء مقتض للفسخ بكل حال، سواء كان بقصد من الـزوج أو بغير قصد، ولو مع قدرته وعجزه كالنفقة وأولى أي أولى من الفسخ لتعذر النفقة لعجزه منها وذلك للفسخ بتعذر الـوطء في الإيـلاء) الإختيـارات الفقهيـة ص٢٤٧. مەبەسـت ئەوەیـە کـە بـەڵێ سەرجێیی نـەکردن لەگـەڵ ژنـدا هۆکـارە بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی نیکـاحی ژنو مێـرد، هـەر وەکـو نەبوونی (نەفەقە) دەبێتە هۆکار بۆ هەڵوەشانەوەی نیکاح، بگرە سەرجێیی نـەکردن گـرنگترەو باشتریش دەبێتە هۆکار.

پوختەی مەزەبی (مالیکی) و (حەنبەلی)یەکان بۆ ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە کە: نەخەوتن لەگەڵ ژندا دەبێتە هۆکاری ئەوە کە ژن بتوانێت داوای (تەفریق) بکات.

تێبینی:

جیابوونـــەوە لەبـــەر (غەیبـــەت)ی مێـــرد – هـــەرکات دادوەر بڕیاریـــدا – بـــەلای (حەنبەلی)یەکانەوە دەبێتە (فسخ)، جیابوونەوەیەکیش بەهۆی نەچوونەلا بێت، بەلای (ئیبن تەیمیە)وە (فسخ)ـە، بـەڵام (مـالیکی)یـەکان دەڵـێن: جیابوونـەوە بـەهۆی هەرکامێکیانـەوە بێـت (تەڵاق)ـە، نە: (فەسخ).

تەڵاق لەبەر نەبوونی نەفەقەو ژیان

یەکـەم – حەنەفییـەکان دەڵـێن: ژنو پیـاو بـەهۆی نـەداریی و دەسـکورتییەوە لێکجـودا ناکرێنەوە، بۆ ئەم بۆچوونو ڕایەشیان (٧) بەڵگە دێننەوە (داخەکەم لێرەدا دەرفەت کەمە بۆ هێنانیان).

دووەم – جەعفەرییەکان: لە مەزەبە سەرەکییەکەیاندا دەڵێن بە هـۆی نـەبوونی (نەفەقە)وە ڕێ بە (تەفریق) نادرێ.

سێیەم – ظـاهریـەکانیش وەکـو حەنەفییـەکانن... بـەڵام ئـەمان بـە تـەنها ڕاوبۆچـوونێکی

جیاوازیـان هەیـە، کـە بـەدەر لـەوان کـەس ئـەو قسـەیەی نـەکردووە، لـە (المحلـی، ج١٠ ص٩٢ هاتووە: (فإن عجز الزوج عن نفقة نفسه، وامرأته غنية كلفت النفقة عليه، ولا ترجع عليه بشيء من ذلك إن أيسر...).

(برهـان ذلـك قـول الله عزوجـل: ﴿وعلـى المولـود لـه رزقهـن وكسوتهن بـالمعروف لا تكلـف نفس إلا وسعها لا تضار والدة بولدها ولا مولود له بولده وعلى الوارث مثل ذلك﴾. واتـە: نەفەقەی مێردی هەژارو دەستکورت، دەکەوێتە سەر هاوسەرە دەوڵەمەندەکەی.

(دکتۆر زەڵمی) دەڵێ: ئەم ڕاوبۆچوونە لەگەڵ شـەریعەتی ئیسلامدا زۆر لـەبارو گونجـاوە، داوا لـە یاسا نووسـەکانی جیهـانی ئیسلامیی دەکـەم، لـەکاتی نووسـینەوەی یاسـادا تۆمـاری بکەن‌و کاری پێ بکەن.

چوارەم – (ابن القیم) دەڵێ: ئەوی بگونجێت لەگەڵ یاساکانی شەریعەتی ئیسلامیدا – لەم مەسـەلەدا – ئەمەیـە ئەگـەر کـاتی خـۆی مێردەکـە ژنەکـەی لـە خـشتە بردبـوو کـە خـاوەن دەسەڵات‌و سەروەتە، ئەوا ئێستا لەم کاتی هەژارییەدا – کە بە هیچ شێوەیەك دەستی ناگاتـە ژیان – هەقیەتی دادوەر نیکاحەکە هەڵوەشێنێتەوە، خۆ ئەگەر بۆ دوایی هەژار کەوتبێت، یان هەر لە سەرەتاوە ژنەکە دەیزانی مێردەکەی هەژارە،ئەوە لەم کاتانەدا هەقی (فەسخ)ی نییە.

پێنجەم – جـەماوەری زاناکـان – بـەدەر لـە ئـەبوو حەنیفـە – رێ بـە (تـەفریق) دەدەن لەبـەر نەبوونی نەفەقەونەبوونی ژیانی ئاسایی بۆ ژنان، چونکە خودا دەفـەرمووێ: ((ولا تمـسکوهن ضرارا لتعتدوا)) یان دەفەرمووێ: ((فإمساك بمعروف او تسريح بإحسان)) واتە: بە خۆشی‌و دوور لە زیان‌و ناڕەحەتی، ژنان ڕابگرن، دەسا ئەگەر مێرد نـەبووبێ‌و نـەتوانێ ژنەکـە بـژێنێ، ئایا ئەو بارە خۆشی‌و گوزەرانە کە خودا داوای دەکات بۆ ژنان کامەیە ؟.

(ئەبوو زەنـاد) دەڵـێ: لـە (سـەعید بـن المسيب)م پرسـی: ئەگـەر پیاوێـك نـەتوانێ نەفەقـەی ژنەکەی بدات (تەفریق) دەکرێن؟ گوتی: بەڵێ.

دکتۆر (وەهبە زوحەیلی) دەڵێ: لەبەر بەهێزی بەڵگەکانی رای جەماوەری زاناکان‌و، لەبـەر لابردنـی زیـان‌و ناڕەحـەتی لەسـەر شـانی ژنـان – بـە هـۆی نەبوونییـەوە – ڕای جـەماوەر پەسەندو ڕەوایە.

دکتۆر (زەیدان) دەڵێ: دیارە ئـەم مەسـەلەیە، مەسـەلەیەکی ئیجتیهادییـەو دەقێکـی وانییـە ببێتە بنەما بۆی. کەوابوو دەبێ بگەڕێین چ بارێك لەگەڵ ڕۆحـی شـەریعەتدا دەگونجێت، ئـەوە هەڵبژێرین‌و کاری پێ بکەین.

خۆ بێگومان یە کێ لە بنەما بـەرزەکانی ئـەو شـەریعەتە دورخستنەوەی زیانـە لـە مرۆڤ بـە

گشتیی: ((لا ضرر ولا ضرار)). لەو لایشەوە یەکێ لە مەبەستە زۆر گرنگەکان لە پێکەوەنانی هاوسەر و خێزان لە ئیسلامدا، زۆربوونی (نەسل)و نەوەی ئایندەیەو ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی نێوان ژن‌و مێردە... هەژارییش خۆی بۆ خۆی هۆیەك نییە بێتە مایەی کەمکردنەوەی کەسێتی مرۆڤ لە تەرازووی ئیسلامدا، جا لەم سۆنگەیەوە دەرکەوت:

<u>یەکەم</u> — (تەفریق) بەهۆی نەبوونی (نەفەقە)وە مۆڵەتێکەو واجیب نییە کاری پێ بکرێت، شیاوی ئاماژە بۆ کردنە ئەم قسەیە زاناکان تێیدا یەك راو یەك دەنگن.

<u>دووەم</u> — شەریعەتی ئیسلام وای پێ باشە لەو حاڵەتی نەبوونی نەفەقەو دەسکورتی مێردەدا، ژنان خۆڕاگر بن‌و شان بەشانی پیاوەکەیان ڕێ بگرنەبەر، تابەڵکو لەلایەکەوە دەرگای خێریان لێ بکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەیش دەبێ دڵی پیاوەکەی بداتەوەو هاوکارێکی باش بێت بۆ ڕاگرتنی پەیوەندی ژن‌و مێردیی نێوانیان. شێخ حەسەنی (بەصری) دەڵێ: هەقە لەو حاڵەتەدا ژنەکە دڵخۆشی پیاوەکەی زۆر بکات‌ولە خوا بترسێ‌و خۆڕاگر بێ‌و پیاوەکەش چی لە توانایدایە بۆی بکات.

ئیمامی (زەهری)یش دەڵێ: ژنەکە ئاسانکار بێ‌و تەفریق نەکرێن، بۆ پشتگیری ئەو قسەیەش ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿لا یکلف الله نفسا إلا ما آتاها، سیجعل الله بعد عسر یسرا﴾ سوورەتی: الطلاق.

<u>سێیەم</u> — ئەگەر ژنەکە نەیتوانی ئارام بگرێ‌و قەبووڵی ئەو حاڵەتەی پێ نەکرا، مێردەکەش بۆ خۆی ئامادە نەبوو تەڵاقی بدات دەتوانێ کێشەکەی بەرزبکاتەوە بۆ دادوەر بۆ (تەفریق).

(دکتۆر زەڵمی)یش دەڵێت: مادەم پەیوەندی ژن‌و مێردیی لەسەر بناغەی خۆشەویستی‌و (مەوەددەت)ە، هەقە ژنان لە حاڵەتی نەبوونی‌و دەسکورتی مێرددا، بگرە لە هەموو خۆشی‌و ناخۆشییەکدا هاوبەشی پیاوان بن‌و بەشێك لە نەهامەتیەکانیان بۆ هەڵگرن، فەقیریش نرخ‌و ڕێزی مرۆڤ لەژیاندا کەمناکاتەوە، سەروەت‌و سامان شتێکە دێت‌و دەڕوات، خودا دەفەرموێ: ﴿فأما الزبد فیذهب جفاء وأما ماینفع الناس فیمکث في الأرض..﴾ رەعد/١٧. بۆیە ئەگەر ژنەکە دەسەڵاتی هەبوو پێویستە خەرجی بکات بۆ پیاوەکەی‌و ماڵ‌و منداڵی. خۆ ئەگەر هەردووکیان نەدارا بوون، دەبێ دەوڵەت لە بوودجەی گشتیی ژیانیان دابین بکات. وە ئەگەر مێردەکە دەیتوانی کار بکات، لەسەر دەوڵەتە کارێکی شیاوی بۆ پەیدا بکات.

بەڵێ.. کە بە بەڵگەی شەرعیی هەژاری مێردەکە چەسپا، ژنەکە دەتوانێ داوای جیابوونەوە بکات، بەڵام ئایا دەست بەجێ یا نا؟ ئایا بەر لەجیابوونەوەکە دادوەر چی دەکات...؟

بۆ وەڵامی ئەمە:

<u>یەكەم</u> – مالیكیەكان دەڵێن: هەر كات بێ توانایی مێرد – بەبەڵگەی شەرعیی، یان بە ئیقراری خۆی – دەركەوت، دادوەر ماوەیەك – كە خۆی بە شیاوی بزانێت – دیاریی دەكات، جا ئەگەر لەو ماوەیەدا نەفەقەی بۆ پەیداكرا ئەوە باشەو گرفت نامێنێ، خۆ ئەگەر هیچی بۆ پەیدا نەبوو و ماوەكەش بەسەر چوو، دادوەر تەڵاقێكی رەجعیی دەدات. وە ئەگەر هەژاری مێرد دەرنەكەوت نەبە بەڵگەی شەرعیی، نە خۆی پێ لێنا، دادوەر پێیدەڵێ: یان نەفەقەی بۆ پەیدا بكە، یان تەڵاقی بدە. جا ئەگەر هیچیانی نەكرد، پێی تەڵاق دەدات.

<u>دووەم</u> – شافیعیەكان دەڵێن: هەر كات ماف هەڵوەشاندنەوەی نیكاح بۆ ژنەكە چەسپا، واتە: پیاوەكە نەبوو و دەستكورت بوو و ژنەكەش بڕیاریدا – بەو حاڵەشەوە – هەر لەگەڵی بژی، ئیتر دەبێ پیاوەكە وەكو مرۆڤێكی دەسكورت، خەرج و نەفەقەی بكێشێ، بەڵام هەر رۆژێك دەوڵەمەند بوو، ژنەكە دەتوانێ نەفەقەی ئەو ماوەیەی لێوەرگرێتەوە، جا ئەگەر – پاش هەژاری و نەبوونی، ژنەكە هەر مانەوەی بڕیاردا، لەسەری نییە خۆی بدات بەدەست پیاوەكەیەوە، دەشتوانێ لە ماڵ بچێتە دەر بۆ كردو كەسابەت، چونكە خۆ بەدەستەوە دان (تەمكین) و لەماڵ دەرنەچوون لە بەرامبەر نەفەقەوە دانراون، جا كە نەفەقەی نەبوو هەقیەتی هەوڵی خۆی بداو خۆشی تەسلیم نەكات، بەڵام ئەگەر دەرچوو بۆ كار، دەبێ بەشەوا بگەڕێتەوە چونكە شەو كاتی ئیش كردن نییە... سەرەڕای ئەمانەش هەركات داوای (فەسخ) بكات، دەتوانێ داوای بكات.

<u>سێیەم</u> – زەیدییەكان دەڵێن: هەركات مێرد هەژار كەوت، فەرمانی پێدەكرێ بچێ كار بكات، جا ئەگەر تەمەڵی كردو نەچوو، یان توانای كاركرنی نەبوو... زۆربەی (زەید)یەكان دەڵێن: هەركات ژنەكە داوای (تەفریق)ی كرد، هەقی دەدرێتێ و دادوەر داواكەی وەردەگرێ و كاری لەسەر دەكات.

تێبینی:

لەم مەسەلەیەدا قسەی جەماوەری زاناكان كاری پێدەكرێ و رێ بە ژنەكە دەدرێ داوای جیابوونەوە بكات، هەتا تووشی زیان نەبێت.

ئەگەر بەدەست ئەنقەست نەفەقەی نەدەكێشا..!

سەبارەت بەو جۆرە تەسەروفاتانە، زاناكان بەم جۆرە دەدوێن و دەڵێن:

یەكەم – مالیكیەكان: لەو حاڵەتەدا مێردەكە دەسەڵاتی هەیە، كەچی سەرفی ناكات بۆ ژنەكەو

ژنەکـەش سـکاڵاکەی بردە لای دادوەر، جائەگـەر دارایـی هـەبوو، ئـەوا دادوەر فـەرمان دەکـات بـە مێرد نەفەقەی بکێشێ، ئەگەر حاڵەتی گۆڕاو چاك بوو، ئەوە باشە، ئەگینە پێی تەڵاق دەدات.

دووەم – حەنبەلیـەکان: ئەگـەر مێـرد لەگـەڵ بـوون و دەسـەڵاتدا نەفەقـەی ژنەکـەی نـەداو، ژنەکــەش ســکاڵای بــردە لای دادوەر، فــەرمانی پێــدەکات نەفەقــەی بکێــشێ،جا ئەگــەر فەرمانەکەی‌نەی بیست، بەندی دەکات، ئنجائەگەر چووە بەندیخانەوەو هـەر ملی ڕانەکێشا، دادوەر لــە ماڵەکــەی بەشــێك وەردەگــرێ و دەیکاتــە نەفەقــەی ژنەکــە... ئەگــەر ئــەوەیش سەرکەوتوو نەبوو ئەوسا تەڵاقی دەدات.

کـارکردن بـە بۆچـوونی (حەنبەلیـە)کـان پەسـەنترە بـۆ ئـەوە بـەڵکو وردە وردە پیاوەکـە بگەڕێتەوە تەڵاق پەیدا نەبێت.

نەبوونی نەفەقە لەبەر نادیاریی مێرد

وادەبێ مێرد نادیارەو هیچیشی بەجێ نە هێشتووە سەرف بکرێ بۆ ژنەکەی، ئایا لـە حاڵەتی ئاوادا ژنەکە دەتوانێ داوای (تەفریق) بەرزبکاتەوە بۆ لای دادوەر لەبەرئەوە نادیارە؟ یان دەبێ چاوەڕوان بکات هەتا دەگەڕێتەوە..؟ بۆ ئەو وەڵامە دەڵێین:

یەکەم – مالیکیەکان دەڵێن:

ئەگەر دەرکەوت ئەو مێردە نادیارە نەدارایـە... ژنەکـەیش داوای بەرزکردۆتـەوە بـۆ دادوەر بۆ تەفریق، ئەوە دادوەر ماوەیـەکی گونجاوو شیاوی بۆ دادەنێت، بەڵکو بگەڕێتـەوە، وەیـان نەفەقە پەیدا بکات بـۆی، شیاوی باسە دادوەر کاتێ ماوەی گەڕانـەوەی یـان نەفەقـەی بـۆ دیاری دەکات ڕێ وشوێنی نەزانێت، یان بزانێت، بەڵام ئەندازەی دە ڕۆژ ڕێگا دوور بێت، خـۆ ئەگەر نزیکتر بێت لەو ماوەیە، دادوەر نامەیەکی بۆ دەنێرێ: یان نەفەقەی بۆ بنێرێ، یـان بـۆ خۆی – دادوەر – تەڵاقی دەدات.

دووەم – شافیعیەکان: دەڵێن: هـەرکات مێـرد نادیـار بـوو، وە ڕێ وشوێنیشی نـەدەزانراو ماڵێکی نـەبوو سـەرف بکرێـت بـۆ ژنەکـە، لـەو حاڵەتـەدا بـە هـۆی نەبوونیـەوە مـاڤی فەسخ و هەڵوەشانەوەی نییـە، چونکە هێمـان دەرنەکـەوتووە ئـاخۆ وەکـو نادیـارە، لـە هـەمان کاتیـشدا نەدارایـە لـە نەفەقە، ئەگەرچـی قسەیەکی تریـان هەیـە دەڵـێ: مـادەم ئێـستا ژنەکـە نەفەقـەی دەست ناکەوێت، ئیتر دارا بێت، یـان نـەدار، لەمەسـەلەکە شـتێ نـاگۆڕێ و دەتـوانێ نیکاحەکـە فەسخ بکاتەوە (المهذب وشرحه).

سێیەم – حەنبەلیەکان:

ئەگەر مێردی نادیار شتێکی بە جێ نەهێشتبوو بۆ ژنەکە پێی بژی، وە هەروەکو بۆی نەدەنارد، لە هیچ لایەکیشەوە شتێك شك نەدەبرا قەرز بکرێ، لە حاڵەتی ئاوادا ئەگەر ڕێ وشوێنی دەزانرا، دادوەر ئاگاداری دەکات: یان بگەڕێتەوە، یان نەفەقەی بۆ بنێرێ، خۆ ئەگەر شوێنی نەدەزانرا، یان ناردی بە دوایدا نەهاتەوەو ماڵیشی نەنارد سەرف بکرێت بۆی، ژنەکەش سووربوو بۆ تەفریق، دادوەر بۆی فەسخ دەکاتەوە.

تێبینی:

١– پێویستە بەر لە بڕیاری (تەفریق)، دادوەر لە هەموو داوایەك بکۆڵێتەوە: ئا خۆ ڕاستە ئەو پیاوە نادیارە؟ ئاخۆ ماڵێکی بەجێ نە هێشتووە؟ ئاخۆ بریکارێکی دا نەناوە بۆ چاودێری نەفەقەی ژنەکەی؟ ئەوسا دەچێ بۆ تەفریق.

٢– ئەگەر پاش بڕیاری جیابوونەوەی دادوەر، دەرکەوت مێرد ماڵی هەیە، بڕیارەکەی دادوەر هەڵناوەشێتەوە، چونکە مادەم لەبەردەستا نەبووەو پێیان نەزانیوە وەکو نەبوو وایەو داوا لە ژنەکە ناکرێ خۆی ڕابگرێت.

٣– ئەگەر پاش بڕیاری جیابوونەوە، مێرد گەڕایەوەو چەسپاندی کە ماڵو نەفەقەی بۆ ژنەکەی بەجێ هێشتووە یان بۆی ناردووە... تەماشا دەکرێت: ئەگەر پاش تەفریقەکە مێردی نەکردبێتەوە، هەقە بچێتەوە لای مێردەکەی، خۆ ئەگەر مێردی کردبوویەوە، ئەوە لای ئەو مێردە نوێیەی دەمێنێتەوەو ناگەڕێتەوە لای مێردی یەکەمی نادیارو گەڕاوەی.

٤– لەهەموو ئەو حاڵەتانەدا کە ژنەکە مافی تەفریقی هەیە، پێویستە داوا بەرز بکاتەوە بۆ دادوەر بۆ تێبینی و بڕیار.

٥– ئەگەر لەکاتی نادیاری مێرداو لەکاتی جێنەهێشتنی نەفەقە بۆ ژنەکە.. کەسێك – دۆستو خزمی مێردەکەی بێت یان نا – گوتی: من نەفەقەی دەدەمێ بە خۆڕایی، یان بەهەر ڕێگایەکی تر... ئەگەر ژنەکە قبووڵی بکا و ددان بەخۆیدا بگرێت – ئەگەرچی منەتێکیشی تێدا بێت – باشترە لە داوای (تەفریق) و جیابوونەوە. دەتوانی بۆ هەموو ئەم خاڵانە (المفصل)موتاڵە بکەیت.

٦– هەر جیابوونەوەیەك لەبەر نەبوونی (نەفەقە) سەرچاوە بگرێت، هەریەك لە مەزەبەکان بەم جۆرە دەدوێن لێی:

أ– شافیعیەکان لە قسەیەکیاندا دەڵێن: (لیست هذه الفرقة طلاقا، بل فسخ). مغني المحتاج ج٣ ص٤٤٢. واتە: جیابوونەوەی وا تەلاق نییە، بەڵکو فەسخە.

ب- حەنبەلیەکان:

(إذا ثبت الفسخ بالعجز عن الوطء والضرر فيه أقل، لانه فقد لذة وشهوة يقوم البدن بدونه فلئن يثبت الفسخ بالعجز عن النفقة التي لا يقوم البدن إلا بها أولى/ المغني/٧/ج ص٥٧٦).

واتە: کە ڕێگە بدرێ بە هەڵوەشانەوەو (فەسخ) بە هۆی سەرجێیی نەکردن، بێ گومان لە کاتێ نەبوونی نەفەقە دا باشتر هەقە ڕێگە بدرێت.

ج- کە وابوو بە (فەسخ) ژمارەی تەڵاق کەم ناکات. واتە: ئەگەر بە نیکاحێکی تازە ژن و پیاوەکە یەکیان گرتەوە، دەبێتەوە خاوەنی سێ تەڵاق.. بەڵام ئەگەر بەر لە (فەسخ) یەك تەڵاقی خست، پاشان (فەسخ)یشی کردەوە، بۆ دواتر حەزیان لەیەك کردەوەو نیکاح کرایەوە لێی، پیاوەکە بەخاوەنی دوو تەڵاق دەبێ.. ئەمەیە جیاوازی نێوان ئەوەکە ئەگەر ئەو جیابوونەوە (تەڵاق) بێت، یان (فەسخ).

د- ئەگەر ئەو قسەیە هەڵبـژێردرا کە دەڵـێ: هەر جیابوونەوەیەك لەو جۆرە تەفریقەوە پەیدا ببێ، تەڵاقێکی ڕەجعیی پێ دەکەوێت، ئەوا بەر لەتەواوبوونی عیددەکە، ژنەکە دەتوانێ بچێتەوە لای مێردەکەی بێ نیکاحێکی تازە، یان بە نیکاحی تازە پاش بەسەرچوونی عیددە.

(کچ و کوڕی نابالغ) کاتێ بالغبوون دەتوانن جیاببنەوە

بۆ خستنە ڕووی ئەم باسەو ڕوونکردنەوەی، ڕاو بۆ چوونی جەماوەری زاناکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەدوێن:

حەنەفییەکان دەڵێن:

أ- هەر کات باوکێك، یان باپیرەیەك ژنی هێنا بۆ کوڕێکی (مێرمنداڵ)ی، یان کچێکی بچووکی نابالغی بەشوودا بە کەسێکی هاوکووف و هاوشانی کچەکەو، وەبە شیاوی خۆیشی مارەیی بۆ دانا (مهر المثل)، ئەو نیکاحە دادەمەزرێت، ئەگینە ناڕەواو نادروستەو دەبێ (تەفریق) بکرێن.

ب- ئەگەر غەیری باب و باپیرەئەو جۆرە نیکاحەیان (کوڕێکی مێرمنداڵ، ژنی بۆ هێناو مارەییەکی زیاد لە (مهر المثل) کردە مارەیی ژنەکە، یان کچۆڵەیەکی بەشوودا بە کەسێکی ناکفوو هاوشانی نەبوو و مارەییەکی کەمتر لە (مهر المثل)ی بۆ دانا بوو، نیکاحی ئاوا بۆ هیچ کامیان دانامەزرێت، خۆ ئەگەر کچۆڵەکەی لە هاوشانی خۆی مارەکردو مارەیی شیاویشی بۆ دانا..ئەو نیکاحە دادەمەزرێت، بەڵام کە بالغبوون دەتوانن نیکاحەکە هەڵوەشێننەوە.

ج- بـۆ (فەسـخ)و هەڵوەشـانەوەی نیکاحەکـە، پێویـستە داوا بەرزبکەنـەوە بـۆ دادوەرو مەبەستەکەی خۆیان.

تێبینی:

ئەگەر حاڵەتێکی ئاوا ڕوویدا - ئەگەرچی دەخوازین کە هەرگیز نە مێرمنداڵ ژنی لێ مارە بکـرێ، نـە کـچی نابـاڵغیش بـەمێرد بـدرێت - دەتـوانرێ کـار بـەم راوبۆچـوونی حەنەفییانـە بکرێو کێشەکەی پێ ببڕێتەوە.

دەکرێ تەڵاق بدرێتە دەستی ژنان؟

تەڵاق لە بنەڕەتدا دراوەتە دەست پیاو (خستن و نەخستنی بەدەست ئەوە) بەڵام هـەرکات ژن تووشـی ئـازارو عەزیـەت بـوو بەدەسـت پیـاوەوە (لـەوئازارو نارەحەتیانـە لەسـەرەوە هەندێکیانمان باسکرد) هەقی پێدراوە کێشەکەی بباتە لای دادوەر بۆ لێکۆڵینـەوەو (تـەفریق). سەرەڕای ئەوەیش زاناکان دەڵێن: هەرکات پیاو ژنەکەی ڕاسپاردو (واتـە:تـەخویل)ی کرد بە تەڵاقدانی خۆی، دەتوانێ هەرکات مەیلی بوو، بـێ بردنە لای قاضـی تـەڵاقی خـۆی بدات، بـۆ زێدە ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلە هێندێ لە قسەی زاناکان دێنین، بۆ نموونە:

یەکەم - حەنەفیی دەڵێن:

مێرد دەتوانێ چ لە کاتی (عەقد)ەکـەدا، چ لـەدوای عەقدەکە تـەڵاق بداتـە دەست ژنەکـەی، ژنـیش دەتـوانێ لـەکاتی مارەبڕینەکـەدا ئـەو مەرجـە دابنـێ.... وەبـەلای ئەوانـەوە (تـەفویض) واتە:تەڵاقدانە دەستی ژن، (تەملیك)ە، کەوابوو:

أ- مێرد پاش ئەوە تەڵاقەکەی دایە دەستی ژنەکە، بۆی نییە بڵـێ وا پەشـیمان بوومـەوە، مەگەر بەر لەوە کە ژنەکە خۆی تەڵاق بدات، پیاوەکە تەڵاقی بدات.

ب- ئەگەر لـەو جێگەیـەدا ژن وپیاوەکە هەڵسان و، ژنەکە تـەڵاقی خـۆی نـەدا، ئیتر هـەقی دەسووتێ، مەگەر (تەفویض)ێکی هەڵپەسێراوو ماوەدار بێت.

دووەم - شافیعیی، ئەمانیش لە مەسەلەی (تەفویض)دا دووقسەیان هەیە:

أ- لە قسەی کۆن و (قەدیم)یدا دەڵێ: (تـەفویض) (تـەوکیل)ـە... کـەوابوو دەتـوانێ پـێی بلێت: هەر کات سەری

مـانگ هـات خـۆت تـەڵاق بدە، ئیتر تەڵاقدانەکە (فەوریـەت)و دەست بـەجێی نـاوێ، وەکو حەنەفییەکان دەڵێن دەبێ (فەوری) بێت و تەفویز (تەعلیق) هەڵناگرێت.

ب- لـە قـسەو بۆچـوونی نـوێ و (جەدیـد)یـدا وەکـو حەنەفیـەکان بیردەکاتـەوە، واتـە:

(تـەفويـض) بـە (تـەمیلك) دادەنێت، کـەوابوو دەبـێ دەسـت بـەجێ خـۆی تـەڵاق بـدات، ئەگینـە پیاوەکە دەتوانێ پەشیمان ببێتەوە. جا ئەگەر بە پێی مەرجەکان خۆی تەڵاقدا، یەك تـەڵاقی بـە ڕەجعیـی دەکـەوێت، بەمـەرجێ بەرلـەوە سـەرجێیی لـە گـەڵکردبێ و ئەوتەڵاقـەش یەکـەم تەڵاقی بێت.

سێیەم — حەنبەلی:

حەنبەلیەکانیش دووڕایان هەیە وەکو شافیعیەکان لەگەڵ هێندێ شیکردنەوەدا.

چوارەم — جەعفەریی: جەعفەری یەکانیش سێ ڕایان هەیە:

أ- تەڵاق هەر بەدەستی پیاوە، بە بەڵگەی ئەوە کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وآله وسلم) دەفەرمووێ: ((الطلاق بيد من أخذ بالساق)).

ب- پیاو دەتوانێ ژنەکەی بکاتە (وەکیل)ی خۆی بۆ تەڵاقدانی خۆی.

ج- ڕێ بە (تەفویض) دەدەن.

پێنجەم: ظاهریی:

تەفویض بەلایانەوە نادروستو ناڕەوایە.

یاسای باری کەسێتی عێراقیش دەڵێت: (الطلاق رفع قيد الزواج بإيقاع من الزوج أو من الزوجة إن وكلت به او فوضت او من القاضي. ولا يقع الطلاق إلا بالصيغة المخصوصة له شرعاً). واتە: تەڵاق بریتییە لە لابردنی پەیوەندی ژنو مێردیی، لەلایەن مێردەکەوە، یان لە لایەن ژنەکەوە، بەو جۆرە کە ژنەکە کرابێ بە (وەکیل) لەلایەن مێردەوە، یان تەڵاق درابێتە دەستی، یان قاضی بیدات.

صیغەو شێوەی داڕشتنی (تەڵاق) سێ جۆرە

یەکەم — تەڵاقی (تەنجیز)ە، واتە: گوتنی، یان هێنانی دەستەواژەیەك لەلایەن مێردەوە بۆ جودابوونەوەو تەڵاق، وەکو گوتنی: (أنت طالق = واتە: تۆ تەڵاقت بکەوێت)).. بەڵێ تەڵاقی ئاوا، دەستبەجێ دەکەوێ، بەمەرجێ لقەکانی تری تەڵاق بێتە دی. چونکە تەڵاق بۆ کۆتایی هێنانە بە کێشەیەك لە نێو ژنومێرددا سەر هەڵدەدات، کەوابوو (تەنجیز) بناغەو بنەمایە لە کەوتنی تەڵاقدا. هەر لەم ڕووەوەیە کە هێندێك لە زاناکان دەڵێن: بەدەر لە تەڵاقی (تەنجیز)،هیچ تەڵاقێکی تر ناکەوێت.

دووەم — تەڵاقی (تەعلیق)ە هەڵپەسێراو. ئەمەیش بەوە دەبێ کە مانای (أنت طالق) ببەسرێ بەشتێکی ترەوە، بۆ نموونە: بڵێ: (إذا جاء رأس الشهر فأنت طالق) واتە: هەرکات

سەری مانگ هات تۆ تەڵاقت بکەوێت.

سێیەم – هەڵپەسێراو بە سوێند (التعليق الحلفى):

مەبەست بەم سێیەمەش ئەوەیە کە تەڵاقخۆر هانی خۆی، یان ژنەکەی، وەیان هەر کەسێکی تر دەدات بۆ کردنی کارێك، یان بۆ نەکردنی، واتە: بەدەر لەوە هیچ مانا و مەبەستێکی تر لە دڵیا نییە، بۆ نموونە دەڵێ: (بالطلاق لأفعلن كذا). یان (يلزمني الطلاق إن لم أفعل كذا) یان بە هەربێژەو شێوازێك لەناو کۆمەڵگەدا باوە.

جا بۆ دەرکەوتنی ئاسەواری شەرعیی لە (تەعلیق)ی رووتدا (التعليق المحض) چەند راوبۆچوونێك هەیە:

رای یەکەم – دەڵێ: تەڵاقی (منجّز) نەبێ، هیچ تەڵاقێکی دی ناکەوێت، وە ئەم راو بۆچوونەش هی ئەم بەڕێزانەیە: جەعفەریی، ظاهریی، (ئەبوو عبد الرحمن)ی شافیعی، هەروەهابڕێك لە حەنبەلییەکان، وە (ئەشهەب)ی مالیکی، تەنانەتی دەڵێن ئەمە راوبۆچوونی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)یشە، وە قاضی (شریح، عیکرەمە، عەتا، ئەبوو ثور)یش ئەو قسەیانە پەسەند کردووەو کاریان پێکردووە.

لە کتێبی (الخلاف فى الفقه للطوسى) هاتووە: (لا يقع الطلاق إن علقه بشرط من الشروط أو بصفة من الصفات المستقبلة فإنه لا يقع أصلا لا في الحال ولا في المستقبل حين حصول الشروط والصفة).واتە: کەوتنی هەر تەڵاقێك ببەستری بەمەرجێکەوە، یان بەسیفەتێکەوە، تەڵاقی وا هەرگیز ناکەوێ. بۆ ئەمەیش (٥) بەڵگەی هێناوەتەوە (ئێمە لەبەر درێژبوونەوەی باسەکە نەمان نووسین).

لە کتێبی (المحلى لابن حزم الظاهري: ٢١٣/١٠) بۆپەشتگیری ئەوە کە دەڵێن: تەڵاق تەنها بە (صیغە)ی (منجّز) دەکەوێت – هاتووەو دەڵێ: (لا يقع الطلاق إلا منجّزا فمن علق طلاقه على شرط أو إضافة إلى زمن فهو باطل..) بۆ ئەمەیش چەند بەڵگەیەکیان هەیەو لە رێ وشوێنی خۆیاندا باسیان کردوون.

(إبن القيم) لە (إعلام الموقعين – ١٠١/٤)دا دەڵێ: (قال بعدم وقوع الطلاق المعلق مطلقا). وە (أبو عبدالرحمن أحمد بن عبد العزيز) وهو من أجل أصحاب الشافعي) واتە: (ئەبوو عبدالرحمن)یش کە پیاوێکی بەڕێزی بەرزی شافیعیەکانە دەڵێ: هەرگیز تەڵاقی (تەعلیق) ناکەوێت !.

(ئەشهەب) کە زاناترینی مەزهەبی ئیمامی مالیکە (قال على الإطلاق بعدم وقوع الطلاق المعلق) دەڵێ ئەگەر ژنەکەلە بەرئەوە (معلق عليه)کە بکات تەڵاقەکە بکەوێت، هەرگیز ئەو تەڵاقی (تەعلیق)ـە ناکەوێت.

(حەنبەلی)یـەکان: ئـەو قسەی (ابن تیمیـه)و(ابن القیم)ـەیان هەڵبـژاردووەو پەسـەندیانە کـە دەڵێ: (لا يقع الطلاق المعلق إن قصد به الحمل على فعل شيء أو تركه.. (مجموعة فتاوي ابن تيمية٣٣/٢٢٣). واتە: ئەگەر مەبەست لە تەڵاقی (معلق) هانـدان بێت بۆ کردنـی شتێك، یـان بۆ نەکردنی، ناکەوێت. ئەمانیش بەڵگەی بەهێزیان هەیەو لە شوێنی خۆیدا باسکراوە. سـەرەڕای ئەوانەش دەڵێن تەنها (تەڵاقی منجّز) پەسـەندە لای قورئان، چونکە دەفەرموێ: ﴿یاأیُها النبي إذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن...﴾ واتـە: ئـەی پێغەمبـەر! هـەرکات دەتانـەوێ ژنان تـەڵاق بدەن، لەکات وساتی عیددەیاندا تەڵاقیان بـدەن، بۆ ئـەوە ئەونـد ماتڵ نـەبن، لـە مێرد کردنـەوە ئەگەر بیانەوێ مێرد بکەنەوە، بێ گومان کاتێ ئەم داوایە جێبەجێ دەبێ و، کاتێ ماتڵ نابن کـە تـەڵاق (منجـز) ێ، ئەگینـە ئـەو داوایـە نەهاتۆتـە جـێ، بۆیـە تـەڵاقی (معلـق) بـە ناپەسـەند دادەنێن و ڕەتـی دەکەنـەوەو هـیچ (ئاسـەوار)ێکی لـێ پەیدا نابێت، لـەم مەسەلەیەشدا (عـەلی کوڕی ئەبوو تالیب)و قاضی(شریح)و طاووس و ئەبوو ثور) یەك ڕەنگن.

دووەم – دەڵـێ: (تـەعلیق) هـیچ شـتێکی لێناوەشـێتەوە، بۆیـە دەسـت بـەجێ تەڵاقەکـە دەکەوێ، ئەمە ڕیوایەتێکی (ئیمام مالیك)و ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێکیشە لـە (تـابعین)و مـەزەبی (الإباضية)کان، چونکە بەلای ئەوانەوە ئەگەر نەکەوێ دەبێ نیکاحی کاتیش ڕەوابێت، خـۆ ئەمـەش ناڕەوایـە. لـە جێگـەی خۆیـدا هەریـەك لـەم ڕاوبۆچـوونانە زیـادە شـیکردنەوەیەکی تێدایە، لەبەر درێژنەبوونەوەی باسەکە بۆمان نەکرا بینووسین.

سێیەم – کەمەزەبی (حەنەفیی)و(شافیعی)و جەماوەری حەنبـەلیو (زەیـد)یەکانە دەڵـێ: مێرد ئازادیی تەواوی هەیە لە هەڵبژاردنی بێژەی تەڵاقی (تەنجین) یان (تەعلیق)دا، کە وابوو تەڵاقی (معلّق) بە هاتنـە دی (معلق عليه) کە دەکەوێ. هەریەکەشیان لـە کتێبـە فیقهیەکانـدا بەڵگەیان هێناوە.

دکتـۆر (زەلمـی) دەڵێت: سـەرەڕای ئـەو هـەموو ڕاوبۆچوونو بەڵگانـەو لێکۆڵینـەوە لێیـان، گومـانی بـەهێز لەوەدایـە کـە هـیچ (فەقیـە)یێك بەڵگەیـەکی (قطعیي) بۆ دروسـتی (تـەعلیق)و نادروستی نییە.

الحلف بالطلاق/ سوێند بەتەڵاق

کابرایەك بڵێ: (بالطلاق أفعل كذا) یان (.. لا أفعل كذا) واتە:بە تەڵاقم ئەوکارە دەکەم، یـان نایکەم، لەکەوتنو نەکەوتنی تەڵاقی ئاوادا، لەناو (سەلەف)و (خەلف)دا – وەکو لە (مجموعة فتاوي ابن تيمية/٣٣/٢١٥)هاتووە، (٣) ڕا هەیە:

یەکـەم – (حەنـەفیی و مـالیکی و شـافعی و هێنـدێ حەنبـەلی و زەیـدی یـەکان دەڵـێن: هـەر کات کارە(محلوف علیه) یەکەی کرد، یـان نـەیکرد، تەڵاقەکـەش دەکـەوێ.. بـەڵام زاناکـانی تـر چوون بە گژیاندا، چونکە:

– نەسوێند هەیەو نە ئیجماع بۆ چەسپاندنی ئەو داوایە.

– سوێند بەغەیری (زات)و (صیفات)ی خودا دانامەزرێت.

دووەم – نەتەڵاقی پێدەکەوێو، نەکەفارەتیشی هەیە.

ئەم راوبۆچوونەش دراوەتە پاڵ (عەلی کوڕی ئەبوو تالیب)، وە قاضـی (شـریح و طـاووس و عیکرەمــە)ش پەســەندیان کــردووە، هــەروەك بۆتــە مــەزەبی (جەعفــەریی)و (ظــاهیري)و (ئیباضیە)ش. شیاوی ئاماژەیە هەر کەس لە جێگەی خۆیدا بەڵگەی خۆی هێناوە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا پێویستە جیاکردنەوەیەك هەبێ:

١– ئەگەر (صیغە)کە، صیغەی سوێند بوو، وەکوبڵێ: (بالطلاق أفعل كذا أو لا أفعله) دەبێ بڕیار بدرێت کە هیچ تەڵاقێکی پێناکەوێت، بەڵام کەفارەتی سوێندێکی دەکەوێتە سەر.

٢– ئەگـەر بـە صـیغەی (تـەعلیق) بوو،وەکـو ئـەوە بڵـێ: (إن ارتكبـت جريمـة الزنـا... فأنـت طالق) ئەوە هەرکات (معلّق علیه) هاتەدی، تەڵاقەکەش دەکەوێ، ئەگەر مەبەسـت لـەو ڕسـتەیە تـەنها هانـدانی ژنەکـە بووبـێ بـۆ دوورکەوتنـەوەی لـە کـاری تـاوان، ئـەوە تـەڵاقی پێناکـەوێت، ئەمەش هەڵبژاردەی (ئیبن تەیمیە)یە.

تێبینی:

یاسای عیراقیش لەم مەسەلەیەدا رای جەعفەریوظاهرییـەکانی وەرگرتـووە، بۆیـە دەڵێت: ((لا يقع الطلاق غير المنجّز أو المشروط أو المستعمل بصيغة اليمين))(م٣٦).

* شـێخی (ئەزهـەر – محمـود شـلتوت) خـوا لێیخـۆش بـبێ لـە کتـێبی (الإسـلام شـريعة وعقيـدة) دەڵێـت: (واذن فـالطلاق الـثلاث في كلمـة واحـدة، لا يقـع إلا ((واحـدة)) وكمـا رسـم الإسلام في الطلاق التفريق على هذا الوجه، وجعل الجمع لغوا، لا يقع به شيء، كذلك رسم فيه ان يكون منجّزاً أي موقعاً بالفعل، ليس معلقا علـى شـيء بفعل منـه أو منهـا، كـأن يقـول: ((إن فعلت كذا فأنت طالق)). وكذلك رسم فيـه ألا يتخـذه يمينـاً علـى شـيء يفعلـه أو لا يفعلـه، كـأن يقول علـى الطـلاق أن هـذه السلعة بكـذا، أو امرأتـي طـالق، اذا لم تكـن السلعة مـن نـوع كـذا، وهكذا من الأيمان التي تجري بين الناس وهم في أسواقهم ومجتمعاتم، دون أن يكون لزوجـاتهم شأن بها، وكذلك رسم أن يكون الطـلاق في طهـر لم يمسها فيـه، فـإذا طلقهـا في طهـر مسها فيـه فإنه يكون لغوا ولا تأثير له على الحياة الزوجية، وكذلك إذا طلقها في غير طهر)).

ئەوە ڕاوبۆچوونی ئەو بەڕێزەش بوو لەو مەسەلەیەدا، بەندەش بێ دەسکاری و وەرگێڕان دامناو وازم لێهێنا، دیارە راوبۆچوونی ئەمیش وەك راوبۆچوونی زاناگەلێکی پێشخۆیە، هیوادارم بەڕێزەوە سەیری تەواوی ڕاوبۆچوونەکان بکرێت، چونکە مەسەلە گەلێکی (ئیجتیهاد)ین و موسڵمانان بە پێی کات و شوێن و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەتوانن سوودیان لێوەرگرن، شیاوی ئاماژە بۆ کردنیشە (بەندە)ش بە نیازی ئەوەوە ئەو ڕایانەم هێنا کە بواری خستنی تەلاق و (تەفریق) و جیاکردنەوەی خێزان، تەسك بکرێتەوە و لەهەریەك لەو راوبۆچوونانە بۆ پیاوی خۆی و بۆ ڕێ و شوێنی خۆی،کەڵك وەربگیردرێ.وەکەسیش تاوانبار نەکرێ بە گومڕاو سەرلێشێواو، چونکە هیچ زانایەك ناتوانێ مل ڕانەکێشێ بۆ دەقێك لە ئایەت و فەرموودەکان ئەگەر ببێ وقەطعیی بێت، بۆیە ڕاوبۆچوونەکانیشیان لێك جیاوازن.

تەلاق بەدەست کێ بێت باشە..؟

مەسەلەی تەلاق – کە دراوەتە دەست پیاو – لای ئەوانە کە فرمیسکی تیمساحیی دەڕێژن بۆ ژنان، بۆتە کێشەیەك و بەستەم و ناهەقیی دەدەنە قەڵەم، چونکە دەڵێن هەقە بدرایەتە دەست ژنان بە تەنها، یان دەستی ژن و پیاو، وە هەردوولا بڕیاریان تێیدا هەبا... جابۆ وەلامی ئەو بۆرە گلەیییە دەڵێین:

أ- مارە کردن و تەلاق لە کۆمەڵگای پێشووشدا لەسەر باوونەریتی (فیطرەت) ئەنجامدراوە، واتە: هەر نێرینە چووە مێینەی خواستووە، هەرگیز ژن نەچووە پیاو بخوازێ، جا ئیسلامیش بەپێی ئەمە بنەمای تەلاق و جیابوونەوەی داناوە و ماف تەلاق و جیابووەنەوەی داوەتە دەست پیاوان.

ب- زەواج – بەپێی باوو نەریت – جۆرە ئالو وێڵێکی ماڵ و دارایی تێدایە و دراوە بەسەر شانی (زەوج)دا، بەدەر لە نەفەقەی ژن و منداڵەکان کە پەیدای دەکات. ئەگەر باوونەریت ئاوا بێ و ئەو هەموو خەرج و باجە بە مێردەکە بکرێ...، کەی ڕەوای هەقە بۆکاتی دەست لێهەڵگرتنی هیچ حیسابێك بۆ پیاوە نەکرێ و هەمووشتێك تەسلیم بە ژنەکە بکرێت کە دینارێکی خەرج نەکردووە لەو (زەواج)ـەدا ؟ جگە لەوەیش ئەو سەرف ماڵ و دارایییە لەو ڕێگەدا، وا دەکات کە پیاوەکە صەبرو ئارامی زیاتر بێت بۆ قبوڵکردنی هەڵچوونەکانی ژنان و بەئاسانی خێزانەکە هەڵنەوەشێنێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر لەو حاڵەتەدا بدرێتە دەست ژنان.

ج- لای هەموان ئاشکرایە کە ژنان – بە پێی سروشتیان – زووتر لە پیاوان لەبەردەم ڕووداوەکاندا هەڵدەچن و تێکدەچن، دیارە ئەگەر تەلاق بدرێتە دەست کەسێك ئەوە خووی

بێت، بێگومان زۆر زوو بڕیاری جیابوونەوە دەداو ماڵو حاڵ وێران دەکات، ئەمەش لەگەڵ لە ئوممەتانی بەر لەئیسلامدا تاقیکراوەتەوە، بەڵام ئەنجامەکەی جەحەننەمو واوەیلابووە.

١- با تەنها بەدەست پیاوان بێت:

ئەم بارەشیان هەر ناکرێت، چونکە گەلێ جار حاڵەتو قۆناغی تاڵو تفتو نالەباری وا بەسەر ژیانی ژنومێردیدا دێت، ئەگەر هەروا بمێنێتەوە زیان بە ژیانی ژنەکە دەگەیەنێتو بەرژەوەندییەکانی دەسووتێن... بۆ نموونە: پیاوەکە ملدەنێ بەشارانداو ئاوڕێك بەلای ژنەکەدا ناداتەوە، یان وەکو خەڵکانی هاوشان نەفەقەی ناداتێ،یان پیاوەکە حاڵەتێك تووش بووە، گوزەرانکردن لە گەڵیا مەرگەساتە... تاد. جا ئەگەر تەنهاوتەنها هەق بەلای پیاوەوە بێت بۆ تەڵاق دان، ئەوا ئافرەتەکە لەدەیان حاڵەتدا دەبێتە قوربانی داخوازیو تۆڵەی پیاوانو ڕزگاری نابێت.

بۆیە نابێت تەڵاق تەنها بەدەستی پیاویش بێت، بۆیە ئەگەر کەمترین هۆکار بۆ تاڵکردنی ژیانی ژنەکە لە پیاوەکەوە سەریهەڵدا، لەئیسلامدا ژنەکە ڕێنمایی کراوە بچێت بۆ دادگاو سکاڵانامە بنووسێت بۆ جیابوونەوەو تەڵاق، ئەوکات دادوەریش پاش تەماشای سکاڵانامەکەو لێکۆڵینەوەو تاوانبارەبوونی مێرد، (تەفریق)یان دەکات، پیاوەکە ڕازی بێت، یان نا!.

٢ – بەدەستی ژنو پیاو بێت:

بەڵێ لە ئیسلامدا دران بە تەڵاقێکدا دەنرێت بە ڕێکەوتنی هەردوولایان بێت، ژنو پیاوەکە پێکبێنو بڕیاری جیابوونەوە بدەن، وەکو لە شێوەی (خولع)دا... بەڵێ لە شێوازی خولعدا – پاش ئەوە کە ژنەکە ناتوانێ بەهەر هۆکارێکەوە بێت لەگەڵ پیاوەکە بژی – جا لەبەرامبەر بژاردنی زیانەکانی پیاوەوە کە لە پێناو بەیەکگەیشتنی ئەودا تووشی دەبێت، (عیوەض)ێك بە پیاوەکە دەداتو جیادەبنەوە.

٣ – لەدادگادا تەڵاق بدرێت:

ئەم حاڵەتی چوارەمە لای (مووسایی)و (عیسایی) پەیڕەوە.. لای ئەوان ژنو پیاو تا نەچنە بەردەم دادگای تایبەت بەباری کەسێتی ژن و پیاوەوە، تەڵاق ناکەوێت ! بەڵام ئیسلام لەبەرچەند هۆکارێکی خراپو ناشیرین کەلە بەردەم دادگادا ئاشکرا دەبن و دەدرکێنرێن، ڕێگە بەوە نادات کە تەنهاو تەنها تەڵاق دەبێ لەبەردەم دادگادا بێت، لەوانە: حاڵەتێکی دزێوو قابیلی نەدرکاندن لەبەردەم دادگادا، یان لای (پارێزەر)، ئەگەر بخرێتە روو لەوانەیە ژنو پیاوەکە، یان یەکێکیان یان کەسو کاریان تووشی نەنگولەنگی کۆمەڵگە ببن، بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەی ئەخلاقی بێت... سەرەڕای ئەمەیش، دەکرێ ناکۆکی ژنو پیاو

هەندێ حاڵەتی وابێت، نەتوانن بەبەڵگە بیسەلمێنن، بەڵکو دەبێ لەدەرەوەی دادگا ڕێیان پێ بدرێت چۆن جیادەبنەوە..؟.

٤ – بدرێتە دەستی پیاوو فورسەتیش بەژنەکە بدرێ لەکاتی پێویستیدا:

لەئیسلامدا ئەم خاڵی چوارەمە هەڵبژێردراوەو تەڵاق دراوەتە دەستی پیاوو، لەهەموو حاڵەتێکی ناڕەحەتو تاڵی ژیانی ژنەکەشدا فورسەتی بۆ دانراوە خۆی ڕزگار بکات لای دادگا، چونکە وەك لە پێشەوە گوتمان مادەم نەفەقەو مارەیی و هەموو پێویستییەکانی (زەواج) خراوەتە ئەستۆی پیاوەکە، هەر ئەویش دەتوانێ بەرامبەر بە پاراستنی ئەو ماڵو دارایی خۆیەوە پەیوەندی ژنو مێردی بپارێزێ و، لەبەر کەمتر هۆکار بڕیاری جیابوونەوە نەدات، خۆ ئەگەر توانای نەبوو وگەیشتە بڕیاری (تەفریق)، هەقە پیاوەکە، ئەو بڕیارە بدات، لە پێشەوە باسمان کرد کە هەر شتێك – لەلایەن پیاوەکەوە – کەرامەتی ژنەکە بریندار بکات، یان زیان بەجەستەو دروستیی، یان نەفسییو دەروونی بگەیەنێت، هەقیەتی داوا بەرز بکاتەوە بۆ تەفریق، سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگانەش، کاتێ ئەوروپا تەڵاقی خستە دەستی ژنو پیاو وەکو یەك، دەرەنجام ئاژاوەو کێشەیەکی زۆری لێکەوتەوەو ژمارەی تەڵاقو جیابوونەوە چووە لووتکە.

باوونەریتی چاخە کۆنەکانی پێش ئیسلام سەبارەت بەتەڵاق

یەکخستنی ژنو پیاو وتەمەنێك پێکەوە ژیانیان، بێگومان یاساو ڕێسایەکی گرنگی دەوێ، بۆیە بەر لە مارەکردن، کۆمەڵێ هۆکاری قەشەنگ و پەسەند دادەنرێ بۆ کچو کوڕ، بۆ ژنوپیاو، ئەگەر بیانەوێ پێکەوە – وەکو ژنو مێرد – بژین، بەتایبەتی لە ئیسلامدا، بێگومان لەناو گەلانی بەر لە ئیسلامیشدا، هەر یەکە یاساو ڕێسایەکی خۆی هەبووە، بۆ سەرەتای نیکاح ودەست پێکردن، وە بۆ کاتێکیش بیانەوێ لێك جیاببنەوە، بۆ نموونە:

یەکەم – وادی الرافدین – دۆڵی رافیدەین:

هەر لەسەردەمی (سۆمەر)یەکانەوە – کە (٤٠٠٠) هەزار ساڵ پ.ز لە باشووری عێراقدا نیشتەجێبوون – تەڵاق هەبووەو بەپێی ئەو سەردەمە کاری پێکراوە.

تەڵاق لای ئەوانیش سنوورێکی هەبووە، واتە: هەموو شتێك بەدەست ژنو پیاوەوە نەبووە تا هەرکات ویستبێتیان کۆشکی خێزان بڕووخێنن، ئەوەش بۆ ئەوە تا بەشکو دەرگای تەڵاق تەسك بکرێتەوەو ئەوەند جیابوونەوە پەیدا نەبێت، هێندێ جاریش – لەبەر ئەوەبوو – بێ بەزەیی و بێ ڕەحمی بەرامبەر بەژن کراوە ! بۆ نموونە: لە ماددەی (١٤٢، ١٤٣)ی یاسای (حامورابی)دا هاتووە: ((إذا کرهت الزوجة زوجها وقالت لە: أنت لست

زوجـي)) علـيهم أن يلقوهـا في النهـر) واتـه: هـەركات ژنێـك، مێردەكـەی خـۆش نەویـست و پێیگووت: ((تۆ مێردی من نیت)) دەبێ ئەو ژنە فڕێ بدەنە ڕووبارەوە! بەلام دەبێ:

أ- ئەو بڕیارە دادگا بیدات.

ب- ژنەكە كارێكی وایكرد بێت، شەرەفشكێنی مێردەكەی بێت.

لە مادده (٦)ی تەختەی حەوتی زنجیرەی (انا ایتشو) پێشوو هاتووە: ((إذا قال الـزوج لزوجته: (أنت لست زوجتي)) هەركات مێرد بەژنەكەی گوت: ((تۆ ژنی من نیت)) ((فعليه أن يدفع نصف المنا)) پێویستە لەبەرامبەر ئەو قسەوە نزیكەی (٥٠٥) گرام زیوی بداتێ.

(ول دیوارنت) دەڵێ: سومەریەكان لە ژنانیان دەویست منداڵو نەوەی زۆر بخەنەوە بۆ پیاوانو دەوڵەت! خۆ ئەگەر نەزۆك بووبا، مێرد دەیتوانی تەلاقی بدات، ئنجا ئەگەر ژن حەزی نەكردبا ببێتە دایكو ئەركەكانی دایك جێبەجێ بكات، لە ئاوا نقوومیان دەكردو دەیانكوشت !. وە هەروەها ناوبراو دەڵێ: نەزۆكی ژنو داوێن تەڕیو ڕێك نەكەوتنی لەگەڵ مێردو، بەدڕەوشتیو شپرزەیی لە كاروباری ماڵدا... هەریەك لەمانە لای یاسا، ڕێ بەتەلاق دەدەن.

دووەم – لە یاسای (ئورغو – كە ساڵی ٢١٠٣ – ٢١١١ پ.ز ژیاوە – تەلاق ڕەها نەبووە، واتە: بەئارەزووی ژنو پیاونەبووە چۆنیان ویستبێت وابووبێ، بەلام ئەو شتانە كە دەبوونە مایەو هۆكاری تەلاق ڕۆشن نین چین.. خۆ لەگەڵ ئەوەشدا ددان بەوەدا دەنێ، كە ئەگەر ژنێك بێ هۆو تاوان تەلاق درا، دەبێ دەسەبەری ئەندازەیە ماددەی بۆ بكرێت، شیاوی ئامـاژە بـۆ كردنە لەوئەندازە ماددەیەدا كە لەبەرامبەر تەلاقەكەوە دەدرێ،جیاوازی لە نێوان كچو بێوەژنداهەیە، واتە: ئەو ژنەی یەكەمجارە تەلاق بدرێت، (٥٠٥)گرام زیوی دەدرێتێ، ئەوەیش دووەم جاریەتی تەلاق بدرێت، نیوەی ئەوی دەدرێتێ.

ڕوونكردنەوەیەك:

لە یاسای كۆنی ژنو مێردی عێراقیدا، ئەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕەچاو دەكران:

یەكەم – دەبێ باوكو دایكی ژنەكە بە شووكردنەكە ڕازیبن.

دووەم – زاوا ئەهلیەتی ژنو مێردی هەبێ.

سێیەم- (زەواج)ـە كە بەم شێوەی لای خوارەوە تۆمار بكرێت:

أ- ناوی هەردوو ژنو مێردەكە لە گرێبەستەكەدا تومار بكرێت.

ب- مارەییەك دیاری بكرێ بۆ ژنەكە.

ج- ناوی شایەتەكانو مێژووی (عەقد)ـەكەی تێدا بنووسرێت.

د- مێرد سوێند بخوات كە (إلتزام) بەیاساو ئوصولی ژنو مێردییەوە بكات.

هـ- هەرکامێکیان حاشاو نکوولّی لە ژن و مێردی بکات، سزاو تۆڵە بدرێت.

سـەرەڕای ئەمانـەش لـە یاسـای (اشـنونا)ی ژن و مێرديـدا هـاتووه: کـە ئەگـەر پیاوێك بـێ پـرس و را بـە بـاوك و دايکـی ژن، چـوو مـارەيکردو هـيچ مـۆرو ئيمزايـەکی ئـەوان لەسـەر (عەقد)ـەکە نەبوو، ئەو (زەواج)ـە بە کارێکی ناشەرعيی وناپەسەند دەدرێتە قەڵەم.

سێيەم – لەياسای (لپيت عشتار – کە پێنجەمين پاشای زنجيرەی پاشاکانی (ايسن)ـەو سـاڵی ١٧٩٤ ــ ٢٠١٧ پ.ز ژيـاون – زەواج رەهـاو (مطلـق) نييـە، بـەڵکو سـنورو ميزانێکـی هەيـە، وە لـەو ياسـايەدا (خەيانـەت)ی مێـرد واتـە: دەسـت تێکـەڵکردنی لـە گـەڵ ژنـانی تـردا، دەبێتە هۆکارێك ژنەکە بچێ داوای تەلاق بکات لای دادگا.

بەڵام (سك و زا نەکردن) ناکاتە هۆکاری تەڵاق وجيابوونەوەی پياو لەژن، هەروەك ڕێگەش بە پياو نادات تا ئەو ژنە لە ژياندا بێت، بچێت ژنێکی دووەم مارە بکات. هەر وەك ڕێگەش بە مێـرد نـادات، بـەهۆی تووشـبوونی ژنەکەيـەوە بەهـەر نەخۆشـييەکی سـەرجێيی و درێـژ خايەنـەوە جيابێتـەوە لێـی... شـياوی ئـامـاژە بـۆ کردنـە لـە ياسـای عێراقيـی کۆنـدا ڕێگـە بـە فرەژنی نادرێ، مەگەر مێرد بيانوويەکی شەرعيی و پەسەند هەبێ.

چوارەم – ياسای حامورابی:

(حامورابی) پاشای شەشەمی زنجيرەی يەکەمی پاشاکانی (بابل، ١٥٩٤ – ١٨٩٤ پ.ز وە لـە ١٧٥٩ – ١٧٩٢ حـوکمی کـردووە. ياسـاکەی بـە زمـانی (بابـل)ی تۆمـارەو، لـە شـاری (سوســـــە)ی پايتـــــەختی (عـــــيلام = خوزســـــتان)، ســـــاڵی ١٩٠١ – ١٩٠٢ لەلايـــــەن (فەرەنسی)يەکانەوە دۆزراوەتەوە.

لەوە دەچێت ئەوياسايە دەسکارييەك بێت بۆ ياسا پێشووە عيراقييە کۆنەکان، هەندێکی لێ زيـادکراوەو، هێنـدێکی لێ لا بـراوە، لـە (٢٨٢) مـاددە پێکهـاتووە لـەناو خۆيـدا کـراون بـە (١٣)بەش، هەر بەشەی بۆ ڕێکخستنی مەسەلەيەکە، لەمەسەلەکانی ژيانی ئينسان، سەبارەت بەکاروباری خێزان، بەشـی (٨)يـان تـەرخان کردووە کـە دەکاتـە ماددەی (١٢٧ – ١٩٤)، ئەم ماددانە ئەحکامی (زەواج) و تەڵاق و ميرات و (تبنی) و پەروەردەيان لەخۆ گرتووە.

هەندێ جياوازی ياسای (حامورابی) لەگەڵ ياساکانی تردا

يەکەم – تەڵاقی بێ هۆکار: واتە: کەسێك بەبێ گوناح، هەڵسێ ژنەکەی تەڵاق بدات،جا هەرکەسـێك کـاری وابکـات، لـە تۆڵەيـدا هـەموو ئيمکانيـات و پـارەو پـوولێکی لـێ دەسـەنرێ بۆژنەکە.

دووەم – تەڵاقێك ژنەکە هۆکاری بێت: واتە: هەر کات لە لایەن ژنەکەوە کارێکی وا کەوتەوە کە مایەی نەنگ و لەنگ بوو بۆ پیاوەکە، پیاوەکە لە بەرامبەر ئەوەوە دەتوانێ تەڵاقی بداو لە هەموو مافەکانیشی بێ بەشی بکات، یان وەکو کەنیزە لەماڵ بیهێڵێتەوەو ژن بێنێ بەسەریا.

سێیەم – تەڵاق بەهۆی سك و زا نەکردنەوە: واتە:ئەگەر ژن بە نەزۆك دەرچوو، مێرد بۆی هەیە تەڵاقی بدات، بەڵام لەگەڵ ڕەچاوکردنی مارەیی بۆیو، هەر شتێکیش لە ماڵی بابیالە گەڵ خۆی هێنابێتی بیداتەوە. خۆ ئەگەر مارەیی نەبوو، پێویستە ئەندازەیەکی شیاو بە دابینکردنی پێویستیەکانی ئەو ژنە بیداتێ. هێندێ دەڵێن: دەبێ (٥٠٥) گرام زیوی بداتێ، خۆ ئەگەر مسکێن بوو دەبێ ١\٣ی ئەوەی بداتێ.

چـوارەم – تـەڵاق پێـشگواستنەوە: بـەپێی یاسـای (حـامورابی)، مێـرد دەتـوانێ – پێشگواستنەوەی ژن – تەڵاقی ژنەکەی بدات، ئەگەرچی هیچ پاساوێکیش بۆ ئەو تەڵاقدانە نەبێت... بەڵام پاشگواستنەوە، بە بێ پاساوی شەرعیی پەسەند، ناتوانێ تەڵاقی بدات.

ماددەی (١٣٣ – ١٣٦)ی یاسای (حامورابی) چارەسەری ئەوە دەکات کە ئەگەر مێرد بێ سەروشوێن و(مفقود) بوو، یان ماوەیەکی زۆر (غائب) بوو لە ژنەکەی، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو حاڵەتو بارودۆخە کە ژن بتوانێ (فەسخ)ی (زەواج) بکاتەوەو مێردێکی تر بکات. هەروەك یاسای (نەفەقە) بۆ ژنانو، یاسای (تەحکیم) بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی ژنو پیاوو، یاسای (تەفریق) بەهۆی نەخۆشییەوە، یان (زەواج)ی دووەم، یان (تەفریق) بە هۆی (مصاهرە)وەی تۆمار کردووە، بۆ نموونە: دەڵێ ئەگەر باوك لەگەڵ ژنی کوڕیدا جووتبوو – پێشگواستنەوە – بەهەتا هەتایی ڕێ لەپەیوەندی جینسیی ئەو ژن و کوڕە دەبەسترێ، بەڵام پێویستە باوکەکە ئەندازەیەك ماڵی بەرچاو بدات بەژنەکە.خۆ ئەگەر پاشگواستنەوە باوك لەگەڵ بووکیدا سەرجێییکرد، بڕیاری کوشتنی دەدرێو تووڕ هەڵدەدرێ بۆ ناو دەریا با بمرێت!.

پێنجەم – لەسەردەمی مەلیك (اشمی– دکان) ١٩٥٣ – ١٩٣٥ پ.ز کە یەکێکە لە زنجیرەی پاشاکانی (ایسن – ٢٠١٧ – ١٧٩٤پ.ن) مافیان بە ژن دا کە هەرکات مێردی کرد و مێردەکەی لە گەڵ ئەم و ئەودادەستی تێکەڵ بکات، داوا بەرزبکاتەوە بۆ دادگا بۆ جیابوونەوە... هەر بۆیە ژنەکەی (اشتار – أومی) داواو سکاڵانامەی بەرزکردەوە کە: مێردەکەی لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیدا مومارەسەی جنسی دەکات (عملية اللواطة)! جا پاش ئەوە کە توانی لای دادوەر داواکەی بچەسپێنێو بەچاوی خۆی دیتی لەگەڵ پیاوێکدا خەریکە! دادوەرەکانی ئەو ڕۆژە سەری دەتاشن و لووتی کوندەکەن و لەسەر ڕێگایەك دایدەنێن بۆ سوکایەتیو ئابڕووبردنیو ڕێیش بە ژنەکەدەدەن داوای تەڵاق بکات.

ئەمـە چـەند ئـەحکامو یاسـایەك بـوو کـە لـە سـەردەمی پێـشوودا پیـادە کـراوە لـەبارەی ئوسـرەو خێـزانو تەڵاقـەوە – ئەگەرچـی کۆمـەڵێ سـەرنجو تێبـینی دەبینـرێ – بـەڵام لـە هەموویاندا ئەوە وەردەگیردرێ کە هەرگیز خێزانی بێ سیستەمو بێ یاسا نەبووە، بێ تـەڵاقو بێ لـێ پرسـینەوە نـەبووە... دیارە ناشـکرێ ژنو پیـاو هـەردوو کوێخـابنو خـاوەن بڕیـار بـن، بـەڵکو دەبـێ یـەکێکیان بەپلـەی یەکـەم خـاوەن بڕیـار بـێ، ئـەوەش، کـەپیاوکراوە بـە خـاوەن بڕیارو دەسەڵات، لەبەر بەرژەوەندی کاروباری ژیان بووە... دیارە ئەڵبەت لەسەر ئەوە کە دەبێ تەلاق لای پیاو بێت، کۆمـەڵێ تەجروبەش هەیە.. بەڵام ئەگەر لە گشت ئەو یاسایانە ورد بینـەوە، دەبیـنین لـە ئیـسلامدا ئـافرەت زۆر زیـاتر لـەو یاسـانەی بـەر لـە خـۆی، مـافو دەسەڵاتی دراوەتێ. مەبەست لەمەدا ئەوەیە کە ژنان، ئافرەتان،خوشکان بـزانن ئـەو مافانـەی ئەمڕۆ لە بەردەستانەو تۆمارکراون بۆیان لە خۆوە دەست نەکەوتوون.

تەڵاق لە دۆڵی (نیل) دا

٣٠٠٠– ٣٠ پ.ز میـصریە کۆنـەکان سـستمێکیان بـۆ (زەواج)و (تـەڵاق) هـەبوو، کـە بەڕاسـتی زۆر لـە قـازانجی ژنانـدا بـوو، ئازادییـەکی تـەواویان درابوویـە لـە (زەواج)دا، وە پارەیەکی بەرچاویان لەسەر پیاو دادەنا، کە ئەگەر ڕۆژێ بیر لە تەڵاق بکاتەوە.

(زەواج) بە ئیرادەو خواستی کچوکوڕ، یان ژنو پیاو بوو، کەسێك نەیدەتوانی زۆر لـە هـیچ کامێکیان بکات، خۆ ئەگەر کرابا،ئەو نیکاحە دانەدەمەزرا!.

(زەواج) بەم شێوە ڕێك دەخرا:

(زەوج) لەکاتی (عەقد)ـەکەدا دەیگوت: ((ئەوەنـدە مارەییم بۆ دانایت، هـەرکاتێکیش ڕکم لـێ هـەڵگرتیت، یـان لـە مـاوەی ژیانتـدا ژنێکـی تـرم کـردە هاوسـەرم، ئەوەنـدەی تـر – زیـاد لەومارەیییەکەتت دەدەمێ، وە هەموو ماڵێك ئێستا دەتـەوێت، یان لە ئاینـدەدا – لەبەر وەفا بۆت – مسۆگەر دەبێ.ژنەکـەش دەیگوت: ئـەوا بوومـە ژنـتو مارەیییەکەشم قبووڵـەو، ئەگـەر ڕۆژێ خۆشم نەویستی، یان حەزم لەیەکێکی ترکرد، مارەیییەکـەمت دەدەمـەوەو چـی تریشم هەبێ هەمووت بۆ دەگێڕمەوە.

ڕێیان بەتەڵاق دەدا

تەلاق بەلایانەوە – هەرکات هۆکار بووبا – شتێکی پەسـەندو ڕێ پێدراو بوو، بەڵام بـەبێ هۆکـار، بەشـتێکی تـاوان و ناپەسـەند دادەنـراو، پیاوەکـەش لەبـەردەم خـوداو ڕای گـشتیدا بـەرپرس دەبـوو! جا لـەم سـۆنگەیەوە هەرکـەس بێ هۆکاری پەسـەند، تـەڵاقی ژنەکـەی دابا،

دەبوو ماددەیەکی بەرچاو بدات بە ژنەکە، ئیتر لە (وادی النیل) دا تەڵاق زۆرکەم ڕوویدەدا، یان بڵێین هەر نەما.

لەسەرەتاوە هەم (تەڵاق) وهەم فرەژنییان، ڕێ پێدا، بەڵام بۆ دوایی – بە هۆی کۆمەڵێ مەرجەوە کە ژنان لە کاتی ((عەقد)دا لەسەر پیاوانیان دانا– توانرا هەردوو نەهێڵن و بۆ خۆیان زاڵبن بەسەر پیاواندا.. بۆیە لە ئەنجامیشدا تەڵاقدان نەماو، هەموو شتێك لە عەقدەکەدا باس دەکراو سەروەریەکەی دەدرا بە ژنان.. ئیتر مەگەر ژنەکە خەیانەتی کردبا لە مێردەکەی ئەگینە ڕێی تەڵاقی نەبوو!

(ول دیورانت) دەڵێ: لە (وادی النیل)دا ژیانی خێزان زۆر ڕێكو پێك بوو، وە لە ڕووی ئەخلاقیی و، دەسەڵاتی باوكو دایکەوە گەیشتبووە ئاسۆی لووتکە... وە تەڵاق زۆر کەم ڕووی دەدا.. تەنانەتی ئەگەر ژن زینای کردبا مێردەکەی دەیتوانی لەماڵ دەریکاو هیچ حیسابێکی ماددیشی بۆ نەکات ! بەڵام بەبێ هیچ هۆکارێك ژن تەلاق درابا، دەبوو مێرد قەرەبوویەکی باش و بەرچاوی لەبەرامبەر تەڵاقەکەوە بە ژنەکە دابا.

لە (وادی النیل)دا ژن دەیتوانی مێرد تەڵاق بدات، بەمەرجێ لە (عەقد)ـەکەدا هاتبێ کە: هەرکات ژنەکە ویستی خۆی تەڵاق بدات،ئازاد بێ و بتوانێ.

شیاوی باسە (ئەم مەرجانان و باس و خواسە لە لای فوقەهاکانی ئیسلام، باشترو باشتر باسی هەیەو، ژن دەتوانێ لە کاتی (عەقد)دا ئەو دەسەڵاتە بۆ خۆی دا بین بکات.

تێبینی:

لەبەرئەوە (میسر)یەکان لە کاتی عەقددا پارەو ماددەیەکی زۆریان دەخستە ژێر دەسەڵاتی ژنانەوە، بەڵکو هەموو بوون و نەبوونێکی پیاو لای ژنان بوو، ئەو سەردەمە، بوویە سەردەمی ژن سالاری... وە وای لێهاتبوو ژن دەیتوانی – بەسەر بەخۆیی – ئاڵو وێل لە ماڵو سامانی پیاوەکەیدا بکات، بێ ڕەچاوکردنی ڕەزامەندی ئەو!

تەڵاق لای هیندییە کۆنەکان

(هیند) (٣٠٠٠)هەزار ساڵ بەر لە زایین، خاوەنی چەندین یاساو ڕێساو جۆرە شارستانیەتێك بووە، هەر وەك خاوەنی چەندین (دین)و بیروباوەڕ بووە، بەناوبانگترینیان:

١– هیندوس ((هیندۆك)): دیانەتی هیندۆس کەسێکی وا دیاری نییە دایمەزراند بێ، بۆ ئەوە ڕووداو پێشهاتەکانی بۆ بگەڕێتەوەو لەوێ چارەسەر بکرێن، بەڵکو ((دین))ێکە لە کۆمەڵێ باوونەریت و تەقالیدی (ئاری)یەکان – نەوە دوای نەوە – ڕێکخراوەو کردوویانە بە ئایین بۆ خۆیان.

٢- جينيه (مهاوبرا). ئەمەش ساڵی (٥٩٩)پ.ز لەسەر بنەمای دەخاڵ دایمەزراندووە بۆ پاك‌و پاكژی (ڕوح)، وەكو مەسەلەی لێبوردن، ڕاستگۆیی، خۆبەكەمزانین... تاد.

٣- بووزیی: (ساڵی (٥٩٩-٥٤٤)پ.ز (بووزا) دایمەزراندووە، ئەوەند كە باسی مرۆڤ دەكات، ئەوەند لەباسە (لاهوتیە)كان نادوێت، چونكە - بەلای ئەوەوە - ڕزگاری مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ خۆیەتی.

٤ - بەراهمیەو مانویەكان: ژن بەلای هیندیە كۆنەكانەوە، جۆرە شیوعیەت‌و حاڵەتێكی گشتی تێدا بووە، بۆ نموونە: ژنی خێڵێك موڵكی سەرجەم پیاوانی ئەو خێڵە بووە، بۆ دواییش بیرۆكەی فرە مێردیان داهێنا! ژنێك دەیتوانی لای ئەوان چەند مێردێكی ببێ !! لەگەڵ ئەوەیشدا ڕێی یەك ژن درا بوو بۆ پیاو، لەو لایشەوە ژنان ماڧ خۆ تەڵاقدانیان هەبوو، هەندێ جار ژنان چوار تا پێنج جار شوویان دەكردو مێردی دوایی مەسرەفەكەی دەگێڕایەوە بۆ مێردی پێش خۆی ! تاوای لێهات ژنان بەتەواوی بوونە خاوەن ماڵ‌و خێزانەكەی بەڕێوە دەبرد، بەئارەزووی خۆی لە مێرد جیادەبوویەوە... بەڵام ئەم دەسەڵاتدارییەی ژنان بەسەرهەڵدانی (بووزی) و(مانوی)یەكان‌و بڕێ تریشیان پێچەوانەبوویەوە.

(مانو) هەندێ یاساو ڕێسای جۆربەجۆری دژ بە ژنانی داهێنا، لەوانە: ژن سەرچاوەی نەنگ‌ولەنگە، ژن سەرچاوەی ماندووبون‌و خەباتە، ژن سەرچاوەی بوونە لە دنیادا، كەوابوو لە ژنان خۆ پارێزن ! ژن هەرئەوەند نییە بتوانێ مرۆڤێكی (ئەحمەق)و بێ ئاوەز بخەڵەتێنێ، بەڵكو دەتوانێ مرۆڤی (حەكیم)و ژیریش لە خشتە بەرێ‌و چەواشەی بكات.

ژنان لای هندۆسەكان - بە كیژو لاوو پیرەژنەوە - هیچ دەسەڵاتێكیان نەبوو، كچ لە ژێر ڕكێفی بابیابوو، ژنی شووكردە لە ژێر فەرمانی مێردەكەیدا بوو، بێوەژن كوڕەكانی چاودێری بوون... بە هیچ شێوەیەك ئازادیی‌و سەربەخۆیی نەبوو!.

ژنان لای (بوزی)یەكانیش خراپترو سوكتر لە (مانوویە)كان تەماشا دەكران، گفتوگۆو ئاخاوتنێك لە نێوان (بوزا)و ئامۆزایەكیدا (ئانندا) سەبارەت بە ژنان دەكرێ، ئەو ئاخاوتنە باشترین بەڵگەیە بۆ بێ ڕێزی‌و بێ بەهایی ژنان بەلایانەوە.

ئانندا بە بوزا دەڵێت: بەڕێزم ! چۆن لەگەڵ ژناندا هەڵسوكەوت بكەین؟

بوزا: بۆیان مەڕوانن !واتە:بە كەمیان بزانن.

ئانندا: ئەی ئەگەر ناچاربووین ؟

بوزا: قسەیان لەگەڵ مەكەن.

ئانندا: ئەی ئەگەر قسەمان لەگەڵ كردن ؟

بـــوزا: زۆر بـــه پـــارێزەوە قـــسەیان لەگـــەڵ بكـــەن. بـــوزا پێـــی وایـــە ئەگـــەر ژنـــان نەبوونایە،((دین))ی پاكژو پاك هەر دەمایەوە.

٥- تـەلاق لای هنـدۆس: ژنـان بـەلای هندۆسـەوە بـەم شـێوە بـوون: بابەكـەی چ كەسـێكی بـۆ هەڵدەبژارد، دەبوو تا لە ژییاندایە لە خزمەتیا بیّ‌و، ڕۆژیّ بیر لە تەلاق و جیابوونەوە نـەكات، كـە مردیش هەر بۆی نییە مێرد بكاتـەوە. ئەگـەر دیبـای مێردەكـەی بایـەخی نـاداتیّ‌و لەگـەڵ ژنێكـی تردا ئەوینبازی دەكات، نەدەبوو ركی لیّ هەڵگریّ‌و درێغی بكات لـە خزمـەت كردنیـداو گـویّ بـە ڕەزامەندی نەدات، چونكە – بەلای ئەوانەوە – بەهەشتی ژنان بەسراوە بەڕەزامەندی مێردەوە.

* تەلاق لای (مانویە)كان:

ئەوان هەر لەسەرەتاوە كاروباری ژن هێنانیان دەدایە دەستی باوكو دایك، دەبوو بـاوك و دایك دەسەلاتی تەواویان هەبیّ لە هەڵبژاردنی دەسگیراندا بۆ كوڕەكەیان، هەر (زەواج)ێكیش لەسـەر بڕیـارو ڕێكـەوتنی كچ‌وكـوڕ پێـك بێـت، بـەلای ئەوانـەوە بـە (زەواج)ێكـی شـەهوانی‌و ئارەزوو بازی دادەنێن ! بەڵكو (زەواج)ێك بـەباش‌و پەسـەندو سـەركەوتوو دەزانـن كـە لـە ژێـر چـاودێری (بـاب)دا بكرێـت. بـەلای ئەوانـەوە دەبـوو لـەناو هـۆزو بـەرەی خۆیـدا – بـەدەر لـە خزمانی نزیك – ژن بێنیّ‌و هاوشانیشی بێت، بۆ ئەوەی زوو هەڵنەوەشێتەوە.

بـە لای(مانوویـیـە)كانیـشەوە فەرزەكـە ژن پیـاوی خۆشـبوێت، بـەلام لەسـەر پیـاو خۆشەویستی بۆ ژن پێویست نـەكراوە!. بەلای ئەوانـەوە هـەر چاودێری بـابی‌و كـەس‌وكاری بەسـە بـۆی، چـونكە دەسـەلاتی تـەواو وكـامڵ بـۆ بابـە بەرامبـەر بـەژن‌و كـوڕو كۆیلـەكان. بەلایانەوە: ژن دەبیّ زۆر بە هێورو ڕێزەوە قسە لەگەڵ مێردەكەی بكات، بۆ نموونـە: پـیّ‌ی بڵـیّ: گـەورەم ! بـەڕێزم! بگـرە بڵـیّ خوداكـەم!.هـەرگیز بـۆی نییـە داوای تـەلاق بكـات، ئەگـەر مێردەكەشی خەیانەتی لەگەڵ بكات! بەلام ئەگەر ژنەكە خەیانەتی بـەو كـرد، دەتـوانیّ تـەلاقی بـدات. پیـاو سـالاری – لای ئـەوان – بـیّ سـنووربوو، بـۆ نموونـە: ئەگـەر ژنەكـە مەشـروبی خواردبا، یان نەخۆشكەوتبا، یان گوێڕایەڵ نەبووبا، یان دەس بڵاوو هەڵـە خـەرج بووبـا... لـە گشت ئەم حاڵەتانەدا پیاوەكە دەیتوانیّ ژنـی دیكـە بێنـیّ بەسـەریا، بـەلام نەیـدەتوانیّ تـەلاقی بـدات.بـەلای ئەوانـەوە: دەبـوو پـاش مـردن جەسـتەی ژنەكـە لەگـەڵ جەسـتەی مێردەكەیـدا سـوتێنرابا، چـونكە – لـە ژیـانی دووەمـدا – ئـەو ژنـە دەگەڕێتـەوە لای ئـەو مێـردەی، كـەوابوو دەبیّ جەستەكەشی لەگەڵ ئەودا بسوتێنریّ.، بێگومـان ئێـستا – بـەهۆی ئـەوەوە كـە ئیـسلام چووە (هیند)ـەوە – ئەو باوو نەریتە نامۆیانە كەمبوونەتەوەو نەماون.

جا سەرەڕای ئەوە كە دەبوو ژنان تەواو ملكەچی مێردیان بن، شـەریعەتی (مـانو) ڕێگـە بـە

لێدانی ژنانی نەدەدا، ئەگەر بەگوڵەکیش بێت ! تەنانەتی دەیانگوت: هەر خێزانێك ڕێز لە ژنان بگرێت، خوداکانیش بەرامبەر بەو خێزانە دلۆڤان دەبێت، خۆ ئەگەر بە کەم تەماشایان بکەن، هەر چاکەیەکیشیان هەبێ –واتە: ئەو خێزانە – بەفیڕۆ دەچێ ! دەتوانین بەکورتتر بڵێین: لای هیندە کۆنەکان، ژن بەسێ قۆناغدا تێپەڕی:

یەکەم – ژن مولْکی گشتی بووو، بەشێوەی ((شیووعیەت) هەموو کەسێك دەیتوانی لەگەڵی ڕابوێرێ..! واتە: نە (زەواج) هەبوو، نە تەڵاق !

دووەم – تەلاق بە دەست ژنانەوە بوو، بۆیە پەیتا پەیتا مێردێکی تەڵاق دەداو، مێردێکی تری دەکرد!

سێیەم – پەیدابوونی دەسەڵاتی ((دین))و دەسەڵاتی باوکایەتی، لەم حاڵەتەدا تەلاق بەرەهایی نەمایەوە، بەڵکو لەچەند کاتێکی دیاریدا ڕێی پێ درابوو، وەکو:

أ- ژنەکە خەیانەت لە جێی مێردەکەی بکات.

ب- ژنو پیاو هەردوو پێکبێن بۆ جیابوونەوە.

ج- دادگا بڕیاری جیابوونەوە بدات (لەم حاڵەتانەدا دەتوانێ بڕیار بدات).

د- ژنەکە زۆر دڵ ڕەقو ناچیزە (ناشرە) بێت.

تەڵاق لای چینی کۆن (الطلاق الصینی القدیم)

چینیەکان – بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام – ئەم جۆرە دیانەتانەیان هەبوو: دیانەتی (کۆنفوشیوسی)، لە (٥٥١-٤٧٨) پ.ز بووە. (دیانەتی (لاوتسە). دیانەتی ((بوزا)) کەسێ سەدساڵ بەر لە دایکبوونی (مەسیح) لە ڕێی بازرگانەکانەوە گەیشتە چین.

لە ساڵی (٧٠٦) زایینی، کە دینی ئیسلامی پیرۆز، بەفەرماندەیی (قتیبة بن مسلم الباهلی) گەیشتە چین، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی دەسەند و بڵاو بوویەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی (عەباسی)یەکاندا.

***شێوەی ژن بەشوودانیان:**

بۆ ژن هێنانو کچ بە شوودان، باوکی زاوا – بەر لە گرێبەستەکە، دەچووە لای بابی کچەکەو لە ناوی کچەکەو ڕۆژی لەدایکبوونی کچەکە پرسیاری دەکرد، ئەوسا ئەگەر تەمەنی کچوکوڕە بەیەکیان کردباو هاوتەمەن بووبان، کەسوکاری زاوا کچەکەیان دەبردە گەرماوێکەوەو ڕووتیان دەکردەوەو تەماشای جەستەیان دەکرد بە مەبەستی تەندروستیی و سەلامەتیی لە نەخۆشییەکان، پاشان زاوا – پێش ئەوە کچەکە ببینێ – مارەیی دەدایە، ئینجا لە ڕۆژی

زەماوەندا، زاوا و بووكیٚ لە لای دوو كۆما گەنمو جۆیەكدا دادەنیشتن و بەكەشخەیەكەوە دەچوون و، خزمانیش – لەو دوو كۆمایە – گەنمو جۆیان بۆ هەڵدەدان، تا دەگەیشتە ماڵی زاوا، ئەوسا هەردوو پێكەوە لەسەر سفرەیەك كەمێكیان دەخوارد، بەوە گرێبەستەكە تەواو دەبوو.

*** پلەی ژنان لای چینییەكان:**

ژن بەلای چینییەكانەوە كۆیلەی پیاوانە، بۆیە ئەگەر هەڵسوكەوتی ژن خراپ بوو لەگەڵ مێردەكەیدا (١٠٠) شەلاقیان لێدەدا، كەچی بۆ ئەشقیی و بەدكرداری پیاوەكە لەگەڵ ژنەكەیدا، هیچ تۆڵەیەك نەبوو!

*** هۆكارەكانی تەلاق:**

ژن لەگەڵ ئەوەیشدا كە پیاو سالاری كارو بارەكانیبوو، پیاو ئازاد نەبوو تەلاقی بدات، مەگەر یەكیٚ لەم هۆكارانە بووبا:

١- نەزۆكی ژنەكە

٢- خەیانەت لە جێی نووستنی مێرد.

٣- ڕێز نەگرتن لەباوكی مێردەكەی.

٤- دزیكردن لە مێردەكەی.

٥-نەخۆشی درێژ خایەن و پەتادار.

٤- چەقەبازی ودرێژ دادڕی ژنەكە.

تەلاق لای فارسە كۆنەكان

(فورس: بەوانەیان دەگوت لە (ئیریان – ئێرانی ئێستا- دەژیان).

فارسەكان چەند ((دین))و دیانەتێكیان هەبوو، بەناوبانگەكانیان:

یەكەم: زەردەشتیی: زەردەشت، یان (زەرادەشت) یان (زرشترا) پاش (مەجووس)یەكان ساڵی (٦٦٠-٥٨٣پ.ز) پەیدا بوون.

(ول دیوارنت) دەڵیٚ: كاتیٚ زەردەشت هات، (فورس) (مثرا = خودای خۆر) و (أنیتا) خودای زەوی و پیت)و (هوما = گا پیرۆزەكە)ی دەپەرست!

زەردەشت زۆر بە بوێرانە پیٚی ڕاگەیاندن كە جیهان یەك خودای تاك و تەنیای هەیە، ئەویش ((ئەهورا – مزدا: خودای ڕووناكیی و عاسمان)ـە. وەكو كۆمەڵەنامەوكتێبێكی هەبوو، پێیان دەگوتن: (ئەبستا) یان (ئەبستان) خۆرئاواییەكان پێیان دەڵێن: ((زند = ئەبستا)). بەلایانەوە ژن پایەو پلەیەكی ئێجگار بەرزی هەبوو، تەنانەتی كارە (كهنوت)یەكانیشیان پێدەسپاردن.

بـەڕێز دکتـۆر (إبـراهیم معـروف طـه) لـه ماسـتەرنامەکەیدا (المـرأة الکوردیـة ودورهـا فی المجتمع الکردي) دەڵـێ: لـه دیاریکردنی ئـەو سـەردەمەی (زەردەشت)ی تێدا ژیاوه کێشەو ناکۆکی هەیه.

(هـەرج ولـز) خـاوەنی کتـێبی (معـالم تـأریخ الإنـسانیة)دا گوتویـەتی: سـەردەمی ژیانەکـەی زانراو نیه، له هەمانکاتدا هێندێ دەیبەنـەوه بۆ (١٠٠٠) سالٚ بـەر لـه دایکبوونی (مەسیح). ناوبراو دەڵـێ: (ول دیورانت) دەڵـێ: مێژوونوسـەکان دەیگێڕنـەوه بـۆ نێـوان سـەدەی دەیـەم‌و شەشەمی بەرله زایین.، ئیستاش کورد به پێغەمبەری خۆیانی دەزانن، ئەگەرچی – مخابن – لایانـداوەو هەریەکـه بـه شـیوو دۆڵێکـدا دەچـێ!... بێگومـان هـیچ نەتـەوەو گـەلێك خـودای میهرەبان بێ پێغەمبەر نەیهێشتۆتەوه، ئێمەیش – وەکو گـەلێ لـه موسڵمانان بـه پێغەمبـەری دادەنێن – خۆشحاڵین پێغەمبـەرمان بووبێ، ئەگەرچی بوونی پێغەمبـەر بـۆ هـەر گـەلێك ئـەوه ناگەیەنێت که ئێستاش – پاش هاتنی پێغەمبەری دوایی (محمد–ص) – هەر شوێن کەوتـەی ئـەو بـن، بـەڵکو دەبـێ – لەگـەڵ بـاوەڕبوون بـەویش‌و بەهـەوڵ‌و تێکۆشـانەکانی ئـەویش – بـه تێکرا پـەیڕەوی لـەم دینـه نوێیـه (دیـنی ئیسلام) بکرێـت، بەتایبـەتی کـه کتێـب‌و نامـەی ئـەو پێغەمبەرانـه بـەهۆی کـەمی هـۆی نووسـینەوەو هێشتنەوەو هـەڵگرتن، تیاچوون‌و دەسـکاری کراون، جگه لەوه که خودا دەیەوێ گشت جیهان دوای ئەم پێغەمبەره (محمد –ص) بکەوێت.

دووەم: مانەوی:

(مانی بن فاتك الحکیم) ساڵی (٢١٥ د.ز) سەری هەڵداوەو داوای پێغەمبەریـەتی کـردووەو ساڵی(٢٤٥) د.ز شەریعەت وبەرنامەی خۆی ڕاگەیاند.

سێیەم: مزدەکیی:

(مـزدك بـن بامـداد) خـەڵکی (نیـشابوور)ـەو سـاڵی(٤٨٧) زایـنی هاتۆتـه دنیـاوه.، مـزدك دەیگوت: مرۆڤەکان سەرجەم وەکویەك له دایکبوون، کەوابوو دەبێ بەیەکسانیش بژین، بـەڵام له مەسەلەی ماڵ‌و سامان‌و ژن‌و مێردیدا، ڕێگەی ئیشتراکیی‌و سۆشیالیستی گرتبووه بەر!

(تەبــەریی) دەڵــێ: ئــەم بانگهێــشەی (مــزدك) لاوان‌و گــۆرانی بیــژان‌و ئــەهلی رابــواردن قۆزتیانـەوەو خۆشەویـستی چـووه دڵیانـەوەو دەسـەڵاتداری سـەردەمیش (قبـاذ)نـاو – لەبـەر مانــەوەی کورســیەکەی – پــشتگیری لێکـردو ڕەواجـی دایـه، دەرەنجـام (ئێـران) لەبـەر کـاری گەندەڵی‌و دزێوو بەدڕەوشتی، نقوومبوو به دنیای شەهەوات‌و رابواردن، ئەوسا سـاڵی (٥٢٩)ز (نەوشیروان)ێکی بۆ پەیدابوو و کوشتیی!. (المراة الکوردیة..) دکتۆر ابراهیم معروف.

(فـارس)ـەکان ڕێگـەیان بـه فـره ژنـی نـەدەدا. هێندێکشیان – وەکو مزدەکیـه – ڕێیـان بـه

مارەکردنی ژنی مەحرەم دەدا:واتە: باوك کچی خۆی، کوڕ دایکی خۆی... تاد.

کچ ئازاد نەبوو بۆ هەڵبژاردنی مێرد بۆ خۆی، بەڵکو هەموو شتێك بەدەست باوکی بوو، بەڵام زۆریشی لێ نەدەکرد کە مێرد بەو کەسە بکات ئەو بۆی هەڵبژاردووە.

فارسی کۆن هەر بە منداڵی کچانیان بە مێرد دەداو پارەیەکی باشیان لە مێرد دەسەند بۆ باوکی کچەکە ! بەڵام ئەگەر کچەکەی ڕازی نەکردبا، مەبلەغەکەیان لە باوکی دەسەندەوە!.

*** تەڵاق بەلای فارسی کۆنەوە:**

تەلاق بەلای فارسی ئەو سەردەمەوە، شتێك نەبوو بەکاربێت بۆ جیابوونەوەو بچڕانی پەیوەندی نێوان ژنوپیاو، ئەمەش چەند وێنەیەکی تەڵاقدانە لایان:

یەکەم – تەڵاقدەدراو ئازاد دەکرا هەرچی بکات بیکات، ئەگەر مێرد گوتبای: تەلاقت کەوتبێ‌ولە ئێستایشەوە ئازادی چی دەکەیت بیکە، ئەم تەڵاق‌و ئازاد کردنەوەی وای نەدە بەخشی کە بگەڕێتەوە بۆ هەر پلەوپایەیەك بوویەتی بەر لە تەلاقەکە، بەڵکو ئەوەند بێ کەڵك دەبوو لای کۆمەڵگە، دەکرا بەکارەکەری ژنێکی تر.

دووەم – تەڵاقدانی ئازاد و ڕەها... تەڵاقی ئاوا ماف بەژنەکە دەدا شوویەکی تازە بکات، بەڵام هەر منداڵێکی بووبا دەدرا بە مێردی یەکەمی، ئەوەش وایدەگەیاند کەهێمان پەیوەندی بتەوی لەگەڵ مێردی یەکەمی ماوە!

سێیەم – تەڵاق بە شێوەی (تەنازول)و لە هەقی خۆ دابەزین.. مێرد دەیتوانی ژنەکەی تەڵاق بدات بۆ برایەکی هەژارو بێ ئەنوا، لەبەرئەوە ژنەکە هاوکاری بکات بۆ بژێوی‌و ژیاندنەوەی، شیاوی باسە ئەم تەڵاق و نیکاحە تازەیە بە گرێبەستێکی یاسایی ڕێکیان دەخست، بەڵام ژنەکە نەیدەتوانی ڕازی نەبێ‌و مێرد نەکات بەم پیاوە هەژارە دووەمە! ئەگەر مێردی یەکەم – پاش جێبەجێبوونی کاری مێردی دووەم – ویستبای بیباتەوە، دەیبردەوەو ڕێگری نەبوو.

تەڵاق لای (یابان)یەکان

یابان یەکێکە لەو وڵاتە خاوەن شارستانیەت‌و خاوەن ژیارەکانی دنیا، (٣٠٠) ساڵ بەر لە دایکبوونی (مەسیح) ئەوان ناوبانگی شارستانیەتیان هەبووە، ناوبانگی پیتۆڵزانین‌و زانستیە جۆراوجۆرەکان‌و هونەرو پیشەسازییان هەبووە، لە خۆرهەڵاتی (چین) لە دەریای (هادئ) لە خۆرهەڵاتی سەرەوەی ئاسیادایەو پێکهاتووە لە چەند (جەزیرە)و دوورگەیەك.

لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەیاندا، خۆرو هەسارەو باخاتە چڕو پڕەکان دەپەرستن!!

ئێستاش دیانەتی (شنتویە)یان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە! چین (روح)ی مردووەکانو هێزە سروشتییەکان دەپەرستن ! هەشیانە دیانەتی (بووزیە) کە ساڵی (٥٥٢) دوای زایین کەوتە یابان، هێندێکیشیان – لە ڕێی بزووتنی (تەبشیر)ییەوە بوونەتە مەسیحیی و (کاسۆلیك)و (پرۆتستانت). بەڵام دیانەتەکانی تر لە مەسیحیی زۆرترن.

* **زەواج لە یابان:**

لە وڵاتی یابان پتر یەك ژن دەهێنن، بەڵام بۆ کوڕانی چیینی سەروو هەیە، کە چەندین دۆست بگرن و لەگەڵیان ڕابوێرن!، ئەوەتە جەنابی (ئیمپڕاتۆر)یان دەرگای بۆ واڵاکرابوو کە چەند ژن بێنێ و چەند کەنیزەش ڕاگرێت.، ژنان ئازادی تەواو و دەسەڵاتی بێ سنووریان هەبوو، تا باوونەریتی چینیەکان کەوتە ناویانو ژنیان ژێر دەستە کرد. ژن ئەگەر خەیانەتی سەرجێیی لە مێردەکەی کردبا، دەیتوانی ژنەکەو دەست درێژ کارەکە بکوژێ.

* **تەڵاق لەیابان:**

+ پیاو – لەبەر سادەترین هۆکار – بۆی هەبوو ژنەکەی تەڵاق بدات، بەڵام ژن هەقی داوای تەڵاقی نەبوو!

+ پیتۆڵناس(اکن) دەڵێ: ئەگەر ژن لە ڕووی مێردەکەیدا قسەی زۆرو بەرزو نزمو دەمدرێژی کرد، مێرد هەقیەتی تەڵاقی بدات، بەڵام ئەگەر مێرد بەدڕەوشتو فاسیدو سروشت گەندەڵ بوو، دەبێ ژنەکە پتر گوێڕایەڵ بێت بۆی! تا ساڵی (١٨٧٣) یاسایەك دەرچوو ماف بەژنو پیاودا – وەکو یەك – لەمەسەلەی تەڵاقدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ژن دەسەڵاتی تەلاقی زۆرنییە، دیاردەی تەڵاقدان زۆر زۆر بووە لە (یابان)!.

تەڵاق لە ئەورووپا

١- تەڵاق لە یۆنان:

یۆنان وڵاتێکی ئەورووپی یەو دەکەوێتە باشووری نێوەدوورگەی (بلقان)ـەوە، زۆرینەیان ملکەچی مەزەبی (ئەرسوزکس) بوون، بەڵام بەرلەوە مەسیحیەت بگاتە ناویان، هێزە سروشتیەکانیان دەپەرست، هەمیشە جەنگ لە نێوان (فەلسەفە) و(دین)ەکەیاندا گەرم بوو، جارێ دین سەردەکەوت، جارێ فەلسەفە.

زەواج لە یۆنان:

لە یۆنان پەیوەندی سێکسی جۆراوجۆری هەبوو، بۆیە ئەوەند بەدڕەوشت ببوون، سێکس کرابوویە پیشەو بازرگانی پێوە دەکرا ! هێندێ کات مێرد دەکرا بۆ ژن، هێندێ کاتیش ژن

دەکرا، وە بەپێی یاساو باوونەریتیان ڕێیان تەنها بەیك ژن دەدا، بەڵام ڕێ بە پیاو دەدرا — لەپاڵ ئەوەدا — بچێ چەندین دۆست بگرێو لەگەڵیان ڕابوێرێ !.

دوای ئـەو جـەنگو هێرشـەی سـاڵی (٤١٥ پ.ز) کـە گەیـشتە صـقلیە)وکۆمەڵـە پیـاوێکی زۆری تیا کوژراو ڕێژەی ژنان بەرز بوویەوە، ڕێیان بە پیاودا دوو ژن بێنێ، ئەم کارەش بەلای (سقراط)ـەوە نرخا.

یۆنـان زۆر بـە کـەم ڕێـز تەماشـای ژنانیـان دەکـرد، نـەیان دەهێـشت — نـەزۆر، نەکـەم — هاوکاری ژیان بکات، وە بەکاروکردەی شەیتان ناویان دەبرد!! لەڕووی یاسایشەوە ڕێ بە فرۆشتنیان درابوو، لـە میراتیش بێ بەش بوون و، هیچ ئیرادەو ئیدارەیەکیشیان بەدەست نەبوو، چۆنیان ویستبا بەکێیان ویستبا بەشوویان دەدا!.

أ- هۆکارە سەرەکییەکان بۆ تەڵاقدانی ژنان:

١- ژنەکە خەیانەتی لـە جێی نووستنی پیاوەکە کردبا، لـەو حاڵەتـەدا پیاوەکە ژنەکەی تەڵاق دەداو، هەر شتێکیشی بۆ سەرف کردبا لێی وەردەگرتەوە.

٢- نەزۆکی ژنەکە.. هەرکات ژنەکە نەزۆك بووبا، هەق بە پیاو دەدرا تـەڵاقی بدات، بەڵام ئەگەر پیاوەکە نـەزۆك بووبا، دەیتوانی بچێ خزمێکی نزیکی خۆی بێنێ بۆ ئـەوە لەگـەڵ ژنەکەی خۆیدا جووتی بکات، بۆ دوایش - ئەر منداڵی بووبا - دەبوویە منداڵی مێردەکە!.

لـە چـەرخە ناوەڕاستەکانیشدا: تـەڵاق زۆر زۆر بوو، چونکە شـەوی بە زاوا بـوون نـەبێ، نـەیان دەهێـشت یـەکتر ببینـن، ئیتر ئەمـە وایـدەکرد کـە زاوا ژنەکـە تـەڵاق بـداو جارێکی تـر بەختی خۆی تاقی بکاتەوە! یونانیەکان وا تەماشای ژنیان دەکرد، کە خادیمـە وکارەکـەری ماڵـە، بۆیـە مێـرد بەئاسـانی دەیتـوانی بیگـۆڕێ، هێنـدێ جاریش مافیان بـە ژنان دەدا داوای تەڵاق بکەن لای دادوەر، ئەگەر مێرد پیاوێکی لاسارو پشتگوێخەری مافی ژنەکە بوو..

ڕۆمانیەکان:

ڕۆمانیەکان — سەرەڕای سەر لەبەری خۆیـان، خەڵکانی دنیاش هەمیشە لەوانـەوە یاساو ڕێـــسایان وەرگرتـــووە، خـــاڵی ڕەهـــابوون بـــووە بـــۆ بـــزووتنی (تەشـــریع)و پێـــشکەوتن‌و شارستانیەتی کۆن‌و نوێی ئەورووپا.

یاسـای ڕۆمـان ئێـستاش لـە دنیـادا نرخ‌و بەهاو ڕێـزی خـۆی هەیـە، وە لـە زانکۆکانـدا بـە وردی دەخـوێنرێ... بۆیـە ئەگـەر لـە بـارەی (زەواج)و تەڵاقیشەوە پلـەیـەکی تایبـەتیان هـەبێ جێی سەرسوڕمان نییە.

زەواج بەلای ڕۆمانەوە:

ڕۆمانیەکان هەمیشە فرە ژنییان ڕەتکردۆتەوەو، دوو جۆر (زەواج)یان بووە:

زەواجی سەلاریی‌و، زەواجی غەیرە سەلاریی:

دەسەڵات‌و سەلاری لە جۆری یەکەمدا تەنها بۆ مێرد بوو، ژنەکە وەکو مردو – بێ هەست‌و نەست – لەبەر دەستیا بوو، ئەمەیش بە فەرمی دەچوونە پەرستگای (جوتیر)، ئەوسا زاوا کێك‌و هەندێ لەو شتانەی تر لەوێ باوبوون دەیدا بە ئامادەبووان‌و هەندێ دەستەواژەی دینیان دەخوێندەوەو بە چاودێری (الحبر الأعظم) و(كاهن المعبد) و ئامادە کردنی دە شایەت ڕێکیان دەخست.

لە جۆری دووەمیشدا (الزواج بلا سیادة): بە شێوەیەکی سادەو ساکار (بێ چوونە پەرستگاو ئامادەبوونی (الحبر الأعظم) و شایەت لە نێوان ژن‌و پیاوەکەدا، زەواجەکە تەواو دەبوو، ئەڵبەت زاوا بەر لەوە دەیناردە لای باوکی دەزگیرانەکەی‌و خوازبێنی لێدەکرد، پاشان ئاهەنگێکی جەماوەرییان بۆ دەگێڕاو دەیانبردە ماڵی زاوا.

ب- تەلاق لای ڕۆمان:

لای ڕۆمانەکان: تەڵاق بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕی: کۆن، کلاسیکیی، ئیمپڕاتۆریەتی خوارو. لە سەردەمی کۆندا بەدەگمەن تەڵاق ڕووی دابا، چونکە بەدەر لەوە کە دەسەڵاتی پەیوەندییەکانی نێوان ژن‌و مێرد بەدەست سەرۆکخێزانەوە بوو، لە ڕای گشتیشدا تەڵاق شتێکی ناشیرین‌و ناپەسەند بوو، ئەگەر مێرد بیری لە تەڵاق کردبایەتەوە، دەبوو خانەوادەی نزیکی ژنەکە کۆبکاتەوەو مەشۆرەتیان پێ بکاو ڕایان وەرگرێت، خۆ ئەگەر کەسێك لە خۆیەوە ژنێکی تەلاق دابا، تا دەمرد نەنگ‌و لەنگ بوو بەسەرچاویەوە!.

لەسەردەمی کلاسیکیشدا:

ژنان – لە پاڵ دەسەڵاتی پیاواندا – دەسەڵاتێکیان پەیدا کردبوو بۆ تەڵاقدان‌و هیچ حیسابێك بۆ سەرەك خێزان (رب الأسرة) وەك جاران نەدەکرا ! بۆیە تەڵاق بە شێوەیەکی نائاسایی پەرەی سەندو تەنانەت کەوتە ناو پیاوە بەرزەکانی دەوڵەتیشەوە، هەیانبوو چوار پێنجێکی تەڵاق دەدا، چونکە نەدین نەدەسەڵاتی یاسا دەرەقەتی مەسەلەکە نەدەهات، بۆیە خێزانەکان شپرزەو ماڵ کاول بوون‌و، زیناو داوێن تەڕی بە زۆری وڵاتەکەی گرتەوە، هەندێ هۆکاری ئەوکارە دەگێڕنەوە بۆ سەروەت‌و سامانێکی زۆر – بە تایبەت – لای پیاوە گەورەو سیاسییەکانی دەوڵەت کۆببوویەوە، چونکە زیاتر ئەو پاشاگەردانیە لەوانەوە سەریهەڵدا، ئەوان بوون ئیمکانیاتیان زۆر بووو ژنانیان تەلاق دەدا، یەکێ تر جوانتریان دەهێنا، هەروا تا زنجیرەی خێزان هەڵوەشا!

لەسەردەمی (الإمبراطورية السفلى):

پـاش ئـەو سـەردەمە كلاسـيكيە فەوزايـە، مەسـيحيەت كەوتـە ناوچـەكەوەو تـوانى مانـاو مەبەسـت لـە (زەواج) بخاتـە دڵيانـەوەو هەنـدێ دروشـمـى بـۆ بەرزكردنـەوە، لەوانـە: زەواج پەوەندييەكە هەرگيز كۆتايى نييە. تاك ئازادە (زەواج) بكا، يانەيكا، بەڵام هەركە كردى، نابێ وازى لێ بهێنێ. ئەوى خودا بەيەكى گەياندن، نابێ بيبچڕێنێ.

(زەواج) و (تەڵاق) لای عەرەب- بەر لە ئیسلام -

شـێوەى بـە يەكگەيشتنى ژن و مێـرد وبوونـە هاوسـەر لاى عـەرەب پـێش هـاتنى ئيـسلام، چەند جۆرێكى جياوازى هەبوو، مەبەستيش لە زەواج (تەناسول) و منداڵبوون و دروسكردنى دۆستايەتى و پەيوەندى لەگەڵ هۆزو خێڵەكانى تر بوو، شياوى ئاماژە بۆ كردنە كچەمام – بەپێى باوى ئەوان – قورخى ئامۆزاى بوو!

*** زەواج و مەرجەكانى:**

لاى زۆرينـەى عەشـيرەت و خێڵـەكان تـەنها ڕەزامەنـدى (وەلـى) و سەرپەرسـتيارى كـچەكەو زاوا ڕەچاو كرابوو، وە كچەكە لەبەر دەست (وەلى)دا بووو، هەقى درابوو بـە وەليـى زۆرى لـێ بكـات بـۆ هـەر كەسـێك خـۆى حـەز بكـات. ئەگەرچـى لاى هێنـدێ خـێڵ، ڕەزامەنـدى كـچەكەش مەرج بوو.

*** مارەيى:**

مـارەيى – هـەر چـەند بوايـە – كرابوويـە هـەقى (وەلـى)، كـچەكە نەيـدەتوانى دەسـت بـۆ درەمێكـى ببـا! مارەييـان دەكـردە دووبـەش: حـارز، قـەرز (مؤجـل، معجّـل) هـەروەك لاى سـەروويان ديـارى نـەدەكرد، (وەلـى) وا هـەبوو (١٥٠)وشـترى لـە زاوا دەسـەند بـۆ خـۆى، بـێ ئەوە كچەكە قازانجێكى لێ ببينێ.

دايك و كچ و خوشك و پـوور – لەهـەردوو سـەرەوە – مـارە كردنيـان قەدەغـەبوو، هـەروەك ژنيش ڕێگەى نەبوو مێرد بە (ئوصول) و (فروع) و براو مامى خۆى بكات.

فرەژنى بە لايانەوە زۆر باو بـوو، هـەر كـەس تواناى بووباو حـەزى لەهـەر چـەند ژن كردبا مارەى دەكردن، بێ ئەوەى بەرپرس ببێ لەبەردەم هيچ ياساو ڕێسايەكدا! هـەر ئـەوەش بـوو كـاتێ ئيـسلام هـات چـەند ياسـاو ئـەحكامێكى بـۆ فرەژنـى دانـاو لاى سـەرووى ديـاريكرد.. هەروەها كۆكردنەوەى دوو خوشك پێكەوە بە لايانەوە ڕەواو دروست بوو!.

*** ئەم نيكاح و گرێبەستانەيان بەلاوە ڕەوا بوو:**

یەکـەم – ئـەم نیکاحـەی ئێـستای لای خۆمـان (ڕەزامەنـدی وەلـیو (زەوجـەین) و دانـانی مارەیی).

دووەم – پاش مردنی مێرد، لـە لایـەن یـەکێ لـە خزمـانی مێـردەوە ژنەکـە قۆرخ دەکراو بە ویستی ئەو نەبووبا نەیدەتوانی شووبکاتەوەو وەکو کەلەپوور وکالآی لێ دەهات ئەم نیکاحە (زواج المقت)ی ناو بوو.

سێیەم– لەجەنگەکانـدا هـەر کەسـێك هـەر ژنێکـی گرتبـا، بێڕەزامەنـدی ئـەوو بـێ مـارەیی دەیکـردە ژنـی خـۆی، ئـەوەش لەناوچـەکەدا بـاوبوو کـە هـەر کـەس – ژن یـان پیـاو – گیرابـا دەبوونە موڵك. بەو نیکاحە دەگوترا (زواج الظغینة).

چـوارەم – زواج المتعـة: ئـەم زەواجـەش بـۆ ماوەیـەکی کـورتو دیـاریکراو بـوو، تـەنها مارەییو ڕەزامەندی ژنەکە تێیدا مەرج بوو، هەردوو – ژنوپیـاو – ڕێك دەکـەوتن، پاشـانیش بەڕەزامەندی هەردوو کۆتاییيان پێدەهێنا.

پێنجـەم – زواج الـشغار: ئـەم زەواجـەش بریتیبـوو لـەوە کەسـێك کـچەکەی خـۆی، یـان خوشکەکەی لە پیاوێکی تر مارە دەکرد، کەئەویش لـە بەرامبـەر ئـەوەدا کـچەکەی خـۆی، یـان خوشکەکەی لەم مارە بکاو هەر یەکەیان مارەی ئەوی تر بن!.

*** تەڵاق ولێکجودابوونەوە:**

هۆکـاری جیابوونـەوەی ژنومێـردو بـچڕانی پەیوەنـدی نێوانیـان – بـەر لـە ئیـسلام – سەرەڕای مردن، ئەمانە هەندێکیان بوون: (تەڵاق، خولع، ئیلا، ظیهار، سبي، إنقضاء الأجل). هـەر کـامێکیش لـە ژنو لـە پیاوەکـە – تـەڵاقیان بەدەسـتبووبێ – ئـازادبوون لـە تەڵاقـدانو جیابوونەوە، بەم بێژەو ڕستەو وشانەش کە لەناوچەکەدا باو بوون تەڵاقیان دەدا، بو نموونە: بـچۆرەوە بـۆ مـاڵی باوکـت. جەڵـەوت لـە ملـی خۆتایـە. بـچۆ بـۆ کـوێ دەچـی بـچۆ، لەگـەڵ بەکارهێنانی هەندێ بێژەو وشەی تر کە بۆشانی ژنان نە دەگونجان!

ژمارەی تەلاق:

ژمـارەی تـەڵاق لای عەرەبـەکان هەمیـشە سـێ بـووەو، بـە سـێ جـارانیش خـستوویانە، واتە:(أنت طالق ثلاثا) بەیەك تەڵاقیان داناوە، بەڵام لەیەك جێگاو شوێنو مەجلیسدا توانراوە یەکـە یەکـە تـەواویان بکـات. ئەوەیـشمان لـەبیر نەچـێت کـە هەنـدێ خێڵـە عـەرەب سـنووری تەڵاقیان لانە بوو، کاتی وا هەبوو چەندین جار ژنەکەی تەڵاق دەداو، دەیهێنایەوە لای خۆی.

(خولع)یش لای ئەوان وەکو کڕینو فرۆشتن بوو، ژنەکـە خـۆی لـە پیاوەکەی دەکڕیـەوەو ئازاد دەبوو. (ئیلاء)یش: پیـاو سـوێندی دەخـوارد کـە سـاڵێك یـان دوو سـاڵ لەگـەڵ ژنەکەیـدا

سەرجێیی نەکات.

(ظیهار)یش: پیاو ژنەکەی دەچواندە دایکی، یان خوشکی، ئیتر یەکجارەکی لێی حەرام دەبوو.

(سەبی)یش: ئەگەر ژنێك دیل کرابا، پەیوەندی بە مێردەکەیەوە دەبچڕاو دەبووە موڵکی دیلکەرەکە، هەر کاتێکیش دەگەڕایەوە لە ژنیەتی ئەمیش دەبچڕا.

(زواج المؤقت)یش: ژن و پیاوێك بە ئارەزووی خۆیان ڕێك دەکەوتن تا ماوەیەك پێکەوە بن، جا کە ماوەکە تەواو بووبا، خۆ بە خۆ تەڵاقی دەکەوت و پەیوەندییان دەبچڕا. هەندێ جاریش تەلاقیان دەدایە دەست ژنان، ژنەکەیش هەرکات مەیلی بوایە پیاوەکەی تەڵاق دەدا!.

بەڵێ دیارە ئادەمزاد لە هەموو سەردەمێکدا هەمیشە یاسا و ڕێسایەکی ژن و مێردیی و تەڵاق و جیابوونەوەی هەبووە، هەرگیز نەکراوە و سەرکەوتوو نەبووە کە ژن موڵك و ماڵی هەموو کەسێك بووبێ و بە شێوەی (شیوعییەت) و (ئیشتراکییەت) بەڕێوە چووبێ، گریمان - ئەگەر بەدەگمەن بووبێ - فەوزاو بەدڕەوشتی و ئیباحییەت و بەرەڵایەکی ڕەها سەری هەڵداوە، ناچار بوون ئەو حاڵەتە بگۆڕن بە حاڵەتێکی تری شیاو و لایەق بە مرۆڤایەتی و خێزان و منداڵ و دایکی منداڵەوە، ئەگەرچی پڕیشبووبێ لە هەڵەو پەڵە.. تا وردە وردە بەو هەموو قۆناغانەدا هاتە خوارێ و ئیسلام هات و بەحەکیمانە چارەسەری کردو بۆهەتا هەتایی دایمەزراند و ماف ژنانی ڕەچاوکرد، ئەگەرچی مخابن لەگەلێ ناوچەو وڵاتدا لەباتی ئەحکامەکانی ئیسلام عادەت و باو زاڵەو بەباوونەریتی خۆیان کاردەکەن و بەسەر ژناندا (تحکم) دەکەن!.

تەڵاق لای (مووسایی) یەکان، (١٢٠٠)ساڵ بەر لەزایین

تەڵاق بەلای (یەهوود)ەوە - ئەگەرچی ڕێی پێدرابوو - بەڵام بێ هۆکار بەلایانەوە قێزەون و ناپەسەند بوو، ژنی تەڵاقدراویش لە کۆمەڵگەدا پایەو پلەی خۆی لە دەست دەدا.. لەگەڵ ئەمەیشدا ببوونە دوو دەستە:

١- دەستەو قوتابخانەی (شما): کە دەیگوت: ژن تا گوناح و تاوانێك نەکات، نابێ تەڵاق بدرێت.

قوتابخانەی یەکەم - چوار مەرجیان دانابوو بۆ خستنی تەڵاق:

یەکەم - لەڕووی دینەوە یا ساغ بێت، وەکو خواردنی شتی حەرام و پیس لە ڕۆژە پیرۆزەکانیاندا.

دووەم - لەکاتی بێ نوێژیدا بڵێ پاکم و مێردەکەی چەواشە بکات.

(زەواج) و (تەلاّق) لای مەسیحییەكان

لە سەرەتاوە مەسیحیەت، یەك دینو یەك پارچە بوو، بەلاّم بۆ دوایی بوونە سێ پارچەوە:

١- كـاثـوّلیـك: كاسـوّلیكیش (٧) دەسـتـەبوون: قیبتیـەكانی میـسر، ڕومـی بنـەڕەت ئەورووپیی، ئەرمەن، بنەڕەت ئەرمەنی، سوریان، بنەڕەت سووری موارەنەی لوبنـانی، كلدانی عیراقی، لاتینی ئەورووپی، هەموو ئەمانە لە ژێر دەسەلاّتو بڕیاری (پاپا)ی (ڕوما)دا بوون.

٢- برۆتستانت: ئەمانیش ئەگەرچی پارچە پارچەن بەلاّم بەیەك دەستە دادەنرێن.

٣- ئەرسوزكس: ئەمانیش چوار تاقمن: (الأقباط، الروم، الأرمن، السریان).

تێبینی:

تا سەدەی پێنجەمیش تـەواوی كە نیشتە مەسیحیەكان یـەكبوونو یـەك بیروبۆچوونیان هەبوو بەرامبەر بە (مەسیح)، بەلاّم سالّی (٤٥١)ی زایین یـەكێ لە (مەجمەع)ـە دینیەكانیان دەربارەی (عیسا) بڕیارێكی دەركرد كە: عیسا دوو لایەنی هەیە: لایەنی سروشتی خوایی. لایەنو سروشتی ئینسانی.

بەلاّم هەمووكەنیشتەكانی (میسر) ئەو بڕیارەیان ڕەتكردەوەو گوتیان: عیسا یەك لایەنو سروشتی هەیە، كە سروشتی خوایی یە! پاشان لەبارەی سەرۆكایەتی كە نیشتە لە جیهاندا بوو بە هەراو كێشەیان، بۆ نموونە: (ئوسقف)ی (قسطنطین) گوتی: دەبیّ من سەرۆكی بالاّی (مەسیحیەت) بم. لە (ڕۆما)ش (پاپا) قبوولّی نەكردو بوو بە نەیاریی، دەرەنجام سالّی (١٠٥٤)ی زایین، سەرۆكایەتی كرایە دوو بەش، بەشی خۆرئاوا، نازناوی (كاثوّلیكی) وەرگرت، بەشی خۆرهەلاّتیش (ئەرسوزكس)، واتە: خاوەن رای دروست وڕاست. جا لە سەدەی شازدەهەمدا (پروتستانیەت) بە زۆری بلاّو بوویەوە.

زەواج لای هەموویان:

یەكەم - پەیوەندییەكی تاكییە، دەبیّ تەنها لە نێوان ژنو پیاوێكدا بێت.

دووەم - زەواج نهێنیەكە بە نوێژو صەلّەوات دادەمەزرێت، بۆ ئەوەش پیاوێكی ئاینیان دەهێناو سەرپەرشتی دەكرد.

تەلاّق و جیابوونەوە

تەلاّقیش دەبوو هەر لە ڕێی دەسەلاتی (دیین)یەوە ئەنجام درابا، واتە: وەكو چۆن زەواج لە ڕێی دینەوە تەواو دەبوو، تەلاّقیش دەبوو كەنیشتە ئاگادار بیّو بڕیاری تێدا هەبێت.

ئەمە كورتەیەك بوو لە (زەواج) و (تەلاّق)ی هەموو بەشە مەسیحیەكان، وەكو بنەماو

(مبادئ)یان، بەلام بێگومان هەریەکەیان شێوەو تایبەتیەکی خۆیشی هەیە، ئێمە لەبەر درێژ نەبوونەوەی باسەکەمانو، زۆر لانەدان لێی، لەو چەند دێرەدا کورتمان کردەوە.

تێبینی:

بۆ نووسینی ئەم باسە (واتە: چاوخشانێك بەباوونەریتە کۆنەکانی – بەر لە ئیسلام – سەبارەت بە تەلاق)، سوود لەم کتێبانە وەرگیراوە: ((المرأة بين الفقه والقانون. المرأة الكوردية ودورها في المجتمع الكردي) بە تایبەتی کتێبی (مدى سلطان الإرادة فى الطلاق..) کە وەکو سەرچاوەی یەکەم لەبەردەستدابوو.

ژنان و مومارەسەی کاری سیاسیی

مومارەسەی کاری سیاسیی لە لایەن ژنانەوە – واتە: ببنە ئەندام لە دەوڵەتی سەردەمدا و یەکێ لە پۆستە گرنگ و گشتییەکانیان پێ بسپێردرێو، لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگو ڕای خۆیانیان هەبێو بتوانن خۆ کاندید بکەن.. لەناو زاناکانی ئیسلامدا گرنگی خۆی دراوەتێو قسەو باسێکی زۆری لێکراوە، چونکە بەشێکی زۆری پێکهاتەی عالەمی ئیسلامیی وجیهان بە گشتیی ژنانن، کەوابوو هەقیانە پۆستە گشتییەکانیان پێ بسپێردرێ.

ئیمام (ئەبوو حەنیفە) دەڵێ: لە (حدود) و (قصاص)دا نەبێ، ژنان کاری (قەضاوەت)و دادگاییان دەدرێتێ. بەڵام (ئیبن جەریری الطبري) دەڵێ: بەشێوەیەکی گشتیی – واتە: بە (حدود و، قصاص)یشەوە– قەضاوەتیان دەدرێتێ، چونکە دادگایش وەکو (فەتوا) وایە، خۆ کەسێك نییە (ذکورەت) بکاتە مەرجی (فەتوا)، کەوابوو (قەضاوە ت)یش هەروا، وەلە (ئیبن حەزم)یشەوە دەگێڕنەوەکە دەڵێ: بۆ ژنان ڕەوایە کاروباری حوکمو قەضاوەتیان بدرێتێ، خۆ (عومەر)یش (د.خ) خاتوو(شفا)ی کردە چاودێری کاروباری بازاڕەکان لەو دەمەدا، جا ئەگەر کەسێکیش ئەم فەرموودە بکاتە بەڵگەی ڕێ نەدان بە قەزاوەتی ژنان کە دەفەرمووێ: ((لن يفلح قوم ولّوا أمرهم إمرأة)) دەڵێین: مەبەستی پێغەمبەر ﷺ – لەوە کە هیچ نەتەوەیەك بەختیارو ئاسوودە نابێ، کاروباریان بسپێرن بە ژنێك – خیلافەو ئەمیرایەتی گشتییە، نەك قەزاوەت. (المحلى لابن حزم، ج٩ص٤٢٩ – ٤٣٠).

لە ئیسلامدا هەقە ڕێ بەژنو پیاو بدرێت مومارەسەی کاری سیاسیی بکەن، بۆ ئەوە بەتوانای خۆیان خزمەت بەدینو نیشتمانو گەل و وڵاتیان بکەنو، لە پاڵ ئەوەیشدا کەسبی ڕزقو ڕۆزی بۆ خۆیان بکەن، بەڵام بێگومان بۆ ئافرەتان چەند مەرجێك هەیە لە مومارەسەی کاری سیاسەتدا، لەوانە:

١- نابیٚ به هۆی ئەو كارەیەوە، كارەسەرەكییەكەی خۆی لەكیس بچێت.

٢- كاركردنەكەی لەبەر پێویستیی بەژیانو بژێوی بیٚ.

هەموان دەزانن كە كاری بنەڕەتی و (ئەصلٚ)یی بۆ ژنان، سەرپەرستیكردنی ناومالٚو بە خێوكردن و پەروەردەی مندالاٚنو ماف ژنو مێردییە... بەشێك لەم فەرموودە ئەركەكانی ژنان دیاری دەكات كە دەفەرمووێ: ((...والمرأة راعية على أهل بيت زوجها وولده وهي مسؤولة عنهم..))بوخاري.

ئاخۆ ئەو ژنانە كە لەدەرەوەی مالٚەوە كار بكەن و كارێكی دەولٚەتییان پیٚ بدرێت، دەتوانن وەكو پێویست ئەركەكانی مالٚەوەیان ئەنجام بدەن ؟ دیارە ئەگەر ژنێك مندالٚی نەبوو و مێردەكەشی ڕێی پێبدا لە دەزگایەكی دەولٚەتدا كار بكات، لە حالٚەتی ئاوادا (موباح)ـە بۆی، بەمەرجیٚ تووشی كاری ناشەرعیی نەبێت.

ژنان لەم ڕووەوە كە (نەفەقە)یان لەسەر بابو براو خزمو كەسو كارە، بەر لە مێرد كردن، لە سەر مێردیشە، دوای مێرد كردن، دەبیٚ لە بەرامبەر ئەوەوە ئەوانیش هەلٚسن بە جێبەجیٚ كردنی كارەكانی خۆیان: (سەرپەرستی كاروباری مالٚ، پەروەردەی مندالاٚن، ماف ژنو مێردیی) كەوابوو ژیانو بژێوی ژنان لەم ڕووەوە مسۆگەرەو زەروورەتێك نییە لەمالٚ بچنە دەرو ممارەسەی كاری سیاسیی بكەن.

هەندیٚ كەس دەلیٚ: ئەمڕۆ بژێویی و ژیان زۆر گرانو سەخت بووە، جا ئەگەر لەم ڕێگایەوە ژن بەرەزامەندی پیاوەكەی بچێتە دەزگایەكی دەولٚەتەوەو بە مانگانەكەی هاوكارییەكی مێردەكەی بكاو دایەنو كارەكەر بۆ مالٚو مندالٚەكەی بگریٚ، چ كێشەیەك دەمێنیٚ..؟

بۆ وەلاٚمی ئەمەش زاناكان دەلێن: ئەو پەیوەندییەی لە نێوان ژنو پیاودا هەیە / هەرگیز بە (خادمە)و كارەكەر چارەسەر ناكریٚ، سەرەڕای ئەوەش لەوانەیە كارەكەرەكەش بەمانگانەی ژنەكە ئینجا كاریان بۆ بكات، لەولا تریشەوە هێنانی (خادمە)یەكی نامەحرەم بۆ مالٚەوە، گەلیٚ جار گیروگرفتی لیٚ دەوەشێتەوە، بچووكەكەیان دەست تێكەلٚكردنی پیاوەكەیە لە گەلٚیاو تەلاٚقدانی ژنەكەیەتی، ئەمە جگە لەوەیش كە دەكریٚ ئەو (خادمە)یەش مالٚومێردی بەجیٚ هێشتبیٚ كە ئەمەیش هەر كارێكی ناڕەواو ناپەسەندە.

ژن و سەرۆك كۆمارێتی

سەرۆكایەتی دەولٚەت- لە بەر ئەو فەرموودەیە كە دەفەرمووێ: ((لن يفلح قوم ولّوا أمرهم إمرأة)) واتە: ئەو كەسانە كاروباری خۆیان بە ژن بسپێرن، هیچ كات ڕزگار نابن -بۆ پیاوان

قۆرخکراوه و به ژنان نادرێ بۆ ئەمەش (شەوکانی، ئیبن حەزم..) دەتوانی بلێیت تەواوی فوقەهاکان یەکدەنگن!

دکتۆر (محمد سعيد رمضان البوطی) دەڵێ: چونکە خیلافەت، یان سەرۆك کۆماری، پێش ئەوە کە کارێکی سیاسی بێت، کارێکی ئایینیی و (دین)ییە، بگرە دینییەکی رووتەو سیاسی نییە، بۆ نموونە: یەکێ لە کارەکانی خەلیفە کۆکردنەوەی مەردومە بۆ بەرپاکردنی نوێژی هەیینی، خۆ لە ئیسلامیشدا ژنان نوێژی هەینیان لەسەر نییە، کەوابوو کەسێك خۆی بەرپرس نەبێت لە کارێکدا، تەکلیفی رێکخستنی ئەو کارەشی لێناکرێت، یان کارێکی تری خەلیفە ڕاگەیاندنی جەنگە لەگەڵ ئەوانەی تەماح لە خاك و وڵاتی موسڵمانان دەکەن، دیارە سەرۆکایەتی جەنگو هێزە جەنگاوەرەکان لە ئەستۆی پیاو دایەو ژنان – وەك پیاوان – جیهادو جەنگیان لەسەر نییە، کەوابوو سەرۆکایەتی هێزەکانیشی نادرێتێ، یان ئاگربەسی جەنگ، دەبێ خەلیفە بڕیاری بداو ئیمزاو مۆری بکات. یان ئامادەکردنی خەڵکان بۆ نوێژی جەژنەکانو نوێژە بارانە، هەر لە ئەستۆی پیاوان دایە، چونکە وتارو پێش نوێژی تێدایە، ئەمانەش لە ئیسلامدا – دووبارە – بە پیاوان سپێردراون، نەك بە ژنان.

دکتۆر (مصطفی سیباعي) دەڵێت:

سەرباری ئەوە کە ژنان لە ئیسلامدا لە ئەركو تەکلیفدا وەکو پیاوانن، بەڵام پاش کۆچی دوایی پێغەمبەرو کۆبوونەوەی هاوەڵان لە (سقيفة بن ساعدة)دا بۆ دانانو هەڵبژاردنی خەلیفە، هاوبەشی ژنان لەو ڕۆژەدا بۆ ئەو کارە، بەرچاو ناکەوێ.. جگە لەمەیش نابینین (خولەفای ڕاشیدین) لەو کارانەدا کە پیاوانیان بۆ کۆ دەکردەوە، بەو شێوەیە ژنانیشیان بۆ کۆ کردبێتەوە، وەلە لاپەڕەیەکی مێژوودا نابینین ژنان شان بەشانی پیاوان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا هاوبەش ببوون.

ئەوەی مێژوو بۆمان باس دەکات هەر ئەوەیە کە: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی فەتحی مەککە – بێ تەوقە وموصافەحە – بەیعەتی لە ژنان وەردەگرت، هەر کەسێك وابزانێ ئەو بەیعەتە دەلالەت لەسەر هاوبەشیو کاری ژنان دەکات لە کاروباری سیاسەتدا، ئەوە بێگومان داوایەکی ناهەق دەکاو ڕووداوەکانی مێژووی هەڵگێڕاوەتەوە! هاوبەشی هێندێ لە ژنان لە جەنگەکاندا بۆ برینپێچیو ئاودان بەدەم جەنگاوەرەکانەوە – هەموو ئەمانە هاوبەشکردنی ژنان لەکاروباری سیاسەتدا ناگەیەنێت، بەڵکو تەنها ئەوە دەگەیەنێت کە ژنانیش لە جەنگەکاندا لە برینپێچیو ئاوگێڕان بۆ بریندارەکان هاوبەشییان کردووە، خۆ ئەمەیش کەسێك ناتوانێ حاشای لێ بکات.

دەزانین كە لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا ژنانیش بە چڕو پڕی بەشداربوون لە گەیاندن و بڵاوكردنـەوەی دینی ئیسلامداو فیداكار بوون بۆی، لەوانە: خوشكەكەی (عومـەری كوڕی خـەتتاب) و (ئـەسمای كچی ئەبووبەكر) و دەیان و سـەدانی تـر، خـوا لێیان ڕازی بێت، خـۆ ئیستاش بەشداری ژنان بۆ ئیسلام و چاكسازی نێو كۆمەڵگە بەردەوامەو دەبێ پتر لەجاران هەوڵ بدەن بۆ ئەو كارەو بچنە ناو كۆمەڵگەوە بەوشێوەیە شەریعەتی ئیسلام بۆیانی دیاری دەكـات. دەزانـین كـە لـە ژیـانی پێغەمبـەر ﷺ دا ژنـان لـە نوێـژی جەژنـەكان و وانـە ئامۆژگاریەكاندا ئامادەبوون.

دەزانـین كـە (عایـشە / دایكـی موسـڵمانان) لـە جـەنگی (جەمـەل)دا بەشـداری كـرد و سـەركردایەتی جەنگەكەشـی لـە ئەسـتۆ گـرت. بـەڵام بەتەئكید بـۆ دوایـی لـەو كـارەی زۆر پەشـیمان بـوو و ژنـەكانی تـری پێغەمبـەر ﷺ لۆمـەو سەرزەنـشتیان كـرد، چـونكە بـەدەقی قورئان ژنی پێغەمبەر ﷺ نابێ لەماڵ دەرچێت، بەڵام خـاتوو عایشە (تـەئویل) ێكی بۆ خـۆی كـرد و تووشـی ئـەو هەڵەیـە بـوو، بێگومـان ئـەو كـارە بەشـداری ژنـان لـە سیاسـەتدا حـەڵاڵ ناكـات... كـەوابوو لـە مێـژووی ڕابـردووی موسـڵماناندا ژنـانی ئیمانـدار قـەت بەشـداری سیاسەتیان نەكردووە بەو مەفهووم و چەمكە ئەمڕۆ بۆ سیاسەتی دادەنێن ! بەرز ڕاگرتنی شان و شـكۆی ژنـان لـە ئیـسلامدا و گەیانـدنی بـە پلـەی پیـاوان لـە مافەكانیانـدا نكـووڵی لێناكرێت، بەڵام دینی ئیسلام وا بەچاك دەزانێ كە ژنان لە هـەموو ئیش و كارێكی تر ئازاد بكرێن و خۆ یەكلابكەنەوە بۆ كاروباری خێزان، هەر لەم ڕووەوە بوو ژیان و بژێوی لەسەرشان هەڵگرت و خستیە سەربراو كەس و مێرد – لەگەڵ ئەوەیشدا كە دەتوانێ بەئازادانە مامەڵەو كڕین و فرۆشتن وبازرگانی بۆ خۆی بكات.

لەمانـەوە دەتـوانین پەنجە بخەینـە سـەر حیكمـەت و فەلسەفەی ڕێ نـەدان بـە ژنـان كـە لـە دەرەوەی ماڵ – بە مەفهوومی ئـەمڕۆ – كـار بكـەن و بچنە نـاو سیاسـەتەوە. (المـرأة بين الفقه والقانون).

دەبـێ ئامـاژە بـۆ ئـەوەش بكـەین كـە ژنـی موسـڵمان – ئـەمڕۆ كەوتۆتـە ژێـر كاریگـەری خۆرئـاواوە – و لەماڵـەوە جـوڵاوەو هاتۆتـە دەرەوەو دەیـەوێ لـە كاروبـاری سیاسـەتدا شـان بەشانی پیاوان كار بكەن و لە هەڵبژاردنەكاندا بەشدار بێ و، بۆ سـەرۆك كۆماری و بەئەندام بوون لە ئەنجومەنی جێگراندا (مجلس النواب) خۆی كاندید بكات !

خـۆ ئاشكرایە ئـەو بیرۆكەیـە لـە ئازادیی و بیرو تێڕمـانینی ژنان خۆیانـەوە هەڵنـەقوڵاوە، بەڵكو گوشارو بیرۆكەی خۆرئاوایە..! بەهەرحاڵ هـەر چۆنێك بێت ئـەوجۆرە ژنانـە، ئـەمڕۆ بـە

مافی خۆی دەزانیٚ هەڵبژێردریٚو خۆی كاندید بكات، دەبیٚ هەڵوێستی ئیسلام چۆن بێت ؟

پاش هەوڵو كۆشانێكی زۆرو كۆڵینەوە لەو مەسەلەیە، دەركەوت كە هەڵبژاردن دانانی بریكارو (وەكیل)ـە لە لایەن ئوممەتەوە بۆ هەڵسووڕاندنی ئیش‌وكاری ناوخۆ و دەرەوە، بێگومانە كە ژنیش دەتوانیٚ بریكار بگریٚ و بە ڕای خۆی بیكاتە ئەندامێكی ئەنجوومەنی جێگران و كاروباری وڵاتیان پیٚ بسپێردریٚ، بۆئەنجادانی ئەوكارەیش دەتوانیٚ بچێتە بەردەم صندوقەكانی هەڵبژاردن‌و ڕای خۆی بە ئازادانە بدات، بەڵام دەبیٚ جل‌وبەرگی شەرعیی لە بەر بكاو تێكەڵ بە خەڵكانی نامەحرەم نەبیٚ، خۆ ئەگەر مەڵبەندێك بۆ دەنگدانی ژنان جیا بكرێتەوەو هەر ژنانیش بەسەر صندوقەكانەوە بن، كارێكی شەرعیی‌و تەواو پەسەندە.

بەڵام ئەگەر بەوردی تەماشای ئەم (نوێنەرایەتی)یە بكەین، دەبینین كۆمەڵیٚ ڕێگر هەیە لە ژنان ببنە نوێنەر لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا، دیارە لەبەر ئەوە نییە كە ژنان توانایان لە پیاوان كەمتر بێت، یان شانیان هەڵنەگریٚ.. بەڵكو لەدەرەوەی كەسایەتی ژنانەوە كۆمەڵیٚ هۆكارهەن، بۆ نموونە: چاودێری ماڵو حاڵو خێزان‌و خۆ یەكلا كردنەوە بۆی، ئەوەند لە ژنان دەوەشێتەوە، ئەوەند لە پیاوان ناوەشێتەوە، كەوابوو هەقیانە جگە لەوە كاری تر نەكەن، تا مەسەلە سەرەكیی و گرنگییەكەیان لەدەست نەدەن، ئەگینە لەباردەچیٚو كۆمەڵیٚ گیروگرفت پەیدا دەبێت.

سەرباری ئەوەش لەو نوێنەرایەتییەدا (إختلاط)و تێكەڵی بە پیاوانی نامەحرەمەوە ڕوودەدا، لەوانەیشە گەلیٚ جار (خەڵوەت) و دەرخستنی دەم‌وچاو و دەست و ڕوو، ڕوو بدات. ژنان بەتەنها بچنە سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات..

بێگومان ئەمانە – كە لە دەرەوەی كەسێتی ژنانەوەن – ئیسلام جەختی كردۆتەوە كە نابیٚ هیچ كامێكیان ڕێیان پیٚ بدرێت – كاتی ناچاریی‌و زەروورەت نەبیٚ – خۆ ئەو كارەش (نیابەت)، هەمووئەوانەی – بە زیادیشەوە – تێدایە، دەبیٚ ژن ماڵ بەجیٚ بهێڵێت، لەگەڵ پیاوان تێكەڵ ببیٚ . ڕووخسارو دەستی دەربخات، بەتەنها بچێتە دەرەوەی وڵات..و..و.. لەبەر ئەم هۆكارانە وا دەزانم هیچ موسڵمانێك نەوێریٚ ڕیٚ بە (نیابەت)ی ژنان بدات.. جگە لەمانەش ئیسلام هەموو كات لە (تەشریعات)دا، بەرژەوەندییە گشتییەكان پێش دەخات، جا هەر شتیٚ بەرژەوەندی گشتیی داوای بكات، ڕێی پێدەدات، هەر تێكیش بەرژەوەندی داوای نەكات ڕێی لێدەگرێت.

دەسا با بێین پێكەوە تەماشای مەسەلەی (نیابەت)ی ژنان بكەین، بزانین بەرژەوەندییە گشتییەكان ڕێمان پێدەدەن ببنە جێگر لە ئەنجوومەندا، یانا ؟ چونكە بە ئەندامبوونی ژنان

لـه ئەنجوومـەنی نوێنەراندا: مـاڵو منـداڵو بەرژەوەندییەکانی تـری مـاڵو پیـاوان لـە دەسـت دەچیٚ، وە هەر لەو ڕێگایەوە هەراو کێشەی حیزبایەتی لەناو خێزانەکەدا سەر هەڵدەدات..

دکتۆرسیباعیدەڵیٚ: لە یەکیٚ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ژنێك مێردەکەی خـۆی کوشـت، چـونکە ئـەم حـەزی دەکـرد سـەرۆك کۆمارێـك دەرچێت، مێردەکەشـی حـەزی دەکرد یەکێکی دی دەرچێت.

سـەرقاڵکردنی ژنـان بـە سیاسـەتەوە، هـیچ مرۆڤێکـی خـاوەن ویـژدانو هـەقڕەو نـاتوانیٚ نکـووڵی لـە زیـانو زەرەرەکـانی بکـات، مەگـەر مرۆڤـە نـەخۆش ویـژدانو دەغـز دارەکـان، وەبێگومانە کە زیانی لە قازانجی زیاترە! خۆ ئەگەر دروست بیٚ بڵێین: ئەگەری ئەوەیش هەیە کە ئەو ژنە (نوێنـەر)و جێگرە، ژنێکیقەشـەنگو جـوانو شـۆخە شـەنگ بێت، جا لـە حاڵـەتی ئاوادا دەکریٚ لە بەر جوانییەکەی سەرنجی گەلیٚ لـە پیاوان بۆ خۆی ڕاکێشیٚو چەواشـەیان بکاو دەنگی بدەنیٚ، ئەگەرچی شایستەی ئەو گۆڕەپانەیش نەبیٚ !

گریمان ئەوا بووە (نوێنـەر) لـە پەرلەماندا،ئەی دایکایەتییەکەی چی لـیٚ دەکات ؟ ڕاسـتە واز لە کاری دایکایەتی بێنیٚ ؟! یاگریمان ببیٚ بە دایك، بەڵام ناوبەناو مۆڵەتێکی (سـیٚ چوار) مـانگی وەرگـریٚ و بێتـەدەر، وەکـو ژنـە وانـە بێـژو کارمەنـدەکانی تـر ؟ خـۆ گـەلیٚ جـاریش (حەیز)و بیٚ نوێژ، یان دووگیان دەبیٚ، لەو ماوەیەشدا ژن مەشرەبو سروشتی تێك دەچیٚو پێویستی بە مۆڵـەتو حەوانەوەیە، بە کـورتیی لەوانەیە ئەگـەر ئـەو مۆڵەتانـەی بخەیتەسـەر یەك، تەواوی دەورە دانیشتنەکانی پەرلەمان بگرێتەوەو ئەو هەر لە ئیجازەومۆڵەتدا بێت ! دە ئـاخۆ دەزگـا دەوڵەتییـەکان بە کـاری ئـاوای ژنـان چاودێری دەکرێت، یـان دەتـوانن یاسایەك (تەشریع) بکەن، کە ئەوە حاڵیان بێت ؟؟.

ئەگەر ژنان خاوەن ویژدان بن، بە وردی لەم مەسەلەیە تێدەگەنو بۆ خۆیان خەریکی کاری دایکایــەتییو منــداڵ بــە خێــوکردنو پــەروەردەکردنیان دەبــن و لــە ڕووی لەشــساغییو تەندروسـتییو گەشـەدان بـە ئـەقڵو ژیریـان چـاودێریان دەبـن.. ئایـا (خادمـە)، یـان خـزمو کەسوکار دەتوانن وەك دایك دلۆڤانیو خۆشەویستی بە منداڵ ببەخشن..؟ ئایا ئەو مندالانە کە ڕۆژانە چەند کات ژمێرێك لە دایکیان دوور دەخرێنەوە، وەکو ئـەو منداڵانـە میهرەبـانن کـە هەمیشە لەگەڵ دایکیان دەژین ؟

نازانم دەبیٚ کەڵکی چی بێت ژنان بکرێنە نوێنەر؟ بڵێیت بۆ پاراستنی هەستی ئینسانیەتی خۆیـان بێـت؟ واتـە: بـەوە ویـژدانی خۆیـان ئاسـوودە بکـەن کـە لـە کاروبارەکـانی دەوڵەتـدا هاوبەشن. بڵێیت بۆ ئەوە بێت ڕێـزو حورمـەتیان بگێڕنـەوە؟ بە ڕای ئێمـە هـیچ کام لەوانە نییـە،

چونکه هەر بە پێی یاسا ئەوانەی لە (سیلك)ی سوپادا کار دەکەن، ماف بەشداربوونیان نییە ببنە ئەندامی پەرلەمان ! دە ئاخۆ بەوە پلەو پایەیان دابەزیوەو سووك بوون ؟.

بەرژەوەنـدی گـەل وا هەڵـدەگرێت – هێنـدێ جـار – کۆمـەڵێك بـە کارێکـەوە خـەریك بـن و، کۆمـەڵێکیش بـەکارێکی تـر، دەبـێ هەنـدێ سـەربازو پاسـەوانی وڵات بـن، هەندێکیش بازرگان، هەندێکی دی سەرپەرستی و چاودێری منداڵان بکەن و دایك بن، هـەر کـەس لـە سنوورو توانـای لێهـاتوویی و لێوەشـاوەیی خۆیـەوە، هـەموو ئەوانـەش جێگـەی ڕێـزو حورمـەتن لای گـەل و جەماوەر، هیچ کامێکیشیان لەوی تر کەمتر نییە لە بواری خۆیدا بۆ خزمەت بە کۆمەڵگە.

دکتۆر دەڵێ: ئەم مەسەلەیە لە جیهانی ئیسلامیەوە هەڵنەقوڵیوەو زادەی بیری موسڵمانان نییـە، بـەڵکو گوشـارێکی خۆرئـاوایی یـەو چاوبڕینە لـەوان، کـە ئـەوانیش پـاش سـەدان سـاڵ ئەوسـا ئـەو بڕیارەیـان دا و ژنانیـان هێنایـە پەرلەمانـەوە، ئـەویش سـاڵ دوای سـاڵ ژمـارەی (نائبـات) کـەم دەبێتـەوە لـە پەرلەمانەکانـدا، چـونکە دەزانـن سـەرقاڵکردنی ژنـان بـە کـاری سیاسـەتەوە تەکلیفـە مەزنەکـەی خـۆی – چـاودێری مـاڵ ومێردو دایکایـەتی و پـەروەردەی منداڵان – لەکیس دەچێ و ئەوسا خێزان هەڵدەوەشێتەوە... سـەرباری ئەمانـەش مـن بـۆ خـۆم سـەردانێکی پەرلـەمانی (بـەریتانیا)م کـرد، تـەنها ژنـێکم نـەدیت، چـونکە هەریەکـە بـە بیانوویەکەوە (غائب)بوون و نەهاتبوونە سەرکارەکانیان !.

(سویسرا)کە وڵاتێکی پێشکەوتەو لەبەرە تا ئێستاش ژنەکانیان بە ئارەزووی خۆیـان مومارەسـەی کـاری سیاسـیی ناکـەن و هـەر کـاتێکیش ڕیفرانـدۆم کرابـێ بـۆ ئـەوە لـە ٩٥٪ ی دەنگەکان (نا) بووە بۆ مومارەسەی کاری سیاسی.

لـە کۆتـایی بابەتەکـەدا – دکتـۆر سـباعی – دەڵـێ: ئەگەرچـی تۆمـەتباریش بکـرێم بـە دواکەوتـەو جێمـاو لـە قافڵـەی گۆڕانکارییـە نوێکانـدا، بـەڵام بـە ڕاشـکاوی ڕادەگەیـەنم کـە: سەرگەرمکردنی ژنان بە (سیاسەت)ـەوە، لای ئیسلام زۆر بێزراوو نکۆڵی لێکراوە، ئەگەر بڵێم حەرام و قەدەغەیە ! لەبەر لێنەهاتوویی و هەڵنەگرتنی شانی ژنان نییە بۆ سیاسەت، بەڵکو لەبـەر ئەوەیـە کـە کۆمەڵـە زیـانێکی گـەورەی لـێ پەیـدا دەبـێ بـۆ کۆمەڵگـەو بـە ئاشـکرایش پێچەوانەی داب ونەریت و ئەخلاق و قییەمی ئیسلامە، چونکە تێکەڵی ژن و پیاو و خـەڵوەت و سەفەر بۆ دەرەوەو..و..و.. لێی پەیدا دەبێ.

بەڵێ.. بەپێی ئەم نووسین و شیکردنەوەیە، دەرکەوت کە لە بنەڕەتدا هیچ ڕێگرو هۆکارێك نییە بۆ مومارەسـەی کـاری سیاسـی لەلایـەن ژنانـەوە، وەلەبـەر لێنـەهاتوویی و کـەمتواناییان نییـە – ئەگـەر ڕێنـەدرێن – ئـەوە نـەبێت کـە کارەسـەرەکییەکەی خۆیانیـان – دایکایـەتی و

پەروەردەی منداڵان‌و ماڤی مێرد – لە کیس دەچیٚ‌و ئیختیلاط و تێکەڵی لەگەڵ پیاوان ڕوو دەدات. ئایا چارەسەری ئەو شتانەی بۆ دەکرێ تا بچێتە گۆڕەپانی سیاسەتەوەو کار بکات‌و کارەکانی خۆی ئیفلیج نەبن..؟!.

دکتۆر (محمد سعيد رمضان البوطي) لە کتێبی (المرأة بين طغيان النظام الغربي ولطائف التشريع الرباني) دەڵێت: کاتیٚ خوا دەفەرمووێ: ﴿..وشاورهم في الأمر..﴾ آل عمران:)١٥٩. واتە: لە کارەکاندا ڕاوێژو مەشوەرەتیان پیٚ بکە. یان دەفەرمووێ: (وأمرهم شورى بينهم..– شورى: ٣٨). واتە: کارەکانیان لەسەر بناغەی مەشۆرەتە لە نێوان خۆیاندا. دیارە ئەوانە کە ڕاوێـژیان پێدەکرێت پێك دێن لە پیاوان‌و ژنان‌و هەردوولایان ماڤی ڕاوێـژ پێکردنیان هەیە. ڕۆژی (حودەیبیە) – پاش ئەوە ڕیٚ لە پێغەمبەرو هاوەڵان گیرا کە بچنە ناو مەککەوەو عومرە بکەن – پێغەمبەر ﷺ داوای لە هاوەڵان کرد: ئەو حەیوانەی بە (هەدیی) ودیاریی هێناویانە بۆ (كعبة الله) سەری بڕن‌و سەریان تێغ بکەن تا تەعبیر لە شکاندنی ئیحرام بکات، بەڵام ئەوان – لەبەر ناڕەحەتی و کاریگەری ئەو مەسەلەیە لەسەردڵیان – نەجوولان و کارەکەیان ئەنجام نەدا ! پێغەمبەریش ئەمەی بە (أم سەلەمە)ی خێزانی گێڕایەوە، ئەویش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ! ئەگەر دەتەوێ ئەوان ئەو کارە بکەن، بچۆ بێدەنگ بۆ خۆت دیاریەك سەربڕەو کەسیٚ بانگ بکە سەرت بتاشیٚ، پێغەمبەریش ﷺ هەڵسا چوو کاری بە قسەکەی (ئوم سەلەمە) کرد. (بوخاریی).

شێخ (حەسەنی بەصری) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ هەمیشە لەبەر ڕیعایەت وچادێری خودا دا ژیاوە، وە لە هیچ کارێکدا پێویستی بە ڕاوێـژ نەبووە بە ژنان، بەڵام ویستی بەوکارەیەی – دوای خۆی فەرمانبەرانی ئیسلام – پرس‌و ڕابە ژنان بکەن و بیکەنە بنەمایەك بۆ ڕاوێژ پێیان.

(ئیبن حەجەری عەسقەلانی) لە کتێبی (الإصابة)دا دەڵێ: (ئەبوو بردە) لە باوکییەوە گوتی: هەر گرفتێکمان پێش هاتبا و بردبێتمانە لای خاتوو (عایشە– خوا لێی ڕازی بیٚ) دەربارەی ئەو گرفتە زانیاریی هەبوو و چارەسەری دەکرد. (عەتا بن رباح) دەڵیٚ: خاتوو عایشە لەناو خەڵکدا لە هەموو کەسێك زیاتر و تێرمانینی لە هەموان باشتر بوو.

(خولەفای ڕاشیدین)یش لەگەلیٚ ئیش‌وکاردا مەشوەرەتیان بە ژنان دەکردو کاریشیان پیٚ دەکرد. وە لە هیچ فەرموودەو کتێبێکدا نەهاتووە: مەشوەرەت بە ژنان نەکرێ، یان بەگوێیان نەکرێت، ئەگەرچی لەوانەیشە درۆو دەلەسەیەکی زۆر بەدەم پێغەمبەرەوە دژ بە ژنان هەڵبەسرابیٚ.

مەسەلەی پرس‌و ڕا بە ژنان وقبوڵکردنی ڕاوبۆچوونەکانیان، لەلای ئیسلام‌و زاناکانی

ئیسلام قبوڵـەوكارى پێـدەكرێ و هـیچ كێشەیەكى تێدا نییـە، بـەڵام ئـەوەى ئـەمڕۆ بووبێتـە هــەراو كێـشەو ئیختـیلاف لاى زاناكـانى سـەردەم ئەمەیـە كـە: ئـەو پـرس‌و ڕا وەرگرتنـەو مەشـورەتە پێیـان، لەسـەردەمى پێغەمبـەرو خولـەفاى ڕاشـیدیندا بـە شـێوەو شـێوازى ئـەمڕۆ نـەبووە، واتـە: هـاتبن لـە جێگایەكـدا كۆمـەڵێ ژن وپیـاو بـە تێكەڵـە، یـان بەرامبـەر بـە یـەكتر كۆبكەنەوە، چونكە پێغەمبەر ﷺ هاتووە لە ڕێ وشوێنێكى تایبەتدا مەشورەتى بە خێزانى خۆى دەكرد، (عومـەرى كـوڕى خـەتتاب) كە مەشـورەت بـە (حەفصـە)ى كـچى خـۆى دەكـات، لـەناو كـۆڕو ئەنجومەنێكـدا نـەبووە پێكهاتبێـت لـە پیـاوان و ژنـان، تـا (ئیختـیلاط)و تێكـەڵى ڕووبــدات، یــان ژنــان نــەتوانن كارەســەرەكییەكانیان تێپــەڕێنن ! لێــرەوە كێــشەكە ســەر هەڵـدەداتو دەبێتـە هـەراو نـاكۆكى نێـو زانایـانى سـەردەم‌و، ئەوانـەیان زانـاو بەرجەسـتەن دەڵێن: نابێ ژنان ببنە ئەندام‌و نوێنەر لە ئەنجوومەنەكانى ئەمڕۆدا، یان ئەگەر كرانـە نوێنـەر، دەبێ لە ماڵەوە پرس‌و ڕایان پێ بكرێت، نەك بچنە ناو ئەو كۆڕەوە كە پـڕە لـە كـارى حـەرام‌و ناشـەرعیى بەرامبـەر بـە ژنـان. (سـەیرى كتـێبى: (المفـصل في أحكـام المـرأة..) ل٤،ل٣٣٣، وەكتێبى (نظریـة الإسـلام وهدیـه في الـسیاسة والقانون والدستور) ((أبـو الأعلـى المـودودي)) وەكتێبى (المرأة بين الفقه والقانون)ى دكتۆر سباعى بكە.

لەبـەر ئـەو هۆكارانەیـە كـە زانـاى پایـە بـەرز (أبـو الأعلـى المـودودي) دەڵـێ: مـەرجى بـە ئەنـدامبوون لـە ئەنجوومـەنى ڕاوێـژدا (ذكـورەت)ـە، واتـە: دەبـێ نێرینـە بێـت. یـان لـە كتـێبى (النظام السیاسي في الإسلام) (ذكورەت) دەكاتە مەرج بۆ ئەنـدامبوون لـە ئەنجومـەنى ڕاوێـژدا، جـا ئەگەرچـى هێنـدێ بەڵگـەش دێننـەوە بـۆ بۆچـوونەكەیان، وەك مەسـەلەى (قیوومیـەت)ى پیاوان بەسەر ژناندا:﴿الرجال قوامون على النساء..﴾ سوورەتى: نیساء /٣٤) بەڵام (الأحكام السلطانیة)ى (ماوەردى) كاتێ باسى مەرجەكانى (خەلیفە) دەكات، لە (ذكورییەت) بێ دەنگە ! بـەڵام كـە دێتـە سەرمەسـەلەى دانـانى (وزیـر التفـویض)، كـە ئـەمڕۆ جێگـرى سـەرۆك كۆمـار دەگرێتەوە (ذكورییەت) دێنێتە ناو.

سەبارەت بە كردنى ژنان بە (وەزیر) هەر وەزیرێك بێت لـە وەزارەتـەكان.. دكتـۆر (بـووتى) دەڵێـت: لـە هـیچ ئایـەت‌و فەرموودەیەكـدا نـەهاتووە ڕێ لـە ژنـان بگـیردرێ ببنـە وەزیـرو هـەر كەسـە بـە پێـى توانـاو لێوەشـاوەیى خـۆى كـار بكـات، بـە مـەرجێ پابەنـد بـن بـە حیجـاب و بـە (تعالیم)ـەكانى ئیسلامەوە.. هـەروەها دەڵێـت: ئـەو فەرموودەیـەش كـە دەفـەرموێ: ((لـن یفلـح قـوم ولّـوا أمـرهم إمـرأة = كەسـانێك كاروبـارى خۆیـان بـە ژن بـسپێرن، هـەرگیز ڕزگـار نـابن)) پێغەمبـەرﷺ كـاتێ ئـەوەى فەرمووكـە (پوراندخت)ى كـچى (شـیرویە) لـە (ئێـران) كرابوویـە

پادشاوله سەردەمی بابیا نوێنەرەكەی پێغەمبەریان كوشتبوو، كەوابوو تەنها پەیوەندی بە سەرۆك كۆمارەوە هەیەو تەنها لە سەرۆك كۆماری رێی لێدەگیردرێ، نەك بە ئەندام و وەزیر بوون لە پەرلەمانو وەزارەتەكان.

لە كتێبی (الحريات العامة فی الدولة الإسلامية \ نووسینی راشد الغنوشی) هاتووە:ئەو فەرموودەی ((لن يفلح قوم..)) لەوە تێپەڕناكات بۆیگوتراوە، واتە: نابێتە سەرچاوەیەك بۆ مەسەلە یاسایی یەكان ولەوەوە رێ لە ژنان بگیردرێ بۆ سەرۆك كۆماریی، لەولایشەوە زانایانی (علم الأصول) یەك دەنگ نین لەوەدا كە ئیعتیبار بە (عموم اللفظ)ە نەك بە (خصوص السبب)، واتە:هەرشتێك بێژەكەی (عام) وگشتگیر بوو، مەرج نییە حوكمەكەیشی (عام) و گشتگیر بێت.

(غەنووشی) دەڵێت: نە ئایەتی(قەووامە- الرجال قوامون على النساء..)،نە فەرموودەی (لن يفلح قوم ولوا أمرهم امرأة) بەڵگەن بۆ رێگرتن لە ژنان بۆ سەروك كۆماریی و، بوون بە ئەندمام لە مەجلیسی نوێنەران، چونكە ئایەتەكە سەبارەت بە ئاڵۆزی و كێشەی ناو خێزان هاتووەو دەدوێ، ئیتر هیچ پەیوەندییەكی بە مەسەلەی سیاسەتەوە نییە تا ببێتە لەمپەرێك بۆ رێگرتن لە ژنان لە كارو باری سیاسەتدا،ئاماژەشی بە راو بۆ چوونی (تقی الدين النبهانی) و(ئیبن حزم) كردووە كە هەردوو رێیان داوە ژنان ببنە ئەندام لە پەرلەماندا، جا بۆ دواییش باسی سیستمی كۆماری ئیسلامی ئیران دەكات كە ژنانی گەیاندۆتە پەرلەمان، بگرەكردوونی جێگری سەرۆك كۆمار.

پوختەتر بڵێین: ئەو ئاڵو گۆڕو تەكانەی دنیای ئەمڕۆ – لە هەموو ڕوویەكەوە – جیاوازییەكی زۆری هەیە لەگەڵ چاخەكانی پێشوودا، جا لەبەرئەوە بۆ چارەسەری ئەو كێشانە، فەتوای موفتییەكی زیرەك ودیندارو چاوكراوەو دنیا دیدەی دەوێ، دەیەوێ زاناكان – ئەوانەیان باوەڕ بە فەتوایان دەكرێت – لێرەو لەوێ- كۆببنەوەو زۆر بەوردی لە مەسەلەكە بكۆڵنەوەو ئەوسا ئیجتیهادی تێدا بكەنو ڕای خۆیان دەربڕن.

من وادەزانم – وەكو سباعی دەڵێت – ژنان هیچ كەمو كورتییو ناتەواویەكی جەستەییو یاساییو شەرعییان نییە، تا ڕێیان لێ بگیردرێ بۆ مومارەسەی كاری سیاسیی، بەڵكو سەرەتاو كۆتایی ئەوەی لەمپەڕ بێت لەبەردەم ئەو كارەدا: تێكەڵبوونو لەدەسچوونی كارەسەرەكییەكانیانە، وەكو (سەرپەرستی ناوماڵ، پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵان، مافی ژنو مێردیی، تێكەڵ نەبوون) خۆ ئەگەر رۆژێ هات توانرا شەرعیپەسەندانە ئەو كێشانە چارەسەركران، هیچ ئەستەمێكی تر نابینرێ بۆ مومارەسەی كاری سیاسیی.

بەشداری ژنان لە ناو سوپادا

١- دکتۆر (محمد خير هيكل) لە کتێبی (الجهاد والقتال في السياسة الشرعية)دا دەڵێت:

٢- بە پێی ئەو ڕیوایەتانە لە (بوخاریی)و کتێبەکانی تردا هاتوون، بەشداری ژنان لەناو سوپادا زۆر کەمو بە شێوەیەکی وا بووە، کە زۆرێکی زۆرینەی سوپاکە نەیانزانیوە بە هاتنیان بۆ جەنگ و بەشداریکردنیان، بەتایبەت جارێك (نجدة الحروري) نامەیەك بۆ (ئیبن عەباس) دەنووسێ ودەپرسێ: ئایا پێغەمبەر ﷺ غەزای بەژنان دەکرد؟ ئەویش گوتی: (وقد كان يغزو بهن فيداوين الجرحى). (صحيح مسلم، رقم الحديث (١٨١٢)ج ٣/١٤٤٤). واتە: بەڵێ پێغەمبەر ﷺ ژنانی دەبردە غەزاو، تیمارو چارەسەری زەخمییەکانیان دەکرد، ئەمە مانای وایە کە بەشداربوونیان بە شێوەیەك بووە، زۆرکەم دەرکیان پێکردووە.

٣- بەشدارییان لەبەر ئەوە نەبووە کە وەکو پیاوان جیهادیان لەسەر فەرز بوو بێت، بەڵکو - بەپێی ئەو ڕیوایەتە کە دەڵێ: (ئوم سولەیم) داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەر ﷺ کرد لەگەڵی بچێتە غەزا و، فەرمووی: (يا أم سليم ! إنه لم يكتب علي النساء الجهاد...) واتە: ئوم سولەیم! ژنان جیهادیان لەسەر نییە - بە (تطوع) وئارەزووی خۆیان بووە.

٤- دۆزی ئەو ژنانەش بەشداریان دەکرد، خزمەت بوو بە جەنگاوەرەکان: کەل‌و پەلەکانیان دەپاراست، خواردنیان ئامادە دەکرد، برینەکانیان بۆ دەپێچان، تیمارو چارەسەری نەخۆشەکانیان دەکرد، جەستەی شەهیدەکانیان دەگوێزایەوە لە ناوچەی جەنگەکەدا... هتد.

٥- چەك هەڵگرتنیان و مومارەسەی جەنگەکان.. لەو ڕێ‌و شوێنانەدا جەنگەکە (فرض العين) بووبێ، چەك هەڵگرتنیش فەرز دەبووە سەریان، لەلایەکەوە بۆ بەرگری لە خۆیان، وەکو ڕۆژەکەی (یەرمووك)، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ بەرگری لەخودی پێغەمبەر ﷺ - کە ئەمەش لەبەرگری لەخۆ گرنگترە - وەکو (أم عمارة الأنصارية) کە لە (ئوحود)دا بە قارەمانانە لە پێغەمبەر ﷺ بەرگری دەکرد، یان (ئوم سولەیم) ڕۆژی (حونەین) خەنجەرێکی بەدەستەوە گرتبوو بەرگری لە خۆی دەکرد، یان ڕۆژی (ئوحود) ژنان چەکیان هەڵگرت‌و ڕاستەوخۆ چوونە جەنگەوە، لە هەمان کاتیشدا ئایەتی (حیجاب) هاتبوو. واتە: مەسەلەی (حیجاب) ڕێ لە جیهادی ژنان ناگرێت.

فوقەهاو زاناکانیش - لەگەڵ جیاوازیی مەزەبیان - دەڵێن: ئەگەر جیهادەکە (فرض الكفاية) بوو، ژنان جیهادیان لەسەر نییەو نایەنە جەنگەکانەوە. خۆ ئەگەر دوژمن هێرشی هێناو بە پیاوان بەرگری نەدەکرا، دەبێ ژن‌و پیاو، کۆیلەو قەرزار بەشداری بکەن، بەڵام کە جیهاد نە (فرض العين) و نە (فرض الكفاية) بوو لەسەر ژنان، ئایالەو کاتانەدا دەتوانن چەك

هەلگرن و ڕاستەوخۆ بچنە جەنگەوە؟

بەپێی ئەو فەرموودە لە (بوخارى)یدا، ژمارە (٢٨٧٥)ج ٦/٧٥ى (فتح البارى)دا هاتووە لە وەلامى پێغەمبەرﷺ بۆ خاتوو (عایشە): ((جهادكن الحج...)) وەكو (إبن بطال) دەلێ كە جیهادیان لە سەر نەبێ: مانای ئەوە نییە بە ئارەزووى خۆشیان نەتوانن جیهاد بكەن.

(إبن قدامە)ى (حەنبەلى) دەلێ: ژنان ئەگەرچى جیهادیان لەسەر فەرز نەبێ، بەلام دەتوانن بچنە جەنگەكانەوە، جا بۆ پشتگیرى لەو قسە ى خۆیە دەلێ: (كانت (أم سليم) و(نسيبة بنت كعب) تغزوان مع النبي – صلى الله عليه وآله وسلم – فأما نسيبة فكانت تقاتل! وقطعت يدها يوم اليمامة...) المغني لإبن قدامة. ٣٩١/١٠. واتە: (ئوم سولەیم) و (نوسەیبە) لە گەلّ پێغەمبەردا – درودو سلاوى لە سەر بێت – دەچوونە غەزا، نوسەیبە لە نەبەردەكاندا جەنگى دەكردو لە (یەمامە)شدا دەستى پەڕى.

لەوانەیە ئەم پرسیارە بێتە پێشەوە: ئایا ژنان بە عەمەلى دەتوانن بچنە ناو سوپاوەو دۆزى خۆیان ببینن ؟

بۆئەو وەلامە دەلێین: بێگومانە كە ژنان جیهادیان لەسەر نییە، چونكە جیهادو خۆئامادەكردن بە پلەى یەكەم لەسەر پیاوانە، وەهەر پیاوانیش بە ئاسانى دەتوانن سوپا پێكبهێنن و ئامادە بن بۆ ڕۆژى تەنگانە.. جا لەگەلّ ئەوەیشدا ئەگەر بەرژەوەندى موسلّمانان خواستى كە ژنانیش – بەپێی بڕیارى سەرۆك و پەرلەمانى موسلّمانان – بە عەمەلى بچنە ناو سوپاوە، لە حالّەتى ئاوادا كارێكى دروست و ڕەوایە. (الجهاد والقتال في الشريعه الإسلاميه) دكتۆر (محمد خير هيكل) بەرگى ٢ ل١٠٢٣ – ١٠١٣.

ژنان و كاركردن لەدەرەوەى مالّ !

لە دینى ئیسلامدا بە گەلێ ئایەت و فەرموودەى باوەڕ پێكراو مرۆڤ هاندراوە بۆ كردو كۆشش و هەولّو تەقالا بۆ پەیداكردنى ژیان و گوزەرانێكى خۆش، لەوانە: ﴿فإذا قضيت الصلاة فانتشروا في الأرض وابتغوا من فضل الله...﴾ سوورەتى (جمعە) ئایەتى ١٠. ﴿هو الذي جعل لكم الأرض ذلولا فامشوا في مناكبها وكلوا من رزقه وإليه النشور﴾ سوورەتى (ملك – ١٥). لە فەرموودەیشدا: (إن الله يحب العبد المؤمن المحترف). (ما أكل أحد طعاما قط خيرا من أن يأكل من عمل يده، وإن نبي الله داود – عليه السلام – كان يأكل من عمل يده) بوخاري. كەوابوو كارو كاركردن لە ئیسلامدا كارێكى پیرۆزو پێویستە و دەبێ پشتگوێ نەخرێت، هەر وەك فێربوونى پیشەو پیشەسازیش كارێكى پەسەندو (مستحب)ى ئیسلامە،

خودا بە داود – علیە السلام – دەفەرمووێ: ﴿ولقد آتينا داود منا فضلا، يا جبال أوّبي معه والطير وألنا له الحديد، أن اعمل سابغات وقدّر في السرد واعملوا صالحا إني بما تعملون بصير﴾ سوورەتی (سبأ/١٠ – ١١).یان ئایەتی ﴿وعلمناه صنعة لبوس لكم لتحصنكم من بأسكم فهل أنتم شاكرون﴾ سوورەتی (ئەنبیاء/٨٠).

* کارکردن شتێکی ڕێی پێدراوو (مباح)ـە، خۆ ئەگەر مرۆڤ پێویستی هەبوو بە ژیان و گوزەرانی ماڵ و منداڵی،کارکردن (واجیب) دەبێ.

* مرۆڤ لە پەیداکردنی ژیان و گوزەراندا ئازادە، وەکو لە ئایەت و لە فەرموودەکانەوە دەردەکەوێت، واتە: نەبە زۆر کاری پێدەکرێ، نە ریگایشی لێدەگیرێ، بەڵکو ئازادە چۆن کاردەکاو کەی دەیکات، مەگەر کاتێ کارەکەی زیان بە مەردم بگەیەنێت، وەکو (ئیحتیکار) وقۆرخکردنی شتومەك و فرۆشتنی بە بەهایەکی زۆرو گران بەپێی ڕۆژگار. یان کاتێ ئەگەر کار نەکات، خۆیی و ماڵ و منداڵی برسیان ببێ، لەهەردوو ئەو حاڵەتەدا، شەریعەتی ئیسلام دەست دەخاتە کارەکەیە وەو بەزۆر کاری پێدەکات، یان ڕێی پێنادات ئەو جۆرە کەسابەتە بکات.

* بێگومان کارکردن بۆ بەدەستهێنانی ژیان و گوزەران و پەیداکردنی جل و بەرگ و مەسکەن و جێی نیشتەجێبوون، لای ئیسلام پێویست و واجیبە.

ئینجا سەبارەت بەکاری ژنان لەدەرەوەی ماڵ – لەکاتێکدا کە ئەوان ژیان و گوزەرانیان لەسەر براو باوك و خزم و مێردە – دەبێ ئەو کارکردنەیان کارەسەرەکییەکانی ماڵەوەی– وەکو کارەکانی ناو ماڵ وژیانی ژن و مێردیی و وەڵامدانەوەی خواستەکانی و پەروەردەو پێگەیان و چاودێری منداڵان – لە کیس نەدات، چونکە جێبەجێکردنی ئەو کارانە کاتێکی زۆری دەوێت، لەوانەیە ئەگەر بە راستی ماڤ خۆیانیان بدرێتێ، ژن ئەوەند کاتی نەمێنێ بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، خۆ ئاشکرایە کە یەکێ لە مافەکانی مرۆڤ بەسەر یەکەوە ئەوەیە بەرامبەر تەنگە تاونەکاو ماڤ نەخوات.

* لەبەر ئەوەیە کە زاناکان رێ لە کاری ژنان لە دەرەوەی ماڵ دەگرن، چونکە بەو هۆیەوە کارە سەرەکی یەکانی خۆیان لەدەست دەدەن و تێکەڵی بە پیاوانیش ڕوودەدات، بێ ئەوەی هیچ زەروورەت و ناچارییەك هە بێت. خۆ لەوانەیشە کەسێك بڵێت: ژنان دەتوانن لە جێی خۆیاندا (کارەکەر)ێك دابنێن بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان:(ئیش و کاری ناوماڵ و پەروەردەی منداڵ و... هتد) ئایا لەو حاڵەتەشدا هەر ڕێیان لێ دەگیردرێ ؟

بۆ ئەو وەڵامە دەڵێین: ئاشکرایە ئەو دڵسۆزیی و دلۆڤانیە کە ژنان خۆیان بەرامبەر بە ماڵ و منداڵ و پەروەردەی منداڵان هەیانە، هەرگیز بەکارەکەر پڕ ناکرێتەوەو جێبەجێ نابێت،

بەتایبـەتی مـافی ژن‌و مێـردی، خـۆ لەولایـشەوە کارەکـەریش هـەر ژنـەو لـەماڵ هاتۆتـە دەر و، لەوانەیە ئەویش ئیشەکانی خۆی لەدەست بدات !

پرسیارێکی تر دێتـە پێش: ئایا ئـەو ژنانـە مێردیـان نـەکردووە، ڕێ لـەوانیش دەگیـدرێت لەدەرەوەی ماڵ کار بکەن ؟.. لەوەڵامدا دەڵێین: لەحاڵەتی ئاوایشدا هەر ڕێیان لـێ دەگیردرێ، چونکە – ئەگەر هەژار بن – نەفەقەو ژیانیان لەسـەر پیاوانـەو، ماڵیش باشـترین ڕێو شـوێنە بـۆ پـاك ڕاگرتنیـان‌و تـووش نـەبوونیان بـەکاری ناشـەرعیی، لـەو لایـشەوە دەبـێ خزمـەت بـە باوك‌و دایکیان بکەن و لەسەر کاری ناوماڵ ڕابێن.

* بەڵام ئەگەر چوونە دەرەوەیان زەروورەت بوو و هیچ چارەسەرێکیان نەبوو، ئـەوە لـەژێر بنەمای: (الضرورات تبيح المحظورات) دەتوانن بە ئەندازەی پێویستییەکەیان بچنە درەوەو دەست بکەنە ئیش‌و کاری شەرعیی وڕێ پێدراو لە ئیسلامدا، هـەروەها بە بەڵگـەی ئـەوە کـە دوو کچەکەی (شوعەیب) – لـە کاتێکدا باوکیـان پیرەو نـاتوانێ ئیش‌وکاری دەرەوە بکـات – هەڵدەسـن دەچـنە لای پـەزەکان‌و دەیانلـەوەڕێنن‌و دەیـان هێـنن بـۆ سـەر ئـەو گۆلاوانـەو حەشامەتێکی لەسەر کۆبۆتەوە بۆ ئاوە خۆرەی ئاژەڵەکانیان، ئەمانیش لەدوورەوە چاوەڕوان دەکەن کە بەشکو گۆلاوەکان چۆڵ بن و ئەمانیش پەزەکان بێننە سەر ئاوەکە وئاو بخۆنـەوە، لەو کاتـەدا (مووسا) پێغەمبـەر – عليه السلام – لـە (میسر)ـەوە دێتـە (مەدیـەن)و ئـەو حاڵـەتە دەبـێنێ‌و بـەزەیی دێتـەوە پیایانـداو بۆیـان ئـاو دەدات، دیـارە ئەگـەر زەروورەت نـەبووبا و باوکیان پیر نەبووبا ئەو کارەیان نەدەکرد، وەکو لـەم ئایەتـەوە دەردەکەوێت: ﴿ولما ورد ماء مدين وجد عليه أمة من الناس يسقون، ووجد من دونهم امرأتين تذودان، قال: ماخطبكما قالتا لانسقي حتى يصدر الرعاء وأبونا شيخ كبير فسقى لهما..﴾ سوورەتی (قصص/٢٣–٢٤). خۆ دیارە ژیانی گوندنشینەکانیش لەگەڵ ژیانی شارنشینەکان جیاوازە، بێشك ئەگەر شوعەیب نێرینەیـەکی لابووبا کچەکانی نـەدەنارد بۆ نـاو ئـەو حەشـامەتە، کـەوابوو لـەکاتی ناچاریدا بۆ ژنان ڕەوایە لە ماڵ بێنە دەرو ئێش‌و کاری خۆیـان جێبـەجێ بکـەن، بـەڵام لـەگەڵ ڕیعایـەتی پـەردەی شـەرم‌و حیـشمەت دا، وەکـو دوو کـچەکە نـەیان ویـست تێکـەڵ بـن بـە پیاوەکان‌و چاوەڕوانیان کرد تا بەشکو چۆڵ ببێ !.

* ئیمامی (بوخاری) لە (ئەسمای کچی ئەبووبەکرەوە– خودا لێیان ڕازیی) دەگێڕێتـەوەو دەڵێـت: کـاتێ(زوبـەیر) مـارەی کـردم لەسـەر ڕووی زەویـدا جگـە لـە وشـترێك (ئاومـان پـێ دەردەهێنا)و ئەسپێك، هیچ شتێکی نەبوو، ئینجا بۆ خۆم ئالیکم بە ئەسپەکە دەداو، ئاویشم دەردەهێنـاو سـەتڵە گەورەکـە – کـە ئـاوم پـێ دەهێنـا – دەم دووریـەوەو هـەویرم دەشـێلا،

ئەگەرچی باش نەمدەزانی نان بکەم، بەڵکو ژنە دراوسیٚ ئەنصاریەکان دەهاتن نانیان بۆ دەکردین، کە بەڕاستی کۆمەڵە ژنێکی ڕاستبوون، سەرباری ئەوەیش پووش‌و پلاّشی ئەو زەویەی پێغەمبەر ﷺ دابووی بە زوبەیر دەمنایە سەرسەرم و دوورم دەخستەوە، جالە کاتی ئەنجامدانی ئەو کارەدا بە پێغەمبەر ﷺ — کە کۆمەڵە پیاوێکی ئەنصار لە خزمەتیا بوون — گەیشتم‌و بانگی کردم‌و وشترەکەی پخ کرد، بۆ ئەوەی لەپشتی خۆیەوە سوارم بکات. (ئیبن حەجەری عەسقەلانی) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ ویستوویەتی ئەسما و کەلوپەلەکەی سواری وشترەکەی بکاو، بۆ خۆشی بچیٚ وشتریٚ پەیدا بکات سواری ببێت. ئەسما دەڵیٚ: شەرمم کرد لەگەڵ پیاواندا بچم، لەولایشەوە غیرەتی زوبەیرم بیرکەوتەوە، کەبەڕاستی لە هەموو کەس بە غیرەتتر بوو، ئیتر کە پێغەمبەر ﷺ زانی من شەرم دەکەم، ڕۆیشت‌و منیش هاتمە لای زوبەیرو ئەوەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش گوتی: سوێند بە خوا گواستنەوەی ئەوشتانەم بە سەر هەڵگرتن لانا خۆشتربوو لەوە لەگەڵی سواربوویتایە، ئەمجا دەڵیٚ: بۆ دوایی (ئەبووبەکر — خوا لێی رازیی) خزمەتکارێکی نارد ئەسپەکەی بۆ بە خێو دەکردن، ئەوەندەم پێخۆشبوو وامدەزانی ئازادی کردووم. فتح الباری/٩٩٠ل٣٩٦ ژمارەی فەردووده: ٥٢٢٣.

(ئیبن حەجەری ئەسقەلانی) دەڵیٚ: هۆکاری ئەوە کە (ئەسما) قبووڵی ئەو هەموو کارە قورس‌و سەختانە بکات و (ئەبووبەکری) باوکیی و (زوبەیری) مێردیشی بێدەنگ دەبن، سەرقاڵبوونیان بوو بە جیهادوو کارەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ، زوبەیر بۆ خۆیشی پەردەژی نەبوو هەڵسێت بە ئەنجامدانی ئەو کارانەو دەسەلاّتیشی نەبوو کەسێك بە کریٚ بگرێت بۆ کارەکان‌و (بەندە)یشی نەبوو ئەو کارانە بکات بۆیان، لەبەر ئەوە ئیش‌و کارەکان خڕبوونەوە سەرشانی (ئەسما)و ئەویش زۆر بە جوامێرانە شانی دایە بەریان‌و سەرباری ئەوانیش ئیش‌و کارەکانی ماڵەوەیشی دەکرد! تا زوبەیر باشتر خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ سەرخستنی ئیسلام، جگە لەوەیش، باوونەریتی ئەو کاتە — وەکو ئەمڕۆ — هاوکاری ژنان بۆ پیاوەکانیان بەنەنگ و لەنگ دانەدەنرا.

ئەم فەرمووده وادەگەیەنێت کە ژنان هەڵسن بە ئەنجامدانی هەموو ئەو ئیش‌و کارانە مێردەکانیان پێویستیانە، وەکو ئیمامی (ئەبوو ثور) دەڵیٚ، بەلاّم جەماوەری زانایان دەڵێن: ئەسما بە ئارەزووی خۆی و بە (تطوع) هەڵساوە بەو کارانە، نەك وەکو ئەوە لە سەر شانی پێویست بووبێت. (ئیبن حەجەری ئەسقەلانی) دەڵیٚ: ئەوی بۆم دەردەکەویٚ لەم ڕووداوەو وێنەی ئەو ڕووداوە،حاڵەتی ناچاریی‌و (ضرورت) نیشاندەدات، بۆیە ئەوە ناکریٚ بە حوکم‌و بڕیارو بدریٚ بەسەر ژنانی تردا.

کە وابوو لەم داستانەی خاتوو(ئەسما)وە دەردەکەوێت کە ژنان دەتوانن لە ماڵ بچنە

دەرەوەو کـار بکـەن، ئەگـەر زەروورەت و پێویـست بـوو، چـونکە هەمیـشە (زوبـەیر)ی مێـردی خاتوو ئەسما سەرقاڵی جیهاد بـوو، خـاتوو ئەسمایش بە تـەنها لـە ماڵـەوە هـەموو کارەکـانی دەرەوەو نـاوەوەی ماڵـەوەی دەکردو خزمـەتی (زوبـەیر)یـشی لـەکیس نەدەچـوو، وەکـو چـۆن ژنـانی مانـدو نەناسـی ئـەمڕۆی لادێکـانی خۆمـان، شـان بەشـانی پیـاوان کاردەکـەنو بـە سەختیشی نازانن و کەسیش بەنەنگو لـەنگی نـازانێ، چـونکە ژیـانی بـۆ ئـەوان وا بـە ڕێـوە دەچـێت، هەقـە زانایـان بڕیـار لەسـەر حاڵـەتی زەروورەتو ناچـاری بـدەنو دیـاری بکـەن، بێگومـان ژنێکـی هـەتیوبارو بێکـەس، زۆر بـە ئاسـانی دەتـوانێ بـچێتە دەرەوەو کارەکـەریی و باخـەوانی و کشتوکاڵ بکـات، بـەڵام هـەرکات زەروورەتەکـەی نـەما، بـۆ نموونـە: منداڵـەکانی گـەورەبوون، یـان لـە لایەکـەوە مانگانەیـەکیان بـۆ دیـاریکرا، دەبـێ دەسـت لـە کـاری دەرەوە هەڵگرێو بگەڕێتەوە ماڵ.

دکتـۆر (سیباعی)دەڵێـت: ئـەوی لـە ئـەحکامو شـەریعەتی ئیسلام شـارەزابێت، دەزانـێ کـە کـڕینو فرۆشـتن لـە لایـەن ژنـانو بازرگـانی کردنیـان ڕەواو دروسـتە، تەنانـەتی پێویـست بـە مۆڵەتی مێردو سەر پەرستیاریشی ناکات. هەروەها لەو حاڵەتەدا کە ژنان کەسێك شك نەبەن نەفەقەیان بکێشێت، لە نێو زانایاندا هیچ ئیختیلاف وناکۆکی نییە کە دەتوانێ لە ماڵ بچێتە دەرو کار بکات.. تەنانەتی ئەو کچەش کە بەپێی شـەریعەتی خودا تـا مێـر دەکات نەفەقـەی لەسـەر باوکیـەتی، ئەگـەر بـاوکی مۆڵـەتی دا بـچێت – بـۆ نموونـە – لـە دەرەوەی مـاڵ بەرگدروویی بکات، دەتوانێ بچێ کار بکا، ئەوسا نەفەقەی لەسەر شانی باوکی نامێنێت.

بەڵێ.. ئیسلام زۆر بەحورمەتو بە ڕێزو سـەنگەوە سـەیری ژنـان دەکـات، بـە هـیچ شـێوەیەك ڕازیی نییـە سـەرماو گـەرمایان ببێت، ڕازی نییـە ئـیش و کـاری قـورس و سـەختیان پـێ بکرێت، سـەرەڕای ئەمانـەیش گشت، ژیـانو ژینیـانی خستۆتە سـەر شـانی پیـاوان: تـا کـچن ومێردیـان نـەکردووە، دەبـێ بـاوكو دایكو بـراو خـزم و کـەسوکاریان بـێ منـەت بیانژیـەنن، کـە کـاتێکیش مێردیـان کـرد، پێویستە مێردەکەیان بەشێوەیەکی شـەرعی پەسـەند گوزەرانیـان بدەنـێ،جا لـەم سۆنگەوەیە کە ژنان – تا ناچار نەبن – ڕێیان نادرێ لە ماڵ بچنە دەر بۆ ئیشو کار، بەڵام بەلای خۆرئاواییەکانەوە هەرکات کیژ گەیشتە(١٧) ساڵ، دەبێ بچێت هەوڵی نانو تفاقو گوزەران بـۆ خۆی بدات، بۆ ئەوە شتێك پێکەوە بنێت بۆ ئەو ڕۆژەی مێرد دەکات، تا پێشکەش بە مێردەکەی بکات، جا کەمێردیشی کرد، دەبێ شان بەشانی مێردەکەی هەوڵ بدات بـۆ بژێوی خـۆی، ئەوسـا کە پیریش دەبێ ولە هەمانکاتدا توانای کاری دەمێنێ، هێمان هەر دەبـێ بـەردەوام بێت لەهـەوڵی پەیداکردنی نانوئاودا، ئەگەرچی کوڕی ملیۆنلێریشی هـەبێت ! ئەمەیـە کەلـەوێ وادەکـات ژنـان

شـەووڕۆژ لـەدەرەوەی مـاڵ لـە یـەكێ لـە كۆمپانیەكانـدا سـەرقاڵی ئیش‌وكاروكاریگـەری بـن، سەرەڕای (حـەمل)و سك وزایـان و تێركردنـی ئـارەزووی گورگانـەی پیاوەكانیـان ! ئەگـەر ژنـان بـەلای ئەوانـەوە ئـەوە حاڵیـان بـێ‌و خۆرئـاوا بەرنامـەی ئـاوای بـۆ تۆمـاركردبن، خەریكـە بڵـێین ڕاكردنیان لەماڵەوە بۆ دەرەوە لە پێناو بەدەست هێنانی ژین و گوزەران هەقە، خۆ بێگومـانیش گـەلێ جار وەكو پێویست كاریـان دەست ناكـەوێ، بۆیـە ناچاری لەشفرۆشیش دەبن ! چونكە نەباوك‌و برا لێیان دەپرسێتەوە، نەمێردیش پاش شووكردنیان.

جا كەئەوە حاڵی ئەوان بێ، بێشك ناچارن و دەتوانن لەماڵ دەرپەڕن، بەلام بۆ دەبێ ژنـانی لای خۆمـان وەكـو ئـەوان پێیـان خـۆش بێـت لـە مـاڵ بێنـە دەرو شـان بدەنـە بـەر ئیش‌وكـار، لەكاتێكـدا ئیـسلام هـەموو كـات ژیـانی مـسۆگەركردوون ؟!. جارێكیـان لەگـەڵ كـچە لاوێكـی زانكۆدا – كە لە یانەیەكی بازرگانیدا لەسەر ئامێرێكی تایپ – كاری دەكرد و پێویستیشی بەوكاركردنـە نـەبوو، كەوتمـە بـاس‌و توێژینـەوەو پێمگـوت: دەبـێ فەلـسەفەی چـی بێـت تـۆ كاردەكەیت و ئاتاجیش نیت ؟ گوتی: تا هەست بە ئینسانیەتی خۆم بكەم ! گوتم: كاركردن‌و كارنـەكردن پەیوەنـدیان بەهەسـتكردن بـە ئینـسانییەتەوە نییـە، چـونكە زۆرێـك لەوانـە كـار دەكەن، هـەر نـازانن هەسـتی ئینـسانیەت چییە؟ زۆرێكیش هـەن كـار ناكـەن بـەڵكو بـە فیكـری خۆیان هەوڵدەدەن، لە هەموو كەسێك پتر هەست بە ئینسانیەتی خۆیان دەكەن.

بـۆ نموونـە: لەهەنـدێ وڵاتـدا سـەربازو كارمەنـد ڕێیـان نـادرێ بازرگـانی بكـەن، چـونكە سەرقاڵی ئیش‌وكاری ترن‌و لە یەك كاتدا ناتوانن هەردوو كارەكە ئەنجام بدەن، سـەرباز دەبـێ هـیچ كـارێكی تـر نـەكات ئـەگینا خزمـەت‌و پارێزگـاری وڵاتـی پێنـاكرێ.. ئایـا ئـەو ڕێ پێنەدانەیان دەبێتـە ئیهانـەو سوكایەتی بـە (ئینـسانیەت)یان؟ ئایا سـەرۆك كۆمارێك ڕۆژ تـا ئێـوارە سـەرقاڵی ئیشوكاری جـەماوەرەو ڕێـی بازرگـانی‌و كـاری تـری لـێگیراوە، هەسـت بـە سـوكایەتی دەكـات...؟. گـوتی: مـن نامـەوێ ببمـە نانـە خـۆری بـابم، دەمـەوێ بـە ئـارەقی نێوچـەوانی خـۆم‌و دەسـت‌و بـاهووی خـۆم بـژیم. گـوتم: مەگـەر ئـەو كارمەنـدو سـەربازانەی لەدەوڵەت مووچە وەردەگرن، خۆیـان بەنانـەخۆری دەوڵـەت دەزانن‌و چاولەبەری دەوڵـەتن، لـە كاتێكدا ژیانیان لە خزمەتدا دەبەنە سەر؟ ئەو كچەش لەماڵەوەیە هەمیشە لەخزمـەتی پاك‌و تـەمیزی ناومـاڵ‌و ڕێك‌و پێـك كردنیـدا دەژی و هـەردەم لـە خزمـەت بـاوك ودایكیدایـەو، هـیچ منەتێكی تێدانییە، ئەگەر نەفەقەی لەسەر كەس‌وكاری بێت. ئایا ئـەو ژنانـەی لـە مـاڵ دەچنـە دەرو (٨-٩)كاتژمێر سەرقاڵی ئیش‌وكارن، كاتێ دەگەڕێنـەوە مـاڵ پـەلاماری خزمـەتی منـداڵ و ناوماڵ نادەن؟ مەگەر تا دیسان دەچێتەوە دەرەوە شەوو ڕۆژ خەریكی ڕێكخستنی ناو ماڵ

نین ؟ واته: ئیشوكارەكانی ژنان دووبەرامبەر بۆتەوە، چونكە ئەو ماوە زۆرە لە دەزگایەكی دەوڵەتدا، یان لە كۆمپانیایەكدا خەریكی ئیش‌وكارە، كە دەشگەڕێتەوە ماڵ، حاڵی لەوە باشترنییە ! ئایا ئەمە ستەم نییە لە ئافرەتان..؟ بە داخەوە ژنانی لای خۆیشمان دەیانەوێ چاو لەوان بكەن ! بۆیە داوای كار دەكەن لەدەرەوەی ماڵ، ئەگەرچی ژنانی خۆرئاواو وڵاتەكانی سۆڤیەت ناچاریش بن لەدەرەوەی ماڵ كار بكەن.

ئێمە دوو بەرامبەركردنەوەی كاری ژنان بەوشێوەیە، بەكارێكی ناهەق‌و ستەم دەزانین،بێگومان ژنێك لە ماڵەوە خەریكی خزمەتی ماڵ‌و منداڵ بێت،پاشان ئیش‌وكاری كشت‌وكاڵ‌و ئاژەڵ بە خێوكردن‌و باخداری پێ بكرێت بە ستەمی دەزانین، بەستەمی دەزانین بنێردرێتە دەزگایەكەوە لەبەرامبەر پارووییەكەوە كە ئەویش لە گەڵ ڕێزدا بۆیان تەنها بەشی ئارایش‌و خۆڕازاندنەوەی خۆی دەكات، بەتایبەتی ئەگەر لەم لای خوارەوە بكرێتە خزمەتكاری قوتابخانەیەك، یان نەخۆشخانەیەك، یان لە جێگایەكدا چای پێ لێ بنرێت ! یان لەدەر گای (وەزیر)ێكدا لەسەر كورسییەك دانیشێ تا جەرەسی بۆ لێبداو بچێتە خزمەتی بزانێ چی دەفەرموێ ؟!

بەستەمی دەزانین كە گەلێ جار جەنابی بەڕێوەبەر ئیش‌وكاری ماڵەوەیشی پێدەكات، جا لەم سونگەیەوە بە پێویستی دەزانین – كە هەردوولا – ئیسلامیی‌و خۆرئاواو سۆڤیەت، بە جیددی چاوێ بگێڕنەوە بە مەسەلەی ژناندا، چونكە ئەوی ئیسلام دیاری دەكات بۆ ژنانی موسڵمان، بێگومانم بەڕێك و پێكی بۆیان ئەنجام نادەن، دیارە كە خۆرئاوایش ئەركی ژنانی دووبەرامبەر كردۆتەوە! سەرباری ئەوەش كردوویەتی بە ئامێرێكی ڕابواردن بۆ پیاوان‌و، ئەوەند یانەی خۆجوانكردنیان بۆ ئامادە كردوون‌و ئەوەند خەرج‌و باجی خۆ ئارایشدانیان خستۆتە سەرشانیان، ئەگەروەكو ئنیسانییەت بنێردرێ بۆ رەش ورووتەكانی ئەفەریقا بەشی هەموان دەكات.

ژنان لە دەربڕینی ڕاوبۆچووندا ئازادن

لەبەر ئەوە كە ئیصلاح‌و چاكسازی نێو كۆمەڵگە كارێكی زۆر زەرووری پێویستە، هەقە لەسەر ژن و پیاو هەردوو هەڵسن بەو كارەیەو هەردەم لەهەوڵ‌و تەقەلادابن بۆی، هەر لەبەر ئەمەش بوو كە لە سەردەمی ڕابردوودا ژنگەلێك هەبوون بەئازادانە ڕایان دەربڕیوەو داوای مافی خۆیانیان كردووەو وەڵام دراونەتەوە، لەوانە:

١- خاتوو خەولە –خودا لێیخۆش بێت – كاتێ لەگەڵ (ئەوس)ی مێردیدا ناكۆك بوون،

ئەوس پێیگوت: تۆ وەکو دایکمی، ئەوقسەیەش لەلای خەولەخان زۆر کاریگەرو سەخت بوو، چـونکە بـەپێی نـەریتی ئەوسـەردەمەیە حـەرام دەبـوو لـە (ئـەوس) ! بۆیـە چـووە لای پێغەمبەر(صلی الله علیه وآله وسلم) سکالای لـە ئـەوس کـردو گـوتی: (أكل مـالي وأفـني شبابي، ونثرت له ما في بطني حتى إذا كبرت سني وانقطع ولدي، ظاهر مني، اللهم إني أشكو إليـك) ئـەی پێغەمبـەر! مـاڵی خـواردم و سـەردەمی لاوی فـەوتانموو، منـداڵم لێیبـووە، وا ئیـستایش کـە پیربـووم پێمـدەڵێ: تـۆ وەکـو دایکمـی! سـاخوایا سـکاڵا بـۆ تـۆ دێـنم، ئینجـاخودایش بـە ئایـەتی ﴿قـد سمـع الله قـول الـتي تجادلـك في زوجهـا...﴾ وەڵامـی داخوازییەکەی دایەوەو چارەسەری بۆ دانا، وەکو لە شوێنی خۆیدا باسکراوە.

٢- ئیمـامی بوخـاریی لـە فـەرموودەی ژمـارە (٤١١٤)دا لـە (خەنـسای کـچی خـزام)ی ئەنـصارییەوە دەگێڕێتـەوەو دەڵـێ: مـن بێـوەژن بـووم و، بـاوکم بـە مێـردی دامو حـەزم لـێ نەدەکرد! منیش چوومە لای پێغەمبەر(صلی الله علیه وآله وسلم) رووداوەکەم بۆ باس کرد، ئـەویش لـە بـەر ئـەوە کـە حـەزم لێنـەدەکرد نیکاحەکـەی هەڵوەشـانەوە. لەڕیوایـەتێکی تـردا هاتووە: (أن أباها زوجهاوهي بكر) نەسائی. واتە: هەر بە کچیی باوکی بەمێردییداو، ئەویش حەزی لێنەکرد، پاشان پێغەمبەر(صلی الله علیه وآله وسلم) نیکاحەکەی هەڵوەشاندەوە.

٣- نەسایی لـە خاتووعایـشەوە -خودا لێیرازیی بێـت - دەگێڕێتـەوە کـە: کـچێك چـووە ماڵیـان گـوتی: بـاوکم لەبرازایـەکی خـۆی مـارەیکردووم، دەیـەوێ بـە مـن شـانی بەرزبکاتـەوەو منیش حەزم لێی نییە ! خاتوو عایشە لای خۆی داینـاو، پاشان کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وآلـه وسـلم) هاتــەوە قـسەو باسـەکەی بـۆ گێڕایـەوە، ئـەویش نـاردی بـەدوای باوکیـا بـۆ چارەسـەری کێشەی ئـەو کـچەیە، لـە هەمانکاتیشدا مەسـەلەکەی خستە دەستی کـچەکە (کـە ئەگەر ڕازی دەبێ بەو کابرایە لێی مارە کراوە دانیشێ، ڕازیش نابێ، دەتوانێ نیکاحەکەی هەڵوەشـێنێتەوە)، کیژەکـەش گـوتی: ئـەوەی بـاوکم کردوویـەتی، منـیش مۆڵـەتم دا و هـەڵم بژارد، بەڵام ویستم بزانم کە ژنانیش بۆ کاروباری خۆیان شتیان بەدەستە.

٤- ئیمـامی بوخـاریی لـە فـەرموودەی ژمـارە (٤١١٦) دەگێڕێتـەوە کـە ژنێـك بـە نـاوی (بریـرە)وە، ژنـی (مغیـث) نـاوێکی کۆیلـە و ڕەشـتاڵەو ناشـیرین دەبـێ، بریـرەش - کـە نیـزەك دەبێ - خاتوو (عایشە) دەیکرێ و ئازادی دەکات، کەنیزەیش بەپێی باوو نەریت، هەرکات ئازاد کرا سەرپشك دەبێ بۆ مانەوەو جیابوونەوە لـە مێردەکەی، بۆیـە لای نەمایـەوەو لێـی جیابوویەوە، چونکە زۆر بێزار بوو لەسەرو سیمای (مغیث) ی مێردی، ئەویش (بریـرە)ی زۆر خۆش دەویـست. (ئیبن عـەباس) دەڵـێ: (مغیـث) لـە پـشتی (بریـرە)وە دەرچـوو و ئەسـرین لـە

چاوى دەڕژا بەسەر ريشياو تەڕى دەكردو هەردەم دەگريا بۆى ! ئەوسا پێغەمبەر(صلى الله عليه وآله وسلم) (بريره)ى بانگ كردو گوتى: كاش دەچوويتەوە لاى. گوتى: ئەى پێغەمبەرى خوا ! فرمانم پێ دەكەيت بەو داوايەت يانا؟ فەرمووى نەخێر.. تكات لێ دەكەم، بريره گوتى: هيچ كارێكم پێى نيە ئەى پێغەمبەرى خودا!.

بەڵێ لەم فەرموودانە و لە چەند فەرموودە گەلێكى ترەوە كە لەبەر درێژبوونەوەى باسەكە نەمانهێنان – ڕوون بوويەوە كە ژنان بە ئازادانە دەتوانن لاى سەرۆكى دەوڵەتيش ڕاوبۆچوونى خۆيان دەربڕن و داكۆكى لە مافەكانى خۆيان بكەن و پێويستە لەسەر هەموو كەسيش گوێيان بۆ بگرێ و لەچوارچێوەى ئيسلامدا داخوازى يەكانيان جێ بەجێ بكات، بەتايبەتى لەمەسەلەى (زەواج)دا، چونكە ڕەواى هەق نييە بەزۆر مرۆڤێك بكرێتە هاوسەرى كەسێك، بەهيچ شێوەيەك حەزى لێ نەكات.

ژنان سكالا دەبەنە لاى پێغەمبەر ﷺ

(ئەسماى كچى يزيد ئەنصاريە) دەچێتە لاى پێغەمبەر ﷺ دەڵێ: من نوێنەرى كۆمەڵێ لە ژنانم ناردوويانم بێمە لات ئەم پرسيارە بكەم و وەلامەكەى بەرمەوە بۆيان...پرسيارەكە ئەمەيە كە ئێمە وەكو ژنان دەبينين پياوان زياتر ئامادەى نوێژەكانى (جومعەوجەماعەت) دەبن و دەچنە جيهادەوە، ئێمەش لەماڵەوە ماڵ و منداڵيان بۆ بەخێو دەكەين، بڵێيت وەكو ئەوان پاداشتمان هەبێ ئەى پێغەمبەرى خوا! پێغەمبەريش ﷺ ڕووى لە هاوەڵان كردو فەرمووى: تا ئيستا بيستووتانە باشتر لەم ژنە، ژنێك بێت لەمەڕ دينەكەيەوە پرسيار بكات ؟! گوتيان: نەخێر ئەى پێغەمبەرى خوا! فەرمووى: دە بچۆ هەواڵ بەو ژنانەى تريش بدە كە: ئەو باشگوێ ڕايەڵى و بەخێوكردنى ماڵ و منداڵەتان بەرامبەر بە پاداشى ئەرك و هەوڵى پياوانە.

تێبينى:

ئازادى بۆ دەربڕينى ڕاوبۆچوون، سنوورى هەيەو نابێ هيچ كەسێك لەو سنوورە دەربچێت، خۆ ئەگەر كەسێك لێى دەرچووو بە ئارەزووى خۆى پێنووسەكەى، يان زمانى خستە گەڕ، وە بێ شەرم وشكۆ لە موسڵمانان و خاوەنى ئەم دينە، كەوتە ئاخاوتن دژ بە ئيسلام – لێرەولەوێ – ئەوە لە حاڵەتى ئاوادا ڕێيان لێ دەگيردرێ و ئازادى ئاوا قەدەغە دەكرێت، چونكە ئازارى كۆمەڵێ مرۆڤى تر دەدەن، وە ئەو ولاتەيش ولاتێكى ئيسلاميەو دەبێ ڕێز لە بەها پيرۆزەكانى بگيردرێ.. ديارە ئەم مەسەلەيە لەگەڵ كەسێكى نەشارەزادا، كە

بیەویٚ گومان و دوودڵی خۆی لە هەندیٚ مەسەلەدا بڕەوێنێتەوە جیاوازی هەیە، بۆ ئەمەیان ڕێگەی (مناظەرە)و لێکۆڵینەوە هەیە لەهەر باسێکدا بۆی ڕوون و ئاشکرا نەبێت، بەڵام ئەو کەسە فێربووە کە هەمیشە زمان و قەڵەمی خراپ و بەد دەڵێت، بیٚ ئەوەی بیەویٚ شارەزاو ڕێنما بکرێت لە ئیسلامدا، هەقە ڕێی لیٚ بگیردریٚ.

ژنان دەتوانن فێری هەموو زانیارییەك بن

هەر ئایەت و فەرموودەیەك لەبارەی فێربوونی زانست و زانیاریەوە هاتبن، ژن و پیاو تیایاندا وەکویەك هاوبەشن و پێویستە هەردوو فێریان بن و لەکاری ڕۆژانەیاندا کاریان پیٚ بکەن، بۆیە (ئیبن حەزم) دەڵێت: (وفرض على كل امرأة التفقه في كل ما يخصها كما ذلك فرض على الرجال..) هەروا لەسەر باسەکەی دەچیٚ و دەڵێت: (ولو تفقهت امرأة في علوم الديانة للزمنا قبول نذارتها، وقد كان ذلك، فهؤلاء أزواج النبي ﷺ وصواحبه قد نقل عنهن أحكام الدين . وقامت الحجة بنقلهن، ولا خلاف بين أصحابنا وجميع أهل نحلتنا في ذلك، فمن أزواجه عليه السلام: أم سليم وأم حرام وأم عطية وأم كرز وأم شريك وأم الدرداء وأم خالد وأسماء بنت ابي بكر وفاطمة بنت قيس وبسرة، وغيرهن، ثم في التابعين: عمرة وأم الحسين والرباب وفاطمة بنت المنذر، وهند الفراسية وحبيبة بنت بسرة، وحفصة بنت سيرين و غيرهن) الإحكام في أصول الأحكام ج٣ص٣٢٤. کەوابوو فێربوونی زانیاری یە ئیسلامیەکان و هەرچی پێویستی ژیانی ئینسانەکانی لەسەر بێت، پێویستە لەسەر شانی ژنانیش وەکو پیاوان، تەنانەتی ئەگەر ئەوان شتێکیان داهێناو ئیجتهادێکیان بوو لەهەر مەسەلەیەکدا پێویستە جیهانی ئیسلامەتی گوێڕایەڵیان بن و کاری پیٚ بکەن، چونکە فەرموودەی: ((من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين)) گشتگیرە بۆ پیاوو ژنان.

ئیمامی (بوخاری) لە خاتوو (عایشەوە) – خودای لیٚ ڕازیی بێت – دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ((نعم النساء نساء الأنصار لم يمنعهن الحياء أن يتفقهن في الدين) بەخ لە ژنانی ئەنصار، چونکە بۆ فێربوونی کاروباری دین، شەرم ڕێی لیٚ نەگرتن. دووبارە (بوخاری) لە (زينب بنت أم سلمە)وە دەڵێت: (ام سلمە) هاتە لای پێغەمبەر ﷺ گوتی: (يا رسول الله ! إن الله لا يستحي من الحق، فهل على المرأة من غسل إذا احتلمت؟ قال النبي ﷺ: إذا رأت الماء) ئەی پێغەمبەری خوا! خودا هەقەو شەرمی لە هەق نییە، مەگەر ژنیش خۆششتنی لەسەرە کاتی (ئیحتیلام) بوو؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هەرکات ئاوی دیت. واتە: ئەگەر کەسێك لە خەویا ئەو کارەی کرد، لەهەمان کاتیشدا (ئاوی) هاتەوەو ئاوەکەی دیت، دەبیٚ خۆی بشۆرێت

(پیاو بێ یان ژن). ئوم سەلەمەی خێزانی پێغەمبەر ﷺ لە بیستنی ئەو قسەیە شەرمگرتی و دەمو چاوی داپۆشی و گوتی: مەگەر ژنیش ئیحتیلامی دەبێت؟! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دەستت بەخێردا بچێت، ئەی ئەگەر وانییە چۆن منداڵ لەدایکەکەی دەچێت؟.

ژنانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ لەبەرامبەر کاروباری دینیاندا ئاوا بوون، هەرگیز شەرم ڕێی لێ نەگرتوون لە پرسیارکردن، پیغەمبەریش ﷺ دنەی دەدان و پێیدەفەرموون: (فلتسأل، فإن طلب العلم فريضة). واتە: دە با ژن بپرسێ، بەڕاستی هەوڵی فێربوونی زانیاری (فەرز)و پێویستە. بۆیە ژنانیش لە پێغەمبەریان ﷺ خواست کە ڕۆژێکیان بۆ تەرخان بکات بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاریی، ئەویش ﷺ بەڵێنی دانێ و هەموو کات لەو ژوانەدا دەچوونە خزمەتی و ئامۆژگاری دەکردن. دیارە هەر شتێك پێویستی ژیان بێت، لە ئیسلامدا ڕێی پێدراوە کە ژن و پیاو فێری بن، بەڵکو پێویستی کردۆتە سەریان، بەتایبەتی ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بە ژنانەوە هەیە وەکو منداڵبوون و نەشتەرگەری بۆ ژنان و... هتد. ئیسلام بەفەرزی دەزانێ کە ئەو جۆرە ژنانە لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا بن، وەبە واقیعیش بوون و کاریان کردووە.

ژنان هەقیانە فێری پیشەو پیشەسازی بکرێن، زانای بەناوبانگ (ئیبن عابدین)ی حەنەفیی ئەو مەبەستە ڕادەگەیەنێت کە دەڵێت: (فله – أي للأب – دفعها – دفع ابنته – لامرأة تعلمها حرفة كتطريز وخياطة مثلا).. بەڵام هێندێ پیشە هەیە کە پتر شایستەی پیاوانە وەکو بیناسازی و کاری میکانیکی – پێویست نییە ژن خۆی پێوە سەرقاڵ بکات، چونکە بە پیاوانیش دەکرێت. ژنانی پزیشك دەتوانن (عیادە) بکەنەوەوکاری ژنانەی تیا بکەن، مەگەر زەرووڕەت بێت پیاوانیش ببینن.

ژنان – ئەگەر پێویست بوو – دەتوانن لەگەڵ مەحرەمی خۆیاندا بچنە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندنی ئەو زانیاریانەی پێویستن بۆ ژنان و لەوڵاتی خۆیاندا مەیسەر نابێت.

ژنان دەتوانن ژنانی تر فێری پیشەو پیشەسازیو نووسین و خوێنەواری بکەن، (ئەبووداود) دەڵێ: (شفاء بنت عبدالله) گوتی: من و خاتوو (حەفصە) پێکەوە بووین و پێغەمبەر ﷺ هات و فەرمووی: ئەوە بۆ حەفصە فێری چارەسەری نەخۆشی (نەملە) ناکەیت، هەرچۆن فێری نووسینت کرد؟ (نەخۆشی نەملە: لەتەنیشت مرۆڤەوە کۆمەڵە برینێك دەردەچن و هەمیشە خاوەنەکەی وادەزانێ مێرووله پێوەی دەدا، خاتوو شفاء چارەسەری دەکرد).

لەم فەرموودەوە وەردەگیردرێ کە ژنان دەتوانن، ژنانی تر فێری نووسین و خوێنەواری

بكەن و هيچ قسەيەكيشى تێدا نيە (وەكو خطابي و ابن القيم) دەڵێن.

(ئيبن خەلەكان) لە كتێبى (وفيات الأعيان) دا باسى خاتوو (شهده بنت أبى نصر) دەكاو دەڵێت: (شهده)خان يەكێك بووه لە ژنە زاناكانى ئەو سەردەمەى خۆى، وه لە هونەرى خۆشنووسيدا بالآ دەست بووه، خەڵكانى زۆريشى فێر كردووه، وه لە ساڵى (٥٧٤ك) كۆچى دوايى كرد.

(مقرى)يش لە كتێبى (نفح الطيب)دا دەڵىٚ: (ئيبن حبان) لەبارەى (عائشة بنت أحمد القرطبية) گوتويەتى: (لم يكن فى زمانها من حرائر الأندلس من يعدلها علما وفهما وأدبا، وكانت حسنة الخط تكتب المصاحف) توفيت سنة (٤٠٠هـ).واتە: لەسەردەمى خۆيدا (لە ئەندەلووس)، لە ناو ژنانى ئازاددا، لەڕووى زانستو تێگەيشتنو وێژەو ئەدەبەوە وێنەى نەبوو، وە ژنێكى خۆشنوسيش بوو، گەلىٚ جار قورئانى دەنووسيەوە، ئەوەبوو ساڵى (٤٠٠)ك بە يەكجارى گەڕايەوە بۆ لاى خوداى گەورەو ميهرەبان.

بێگومان لە فێربوونو فێركردنى ژنان لە قوتابخانەو لە هەر شوێنێكى تردا، پێويستە كۆمەڵە ئاڕاستەو (تعاليم)ێكى ئيسلاميى ڕەچاو بكرێن، لەوانە:

١. قوتابخانەو ڕىٚ و شوێنى خوێندنيان لە كوڕان جيا بێت، بەتايبەتى لە قۆناغى ناوەنديى و دواناوەنديى و زانكۆو بەرەو ژووررتردا.

٢. جلوبەرگى بالآپۆشو (حيجاب)ى ئيسلاميى پەسەند لەبەر بكەن بۆ هاتووچۆيان بۆ قوتابخانە.

٣. هەتا دەكرێت دەبىٚ ژنان وانەكان بڵێنەوه پێيان.

٤. بەرنامەى خوێندنيان ئيسلام پەسەند بێت.

خشڵو زەنبەرى ژنان

خۆ جوانكردنو خۆڕازاندنەوه – لەسنوورى خۆيدا – بەجلوبەرگى جوانو، پاك و تەميزيى لاشەو جەستە بۆ ژنان شتێكى حەڵاڵو ڕىٚ پێدراوە لە ئيسلامدا، خودا دەفەرمووىٚ: (قل من حرم زينة الله التي أخرج لعباده والطيبات من الرزق). (أعراف: ٣٢) نەك هەر ڕێپێدرا بێت، بەڵكو ئەوەند كە ئيسلام باسى پاكو تەميزيى و خۆجوانكردن و خۆ ئارايشدان دەكات، هيچ ئايينو بيرۆكەيەك بەلايدا نەچووە.

خشڵو زەنبەر بۆ ژنان – بەتايبەتى ژنانى مێرددار – شتێكى (مستحب)و كارێكى پەسەندە، ئيمامى (ئەحمەد)لە خاتوو (عايشە)وە – خودا رازيى بێت لێى – دەگێڕێتەوەو

دەڵێ: (كانت امرأة عثمان بن مظعون تخضب وتتطيب فتركته، فدخلت علي فقلت: أمشهد أم مغيب؟ فقالت: مشهد، عثمان لا يريد الدنيا ولا يريد النساء). واتە: هاوسەرەكەی (عوسمانی كوڕی مظعون) خەنەی دەگرت و، بۆنخۆشی بەكاردەهێنا، جا بۆ دوایی دیتم وازی لێهێنا و هاتە سەردانم، منیش پێمگوت: لە ماڵە (عوسمان) یا نا ؟ (عایشە-خودا لێی رازیی بێت) وایزانی بۆیە خەنەو بۆنخۆشییەكەی جارانی نەماوە، عوسمانی مێردی لە ماڵ نییە) ئەویش گوتی: لە ماڵە، بەڵام نەدنیای دەوێ، نە ژنان. عایشە دەڵێ: پێغەمبەر(صلى الله عليه وآله وسلم) هاتەوەو بۆم باسكرد. جا بۆ دوایی كە پێغەمبەر ﷺ بە عوسمان گەیشتبوو، پێیگوتبوو: ((أتؤمن بما نؤمن به؟)) واتە: ئاخۆ تۆش باوەڕت بەوە هەیە، ئێمە باوەڕمان پێی هەیە ؟ گوتی: بەڵێ.. ئەی پێغەمبەری خودا ! پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ((فأسوة مالك بنا)). پەیڕەوی لە ئێمە بكە. واتە: نابێ پشت لە دنیا و لە ژنان بكرێت، مەگەر كەسێك نەخۆش بێ و توانای نەبێ، كەوابوو ئەو حاڵەتەت لەگەڵ ژنەكەت بگۆڕەو با ئەویش خۆ بڕازێنێتەوە بۆتۆ. (ئەم باسە لە (نيل الأوطار- شەوكانی بەرگی٦ ل٢١٤ هاتووە).

بەڵێ.. لە بەشێك لە پەیوەندییەكانی ژن ومێردییە، خۆشەویستیی و سۆزو میهرەبانیی بۆیەكتر، بەهەر شتێك ئەو خۆشەویستییە زیاد بكات، دەبێ هەم ژنان، هەم پیاوان هەوڵی بۆ بدەن، ژنان دەبێ — لەسنووری خۆیدا — هەمیشە هەوڵی خۆ جوانكردن و خۆ ڕازاندنەوە بدەن بۆ مێردەكانیان، پیاویش هەروا بەجل و بەرگی جوان و خۆ شۆرین و چوونە گەرماوەوە — لە سنووری خۆیدا — دەبێ درێغی نەكات، ئەگینە پێچەوانەكەی دەبێتە مایەی كەم سۆزی و كەم دلۆڤانی ویەكێكی تر دڵی دەرفێنێ...!

ژنان بە تایبەت وا خولقاون، پتر لە پیاوان حەزیان لە خۆجوانكردن و ئارایشە، ئیتر لەهەر تیرەو خێڵ و هۆزو عەشیرەتێك هەبن، پلەی سیاسیی و خوێندەواریان هەر شوێنێك گەیشتبێ، بۆیە ژنە گوندنشینێك و خاوەن دكتۆرایەك هەردوو وەك یەك هەوڵ بۆ زێڕو زیوو و خشڵ و زەنبەرە دەدەن، من ناڵێم ئەوە مانای ئەوەیە كە ژنان بە سروشت خۆیان بەكەم دەزانن لە پیاوان، بۆیە سەد ئەوەندەی پیاوان خۆخەریك دەكەن بە خشڵ و زەنبەرەوە بەمەبەستی خۆ شیرین كردن لای پیاوان، بەڵام لەواقیعدا شتێك هەیە كە ئاوا پاڵ بە ژنانەوە دەنێت كە هەموو هۆیەك بەكاربێنن بۆ خۆ جوانكردن، تەنانەتی خۆشیان ڕووت بكەنەوە، تا بەڵكو دە ئەوەندەی تر پیاوان حەزیان لێ بكەن !

ڕاستە ژنان بەسروشت حەزیان لە خشڵە، بۆیە قورئان لە سوورەتی (زوخروف:١٨) دەفەرمویَ: (أو من ينشأ في الحلية وهو في الخصام غير مبين).هەر ئەمەیە كە زێڕو زیوو

ئاوریشم بۆ ژنان ڕەوایە، کەچی بۆپیاوان ڕێ نەدراوە: ((حرم لباس الحرير والذهب على ذكور امتي وأحل لأناثهم)) ترمذي دەیگێڕێتەوە.

ژنانی بەر لە ئیسلام، ژنانی هاوەڵان لە سەردەمی ئیسلامدا، هەموو جۆرە خشڵێکیان بەکاردەهێنا: ئەنگوستیلەی هەمەجۆر، ئەنگوستیلەی پەنجەی دەست، پەنجەی قاچ. ئیمامی بوخاریی لە (ئیبن عەباس)ەوە دەگێڕێتەوە: دەڵێت: (شهدت العيد مع النبي ﷺ فصلى قبل الخطبة، فأتى النساء فأمرهن بالصدقة، فجعلهن يلقين الفتخ والخواتيم في ثوب بلال). لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێت: ((.. فجعلت المرأة تلقي قرطها)).

بەکار هێنانی (کل) وگۆڕینی ڕەنگی موو

کل: ئەو مادە هاڕاوە ناسکەیە کە: بە ئامێرێك چاوی پێ ڕەش دەکرێت.. (ترمذي)و (ئیبن ماجە) لە (ئیبن عەباس)ەوە دەگێڕنەوە و دەڵێن: (كانت عند النبي ﷺ مكحلة يكتحل منها ثلاثا في كل عين). واتە: پێغەمبەر ﷺ (کلدان)ێکی لا بوو، هەموو جار چاوی پێ دەڕێژیی، هەر چاوەی سێ جار.، کەوابوو بەکارهێنانی (کل) بۆ ژن وپیاو، کارێکی ڕێ پێدراوەو هەردوو دەتوانن بەکاری بێنن و چاوی پێ بڕێژن.

بەکارهێنانی هەرمادەیەك بۆ گۆڕینی ڕەنگی موو

ئیمامی (موسلیم) لە (جابر بن عبدالله) دەگێڕێتەوە کە ڕۆژی (فەتحی مەککە) باوکی (ئەبووبەکری صدیق) یان هێنا بۆ لای پێغەمبەر ﷺ سەرووریشی لەسپێتیدا دەتگوت (سەغامە)یە، (سەغامە: گیایەکە: گوڵ و بەرەکەی هەردوو سپین) پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ((غيّروا هذا بشيء واجتنبوا السواد)).واتە: ئەم ڕەنگە سپییەی (سەرووریشی) بەشتێك بگۆڕن، بەڵام لە ڕەش دوور بگرن.

هەر ئیمامی (موسلیم) فەرموودەیەکی دی دەهێنێت: ((إن اليهود والنصارى لا يصبغون فخالفوهم)). واتە: جوولەکەو گاور بۆیە ناکەن (واتە: ڕەنگی سەروریش) ناگۆڕن. ئێوە ئەی موسڵمانان ! خۆ لەوان جیابکەنەوە، واتە: ڕەنگی سپی سەرو ریشتان بگۆڕن.

* ئیمامی نەوەوی دەڵێت: گۆڕینی ڕەنگی موو بۆ پیاوان و ژنان بەڕەنگی زەرد یا سوور، کارێکی پەسەندو(مستحب)ە، بەڵام بەڕەنگی ڕەش حەرامە (واجتنبوا السواد) بەڵگەیەتی.

* (ئیبن حەجەری عەسقەلانی) دەڵێ: بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش لەکاتی جیهادا هەندێ زانا ڕێی پێداوە، زانای وایش هەیە لەهەموو کاتدا ڕێی پێداوە، دەستەیەکیش لە زانا پێشینەکان ڕێیان پێداوە، لەوانە: (سعد بن أبي وقاص، عقبة بن عامر، الحسين، الحسن، جريرة)..،هتد،

پـاش ئـەوانیش زانا گـەلێك ڕێیان پێداوە، ئینجا سـەبارەت بـەو فەرموودەیـە كە دەفـەرمووێ: (جنبوا السواد) بۆ كەسێكە بەتـەواوی سـەری سپی بووبێت و بەڕەنگ و ڕوخساریشیەوە دیار بێت، بـەڵام كەسێك لاو بـێ و مـووی سـەرو ڕیـشی سـپی بـوبێ، دەتـوانێ ڕەشی بكـات: ((كنا نخضب بالسواد إذا كان الوجه جديدا، فلما نفض الوجه والأسنان تركناه).

(ئیبن قـەییم) دەڵـێ: ئەگـەر كـەمێك لـە ڕەنگـی ڕەش تێكـەڵی خەنە بكرێ و سەروڕیشی پـێ ڕەنـگ بكرێـت، ئـەوە لـە حاڵـەتی ئـاوادا قەیـدی نییـە، چونكە ڕەنگـی مووەكـە لـەنێوان ڕەش و سووردا ڕەنگ دەداتـەوە. دیسان ئەگـەر ئـەو ڕەنگە ڕەشـە، پیاوێكی پیر بـۆ خەڵەتاندنی ژنـان بەكاری بێنێت، یان ژنێك بۆ چەواشەكردنی پیاوان بەكاری بێنێت، بێگومان حەرامە، خۆ ئەگەر بۆ ژنهێنـان و مێـرد كـردن نـەبوو، هـیچ قەیدی نییـە، دەڵـێ: ((فقد صح عن الحسن والحسين – رضى الله عنهما – أنهما كانا يخضبان بالسواد). (تحفة الأحوذي: شرح جامع الترمذي).

كـەوابوو ژن و پیـاو هـەردوو دەتـوانن – بەمـەرجێ – بـۆ چەواشـەكاری و تـەدلیس نـەبێ – ڕەنگی موویان، بگۆڕن بەهەر ڕەنگێك خۆیـان دەیانـەوێ، واتـە: پیاوەكە لەبـەر ژنەكـەی خـۆی و، ژنەكەش بۆ پیاوەكەی خۆی بێت، بۆیە هەقە ئافرەتانی بێ مێرد، بەهیچ شێوەیەك نزیكی ئـەو بۆیـەو ڕەنـگ كردنـە نەكەونـەوە، تـا چەواشـەی ئەموئـەو نەكـەن و بیـانخوازن بـەنرخی لاویەتی، كەچی وایش نەبێ.

دەستگرتنە خەنە

(ئەبوو داود) لە خاتوو (عایشە)وە دەڵێ: (هند بنت عقبة)ی خێزانی (ئەبووسفیان)، پـاش (ئـەبوو سـفیان)ی مێردی، ڕۆژی فـەتحی مەككـە موسـڵمان بـوو و گـوتی: ئـەی پێغەمبـەر ﷺ! بەیعەتم لێوەرگرە. فەرمووی: ((لا أبايعك حتى تغيري كفيك كأنهما كفّا سبع)) لە بـەر ئـەوە كە دەستەكانت لەدەستی دڕندە دەچن، تابەخەنە نەیانگۆڕی، بەیعەتت لێ وەرناگرم !.

دووبارە (ئەبوو داود) لە خاتوو عایشەوە دەڵێ: ژنێك لە پشت پەردەوە دەستی ڕاكێشا بۆ ئەوە كە نامەیەك بدات بەدەست پێغەمبەرەوە ﷺ ئەمیش دەسـتی نووقاندو نامەكەی لێوەر نەگرت و فـەرمووی: ((ما أدرى أيد رجل أم يد امرأة؟)) نـازانم ئایا ئەمـە دەسـتی پیـاوە، یـان دەستی ژن ؟ ژنەكەیش گوتی: دەستی ژنە. فەرمووی: ((لو كنت امرأة لغيرت أظفارك)). واتـە: ئەگـەر ژن بویتـا و ئوصـوولی ژنانـت ڕەچـاوكردبا، نینۆكـەكانت دەگـۆڕی. كـەوابوو ژنـان هـەردەبێ نیـشانەی خۆیانیـان پێـوە دیـاربێ و هەمیـشە پـاك و تـەمیزی لـەڕەنگ و ڕوخسارو جەستەیاندا دیار بێ.

بەکارهێنانی خەنە بەتایبەتی بۆ ژنی مێردار (مستحب)و کارێکی پەسەندەو، هەقە ژنان هەردوو دەستیان تا دەگاتە جومگەی دەستیان لەخەنە بگرن، چونکە دەبێتە هۆی جوانیو زەنبەر بۆیان، هەروەها هەقە خەنە لە قاچیان تا دەگاتە قولە پێ بگرن، بەتایبەتی مێردار وەکــو زاناکـــان دەڵـــێن، بـــەڵام ئـــەم کارانـــە بـــۆ چارەســـەر نـــەبێ بـــۆ پیـــاوان رێـــی لێگیراوە.لەفەرموودەیەکدا هاتووە: ((کان النبي ﷺ یلعن القاشرة والمقشورة)) رواه الإمام أحمد. خاتوو عایشە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ نەفرینی لەو ژنانە دەکرد، دەمووچاویان بۆ ژنان هەڵدەگرتو، نەفرینی لەوانەیش دەکرد کەدەموچاویان بۆ هەڵدەگیرا.

هەڵگرتنی دەمووچاو

دەمـوو چـاو هـەڵگرتن ئەوەیـە کـە ژنـان دەچـوونە لای ژنـانی تـر، دەرمانێکیـان دەدا لـە ڕوخساریانو گەش دەبوونەوەو هیچ شتێکیشی پێوە نەدەماو ناسكو نەرمۆڵە دەبوون.

جا ئەوکارەی ئەمڕۆش کە ژنان بۆ خۆیان، یان لە یانەی خۆ جوانکردن ئەو مادده گیراوانە بەکاردەهێننو ڕەنگو ڕوخساریان سوور، یان سپی، یان سوورو سپی وەردەگێڕێ، کارێکی حەرامـە، چونکە ئـەو مـاددە کیمیاویانـە زەرەروزیانیـان پێدەگەیـەنن ئەگـەر بـۆ دواییش بێت، لەولایشەوە (تەدلیس)و چەواشەکاریە، چونکە ژنێکی ناشیرین، دەتوانێ سەدئەوەندەی ژنێکی شەنگوشـۆخ خـۆی بگـۆڕێو بـازاڕی خـۆی پێگـەرم بکـاو سـەرنجی داخـوازان ڕابکێـشێت بـۆ خـۆیو، بەرامبەرەکـەی لەخشتە بـەرێت، ئەمـەش حەرامـە، ئیتر قسە لـەو هـەموو زەرەروزیانە داراییـە ناکەین کە لە وڵاتـی دەدەنو خۆشیان گیرۆدە دەبن، هـەتا دەگاتـە کـەسوکار، یان مێردیان، ئەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ژنانی مێرد دار، دەتوانن لەماڵـەوە بـەو مـاددە گیراوانە کە زیان بە ڕوخساریان ناگەیەنێت، خۆ ئارایش بدەن بۆ مێردەکانیانو بـەوە خـۆ ئامـادە بکـەن بۆ یەکتر، کە ئەوە لـە ئیسلامدا بـە شێکە لـە مافی ژنومێـردی لەسـەریەك، پیاوەکـە لـە سـنووری خۆیـدا، خـۆی پـاكو تـەمیز ڕابگـرێ، ژنەکـەیش لەچوارچێوەی خۆیـدا خـۆ ئـارایش بـدات تـا هەردوو ئامادە دەبن، ئەگینە ستەمیان لەیەکتر کردووە.

بەکارهێنانی بۆنخۆشیی

بـەکارهێنانی هـەر مادەیـەکی بۆنخـۆش لـە دەموچـاو و مـوو و جەسـتەو بـۆنکردنی، یـان هەڵگرتنی کـارێکی (مسـتحب)و پەسـەندە، ئیمـامی (بوخـاریی) لـەخاتوو عایشـەوە – خـودای لێڕازیـی بێـت – دەگێڕێتـەوەو دەڵێـت: ((کنـت أطیّـب رسـول الله بأطیـب مـا یجـد، حتـی أجـد وبـیص الطیـب في شـعره ولحیتـه)) پێغەمبـەرم ﷺ بۆنخـۆش دەکـرد، بەبۆنخۆشـترین شـتێك

بووبای، تا دەمدیت مووەوکانی ڕیشی بریسکەیان دەهات.

بەکارهێنانی بۆنیخۆش بۆ ژنو پیاو حەڵاڵە. (ئەبوو سەعید) دەڵێ: باسی ژنێکیان دەکرد لای پێغەمبەر ﷺ گوایا ئەنگوسیلەی بە میسك ناوخەنکردووە، ئەویش ﷺ فەرمووی: ((وهو أطيب الطيب))نەسایی. واتە: میسك لەهەموو بۆنخۆشەکان بۆنخۆشترە، کەواتە بابەکاری بێنێ.

بۆنخۆشی ژنان بەمادەیەك دەبێ، بەڕەنگەکەی دەزانرێ، بەڵام بۆنی نییە (وەکو زەعفەران)، هی پیاوانیش بۆنەکەی هەیەو ڕەنگی نییە (وەکو گوڵاو)، ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمووێ: (طيب الرجال ما ظهر ريحه وخفي لونه، وطيب النساء ماظهر لونه وخفي ريحه)) ترمذي.

ژنان تا لەماڵەوە بن، دەتوانن هەمووجۆرە بۆنخۆشییەك بەکاربهێنن، بەڵام کە لەماڵ دەرچوون نابێ بۆنخۆشی وەك (عەتر)و ئەو مادانە بەکار بێنن، ئەمەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إذا استعطرت المرأة فمرت على القوم ليجدوا ريحها فهو كذا وكذا – قولا شديدا)). واتە: هەرکات ژن بۆنخۆشی بەکاربهێنێت وەکو (عەتر)و لەماڵ چووە دەر، تابۆنەکەی ببیسن، حاڵی خراپ دەبێ. هەروەها کاتێ بۆنیخۆشی بەکارهێنا، نابێ ئامادەی مزگەوت ببێ بۆ نوێژەکان، بۆ ئەمەیش فەرمووده گەلێك هەیە، چونکە ژنان جێگەی سەرنج ڕاکێشانی پیاوانن، لەبەرئەوە نابێ کارێ بکەن، پیاوان لە خۆیان بەخەبەربێنن، خۆ بێگومان عەترو ئەو جۆرە مادانەش لەوانەن کە پیاوان بە خەبەر دێنن.

قژی سەر

قژ شتێکە جوانی دەبەخشێ بەمرۆڤ، بۆیە باسێکی دوورو درێژی هەیە: داهێنانو شانەکردنی و ڕۆنکردنو چەورکردنی، هەڵکێشانی، هتد. پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((من كان له شعر فليكرمه))ئەبووداود. هەر کەسێك قژی هەیە، دەبێ ڕێزی لێ بگرێ: واتە:پاكو تەمیزیو شانەو ڕۆنی بکا، دەسبەرداری نەبێ تاوەکو لبادوخوری بلکێ بەیەکاو سەروسیمای ئاڵۆز بکات.

خاتوو (عایشە/خ) دەڵێ: سەری پێغەمبەرم ﷺ شانە دەکردو بێ نوێژیشبووم: ((كنت أرجل رأس رسول الله وأنا حايض))بوخاریي. لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە (ئەنەس دەیگێڕێتەوە) پێغەمبەر ﷺ گەلێ جار مووی سەری ڕۆن دەکردو ڕیشی شانە دەکرد: ((كان رسول الله ﷺ يكثر دهن رأسه وتسريح لحيته)).

بەڵام خۆکردنە خزمەتکاری قژو هەمیشە بچییە لای ئاوێنەیەكو شانەو ڕۆنی بکەیت،

لەسنوور دەردەچیٚو (مەكروهـە)، ئەمەیە كە دەفەرمووی: ((نهى رسول الله ﷺ عن الترجل إلا غبـا)) نەسـایی. واتـە: بـەیناو بـەین نـەبیٚ، پیٚغەمبـەر ﷺ ریٚـی لـە قـژداهیٚنان و رۆنكردنـی مووگرت.ئەم باسی قژ شانەكردن و رۆنكردنەیی و...هتد بۆ ژن و پیاو وەك یەكە، بگرە دەبیٚ ژنان زیاترو باشتر بەدەم قژیانەوە بن و پاك و خاویٚنی بكەن و شانەی بكەن، بەتایبەتی تر ئەگەر میٚرد دار بوون، بەلاٌم ئەمانیش دەبیٚ وریابن خۆ نەكەنە كارەكەری قژیان و هەردەم خەریكی بن.

هەلٌكیٚشانی مووی سپی

بۆ ئەمەیش فـەرمـوودە زۆرە، لەوانـە: ((نهی رسول الله ﷺ عن نتف الشیب)) نەسـایی. یان دەفەرمویٚ: ((لاتنتفوا الشیب..)) ئەبووداود. بـەلاٌم لـەباتی هەلٌكیٚشان دەتوانریٚ خەنـەو رەنگ بكریٚت.

تـاشینی بەشیٚ لە مووی سەر (بۆ ژن و پیاو) قەدەغەیە

تاشینی لایەكی سەر، لەبەر نەخۆشی نـەبیٚت كاریٚكی حەرامـە، ئەوەیـە كە (ئیبن عومـەر) دەلٌیٚ: ((نهی رسول الله ﷺ عن القزع، فقیل لنـا: ماالقَزعُ؟ قال: أن یحلق بعض رأس الصبی ویترك بعض)). (ئیبن عومـەر/خ) دەلٌـیٚ: كـاتیٚ پیٚغەمبـەرﷺ منـدالٌیٚكی دیـت، هەندیٚ لەسـەری تاشـراوبووو هەنـدیٚكی هیٚلٌرابوویـەوە، ریٚـی لیٚگـرت و فـەرمووی: (إحلقـوه كلـه، أو أتركـوه كله))نەسایی، ئەبووداود. واتە: یا هەمووی بتاشن، وەیان هەمووی بهیٚلٌنەوە.

(عبدالله بن جعفر) دەلٌیٚ: پیٚغەمبـەر ﷺ مۆلٌـەتی بـۆ (ئالی جەعفەر) – كە شـەهید ببـوو– دانا، كە دوای سیٚ رۆژ بیٚتـە لایان،پاشـان هـات و فـەرمووی: ((لا تبكوا علـى أخـی بعد الیوم، ادعوا لي إبني أخی)) لەم رۆ بەدواوە بۆ براكەم (جەعفەر) مەگرین، دەسا برازاكـانم بـۆ بـانگ بكەن، عەبدوالله دەلٌیٚ: بانگیان كردین وهاتینـەلای، هـەر دەتگوت بەچكە چۆلەكەین، پاشـان فـەرمووی: ((أدعـوا لی الحـلاق)) سەرتاشـم بـۆ بـانگ بكـەن، ئەوسـا سەرتاشـیان هیٚنـا و سـەری تاشین. (نەسایی و ئەبووداود)

لەم فەرموودانـەوە دەردەكـەویٚ كە: تاشین و نەتاشینی سـەر، هـەردوو حەلاٌلـە، مەگـەر كاتیٚك لەهیٚـشتنەوەیدا سەروسـیمای مـرۆڤ تیٚـك بـچیٚت، وەیـان ببیٚتـە داب‌ونـەریتی خـەلٌكانی خـراپ و خوانەناس، بەلاٌم لەم مەسەلەیەدا ژنان جیاوازیان هەیە، بۆیە بۆ ئەمان سەرتاشین ریٚی لیٚگیراوە.

(عەلی كوڕی ئەبی تالیب) دەلٌیٚ: ((نهی رسول الله ﷺ أن تحلق المرأة رأسها))نەسـایی. واتە: پیٚغەمبـەرﷺ ریٚـی لـە ژنان گـرت سـەریان بتاشـن. مەگـەر پیٚویست و زەروورەت بیٚ، بـۆ نموونە: ئافرەتیٚكی نەخۆش، یان ئافرەتیٚك نەتوانیٚ خزمەتی قژی خـۆی بكـات، وەكـو ئیمـای (ئەحمەد) دەلٌیٚ: هیوادارم لەوكاتەدا خراپ نەبیٚ.

پەیوەستکردنی قژ بەقژەوە

لکاندنو پەیوەستکردنی قژ بە قژەوە بە مەبەستی خۆ جوانکردن وزۆر کردنیان، کارێکی حەرامو قەدەغەیە، چونکە:

یەکـەم – بوخـاریی و موسـلیم – لـە ئـەبووهورەیرەوە دەگێڕنـەوە کـە پێغەمبـەر ﷺ – فەرمووی: ((لعن الله الواصلة والمستوصلة، والواشمة والمستوشمة)). واتە: نەفرینی خودا لەو ژنانە بێت کە: قژ دەلکێنن بە قژی خۆیانەوە، یا بە قژی ژنانی ترەوە، وە لە قژ بۆ لکێنراوەکەش نەفرین بێ، وە لە ژنانی خاڵکوتو خاڵ بۆ کوتراویش بێت.

دووەم – خـاتوو عایـشە/خ دەڵێـت: کـچۆڵەیەکی (ئەنـصاریی) مێـردی کـرد، پاشـان نەخۆشـکەوتو قژی سەری هەڵوەری، ئەوجا ویستیان بە قژی ژنانی تر بۆی پەیوەست بکەنـەوە،جا بـۆ حـوکمی ئـەوە لـە پێغەمبـەریان ﷺ پرسـی، ئـەویش فـەرمووی: ((لعـن الله الواصلة والمستوصلة))، کەوابوو لکاندنی قژی ژنانی تر بە قژەوە، حەرامو ڕێ لـێ گیراوە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیە نەفرینی لەهەردوولا کرد.

لکاندنی (موو) بە (موو)ەوە، ئەوە حوکمەکەی بوو، بێ جیاوازی لە نێوان ژنوپیاودا، بەڵام ئەگەر دەزوو و بەکرەو خوریی و ئاوریشمی لکاند بە قژیەوە، بە مەبەستی جوانیو خۆجوانرکردن بۆ مێردەکەی – نەك بۆ چەواشەو تەدلیس، ئەوە وەکو (قاضي عیاضی مالکی) دەڵێت قەیدی نییە...

ئەو قژانە کە حەرامە لکاندنیان بەقژەوە، قژی (صەناعیی)و دەستکردیش دەگرێتەوە، چونکە چەواشـەکاریی و (تـەدلیس)ەکە بـەمانیش دەکـرێ، ئیمـامی (نـەوەوی) لـە ڕاڤـەی فەرموودەی ((..صنفان من أهل النار..) ئەوەش وا دەبێ کە بە پەڕوو عیمامە و هەر شتێکی دی دەیکـەن، کـەوابوو دەسـکاری سەروسـیمای ژنـان – بـەدەر بـۆ مێـردی خۆیـان، چەواشەکاریو تەدلیسە – بۆیە ئەگەر بە پەڕۆ، بە لۆکە، بە خوریی..هتد، بکرێو سەری خۆی لە دواوە گەورەبکا هەر حەرام و یاساغە.

باریكو تەنككردنی برۆ

زانایـان – کـەمێکیان نـەبێ – دەڵـێن: دەسـکاری (بـرۆ)، واتـە: باریـكو تـەنك کردنیـان حەرامـە، بـۆ ئـەوەش ئـەم فەرموودەیـە دەکەنـە بەڵگـە ودەیهێـنن: ((لعـن الله الواشمـات والمـستوشمات، والنامـصات والمتنمـصات، والمتفلجـات للحـسن، المغـيرات خلـق الله...)) پێشەوا موسلیم. واتە: نەفرینی خودا لەو ژنانە بێ: خاڵ دەکوتن، یان خاڵیان بۆ دەکوتن،

بـرۆ باریـك دەكـەن، ددان تـەنك و شـاش دەكـەن، فیطـرەتـی خـودای پێـدەگۆڕن.چـونكە لـەو كارانـەدا چەواشـەو(تـەدلیس) هەیـە، ئەگـەر كەسـێك بیـان بینیٚ – بـەو شـێوەیە – سـەرنجی ڕادەكێـشن و لـە خـشتەی دەبـەن و دەسـتخەڕۆ دەبـیٚ، بۆیـە بـۆ ژنـی خـاوەن مێـرد ڕێـدراوە، بەمـەرجیٚ لەبـەرخاتری مێردەكـەی بێـت، چـونكە خۆجـوانكردن و خـۆ ئـارایش بـۆ مێـرد، خۆشەویستی و دلۆڤانی زیاد دەكات، وە بۆیە دەڵێن: ژنانی مێردار، دەتوانن مووی دەم و چاو و سمێڵ و ڕیشیان لابەن لەبەرخاتری مێردەكانیان.

هەندیٚ زانا دەڵێن: ئەگەر برۆ تەنككردن بووە نیشانەو كاری ژنانی خراپ و فاحیشەچی، نابیٚ ژنانی تر بیكەن.بەڕیز (عبدالكریم زەیدان) دەڵێت: هـەر برۆیەك پتر لـە سنووری خۆی درێژو زیاد بێت، دەتوانریٚ ئاسایی بكرێتەوەو، زیادەو پـەل و پۆكـەی لاببرێـت، بێگومـان ئـەم رایە لە ڕۆحی ئیسلامەوە نزیكە لە ڕاوبۆچوونەكانی تر.

خاڵكوتان و ددان شاشكردن

ئیمـامی بوخـاریی باقەیـەك فەرموودەی – لـەبارەی خاڵكوتـان و ددان شاشـكردنەوە هێنـاوە، لەوانـە: (ئـیبن عەمـەر–خ) دەڵـیٚ: ((أن رسـول الله ﷺ قـال: ((لعـن الله والوصـلة والمـستوصلة، والواشمــة والمــستوشمة).بەڕاســتی پێغەمبــەر ﷺ فــەرمووی: نــەفرینی خــودا لــە ژنــی پەیوەستكەری قژو پەیوەست بۆ كراوەكەیش، وە لە خاڵكوت و خاڵ بۆ كوتراو.. وە فەرمووی: ((.. والمتفلجـات للحسن، المغیرات خلـق الله)). بەمەسـتی نـەفرین كـردن لـە ژنـانی شاشـكەری ددانیـان، چـونكە وەكـو گوتمـان چەواشـەكاریی و (تـەدلیس)ی تێدایـە، بەتایبـەتی كـە ژنـانی بەساڵاچوو دەیكـەن، بـۆ ئـەوە ئامـاژە بێـت بـۆ تەمـەن كـەمیی و لاویـەتیان، تـا بەرامبەرەكـەیان دەستخەڕۆ بكەن، لەو لایشەوە دەسكاری (فیطرەت) و دروستكراوەكانی خودایە.

ڕەنگ و بۆیە كردنی (پێڵو)ی چاوو سەرو ژێری چاوو سووركردنی كولم و لێو

ئەمانە هەرچەند هەندیٚ لە زاناكان دەڵێن: گۆڕانكارییە لە دروستكراوەكانی خودادا، بەڵام بـۆ ژنـانی مێـردار، ڕیٚ هەیـە، بەمـەرجیٚ بەمەبەسـتی خـۆ ئارایـشدان بێـت بـۆ مێردەكـەی و خۆشەویستی و دلۆڤانی زیاد بكات لای.

سووركردنی نینۆكی دەست، بەخەنە یان بـەو ماددانـە تـازە داهـاتوون، حەڵاڵـە، مەگـەر بـۆ مەسەلەی دەستنوێژو خۆشۆرین گرفت دروست بكات، بەڵام درێـژ كردنـی نینـۆك – بـیٚ هـۆی شـەرعیی بۆپیـاوو ژن – پێـچەوانەی سـوننەتی پێغەمبـەرە ﷺ. دیـسانیش ئـەمڕۆ پـتر بۆتـە داب و نـەریتی خۆرئاواییـەكان، هیـوادام نەكەوێتـە شـوێنی ئـەو كەسـانە لـە خـودا بـیٚ

خەبەرن و هیچ هەواڵێكیان لەقەبرو قیامەت نییە.

قژ بڕین – كە ئیستا بۆتە هۆیەك بۆ خۆ ئارایشدان لای ژنان – بەمەرجێ نەگاتە ئاستی قـژی پیـاوان و نەچـوێ بـە پیاوانـەوە، ڕێـی پێـدەدرێ، ئەڵبـەت ئەمـە جیـاوازە لەگـەڵ سەرتاشینیان، سەرتاشین بۆژنان ڕێ لێگیراوە: عەلی كوڕی ئەبوو تالیب – خ دەڵـێ: ((نهى رسول الله ﷺ أن تحلق المرأة رأسها))نەسایی.

جوانكاریی (عمليات التجميل)

لەباسـەكانی رابـوردوودا گوتمـان ژنـان دەتـوانن خەنـەو ڕەنـگ و بۆیـە و بۆنخۆشـیی بـەكاربێنن، لـەم باسەشـدا لـەوە دەدوێـین ئـاخۆ دەتـوانن لـەڕووی شـەریعەتی ئیـسلامەوە، نیشتەرگەری بكەن، بۆ لابردنی، یان بۆ ڕێككردنی هەر ئەندامێكی جەستەیان.

زاناكان لەم مەسەلەیەشدا قسەو باسێكی زۆریان هەیە، بەڵام هەرچەند سەیری ڕوحی ئیسلام بكرێ كە چەندە گرنگی دەدات بە مرۆڤ و بەجوانی مرۆڤ، دەزانرێ كە ئەو جۆرە دەسـكاریانە بـە نیـشتەرگەریی و هـەر هۆكـارێكی تـر بـۆ ژن وپیـاو حەڵاڵـەو ڕێـی پێـدەدرێ، بەبەڵگەی ئەوە كە پێغەمبەرﷺ فەرمانی دا بە (عرفجه بن أسعد) كاتێ لەڕوداوێكدا لووتی بڕابوو، بچێت لەئاڵتوون دروستی بكاتەوە.

ئیمـامی (خـەتابی) لـە ڕاڤـەی ئـەم فـەرموودەدا دەڵـێ: دەشـتوانن ئەندازەیـەكی كـەم زێـڕ بـەكاربێنن بـۆ ئـەو جـۆرە شـتانە دێنـە پـێش و پەیـدادەبن، لـە كتـێبی (المجمـوع)دا هـاتووە: ((يجوز لـن ذهـب أنفه أو سنه أو أنملته، أن يتخذ مكانها ذهباً سواء أمكنه فضة وغيرها أم لا)). كـەوابوو دەسـكاری دەم و چـاو و ڕوخـسارو، ڕێككردنـی لـووت و هەرئەنـدامێكی تـری لەش، كارێكی باش و پەسەندە لەشەریعەتی ئیسلامدا، وە بە (تغيير خلق الله) دانانرێت.

(خەتەنە)كردن

ماوەیەكی زۆرە – لێرەو لەوێ– نەیارو ناحەزانی دینی ئیسلام كردوویانە بە هەراو مشت ومـڕ لـە مـەڕ خەتەنـەی ژنانـەوە، گوایـا ئیـسلام سـتەمێكی گـەورەی لـە ژنـان كـردووە بـە فەرزكردنی خەتەنە لە سەریان !ئەوان وا تێگەیشتوون كە ژنان بە زۆریش بێت هـەردەبێ خەتەنـە بكـرێن، ئامـانجیش لـە خەتەنـە كردنەكـەیان، كەمكردنـەوەی هێـزی سێكـسیانە، بـۆ ئەوەیە ئارەزوویان نەمێنێ و لەو شتە بنەڕەتییە بە مرۆڤ دراوە بۆ لەزەت وچێژ بێبەشبكرێن!

جا ئێمـە بـۆ ڕۆشـنكردنەوەی ئـەو مەسـەلەو ڕاسـتكردنەوەی بارە ڕاسـتەكەی، دەسـتمانكردە گەڕان وپشكنین بە سەر چاوە باوەڕ پێكراوەكاندا، دەرەنجام دیتمـان كـە تـەنها فەرموودەیەك

سەبارەت بە (خەتەنە)هاتبیٚ و پشتی پیٚ ببەسریٚت، هەر ئەم فەرموودەیە کە دەفەرمویٚ: ((الفطرة خمس – أو خمس من الفطرة – الختان، والإستحداد، ونتف الإبط، وتقليم الأظفار، وقص الشارب)) کە ئیمامی بوخاری لە (كتاب اللباس/٥٨٨٩، باب (٦٣)، و ئیمامی موسلیم لە (الطهارة /٢٥٧ / باب: ١٦) هێناویانە.واتە: پێنج خەصڵەت هەیە کە بنەڕەتی پاك وخاوێنین بۆ مرۆڤ:خەتەنە، لابردنی تووکەبەر، هەڵکێشانی مووی بنباخەڵ،قرتاندنی نینۆك، بەرسمێڵکردن، تادەرکەوتنی سوورایی لێو.

ئیتر دوای ئەم ریوایەتە، هەر ڕیوایەتێکی تر لەبارەی خەتەنەوە هاتبیٚ، ناتەواویی وکەم وکورتیی و(لەکە)یەکی تێدایە، کەلە (مصطح علم الحديث)دا، فەرموودەی پێدەدرێتە دواوەو کاری پێناکرێت، لەوریوایەتانە:

١– ئەم ریوایەتە کە (ئەبوو داود) لە (الأدب/٥٢٧١، باب (١٧٨) هێناویەتی و دەڵێت: ((عن أم عطية أن امرأة كانت تختن النساء بالمدينة، فقال لها النبي – صلى الله عليه وآله وسلم – لا تنهكى فإن ذلك أحظى للمرأة وأحب للبعل))، واتە:ئوم عەتیە دەڵیٚ: لە مەدینەدا ژنێك هەبوو خەتەنەی ژنانی دەکرد، پێغەمبەر – درودو سڵاوی لیٚ بێت– پێیگوت: وریابە ! زۆر دەست دامەدەو بنە بڕی مەکە، چونکە ئەو شتە هەم بۆ ژنان جێی چێژو لەزەتە،هەم بۆ پیاوانیش. پاشان (ئەبوو داوود) بۆ خۆی دەڵێت: (وهذا الحديث ضعيف، لأن فيه ((محمد بن حسان)) وهو مجهول)، ئەم ریوایەتە لاوازە، چونکە (موحەممەدی کوڕی حەسان) ی تێدایە.

(قورتوبي)یش دەڵێت: (وفي رواية ذكرها رزين: ((ولا تنهكى فإنه أنور للوجه وأحظى عند الرجل)). ئینجا لێکۆڵەرەوەکەی تەفسیری قورتوبی دەڵێت: (إسناده ضعيف. وروى البيهقي في ((الكبرى)) (١٢٤/٨) من طريق عبد الملك بن عمير عن الضحاك بن قيس بلفظ: ((فإنه أسرى للوجه وأحظى عند الزوج)) قال يحيى بن معين: الضحاك بن قيس هذا ليس بالقوى))، ئەم ریوایەتانە هەموو لەمانادا دەبنەوە یەك، ئەگەرچی هەندیٚ جیاوازییان لە بێژەکانیاندا هەبیٚ، وە هەمووش لاوازن.

٢– روى الحجاج بن أرطاة عن أبي المليح عن أبيه عن شداد بن أوس أن رسول الله – صلى الله عليه وآله وسلم – قال ((الختان سنة للرجال، مكرمة للنساء)) واتە: خەتەنە بۆ پیاوان کارێکی پەسەندە، بۆژنانیش ڕێزو خەڵاتە بۆیان. قورتوبی دەڵێت: ((والحجاج ليس ممن يحتج به)) ئەم فەرموودە ئیمامی (بەیهەقی)ش هێناویەتی لە (الكبرى/٣٢٥/٨) دەڵێت: ((الحجاج لا تحج به)). الجامع لأحكام القرآن. بەرگی یەك / جزمی دوو، لاپەڕە (٩٦) چاپی ١٩٩٣م – ١٤١٤ھ.دیارە هەردوو – شێخی قورتوبیی و، ئیمامی بەیهەقیی– حەجاج بە

پیاوێکی ناراست دەزانن و ریوایەتی لێوەر ناگیردرێ.

*(شێخ ئیبن حەجەر العسقلانی) لە بەرگی ١٠- لاپەڕە ٤١٨ی (فتح الباری)دا ڕاڤەیەکی دوورودرێژی وشەی: ((الختان))ی کردووەو گەلێ سەروو خواری تێدا کردووەو ڕاوبۆچوونی زاناگەلێکی هێناوە، لەمەڕ خەتەنەوە بە شێوەیەکی گشتیی، ئەوسا بۆ پیاوان، ئەوسا بۆ ژنان، ئینجا واجبە، یان سوونەت؟ بۆ کێ سونەتە، بۆ کێ واجیبە، مەبەست بەم سوونەتە چ سونەتێکە...؟ تاد، بەهەر هەموویەوە ئەوەی نەگەیاند کە خەتەنە بۆ ژنان پێویستە، ئەو ڕیوایەتەش کە دەڵێ خەتەنە بۆ ژنان (مکرەمە)یە ڕیوایەتێکی لاوازەو کاری پێناکرێت.

* ئیمامی (نەوەویی) لە ڕاڤەی فەرموودەکەی (موسلیم: ((الفطرة خمس – أو خمس من الفطرة – الختان والإستحداد..)) دەڵێت: (فالختان واجب عند الشافعي وكثير من العلماء، وسنة عند المالك وأكثر العلماء، وهو عند الشافعي: واجب على الرجال والنساء جميعا..))صحيح مسلم بشرح النووي/المجلد الثاني / باب خصال الفطرة–ص١٤٨. واتە: خەتەنە بەلای شافعیی و زۆرێك لە زاناکانەوە واجبە،وە بەلای ئیمام مالك وزۆربەی زاناکانیترەوە سوننەت وپەسەندە و، بە تێکڕایش بەلای ئیمامی شافعییەوە بۆ ژن وپیاو واجبە.

* بەڕێز دکتۆر (أحمد الشرباصی) لە کتێبی (یسألونك فی الدین والحیاة/ب ٢ – ل\ ٣١ دەڵێت: (وخلاصة ما قال العلماء في الختان: هو أن مذهب الشافعية يقرر أن الختان واجب في حق الذكر والأنثى،ومذهب الحنابلة يقرر أنه سنة في حق الذكر، وليس واجبا في حق الإناث، بل هو سنة ومكرمة، ومذهب الحنفية والمالكية أنه سنة فی حق الذكور والإناث). لە کۆتایی باسەکەدا دەڵێت: (ولكن إذا ثبت – في بعض الحالات – أن ختان الأنثى ليس في مصلحتها، فلا إثم في ذلك لما قرر بعض الفقهاء)). واتە: پوختەی ئەو راوبۆچوونانە لە باسی خەتەنەدا هاتوون ئەمەیە کە: شافعییەکان پێیان وایە بۆ پیاوو ژن واجبە.

حەنبەلییەکان: پێیان وایە بۆپیاوان سوننەتە، بۆ ژنان واجب نییە،بەڵکو کارێکی سوننەت و(مەکرەمە)یە بۆیان.

حەنەفیی ومالکییەکان: بۆژن وپیاو سوننەتە، خۆ ئەگەر دەرکەوت خەتەنە لە بەرژەوەندی ژناندا نییە و، نەکرا هیچ سەرپێچی گوناحێکی تێدا نییە.

* لە پەراوێزی کتێبەکەی بەڕێز (سەید سابق) (فقه السنه/ بەرگی١ /لاپەڕە ٣٧ی چاپی یەکی ١٩٦٩- هاتووە دەڵێت: (أحاديث الأمر بختان المرأة ضعيفة لم يصح منها شيئ).واتە: هەر شتێك بەناوی فەرموودەوە هاتبێ وفەرمان بدات بە خەتەنەی ژنان، لاوازو ناتەواوەو هیچی صەحیح نییە.

* (ئیمامی غەزالی)یش لە کتێبی (إحیاء علوم الدین) بەرگی١- لاپەڕە (١٤٢)دا ئەم دوو فەرموودەیەی هێناوەو کردوویەتی بەبەڵگە بۆ خەتەنەی ژنان، یەکەم: ((الختان سنة للرجال، مکرمة للمساء)). دووەم: ((یا أم عطیة! أشمي ولا تنهکي فإنه أسری للوجه، وأحظي عند الزوج))، بەڵام دەرهێنەری فەرموودەکانی (إحیاء \ شیخ عبد الرحیم/هەولێری) کە (٨٠٦)ی کۆچیی لە دنیا دەرچووە، ئیسنادی هەردوو فەرموودەکەی بەلاواز داناوە.

*(ئیبن تەیمیە) لە (مجموعة الفتاوي)دا، بەرگی/١١ (فقه الطهارة والصلاة) لاپەڕە(٦٨) دەڵێ: دەبێ ژنان خەتەنە بکرێن، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە کە دەڵێ: ((أشمی ولا تنهکي فإنه أبهی للوجه، وأحظي لها عند الزوج)). دیارە ئەم فەرموودەیە (ئەبوو داود) لە (سنن)ی خۆیدا و، لە کیتابی: (الأدب / ٥٢٧١) ڕیوایەتی کردووە، بەڵام ئیبن تەیمیە/ خوا لێی خۆش ببێ – لە گەڵ ئەو هەموو وردەکارییەی لە مەسەلە شەرعییەکاندا هەیەتی، کەچی لێرە لەمەڕ (سەنەد)ی فەرموودەکەوە بێدەنگ بووەو هیچی لە سەر نەگووتوە! بەڵام دەرهێنەری فەرموودەکانی (مجموعة الفتاوي): هەردوو بەڕێز: (عامر الجزار) و (أنور الباز) لە پەراوێزەکەیدا دەڵێن: ((وقال أبوداود: لیس إسناده بالقوی)) وقد روی مرسلا، قال أبو داود: ومحمد بن حسان مجهول، وهذا الحدیث ضعیف)، لای هەمووانیش ئاشکرایە کە فەرموودەی لاواز لە (ئەحکام)دا کاری پێناکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە چۆن ئیبن تەیمیە ئەو فەرموودە لاوازەی هێناوەو ئەو بڕیارەی پێداوە؟!

* شەوکانی لە (نیل الأوطار) بەرگی١ – لاپەڕە (١٣٣-١٣٥)دا پاش شەنوکەوکردنی فەرموودەکەی: ((أشمی ولا تنهکی)) – دەڵێ: (والحق أنه لم یقم دلیل صحیح یدل علی الوجوب).واتە: پیاو هەق بڵێ کە هیچ بەڵگەیەکی صەحیح نییەبۆئەوە کە خەتەنە واجب بێت.

* (مغنی ابن القدامة) دەڵێ: (فأماالختان فواجب علی الرجال، ومکرمة فی حق النساء، ولیس بواجب علیهن، هذا قول کثیر من أهل العلم...). تەماشای بەرگی (١) لاپەڕە(٧٠-٧١) وە(٨٥- ٨٦) بکەن.

* کتێبی (إحکام الأحکام) بە سەر (عمدة الأحکام)ەوە \ بەرگی (١)، لاپەڕە (٨٦)، دەڵێ: (وقد اختلف العلماء فی حکم الختان: فمنهم من أوجبه، وهو الشافعی رحمه الله، ومنهم من جعله سنة، وهو مالك وأَکثر أصحابه، هذا فی الرجال. وأما فی النساء فهو مکرمة علی ماقالوا). پاشان لێکۆڵەرەوەکەی لە پەراوێزەکەدا دەڵێ: (لما رواه أحمد والبیهقی من حدیث (الحجاج بن أرطاة) عن أبی الملیح بلفظ ((الختان سنة للرجال، مکرمة فی النساء))... وفیه مقال: قال البیهقی:هو ضعیف منقطع. والصحیح أنه لم یقم دلیل صحیح علی الوجوب،

والمتيقن السنة، والله أعلم.

* دکتۆر (وهبـة الزحيلـی) لـه کتـێبی (الفقـه الإسـلامي وأدلتـه) بـەرگی١ – لاپـەڕە (٣٠٦) دەڵێت: (وهو – أي الختان – سنة للرجال، مكرمة للمرأة عند الحنفية والمالكية، لحديث: ((الختـان سـنة للرجـال، مكرمـة للنـساء)) پاشـان لـە پەراوێزەکـەدا نووسـروە: (رواه أحمـد والبيهقی من حديث ((الحجاج بن أرطاة)) وهو مدلس، وفيه اضطراب، قال عنه البيهقي: هـو ضعيف منقطع (نيل الأوطار:١/١١٣) ورواه الخلال بإسناده عن شداد بن اوس.

هـەروەها دەڵێـت ئـەو فەرموودەيـەش کـە دەڵـێ: ((ألـق عنـك شـعر الكفـر واختتن)).. (إبـن المنذر) بە دوايدا چووەو دەڵێت: ليس في الختان خبر يرجع إليه، ولا سنة تتبع.درێـژەی ئـەم قسەیە لە (المجموع) دا هاتووە.

* بەڕێز (عبد الله ناصح علوان) لە کتێبی (تربية الأولاد في الإسلام/بەرگی١/ لاپـەڕە (١١٤) دەڵێت: هەموو فوقەهاو موجتەهیدو ئیمامەکانی فیقە یەکدەنگن لە سەر ئەوە کە (خەتەنە) بۆ ژنـان (مستحب)ـەو پێویـست نییـە. مەگـەر لـە ڕیوایـەتێکی (ئیمـام ئەحمـەد)دا کـە هـاتووە دەڵێ: (يجب على الرجال والنساء على السواء)، ئەویش لـە ڕیوایـەتی دووەمـدا دەڵـێ: (يجب علـى الـذكور دون الإنـاث) دیـارە ئەمـەیش لەگـەڵ ڕاوبۆچـوونی تـەواوی فوقـەهاو موجتەهیدو ئیمامەکانی فیقهدا یەك دەگرێتەوە کە دەڵێن: خەتەنە بۆ ژنان (مستحب)و واجیب نیە. پـاش ئەوانیش ئوممەتی ئیسلامیی – نەوە دوای نەوە – هـەروا کاریـان کـردووە، واتـە: خەتەنەیـان بۆ ژنان بە (مستحب)داناوە، نەك بە پێویستو واجیب، بەڵگەشیان ئەوەیە کە پێغەمبەر – صلى الله عليه وآله وسلم –لەو ڕۆژەوە (خەتەنە)ی داهێنـاوە بـۆ ئوممـەتی ئیـسلامیی، تـەنها باسی لەپیاوان کردووە، نەك لە ژنـان، وە فەرموودەیـەکی لـێ نەبیستراوە تێیدا فـەرمان بـدات بەخەتەنـەی ژنـان، ئەمـە نـەبێ کـە دەڵـێ: ((الختـان سـنة للرجـال، مكرمـة للنـساء)) ئـەمیش گوتمـان لاوازەو کـاری پێناکرێـت، گریمـان ئەگـەر صـەحیحو ڕەوانـیش بێت،هەرئـەوە دەگەیەنێت کە تەنها بۆ پیاوان واجیبە، نەك بۆ ژنان، سەرەرای ئەمەیش،ئاشکرایە کە ژنو پیـاو جیـاوازی یـەکی زۆریـان هەیـە لـە شـکڵو حـوکمو سـوودو قـازانج وەرگرتنـدا لـە خەتەنەدا،چونکە ئەو پێستە زیادە کە بەزەکەری پیاوانەوە هەیەو، لەوانەیە ئەگـەر لا نـەبرێ، ژێرەکەی شتی پیس هـەڵگرێت، ئەوسا هـەم بۆ (طـەهارەت)ی نوێـژو خواپەرستیی زیـانی دەبێ، هەم بۆ لایەنی تەندروستییو سێکسیش دەوری دەبێ، دیارە کە ئەو گۆشتو پێستە زیادەیە بە (فەرج)ی ژنانەوە نییە، بۆیە شەریعەتی ئیسلامیش ئەوەند کە باسی خەتەنەی پیاوان دەکات، ئەوەند باسی خەتەنەی ژنان ناکات، کەوابوو دەتوانرێ بگوترێ: چاك وایە

قازانج وزیانی ئەم مەسەلەیە حەواڵە بەپزیشكو پسپۆڕانی خۆی بكرێت، بائەوان بڕیار بدەن ئاخۆ بكرێ یا نەكرێت ؟ چونكە لەڕووی شەریعەتی ئیسلامەوە دەقێكی راشكاوو دوور لە ناتەواوییەكانی فەرموودە نەبوو بڕیاری یەكلاكەرەوەی تێدا بێت،وە لە مەڕ مەسەلە خودا پەرستییەكانیشەوە شتێكی ئەوتۆی تیا بەدی ناكرێت، كە ئەگەر نەكرێت ببێتە هۆی هەڵگرتنی پیسیی و نەخۆشی و كار بكاتە سەر مەسەلە خواپەرستیەكان، وەك ئەوە كە لە نێرینەدا بەدی دەكرێت،ئەمە لەلایەكەوە، لەلایەكی ترەوە لە سەردەمی ڕابوردوودا، لەشارو لەلادێكاندا، بەدەستی ژنانی نەزان، كۆمەڵێ هەڵەی وا كراوە لەمەسەلەی (خەتەنە)ی ژناندا، هەرگیز قەرەبوو ناكرێتەوە،چونكە بۆتە هۆكارێك لە بێبەشبوونیان لە چێژو خۆشی جیماع و تووشبوونیان بە (برودە الجنس) یەوەو پاشانیش سەرهەڵدانی سەدان كێشەی تری شەرعیی و كۆمەڵایەتیی.

خوێنەری هێژا ! ئەمە كورتەو پوختەی ئەو باسەبوو، هیواداربن ئامانجی خۆی پێكابێت، ئێوەی بەرێزیش هەر لە پەنای هەق وعەدالەتدا بژین.

ژنان و وەرزش..؟

بەڵێ دەتوانن هەموو ڕێگایەكی وەرزش – ئەوجۆرەیان لەگەڵ جەستەو وزەیاندا بگونجێت و لەچوارچێوەی شەریعەتدا بێ – بگرنەبەر، بەڵام دەرچوون بۆ ئەو جێگایانە تەرخان كراون بۆ وەرزش و مەلەی ژنان نارەواو ناپەسەندە، چونكە ئەگەری توشبوونی (فیتنە)یان زۆرەو لەوانەیە تووشی هەندێ كاری ناشەرعیی ببن، بەڵام لەماڵەوە ئازادە چ جۆرە ئامێرێك و چ جۆرە وەرزشێك هەڵبژێرێ بۆ یاریی خۆی.

ژنان و خۆ قەڵەو كردن ؟

بەڵێ بەدەرمان، یان بە هەندێ خواردن و پرۆتینات ژنان دەتوانن خۆیان قەڵەو بكەن و وەزنی خۆیان ئاسایی بكەن، هەروەك دەتوانن ئەگەر وەزنیان زیاد بوو كەمی بكەنەوە بە دەرمان و وەرزش و هەر هۆكارێكی تری سوود بەخش.

ژنان دەتوانن هەر پەڵەو شتێك لەدەمو چاو و هەر ئەندامێكی تری جەستەیاندا پەیدا دەبێ، لای ببەن، بۆ خۆیان یان بچنە لای پزیشك.

مێیینە دەتوانن گوێیان كون بكەن و گوارەی تێ بكەن بەڵام نێرینە ڕێی پێنەدراوە، چونكە بەسروشت ئەو پێویستیەتی و ئەم پێویستی نییە، جا لێرە لەبەر درێژبوونەوەی باسەكە نەمانتوانی بەڵگەكان بێنین.

خۆ پاراستن له نهخۆشیی و چارهسهرکردن

خۆپاراستن لـه توشبوونی نهخۆشییهکان، ههمیشه باشتره لـه هـهموو چارهسـهرێك دوای تووشبوون، خۆ پاراستن و دوورگرتن لهو شتانه دهزانی دهبنه هۆی تووشبوونی نهخۆشیی، پهسـهندهو (موبـاح)ـه، بـهڵکو (مندوبـه)، واتـه: پێغهمبـهر ﷺ موسـڵمانی دنـه داوه بـۆی. (أم المنـذر بنـت قـيس الأنـصارية) دهڵێـت: پێغهمبـهر ﷺ هاتـه ماڵمـان‌و (عـهلی کـوڕی ئـهبی تالیب)یشی لهگهڵ بوو، (عهلی) نهخۆشبوو و هێمان تـهواو چاك نـهبوو بوویـهوه، هێشووی جۆره خورمایهکمان ههبوو ههڵمان واسیبوو بۆ خواردن، پێغهمبـهر ﷺ ههستا لێی بخوات، پاشان (عهلی)یش ههستا ویستی لێی بخوات، پێغهمبهر ﷺ به (عهلی) فهرمووی: ((مه إنك ناقه) واز بێنـه (تـۆ نـهیخۆیت)، چونکه لـه نهخۆشییهکهت بهتـهواوی چاك نهبوویتـهوه. (أم االمنذر) دهڵیٚ منیش جۆو سڵقم تێکهڵ کردو لێماننا و هێنام، ئینجا پێغهمبهر ﷺ فـهرمووی: (يا علی! أصبب من هذا فهذا أنفع لك (ئهبوو داود). واته: عهلی ! لهمه بخۆ، بۆت باشه.

ئیمـامی (موسـلیم) لـه (عمـروبن الـشديد) دهگێڕێتـهوهو دهڵـیٚ: شـاندهکهی (ثقيـف کـه هاتبوون بۆ لای پێغهمبهر ﷺ بۆ بهیعهت کردن) پیاوێکی (گهڕ)یان لهگهڵ بوو، پێغهمبـهر ﷺ ناردی بۆ لای و فهرمووی: ((أنا قد بايعناك فارجع)) پـیٚی بڵـێن: بهیعهتمان لـیٚ قبووڵکرد، دهبا بگهڕێتهوه.

ئیمـامی (بووخـاری) یـش لـه (ئـهبوو هـورهیره وهـخ) دهگێڕێتـهوه کـه پێغهمبـهر ﷺ فـهرمووی: ((.. فر من المجذوم فرارك من الأسد) ههرچۆنیٚ لهشێر ههڵدێیت، ئاوایش لـه مرۆڤی (گول) ههڵبیٚ.

زاناکـان ئـهم چـهند فـهرموودهو بـه دهیـان فـهرموودهی تـر دهگهنـه بهڵگـه بۆخۆپاراسـتن‌و تهداوی‌و چارهسهر له نهخۆشییهکان، وهدهڵێن پێویسته بۆ مرۆڤ خۆ بپارێزیٚ لـه هـهر شتێك بزانـیٚ زیانبهخـشه بـۆی، وهیـان تێکـهڵی ئـهو خهڵکـه نهخۆشـانه نـهکات، نهخۆشـییهکهیان پهتایـهو دهڕهوا بـۆ کهسـێکی تـر، هـهروهك پێویـسته ئـهو نهخۆشانهیش خۆ دوور بگـرن لـه تێکهڵی خزم‌و کهس‌وکارو شوێنه قهڵهباڵغیی وگشتییهکان، بۆ ئـهوهی خـهڵکانی تر تووشـی ئـهو نهخۆشـییه نـهبن، بهتایبـهتی ئهوانـه وا دهزانـن بـه نزیکبوونـهوه لـهو نهخۆشـانه تـووش دهبـن، ئهمهیـه کـه ئیمـامی (موسـلیم) ئـهم فهرموودهیـه دههـێنیٚ: ((لا يـورد الممـرض علـی المصح)) واته: با خاوهنی حوشترو مـهڕو ماڵاتی نـهخۆش، نـههێڵیٚ تێکـهڵی حوشـترو مـهڕو ماڵاته ساغهکان بن، چونکه لهوانهوه– ئهگهر خودا بییهویٚ – دهچیٚ بۆ ساغهکانیش.

ئـهم فهرموودهیـه گـهورهترین ئاڕاسـتهو (تـهوجیه)ی تێدایـه بـۆ مرۆڤـهکان کـه هـهوڵ بـدهن

هەمیـشە لـەش و جەسـتەیان سـەلامەت و دوور بـێ لـە نەخۆشـیی، وە ئـەو کەسانەشـیان نەخۆشیی پەتایانە جێگاو ڕێگای تایبەتیان بۆ جیابکەنەوە، با تێکەڵیی ئەمانی تر نەکەن، تـا چاك دەبنـەوە.. بەتایبـەتی دەوڵـەت و کاربەدەسـتان دەبـێ هەڵسن بەجێبـەجێکردنی ئـەم کارەیـە... هـەروەها ئەگـەر بابـای خـاوەن ئاژەڵ، بزانـێ یـەکێ لـە ئاژەڵـەکانی نەخۆشـە، دەبـێ خێرا لەوانی تـری جیا بکاتـەوە تـا دکتـۆری بۆ دێنێ، با ئـەوانی تـری تووش نـەبن، وە هـەر کەسێك نـەخۆش بـێ و خـۆی لـە خـەڵکانی تـر نـەپارێزێ، ئـەوە لـە ڕووی شـەرعەوە گوناحبـار دەبێ، وە ئەگەر سوڵتە هەبوو، دەبێ بەزۆر جیایان بکاتەوە، کاتی خۆی لە (ئیبن تەیمیـە)یـان پرسی: ئەگەر کەسێك ئەو نەخۆشیانەی هەبوو، ئایا ساغەکان بۆیـان هەیـە لـە خۆیـان دووری بخەنـەوە؟ گـوتی: بـەڵێ دەتـوانن لـەو جێگاوشـوێنە دووری بخەنـەوە، چـونکە پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمووێ: ((لا یورد الممرض علی المصح)). جگە لەوەش پێغەمبـەر ﷺ ڕێـی نـەدا کابرای گول بێتە لای بۆ بەیعەت و فەرمووشی: لە گول هەڵبێن، چۆن لەشێر هەڵدێن.

کەوابوو ئەگەر نەخۆشیەکی پەتا لە شارێکدا بڵاوبوویەوە، دەبێ ڕێ لـە هاتووچۆ بـۆ ئـەو شارە بگیردرێ، نەخەڵکان لە دەرەوە بچنە ناویان، نەئەوانیش هـاتوو چۆی دەرەوەی خۆیـان بکەن، بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((إذا سمعتم الطاعون في أرض فلا تـدخلوها، وإذا وقع بـأرض وأنـتم بهـا فـلا تخرجـوا منهـا))بوخـاریي. لـە ئیـسلامدا نـابێ هـیچ کەسـێك زیـان بـە مرۆڤەکانی تر بگەیەنێت، وە دەبێ بڕگەی((لا ضرر ولا ضرار)) ڕەچاو بکرێت.

تێبینی:

ئـەم خـۆ پاراسـتنە لـە نەخۆشـی پـەتا، لەگـەڵ ئـەو فـەرموودەدا دەفـەرمووێ: ((لا عـدوي ولا طـیرة، ولا هامـة، ولا صـفر، وفـر مـن المجـذوم فـرارك مـن الأسـد)) دژ ناوەستێ،ئەگەرچـی بـە ڕەواڵەت لەوەدەچێت، چونکە ئەو فەرموودە بۆ ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕی خەڵکانی سـەردەمی جاهیلیەت بوو کە پێیان وابوو نەخۆشیی بە سروشتی خۆی لـە کەسـێکەوە دەگوێزرێتـەوە بـۆ کەسێکی تر، ئەوسا پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی: (بە ئیزنـی خـودا نـەبێ، نەخۆشـی لـە کەسـێکەوە ناگوێزرێتـەوە بـۆ کەسـێکی تـر، هەربۆیـە خـۆی لەگـەڵ کـابرای (گـول)دا نـانی خـوارد! لەگـەڵ ئەوەیشدا فەرمانیدا بە دوورکەتنەوە لەو جۆرە نەخۆشیە پەتایانـە دەگوێزرینـەوە لەکەسێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر. واتـە: لەگـەڵ ئیمـان و بـاوەڕی بـەهێز بـە دەسـەڵاتی خـودا و هـیچ شـتێك بـێ فـەرمانی ئـەو ڕوونـادات، دەبـێ هۆکـارو ئەسـباب بـۆ هـەموو شـتێك – بـە پێـی خـۆی – بدۆزرێتەوەو بەکاربهێنرێت بۆ سەرکەوتن و بۆ خۆپاراستن لەهەر شتێك بێتە ڕێگای مرۆڤ.

چارەسـەری نەخۆشـیی (موبـاح)و حەڵاڵـە. (قورتـوبی)دەڵـێ: ئایـەتی: ((..فیـە شـفاء

للناس..)) نەحل – ٦٩. بەڵگەیە بۆ حەلاڵیەتی چارەسەر لە هەر نەخۆشییەك، سەرەڕای ئەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((لکل داء دواء، فإذا أصیب دواء الداء برأ بإذن الله تعالی)) موسلیم. واتە: هەموو دەردێك دەرمانێکی هەیە، جا کە ئەو دەرمانە دەدسکەوت و بۆ ئەو نەخۆشیە بەکار هات، بەئیزنی خودا چاك دەبێتەوە، یان دەفەرمووێ: ((تداووا فإن الله تعالی لم یضع داء إلا وضع له دواء غیر داء واحد: الهرم))ئەبووداود. واتە: دەرمان بەکار بهێنن بۆ نەخۆشیی، بێگومان خودا هیچ نەخۆشییەکی دانەناوە، مەگەر دەرمانیشی بۆ داناوە، بەدەر لە پیریی. لەم فەرموودانەوە پێشەوا (نەوەویی) دەڵێ: چارەسەر (مستحب)و پەسەندە لە ئیسلامدا، بەڵکو قسەی (راجیح) ئەوەیە هەندێ وەخت واجیبە، بەتایبەت بۆ ئەوکەسانە مانەوە یان، ئیسلام و موسڵمانان قازانجی لێ دەکەن و بوونەکەی زەروورەتە.

تێبینی:

ژن و پیاو لەم ئەحکامانەدا باسمانکردن چوونیەکن و هەرچی بۆ پیاو رێیدرابێ، بۆ ژنیش رێی پێدراوە.

خۆ قەڵەوکردن بە دەرمان و پرۆتینات

باسمانکرد کە چارەسەر رێی پێدراوەو هەندێ جاریش واجبە، جا هەر لەو سۆنگەیەوە ئەگەر ژنێك ویستی خۆی قەڵەو بکات بە دەرمان، یا بە خواردنی پرۆتینات، لەبەر حەزی خۆی بێت، یان مێردەکەی حەزی لێ بکات، شەریعەتی ئیسلام رێی پێدەدات. خاتوو عایشە – خ دەڵێ: دایکم ویستی – بەرلەوە بچمە لای پێغەمبەرﷺ – بەدەرمان قەڵەوم بکات، منیش قەبووڵم نەکرد، ئەوسا بۆ خۆی ترۆزیو فەریکە خورمای پێدام قەڵەو بووم.

هەروەها ژنان دەتوانن هەوڵ بدەن بەدەرمان و وەرزش و هەر هۆیەکی دی کێشی خۆیان کەم بکەنەوە و خۆ لاواز بکەن.

تێبینی:

١– بەکارهێنانی دەرمان بۆ کەمکردنەوەی ئارەزووی جنسیی، بەتایبەت ئەوانەی ڕەبەنن و بۆیان ناکرێ بە شێوەی شەرعیی و بە ئاسانی ژن بهێنن، یان مێرد بکەن، وەیان هێزی سێکسیان لەسنوور بەدەرەو بە ژنێك تێر ناکرێ، زاناکان ئەم فەرموودە دەکەنە بەڵگەی ئەو مەسەلەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەمووێ: ((یا معشر الشباب ! من استطاع منکم الباءة فلیتزوج، ومن لم یستطع فعلیه بالصوم فإنه له وجاء)) بوخاریی.

٢– هەروەك دەتوانن دەرمان بەکاربێنن بۆ کەمکردنەوەی هێزی جنسییان، هەروەهایش

دەتوانن لـەڕێی دەرمانـەوە بـەهێزی بكـەن، بەتایبـەت ئەگـەر زەروربـوو، بـۆ نموونـە: كابرایـەك خێزانو هاوسەری هەیە، بەڵام لەبەر هـەر هۆیـەك بێت هێزی سێكسیی لاوازەو خێزانەكەی پـێ ڕازی ناكرێ، ئەو كەسـە دەتـوانێ هـەموو ڕێگایـەكی شـەرعیی بگرێتـە بـەرو چارەسـەری خۆی بكات.

شـیاوی باسـە ژنـانیش دەتـوانن – ئەگـەر تووشـی لاوازی ئـارەزووی جنـسیی بـوون، دەرمانو هەر هۆیەكی شەرعیی بەكاربهێنن بۆ چارەسـەری خۆیـان، بەمـەرجێ مێرددار بێتو پیاوەكەی گلەیی هەبێ لێی.

٣– دەرمانێك بەكارنەهێنن ئیسلام بەحـەرام و یاسـاغی دانابێت، چونكە پێغەمبـەر ﷺ دەفەرمووێ: ((..ولاتتداووا بحرام))موسلیم. یان (ئەبوو هورەیرە/خ) دەڵـێ: ((نهـی رسـول الله ﷺ عـن الـدواء الخبیـث))ئەبوداوود. خـۆ ئەگـەر دەرمـانی پـاكو حـەڵاڵ دەسـت نەدەكـەوت، هەنـدێ لـە زاناكـان – وەك ناچـاری – ڕێگـە دەدەن، دەرمـانی حـەرام بـەكاربهێنرێت. (ئـیبن حـەزم) دەڵـێ: ((ومـن أكره علـى شـرب الخمـر أواضـطر إلیهـا لعطـش أو عـلاج، أو لـدفع خنـق فشربها،.. فلا حد على أحد هؤلاء...)). خاوەنی (التهذیب) دەڵێ: ((یجوز للعلیل شرب البـول والدم وأكل المیتة للتداوي إذا أخبره طبیب مسلم أن فیه شفاءه)) لەگـەڵ هەندێ كتێبی تـردا كـە لـەو بارەوە قسەیان كـردووە، وەكـو (البـدائع – للكاسـانی)، (الفتـاوی الهندیـة)، خـاوەنی (عمدة القاري – شرح صحیح البخاري).. هتد.

كورتە باسێكی دوعـاو نووشتە

بەبۆنەی باس دەرمانو بـەكارهێنانی هـەر شتێك بـۆ خۆپاراستن لـە نەخۆشـیی و ئێشو ئازارو تەندروستیی، بەچاكمزانی كورتـە باسـێكی دوعـاو نویشتەش بكـەم – كـە بەتایبـەتی ژنان زۆرتر لە پیاوان بەكاریان دێنن، لەپاڵ ئەوەیشدا گەلێ جار ڕێیان لە (فاڵچیو كوڵەنانی و دەسـتبڕەكان دەكـەوێو چـاكو خـراپ تێكـەڵ دەكـەن)و هەنـدێ كـاری دزێـوو قێـزەونو ناشـیرینی لێدەكەوێتـەوەو دەدرێ بەسەرشـانی ئیـسلامداو، ئیـسلام دەبێتـە (ئوسـطورە) و (خورافە)، جا بەو بۆنەوە ئیسلام بە گشتی خۆیو پیاو چاكو خـاوەن مێژووەكانیـشی دەبنـە قـۆڵبڕ لای عەلمانیـەكان، ئەگەرچـی زیـاتر ئـەوانیش – ژنو پیاویـان – پـەنا دەبەنەبـەریان بۆبـەختو چارەنووسو دوعـای (چـەورو شـیرینیو جـادوو لـە مێـردو لـە دەسـگیران) وە بـۆ هەڵگەڕانەوەی ژنی ئەمو ئەو بۆ خۆیان!.

خۆ دیارە كە ئـایینی پیرۆزی ئیسلام چەندە دژی ئـەو جۆرەكارانەیـەو چۆن جـەنگاوە لـە

گـەڵیان و چـەندە داواو هـاوار دەکـات کـە شـیفای نەخۆشـیی و لەشـساغیی و تەندروسـتیی و منـداڵ بـوون و نـەبوون و سـەرکەوتن و سـەرنەکەوتن، تـەنها بـەئیرادەو خواسـتی خـودای گەورەیـە، وە بـۆ هەریـەك لەوانـە تـەنها (صـەدەقە)و خێـرو خێـرات و دەسـگیرۆیی هـەژارو خەڵکانی بێ نەواو ئاوڕدانەوە بەلای پێویستییەکانی کۆمەڵدا پەسەندە لای.

ئینجا لەبارەی دوعاو نوشتەوە کە بەداخەوە ئەمڕۆ زۆر بۆتە باوو عادەت، دەڵێین:

١- دوعـا: واتـە: خوێنـدنی هەنـدێ لـە قورئـان، یـان لـە فـەرمووده بەسـەر نەخۆشـدا بەونییەتـەوە خـودا شیفای بـدات، یـان بـۆ (حـیفظ)و پاراسـتن لـە هـەر شـتێکی زیانبـەخش، کـارێکی ڕەواو پەسـەندە، بەبەڵگـەی ئـەوە کـە خـاتوو (عایـشە) دەڵـێ: پێغەمبـەرﷺ لـەو نەخۆشـییەیدا کـە کۆچـی دواییکـرد، سـوورەتی (فەلـەق)و سـوورەتی (نـاس)ی دەخوێنـد بـە دەستی خۆیداو، دەیهێنا بەجەستەیدا، جا کە نەخۆشییەکەی قورس بوو، من کارەکەم بۆ ئـەنجام دەداو خۆیـشی دەسـتی دەهێنا بـە لاشـەیدا (بوخـاریی – ٥٧٣٥). وە لـە ڕیوایـەتێکی تـردا هـاتووە: پێغەمبـەرﷺ دوعـای بـۆ هەنـدێ لـە مـاڵ و منـداڵ دەخوێنـد و دەسـتی ڕاسـتی دەهێنـا بـە جێگـەی ئازارەکەیـدا ودەیفـەرموو: ((اللـهم ربِّ النـاس أذهـب البـأس واشـفهِ وأنـت الشافي لاشفاء إلا شفاؤك شفاءً لايغادر سقما))بوخاری – ٥٧٤٣.

(عـەوف کـوڕی مالـك) دەڵـێ: گـوتم: ئـەی پێغەمبـەری خـودا ﷺ! ئێمـە بـەر لـە ئیـسلام نوشـتەمان دەکـرد بەلاتـەوە چۆنە؟ فـەرمووی: بـابیبینم چۆنتان دەکـرد؟ دەبـێ بـشزانن کـە هەرچی (شیرك) نەبێ قەیدی نییە دوعای پێ بکەن: ((..أعرضوا عليّ رقاكم، لابأس بالرقي ما لم يكن شركا))موسلم.

مەرجەکانی دوعا و چارەسەری نەخۆشیی

یەکەم – دەبێ بە ناوە پیرۆزو صیفەتەجوانەکانی خودا بێت، وەیان شەریعەت پەسەندی بکات.

دووەم – ماناکەی ئاشکراو ڕوون بێت، نەوەك شتێکی تیا بێت (شیرك) بێت و پێی نەزانرێ.

سێیەم – دەبێ دوعا خوێن و نەخۆشەکە، تەنها خودا بە خاوەن شیفا بزانن.

ئـەوەمان لـەبیر نەچێت کـە ژنیش وەکـو پیـاو دەتوانـێ دوعـا بخـوێنێ بـە دەسـتیاو پاشـان بیهێنێ بەو شوێنەدا ئازاری هەیە، بەمەرجێ مەحرەم بن بەیەکدی.

دوو تێبینی:

یەکـەم – ئـاخۆ لەبەرامبـەر ئـەو دووعـا خوێندنـەو چارەسـەرەدا، ڕەوایـە داوای کـرێ و مـزە لـە بەرامبەرەکە بکرێت (ئەگەر شیفای بۆ هات بەو دوعاو چارەسەرەی ئەو؟ بۆ وەڵامی ئەمە زاناکان

دەڵێن: ئەگەر بەمەرجی شیفا بوو، واتە: ئەگەر بەو دوعایە چاکبوویەوەو، شتێکی لێوەرگرت و ئەویش قبوڵیبووئەوە ڕەوایە، خۆ ئەگەر چاك نەبوو، نابێ هیچ وەرگرێت، بەڵگەشیان: ئەوەیە کە جارێکیان یەکێ لە هاوەڵان سوورەتی (فاتیحە)ی خوێند بەسەر کابرایەکی مار پێوەدراودا و خودا شیفایدا، ئەویش چەند مەڕێکی بۆ نارد، چونکە پێشتر واتەی بۆ کردبوو کە ئەگەر چاکبوویەوە ئەو مەڕانەی بداتێ، ئەوجا هاوەڵەکە بە خۆیی وبە مەڕەکانیەوە چوو بۆ لای پێغەمبەرﷺ و ئەو مامەڵەیەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش ددانی هەم بەدوعاکەو هەم بە مەڕەکاندا نا بەو مەرج و مامەڵەیە وەریگرتووە. بوخاری (٢٢٧٦، ٥٧٣٦، ٥٧٦٣).

دووەم – ئایا هەر وەکو دوعا بە خوێندنی ئایەتێك، یان فەرموودەیەك بەسەر نەخۆشدا ڕەوایەو ڕێی پێدراوە، هەر ئاوا بە نوسینیش ڕێپێدراوە؟

بەڵێ. بەپێی ئەوە کە گەلێ پیاوچاکان نوسیوویانەو کاریان پێکردووە، حەڵاڵ و ڕەوایە، بەڵام قوتابخانەیە لە هاوەڵان بە هیچ کام لەو دوو شێوەی دوعاو نوشتەکردنەیە ڕێگە نادەن و دەڵێن: دەبێ مرۆڤ لە هەموو شتێکدا تەنهاو تەنها پشت بە خودای خۆی ببەستێ، بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی ژمارە:(٥٧٠٥) ی ئیمامی (بوخاری) دەیهێنێ: ((.. لایسترقون، ولایتطیرون، ولا یکتوون، وعلى ربهم یتوکلون...)).

لەباربردنی منداڵ (الإجهاض)

لەباربردنی منداڵ – بەرلە تەواوکردنی ماوەی خۆی – بەهەر وەسیلەیەك هەبێ، وەبەهەر شتێك ببێ، بەتایبەتی پاش تەواو کردنی چوار مانگ، لای تەواوی فوقەهاو زاناکانی ئیسلام حەرامە.

ئیمامی (غەزالی) لە کتێبی (إحیاء علوم الدین) دا دەڵێ: ((ولیس هذا – أي العزل – کالإجهاض والوأد، لأن ذلك جنایة على موجود حاصل، وله أیضا مراتب، وأدل مراتب الوجود أن تقع النطفة في الرحم، وتختلط بماء المرأة وتستعد لقبول الحیاة، وإفساد ذلك جنایة فإن صارت مضغة وعلقة کانت الجنایة أفحش، وإن نفخ فیه الروح واستوت الخلقة إزدادت الجنایة تفاحشا، وینتهی التفاحش في الجنایة بعد الإنفصال حیا)) بەرگی دووەم لاپەڕە ٥١. واتە: خۆ گرتنەوە دواوە (عەزل) لەکاتی جوتبووندا – کە کاتی خۆی هاوەڵان دەیانکرد و پێغەمبەرﷺ ڕێی پێدەدان – وەکو لەباربردن و زیندە بەچاڵکردنی منداڵ نییە، چونکە ئەو لەباربردنە تاوانە بەرامبەر بەبوونێك کە هەیە، ئەوەیش چەند قۆناغێکی هەیە، قۆناغی یەکەمی لەوەوە دەست پێدەکات تۆمەکە دەکەوێتە منداڵدانەکەوەو، لەگەڵ ئاوی ژنەکەدا تێکەڵ دەبێ و خۆ ئامادە

دەکات بۆ ژیانو گەشەکردن. دیارە لەناوبردنی شتی وا جنایەتو تاوانە، خۆ ئەگەر بوویە بەخوێنپارەوگۆشتپارە، تاوانەکە دزێوترە، ئینجا ئەگەر ڕوح بەبەریاکراو ئەندامەکانی جیابوونەوەو دەرکەوتن، بێگومان تاوانەکە گەورەتر دەبێ، خۆ ئەگەر پاش لە دایك بوون بە زیندوویی هاتو لەناوبرا، دیارە تاوانەکە زۆر مەزنترو گەورەترە.

لەم بۆچوونەی (غەزالی)یەوە –خ – وەردەگیرێ کە لە تەواوی قۆناغەکانی (حەمل)دا (ئیجهاض) حەرامە، بەڵام ئەم قسەیە، زاناکانی تر ئەرێی لەسەر ناکەن و هەریەکەیان ڕای خۆی بەیان دەکاو دەڵێ:

یەکەم – شافعی دەڵێن:

أ – ئەگەر لەسەرەتای (حەمل)ەکەوە تا ئەو ڕۆژو کاتە چل ڕۆژ بوو و ژنو پیاوەکەش هەردوو لەسەری ڕازیبوونو دوو پزیشکی (عادل) گوتیان: هیچ زیانێکی بۆ ژنەکە نابێ، بە لای هەندێکەوە حەڵاڵەو، بەلای هەندێکی ترەوە (کەراهەتی تەنزیهی) هەیە.

ب– ئەگەر چل ڕۆژ تێپەڕیبوو بەسەر (حەمل)ەکەدا، دیسان لەباربردنی حەرامە، ئیتر کۆرپەلەکە بجووڵێت، یان ڕۆحی بەبەرا کرابێ یا نا؟

دووەم – حەنەفی دەڵێن: بەر لە تێپەڕبوونی چوار مانگ، واتە: ڕۆحی بەبەرا بکرێ، لەباربردنی دروستە ئەگەرچی هەندێ زانای خاوەن ئیمتیازیان دەڵێن بەر لە ڕۆح لەبەرکردنیا – بێ بیانووی شەرعیی – حەڵاڵ نییە.

سێیەم – حەنبەلی یەکان دەڵێن: پاش تێپەڕ بوونی (١٢٠) ڕۆژ، لە سەرەتای پەیدابوونی (حەمل)ەکەوە، کە ماوەی ڕۆح بەبەراکردنی کۆرپەلەکەیە، لەباربردنی حەرامە.

چوارەم – مالکیەکان دەڵێن: هەر کە ئەو نوتفەیە چووە منداڵدانەوە، ئەگەرچی پێش چل ڕۆژیش بێت، حەرامە لەباربردنی، هەرکە ڕۆحیشی بەبەرا کرا، بە ئیجماعی زاناکانیان حەرام دەبێ. کەوابوو بەلای ئەوانەوە هیچ ڕێگەیەك والاناکەن بۆ ئەو کارەیەو گشت یەکدەنگن لەسەر حەرامێتی.

پێنجەم – ظاهریەکان: نەبەر لە چوار مانگ، نە لە دوای چوار مانگ ڕێگە نادەن منداڵ لەبار ببرێت. کەوابوو پاش تێپەڕبوونی چوار مانگ (١٢٠) ڕۆژ بەسەر (حەمل)ەکەدا، لای تەواوی زاناکان حەرامە لەباربردنی منداڵ لەبەر نەخۆشی دایکەکەیو بەر لە چوار مانگ، وەکو چارەسەرێکی دایکەکە ڕێی پێدراوەو قەیناکات، بەڵام پاش تێپەربوونی چوار مانگ (١٢٠) ڕۆژ، فوقەها بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادەن لەبار ببرێت، ئەگەرچی دایکەکەشی بمرێت، ئەگەر لەبار نەبرێت. تەنانەتی لەباربردنی منداڵی زیناو ناشەرعیش بە هیچ شێوەیەك لە

ئیسلامدا جێی نابێتەوە، بۆ ئەمەیش بەڵگە گەلێك بەدەست زانایانەوەیە، لەوانە:

یەكەم: (ولا تزر وازرة وزر أخرى /ئیسرا: ١٤)

دووەم: ژنـە (غامدییـە)كـە، حاملـە بـوو هاتـە لای پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی: بـچۆ هـەر كـە منداڵەكەت دانا، ئەو كات تۆڵە دەدرێیت.

سێیەم: ئەوانـەیش لـە ماوەی چل ڕۆژدا ڕێگە دەدەن، منداڵ لـەبار ببرێـت، دەڵێن بـۆ شـتی حەڵاڵ و شەرعییە، نەك بۆ (مەعصیەت) و تاوان، دیارە كە (حەمل)ی ناشەرعیی و زینا، هۆكاری گوناح و تاوانە، كەوابوو لە ماوەی چل ڕۆژەكەیشدا هەرنا بێت. (لە پەراوێزی كتێبەكـەی (شیخ متولی الشعراوي / أحكام الزواج والطلاق والخلع)درێژە بەم مەسەلەی (ئیجهاض)ە دراوە، بـەڵام لەبەر درێژ بوونەوەی باسەكە، نەمانتوانی زۆرتر سوودی لیٚ وەرگرین.

بەڕێز (محمد سعید رمضان البوطی) لە كتێبی (مسألە تحدید النسل) دا كۆمـەڵێ بەڵگـەی هێناوەتـەوە بۆ حەرامیـەتی لـە بار بردنـی منـداڵی زینـاو سـەفاح، بـۆ خـۆی دەتـوانی سـوودی لێوەر بگریت. (عبـد الكـریم زەیـدان)یش مەسـەلەی ئیجهـاض – لـە سـكی شـەرعیی– پوخـت دەكاو دەڵـیٚ: لـەباربردن لـەبەر ژیـانی دایكەكـە، ئەگەرچـی پـاش گیـان بەبەركردنیـشدا بێـت، دروستە، قسەكەی خۆی بە بۆچوونێكی (إبن قدامە) و (شیخ محمود شلتوت) بـە هێـز دەكـات، كە لە حاڵـەتی بـەگیرهاتنی دایكەكەیدا،بـەكارهێنانی بنـەمای (إرتكـاب أخـف الـضررین) كـاری پێدەكرێت و دایكەكەی ڕزگار دەكریٚ، بەلەباربردنی منداڵەكە.

ڕێگرتن لە سكبوون (منع الحمل)

لەسـەرەتاوە هـاوەڵان (عـەزل) یـان دەكـرد، واتـە: لـە كـاتی (جیمـاع)دا، بەرلـەوە مەنیەكـە بڕژێتە ناو منداڵدانی ژنەكەوە دەیانڕشتە دەرەوەی منداڵدانەوە، وەكو (جـابر) دەڵـیٚ: (ئێمـە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ (عەزل)مان دەكردو قورئانیش دادەبـەزی)متفق علیە.(كنـا نعـزل علـى عهـد رسـول الله والقـرآن ینـزل)ج ٩ ص ٣٠٥. (جـابر بـن عبـدالله) دەڵـیٚ: پیاوێـك لـە پێغەمبـەری پرسـی: جارییـەكم هەیـەو لـەكاتی جیماعـدا خـۆ عـەزل دەكـەم؟ پێغەمبـەرﷺ فەرمووی: كاری واڕیٚ لەوە ناگریٚ، خودا بیەویٚ ببێت. جابر دەڵیٚ: بۆ دوایی ئەو پیاوە هات گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو كەنیزەیەی بۆم باسكردیت دووگیانە ! فەرمووی: مـن هـەر بەندەو پێغەمبەری خودام. واتە: هیچ غەیبێك نازانم.

(خدامــة بنــت وهــب الأســدية) دەڵیــت: لەگــەڵ پێغەمبــەردا ﷺ چــووینە ناوكۆمەڵــە مەردمێكەوەو دەیفەرموو: ((لقد هممت أن أنهى عن الغیلة، فنظرت في الروم وفـارس فـإذا هـم

يغيلون أولادهم فلا يضر أولادهم ذلك شيئا)) ويستم ڕێ له پیاوان بگرم نەچنە لای ژنی شیردەر، تەماشای (فارس)و (ڕۆم)م کردو دەبینم دەچنە لای ژنانی شیردەرو منداڵەکانیشیان تووشی زیان نابن. پاشان له (عزل)یان پرسی: فەرمووی ((ذلك الوأد الخفی)) عەزل: سووکە زیندە بەچاڵکردنێکە.

ئیمامی (نەوەوی) دەڵێت: هەمووکات (عەزل) (مەکروهە)، ئیتر ژنەکە پێی ڕازی بێت یان نا؟ چونکە بنەبڕە بۆ (نەسل)و نەوەی ئایندە.. هەروەها سەبارەت بەو فەرموودانە هەندێکیان ڕێ بە (عەزل) دەدەن‌و، هەندێکیشیان ڕێی لێدەگرن، دەڵێت: ئەوانەیان ڕێی لێدەگرن (کراهة التنزیه)، ئەوانەشیان ئیزن دەدەن، واتە: حەرام نییە، نەك کەراهەتی نەبێ.

قسەی پەسەند لەمەسەلەی (عەزل)دا

دەتوانین بڵێین، عەزل له بنەڕەتدا حەرامە، بەڵام ئەگەر هۆکارێ پەیدابوو (موباح) دەبێت، بۆ ئەوانە (إبن قدامە الحنبلی) دەڵێت: ((والعزل مكروه إلا أن يكون لحاجة مثل أن يكون في دار الحرب فتدعوحاجته إلى الوطء فيطأ ويعزل أو تكون زوجته أمة فيخشى الرق على ولده..)) یان ژنەکە نەخۆش بێت‌و بەکەڵکی سك‌و زا نەیەت. وەزۆریی منداڵ دەبێتە هۆکاری شەرعیی، بۆ ڕێ لە منداڵگرتن وەکو ئیمامی (غەزالی) لە (إحياء علوم الدين) بەرگی ٢ ل ٥١ دا دەڵێت.

لەمەسەلەی ڕێگرتن لە سك‌وزا، سێ شت پێویستە:

١- ژنەکە ڕازی بێت.

٢- مێرد ڕازی بێت.

٣- کۆمەڵگەی موسڵمانان ڕازی بن، چونکە جیهانی ئیسلامیی پێویستی بەزاو ڕۆڵەو نەوەی ئاییندە هەیە، لە بەرامبەر جیهانی کوفرو خوانەناسیەوە، تا هێزو توانای ڕووبەڕوونەوەیان هەبێت، ئەگەر پێویست بوو... خۆ ئەگەر لەبەرئەوە بوو جوانی و جەحێڵی ژنەکە نەفەوتێ بەسك‌وزا، ئەمە جێی سەرنج و تێبینیە، ئەگەرچی لەوانەیە بۆ ماوەیەك دروست بێت... هەروەها ئەگەر دنیا دنیای هەراو کێشەو جەنگ بوو و بەوەو گرانی‌و ڕۆژێکی ئاوارەیی‌و دەچوون، لەو کاتانەشدا – بەشێوەیەکی کاتی – دەتوانێ ڕێی لێبگرێت، ئەگەرچی بەبەستنی دەرگای (ڕەحم)یشی بێت، لە فیقهی حەنەفییەکاندا هاتووە: ((يجوز لها – أي للزوجة – سدّ فم رحمها كما تفعله النساء..))کەوابوو هەر شتێك ئەو مەنعە بکاو مەرجەکانی تر بۆ ڕێگرتن ببن، ژنان دەتوانن بەکاری بهێنن.

بەڕێز (عبدالکریم زەیدان) دەڵێ: لەهەر جێگایەك (عەزل) ڕەوا بێت، ڕێگرتن لە منداڵ

بـوونیش ڕەوایـە. لیژنـەی فـەتوای (ئەزهـەر) بەیاننامەیـەکی – لـەوبارەوە دەرکـرد – تێیـدا هـاتووە: ((إن استعمال دواء لمنع الحمل مؤقتا لا يحرم على رأي عند الشافعية، وبه تفتى اللجنة لما فيه من التيسير على الناس ورفع الحرج لاسيما إذا خيف من كثرة الحمل أو ضعف في المرأة من الحمل المتتابع، والله يقول: ﴿يريد الله بكم اليسر ولا يريد بكم العسر..﴾.

بێگومان شەریعەتی ئیسلام بۆ دابینکردنی ژیانی ئینسانەکان هاتووە، وەهـەموو ئەگـەر و ئیحتیمـالێکی ڕەچـاو کـردووە: کـاتی ئاشـتیی، کـاتی جـەنگ، کـاتی ئـاوارەیی، کـاتی بـەڵاو نەهامەت و کارەسات، کاتی بیَ بارانیو گرانی و قاتو قڕی، لـە تـەواوی ئـەم کاتانـەدا تاك، یـان دەوڵـەت هـەموو دەرامـەتی خـۆی دەزانـیَ، دەزانـیَ سـاڵانە چـەند گـەنمو جـۆو دانەوێلـەو نـەوتو موشـتەقاتەکانی نـەوتی هەیـە، دەشـزانیَ ژمـارەی خێـزانو دانیـشتوانی وڵاتەکـەی چـەندەو، چـەندەش مەسـرفو خـەرجیان دەویَ، کـەوابوو – لـەم سـۆنگەیەوە – دەوڵـەتان دەتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپـارێزنو چۆن بەرژەوەنـدی تێدایـە ئـەوە ڕەچاو بکـەن بـۆ خۆیان و خێزانو وڵاتیان. ((سـوود لـە (المفصل))، بـەرگی (٧) وە لـە کتێبـی (مسألة تحديد النسل) وەرگیراوە.

چەند فەتوایەك

تایبەت بە ژنان

دەستنوێژو خۆ شتن

١- هەر شتێك نەهێڵێت ئەندامێك، یان بەشێك لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ، لە کاتی دەستنوێژو خۆ شۆریندا تەڕ ببێ (وەکو بۆیە، خەنە - ئەگەر جورمی هەبوو- یان هەر شتێکی تر)،پێویستە بەر لەوە لاببرێ، چونکە ژێرەکەی تەڕ نابێت، کە تەڕیشنەبوو، نە دەستنوێژی دادەمەزرێ، نە خۆ شۆرینی.

٢- ژنانی حەیزدار، یان زەیسان، دەتوانن لەومایەدا هەم خەنە بەکار بێنن، هەم نینۆکیان بۆیە بکەن، چونکە نەنوێژیان لە سەرە نە خۆ شۆرین.

٣- بۆ دەستنوێژ سەری خەناوی (مەسح) دەکرێ، بەلاّم بۆ خۆشۆرین دەبێ لا ببرێت، چونکە ژێری تەڕنابێت.

٤- کاتی سەرما، یان کاتێ سەرپۆشەکە -ئەگەر لابرێ- بە سەخڵەت بدرێتەوە بە سەردا، دەتوانرێ مەسح بەسەریا بکرێ ولا نەبرێ.

٥- ئەگەر بۆیەی سەر، ژێرەکەی تەڕ نەبێ، دەبێ بۆ مەسحی سەرو خۆ شۆرین لابرێن، هەروەها (زەیت)یش ئەگەر بەستیی وژێرەکەی تەڕ نەدەبوو پێویستە لابرێت.

٦- ئەگەر لە نوێژدا شتێکی پیسی بەجل وبەرگەکەیەوە دیت،پێویستە خێرا لە نوێژەکەی بچێتە دەرو بیشۆرێ، ئینجا دەست بکاتەوە بە نوێژەکەی.

٧- ئەگەر لە نوێژەکەدا، دوودڵ بوو کە شتێکی پیس وابە جل وبەرگەکەیەوە، دەبێ تا یەقین پەیدا نەکات، درێژە بەنوێژەکەی بدات.

٨- ئەگەر شتێکی پیس بکەوێتە سەر رایەخێك، دەبێ بۆ پاکبوونەوەی ئاوی بە سەرا بکرێ، ئەگینە بە سڕین پاك نابێتەوە.

٩- ئەگەر شتێکی وشکی پیس بکەوێتە سەر جەستە، یان بکەوێتە سەر جل وبەرگ، قەیدی نییە، بەلاّم دەبێ لابرێت.

١٠- شۆرینی جل وبەرگی پاك وپیس پێکەوە، قەیدی نییە، ئەگەرچی بە جودا بشۆردرێن باشترە.

١١- ژنان دەتوانن مەسحی سەریان بکەن،ئەگەرچی قژیان لوولکرابێ،ئیتر شۆڕبووبێتەوە بۆ خوارەوە، یان لە عاستی خۆیدا بێت.

١٢- دەستدان بەپاش، یان بە پێشەوە(هی خۆی،یان هی کەسێکی تر، بچووك بێ، یان گەورە) دەستنوێژ هەڵدەوەشێنێتەوە.

١٣- ئەوهەوایە کە لە (فەرج)ی ژنانەوە دێتە دەر، دەستنوێژ هەڵناوەشێنێتەوە.

١٤- قسەی راست ئەوەیە کە ژنان دەستنوێژ ناشکێنن، ئیتر خێزانی خۆی بێت، یان بێگانەو حەرامی بێت، بە ئارەزوو دەست ئەنقەست بیێ یانا، مەگەر لەوەوە (مەنیی، یان (مذی) و(ودی) پەیدا ببێت.

١٥- ئەگەر ژنێك غوسڵی سەرجێیی لە سەربوو، تا خۆی نەشۆریێ، بۆی نییە قورئان بخوێنێت، چ لە بەر،چ لە ناو قورئاندا.

١٦- ئەو کەسە میز راناگریێ، یان هەمیشە(با)ی لێدەبێتەوە، دەبیێ لە کاتی بانگدا دەستنوێژ بگریێ و، خێرا دەست بکات بە نوێژەکە،پاشان ئەگەر هەرکامێکیان پەیدا بوون، نوێژەکەی دروستەو قەیدێکی نییە.

١٧- دەستنوێژ گرتن،یان خۆشۆرین بە ئاوی (کلۆر)اوی، دروستەو قەیدی نییە.

١٨- تەنها بۆ میزو ئەوی تریان خۆ پاککردنەوەپێویستە.....ئیتر نووستن ودەستدان بەپاش و پێشەوەو، دەرچوونی (با بە هەردوو جۆرەکەیەوە) تەهارەتی ناوێت، بەلکو تەنها دەستنوێژگرتنەوەی دەویێ.

١٩- نییەت هێنان بۆنوێژودەستنوێژ، تەنها بەدڵە، واتە: پێویست نییە بە زمان بگوتریێ.

٢٠- خەوەنووچکەو وەنەوز، دەستنویژ ناشکێنن.

٢١- راخستنی بەرماڵ لەسەر جێگایەکی پیس و، ئنجا نوێژ لەسەر کردنی دروستە.

٢٢- مردوو شۆرین دەستنوێژ هەڵناوەشێنێتەوە، مەگەر دەستی لە (عەورەت)ی مردووەکە بکەوێت، ئەگەر چی ناشبێت دەست بدات بە عەورەتیەیەوەو سەیری بکات، بەڵکو دەبیێ لە کاتی شۆرییندا دەستکێش لەدەست بدات.

٢٣- مانەوەی خۆراك لە نێوان دداندا بۆ دەستنوێژ زیانی نییە، ئەگەر چی هەقە دوای نانخواردن چاك وپاك دەم و ددانی بشۆرێت، تا خۆی و ددانەکانی لە نەخۆشیی بپارێزرێن.

خۆ ششتن

١- لەکاتی غوسڵی حەیزو زەیساندا، هەڵوەشانەوەی (پەلکە)ی ژنان،پێویست نییە، ئەگەرچی هەڵوەشاندنەوەی باشترە.

٢- ئەگەر ژنێك غوسڵی (جەنابەت)ی لەسەر بوو، دەبیێ بۆ غوسڵ ئاو بگاتە بنی تەواوی مووی سەری.

٣- ئەگەر ژنێك (ئیحتیلام)ی بوو، کەچی پاش بە خەبەر هاتنەوە، هیچ شتێکی نەدیت،

غوسڵی ناکەوێتە سەر، خۆ ئەگەر تەڕایی، واتە: بە جلەکانیەوە (مەنیی) دیت دەبێ خۆی بشۆرێت.

٤- بەهەر هۆیەك (مەنیی) بێتە دەر، ئەگەرچی بە جیماعیش نەبێ، غوسڵ واجب دەبێ.

٥- پەنجە کردن بە (فەرەج) دا (ژنەکە پەنجەی خۆی، یان هی کەسێکی تر) لەبەر نەخۆشیی، یان لەبەر هەرشتێ، بەوە غوسڵ واجب نابێت، بەڵکو تەنها دەست نوێژی دەوێت.

٦- بە شك و دوو دڵی، غوسڵ واجب نابێت.

٧- کەسێکی لەشگران، دەتوانێ بێ دەستنوێژ بخەوێت، بەڵام دەستنوێژ بگرێ ئەوسا بخەوێتەوە، باشترە بۆی

٨- بۆ چەند غوسڵێك، یەك خۆشتن بەسە، بۆ نموونە: (غوسڵی حەیزو زەیسانیی کەوتە سەر) دەتوانێ بە نییەتی هەمووانەوە یەك غوسڵ بکات.

٩- کەسێك بە نییەتی لەشگرانیەوە خۆی شۆریی، بەو خۆشۆرینە دەستنوێژیشی دادەمەزرێ، ئەگەرچی چاك وایە بەرلە خۆشۆرین دەستنوێژ هەڵبگرێ و پاشان خۆی بشۆرێت، دیارە بۆ غوسڵی حەیزو زەیسانییش هەروایە.

١٠- ئەگەر یەکجار ئاو کرا بە تەواوی لاشەدا بە نییەتی غوسڵ، وە هەمووی لاشە تەڕ بوو، ئەگەرچی بە (رەشاشە)یش بێت، غوسڵ دێت.

١١- بەکار هێنانی هەموو جۆرەکانی (شامپۆ) بۆ خۆ شۆرین دروستە.

١٢- ژنان لەکاتی غوسڵدا سێ جار ئاو بکەن بەسەریاندا، ئیتر پێویست ناکات (پەلکە) هەڵوەشێننەوە.

١٣- ئەگەر پاشخۆشۆرین، کەمێك (مەنیی) لە عەورەتیەوە دەرچوو، بەوە غوسڵەکەی هەڵناوەشێتەوە، مەگەر سەرلەنوێ خۆشیی پێگەشتبێت.

١٤- ژنان دەتوانن غوسڵی حەیز، یان غوسڵی لەشگرانی، دوا بخەن بۆ دوای بانگی بەیانیی، بەڵام نابێ دوای بخەن بۆ پاش هەڵهاتنی خۆرو نوێژەکەیبەیانیان بچێت.

١٥- لەسەرەتای غوسڵەوە (بسم الله) دەکرێ، وەپاش لێبوونەوەش گوتنی ئەم زیکرە سوننەتە: (أشهد أن لا إله إلا ألله وحده لا شريك له، و أشهد أن محمدا عبده و رسوله، اللهم اجعلني من التوابين واجعلني من المتطهرين).

ژنانیش دەتوانن (خف) بەکاربهێنن

١- ڕاگوزەر (مسافر) بۆی هەیە، سێ شەوو سێ ڕۆژ، مەسحی (خف) بکات، نیشتەجێ (مقیم)یش، شەوو ڕۆژێك.

٢- مەرجەکانی بەکارهێنانی (خف): پێویستە حەلاڵ و پاکبن و، بگەنە شوێنی فەرزی شۆرینی پێ و، بۆ خۆشیان بە قاچەوە بووەستن و دوای دەستنوێژیش لە پێ بکرێن.

٣- شێوەی بەکارهێنانیشیان: دەست بە ئاوەکەدا دەکرێ، پاشان یەکجار مەسحی دیوی دەرەوەی سەرپێیان دەکرێ، واتە: ژێر و پاژنەیان مەسحیان ناوێ !.

٤- هەرکات یەکێ لەم چوار شتەی لێ پەیدابوو، ئیتر کاریان پێناکرێ:

- لە پێ داکنران.
- غوسلێ کەوتە سەر پۆشەرەکەیان.
- دڕان و کونیان تێبوو.
- ماوەکەیان (واتە: سێ ڕۆژەکە، یان شەوو ڕۆژەکە)تەواو بوو.

٥- مەسح کردن بە سەر گوێرەویدا، ئەگەر هاوینیش بێت دروستە، چونکە گشتێتی فەرموودەکان، وا دەگەیەنێت.

٦- نابێ مەسح بە سەر گوێرەوی ناسك و دڕاودا بکرێت، واتە: بەو مەرجە مەسحیان دەکرێ، قاییم بن و داپۆشەری جێگەی فەرز بن.

سووڕی خوێنی مانگانەی ژنان

١- قسەی ڕاست ئەوەیە کە ماوەی (حەیز) سنووری کەم و زۆری بۆ نییە.

٢- بەر لە تەمەنی (٩) ساڵی کچان، خوێنی حەیز پەیدا نابێت، چونکە بەر لە تەمەنی (٩) ساڵیی، هیچ ئافرەتێك ناگونجێ منداڵی ببێت، خۆئەگەر تەمەنی گەیشتە (٩) ساڵ و خوێنی بە خۆیەوە دیت، دەکرێ بگوترێ: ئەوە حەیزە.

٣- تێکچوونی یاساو سیستمی حەیز - دوای تەمەنی (٥٠) ساڵ- هەر خوێنێ هات، بە خوێنی حەیز دانانرێت، بەڵکو خوێنێ (فاسید)ەو، دەبێ ئەو ژنە نوێژ بکاو ڕۆژوو بگرێ.

٤- نیشانەکانی خوێنی حەیز:

- بۆگەنە.
- ئەوەند سوورە، ڕەش دەنوێنێت.
- خەست و چڕە.

٥- ئەگەر ئافرەتێك خوێنی بە خۆیەوە دیت، دەشگونجا حەیز بێ و یەکەمجاریشی بوو، ئەوە بە حەیز دادەنرێ،وە دەبێ چاوەروانی بکات تا دوایی دێت،وە پێوەیست بە دووبارە بوونەوە ناکات.

٦- ئەگەر ژنێك بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك خوێن هات و ئینجا نەما، ئەوە حەیزە و دەبێ چاوەروانی بکات،چونکە دیسان دێتەوە.

٧- وا دەبێ پاشخۆشتن لەخوێنی حەیز، خوێنێکی زەرد و لێڵ دێت، ئەوەبە حەیز دانانرێ و، پێویست بە خۆشۆردن ناکات. بەڵام ئەگەر بە رەنگ خوێنی تەواو بوو، دەبێ سەر لەنوێ خۆی بشواتەوە، چونکە بە حەیز دادەنرێت.

٨- ئەگەر ژنێك بە هۆی تەمەن زۆرییەوە خوێنی نەما، ئەوە بە سەردەمی مەئیووس بوون لە حەیز (سن اليأس) دادەنرێ.

٩- ژنی بێ نوێژ تا پاك نەبێتەوەو خۆی نەشۆرێت، نابێ سەرجێی لەگەڵدا بکرێت.

١٠- ئەو کتێب و نامیلکانە کە هەندێ ئایەتی قورئانیان تێدایە، ژنانی حەیزدار و خەڵکانی لەشگران و بێ دەستنوێژ، دەتوانن دەستیان لێبدەن، چونکە (مصحف) نییە.

١١- ژنی حەیزدار دەتوانێ خەنە لە دەست و پێ و سەری بگرێت.

١٢- ژنان دەتوانن بۆئەوەی بکەونە حەیزەوە دەرمان بخۆن،ئەگەر بزانن تووشی زیان نابن پێی.

١٣- لە بەکارهێنانی(دەرمان) بۆ راگرتنی حەیز،پزیشکەکان (١٤) جۆر زەرەرو زیانیان باسکردووە.

١٤- لە مانگی رەمەزان و حەجدا، خواردنی حەبی راگری حەیز، قەیدی نییە، بە مەرجێ لە رووی تەندروستییەوە زیانبەخش نەبێ.

١٥- ئەگەر ژنێك حەبی بەکار هێنا بۆ ئەوە بکەوێتە حەیزەوە، پاشان خوێن هات، دەبێ بچێت لە پزیشك بپرسێت: ئەگەر ئەو گوتی ئەو خوێنە، خوێنی حەیزە، ئەوا باشە، ئەگینە کاریگەری حەبەکانەو حەیز نییە.

١٦- ئەگەر ژنێك دەرمانی بەکار هێناو کەوتە حەیزەوە، دیارە ئەوماوەیە بە حەیز بۆی دادەنرێ و گێڕانەوەی نوێژی لە سەر نییە، چونکە مادەم خوێنی حەیز هات، ئیتر بە هەر شێوەیەك بێت دەبێتە حەیز، هەرکاتێکیش نەما بە هۆی هەر شتێکەوە بێت، دەبێ نوێژو رۆژووی خۆی ئەنجام بدات.

١٧- ژنی حەیزدار دەتوانێ تەواوی ویردو زیکرە شەرعییەکان و زیکرەکانی بەیانیان و

ئێواران و دوعاكانی تر لەگەڵ كتێبی زانستیی و فیقهو فەرمووده و تەفسیرەكاندا بخوێنیتەوە.

١٨- ژنی حەیزدار و زەیسان، هیچ جۆره نوێژێكی لەسەر نییه و نابێ بیكات، بۆ دوای پاكبوونەوەیشی گێرانەوەی ناوێ.

١٩- ژنی خاوەن حەیز ڕۆژووی لەسەر نییه، بەڵام دەبێ پاش پاكبوونەوه بیگێڕێتەوە.

٢٠- ژنی بێ نوێژ: نابێ چەرخه و(تەواف)ی دەوری ماڵی خودا بكات، بەڵام كردەوەكانی تری حەج، وەكو (هاتووچۆی نێوان (صەفا) و (مەروە) و وەستانی (عەرەفە) و شەومانەوە لە (مزدەلیفە)... تاد. دەتوانێ ئەنجامیان بدات.

٢١- ئەگەژنێك مەناسكی حەجی تەواو كردو پاشان كەوتە حەیزەوە، ئیتر نابێ (طواف الوداع) بكات.

٢٢- لە مزگەوتدا -تەنانەتی لە (مصلی) شدا- ژنی حەیزدار حەرامه بمێنێتەوە. بەڵام (داود الظاهری) و (مزنی) دەڵێن: لە مزگەوتدا دەتوانێ بمێنێتەوە، وە (إبن حزم الظاهری) ڕێگە دەدات بە ژنانی حەیزدار كە دەوری قورئان بكەنەوە، (مالك) یەكانیش هەروا.

٢٣- ژنی حەیزدار نابێ ڕێ بە مێردەكەی بدات (جیماع) ی لەگەڵ بكات، چونكه حەرامه.

٢٤- مێرد دەتوانێ - جگە لە جیماع- هەموو لەزەتێك لە ژنی حەیزدار و زەیسان وەرگرێ و لەگەڵیا بخەوێت.

٢٥- ژنی حەیزدار حەرامه لەو كاتەدا تەڵاق بدرێت، تەنانەتی هەندێ لە زاناكان دەڵێن تەڵاقی ناكەوێ.

٢٦- هەركات ژنی حەیزدار پاكبوویەوە، دەبێ تەواوی جەستەی بشۆرێت.

٢٧- زیاد و كەمكردنی ماوەی حەیز: بۆ نموونه: عادەتی (٧) ڕۆژ بووە،كەچی دوای شەش ڕۆژ خوێنەكەی نەما، یان بە پێچەوانەوە. قسەی ڕاست ئەوەیە كە هەركات خوێنی دیت حەیزە، هەركاتێكیش نەما بە پاك دادەنرێ. واتە: زیاد و كەم دەور نابینێت.

٢٨- پاش و پێشكردنی كاتی حەیز (جارێ لە سەرەتای مانگەوە، جارێكی تر لە كۆتایی مانگەوە) قەیدی نییه، هەركات خوێن پەیدا بوو حەیزە، هەركاتێكیش نەما، حەیز تەواو بووە.

٢٩- ژنان وادەبێ خوێنەكەیان بە زەرد ڕەنگ دەبینن، وایش دەبێ لێڵە لە نێوان زەرد و ڕەشدا.. ئەوە ئەگەر لەناو ماوەی حەیزەكەدا بوو، یان هێمان پاك نەبوبوویەوە، بە حەیز دادەنرێت، خۆئەگەر پاش پاكبوونەوە بوو، حەیز نییه.

٣٠- بچڕبچڕی خوێن (ئەمرۆ خوێن هەیە، سبەینێ خوێنی نییه) ئەمە ئەگەر هەموو كات

ئاوا بوو، ئەوە بە (ئیستیحاضە) دادەنرێت، خۆئەگەر بەیناوبەین بوو، ئەوە ئەگەر نەمانی خوێنەکە کەمتر لە رۆژێك بوو، بە پاك دانانرێ، مەگەر لە ئاخر و ئۆخری عادەتی خۆیەوە بێت.

٣١- تەڕی و (رطوبە)ی عەورەت: ئەگەر لەناو کاتی حەیزدا بوو و پێش پاکبوونەوە، بە حەیز دادەنرێت، خۆئەگەر پاش پاکبوونەوە بوو، حەیز نییە.

٣٢- ئەگەر لە غەیری رۆژەکانی حەیزیدا چەند دڵۆپێ خوێنی دیت، دەبێ دەست لە نوێژو رۆژووی خۆی هەڵنەگرێ، چونکە ئەوە خوێنی حەیز نییە.

٣٣- پێنج رۆژ بەر لە سووڕی مانگانەی خۆی، خوێنی دیت، ئەوە ئەگەر بەر لەوە خوێنی نەبوو، بە حەیز دانانرێت، واتە: دەبێ رۆژوو نوێژ بکات و بۆ هەموو نوێژێکیش دەستنوێژ بگرێت.

تێبینی: گەلێ جار ئەم شتانە عادەتی ژنان دەشێوێنن:

- بەکارهێنانی حەب بۆ رێگرتن لە حەیز (پێشی دەخەن، دوای دەخەن، زیادو کەمی دەکەن).

- بەکارهێنانی (لەولەب) بۆ رێگرتن لە منداڵبوون، چونکە بەهۆی ئەوەوە خوێنەکە بەکەمی دێتە دەر، ئەوساش لەباتی (٧) رۆژ، دە رۆژ دەخایەنێت.

٣٤- وادەبێ سێ رۆژ بەر لە عادەتی سوڕی مانگانەی خۆی، خوێن پەیدا دەبێ ئایا چی بکرێ؟.. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: ئەگەر ژنەکە عادەتی خۆی بە ژمارە بزانێت، یان بە رەنگی خوێنەکە، یان بەکات و زەمان، دەبێ لەوکاتەدا نوێژ نەکا، پاشان غوسڵ بکات و نوێژ بکات، ئەو خوێنەش پێش عادەت دێت، خوێنێکی (فاسد) ەو کاری پێناکرێ. واتە: لەبەر ئەو، واز لە نوێژ و رۆژوو ناهێڵرێت، بەڵکو دەبێ خوێنەکەی بشۆرێ و پاشخۆی ببەستێ و بۆ هەموو نوێژێکیش دەستنوێژ هەڵبگرێت، چونکە حسابی (مستحاضە)ی بۆ دەکرێت.

٣٥- ژنێك لە رۆژەکانی سووڕی مانگانەیدا، دوو رۆژخوێن دەبینێ، پاشان دەبڕێ ونامێنێ، دیسان بۆ رۆژی چوارەم پەیدا دەبێتەوە، دەبێ بۆ رۆژی سێیەم چی بکات ؟ ئەگەر ئەو ژنە رۆژەکانی عادەتی خۆی بزانێت، دەبێ لەو رۆژانەدا دەست لە نوێژکردن هەڵگرێ ورۆژو نەگرێ، ئەگەرچی هەندێ رۆژیش خوێن نەیەت.

٣٦- خوێنی کەم لە رۆژەکانی عادەتی خۆیدا بە حیز دادەنرێت.

٣٧- لەکاتی عادەتی خۆیدا خوێن دێت و دەبڕێت، دەبێ چی بکات؟..بڵێ هەرکات خوێن هات،بە حەیز دادەنرێت، ئیتر نێوان ئەم حەیزەو حەیزی پێشووی زۆر بێت یان کەم.. ئەگەر کەوتە حەیزەوەو پاکەوە بوو پاشان دوا ی پێنج رۆژ،یان شەش رۆژ خوێن پەیدا بووەوە،

دەبێ دەست لە نوێژو ڕۆژو هەڵبگرێت، چونكە ئەوە حەیزە.

٣٨- ئەگەر پاش نەمانی خوێنی حەیز، خوێنێكی زەرد، یان خوێنێكی لێڵ، یان ڕەشی دیت، ئەوە بە حەیز دانانرێت،بەڵكو پێویستە نوێژ بكا و ڕۆژوو بگرێت.

٣٩- پاش دوو ڕۆژ لە ڕۆژەكانی عادەتی مانگانەی خۆی پاكبوویەوە، ئەنجا دوای ڕۆژێ، یان دوو ڕۆژ، خوێن پەیدا بوویەوە، دەبێ لە و دوو ڕۆژەدا خوێن هەیە، دەست لە نوێژ و ڕۆژوو هەڵگرێت.. لەو ڕۆژانەشدا خوێن نییە خۆی بشۆری و نوێژەكان بكات.

٤٠- ژنێك لە سەرەتای هەموو مانگێكەوە بەپێی عادەتی خۆی (٦) ڕۆژ دەكەوێتە حەیز، پاشان هەندێ جاردرێژە دەكێشێ، دەبێ چی بكات؟.. بۆئەوە دەبێ لەسەرەتای هەموو مانگێكەوە (٦) ڕۆژ دانیشێ و نوێژ نەكات، چونكە ئەوە حەیزە، بەڵام لە ڕۆژەكانی تردا، دەبێ غوسڵ بكا و نوێژ بكات و گوێ بە خوێنەكەی نەدات.

٤١- ژنێك لەبەر پیریی وچوونە ساڵەوە خوێنی نەما، پاشان چووە سەفەر و خوێنی پەیدا بوو و درێژەی كێشا، دەبێ چی بكات..؟ دەبێ گوێ بەو خوێنە نەدات، چونكە زۆربەی زاناكان دەڵێن: كە ئافرەت گەیشتە (٥٠) ساڵ حەیزی نامێنێ.

٤٢- ژنێك عادەتی خۆی (٩) ڕۆژ، یان (١٠) ڕۆژ بوو و پاك بویەوە، پاشان بە بچڕ بچڕ خوێنەكەی هاتەوە.... بەڵێ پاش تەواو كردنی ماوەی خۆی، هەر خوێنێك هات، كاری پێناكرێ و فاسیدە.

ژنان و ئیستیحاضە

١- ئیستیحاضە: بە وخوێنە دەڵێن لە جێگەی حەیزەوە بە دەوام دێتە دەر، وەیان ئەگەر ڕۆژێ دوو ڕۆژ بڕێت، دیسان دێتەوە.

٢- لەماوەی ئیستیحازەدا وا دادەنرێت ئەو ژنە پاكە و، دەبێ بۆ نوێژەكان هەموو جار چاوەڕوان بێت تا بانگ دەبێت، ئەوسا بۆ هەموو نوێژێكی كات بۆ دیارییكراو دەستنوێژ دەگرێت، بەڵام بۆ نوێژی كات بۆ دیاریی نەكراو، هەركات ویستی نوێژ بكات، دەستنوێژ دەگرێ و نوێژ دەكات.

٣- هەركات ویستی دەستنوێژ بگرێ، دەبێ ئەوجێگایە خوێنی بەركەوتووە بیشۆرێ و، پاشان پارچەیە لۆكە بخاتە دەرگای (فەرج) ی و بە شتێك شەتەكی بدات، بۆ ئەوە خوێنەكە ڕاگرێ و نەیەتە دەر، خۆ ئەگەر پاش ئەوە هەر هات، هیچ زیانێكی نییە.

٤- هەندێ جار بەهۆی نەشتەرگەری منداڵدانی ژنانەوە یان هی جێگایەكی تر، خوێن بە

(فەرج)یانەوە دێتە دەر، جابۆئەم خوێنەیە دوو حاڵەت هەیە:

- دەبێ بزانێ کاتێ کە نەشتەرگەری منداڵدانی دەکاو فرێی دەدات، یان دەیبەستێ و ناگونجێ خوێنی لێ بێتە دەر، لەم حاڵەتانەدا ناکرێ لەگەڵ ئەو خوێنەدا مامەڵەی (ئیستیحاضە) بکرێ، بەڵکو دەبێ وەکو ئەو ژنانە بکەن کە پاش (طهارة) خوێنێکی زەرد، یان تەڕایی دەبینن، واتە: دەبێ نوێژ بخوێنن و ڕۆژوو بگرن و ڕێ لە تێکەڵی مێرد نەگرن، وە خۆ شتنیان لەسەر نیە، بەڵام لەکاتی نوێژەکاندا خوێنەکەیان دەشۆن و بەشێك لە (فەرج) یان شەتەك دەدەن و کاتی نوێژ دەستنوێژ دەگرن.

- دەبێ وا نەزانێت پاش نەشتەرگەری حەیز نابێت، بەڵکو دەکرێ خوێنی حەیز پەیدا بێ، جا ئەوکاتە وەکو ژنانی خاوەن ئیستیحاضە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ.

٥- ژنانی خاوەن ئیستیحاضە بۆ ئەنجامدانی نوێژەکان - لەو ماوەدا - خۆ شتنیان لەسەر نیە، مەگەر کاتێ خۆی بشۆرێ بۆ تەواو کردنی ماوەی سوڕی خوێنیان.

٦- ژنانی خاوەن ئیستیحاضە دەتوانن لەگەڵ مێردەکانیاندا سەرجێی بکەن.

٧- ژنانی خاوەن ئیستیحاضە سێ حاڵەتیانبۆ هەیە:

- عادەتی خۆی هەیە، ئنجا هەرکات کەوتە ئەو ڕۆژانەوە دەست لە نوێژ هەڵدەگرێت و پاشان خۆی دەشۆرێت نوێژەکانی دەکات، ئیتر سوڕی خوێنەکەی زۆر بێت یان کەم، ژنی وا هەیە لە مانگێکدا (٥) ڕۆژ لە حەیزدایەو (١٥) ڕۆژی پاکە پاشان دیسان (٥) ڕۆژ دەکەوێتەوە حەیزەوە و (١٥) ڕۆژ پاك دەبێ، ئیتر هەر بەو پێیە، ژنی وایش هەیە مانگەکەی (٣٥) ڕۆژەو (٧) ڕۆژی لە حەیزدایە و (٢٨) ڕۆژی پاکە، هەر بەوپێیە.

- ماوەی کاتی خۆی لە بیر کردووە یان دەیزانێ، بەڵام هەرجارەی جۆرێکە، جارێ (٤) ڕۆژە، جارێ تر (٦) ڕۆژە، پاشان لێی تێکدەچێ و بەردەوام خوێنی دێت.. ژنانی ئاوا بەم شـێوەیە مامەڵـە بکـەن و پێیـان دەڵـێن (محیـزة) - هـەموو خـوێنێکی زۆر ڕەش حـەیزە، خوێنێکی سوری کاڵ (ڕەقیق).. کەوابوو لەکاتی خوێنە ڕەش و (غەلیظ)ەکاندا دەست لە نوێژ و.. هەڵبگرێ، وە لە ڕۆژەکانی خوێنە تەنکە (ڕەقیق)ەکەدا نوێژ ناکات.

- ئەو ژنانەش بەتەواوی سوری مانگانەی خۆیان لێدەچێت، زاناکان پێیان دەڵێن: (محیزة)، واتە: سەرگەردان و ڕێگە نەزان، ئەمانە دەبێ پتر لە ماوەی زۆربەی ژنانی خزمی خۆیان چاوەروان بکەن و دەست لە نوێژو.. هەڵبگرن (دایك و دایە گەورەو خوشك..) بەو مانایە ئەگەر سوری مانگانەی ئەوان (٧) ڕۆژ بێت، با ئەمانیش (٧) ڕۆژی ناو بنێن حەیزو نوێژو ڕۆژوو ئەحکامەکانی حەیزی تێدا ڕاگرن.

تەڕایی (رطوبەی) فەرجی ژنان

١- هەندێ جار ئاوێکی زەرد دێتە دەر.

٢- دەکرێ ئاوێکی لێڵ (سوورێکی کاڵ) بێتە دەر.

٣- ئاوێکی سپیی (پاش نەمانی سووری مانگانە دێت). دەشکرێ ئەو ئاوە سپییە هەر نەبێ) بەڵام لەماوەی حەیزەێکەوە بۆ حەیزێکی تر، دەگونجێ ئەوئاوە لێڵە هەبێت، نیشانەی پاکبوونەوەی ئەمانە، وەستانی ئەو خوێنە لێڵەیە، ئەگەرچی زەردایی بمێنێ.

٤- هەر لێڵی و تەڕاییەکی زەرد لە ژنی خاوەن حەیزەوە بێتە دەر.. ئەگەر بزانرێ پێشەنگی حەیزە، ئەوا مامەڵەی حەیزی لەگەڵ دەکرێ، نیشانەی ئەوەش ئەوەیە کە ئێش و ئازارێکی لێ پەیدا دەبێ، خۆئەگەر بێ ئێش و ئازاری سك ئەو لێڵایی و زەردایییە پەیدا بوو، بە حەیز دانانرێ.

٥- هەر لێڵی و زەردایییەك – پاش تەواو بوونی ڕۆژانی حەیز بێت – دەبێ ژنان چاوەروابن تانەمێنێ، چونکە ئەو لێڵیە پەیوەست بێت بە حەیزەوە، حیسابی حەیزی بۆ دەکرێ.

٦- ئەو شتانەی لە غەیری کاتەکانی حەیزدا پەیدا دەبن لە (ئیفرازات)ی فەرجە و بە حەیز دانانرێن.

٧- هەرچی (ئیفرازات)ێك لە شوێنی منداڵبوونەوە دەرچێ پاکەو جل و بەرگ پیس ناکات، بەڵام دەستنوێژ دەشکێنێ. ئەوشتانەیش لە جێگەی میزەوە دەردەچن، پیسن و دەستنوێژ دەشکێنن.

٨- ئەو تەڕاییە بەهەمیشەیی لە منداڵدانی ژنەوە دەردەچێ پاکە، دەبێ لەکاتی نوێژدا دەستنوێژ بگرن و نوێژ بکەن، واتە: تا بانگ نەبێ دەستنوێژ نەگرێ بۆ نوێژەکان.

٩- بۆ ئیفرازاتی پچڕپچڕ، دەبێ چاوەروانی بانگ بکات ئەوجا دەستنوێژ بگرێ و نوێژەکانی بکات، ئەگەرچی لەکاتی نوێژەکانیشدا بێت.

١٠- ئەو تەراییە پاش غوسڵی جووتبون دێتە دەر.. ئەگەر بە ئارەزوو نەبێ غوسڵ پێویست ناکات، بەڵکو تەنها دەستنوێژ پێویستە.

١١- هەندێ جار لەگەڵ میزدا ئاوێکی سپی خەست دەردەچێت پێی دەڵێن (وەدی)، غوسڵ پێویست ناکات، بەڵکو دەبێ شوێنەکەی بشۆردرێت، چونکە وەکو میز پیسە.

١٢- هەندێ جار ئاوێکی تەنکی سپی لینج (رقیق أبیض) لەکاتی دەستبازی، یان کاتی بیرکردنەوە لە رابواردنی ژن و مێردیدا دەردەچێت، گەلێ جار مرۆڤ بە خۆی نازانێت، خۆی و جێگاکەی دەشۆرێ و دەستنوێژ دەشکێنێ، بەڵام خۆ ششتنی ناوێ.

١٣- (مەنى) پیاو: ئاوێكى قورسى سپیە، (مەنى) ژنانیش ئاوێكى تەنكى زەردە (رقیق أصفر) دەبێ هەردوو خۆ بشۆرن.

١٤- ئەو ژنانەى هەمیشە (ئیفرازات) یان هەیە.. دەبێ لەكاتى نوێژەكاندا خۆ خاوێن بكەنەوە و بەشتێك خۆ شەتەك بدەن و بۆ هەموو نوێژێك دەستنوێژ بشۆرن.

١٥- كچ یان بێوەژن تەرایەكى زەرد بە خۆوە دەبینن. ئەگەر (مذى) بوو خۆ شۆرینى ناوێ، خۆ ئەگەر (مەنى) بوو و لەكاتى (شەهوەت) و ئارەزوودا، یان (ئیحتیلام) بوون دەبێ خۆ بشۆرن.

ژنـان و سكبوون

١- ئەو خوێنەى بەهەر هۆیەكەوە لە ژنى دوو گیان پەیدابێ، بۆ نموونە: دەكەوێتە خوارەوە لە شتێك، بە حەیز دانانرێت، واتە: پاكە و نوێژو رۆژو ئەنجام دەدات.

٢- یەكێ لە زاناكان دەڵێ: حیكمەت لە خوێنى حەیزدا ئەوەیە كاتێ سك دەبێ منداڵەكە بەو خوێنە نەش و نماو گەشە دەكا و زرۆبەى ژنان خوێنیان نامێنێ.

٣- ژنى دووگیان ناكەوێتە حەیزەوە.

٤- ئەگەر خوێنى بەربوو پێویستە بە ئەندازەى سورى خوێنى خۆى دەست لە نوێژو رۆژوو هەڵبگرێت، ئەوسا خۆى بشۆرێت و دەست بكاتەوە بە نوێژو رۆژووەكەى.

٥- شێوەى جێبەجێ كردنى نوێژەكەى: (فەرج)ى پاك دەشۆرێ و پارچەیە لۆكە دەخاتە سەرى و شەتەكى دەدات.

٦- ئەو ژنەى تووشى بەربوونى خوێن (نەزیف) دەبێ، دەتوانێ نوێژى نیوەرۆ لەگەڵ عەسر یان عەسر لەگەڵ نیوەرۆ بكات، نوێژەكانى شێوان و ەوتنانیش هەروا.

٧- دەرهێنانى منداڵدان ئەگەر زەروورەتێك هەبوو بۆ دەرهێنانى قەیدى نییە، ئەگینا واجبە كارى وا نەكرێت.

٨- بەستنى دەرگاى منداڵدان... لەكاتى زەروورەت و پێویستدا وەكو تووش بوونى ژنەكە بە نەخۆشیى: شەكرە، پاڵەپەستۆى خوێن، چونكە منداڵ نائاسایى دەبێ.

٩- بەكارهێنانى دەرمان بۆ راگرتنى منداڵبوون.. لەكاتى زەروورەت بەشێوەیەكى كاتى قەیدى نیە.

١٠- رێكخستنى شێوەى منداڵ بوون (تنظیم الحمل)... هیچ قەیدێكى نیە بەتایبەتى ساڵى یەكەم ودووەمى شیردان بە منداڵ، بۆئەوەى دووبارە سكى نەبێتەوە تا ئەم لە شیر

دەبڕێتەوە.

١١- متووربەکردنی ژن (التلقيح الصناعی).. (ئیبن باز) دەڵێ: من خۆم ریگە نادەم و ئامۆژگارییان دەکەم بەکاری نەهێنن، بەڵام هەندێ لە زانایان هاوچەرخ لەگەڵ ریعایەتی یاساو ڕێسای ئیسلام ڕێگە دەدەن.

١٢- منداڵ لەباربردن (الإجهاض).. لەبار بردنی منداڵ – ئەگەر لە زیناش بێت – دروست نییە و منداڵەکەش دەدرێ بەو کەسە لەگەڵی جووتبووە.

١٣- لەبار بردنی کۆرپەلەی کەمئەندام و ناتەواو (المعوق).. لیژنەی فەتوای هەمیشەیی لە (سعوودیە) دەڵێن: ڕێ بە لەباربردنی ئەو کۆرپەلە ناتەواوە نادرێت، ئەگەرچی پزیشکیش بڵێ چەند ڕۆژێکی تر لە سکیا دەمرێت، یان بە (معوق) ی لەدایك دەبێ. چونکە کوشتنی هیچ (نەفس)ێك بە ناهەق حەلاڵ نەکراوە.

١٤- دانانی سنوورێك بۆ منداڵ بوون (دوان، سییان، چوار...) بێ هۆیەکی شەرعیی و پەسەند وەکو ئەوە دایك نەخۆش بێت، یان منداڵی زۆریان هەبێت – دروست نییە، بەڵام لەو حاڵەتەدا دەتوانێ دەرمان بەکار بهێنێ بۆماوەیەك رایگرێ. واتە: بۆ هەتا هەتایی ڕێ نییە بۆ راگرتنی.

١٥- منداڵی ناو شوشە (طفل الأنابيب) زاناکان ڕێیان لێگرتووە، چونکە (عەورەت)ی تێدا دەردەکەوێ و، دەست بە (عەورەت)ەوە دەدرێت.

١٦- ئەگەر ژنێك دوو گیان بێت لە(زینا) ئایا دەتوانرێ مارە بکرێت بۆ پیاوێکی تر؟ بێگومان نیکاحی وا دانامەزرێت، چونکە لە فەرموودەدا هاتووە: ((لا توطأ حامل حتى تضع)).

١٧- ئایا ژنی دوو گیان سەرجێیی لەگەڵ دەکرێ..؟ بەڵێ ئەگەر (حەمل)ەکە تووشی زیان نەبێت.

١٨- ژنی دوو گیان تەلاقی دەکەوێ..؟ بەڵێ لەو ماوەیەشدا دەبێ نەفەقەی ژنەکە بدات تا سکەکەی دادەنێت.

١٩- لای کەمی نەوەی منداڵ لە سکدا (٦) مانگە.

٢٠- ئایا لەبەر دەست کورتی دەکرێ ڕێ لە منداڵ بوون بگیردرێ..؟ نەخێر، چونکە رزق و رۆزیی هەمووان لەسەر خودایە.

٢١- ژنێك بێ خوێن منداڵی بوو، ئاخۆ دروستە نوێژەکانی بکاو مێردەکەی سەرجێیی لەگەڵ بکا؟ بەڵێ ئەگەر ژنێك بێ خوێن منداڵی بوو، دەبێ خۆی بشۆرێ و نوێژ بکاو ڕۆژوو

بگریێت، مێردەکەشی دەتوانێ سەرجێیی لەگەڵ بکات.

٢٢- ئەگەر پاش تەڵاقدانی ژنەکەی (بەیەك تەڵاق) دەرکەوت دووگیان بووە.. ئایا مێردەکەی دەتوانێ بیگێڕێتەوە لای خۆی؟ بەڵێ بەر لە دانانی سکەکەی دەتوانێ، ژنەکە رازیی بێت یان رازی نەبێت. بەڵام پاش دانانی سکەکەی بۆی نییە بیگێڕێتەوە، مەگەر بە نیکاحێکی تازە و مارەیی و ئامادەبوونی (وەلیی)وشایەت.

٢٣- ئەگەر ژنێکی دووگیان کۆرپەلەیەکی وای لەبار چوو بەرەو دروستبوون و دەرکەوتنی ئەندامەکانی دەچوو، ئەوا بە زەیسان دادەنرێت، خۆئەگەر نیشانەی دروست بوون (تخلق)ی لێدەرنەکەوتبوو خوێنی هەبوو بە (موستەحازە) دادەنرێت.

٢٤- ژنێکی دووگیان زۆر نارەحەت و قەڵسە بە سکەکەی ئاخۆ دەتوانێ لەباری ببات؟ بەڵێ لە تەمەنی چل رۆژی سکەکەیدا دەتوانێ، هەروەها پاش ئەوەیش ئەگەر پزیشکەکان بڵێن بە مانەوەی ئەو کەسە دایکەکەی تیا دەچێ، یان زیان بە جەستەی دەگەیەنێت.

٢٥- بۆ لەناو بردنی سکێکی تەمەن چوار مانگ، دەبێ کۆیلەیەك ئازاد بکات، ئەنجا ئەگەر دەست نەکەوت، دوو مانگ بەدوای یەکەوە رۆژوو فەرز کراوە.

٢٦- ژنێکی دوو گیان بۆ ماوەی یەك مانگ ئاوێك لە (فەرج)یەوە دێت.. ئەو ئاوە پاکە، واتە: جل وبەرگ و جەستە پیس ناکات، بەڵام دەستنوێژ دەشکێنێ.

٢٧- ژنێك لەتەمەنی مانگ و نیوێکی سکیدا کورپەلەیەکی خست، پاشان پزیشك دەستکاری کردو منداڵدانی بۆ شۆری، ئینجا بۆ ماوەی (١١) رۆژ خوێن هات، ئەمیش لەوماوەیەدا دەستی لە نوێژەکانی هەڵگرت، ئایا چی بکات..؟ پێویستە هەموو نوێژەکانی قەزا بکاتەوە، چونکە زاناکان ئەو خوێنە بە خوێنی (نەزیف) دادەنێن، وە دەڵێن: ئەگەر تەمەنی ئەو کۆرپەلەیە لە (٨١) رۆژ کەمتر بوو، ئەوا هەر خوێنێك پاش ئەو بێت خوێنی (نەزیف)ە، واتە: حەیز نییە، کەوابوو نوێژەکانیشی بکات، خۆئەگەر تەمەنی سکەکەی زۆرتر بوو لە (٨١) رۆژ، هەر خوێنێ بێت بە خوێنی زەیسانی دادەنرێت، واتە: دەبێ تا نامێنێ، وە یان تا چل رۆژ نوێژ نەکات، ئەوسا خۆی دەشۆرێ و نوێژ دەکات نوێژ دەکات.

ژنانی زەیسان

خوێنی زەیسانی، خوێنەکە لە منداڵدان بەر دەبێتەوە بەهۆی منداڵ بوونەوە، جا لەگەڵ منداڵەکە بێت، یان دوای ئەو، یان دوو سێ رۆژ بەرلە لەدایکبوون.

١- ژنانی زەیسان سێ حاڵەتیان هەیە:

- پاش چل رۆژ بە یەکجارەکی وشك دەبیٚ و ناگەرێتەوە، جا هەرکە خوێنەکە وشك بوو ژنەکە دەچیٚ خۆی دەشۆریٚ و نوێژ دەکات.

- بەر لە تەواوبوونی چل رۆژەکە وشك دەبیٚ، پاشان پێش تەواو بوونی چل رۆژەکە پەیدا دەبێتەوە.... لە حاڵەتی ئاوادا هەر کە وشك بوو و نەما، خۆی دەشۆریٚ و نوێژ و خواپەرستی خۆی دەکا، خۆ ئەگەر سەری هەڵدایەوە، دەبێتە (ئیغاس) و زەیسانی و دەست لە نوێژو رۆژووی هەڵدەگریٚ.

- تا چل رۆژ تەواو دەکات بەردەوام خوێنی هەیە.. لەم حاڵەتەدا واز لە نوێژو جۆرە خواپەرستییەکانی تر دەهێنیٚ، جا کۆتایی هات و پاکەوە بوو و دەست دەکاتەوە بە نوێژو رۆژووی خۆی.

- چل رۆژ تێدەپەڕیٚ.. ئەمەیش دوو حاڵەتی هەیە:

أ- ئەگەر لەگەڵ کاتی حەیزیدا یەکیان گرت، ئەوە حەیزە.

ب- ئەگەر لەگەڵ کاتی حەیزیدا یەکیان نەگرت، ئەوە پاش چل رۆژ خۆی دەشۆریٚ و نوێژو رۆژوو ئەنجام دەدات.

٢- دوو رۆژ،یان سیٚ رۆژ بەر لە لەدایکبوونی منداڵەکە خوێنی دیت.. ئەوە زەیسانییەو دەست لە نوێژو رۆژوو هەڵدەگرێت.

٣- ئەگەر(ژانی)لەگەڵ نەبوو، ئەوخوێنە بەخوێنی(فاسید)دادەنریٚ وژنەکەش دەبیٚ نوێژورۆژووی خۆی ئەنجام بدات.

٤- ژنی زەیسان هەرکەخوێنی نەما دەبیٚ خۆی بشۆرێت.

٥- ژنێك بەنیشتەرگەری منداڵیان لیٚ دەرهێنا، پاشان خوێنی هەبوو، ئەوە بە زەیسان دادەنریٚ، خۆئەگەر خوێنی نەبوو نوێژو رۆژووی خۆی دەگریٚ.

٦- ژنێك کۆرپەلەیەکی خست.. ئەگەر دەست و پیٚ و ئەندامەکانی تری جودا ببوونەوە، دیارە هەر خوێنێك بێتە دەر بە خوێنی (نیفاس) دادەنریٚ، ئەگینە خوێنی (نیفاس) ە و دەبیٚ بۆ هەموو نوێژێك دەستنوێژ بگریٚ و خۆی ببەستیٚ و نوێژ و رۆژوو بگریٚ، ئەو رۆژانە نەبیٚ لەگەڵ سوری مانگانەیدا یەك دەگرنەوە.

٧- کۆرپەلە تەمەنی گەیشتە (٩٠) رۆژ، زیاتر وایە لەو تەمەنەدا گیانی بە بەردا دەکریٚ.

٨- ئەگەر ژنێك پارچە گۆشتێك، یان پارەیەکی لێداکەوت، واتە: نیشانەی دروستبوونی مرۆڤی تێدا دیار نەبوو خوێنیشی هەبوو، ئەو خوێنە بە خوێنی (فاسید) دادەنرێت و دەبیٚ بۆ هەموو نوێژێك دەستنوێژ بگرێتەوە و خۆی شەتەك بدا، تا خوێنەکە نەیەتە دەرو پیسی بکات.

٩- ئایا ژن لەکاتی زەیسانیدا تەلاق دەدرێ.. زاناکان دەڵێن وەکو ژنی حەیزدار وایە. واتە: تەلاقەکەی (بدعیە) و هەندێ لە زانایانیش دەڵێن تەلاق ناکەوێ، ئەگەر چی جەماوەری زانایان دەیخەن.

١٠- (شێخ بن باز) دەڵێ: سنوورێك نییە بۆلای خوارووی پاکبوونەوەی ژنان، کەوابوو ئەگەر دوای (١٠) رۆژ لە مندال بوون یان کەمتر یان زیاتر، پاکەوە بوو، دەبێ بشۆرێ و خواپەرستیی خۆی بکات.

١١- بەر لە چل رۆژ، لە زەیسانی پاکەوە بوو، پاشان خوێن هاتەوە و ئەویش بە رۆژوو بوو.. دەبێ لەو رۆژانەدا خوێنەکە پەیدا بۆتەوە، دەست لە نوێژ و رۆژوو هەڵگرێت، چونکە بە خوێنی نیفاس دادەنرێت، تا یان پاك دەبێتەوە، یان چل رۆژەکە تەواو دەبێ.

١٢- ئایا ژنی زەیسان دەتوانێ قورئان بخوێنێ..؟ قسەی راست ئەوەیە کە دەتوانێ، تا لە پاداشی گەورەیی قورئان خوێندن و بەجێهێنانی ئەحکامەکانی تری ئیسلام بێ بەش نەبێ.

١٣- ئەو خوێنە لیڵ و زەردە لەماوەی زەیسانیدا بە درێژایی چل رۆژ دێتەدەر بە نیفاس دادەنرێ، وە پاش چل رۆژیش ئەگەر بە خوێنێکی ئاسایی دادەنراو بەیناوبەین نەدەبڕا، هەر خوێنی زەیسانیە، ئەگینە خوێنی (ئیستیحازە)یە.

١٤- ژنێك پاش دە رۆژ لە پاکبوونەوەی لە زەیسانی چەند دڵۆپێ خوێنی دیت، ئەگەر ئەو رۆژانە هاوکات نەبوون لەگەڵ سوری مانگانەدا، خوێنەکە بە (فاسید) دادەنرێ. واتە: دەبێ درێژە بە نوێژو رۆژووی خۆی بدات، ئەگەر لەو رۆژانەشدا دەستی لە نوێژ هەڵگرتبێت، دەبێ قەزای بکاتەوە.

١٥- دوای چل رۆژ لە مندالبوون خوێنەکەی گۆڕا، ئایا نوێژو رۆژوو بگرێ..؟ بەڵێ ژنی زەیسان ئەگەر لە سەرووی چل رۆژەوە خوێنی دیت و نەگۆڕا بوو، جا ئەگەر هاوکات بوو لەگەڵ ماوەی سووڕانەوەی خوێنیدا، بە حەیز دادەنرێ، خۆئەگەر هاوکات نەبوو لەگەڵیا، دەبێ خۆی بشۆرێ و نوێژ بکا و رۆژوو بگرێ.

ژنان و جل و بەرگ (حیجاب)

١- بالاپۆشیی: بەوجل و بەرگە دەڵێن کە تەواوی جەستە داپۆشێ، دیارە دەم و چاوو هەموو خشڵ و زەمبەرێك دەگرێتەوە، واتە: دەبێ ژنان لە ئاست خەڵکانی نامەحرەم دەم و چاوو هەموو شتێکی (زینەت) و سەرنج ڕاکێشیان داپۆشن و خۆیان دەر نەخەن بۆیان.

٢- خۆ دەرخستن (التبرج): بەوە دەڵێن کە ژنان خشڵ و زەنبەر و جوانیەکانیان دەربخەن

بۆ پیاوانی نامەحرەم.

٣- خۆ دەرخستن بە چەند شتێك دەبێ:

أ) داماڵینی حیجاب و خۆ دەرخستن لە بەردەم پیاوانی نامەحرەمدا.

ب) هەندێ لەو زینەت و جوانیانەی دەربخا بۆ پیاوان کە ڕێنەدراوە بە دەرخستنی.

ج) پێکوتان بە زەویدا بۆ ئەوەی خاڵخاڵ و بازن و پاوانەکانیان تەقەی بێت، وە یان بەلار و لەنجە بچێت بەڕێوە.

د) بەناز و نوزەوە قسە بکات.

هـ) تێکەڵی لەگەڵ پیاوان بەهەر جۆرێك ناپەسەند و ناشەرعیی بێت، وەکو تەوقەکردن و پاڵەپەستۆ.

٤- ئەو فەرمودەیە کە دەڵێ: (إن المرأة إذا بلغت المحيض لم يصلح أن يرى منها إلا هذا و هذا) هەرکە کچەکان باڵغ بوون، دەم و چاوو دەستیان نەبێ، نابێ شتێکی تریان ببینرێ. (اللجنة الدائمة) دەڵێ: لاوازە)

٥- ئەوی ڕێ بە ژنان دەدا دەری بخەن بۆ مەحرەمیان: دەم و چاوو هەردوو دەستە، خڵخاڵ و گوارە و بازن و ملوانکە و سەرو هەردوو پێیانە.

٦- نابێ ژنان لە بازاڕدا دەست و باسکیان دەربخەن، چونکە فیتنەخێزە و سەرنج ڕاکێشە، بە تایبەت کە پەنجەکانی پڕبن لە ئەنگوستیلە و باڵەکانی لە بازن.

٧- خۆدەرخستن لای خزمەتگوزار (خدم) حەرامە و، نابێ پێکەوەیش بە تەنها دابنیشن.

٨- ڕوخسار دەرخستن لای نابینا و کوێر هیچ قەیدی نیە، لەبەر ئەم فەرمودەیە کە دەفەرموێ: (إعتدی عند إبن أم مكتوم، فإنه رجل أعمى) چونكە فەرموودەی: (أفعمياوان أنتما، ألستما تبصرانه) بە پێی لێکۆڵینەوەی (شێخ بن باز) لاوازە.

٩-چاو ڕەشکردن بە (کل) و جوانکردنی ڕوخسار و دەرخستنی بۆ خەڵکانی نامەحرەم حەرامە.

١٠- ئەو ژنانەی لە سك و زا نیشتونەتەوە دەتوانن ڕوخساریان لای نامەحرەم دەربخەن، خۆ ئەگەر دەری نەخەن و خۆیان بپارێزن باشترە.

١١- ژنی موسڵمان دەتوانێ لای ژنی کافر و خوانەناس لای سەروی ناوکیی و لای خواروی ئەژنۆی دەربخات، بەڵام نێوان ئەژنۆ و ناوك بۆ هەموو ژنێکی مسوڵمان و نامسوڵمانیش عەورەتە، ئەگەرچی خزمی زۆر نزیکشی بێت.

١٢- کارەکەر دەبێ لای گەورەکەیدا نە خۆی دەربخات و نەخشڵ و زەنبەری، وە نابێ

هەردوو پێکەوە لە شوێنێکی چۆڵدا خەڵوەت بکەن.

١٣- جل و بەرگی تەسك بۆ ژنان، جگە لە ناشەرعیەتەکەی ئاسەوارگەلێکی خراپیشی لێ دەکەوێتەوە:

- پێست توشی حەسایەت دەبێ.

- گوشار دەکەوێتە سەر گەدە و ڕیخۆڵە و ئەندامەکانی ناوەوە.

- نەزۆکی لێ دەکەوێتەوە.

- گوشار دەکەوێتە سەر دەمار و ڕەگەکان، ئینجا بەو هۆیەوە خوێنیش بەرز دەبێتەوە، لەوەیشەوە ڕۆشتنیش لاواز دەکات.

١٤- پێویستە (عابا) ئەم مەرجانەی تیادا بێت:

- ئەوەندە ئەستوربێ، تاژێرەکەی دەرنەکەوێ و نەیشلکێ بە جەستەدا.

- پان و پۆڕبێ و تەواوی جەستە داپۆشێ.

- تەنها لە پێشەوە کراوەبێ و کۆتایی قۆڵەکانی تەسك بێ.

- پارچەیەکی سەرنج ڕاکێش نەبێ، واتە: نیشانەو وێنەو نوسینێکی وای پێوە نەبێ، ببێتە مایەی سەرنج ڕاکێشان.

- لە جل و بەرگی ژنانی کافر و بەدکردار نەکات.

- بیدات بە سەریا، نەك تەنها قۆڵی پێوە بکات.

١٥- ژنان دەتوانن (پەرچە)یەك بەکار بهێنن و ڕوخساریان، جگە لە هەردوو چاوو، یان یەکێکیان - داپۆشن - (بن باز) دەڵێ: بەو جۆرە ژنان دەبنە (محجبە)ی شەرعی کە هیچ شتێك لەجوانی خۆیان دەرنەخەن، دیارە هەر وڵاتەی باوو عادەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ بەکارهێنانی عابا، بەڵام هەر دەبێ ئەو مەرجانەی سەرەوەی تیادا بێ.

١٦- (ئیبن عثیمین) و (إبن الفوزان) دەڵێن: نابێ (نیقاب) وابێ دەم و چاوی تێدا دەرکەوێ، واتە: دەرکەوتنی کوڵم و پێڵوو برۆ و سەرتر و خوارتر دروست نییە، چونکە سەرنج ڕاکێشە.

١٧- (ئیبن جبرین) دەڵێ: نیقابێك لوت و برۆ و کوڵمی تیا دیار بێت دروست نییە، بۆیە دەبێ بە شێوەیەك بێت هیچ شتێك لە ژێرەوەی دەرنەکەوێ.

١٨- ژنان هەر ڕەنگێك هەڵدەبژێرن بۆ (حیجاب) لەگەڵ ڕەچاوکردنی مەرجەکانیدا دروستە.

١٩- هەر نێرینەیەك کەجێگەی گومان بێت (ئەگەر مێرد منداڵیش بێت) دەبێ ژنان

خۆیانی لێ داپۆشن.، پێغەمبەرمان محمد ﷺ دەفەرموێ: (أيما إمرأة وضعَت ثيابها في غَير بيت زوجِهَا فَقَد هَتَكَت سَترَ ما بَينها و بينَ الله) واتە: هەر ژنێك بەدەر لەماڵی مێردیدا جل و بەرگەکەی خۆی دابنێ (لەبەریا دایماڵێ) ئەوە بێگومان پەردەی نێوان خۆیی و خودای ئەتك کردووە، مەبەست لەم فەرموودە ئەوەیە کە نابێ ژنان زۆر بەئاسانی لەملاو لەولا جل و بەرگیان داماڵن و عەورەتیان ببینرێ، تا ناوو شۆرەتی بەدکرداری بکەوێتە دوایان، بەڵام لە شوێنێکی ئەمن و ئاسایشدا، داماڵینی جل و بەرگ بۆ خۆ گۆڕین، یان بۆ فێنکیی، یان بۆ هەر مەبەستێکی تری شەرعیی قەیدی نییە.

٢٠- لە پێکردنی گۆرەوی ناسك و تەنك بۆ داپۆشینی (پێ) دروست نییە.

٢١- سەرپۆشی ناسك و تەنك (سەردانەپۆشێ) دروست نییە.

٢٢- لە پێ کردنی (پانتۆڵ) بۆ ژنان دروست نییە، چونکە بۆتە باوو عادەت پیاوان لە پێی دەکەن، پێغەمبەریش ﷺ نەفرینی کردووە لەو ژنانەی کە خۆیان دەشوبهێنن بە پیاوان.

٢٣- نابێ ژنان جل و بەرگێ لەبەر بکەن کە وێنەی ئینسان و ئاژەڵی پێوە بێ.

٢٤- نابێ ژنان جل و بەرگێ لەبەر بکەن عەورەتیان دانەپۆشێ(کورت بێت، یان تەنك).

٢٥- ئەو جل و بەرگانەی تایبەتن بە ژنانی کافر و بەدڕەوشتەوە نابێ ژنانی ئیماندار لەبەری بکەن.

٢٦- نابێ ژنان لە جل و بەرگەکانیاندا کون هەبێ و لەوێوە لاق و قاچ و قۆڵیان وەدەرکەوێ.

٢٧- نابێ ژنان کاتێ دەردەچن عاباکەیان لەسەر شانکەن، وەکو پیاوان، بەڵکو دەبێ بیدەن بە سەریاندا.

٢٨- ژنان و کچانی قوتابیی، نابێ لە هیچ بۆنەیەکدا جل و بەرگی تەسك و تروسك لەبەر بکەن، چونکە دەبێتە مایەی وروژانی هەواو هەوەسی گەنج و لاوەکان.

٢٩- نابێ ژنان دەست و باڵیان بۆ خەڵکانی نامەحرەم دەربخەن.

٣٠- (شیخ إبن جبرین) دەڵێ: نابێ ژنان لەلای خەڵکانی نامەحرەم دەم و چاوو ڕوخساریان دەربخەن.

٣١- دەرخستنی دەم و چاوو دەست و پێ لای خەڵکانی نامەحرەم حەرامە.

٣٢- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (المرأة عورةٌ فإذا خَرَجَت إستَشرَ منها الشيطان) واتە: حاڵەتی شیاوو لایەق بە ژنانەوە ئەوەیە هەمیشە لەماڵەوە بن و تا زەرورەت ڕوو نەدا دەرنەچن، چونکە هەرکە دەرچوون شەیتان تەماحیان تێدەکا و چەواشەیان دەکاو،

خەڵکانیش پێیان چەواشە دەبێ، مەگەر کەسێك خودا بە بەزەیی خۆی ڕەحمی پێ بکات.. بەڵێ هەقە ژنان تا پێویست نەبێ لەماڵ نەچنە دەر، ئەویش بە ئەوپەڕی خۆدا پۆشین و لەبەرکردنی جل و بەرگی بالآپۆش و بەکار نەهێنانی بۆنی خۆش، بە تایبەتی لە بازاڕ و شوێنە قەرەباڵغەکاندا.

٣٣- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (صنفان من أهل النار لم أرَهُما.. و نساء كاسيات عاريات، مميلات مائلات، رؤسهن كأسنِمَة البُخت المائِلَة، لا يَدخُلنَ الجَنَة وَ لاَ يَجدنَ رِيحَهَا..). واتە: دوو دەستە هەن جەهەننەمین و نەمدیتوون، (واتە: دوایی پەیدا دەبن)، دەستەی دووەم – کە مەبەستی ئێمەیە لەم جێگایەدا – ژنگەلێکن پۆشتەن و ڕوتن (جل و بەرگێکی ناسك و تەنکیان لەبەردایە) بەلارو لەنجە دەچن، یان چونکە پێڵاوی پاژنە بەرز لەپێ دەکەن، قژی سەریان لە دواوە بەرز بۆتەوە دەڵێی دووگی وشترە، (واتە: قژیان کۆ دەکەنەوە لە پشت سەریانەوە دەیبەستن و سەریانی پێ گەورە دەکەن).. دیارە ئەمەیش کارێکی حەرامە و نابێ ژنان بیکەن.

٣٤- نابێ ژنان لەلای خەڵکانی نامەحرەمدا ناوقەدیان شتەك بدەن و، بەژن و بالآیان باریك نیشان بدەن، چونکە بەوە قەبارەی کلۆك و سمتیان دەردەکەوێ، دیارە ئەوەیش حەرامە.

٣٥- نابێ ئەو جل و بەرگەی لەبەر دەکرێت، نوسینێکی پێوە بێت نەزانرێ چییە، چونکە گەلێ جار شت دەنوسرێت بە ئینگلیزیی، یان فەرەنسیی، ماناکەیشی قیزەوون و خراپە.

٣٦- (شێخ بن باز) دەڵێ: هەر جل و بەرگێك، یان هەر (فەروەیەك) لە پێستی ئەو حەیوانانە دروست بکرێت کە بە (دەباغ) پاك دەبێتەوە، لەبەرکردنی حەڵاڵە، کەوابوو ئەگەر پێستی سەگ و بەراز بوو نابێ لەبەر بکرێت، چونکە ڕای زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەیە کەپێستی ئەودوانە دەباغی نایەت.

٣٧- مەلەوانگەی ژنان.. ئەگەر شوێنێکی شیاوو گونجاوو تایبەت بە ژنانەوە ئامادەکرا بۆ (مەلە) کردن تێیدا.. دەبێ هەرگیز نێوان ئەژنۆ و ناوکیان ڕوت نەکەن و بە شتێکی قایم و مەحکەم ئەو نێوانە داپۆشن.

٣٨- لەبەر کردنی ئەو جل و بەرگە کە ئایەتێکی قورئانی لەسەر نوسرابێ، یان (شەهادەتەین) قەیدی نییە، بەڵام دەبێ ڕێزی لێ بگیردرێ و پێوەی نەخەوێ و نەچێتە دەستشوویی و لەسەریشی دانەنیشێ.

٣٩- زێدە ڕۆیی لەجل و بەرگداو سەرفکردنی پارەو پولێکی زۆر بۆی، لەئیسلامدا

کارێکی ناپەسەندە، بۆیە پێویستە کە زیاتر ژنانی ئیماندار لە خوا بترسن و میانە ڕەوبن لەجل و بەرگدا، چونکە ئەو ماڵ و سامانە لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیارو وەڵامی لە سەرە: چۆنت پەیداکردو ؟ چۆنت سەرف کرد ؟

٤٠- هەندێ کەس دەڵێن: ژنی خاوەن شەرەف کەی پێویستی بە (حیجاب) هەیە ؟ بێ گومان، ئەوە قسەو بۆچوونێکی ناڕەوایە، وە لەگەڵ قورئان و فەرمودەکان و عەقڵ و سروشتی مرۆڤدا دژ دەوەستێ، چونکە بێ شك کە هەموو ژنێکی (متبرجە) و خۆ دەرخەر، پیاوان تەماحی تێدەکەن و تووشی ئازار دەبێ بە دەستیانەوە، ئەگەر چی خاوەن عیففەتیش بێت، دووریش نییە شەیتان لەخشتەی بەرێ، دڵنیابن ژن ئەگەر شەریف بێت، بە (حیجاب) شەرافەتەکەی زیاد دەبێ.

٤١- خۆ دەرخستن - تەنانەتی - لەوڵاتە کافرەکانیشدا ڕەوا نییە، بەڵکو دەبێ لەهەر شوێنێکدا بن لەپیاوانی نامەحرەم خۆ داپۆشن، ئەگەر چی ئەو پیاوانە خوا نەناسیش بن.

٤٢- لەبەرکردنی جل وبەرگی تەسك و تروسك و ناسك و باریك، ناڕەوایەو دروست نییە، چونکە بەرەنجام دەبێتە باوو ئولفەی پێوە دەگیردرێ و، جل و بەرگی قایم و شەرعیی دەخرێتە ئەولاوە.

ئاگادارکردنەوەیەك:

هۆی سەرەکی بۆ لەبەرکردنی جل و بەرگی تەسك و تروسك و ناسك و باریك و خۆ دەرخستن، دەگەڕێتەوە بۆ:

١- لاوازی (ئیمان) و بێ ترسی لەخودای گەورە و بەدەسەڵات، چونکە ژن کە سزا و تۆڵەی خودای لەبیر بردەوە، بێ شك هەرچی دڵی بیخوازێ دەیکاو هەوڵی بۆ دەدا، چونکە شەیتان لەو ڕێگەیەوە زاڵ دەبێ بەسەریاو بۆ خۆیشی دڵ نەرم و دڵ ناسکەو دوای ئارەزووەکانی نەفسی دەکەوێ، بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (اطلعت فی النار، فرأیت أكثر أهلها النساء) رواه البخاري، واتە: جەحەننەمم دیت، دەبینم زۆرینەی خەڵکەکەی ژنانن.

٢- پەروەردەی فاسید و تێکچوو.. بێ سۆ هەر خێزانێك گرنگی بە پەروەردەکردنی نەدرێ و پشتگوێ بخرێت، ڕێگەی گومڕایی و هەڵەدەگرێ و سەر لێشێواو دەبێ، چونکە مندالأن، بە تایبەتی کچەلاوەکان چاو لەماڵەوەیان دەکەن، ئەگەر دیتیان دایکیان (متبرجە) و ڕووتە، ئەوا ئەوانیش خۆیان ڕووت دەکەنەوە.

٣- میدیاکان.. ئاشکرایە لەگەڵ زۆربوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، دوژمنانی ئەخلاق و

ڕەوشتیش گرنگیەکی ئێجگار زۆریان داوە بەڕوخاندنی (ئەخلاق) و (قییەم) بە تایبەتی بۆ دەرهێنانی ئەو مرواریيە داپۆشراوە و فڕێدانی بۆ ناو گەنکاوەکانی بێ ڕەوشتیی و سروشت نزمیی.

٤- لاسایی کردنەوە.. بەڵێ لەم سەردەمەدا خۆمان تێیدا دەژین، هۆکاری سەر لێشێواویی و چەواشەکردن و لە خشتە بردنی ژنان زۆر بووە، بە شێوەیەك زۆرێکی زۆرینە ژنانیش بە کوێرانە لاسایی دەکەنەوە و جێگە پێیان هەڵدەگرن و خۆ دەشوبهێنن بە ژنانی خۆرئاواوە، کە هەموو ئاواتێکیان خۆ دەرخستنە، بێ گوێدان بە باری ئەخلاق و ڕەوشت بەرزیی.. دەبینی - سەدمەخابن - ژنێکی موسڵمان و خاوەن ئیمان، ڕێك بە ڕێك، هەنگاو بە هەنگاو، جێگە پێی ژنانی خۆرئاوا هەڵدەگریٚ و شوێنی ئەخلاق نزمی ڕووخاوی ئەوان دەکەوێت.

٥- هاوڕێی خراپ و فاسید.. دەتوانین بڵێین لە هۆکارەکانی تر خراپترو زیان بەخشترە، لە کۆنەوە گوتراوە (الصاحب ساحب) هەرچی ئەخلاق و قیەمی چاك هەیە لە مرۆڤدا، هاوڕێی خراپ و بەد کردار لەگەڵ خۆی دەیبات.

ژنان و نوێژکردن

١- (شێخ بن بان) دەڵێ: هیچ جیاوازییەك لە نێوان نوێژی ژن و پیاودا نییە، وە ئەو جیاوازییەش کە هەندێ لەزاناکان باسی دەکەن، هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، وەئەو فەرموودەیەی: (صلوا کما رأیتمونی أصلی) گشتگیرەو ژن و پیاو تێیدا یەکسانە، سوننەت ئەوەیە ژنان وەکو پیاوان نوێژ بکەن، وە لە رکووع و سوژدەو خوێندندا وەکو یەکن.

٢- ئەگەر نوێژی کردو هەندێ لە (عەورەت) ی بەدەرەوە بوو، وەکو لاق و پێی و سەرو..تاد، ئەو نوێژەی نادرووستە.

٣- ژنان دەبێ لە نوێژدا تەواوی جەستەیان داپۆشن، دەمو چاوو دەستییان نەبێ، خۆ ئەگەر پیاوێکی نامەحرەم لەوێ ئامادەبوو، دەبێ ئەوانیش داپۆشرێن.

٤- لەو جێگانەدا سوننەتە دەنگ بەرز کردنەوە لە نوێژدا بۆ پیاوان - بەسوننەت و فەرزەوە - بۆ ژنانیش سوننەتە، مەگەر نامەحرەم لەوێ بێ و بەدەنگەکەی لەخشتە بچێت، یان مەگەر سەر لە خەڵکی تر تێك بچێت بەهۆی دەنگ بەرزکردنەوەی ئەو.

٥- لەبەر کردنی ئەو جل و بەرگەی وێنەو خاچی پێوەیە حەرامە، ئەگەر بەو جل و بەرگەوە نوێژ کرا، نوێژەکە دروستە، بەڵام گوناهبار دەبێ.

٦- ئەگەر لە نوێژدا (پژمی).. دەتوانیٚ بە هێواش ونهێنی لەدڵا (الحمد لله) بکات.

٧- ئاماژە لەنوێژدا.. تۆ لە نوێژدایت، کەسێك پرسیارێکت لێدەکات، تۆش بەسەر، یان

بەدەست ئاماژەی بۆ دەکەیت وبەوە تێیدەگەیەنیت، قەیدی نییە.

٨- (شێخ بن بان) دەڵـێ: جم وجـوولّی زۆر، نوێـژ بـەتاڵ دەکاتـەوە، بۆیـە ئەگـەر کەسـێك وایزانی زۆر جوولاوەتەوە، دەبێ نوێژەکەی بکاتەوە.. بەلام دیارییکردنی جم وجوول بەسـێ جار بۆ بەتاڵکردنەوەی نوێژ، قسەیەکی لاوازەو بەڵگەیەکی لەسەر نییە.

٩- پێویـستە لـەو جێگانـەدا - لـەکاتی نوێـژدا بەتایبـەت - دوورەوە کـەوین، کـە دڵمـان رادەکێشێ و سەرقاڵمان دەکات لەنوێژەکە، بۆیە دەبێ هەر جێگایەك وێنەی تیا هەڵواسرابێ، یان شتێکی سەرنج راکێشەری تێدا بێت، دەبێ لێی دووورکەوینەوە.

١٠- لەکاتی سوژدەدا، سوننەتە (ژن وپیاو)، هەردوو ئانیشکیان لە زەوی بەرز بکەنـەوەو هێز بخەنە سەر هەردوو لەپی دەستیان.

١١- ئەگەر کەسێك لە نوێژدا خوێنی(لووت)ی بەربوو.. ئەگەر خوێنەکە کەمبوو، دەتـوانێ بە شتێك بیسرێ و بەردەوام بێت لەسەر نوێژەکەی، خۆ ئەگەر زۆربوو، دەبێ نوێژەکەی بـبڕێ وخۆی خاوێن و پاك بکاتەوە، پاشان لە سەرەتاوە تێهەڵچێتەوە.

١٢- ئەگەر کەسێك لە نوێـژدا بـوو و زەنگـی دەرگـا لێـدرا، ئـەوە ئەگـەر ئـەو نوێـژە، نوێـژی سوننەت بوو، دەتوانێ بیبڕێ و بچێ بزانێ کێیە، خۆ ئەگەر نوێژی فەرزبوو، نابێ پەلە بکات، مەگـەر زۆر زەروورو و پێویـست بێـت، واتـە: ئەگـەر بەدەمیـەوە نەچێت، کارەکـەی لـە دەسـت بچێت، خۆ ئەگەر بەچەپڵەو (تەصفیق) ئاگادار دەبوو، قەیدی نییە، ئەگەرچی نوێـژ خوێنەکە ژنیش بێت.

١٣- ئەگـەر ژنێکـی دووگیـان تووشـی میزەچـرکێ هـات، پێویـستە بـۆ هـەموو نوێـژێك (وەکوخاوەن ئیستیحازە) دەستنوێژ بگرێ و، بە(لۆکە) تونـد خـۆی شـەتەك بـدا و نوێـژەکانی بکات.

١٤-ئەگـەر لـە دەشـت وچـولاًیەکا بـوو، نەیـدەزانی (رووگـە) لـە کوێوەیـە، ئینجـا پـاش هەوڵێکی زۆر بۆ دۆزینەوەی، (جیهەت)ێکی هەڵبژارد بۆ رووگە و رووی تێکرد، جا بۆ دوایـی دەرکەوت قیبلـە نـەبووە، ئـەوە نوێژەکـەی دروسـتەو قـەزای نـاوێ، خۆ ئەگـەر لـە ماڵـەوە بـوو، دەبێ قەزای بکاتەوە.

١٥- دزی نوێژ لە هەموودزێك خراپترە، دزی نوێـژ ئەوکەسـەیە کـە مـافی نوێـژ نـەپارێزێ، واتە: ئەندازەی مانەوەی نێوان رکووع و سوژدەو.. تاد. رەچاو نەکات، لە بەر ئـەوە پێغەمبـەر ﷺ دەفەرموێ: ((أسوأ الناس سرقة الذي يسرق من صلاته، قالوا: يارسـول الله کیف يـسرق من صلاته ؟ قال: لايتم رکوعها ولا سجودها)) رواه أحمد.

١٦- ئەگەر لە نوێژدا (باویشك)ی بۆهات، دەبێ هەوڵبدا نەهێڵێ، چونكە شەیتان لەوێوە خۆی دەكاتە ژوورەوە، مەبەست ئەوەیە لەو كاتەدا دەست بگرە بە دەمتەوەو مەهێڵە بێت، ئەوەیە كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:((إذا تثائب أحدكم في الصلاة، فليكظم مااستطاع فإن الشيطان يدخل)).

١٧- ئەگەر لە ناو فڕۆكەدا بووو جل وبەرگەكەی نوێژی نەبوو،ترسی ئەوەشی هەبوو تا دەگاتە جێ و خۆی خاوێن دەكات، كاتی نوێژەكە لە دەست دەچوو، لە حاڵەتی وادا دەتوانێ بەو جل وبەرگەوە نوێژ بكات.

١٨- ئەگەر لەناو فڕۆكەدا بوو و كاتی نوێژ هات و، فڕۆكە هەر لە ڕۆیشتندا بوو، لەوانەشبوو بەر لە نیشتنەوەی فڕۆكەكە نوێژەكەی لە كیس بچێت، دەبێ چەندە بۆی دەكرێ، ڕووی بكاتە رووگە و نوێژەكەی بكات.

١٩- ئەگەر دەیزانی بەر لە ڕۆیشتنی كاتی نوێژەكەی، فڕۆكەكە لە جێگایەك دەنیشێتەوە ودەتوانێ نوێژەكەی بكات، یان ئەو نوێژە لە گەڵ نوێژی تردا كۆ دەكرێتەوە،(وەكو نیوەڕۆ لە گەڵ عەسر، مەغریب لە گەڵ عیشا)و فریای كردنیان دەكەوت بەر لە نەمانی كاتی نوێژی دووەم، ئەوە وەكو زانایان دەڵێن، لە ناو فڕۆكەكەدا چۆن بۆی دەلوێ بیكات.

٢٠- ژنان لە كاتی نوێژدا دەتوانن، منداڵ بە كۆڵ، یان بە باوش هەڵبگرن، بەمەرجی:

- پاك وخاوێن بێت.

- پێویست بە هەڵگرتن بكات، واتە: ئەگەر هەڵ نەگیردرێ، بیكاتە هەراو كێشەو نوێژەكەی لێ تێك بدات.

٢١- (شێخ ئیبن عثیمین) دەڵێ: ئەگەر ژنێك مێردەكەی نوێژ نەكەربوو، دروست نییە لە لای بمێنێتەوە(ئەگەرچی منداڵیشی لێی ببێ) وە نابێ ڕێ بدات سەرجێیی لە گەڵ بكات، چونكە نوێژ نەكەر - بە پێی راو بۆ چوونی هەندێ لە هاوەڵان وپاشینان- بە كافر دادەنرێت.

٢٢- ئەگەر ژنێك لە(حەرەم)ی كابەدا خەرێكی نوێژ بووو منداڵەكەی دیار نەما، ئایادەتوانێ نوێژەكەی ببڕێ و بە دوایدا بچێت؟ بەڵێ هەقە بەر لەوە دەست بكات بە نوێژ، هەوڵبدات منداڵەكەی دامركێنێ،بۆ ئەوە ون نەبێ، جا ئەگەر پاش ئەو هەولانە ونبوو، دەتوانێ نوێژەكەی ببڕێ و دوای بكەوێ.

٢٣- لە كاتی نوێژی نیوەڕۆدا خوێندكارێك دەچێتە ژووری تاقیكردنەوەوە، تاقیكردنەوەكەشیان دوو كات ژمێر دەخایینێ، دەبێ چی بكات لە بارەی نوێژەكانیەوە؟

ئەگەر دەرفەت هەبوو لەو ماوەیەدا نوێژەکەی بکات، هەوڵبدات بیکات، ئەگینە لەگەڵ عەسر کۆی بکاتەوە.

٢٤- ئەگەر ژنێکی نەخۆش بییەوێ نوێژ بکات، لە کاتی سوژدەدا پێویست دەکات پشتییەك یان هەر شتێکی دی لە بەردەمیا دابنێ وسوژدەی لە سەر ببات؟ نەخێر، چونکە کاری وا لە سوننەتدا نەهاتووە، بەڵکو بە(کەراهەت)ـەوە نزیکە، بەڵکو هەر ئەوەند پێویستە کە لە کاتی سوژدەدا پتر لە رکووع بچەمێتەوە.

٢٥- دواخستنی نوێژ بە هۆی نەخۆشییەوە دروست نییە، بەڵکو هەرکات نوێژ بوو، دەبێ چۆن دەتوانێ خێرا بیکات، بە راوەستانەوە، بە دانیشتنەوە، لە سەر تەنیشت، لە سەر پشت، سەرەڕای ئەمەیش دەتوانێ نیوەڕۆو عەسر، شێوان و خەوتنان، پێکەوە بە(جمع التأخیر) یان بە(جمع التقدیم) بکات

٢٦- ئەگەر ژنێك کاتێ لە خەو هەڵسا، خۆرکەوتبوو،ئایا دەتوانێ پیش نوێژە فەرزەکە سوننەتەکەی بەیانی بکات؟ بەڵێ هەرکەسێك بە خەبەرنەیەت، دوای خۆرهەڵاتن نەبێ، دەتوانێ لە پێشەوە سوننەتەکەی پێش بەیانی بکات، ئنجا فەرزەکە بکات

٢٧- ئایا پیاو دەتوانێ رێ لە ژنەکەی بگرێ بچێت بۆ مزگەوت ؟ ئەگەر بە شێوەی شەرعیی خۆی داپۆشێ، بۆی نییە رێی لێ بگرێ.

٢٨- ئایا ژنی حەیزدار دەتوانێ بچێتە ناومزگەوتەوە ؟ وەڵام- هەر جێگایەك ئامادەکرابێ بۆ نوێژ، ژنی زەیسان و حەیزدار بۆیان نییە بچنە ناوی و تێیدا بمێننەوە، بەڵام بە شێوەی تێپەڕبوون قەیدی نییە.

٢٩- چاو نووقاندن لە نوێژدا (مەکرووهە)، بەڵکو خووو باوی ئاگر پەرسەکانە، یان خووی یەهوودە، بۆیە بێ هیچ هۆکارێك نابێ.

٣٠- لاکردنەوە لە نوێژدا – بەلای راستدا، یان بەلای چەپدا – بەبی هۆکاری پەسەند، مەکرووهە وهەقە نەکرێ

٣١- ئەو چرکانەی لە نوێژدا پەیدا دەبن و لە چرکەی میز دەچن، تا یەقینمان نەبێ میزە، نەدەستنوێژ هەڵدەوەشێنێتەوە، نە نوێژ بەتاڵ دەبێتەوە.

٣٢- ئەگەرکەسێك لە نوێژەکەیدا کەوتە گومانەوە: ئاخۆ سوورەتی(فاتحە)ی خوێندووە؟ ئەو دوودڵی و گومانە هیچ کاریگەری بۆ نوێژەکەنابێ وقەیناکات، خۆ ئەگەر دووبارەی کردەوە، سوژدەی سەهووی ناوێ.

٣٣- ژنێك رۆژێك یان دوو رۆژ بەر لە منداڵبوون، خوێنی بە خۆیەوە دیت، ئەوە حسابی

زەیسانی بۆ دەكریٚ و نابیٚ نویٚژ كات،خۆ ئەگەر ئیٚش و ئازاری هەبووو خویٚنی نەبوو، ئەوە دەبیٚ نویٚژ كات.

٣٤- ئەو هەوایە لە(فەرج)ی ژنانەوە دەردەچیٚ، دەستنویٚژ ناشكیٚنی.

٣٥- ئـەو تەڕایـە - پـاش دەسـتنویٚژ - لـە فـەرجی ژنانـەوە دەردەچـیٚ، ریٚ لـە قورئـان خویٚندن و نویٚژە فەرزو سوننەتەكان ناگریٚ.

٣٦- نویٚژكردن بە نیقابەوە مەكرووهە،چونكە پیٚویستە بە رووتی تـەویٚل و لـووت بخریٚتـە زەویی.

٣٧- ئەگـەر ژنیٚـك بـە هـۆی رۆیـشتنی بـۆ نویٚـژی تـەراویح، هەنـدیٚ لـە ئیش وكارەكـانی ماڵەوەی بۆ نەدەكرا، هەقە لە كاتی ئاوادا نەچیٚ،چونكە ئیش وكاری ماڵەوە(واجب)ـە، بەڵام رۆیشتن بۆ مزگەوت(مباح)ـو ریٚ پیٚدراوە، خۆ دیارە لە بەر كاری موباح، دەست لـە واجب هەڵناگیردریٚ.

٣٨- ئەگـەر ژنیـك لـە كـاتی سـوژدە بردنـدا قـژی بەردابوویـەوە و، بـەری سـوژدەكەی لیٚگرت..ئەوە ئەگەر لە كاتی سوژدەدا تەویٚڵی رووت بیٚت باشترە.

٣٩- ئەگـەر ژنیٚـك لـە نویٚـژدا ئـاویٚكی سـپیی لـە فەرجیـەوە هاتـەدەر، بیٚگومـان ئـەو ئـاوە پیسە،واتە: دەبیٚ دەستنویٚژ بگریٚتەوەو بەر هەر جیٚگایەكیشی كەوتبیٚ، دەبیٚ بیشۆریٚت.

نویٚژ گیٚڕانەوە

١- ئەگـەر ژنیٚكـی زەیـسان،یان خـاوەن حـەیز، بـەر لـە بـانگی بـەیانی پاكـەوەبوو، دەبـیٚ نویٚژەكانی شیٚوان و خەوتنانیش بكاتەوە

٢- ئەگـەر ژنیٚـك بـەر لـە مـەغریب پاكـەوەبوو، دەبـیٚ نویٚـژەكانی (نیـوەڕۆ)و(عەسـر)یـش بكاتەوە.

٣- ئەگـەر ژنیٚـك بـە هـۆی ئـیٚش و ئـازاری منداڵبوونـەوە، رۆژیٚ دوو رۆژ بـیٚ توانـاو بـیٚ ئاگـابوو لـە نویٚـژەكانی وخویٚنیـشی نـەبوو.. دەبـیٚ قـەزای نویٚـژەكانی بكاتـەوە، چـونكە ئـەو حاڵەتـە نابیٚتـە هۆكـار بۆ نویٚـژ نـەكردن، ئەمـە لەلایـەكەوە، لـە لایـەكی ترەوە، ئـەو چـەند رۆژە خویٚنی نەبووە، تا بە زەیسان دابنریٚ.

٤- ئەگەر ژنیٚك كات ژمیٚر (١)ی پاش نیوەڕۆ كەوتە بیٚ نویٚژییەوەو، هیٚمان نویٚژی نیوەڕۆی نەكردبوو، ئایا هەقە نویٚژەكەی نیوەڕۆی بكاتەوە؟ بەڵیٚ پیٚویستە نویٚژەكەی بكاتەوە.

نوێژ گێڕانەوە بە قەزا

١- هەرنوێژێك لە كاتى خۆیدا نەكرا، پێویستە بە شێوەى تەرتیب (واتە: یەك لە دواى یەك) قەزا بكرێتەوە، بۆ نموونە: بەیانى،نیوەڕۆ، ئینجا عەسر..تاد.

٢- ئەو كەسەى دواى هەلآتنى خۆرەوە نوێژى بەیانى دەكات،(شێخ بن باز) دەڵێ: ئەگەر بە دەست ئەنقەست و تەمەڵى بێت، بەلاى تەواوى زانایانەوە پێى كافر دەبێ، بۆیە حەرام وقەدەغەیە كە موسڵمان لە كاتى خۆیدا شەو نەخەوێ، تابتوانێ بە ڕێك وپێكى لە كاتى خۆیدا نوێژەكانى بكات.

٣- (شێخ بن باز) دەڵێ: هەركەسێك دەست ئەنقەست نوێژ تەرك بكات، ناتوانێ قەزاى بكاتەوە، بەڵكو دەبێ تەوبە بكات وپەشمان ببێتەوە و بریار بدات جارێكى تر كارى وانەكات.. خۆئەگەر نوێژێكى لە بیر چوو، یان لەبەر نەخۆشى بۆى نەكرا، یان لە خەو خەبەرى نەبووەوە.. دەبێ ئەوانە قەزا بكاتەوە.

٤- ئەگەر ژنێك لە حەیز پاكەوە بوو و هێمان كاتیش ئەوەندەى مابوو خۆى بشۆرێ و نوێژەكەى بكات، كەچى نەیكرد، دەبێ ئەو نوێژە بە پەلە بكاتەوە.

نوێژە سووننەتەكان

١- نوێژى چێشتەنگاو كە (صلاة الإشراق) یشى پێدەڵێن، دەبێ لەسەرەتاى كاتەوە بكرێت، زاناكان دەڵێن: كە خۆر هەڵهات و بەرزەوە بوو گەرمى كرد، چاك وایە لەو كاتەدا بكرێ و دوا نەخرێ بۆ دواتر، لاى خوارووى ئەو نوێژە دوو ركاتە، لاى سەروویشى دیارى نەكراوە (شێخ بن باز).

٢- (صلاة التسابیح): لیژنەى فەتواى هەمیشەیى (سعوودیە) دەڵێن: ئەو فەرموودە لەبارەى (صلاة التسبیح) موە هاتووە، (صەحیح) نییە، (شاذ) و (منكر المتن) وە پێچەوانەى گشت ئەو فەرموودانەیە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوون لەبارەى نوێژى سووننەتەوە. تەنانەتى (شیخ الإسلام ئبین تەیمییە) دەڵێ:هیچ زانایەك بە (مستحب)ى نەزانیوە،چونكە ئەو ریوایەتە ناراستە.

٣- ئەگەر بانگى بەیانى گوتراو، هێمان نوێژى (وەترى) بۆ نەكرابوو، دەبێ چى بكات؟(شێخ بن باز) دەڵێ: هەڵیگرێ بۆ كاتى چێشتنگاو، ئینجا كە خۆر بەرز بوویەوە، بزانێ ئەگەر عادەتى وابووبێ (٣) ركات وەترى كردبێ و ئێستا لە بەر نەخۆشى، یان لە بەر خەبەر نەبوونەوە لە خەو، بۆى نەكرابوو، ئێستا (٤) ركات نوێژى چێشتنگاو بكاو دوو سەلام بداتەوە. خۆ ئەگەر عادەتى وابووە(٥) ركاتى كردووە، ئێستا (٦) ركات بكات و سێ سلام بداتەوە.

٤- کەسێك نوێژێکی سوننەتی دابەست، یان لە رۆژێکی سووننەتدا بەرۆژوو بوو، دەتوانێ نوێژەکە ببڕێ و رۆژووەکەشی بشکێنێ ئەگەرچی چاك وایە هەردوو تەواو بکات، حەج و عومرە نەبێ، ئەم دووانە کاتێ دەستی پێکردن، هەردەبێ تەواویان بکات، ئەگەرچی سووننەتیش بن.

٥- کەسێك نوێژێکی سوننەتی دابەست، یان لە رۆژێکی سوننەتدا بە رۆژووبوو، دەتوانێ نوێژەکە ببڕێ و،رۆژووەکەیش بشکێنێ، ئەگەرچی چاك وایە هەردوو تەواو بکات، حەج وعومرە نەبێ، ئەم دوانە هەر کات دەستی پێکردن، هەر دەبێ تەواویان بکات، ئەگەرچی سوننەتیش بن.

نوێژی تەوبە (صلاة التوبة)

لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەرگیراوە:((ما من عبد یذنب ذنبا ثم یتطهر فیحسن الطهور، ثم یصلی رکعتین، ثم یتوب الله من ذنبه،إلا تاب الله علیه)) رواه أحمد. واتە: هەر بەندەیەك گوناحێ بکات، پاشان دەست نوێژێکی تێرو تەسەل بگرێ، ئینجا دوو رکات نوێژ بکاو داوای لێبووردن لە خودا بکات، خودا لێیوەردەگرێ وتەوبەی قەبوولْ دەکات.

(صلاة الإستخارة)

١- ئەم نوێژەیش وەکو نوێژە سوننەتەکانی تر دەکرێ، ئینجاپاش سلاْو دانەوە ئەم دوعا دەخوێنێ و لەخودا دەپارێتەوە: ((اللهم إني أستخیرك بعلمك..)).

٢- ئەگەر خەریکی نوێژی وەتر بوویت و بانگی بەیان بوو،تەواوی بکەو هیچ قەیدی نییە.

٣- ئەگەر کەسێك لە سەرەتای شەوەوە وەترەکەی کرد، پاشان بۆ ئاخری شەویش هەلْسا بۆ شەو نوێژ، دوورکات، دوورکات نوێژ بکات، ئیتر وەتر بۆ ئەو نییە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:((لا وتران فی لیلة)) واتە: لە شەوێکدا دوو جار وەتر ناکرێ.

(صلاة الضحی)

نوێژی چێشتنگاو سوننەتە، جا ئەگەر کارمەندێکی دەولْەت، یان کرێکارێك ئەوەند ماوەی بۆ دەرەخسابیکات، با بیکات.

(صلاة الحاجة و صلاة حفظ القرآن)

١- بۆ ئەم دوو نوێژە (شێخ ئیبن عثیمین) دەلْێ: لە بارەیانەوە هیچ فەرموودەیەکی باوەڕ پێکراو نەهاتووە، دیارە تا بەلْگە نەبێت ناچەسپێن.

نوێژ بە کۆمەڵ (صلاة الجماعة)

١- ئایا بانگ وقامەتکردن بۆ ژنان سوننەتە..؟ لیژنەی هەمیشە کاری سعوودییە دەڵێ: نە بانگ، نە قامەت بۆژنان سوننەت نییە، ئیتر بە تەنها نوێژ بکەن، یان بەکۆمەڵ، بەڵکو تەنها بۆ پیاوان سوننەتن، وەکو لە فەرموودەکانەوە دەردەکەوێ.

٢- ژنان دەتوانن لە نوێژی فەرزو تەراویحدا، پێشنوێژی بۆ یەکتر بکەن، بەڵام پێشنوێژی ژنان، نابێ وەکوپێشنوێژی پیاوان لە ریزەکە دەرچن، بەڵکو دەبێ لە ناوەراستی ریزەکەدا راوەستن.

٣- (شێخ ابن عثیمین): دەڵێ نوێژی ژنان لەماڵەوە لە نوێژی مزگەوتی(حەرام)یش خێری گەورەترە، چونکە ئەم فەرموودە دەفەرموێ: ((وبیوتهن خیر لهن)) سەرە رای ئەمیش، لە ماڵەوە باشتر لە فیتنەو خراپە دەپارێزرێت.

٤- ئەگەر نوێژگای ژنان بە پەردەیەك، یان بە دیوارێك، لە پیاوان جیا کرایەوە، لە حاڵەتی ئاوادا ریزی یەکەم بۆیان باشترە، تا ریزەکانی تر، چونکە لەم حەڵەتەدا مەترسی تووشبوونی فیتنەیان لێناکرێ، بەڵام ئەگەر ئەو پەردەو دیوارە نەکرابوو، ریزی دواوەوە باشترە.

نوێژی هەینی

١- ئەگەر ژنان لەگەڵ ئیمامدا نوێژی هەینییان کرد، دروستەو فەرزەکەی نیوەڕۆیان لە کۆڵکەوتووە، خۆ ئەگەر لە ماڵەوە کردیان، دیارە دەبێ چوار رکاتەکەی نیوەڕۆ بکەن.

٢- نوێژ بە کۆمەڵ ئەگەرچی سوننەتیش بێت، یان نوێژی هەینی، لەگەڵ ئێمامێك لە تەلەفزیۆن و رادیۆوە، دروست نییە، با گوێی لە دەنگی ئیمامیشەوە بێت

٣- ئەگەر ژنان لە نوێژدا، دەستکێشیان کردە دەست، قەیدی نییە.

٤- نوێژ لە مزگەوتێکدا کە نە ئیمامەکە دەبینرا، نە نوێژ خوێنەکانیش، بەڵکو تەنها دنگیان دەبیسرا دروستە.

٥- لە ریزی نوێژ بە کۆمەڵدا، هەقە ژنان هەمیشە لە دوای ریزی پیاوانەوەبن، خۆ ئەگەر لە ریزی پیاوەکاندا جێ نەما بۆ پیاوان، دەتوانن لە بەر ناچاری لە پشت ژنەکانەوە نوێژ دابەستن.

٦- ئەگەر ژنان وپیاوان پێکەوە نوێژیان بە کۆمەڵ دەکرد، دەبێ ژنان لە پشت پیاوەکانەوە راوەستن، ئیترئەو پیاوانە مەحرەمی ژنەکان بن،یانا.

٧- نوێژ بە کۆمەڵ بۆژنان (مباح)ە، نەك سوننەت، چونکە هیچ فەرموودەیەك نییە بە

راشكاوی سوننەتییەتی بگەیەنێت.

٨- قسەی راست ئەوەیە كە پێشنوێژیكردنی ژنان بۆ نێرینە - ئەگەرچی منداڵیش بێ- دروست نییە.

٩- دەتوانرێ لە مزگەوتێكدا لە پشت پیاوانەوە، چادرێك بۆژنان هەڵبدرێ و نوێژی تیا بكەن.

١٠- كاتێ ژنان دەیانەوێ بچن بۆ مزگەوت، دەبێ ئەم مەرجانە رەچاو بكەن:

- بە تێرو تەسەل خۆ داپۆشن.

- بۆنخۆشیی لە خۆ نەدەن.

- بە هۆی چوونیان بۆ مزگەوت، مافی ماڵ ومنداڵ ومێردیان نەفەوتێ.

- هیچ فیتنەو خراپەیەكی لێ نەكەوێتەوە.

١١- (شێخ ئیبن عثیمین) دەڵێ: لەبەرئەوە نوێژی ماڵەوە بۆ ژنان باشترە تەنانەتی لە (مسجدالحرام)یش، ئەو پاداش و فەزڵە بۆ پیاوان هەیە لە نوێژی بە كۆمەڵدا بۆ ژنان نییە، بەلاّم رۆیشتن بۆ مزگەوت و داوای لێبوردنی فریشتە بۆیان و.. ئەمانەیان هەیە.

ژنان و بەرێكردنی مردوو (تشییع الجنازة)

١- ژنان بۆیان هەیە لە نوێژكردن لەسەر مردوودا بەشداری پیاوان بكەن، بەلاّم رەچاوی (حیجاب) و خۆداپۆشین.. بكەن

٢- بۆ نوێژ كردن لەسەر مردوو، (ئیمام) لەلای سەری نێرینەدا دەوەستێ و بۆ مێینەش دەبێ لە ناوەراستیدا بوەستێ. - ژنان نابێ دوای مردوو بكەون بۆ سەر گۆڕستان.

٣- هاوار هاوار و دەنگ بەرزكردنەوە لەسەر مردوو حەرامە و رێی پێنەدراوە.. بەلاّم بەهێواشی و لەسەر خۆ گریان حەلاّڵە.

٤- ژن دەتوانێ مێردی مردووی بشۆرێ، هەروەكو پیاو دەتوانێ ژنی مردووی بشۆرێت، چونكە (عەلی كوری ئەبو تالیب) خاتوو (فاتمە)ی خێزانی شۆریی، (ئەسمای بنت عیسا)یش (ئەبووبەكری صدیق)ی مێردی شۆریی (خوا لە هەموویان رازی بێ).

٥- ژنی حەیزدار دەتوانێ ژنی مردوو بشۆرێ و كوفنیشی بكات.

٦- پیاو دەتوانێ ژنی مردو بخاتە ناو گۆڕەوە، ئەگەر مەحرەمیش نەبن.

٧- سەردانی گۆڕستان بۆ ژنان دروست نییە، چونكە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((لعن الله زائرات القبور))، ئەم دروست نەبوونەش لەبەرئەمانەیە:

- ژنان بە زوویی حاڵەتی خۆیان دەشێوێنن و دەیكەنە هەراو هاوار.

– ئەگەر زۆر زۆر بچنە گۆڕستان، ئەو دەورووبەرە قەرەباڵغ دەبێ و خەڵکانی نالەبارو خراپیش لێیان کۆدەبنەوە.

٨– سوننەتە ژن لە (٥) پارچەدا کوفن بکرێ: دەرپێیەك، سەرپۆشێك بۆسەر سنگی، کراسێك لەبەری دەکەن، دووپارچەشی تێوە ئاڵێنن.

٩– قژی ژنان دەکرێ بە سێ (پەلکە) و بەناو شانیدا بەردەدرێتەوە.

١٠– هەقە لەباتی بەکارهێنانی (مەرحوم، مەغفور لە، خوالێخۆشبوو)، بگوترێ (رحمه الله / خوا لێی خۆش بێت).

١١– بە دەم وچاو کوتان و داڕینی یەخەی کراس – وەکو ژنان دەیکەن – نادروست و حەرامە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((ليس منا من ضرب الخدود، أوشق الجيوب، أو دعا بدعوى الجاهلية)) متفق عليه.

هەقە لەکاتی بەڵاو نارەحەتیدا بە ئارام بن و چاوەڕوانی پاداش بن لای خودای گەورەو میهرەبان.

ژنـان و رۆژوو

١– کچان هەرکات باڵغ بوون، دەبێ رۆژوو بگرن، باڵغ بوونیش بە یەکێ لەم چوار شتە دەبێ:

– (١٥) پازدە ساڵ تەواو بکات.

– مووی دەورووبەری (فەرج)ی بڕوێت.

– (مەنیی) پەیدا ببێت.

– بکەوێتە حەیزەوە، یان دوو گیان ببێ، هەرکات یەکێ لەم چوار شتە پەیدا بوو، هەقە رۆژوو بگرێ، ئەگەر تەمەنیشی لە (١٥) ساڵ کەمتر بێت.

٢ – ژنێك پاش بانگی بەیانی لە حەیز پاکەوە بوو، زاناکان دوو قسەیان هەیە:

– قسەی پەسەند و راست (راجيح) ئەوەیە، لەسەری نییە تائێوارە ئیمساك بکات، لەبەرئەوەی لەسەرەتای رۆژەوە پاك نەبووە رۆژووی دروست نییە.

٣– کەمێك بەر لە خۆرئاوا بوون کەوتە حەیزەوە، دەبێ بیشکێنێ، بەڵام دوای خۆرئاوا بوون دروستە و قەزای لەسەر نییە.

٤– ژنێك هەستی کرد خوێنی حەیزی جووڵاوە، بەڵام پاش خۆرئاوابوون هاتە دەر، یان هەستی کرد بە ئێش و ئازاری حەیز، بەڵام پاش خۆرئاوابوون خوێن هات، ئەو رۆژووەی

دروسته.

٥- ئەگەر ژنێکی دووگیان، دڵۆپێ، یان دوو دڵۆپ، یان زیاتر، خوێنی لێچوو، ئەوخوێنە هیچ حسابێکی بۆ ناکرێ، واتە: دەبێ نوێژو ڕۆژووی خۆی جێبەجێ بکات.

٦-ئەگەر ژنێکی خاوەن حەیز، یان زەیسان، پێش بانگی بەیانی پاکەوەبووو،کەچی خۆشۆرێنەکەی خستە پاش بانگ، دەبێ ئەو ڕۆژە بە ڕۆژووبن، وەکو ژنێکی لەشگران، پاش بانگی بەیانی خۆی دەشۆرێ و، ڕۆژووەکەشی دادەمەزرێ.

٧- ژنێك کاتی بانگی بەیانی، لە حەیزدابوو، کەچی دوای بانگ پاکەوەبوو، ڕۆژووی ئەو ڕۆژەی لە سەر نییە.

٨- ئەگەر ژنێکی دووگیان،یان شیردەر، لە بەرخۆیان، یان لەبەر منداڵەکە، ڕۆژوویان شکاند، بۆدوایی تەنها قەزاکردنەوەیان دەکەوێتەسەر.

٩- ئەگەر ژن ومێرد هەردوو بە ڕۆژووبوون، کەچی بە زۆر سەرجێیی لە گەڵ ژنەکەدا کرد، ڕۆژووی ژنەکە دروستە وکەفارەتیشی ناکەوێتە سەر، بەڵام دەبێ پیاوەکە لە کەفارەتدا: بەندەیەك ئازاد بکات، جائەگەر نەبوو، دەبێ دوومانگ بە دوای یەکدا، بە ڕۆژووبێت، خۆ ئەگەرتوانای ئەوەیشی نەبوو، دەبێ نانی (٦٠) مسکین بداو، قەزای ڕۆژووەکەیشی بکاتەوە.

١٠- ئەگەر ژنەکەیش بە ئاسانیی خۆی دا بەستەوە، ئەویش وەك پیاوەکەی کەفارەتی دەکەوێتە سەر.

١١- ئەگەر کەسێك سێ ڕۆژ لە ڕۆژەکانی ڕەمەزاندا، لە سەر یەك لە گەڵ ژنەکەیدا سەرجێیکرد، پێویستە سێ کەفارەت بدات.

١٢- ئەگەر پیاوێك بەبێ تێکەڵی لە گەڵ ژنەکەیدا، (مەنیی) لێهاتە دەر، هیچ کەفارەتێك ناکەوێت سەری، بەڵام دەبێ ئەو ڕۆژە تا ئێوارە (ئیمساك)بکاو، دواییش ڕۆژووەکەی بگرێتەوە.

١٣- پیاوێك لە مانگی ڕەمەزاندا ژنەکەی ماچکردو، کەوتە یاریی ودەستبازی لە گەڵی، هیچ گوناحێکی ناگات، بەڵام هەر کامێکیان ئاوی هاتەوە، ڕۆژووەکەی (فاسد) دەبێ و، پێویستە بیگرێتەوە، خۆ ئەگەر ئەو ئاوە لینجە هات پێیدەڵێن:(مذی) زیانێك بە ڕۆژووەکەی ناگات.

١٤- بەکارهێنانی داوو دەرمانی خۆ ئاریشدان وخەنە لە مانگی ڕەمەزاندا، هیچ زیانێك بە ڕۆژو ناگەیەنێت.

١٥- ژنێك قەرزاری ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بوو، وەبە هۆی نەخۆشییەوە بۆی

نەگیرایەوەو مرد، جائەگەر نەخۆشییەکە دەرفەتی نەدابووبیگرێتەوە، دیارە لە حاڵەتی ئاوادا هیچ شتێك ناکەوێتە سەری،خۆ ئەگەرچاك بوویەوەو دەیتوانی بیگرێتەوە، کەچی تا رەمەزانێکی تری بەسەرا هاتەوە نەیگرتەوە، دەبێ لە باتی هەر رۆژەی نانی مسکینێك بدات.

١٦- ژنێك رۆژوو قەرزار بوو، کەچی بەبێ بەهانووی شەرعیی نەیگرتەوە، تارەمەزانێکی بە سەرا هاتەوە، ئەوە پێویستە قەزای بکاتەوەولە باتی هەر رۆژەیش، نانی کەسێکی بێ نەوا بدا، بەلاّم ئەگەر بیانووی هەبوو، تەنها قەزای لە سەرە.

١٧- ژنان تامێرد مۆڵەتیان نەدات، ناتوانن رۆژووی سوننەت بگرن،خۆ ئەگەر مێردی نەبوو، یان لە سەفەربوو، ئارەزوویەتی دەیگرێ، یان نایگرێ.

١٨- پەنجەکردن بەعەورەتدا، پزیشك بیکات،یان خۆی، بۆ دۆزینەوەی نەخۆشی بێت، یانا، زیانێك بە رۆژووەکە ناگات.

١٩- چێژتنی خۆراك بە مەبەستی بوون و نەبوونی خوێ، لەمانگی رەمەزاندا، زیان بە رۆژوو ناگەیەنێت، بە مەرجێ بیتوفێتەوە.

٢٠- ئەگەر ژنێك لە رمەزاندا تووشی(نەزیف) بوو، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ پێش تووشبوونەکەی، تا بزانێ عادەتی چۆنبووە..؟ جا ئەگەر عادەتی وابووبێ هەموو سەری مانگێك (٦) رۆژ لە حەیزابووبێ، دەبێ ئێستاش (٦) رۆژ دانیشێ نوێژ نەکاو رۆژوو نەگرێ، پاشان خۆی بشۆرێ ونوێژ بکاو رۆژوو بگرێ.(شیخ ئیبن عثیمین) دەڵێ:دەتوانێ نوێژەکانی کۆ بکاتەوە(نیوەڕۆو عەسر، شیوان و خەوتنان) بە(جمع التقدیم) یان بە (جمع التأخیر)، جا کاتێکیش ویستی فەرجی بشۆرێ، بە پارچەیە (لۆکە) شەتەکی بدات، پاشان دەستنوێژ بگرێ و نوێژ بکات

٢١- ئەگەر کەسێك (نەزر)ی کرد کە یەك ساڵ بە رۆژوو بێت، پاشان نەیتوانی، دەبێ کەفارەتی سوێندێك بدات: واتە: نانی(١٠) مسکین بدات، هەریەکەیان نیو مەن خورما، یان هەر شتێك کە زۆرینەی خەڵکی شار دەیخوات، جا ئەگەر دەسەلاّتی نەبوو، دەبێ (٣) رۆژ بە رۆژوو بێت.

٢٢- بە کار هێنانی دەرزی خۆراکیی(الإبرة المغذية)، بەبێ هۆکارو پێویست، رۆژوو دەشکێنێ، بەلاّم هەموو جۆرە دەرزییەکانی تر:(تەخدیر- سڕکردن، پەنسلین، دەرزی دەمار، لاڕان، قۆڵ..هتد. زیان بە رۆژوو ناگەیەنن.

٢٣- بەکار هێنانی (کل)و هەموو ماددەیەکی ئارایەش و، خەنەو میکیاج، زیان بە رۆژوو ناگەیەنن.

٢٤- بەکارهێنانی خەمیری ددان لەکاتی بەرۆژوو بووندا زیانی نییە، بەڵام دەبێ قووتی نەدات.

٢٥- ددان پاکردنەوەو پرکردنەوەیی و هەڵکێشانی، زیانی بۆ رۆژوو نییە، بەمەرجێ دەرمان و خوێنەکە قووت نەدات.

٢٦- بەکارهێنانی (قەترە)ی چاوو گوێ، رۆژوو ناشکێنێ، بەڵام ئەگەر هەستی بە تامەکەی کرد لە قوڕگدا، چاك وایە قەزای بکاتەوە، ئەگەرچی واجب نییە.

٢٧- بەکارهێنانی بۆنی خۆش لە رەمەزاندا، زیان بە رۆژوو ناگەیەنێت.

٢٨- بەربوونی خوێنی (لووت) و (تاقییکردنەوەی خوێن) لەکاتی پێویستدا هیچ زیانێکی نییە.

٢٩- (شێخ بن باز) دەڵێ: بەکارهێنانی قەترەی لووت لەکاتی بە رۆژوو بووندا، زیان بە رۆژوو دەگەیەنێت، واتە: ئەگەر تامەکەی چووە قوڕگەوە دەبێ قەزای بکاتەوە.

٣٠- بەکارهێنانی (ئیمساکیە)ی مانگی رەمەزان، بۆ نموونە: (١٠) خولەك بەر لە بانگ ن کەس شت نەخوات، (شێخ بن باز) دەڵێ: لە شەریعەتدا بناغەو بنەمایەکی نییە، چونکە ئیمساك لەگەڵ بانگدا دەبێ.

٣١- ژنێك لە گوماندا بوو (پاکەوە بووە یا نا)، ئینجا هەر بەو گومانەوە رۆژووی گرت، ئەو رۆژووە دانامەزرێت و دەبێ قەزای بکاتەوە، چونکە خواپەرستیی بە دوودڵی و گومانەوە ناکرێ.

٣٢- بەکارهێنانی (تحامیل) لە مانگی رەمەزاندا لەبەر نەخۆشی، چ بۆ پاش، چ بۆ پێش، زیان بە رۆژوو ناگەیەنێت، چونکە تەنها (جیماع) و خواردن و خواردنەوە زیان بەخشن.

٣٣- بەکارهێنانی (مەرهەم) بۆ لێو، هیچ زیانێك بە رۆژوو ناگەیەنێت.

٣٤- بەکارهێنانی (سیواك) لە رەمەزندا دروستە، بەمەرجێك تامەکەی لە گەڵ توفدا قووت نەدرێ.

٣٥- ئەگەر لەکاتی ئاو رادان لەدەم، ئاو چووە خوارەوە، زیانێك بە رۆژوو ناگات.

٣٦- لیك قووتدان زیانی نییە، بەڵام (بەڵغەم) - کە لە سنگەوە هەڵدەکنرێ - پێویستە قووت نەدرێ و فڕێ بدرێت.

٣٧- خواردن و خواردنەوە لەکاتی بانگی بەیانیدا، پێویستە رۆژووەوان هەرکە بانگی بیست، دەست لە هەموو شتێك هەڵگرێت، ئەگەر بزانێت ئەو بانگە بەر لەبانگی بەیانی ناگوترێ.

٣٨- قەزا کردنەوەی رۆژوو لە رۆژێکی وەك (عەرەفە) یان (عاشورا) دا، بە نییەتی قەزاو

ڕۆژووی ئەو ڕۆژەش، پێویستە لەسەر ئەو کەسە قەرزارە، تەنها نییەتی قەرزەکەی لێبهێنێت، إن شاء الله خودای میهرەبان پاداشتی هەردووکیانی بۆ دەنووسێت.

٣٩- بەکارهێنانی (پەمپ)ی هەناسە توندی (ڕەبوو)، ڕۆژوو هەڵناوەشێنێتەوە، چونکە ناگاتە گەدە، بەڵکو بۆ بۆری هەناسە دەچێت، خۆئەوەیش بە خواردن و خواردنەوە دانانرێت.

ڕۆژووی سوننەت

١- مەرج نییە ڕۆژووی شەشەڵان یەك لەدوای یەك بگیردرێ، وە هەرکاتێکیش لەدەست دەرچوو، لەمانگەکانی تردا قەزا ناکرێتەوە.

٢- نەزیفی ژنی دوو گیان و،ئەو ئاوە بە (فەرج) یا دێتە دەر، ڕۆژوو ناشکێنن.

٣- کەسێك لەبەر پیری،یان لەبەر نەخۆشیەك کە چاوەڕوانی چاکبوونەوەی لێنەدەکرا، ڕۆژووی بۆ نەگیرا، پێویستە لەبۆ هەر ڕۆژەی نانی (مسکین)ێك بدات.

٤- لە خەودا (ئیحتیلام)ی بوو، یان بە نەزانین و لەبیر چوون شتێکی خوارد و خواردەوە، زیان بە ڕۆژوەکەی ناگات.

٥- ئەم شتانە یارمەتی ژنان دەدەن بۆ پتر خواپەرستیی و عیبادەت لەمانگی ڕەمەزاندا:

- ترس لە خودای گەورەو باڵا دەست.. بیر بکاتەوە کە خودا ئاگاداری هەموو کارو کردەوەیەکی مرۆڤە.

- یادی خودا زۆر بکاو، قورئان زۆر بخوێنێ و، نوێژەکان لەکاتی خۆیاندا بکاو، سوننەتەکانیش لەگەڵیاندا ئەنجام بدات.

- تا زۆر پێویست نەبێ لەماڵ دەرنەچێ، کاتێکیش دەرچوو - لەگەڵ ڕەچاو کردنی جل و بەرگی باڵا پۆش و خۆدەرنەخستن - خێرا بگەرێتەوە.

- لە ڕازو نیازی دوور لە خودایی خۆ دوور بگرێت.

- زمانی بپارێزێ لە (غەیبەت) و جنێوو درۆو دەلەسە و قسە بردن و قسە هێنان.

ژنان و زەکات

١- (شێخ ئیبن فوزان) دەڵێ: چاك وایە ژنان لە خشڵ و زەنبەردا زەکات بدەن، چونکە لە ناوزاناکاندا قسەو بۆ چوونی جیاواز هەیە لەوەدا،وە دەبێ بزانن کە هەر شتێك بە نییەتی بازرگانی

و كەسابەتەوە بێت، دەبێ زەكاتی بدرێ هەرشتێكیش بۆ بەكار هێنان بێت، زەكاتی تێدا نییە.

٢- خشڵ و زەنبەر بە نرخی ئەو كاتە دەخەمڵێ ساڵی بە سەرا دێتەوە، نەك رۆژی كڕینەكەی.

٣- ئەگەر ژنێك زەكاتی خشڵەكەی دایە مێردەكەی، قەیدی نییە و دروستە.

٤- زەكاتدان بە خوشكەزاو برازا..تاد بە مەبەستی مارەیی و نەفەقەی ژن هێنان رەوایە.

٥- زەكاتدان بە باوك و دایك دروست نییە، چونكە - ئەگەر موتاج بوون - هەقە نەفەقەیان بكێشێ.

٦- كەسێ بتوانێ منداڵی بژێینێ، نابی چ زەكاتیان بداتێ.

٧- زەكات بە خوشكی شوو كردو دەدرێ، ئەگەر مێردەكەی هەژار بێت

٨- ژنان بەبی ئاگاداری مێرد، دەتوانن لە ماڵی خۆیاندا، خێرو صەدەقە بكەن، چ بۆ خۆیان، چ بۆخزم و كەس وكاریان،، چونكە ژنان لە ماڵی خۆیاندا بۆ ئاڵ و وێل ئازادن.

٩- ژنان بۆیان هەیە لە ماڵی مێردیاندا خێرو صەدەقە بكەن، ئەگەر بزانن مێردەكەیان رازییە.

١٠- كۆكردنەوەی مووچە، پاشان ساڵی بە سەرا بێتەوە.. شێوەی زەكات دەركردن لێی بەم شێوەیە: هەر ئەندازەیەكی ساڵی بە سەرا هاتەوە زەكاتی بدات، بۆ ئەوی تریشی چاوەروانی هاتنی ساڵەكەی بێت، خۆ ئەگەر لە سەرەتای ئەو بەشەیەوە ساڵی بە سەرا هاتۆتەوە، زەكاتی هەموو بدات دروستە.

ژنان وحەج

١- بۆ حەجی فەرز، ژنان مۆڵەتی مێردیان ناوێ، واتە: هەركات حەجیان لە سەر فەرز بوو، دەتوانن بێ ئیزن و مۆڵەتی مێرد، بچنە حەج، چونكە مێرد بۆی نییە لە حەجی فەرزدا، رێ لە ژنی بگرێت.

٢- ئەگەر ژنێك حەجی لە سەر فەرز بوو،كەچی مەحرەمی نەبوو لە گەڵی بچێت، بۆی نییە بێ مەحرەم بچێت، بۆیە ئەگەرلەو ماوەدا مرد، پێویست ناكات، لە ماڵە جێماوەكەی حەجی بۆ بكەن.

٣- ئەگەر ژنێك بەبێ مەحرەم چووبۆ حەج و، حەجی كرد، حەجەكەی دادەمەزرێ و دروستە، ئەگەرچی – لەبەر بێ مەحرەمیەكەی-كوناحباریش دەبێ

٤- ئەگەر ژنێك مێردەكەی لە سەرحسابی خۆی ناردی بۆ حەج، حەجەكەی دروستەو

دادەمەزرێ.

٥- ئەگەر ژنێك ویستی حەج،یان عومرە بکات، بۆی نییە لە (میقات) بەبێ ئیحرام تێپەڕێ، ئەگەرچی لە حەیزیشدا بێت، چونکە ئیحرام بە حەیزیشەوە دادەمەزرێ و، دەتوانێ جگە لە چەرخەی کابە، تەواوی پایەکانی حەج و عومرە ئەنجام بدات.

٦- بۆ هاتوو چۆی نێوان (صەفا)و (مەروە) دەستنوێژ پێویس نییە، چونکە بەشێك نییە لە مزگەوتی (حەرام).

٧- هەروەلە(رەمل) لە چەرخەی دەوری کابەدا بۆ ژنان سوننەت نییە، بەڵکو تەنها بۆ پیاوان سوننەتە.

٨- نابێ ژنان لە نێوان دوو نیشانە سەوزەکەدا- کەدانراوە بۆ خەڵکانی کەم ئەندام و ناتەواو، بە بیانووی تێکەڵ نەبوون بە پیاوان- (صەفا) و(مەروە) بکەن.

٩- ماچکردن و دەستدان بە(حجر الأسود) ـەوە بۆ ژنان سوننەت نییە، مەگەر کاتێك چۆڵ بێت.

١٠- ژنان دەتوانن - لە بەر ئاسانکاری بۆیان- لە گەڵ ئاوا بوونی مانگدا، لە گەڵ خەڵکانی کەمتواناداا، (موزدەلیفە) جێبهێڵن و بچنە(مینا) و(جمرة العقبة) بەردەباران بکەن،.

١١- جل و بەرگی تایبەت بە ژنانەوە، دیاریی نەکراوە بۆ ئیحرامیان، واتە: بۆیان هەیە هەموو جۆرە جل و بەرگێك بەکار بهێنن، بە مەرجێ جەستەیان داپۆشێ و(زینەت) نەبێ و نەشوبهێ بە هی پیاوانەوە.

١٢- ژنان لە بەرگی ئیحرامدا، نابێ (نیقاب) بکەن و، دەست داپۆشن، بەڵام کاتی ئامادە بوونی پیاوان، دەتوانن دەم و چاو داپۆشن.

١٣- هەرکەسێك توانای بەردەبارانی(جمرات)ی نەبوو، دەتوانێ بریکار بۆ خۆی دابنێ، بە تایبەتی ئەگەر ژن بووو ترسی تیاچوون و ئێش و ئازاری هەبوو.

١٤- کەسێك ئیحرامی پۆشی، بۆی نییە لە ژنەکەی لەزەت وەرگرێ بە جیماع و پێشەکییەکانی جیماع.

١٥- کە پیاو ئەم سێ شتەی ئەنجامدا:، بەردە بارانی(جمرة العقبة)، سەرتاشین، یان کورتکردنەوەی مووی سەر، (طواف الإفاضة)، هاتوو چۆی نێوان(صەفا)و(مەروە)دوای (طواف الإفاضة)، دەتوانێ لەگەڵ ژنەکەیدا رابوێرێ.

١٦- ئەگەر لە کاتی مەسحی سەردا، یان لە کاتی خۆشۆریندا، چەند تاڵە موویەکی لێهەڵوەری، هیچ زیانێك بە ئیحرامەکەی ناگات، مەگەر بە دەست ئەنقەست بووبێ.

١٧- ژنانی خاوەن حەیز، یان زەیسان،(طواف الوداع) یان لە کۆڵ دەکەوێ، بەڵام (طواف

الإفاضة) دەمێنێ و پێویستە دوای پاك بوونەوەیان ئەنجامی بدەن.

١٨- هەر شتێك لە حەرام کراوەکان - لە کاتی ئیحرامدا- کرا بە نەزانیی، یان لە بیرچوون، یان بە زۆر، هیچ شتێك ناکەوێتە سەری.

١٩- ژنان دەتوانن جل و بەرگی ئیحرام بگۆڕن، لە بەر پێویستی بێت، یان نا.

٢٠- ژنان دەتوانن لە کاتی ئیحرامدا گوێرەوی لە پێ بکەن، چونکە پێغەمبەرﷺ رێی لێنەگەرتوون بۆ لەپێ کردنیان.

٢١-(شێخ ئیبن عثیمین) دەڵێ: ژنێك لە کاتی (طواف الإفاضة) دا کەوتە حەیزەوە.. جا ئەگەر دوای پاك بوونەوە دەیتوانی بە ئاسانی بگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی، دەبێ بگەڕێتەوە بۆی، خۆ ئەگەر بۆی نەدەکرا بگەڕێتەوە بۆی، ئەوە بە باشی خۆی ببەستێ و بچێت (طواف) و سەعیەکەی بکات.

٢٢- نەخۆش وپەك کەوتە (واتە:ئەوانە ناتوانن ((طواف الوداع)) بکەن) بەسەر شان دەیانگێڕن و تەوافەکەیان پێدەکەن.

٢٣- ئەگەر ژنێك لە کاتی(طواف)دا وا هەستی کرد، خوێنی حەیز هات، لە حاڵەتی ئاوادا، تا نەگاتە یەقین، درێژە بەکاری خۆی دەدا وقەیناکات، خۆ ئەگەر گەیشتە یەقین،دەبێ دەست بکێشێتەوە تا پاك دەبێتەوە، ئەوسا لەسەرەتاوە دەست پێدەکاتەوە.

٢٤-ژنی مێرد مردوو، تا عیددەی تەواو نەبێ، بۆی نییە لە ماڵ دەرچێ و بچێت بۆ حەج.

٢٥-ژنیش دەتوانێ لە باتی پیاو، بچێت (حەج) و(عومرە) بکات.

٢٦-ژنان دەتوانن لە کاتی بەجێهێنانی (مناسك) ی حەج و عومرەیاندا،(حەب) بە کار بێنن بۆ راگرتنی حەیز.

٢٧-ژنان دەتوانن لە کاتی ئیحرامیشدا، زێڕ بەکاربێنن، بە مەرجێ لای پیاوانی نامەحرەم دەری نەخەن، تا تووشی فیتنە نەبن.

٢٨- وا باشە لە کاتی قەڵەباڵغیدا، ژنان تەواف دووبارەو سێ بارە نەکەنەوە.

٢٩- بۆ ژنان وا چاکە حەج دووبارە نەکەنەوە، تا تووشی ئەو حاڵەتە نا ئاساییانە نەبن، کە لەو کاتەدا بە ناچاری تووشیان دەبن.

٣٠- پیاو ئەگەرچی دەوڵەمەندیش بوو، هەر لە سەری نییە، پارەی حەج بەژنەکەی ببەخشێ و بینێرێ بۆ حەج.، خۆ ئەگەر بۆخۆی بتوانێ هاوکاری بکاو، کارەکانی بۆ ئاسان بکات،کارێکی باش و پەسەندە و هەقیشە وەکو وەفایەك، حەجی بۆ رێك بخاو بەڕێی بکات.

٣١- بۆژنان دروست نییە لە کاتی بەجێ هێنانی (طواف) و(مناسك) ـەکانی تردا، لە گەڵ

پیاواندا، پاڵە پەستۆو شان لە شانیان بگیرێنن، بەڵکو هەقە هەوڵ بدەن، بزانن چ کاتێ چۆڵ دەبێ، ئەو کاتە هەڵبژێرن، یان لە دوورەوە(طواف) و(صەفا)و (مەروە) بکەن.

ژنان و قورئان

١- سەر رووتکردن لە کاتی خوێندنی قورئاندا بۆ ژنان، قەیدی نییە، بەڵام هەقە لەکاتی سوژدەی (تیلاوەت)دا، سەر داپۆشن.

٢- قورئان خوێندنی دەستە جەمعی وبەیەك دەنگ، ئەگەر لە بەر فێربوون بێت، قەیناکات، ئەگینە پەسەند نییە.

٣- ئاهەنگگێڕان وزەماوەند،بە بۆنەی تەواوکردنی قورئانی پیرۆزەوە، لەسەردەمی پێغەمبەرو هاوەڵاندا نەکراوە، ئەگینە پێمان دەگەیشت،کەوابوو بیدعەیەکی تاشراوو داهێنراوە.

٤- لە هەر جێگایەکدا پیاوی نامەحرەمی تیا بێت، بۆ ژنان رەوا نییە بەدەنگەوە قورئان بخوێنن، چونکە لەوانەیە تووشی فیتنە ببن.

٥- گوێگرتن بۆ قورئان (بە تۆمار کراوی) لە کاتی سەر قاڵی بەئیش و کارەوە، قەیدی نییە، چونکە گوێگرتن بە پێی تواناو دەرفەتە، مەبەست بە ئایەتی:(وإذا قرئ القرآن فاستمعوا له وأنصتوا لعلكم ترحمون) هەر ئەمەیە.

٦- قورئان خوێندن لە کاتی ئیش وکاردا قەیناکات، ئەگەر لەو کاتەدا بێ ئیش بێت، هەروەها زیکرو تەسبیحات و تەهلیلەش، خۆ ئەگەر بەو هۆیەوە ئیش وکارەکەی دوا دەکەوت، یان لە دەست دەر دەچوو، نەیخوێنێ باشترە.

٧- بۆ خۆی دەور بکاتەوە باشترە، یان لە بەر شریتێکدا دەور بکاتەوە؟ بە هەر کامێکیان تەقوای زیاتر دەبوو، لە گەڵ ئەوەیاندا بیخوێنێ.

٨- نووسینی قورئان لەسەر شکڵ وبیچمی ئاژەڵ و پەلەوەر و نەخش و نیگار بۆ هەڵواسین یان نا، دروست نییە، چونکە دەبێ قورئان جۆرە شتانی بپارێزرێ و سووکایەتی پێ نەکرێ.

٩- نووسینی ئایەت و فەرموودەو (أسماء الحسنى) لە سەر تەختەو پارچە ئاسن و شتی وا، یان بە دارو دیوارەوە بۆ جوانی، یان بۆ وەبیرهێنانەوەی قورئان، یان بە مەستی برەوو رەواجدان بە دوکان وبازرگانییەکەی و فرۆشتنی کەل و پەل وکووتاڵەکەی،یان بۆ چەواشەو

فریودانی مەردم، تا خەڵك پتر روو بکەنە کۆگاو دوکانەکەی، بێ گومان ئەو کارانە ناڕەواو ناپەسەندن،چونکە قورئان فەرموودەی خوایە و بۆ کۆمەڵێ مەبەست و ئامانجی هەرە بەرز وقەشەنگ ناردوویەتی.. نێردراوە بۆ ئەوە ببێتە رێنمایی و هیدایەت بۆ مرۆڤ، هاتووە بۆ ئەوە بکرێتە ئامۆژگاری و عیبرەت، هاتووە بە ئەحکامگەلێکەوە بۆ ئینسان، تاکاری پێ بکەن، بێ شك بەکار هێنانی بۆ غەیری ئەمانە،بەکار هێنانیەتی بۆ غەیری ئامانجە بەرزەکانی خۆی، دەرەنجام لە رەوتی سەرەکی خۆی دوور دەکەوێتەوە و تووشی هەزاران نشێوی و هەڵدێر دەبێن وەك ئەمڕۆ.

١٠- نووسینی ئایەتێك لە شتێکدا، بەمەبەستی ئەوە ئاوی تێبکرێ و نەخۆش ئاوەکەی بخواتەوە، کاری وا لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەرگیراوە کە قورئانی بە سەر نەخۆشدا خوێندووەو فووی لە جەستەی کردووە، سەرە رای ئەمەش ئەگەر قورئان بە ئاوێکدا بخوێنرێ و نەخۆشەکە بیخواتەوە قەیناکات.

١١- نووسینی چەند ئایەتێك لە کاغەزێکدا، پاشان سڕینەوەی بە ئاوو نەخۆشێك بیخواتەوە بۆ شفا.. هەندێ لە زاناکان، وەکو (ئیمام ئەحمەد وئیبن تەیمییە وابن القیم) مۆڵەتیان داوە بکرێ. بەڵام لە گەڵ ئەوەیشدا لەوە ناچێت کە پێغەمبەر ﷺ نە بۆ خۆی، نە بۆ خەڵك کردبێتی، جا لەبەر ئەوە باش وایە هەر نەکرێ، بەڵکو ئەوە بەسە کە بخوێنرێ بە سەر نەخۆشەکەدا، وە یان بەسەر ئاوێکدا بیخواتەوە.

١٢- کەسێك دەوری قورئان بکاتەوە، بەڵام (تەجوید) نەزانێ وبە هەڵە بیخوێنێتەوە.. زاناکان دەڵێن: هەرکەسێك قورئان دەخوێنێ، پێویستە چاك بیخوێنێتەوە و(تەجوید) بزانێ،ئەگەرچی زۆریش ماندوو ببێ تێیدا، چونکە خوێندنی قورئان و دەور کردنەوەی بە تەجویدەوە، لای خودا خێری زیاترە.. ئەوەیە کە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ:((الذی یقرأ القرآن ویتعتع فیه، وهو علیه شاق، له أجران)) رواه مسلم.

١٣- (شێخ بن باز) دەڵێ: سوژدەی تیلاوەتی قورئان، نەدەستنوێژی دەوێ، نە رووکردنە رووگە، هەروەك بەرز بوونەوەی سوژدە، نە (الله أکبر) ی دەوێ، نە سلاو.

١٤- کەسێك گوێی لە خوێندنی سوژدەی تیلاوەتەوە بوو، ئەگەر قورئان خوێنەکە سوژدەی برد، ئەوا بۆ ئەمیش سوننەتە سوژدە ببات، ئەگینە سوننەت نییە.

١٥- (شێخ بن باز) دەڵێ:لە سوژدەی نوێژەکاندا چ تەسبیح ودوعایە دەخوێنێ، لە سوژدەی تیلاوەتیشدا هەر ئەوانە خوێنێ.

١٦- ئەگەر بانگبێژ، بانگیدا، کەسێکیش لەو کاتەدا خەریکی قورئان خوێندن بوو،

سوننەتە وەڵامی بانگە کە بداتەوەو لەو کاتەدا قورئان نەخوێنێ، پاشان ئەگەر ویستی بچێتەوە سەر قورئان خوێندنەکەی.

١٧- گواستنەوەی قورئان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە کاتی پاك و خاوێنکردنی ماڵدا - بێ دەستنوێژ -قەیدی نییە.

١٨- (شێخ ابن فوزان)دەڵێ: خوێندنی (فاتحە) بۆ مردوو بیدعەیە،چونکە لە پێغەمبەرەوە ﷺ نەهاتووە فاتحەی بۆ مردوان خوێندبێ، بۆیە هەقە لە باتی ئەوە، داوای لێبوردن و بەزەیی خودای بۆ بکات، وەیان خێرو صەدەقەی بۆ بکات.

١٩- ئایا دەور کردنەوەی قورئان بە دەنگی بەرز پەسەندە، یان بە هێواش؟ ئەگەر قورئان خوێنەکە بە دەنگی بەرز چالاك تردەبووو (خشوع)ی بۆ پەیدا دەبوو، پتر لەوە بەهێواش بیخوێنی، دەتوانێ دەنگ بەرز بکاتەوە، بە مەرجێ نەبێتە هۆکاری ئازارو عەزیەتی خەڵکی دەورو بەر، ئەگینە بە هێواش باشترو پەسەندە.

٢٠- ئەگەر کەسێك بییەوێ لەگەڵ (رادیۆ) و(تەسجیل) دەور کاتەوە، هیچ قەیدی نییە، بەمەرجێ بە هۆی ئەوانەوە لەماناو مەبەستەکەی سەرقاڵ نەدەبوو.

٢١- ئەگەر قورئانێك هەڵەی تێدابوو،یان رزیبوو.. دەتوانن بیسووتێنن، یان لەجێگایەکی دوور لە هاتوو چۆ، بکرێ بە ژێر خۆڵەوە.

٢٢- ئەگەر ژنان بە تەنها بوون - لە ماڵەوە، یان لە دەرەوە- یان تەنها پیاوی مەحرەمی لێبوو، دەتوانن بەدەنگی بەرز دەور بکەنەوە.

٢٣- (شێخ بن باز) دەڵێ:نەلە قورئاندا، نەلە سوننەتدا، وەنە لە هاوەڵانەوە، نەهاتووە کە قورئان بخوێنرێ وهەدیە بکرێ بە باوك ودایك، یان بە کەسێکی تر، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە زاناکان دەڵێن:دەکرێتە هەدیەو دیاریی بۆیان، بەڵام قسەی دەستەی یەکەم لە راستەوە نزیکە، چونکە ئەگەر کرابا، (سەلەف)ی ئەم ئۆممەتەیش دەیکرد.

٢٤-دانانی قورئان لە ناو سەیارەدا، یان لە هەر جێگایەکی تردا، بەمەستی خۆ پاراستن لە جنی وشەیاتین، شتیوا نەبووەو نابێ، خۆ ئەگەر بۆ دەور کردنەوەبێت قەیناکات.

٢٥- هەڵگرتنی ئەو کاسێت و شریتانە قورئانیان لەسەر تۆمارە، قەیدی نییە، تەنانەتی بردنیشیان بۆ سەر ئاو قەیناکات، چونکە ئایەت و فەرموودەکانیان تێدا نە نووسراوەو دەر ناکەوێ.

٢٦- نووسینەوەی هەندێ ئایەت، بە مەبەستی هەڵگرتنیان لە کاتی نارەحەتی و گیرو گرفتدا، نارەوایەو دروست نییە، چونکە قورئان بۆ ئەو مەبەستانە نەهاتووە، بەڵام خوێندنی

بە سەر نەخۆشدا ڕێی پێدراوە.

٢٧- ئایا دەور کردنەوە لە ناو قورئاندا، خێری باشە، یان لەبەر ؟ بێ گومان لە ناو قورئاندا مرۆڤ پتر لە هەڵەو پەڵە دەپارێزرێ، تائەوە لە بەر بیخوێنێ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەبەر (خشوع)ی زیاتر بوو تالەناویا، بالە بەر دەور بکاتەوە.

٢٨- دووبارە و سێ بارە کردنەوەی ئایەتی سزا،یان ئایەتی ڕەحمەت لە قورئاندا، لە کاتی خوێندنا.. ئەگەر بەوە خشووع زیاد دەبوو قەیدی نییە.

٢٩- ئەگەر کەسێك لە کاتی دوعاکردندا گریانی بۆ دەهات، کەچی لە کاتی قورئان خوێندندا بۆی نەدەهات، ئەوە قەیناکات، ئەگەرچی هەقە لە کاتی قورئان خوێندا بگری،بەڵام دیارە گریان بە دەستی مرۆڤ نییە.

٣٠- خەتمی قورئان لە مانگی ڕەمەزاندا سوننەتە، نەك واجب، واتە: ئەگەر کەسێك خەتمی بۆ نەکرا،خەتایەکی نەکردووە، بەڵام لەو خێرە گەورەیە بێ بەش بووە.

٣١- ڕووکردنە ڕووگە لە کاتی دەور کردنەوەی قورئاندا (مستحب)ـە، چونکە عیبادەتە، دیارە بۆ هەموو عیبادەتێك ڕووکردنە ڕووگە باشەو خێرە، خۆ ئەگەر ڕووی نەکردە ڕووگە، قەیناکات.

٣٢- قورئان بردنە(گەرماو)ـەوە، ئەگەرلە بەرناچاریی وترسی تیا چوونی نەبێت،دروس نییە.

٣٣- سەبارەت بە لە بیر چوونەوەی قورئان-پاش لە بەر کردنی- قسەی ڕاست ئەوەیە کە کەسی پێ گوناحبار نابێ، ئەگەرچی هەقە موسڵمان، هەوڵ بدات هەرگیز قورئانی لە بیر نەچێتەوە، چـونکە ئـەو فەرموودەیـە هەڕەشـە دەکـات لـەو کەسـانە قورئانیـان لـە بـیر بچێتەوە،(فەرموودەیەکی لاوازە).

٣٤- ئەگەر وێستگەیەك، خەریکی قورئان خوێندن بێت، کەسێکیش لە بەر هەواڵگرتن بیکوژێنێتەوە، وەیان بیگوێزتەوە بۆ وێستگەیەکی تر،هیچ قەیدێکی نییە، چونکە هەموو شتێك کات و ساتی خۆی هەیە.

٣٥- هەڵگرتنی کاسێت، یان ئەو شریتانە، قورئانیان لە سەر تۆمارە،لە لایەن کەسێکی لەشگرانەوە، قەیدی نییە.

٣٦- خوێندنی قورئان لە لایەن ژنانی حەیز دارەوە، (لەبەر) قەیدی نییە،دەشتوانێ بە شتێکی پاك هەڵیبگرێت،بەڵام لەشگران بە هیچ شێوەیەك، بۆی نییە قورئان بخوێنێ،یان هەڵیبگرێ.

٣٧- ئەگەر ژنان پێشبڕکێی لەبەر کردنی قورئانیان سازدا و لیژنەی تەحکیم لە پیاوان

بوو، هیچ قەیدی نییە.

٣٨- لەکاتی خوێندنی قورئانەکەدا دەنگی نەرم و ناسك نەکات.

- جل وبەرگی شەرعیی بالاپۆشی لەبەردا بێت.

- تووشی خەڵوەت نەبێت لەگەڵ نامەحرەمدا.

٣٩- فێرکردنی قورئان بە کرێ و مزە دروستە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((إن أحق ما أخذتم عليه أجرا كتاب الله)) رواه البخاري.

٤٠- بەهەر شێوەیەك قورئان بخوێنرێ - بەپشتدا بکەوی، بە دانیشتن، بە راوەستان.. قەیدی نییە.

٤١- دوای خوێندنی قورئان، گوتنی (صدق الله العظيم) بیدعەیە، چونکە نە پێغەمبەر ﷺ نە خولەفای راشیدین نە هاوەڵانی تر، کەسێکیان دوای قورئان خوێندن نەیگوتووە، لە فەرموودەیشدا هاتووە: ((من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد)) رواه مسلم.

٤٢- بەڵگەیەك نییە بۆ ماچکردنی قورئان.

٤٣- تا بگونجێت دەبێ قورئان لە شوێنێکی بەرزدا دابنرێ، ئەگینە لە زەویشدا لە جێگایەکی پاك دا دەبێ.

٤٤- (ابن عثيمين) دەڵێ: (تەرتیل) بۆ قورئان واجب نییە، بەڵکو لە ئاداب و شێوەی قورئان خوێندنە.

٤٥- بە پەلە دەور کردنەوەی قورئان - لەگەڵ ریعایەتی پیت و (شەددە)کانیدا- زیانێکی نییە.

٤٦- خوێندنەوەی ئەم سوورەتانە: (يس - الدخان - الواقعة - الملك) هەموو رۆژێك یان هەموو شەوێك فەرموودەیەکی صەحیح دەربارەیان نییە، بەڵکو هەقە بۆ موسڵمان هەموو قورئان دەور بکاتەوە.

٤٧- بەپێی ریزبەندی ئێستای قورئان، دەورکردنەوە پەسەندو رەوایە، خۆئەگەر لە سوورەتی (الناس) ەوە -بۆ فێرکردن دەستی پێکرا زیانی نییە.

٤٨- چاوگێران بە قورئاندا بە بێ (تلفظ) و لێو جووڵاندن بە قورئان خوێندن دانانرێ.

٤٩- بەکرێ گرتنی قورئان خوێن لە بۆنەکاندا دروست نییە، هەرکەسێك ئەو کارە بکات گوناحی دەگا و هیچ پاداشێکی نییە، چونکە قورئان خوێندن عیبادەتە، کاری عیبادەتی نابێ بۆ بەدەستهێنانی دنیا بێت.

٥٠- بە کرێ گرتنی کەسێك بۆ قورئان خوێندن دروست نییە، بەڵام ئەگەر بۆ فێربوون و

فێرکردن بێت دروستە.

٥١- قورئان خوێندن لەسەر گۆڕەکاندا شتێکی بیدعەیەو پێغەمبەر و هاوەڵانی نەیانکردووە.

٥٢- دوعا کردن بۆ مردوو لەلای گۆڕەکەیدا بێت، یان لە دوورەوە قەیدی نییە.

٥٣- قورئان دانان لەلای سەری منداڵدا، بۆ مەبەستی پاراستنی لە (جن)ی کارێکی ناپەسەندە.

٥٤- دەکرێ ژنێکی جادولێکراو ببرێ بۆ لای زانایەك قورئانی بەسەردا بخوێنێ؟ بەڵێ دەکرێ بەلاّم بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

- ئەو زانایە ناوبانگی پیاوچاکی و دینداری و عەقیدە پاکی هەبێت.
- لەکاتی خوێندنی قورئانەکەدا بەسەریا، دەبێ بەشێوەیەکی شەرعیی داپۆشرێ.
- نابێ دوو بە دوو بن، تا خەڵوەت دروست نەبێ.
- تا دەکرێ نە تەماشای ژنەکە بکاو نە دەستی لێبدات.

٥٥- ژنی حەیزدار دەتوانێ سوژدەی (تیلاوەت)ی قورئان ببات، چونکە قسەی راست ئەوەیە کە سوژدەی (تیلاوەت) دەستنوێژو (طهارە)تی ناوێ.

٥٦- قورئان خوێندن لەناو قورئاندا - لەکاتی نوێژەکاندا فەرز یان سووننەت- دروستە ئەگەر پێویست بێ.

٥٧- قورئان خوێندن بۆ ژنانی حەیزدار، هیچ فەرموودەیەکی صەحیح نەهاتووە رێیان لێبگرێ، بەلاّم چاك وایە تا پێویست نەبێ وەکو ماموّستا یان قوتابی نەیخوێنێ.

٥٨- ژنی خاوەن حەیز دەتوانێ بە وردبوونەوە لە قورئان بێ ئەوە بە زمان بیڵێت قورئان بخوێنێت، (ئیمامی نەوەوی) هیچ کێشەیەکی تێدا نییە.

٥٩- کەسێکی لەشگران ناتوانێ نە لەبەر نە لەناو قورئاندا دەور بکاتەوە بەلاّم دەتوانێ تەماشای کتێبی تەفسیر و فەرموودە بکات بە مەرجێ ئایەتەکان نەخوێنێتەوە.

٦٠- ژنی حەیزدار دەتوانێ (استغفرالله) و دوعا و هەموو زیکرێك بکات، هیواداریـن خودا لێی وەرگرێت.

ژنان و زەماوەندو بۆنەکان

١- خۆدەرخستنی زاواو بوك پێکەوە لەناو ژناندا دروست نییە، چونکە کاری وا مانای نەمانی شەرمە و، لاسایی کردنەوەی خەڵکانی ئەخلاق رووخاوە.

٢- جل وبەرگ خواستن یان بەكرێ گرتن هیچ قەیدی نییە.

٣- ئاهەنگ گێران لە هوڵ و هوتێلەكاندا گەلێ جار ئەم خراپانەی لێدەكەوێتەوە:

- ماڵ و سامانێكی تیا خەرج دەكرێ بێ ئەوە پێویست بێت.

- ژن و پیاو تێكەڵ دەبن..

- بردنی زاواو بوك بۆ شوێنێكی بەرزو نیشاندانیان لەناو ژنگەلێكدا -كە ئەوانیش بە جوانترین شێوە خۆیان رازاندووەتەوە - دروست نییە... دەبێ زاوا لەجێگایەكی تایبەتی پڕ لە حەیاو شەرمدا لەگەڵ بووكی كۆببێتەوە.

٤- وێنەگرتن بەهەر ئامێرێك یان بە ڤیدیۆ بۆئەوە نیشانی خەڵكانی نامەحرەم وخراپی بدات دروست نییە، پێویستە هەموو موسڵمانێكی ژیرو فامدار لەو جۆرە كردارانە خۆی بپارێزێ.

٥- هەر ئاهەنگێك بزانرێ كاری خراپ و (منكر)ی تیایە، نابێ موسڵمان تێی بچێت مەگەر بە چوونی ئەو (منكر)ەكە نەمێنێ.

٦- ژنان دەتوانن بەم مەرجانە هەڵپەرن:

- لەو جێگایەدا تەنها ژنانی تیابێت.

- ئەوەند نەكرێ بە هەراو سومڕ كە لە دوورەوە پێیان بزانرێ.

- بـە شـێوەی شـەرعیی تـەواو خـۆی داپۆشـێت، واتـە: لـەكاتی هەڵپەرینەكـەدا هـیچ جێگایەكی - رێ پێنەدراوی - دەرنەكەوێ.

٧- وەڵامدانەوەی دەعوەتی زەماوەند بۆ ژنان بەم مەرجانە دروستە:

- مێرد رازی بێ و مۆڵەتی بدات.

- زەماوەندەكە (منكر)ی تێدا نەبێ، یان بە چوونی ئەو نەمێنێ ئەگینە واجب نییە وەڵامدانەوەی.

- گوێ گرتن بۆ گۆرانی ناشیرین و پاشان ژنان پێی هەڵپەرن، كارێكی حەرامە.

٨- خۆ گۆڕین لەو ژوورانەدا ئامادە كراون بۆ زەماوەند، دەبێ زۆر بە حەیاو بەشەرمەوە بێت، بەتایبەتی نەوەك كامێرای شاراوە دانرا بێت و وێنەیان بگرێ.

ژنان وخشڵ و زەنبەر

١- هەموو جۆرە رازاندنەوەو خۆ ئارایشدانێك - خاڵكوتان و برۆتەنك كردن وددان شاشكردن نەبێ - دروستە بۆ ژنان، بەڵام دەبێ ئەم خاڵانە رەچاو بكرێت:

– نەشوبهیٚ بە هی کافران و خەڵکانی خراپکارو فاسیدەوە.

–خۆ نەچوێنن بە پیاوانەوە.

– ریٚ نەگریٚ لە گەیشتنی ئاو بە جەستە، لە کاتی دەستنوێژو خۆ شۆریندا، ژنانی حەیزدارو زەیسان نەبیٚ، واتە: بۆ ئەوان قەیدی نییە، چونکە نوێژو خۆشۆرینیان لە سەر نییە.

– زێدەرۆیی تیا نەکریٚ، چونکە دەبێتە(إضاعة المال)، ئەوەیش لە ئیسلامدا حەرامە.

– کاتی زۆری پیٚ نەکوژیٚ، واتە: زۆرێك لە کاتەکانی لە بەردەم ئاوێنەدا نەباتە سەر.

– خۆی تووشی کیبرو خۆهەڵکێشان نەکات.

– بە پلەی یەکەم لە بەر مێردەکەی خۆی ئارایش بدا و خۆ بڕازێنێتەوە.

– لە گەلٚ (فیطرە ت)دا دژ نەوەستیٚ، وەکو درێژ کردنی نینۆك، چونکە لە فەرموودەکاندا فەرمان دەدات بە کردن و قرتاندنی نینۆك.

– لەو خۆ ئارایشدانەدا (عەورەت)ی دەرنەکەویٚ.

– لەو دەورو بەرەدا خۆی نەکاتە جێی سەرنجی خەڵکانی نامەحرەم.

٢– خۆ بۆنخۆش نەکاو پاشان بچێت بۆ بازاڕ و ببێتە مایەی سەرنجی ئەم و ئەو.

٣– خۆ بۆنخۆشکردن وپاشان رۆیشتن بۆ مزگەوت، قەدەغەو حەرامە.

٤ – دەبیٚ ژنان لە ماڵانیشدا نەهێڵن عەترو بۆنخۆشییان لیٚ بپژێنن، چونکە دەگونجیٚ لە کاتی گەڕانەوەدا،تووشی پیاوان بن و سەرنجیان رابکێشن.

٥– **بەکارهێنانی ئامێرو داوودەرمان بۆ خۆ جوانکردن، بەم مەرجانە نەبیٚ دروست نییە:**

– جەستەی پێی تووشی زیان نەبێت.

– خۆ نەچوێنیٚ بە کافرو خەڵکانی فاسید وخراپەوە.

– زێدە رۆیی تیا نەکات.

– لە کاتی خۆشۆرین و دەستنوێژدا، ریٚ لە تەڕبوونی جەستەی نەگریٚ.

– پەڵەو نەخۆشی لە دەم وچاوو روخسار دروست نەکات.

– هەرکرێمێك زیان بەخش بێت بە پێست، بەکار هێنانی حەرام دەبێت.

– میکیاج کردنی پێست، زیان بە پێست دەگەیەنێت، لەبەرئەوە نابیٚ بەکار بهێنرێت.

٦– بەکار هێنانی نینۆکی دەستکرد و(صناعیی) دانانی (عەدەسە) لەچاودا بۆ جوانیی و، گۆڕینی ڕەنگی چاو دروست نییە، چونکە دەستبڕین و خەڵەتاندن و چەواشەگەری تێدایە: پزیشکەکان لە دانانی ئەو جۆرە (عەدەسە)انە زۆریان باس کردووە.

٧– تەنك کردنی ددان و بەین تیٚ خستنیان بۆ جوانی کارێکی حەرامە، پێویستە ژنانی

مسوڵمان خۆیانی لێ دوور بگرن، بەڵام ئەگەر لەبەر نەخۆشی بوو.. هیچ قەیدی نییە.

٨- بـەکارهێنانی (بـرۆ)ی دەسـتکرد (صـناعیی) یـان هەڵکێـشانی یـان بـڕین و کـورت کردنەوەی دروست نی یە، مەگەر ناشیرینی بکات یان بێتە خوارەوە بۆ ناوچاوانی.

٩- داماڵینی ئەو موانە لەسەر ڕوخسار و لاق و دەستی ژنان دەڕوێن دروستە.

١٠- خاڵکوتاندن کارێکی حەرامە و دەبێ ژنانی ئیماندار خۆیان دوور بگرن لێی، ئەگەر هـەر بە منداڵی بۆیان کوترابوو، دیارە گوناحەکەی لەسەر ئەو کەسەیە ڕێگەی پێداوەو بۆی کوتیوە.

١١- قژ کورت کردنەوە لەبەر ناچاریی و پێویست ڕەواو دروستە.

١٢- بەکارهێنانی (باروکە) واتـە: قژی ژنێکـی تـر بخـوازێ، یـان قـژی دەسـکرد (صـناعە) لەسـەر بکـات، حـــەرامە، چـونکە بـە هـەر شـێوەیەك بێـت چەواشـە گـەریی و (تـەدلیس) ە، ســەرەڕای ئــەوەش بــەر ئــەو فــەرموودە دەکــەوێ کــە دەفــەرموێ: (لعــن اللە الواصــلة و المـستوصلة)، بـەڵام ئەگـەر ژنێـك سـەر تـاس یـان کەچـەڵ بێـت، بـەکارهێنانی (باروکـە) بـۆی حەڵاڵە، چونکە بۆ داپۆشینی نەنگ و لەنگێکە.

١٣- کۆکردنـەوەی قـژ و گرتنـەوەی بـە یـەك (پەلکـە) و بەردانـەوەی بـەناو شـاندا قەیـدی نییە، بەمەرجێ بۆ پیاوی نامەحرەم دەرینەخات.

١٤- قژ لوول کردن، مادام نەشوبهێ بە هی کافرانەوەو لە بەردەم نامەحرەمدا دەرنـەخرێ دروستە، ئەگەر چی بۆ ماوەیەکی زۆریش بێ.

١٥- گۆڕینی ڕەنگی قژ، جاریَ بە سوور، جاریَ بە زەرد.. تاد، هیچ قەیدێکی نییە، بەڵام ڕەشکردنی حەرامە و ڕێی لێگیراوە.

١٦- ژنـان دەتـوانن بـە شـێوەی ئـەمڕۆی هاوچـەرخ دەسـکاری قژیان بکـەن، بـە مـەرجێ نەشوبهێ بە هی کافرانەوە.

١٧- کۆ کردنەوەی قژ لەپشت سەرەوە (بۆ گەورە کردنی سەر) وەکو سەری پیاوان حەرامە.

١٨- شەتڵی قژ بۆ ئەو ژنانەی سەرتاسن یان کەچەڵن دروستە و هیچ قەیدێکی نییە.

١٩- حەرامە ژنان سەریان بتاشن، مەگەر کاتی نەخۆشیی و پێویست.

٢٠- لا بردنی مووی نێوان برۆ، دروستە.

٢١- لە پێکردنی نەعلی پاژنە بەرز لەبەر چەند هۆیەك دروست نییە، لەوانە:

- ژن بە باڵا بەرز و کەڵەگەت نیشان دەدات، لە واقعیشدا وانییە.
- گەلێ جار ئەگەری کەوتنیان لێ دەکرێت.
- پزیـشکەکان دەڵـێن: زیـان بـە منداڵـدان دەگەیـەنێت، چـونکە لـەکاتی دووگیـان بوونـدا

ناهێڵێ جەستەی ژنەكە ڕێك بوەستێ، سەرەڕای توش بوون بە نەخۆشی لاقان.

٢٢– ژنان دەتوانن بە ئارەزوو خشڵی ئاڵتوون و زیوو و موجەوهەراتی تر بەكاربهێنن، بە مەرجێ نەگاتە سنووری زێدەرەویی.

٢٣– ژنان دەتوانن (ئەڵقە، ئەنگوستیلە) بكەنە هەر پەنجەیەكیان بیانەوێت.

٢٤– بەكارهێنانی (لووتەوانە) بۆ ژنان دروستە.

٢٥– بەكارهێنانی (خەڵخاڵ) بۆ ژنان لە لای ژنانی تر و پیاوانی مەحرەمدا دروستە.

٢٦– درێـژكردنی (نینـۆك) دروسـت نـی یـە، چـونكە پێغەمبـەر ﷺ بـۆ نینـۆك كـردن و لابردنی مووی بن باخەڵ و موی..... (چل) ڕۆژی دیاری كردووە، بەرەو ژوورتر لەوە دروست نییە، چونكە كاری خەڵكانی كافر و بێ دینە.

٢٧– ژنـان بـە چاوی (كل) ەوە دروست نیـە لـە مـاڵ دەربچن و خۆیـان بۆ پیـاوانی نامـەحرەم دەربخەن.

ژنان و مێرد كردن

١– ئەگـەر ئافرەتێـك نـەخۆش بێـت، پێویـستە داوا خوازەكـەی ئاگاداربكـات، ئەگینـە لـە خشتەبردن و چەواشەگەریی و (تدلیس)ـە، ئەوەیش كارێكی حەرامە.

٢– ئەگـەر ئافرەتێـك مـەیلی لـە (زەواج) بێـت، دەتـوانێ سەرپەرستیارەكەی ئاگاداربكـات، وەسەرپەرستیار بۆی هەیە بەكەسانی صالح و چاك بڵێ: دەمەوێ كچەكەمت لێ مارە بكەم.

٣– ژنان دەتوانن بدەن بە گوێی پیاوی چاك و باشدا كە مارەی بكات.. چونكە خـاتوو (خەدیجـە) دایكـی موسـڵمانان خـۆی ناردیـە لای پێغەمبـەر ﷺ، هـەروەها (عومـەر) گـوتی بـە (ئەبوبـەكر) و (عوسمـان) یـەك لـە دوای یـەك دەمـەوێ (حەفصە) تـان لێ مـارە بكـەم، خـوا لـە هەموویان ڕازی بێت.

٤– ژنێك دەزانێ سك و زا ناكات، پێویستە ئەو كەسە ئاگادار بكات داوای دەكات، چونكە ئەوە (عەیب)ـە و دەبێ پیاو بیزانێت.

٥– ژنێك بەر لەمێرد كردن بەهۆی هەر كارێكـەوە بێـت، كـچێنی نـامێنێ.. ئەگـەر پێویـست بوو داواكارەكەی ئاگادار بكات لێی.. وەكو عادەت و باوی دەڤەرەكە – دەبێ ئاگاداری بكات، خـۆ ئەگـەر شـتێكی ئاسـایی بـوو، دەتـوانێ دەنـگ نـەكات، جـا پـاش گواسـتنەوەو تێكـەڵی، مێردەكەی حاڵی بكات.

٦- هەركەسێك بیەوێ ئافرەتێك بخوازێ، بەر لەداواكردنی دەتوانێ سەرو دەموچاوو دەست و پێی ببینێ، ئەگەر چی هەندێ لە زاناكان دەڵێن: تەنها دەم و چاوو دەست بەسە.

٧- ئەگەر باوك و دایك هەریەكەیان كەسێكیان هەڵبژارد بۆ كچەكەیان، كچەكەیش حەزی لە كەسێكی تر بوو، دەبێ حساب بۆ ڕاو حەزی كچەكە بكرێت، چونكە ئەو تێكەڵیی و هاوسەریەتی ئەو پیاوە دەكات، بە مەرجێ هاوشان و هاوكووف بێت بۆی.

٨- نابێ ژنی موسڵمان و ئیماندار، مێرد بە پیاوی كافر و خوانەناس بكات.

٩- ئەو كچانەی خەریكی خوێندنن، ئەگەر داواكاریان هات، هەقە مێردی پێ بكەن، چونكە (زەواج) پڕە لە بەرەكەت و بەرژەوەندی بۆ مرۆڤ و خودا ئاسانكاریی دەكات بۆیان.

١٠- بە بێ بیانووی شەرعیی، بۆ هیچ ئافرەتێك دروست نییە لە مێردكردن دوا بكەوێ، چونكە خۆ دواخستن لە شووكردن، ئایندەیەكی تاڵ و تفتی هەیە و پڕ دەبێ لە گیر و گرفت و ناسۆر، سەرەڕای ئەوەیش لادانە لە (فیطرەت)ی خودایی.

١١- (زەواج) سوننەتی پێغەمبەرانە - علیهم االصلاة والسلام - هیچ كەسێك بێ بیانووی شەرعیی بۆی نییە، لەو سوننەتە شەرعیە خۆ كلا بكات.. داستانی ئەو سێ كەسە كە هاتنەماڵی پێغەمبەر ﷺ و لە شێوەو ئەندازەی خواپەرستی ئەویان پرسی و.. یەكێكیان بڕیاریدا: هەرگیز ژن نەهێنێ ! پێغەمبەریش ﷺ ڕەتی بۆچوونەكەی كردەوەو فەرمووی: ((من رغب عن سنتي فليس مني..)) باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستیە.

كەوابوو كارێكی نارێك و نارەوایە نێرومێ لەو سوننەتە لابدەن و خۆ پیرو كەنەفت بكەن و بۆ دواییش بە تەنها ژیان بەسەر بەرن.

١٢- خۆ نمایشكردن لە ڕۆژنامەكاندا بۆ (زەواج) و مێردكردن، پێچەوانەی عورف و باوی خەڵكانی بەحەیاو بەحیشمەتە.

١٣- قسەكردن بە تەلەفون لەلایەن (خوازبێنی كارو كچەكەوە) ئەگەر پێویستی (زەواج)ـە كە نەبێت، چاك وایە (وەلی)یەكەی قسە بكات لەگەڵ داواكارەكەیدا.

١٤- پەیوەندی لەنێوان كچ و كوڕدا.. ئەگەر پێش گواستنەوەو دوای گرێبەستەكە بێت، هیچ قەیدێكی نییە، خۆئەگەر دوای خوازبێنی و بەر لەگرێبەستەكە بوو، بەهیچ شێوەیەك دروست نییە. نە كۆبوونەوە لەگەڵیا، نەتەلەفون و قسە و حیكایەت و تەماشا كردنی.

١٥- گەڕانی كچ و كوڕ پێكەوەو سەفەركردن بۆ ئەم لاو ئەولا، پاش گرێبەست و بەر لەگواستنەوە، لەڕووی شەریعەتەوە هیچ قەیدی نییە، بەڵام بێگومان پێچەوانەی عورف و باوی كوردەواریی و شەرم و حیشمەتە، هەقە لەپێش چاو دایك و باوك و براو خوشك و خزمان و

خەڵکاندا کاری وا نەکەن.

١٦- کەسێك داوای کچێکی کرد و وەڵامی دایەوەو ماڵەوەشیان ڕەزامەندییان دەربڕی، ئیتر هەق نییە خزمانی تریان ڕەخنە بگرن و گرفت بخەنە ڕێگایەوە.

١٧- کەسێك لە حاڵ و ئەخلاقی کەسێکی خوازبێنیکاری پرسی، دەبێ وەك خۆی بۆی باس بکاو درۆ و دەلەسەی لەسەر نەکات.

١٨- کوڕێك خوێن بدات بە کچێك، بەوە نابنە مەحرەم، بەڵکو دەتوانن پێکەوە (زەواج) بکەن.

١٩- دروست نییە زۆر لە کچێك بکرێ بۆئەوە مێرد بە فلانە کەس بکات، ئەگەرچی باوك و دایکی کچەکەش لە (دین) و ڕەوشتی ڕازیبن.

٢٠- دروست نییە ژن بە شوودان نهێنی بێ و خەڵکان پێی نەزانن، بۆیە دەبێ شایەت ئامادە بکرێ و، سوننەتە زەماوەندیشی بۆبکرێ.. هەر ئەمەیشە ئەو خێزانە لە قسەی ناشیرین دەپارێزێ و کچەکەش لە تۆمەت دوور دەبێ.

٢١- ئەگەر برایەك - بێ ئاگاداری باوکی - خوشکەکەی لە کەسێك مارەکرد، پێویستە ئەو نیکاحە بکرێتەوە، چونکە بێ ڕەزامەندیی و ئاگاداری باوك، برا ناتوانێ کچ بە شوو بدات.

٢٢- ئەگەر ئافرەتێك گوتی: بەو مەرجە شووی پێدەکات، ڕێم لێ نەگری (تەدریس) بکەم و بچمە قوتابخانە، یان لە فلانە دەزگادا دەوام بکەم، ئەویش قەبووڵی کرد، دەبێ مەرجەکەی بۆ جێبەجێ بکات، خۆئەگەر پێچەوانە ڕەفتاری کرد، ژنەکە دەتوانێ داوای (فەسخ)ی نیکاحەکە بکات.

٢٣- هیچ ژنێك بۆی نییە -پاش مردنی مێردەکەی - ڕێ لەخۆی بگرێت لە شووکردنەوە، چونکە تەنها خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ بۆیان نەبووە، پاش خۆی مێرد بکەن.

٢٤- هەر نیکاحێك پایە و مەرجەکانی بێتەجێ - ئیتر (زواج المسیار) یان (زواج العرفي) پێ بڵێن - دروستە و کاری پێدەکرێ، ئەمانە پایە و مەرجن بۆ گرێبەست و نیکاح (وەلی، مارەیی، دوو شایەت، ڕەزامەندی ژن و مێرد).

٢٥- دروست نییە بۆ (دەستگیران) لە پێش چاو داواکارەکەیەوە خۆی بگۆڕێ، یان خۆ ئارایشت بدا و میکیاج بکات، چونکە هێمان بە یەك نامەحرەمن.

مارەیـــی

١- مارەیی هەقی ژنانە، جا ئەگەر ژنەکە بە ئارەزووی خۆی دەستی لێ هەڵگرت، یان لە بەشێکی پیاوەکەی ئازاد کرد، دروستە بە مەرجێ فامیدە و ژیر بێ.. ئەگینە بۆ هیچ کەسێك نییە شتێکی لێ ببات.

٢- ئەگەر بەشێك لە مارەیی دوا خرابوو بۆ کاتێکی دیاری کراو (المهرالمؤجل) دروستە و کاری پێ دەکرێ، وەمارەیی (مؤجل) ئەگەر بەسەر مێردەکەوە بوو دەوڵەمەندبوو، دەبێ زەکاتی بدات، ئەگینە زەکاتی لەسەر نیە.

٣- ژنی ژیر و فامیدە دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی لەو مارەییە قەرزەی دەست هەڵگرێت، ئەگینە بە زۆر و زۆر کاری ئازاد نابێ و هیچ نابەسێتەوە.

٤- دەتوانرێ لە باتی مارەیی، فێرکردنی قورئان بێ، وەکو پێغەمبەر ﷺ لە تەمەنی خۆیدا ئەنجامیدا بۆ یەکێك لە هاوەڵان، هەروەها دروستە (قورئان) بکرێتە مارەیی، چونکە قسەی ڕاست ئەوەیە کە فرۆشتن و کڕینی قورئان دروستە.

٥- ژن دەتوانێ مارەییەکەی (عومرە) بێت لەسەر پیاوەکە دای بنێت.

٦- باوك دەتوانێ ئەندازێك -کە کچەکە پێویستی نەبێ - لە مارەییەکەی ببات بۆ خۆی (لیژنەی فتوای هەمیشەیی سعودیە).

٧- هەر بە گرێبەستەکە ژن مارەیی مسۆگەر دەکات، جا ئەگەر سەرجێیی لەگەڵ کرا، یان خەڵوەتیان کرد، یان یەکێکیان مرد، مارەیی تەواو دەبات.

٨- ئەگەر بەر لەسەرجێیی تەڵاقدراو، لە گرێبەستەکەدا مارەیی بۆ تەواو کرابوو، نیوەی مارەییەکە دەبات، ئینجا هەرکامیان دەست لە بەشی خۆی هەڵگرێ دروستە و کارێکی باشی ئەنجامداوە.

٩- ئەگەر بێ باسکردنی مارەیی نیکاحەکە کرا، دادەمەزرێ و ژنەکە (مهر المثل) ی بۆ دادەنرێت.

١٠- هەر کات بەر لە خەوتن ژنەکەی تەڵاقدا، بە پێی دارا و نەداریی مێرد، دەبێ (موتعە = ئەندازێ لەماڵ) بدرێ بە ژنەکە.

١١- ئەگەر بەر لەنوستن پێکەوە تەڵاقدرا، لەسەر لاساری ژنەکە، ئەوکاتە هیچی ناکەوێت.

١٢- باشترین نیکاح ئەوەیە مارەیی کەم بێت، بێ شك زێدەڕۆیی لە مارەیی و ئاهەنگگێڕان دا پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە، وە پیرۆزیش لە کەمی تێچوون و مارەیی

دایـه، ئەمـەش دەكەوێتـە سـەر شـانی ژنـان، هەقە لـەباتی قورسـكردنی مـارەیی و تـەكالیف.. هەوڵبدەن ئەركی سەر شانی زاوا كەم بكەنەوە..

١٣- نیكاح لە كاتی حەیزدا دروستە، بە مەرجێ سـەرجێیی لەگەڵ نـەكرێت، بـەڵام تـەڵاق لە حەیزدا دروست نییە.

چەند خاڵێك لە بارەی مافی ژن و مێردیەوە

١- دەبێ ژن لە سنووری چوارچێوەی شەرعدا گوێڕایەڵی مێردی بێت.

٢- دەبێ چاوی لە نامووس و شەرەف و ماڵ و ئەولادی بێت.

٣- هەركات داوای سەرجێیی لێكرد، دەبێ وەڵامی بداتەوە.

٤- بە مۆڵەتی مێردەكەی نەبێ، لەماڵ دەرنەچێ.

٥- ئیش و كاری ماڵەوە، چی لەسـەر ئـەوە، دەبێ پێـی هەڵسـێت، سـەرەڕای ئەمانـە هەقە ڕەفتار و مامەڵەی شیرین و جوان بێت لەگەڵیا، وە پاداشتی توندو تیـژیی و خراپـەكانی، بە نەرم و نیانیی و ڕەفتاری چاك بداتەوە، تا باشتر ئولفەت و خۆشەویستی نێوانیـان بچەسپێ. ڕۆژێك (شـەعبی) لـە حاڵ و ئـەحواڵی قازی (شـورەیح)ی پرسـی لەگەڵ خێزانەكەیدا، گـوتی: بیـست سـاڵە نەمـدیتووە كـارێ بكـات تـووڕەم بكـات، گـوتی: چـۆن ؟! شـورەیح وتـی: یەكـەم شـەوی بەیەكگەیشتنمان دیتم ئافرەتێكی زۆر بە جـەماڵ و شـۆخ و شـەنگە، لـە دڵـی خۆمـدا گوتم: با لـە سوپاسـی خـوادا دەست نوێـژ بگـرم و دوو ڕكات نوێـژ بكـەم، كە سـەلامم دایـەوە دەبینم ئەویش وەكو من خەریكی نوێژە، جاكاتێ خزم و میوان هەستان و چۆڵیان كرد و هەر خۆمـان ماینـەوە گـوتی: سـوپاس و سـتاییش بـۆ خـوا، سوپاسـی دەكـەم و داوای یارمـەتی لێدەكەم، دروود و سڵاویش دەنێرم بۆ گیانی پێغەمبـەر ﷺ و بنەماڵـەی، پاشـان: من ژنێكی غەریب و بێ ئاگام لە ئەخلاق و ڕەوشتی تۆ.. هەر ئێستا پێم بڵێ چیت پێ باشە با بیكـەم و، چیشت پێ ناخۆشە با نەیكەم، شیاوی باسە، تۆ دەتوانی لـە ژنـانی خۆتـان ژن بێنـی، منـیش دەمتـوانی مێـرد بـە كەسـێكی هاوشـانی خـۆم بكـەم، بـەڵام بڕیـاری خـودا هـەر دەبـێ بـبێ، تـۆ بویتە خاوەنی من، خودا چ فەرمانێكی پێكردوی جێبەجێی بكە.. (یا بەباشی ڕامگرە، یان بە باشی جودا بینەوە.. (اقول قولي هذا وأستغفر الله لي ولك...)

(شورەیح) گوتی: منیش ناچار بووم گوتارێکی ئاوام خوێندەوە و گوتم: قسەیەکت کرد ئەگەر ئاوابیت بەختیار دەبی، ئەگینە دەکەوێتە سەرت من ئەوەو ئەوەم پێخۆشە، ئەوەو ئەوەیشم پێناخۆشە، هەر چاکەیەکت لێ دیتم دەتوانی بڵاوی بکەیتەوە، هەر خراپەیەکیشت لێ دیتم دایپۆشە. گوتی: پێم خۆشە سەردانی ماڵی باوکم بکەم ؟ گوتم: هەرگیز حەزناکەم ماڵی خەزوورانم بێتاقەت بکەم. گوتی: لە دراوسێکان بە کێ حەز دەکەیی و بە کێ حەزناکەی بێنە ماڵت ؟ گوتم: فلانە خێزان پیاوی چاکن، فلانە خێزانیش خراپ، ساڵێکمان پڕ لە خۆشیی و خۆشەویستی بردە سەر، ڕۆژێك لە کار گەڕامەوە ماڵ، ژنێکم دیت لە ماڵەوە، گوتم کێیە ؟ گوتی: خەسووتە، ئەویش لای بەلامەوە کرد و گوتی: چۆن ژنەکەتت دیت ؟ گوتم: باشترین ژنان. گوتی: وریابە ! ژن لە دوو حاڵەتدا زۆر خراپ دەبێت: کاتێ دووگیان دەبێ و کوڕی دەبێ، کاتێ زانی مێردی خۆشی دەوێ.. لەبەر ئەوە چۆنت دەوێ ئەدەبی دابدە و پاکژەی بکە. بەلێ: بیست ساڵ لەگەڵم مایەوە و گلەییم نەبوو لێی، جارێك نەبێ، ئەویش تاوانی من بوو. (موسوعة فقه المراة المسلمة) یوسف الحاج أحمد.

٦- بە هیچ شێوەیەك دروست نییە، تێکەڵی کردن لەگەڵ ژناندا لە پاشەوە، ئەگەر کەسێك کاری وایکرد، دەبێ تەوبە بکات و نیەت بێنێ جارێکی تر نەچێتەوە سەر ئەوکارە.

٧- قسەی ڕاست ئەوەیە، ئەگەر کەسێك لە پاشەوە دروست بوو لەگەڵ خێزانیا کەفارەتی ناکەوێتە سەر.

٨- ژنان دەبێ ڕێ بەو کارە دزێوو ناشیرینە نەدەن.

٩- هەقە.. ئەگەر شتێکی وای دیت، سکالا بنووسێ و داوای (فەسخ) ی تێدا بکات.

١٠- ژن دەتوانێ تەماشای تەواوی جەستەی مێردی بکات، پیاویش دەتوانێ تەماشای تەواوی جەستەی ژنەکەی بکات.

١١- بە پێی فتوای (اللجنة الدائمة) لە (سعودیە) دەبێ ژنان خزمەتی پیاوەکانیان بکەن، چونکە ژنە ساڵحەکانی پێش، خزمەتیان کردوون، لەوانە: خاتو (فاطمة) و (ئەسما)ی کچی (أبوبکری الصدیق) -خوایان لێ ڕازی بێت- کە بەڕاستی هەریەکەیان بەدڵسۆزانە لە خزمەتی ئیش و کاری ماڵەوەو دەرەوەی ماڵدا بوون، لەبەر هاوکاری مێردەکانیان: (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) و (زوبەیری کوڕی عەوام) -خوایان لێ ڕازی بێت.

١٢- نابێ ژنان زیاد لە توانای مێرد و باوی کۆمەڵگە، داوای نەفەقە بکەن، چونکە خودا دەفەرموێ: (وعاشروهن بالمعروف)

١٣- هەقە ژنان هاوکاری مێردیان بکەن – سەبارەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری

ماڵ و منداڵی، ئەگینە بە خراپکار دەژمێردرێ، بۆ ئەمەیش پێویستە بە ئارام بێت.

١٤- نابێ ژنان بە بێ موڵەت و ڕەزامەندی مێردیان، هیچ شتێك لە ماڵ و سامانی خەرج بکەن، چونکە خودا قەدەغەی کردووە کەسێك بە ناهەق ماڵی کەسێك بخوات.

١٥- پیاوێك بە پێی عادەت و باوی خەڵکانی وەك خۆی لە ناوچەکەدا نەفەقەی ماڵ و منداڵی نەدات، لەو حاڵەتەدا ژنان دەتوانن بەپێی هەقی خۆیان - بێ موڵەتی مێرد - لە ماڵەکەی نەفەقە بۆخۆیان خەرج بکەن.

١٦- ئەگەر پیاوان بە ڕەزامەندی ژنان شتێکیان لە ماڵ و سامانیان وەرگرت، دەبێتە حەلاڵیان، بەڵام دەبێ پاش ئەوە منەت نەخەنە سەریان، هەروەك ئەگەر ژنان ڕازی نەبوون، نابێ پیاوان لە هقووقی خۆیان بێ بەشیان بکەن.

١٧- ژنان لە ئاڵ و وێڵ و، بەخشین و خێر و صەدەقە.. هتد، لەماڵی خۆیان ئازادن، بۆیە مێرد بۆی نییە پێی لێ بگرێ، بە مەرجێ فامیدە و ژیربێت.

١٨- هەرکات پیاو داوای لە خێزانەکەی کرد لەگەڵیا بخەوێ، حەرامە وەڵامی نەداتەوە، مەگەر نەخۆش بێت، لەو حاڵەتەشدا نابێ پیاو داوای شتێکی وا بکات، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (لا ضرر ولا ضرار) نابێ کەس زیان بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێ.

١٩- نابێ پیاو بە خێزانەکەی بڵێت: دایە، خوشکە، یان ژن بە مێردەکەی بڵێ: بابە، برا، یان هەر وشەیەکی تر لەو بابەتە.

٢٠- نابێ ژنان خەڵکی نامەحرەم -ئەگەر چی هاوڕێی مێردەکەیشی بێت، یان پیاوچاك و بە متمانە بێ- بەرێتە ماڵ، لەو کاتانەدا مێرد لەماڵ نییە، هەروەها نابێ پیاویش خێزانی هاوڕێکەی یان دراوسێکەی بەرێتە ماڵەوە، بۆ خزمەتکردن و نان و چێشت کردن، نەوەك شەیتان خەتەرەو وەسوەسەیان بۆ پەیدا بکاو، کاری دزێوو ناشیرین ڕوو بدات، ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (إياكم و الدخول على النساء، قالوا: يارسول الله !: أرأيت الحمو ؟ قال: الحمو الموت) رواه البخاري.

٢١- ئەگەر ژنێك مێردەکەی بەهەشتی نەبێ، دەبێ خودا (بەدیل) ی بۆ پەیدا بکات..؟ بێگومان پاداشتی قیامەت بۆ ژن و پیاوە بە گشتی، (ومن يعمل من الصالحات من ذكر او أنثى وهو مؤمن فاولئك يدخلون الجنة..).

٢٢- ئەگەر ژنێك چەند مێردێکی کرد بوو و هەمووشیان ئاکار چاك و بەهەشتیبن، خودا لە ڕۆژی قیامەتدا سەرپشکی دەکات کە بە ئارەزووی خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێ.

٢٣- پاش گواستنەوەی کچێك، دیتی کچێنیی نییە، دەبێ چی بکرێ..؟ (شێخ بن باز)

دەڵێ: ئەو كارە دەكرێ چەند هۆیەكی هەبێ، جگەلە زینا پێویستە گومانی باش ببرێ، چونكە دەكرێ بە هۆی توندی خوێنی حەیزەوە یان باز بردنێكەوە نەمابێ..، یان ئەگەر بە زیناش بووبێ، وا ئێستە تەوبەی كردووەو گەڕاوەتەوە.

٢٤- نادیار بوونی مێرد (غياب الزوج) ماوەیەكی زۆر لە هاوسەری، ئەگەر ژنەكەی ڕازی بوو، دیارە چوار مانگ یان شەش مانگ یان ساڵێك یان دوو ساڵ دیار نابێ، بە مەرجێ ژنەكە لە شارێكی ئەمین بێت و ڕازیش بێت، خۆ ئەگەر ڕێو شوێنی ئەمین نەبوو، خۆیشی بەوە ڕازی نەبوو، ڕێگە نییە ئەوەندە خۆی نادیار بكات، چونكە لە ئیسلامدا مامەڵە دەبێ بە (مەعروف) و شەرع پەسەند بێت.

٢٥- ئەگەر ژنێك بە مێردەكەی وت: تۆ برامی ! تۆ بابمی ! ئەم وشانە و هەر وشەیەكی تر لەو بابەتە، ژنان حەرام ناكەن لە مێردیان، واتە بە (ظهار) دانانرێ، بەڵكو تەنها بە سوێند دادەنرێ و دەبێ كەفارەتی سوێند (نانی ١٠ هەژار) هەر هەژارەی نیو (مەن) لە خۆراكی خەڵكی شارەكەی بدات.

سەرنجـــێك:

(ظیهار) تەنها لەلایەن پیاوانەوە دەبێ، بۆ نموونە: بەخێزانەكەی بڵێ:(تۆ دایكمی، تۆ خوشكمی) ئیتر ژنان ناتوانن مێرد لەخۆ حەرام بكەن، بە بەكار هێنانی ئەو جۆرە وشانە.

٢٦- بێگومان لە نێوان ژن و مێردا، هەندێ شتی نهێنی ڕوو دەدات، پێویستە ژنان – بە تایبەت- ئەو نهێنیانە بپارێزن و، لای خەڵكی باسی نەكەن، هەروەها پیاوانیش.

٢٧- مێرد ناتوانی هیچ شتێك لە مووچەی هاوسەرەكەی وەرگرێ، یان لێی زەوت كات بە ڕەزامەندیی و خۆشحاڵی ئەو نەبێ.

٢٨- ئەگەر ژنێك پاش (زەواج) هەندێ شتی لە مێردەكەی دیت، مایەی دڵ نیگەرانی ئەو بوو، ئایا دەتوانێ داوای جیابوونەوەی لێ بكات..؟ بەڵێ ئەگەر هەندێ مەرج و بڕیار لە نێوانیاندا بوو و پێچەوانە دەرچوون، دەتوانێ داوای جیابوونەوە بكات، لە هەمانكاتدا هەرچی لە مێردەكەی وەرگرتبێ، دەبێ بیداتە دواوە، چونكە ئەوە هۆی جیابوونەوەیە، خۆ ئەگەر ڕازیی بوو، هیچ قەیدی نییە.

٢٩- ژن و پیاو بۆیان هەیە لەكاتی (جیماع) دا زیكری: ((بسم الله، اللهم جنبنا الشيطان، وجنب الشيطان ما رزقتنا)) بخوێنن، رواه البخاري.

٣٠- پیاوێك بۆ خۆی دەزانێ (نەزۆك)ـە و منداڵی نابێ.. پێویستە بە هاوسەرەكەی بڵێت،

ئەگینە خەیانەتە لێی.

٣١- لە ڕەمەزاندا ژن گواستنەوە (کەراهەت) ی نییە.

٣٢- (شیخ إبن عثیمین) دەڵێ: (شهر العسل) دروست نییە، چونکە لاسایی خەڵکانی ناموسوڵمانە، لەولایشەوە ماڵ و سامانێکی زۆر بە فیڕۆ دەچێ و تووشی هەندێ کاری ناپەسەند دەبن.

٣٣- مێرد ناتوانێ ڕێ لە هاوسەرەکەی بگرێت، لە کڕینی شتومەکی (کەمالیات) لە ماڵی خۆی، بەمەرجێ زێدەڕۆیی نەکات.

٣٤- ژنان بێ موڵەت لەمێرد نابێ لە ماڵ دەرچن، ئەگەر چی بۆ سەردانی باوك و دایکیشی بێت، مەگەر حاڵەتێك ببێ ژنەکە ناچار بێ بچێت.

٣٥- نەفەقەی ژنان لەسەر مێردە، ئەگەر چی مووچە و مانگانەشیان هەبێ، مەگەر بۆ خۆیان پێیان خۆش بێت شتێك سەرف بکەن.

٣٦- ئەگەر ژنان ئەشقیی و لاساربوون، پیاو دەتوانێ - ئەگەر ئامۆژگاریی و نەصیحەت بێ کەڵکبوو بۆی - جێنووستنی لەگەڵ جیابکاتەوە، وە یان لە کاتی خەودا پشتی تێ بکات، تاوەکو جارانی لێدێتەوە، بەڵام هەرگیز بێ گوناح نابێ کاری وا بکات.

٣٧- فێڵ و مەکر لە ژنان بۆ ئاژاوە لەگەڵ پیاوەکانیاندا، یان لە خشتە بردنیان بۆ ئەوەی لای مێرد دانەنیشن، کارێکی حەرامە و پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لیس منّا من خبّب إمرأة علی زوجها، أو عبداً علی سیده)) رواه أبوداود.

٣٨- ئەگەر پیاوێك بێ هۆکارێکی شەرعی، ماوەیەك خۆی نادیار کردو نەفەقەکەی ژنەکەی نەدا، دەبێ هی ڕابردوویشی بۆ سەرف بکاتەوە.

٣٩- کەسێك لەگەڵ کیژێکدا بە حەرامی سەرجێیی کرد، پاشان ویستی مارەی بکات، هیچ قەیدی نییە، بەڵام حەقە:-

- هەردوو تەوبە بکەن لەو گوناح و تاوانە کردوویانە.
- پەشیمانی دەربڕن لێی.
- نیەتی وابێت هەرگیز نەگەڕێتەوە بۆ کاری دزێوی وا.
- پتر لە جاران دەست بداتە ئاکاری چاك و خواپەرستیی.

سەرنجێك:

دەبێ بەر لەمارەکردن (حەیز) ێك ببینێ، بۆ ئەوەی دەرکەوێ دووگیان نەبووە، خۆ ئەگەر بەوکارەیان دوو گیان بووبێ، تا(حمل)ەکەی دانەنێ، دروست نییە نیکاح بکرێ. (اللجنة الدائمة)

٤٠- يادكردنـەوەی سـاڵی (زەواج) و ديـاريی و بەخـشش، كـارێكی نادروسـتە، چـونكە لەشەريعەتی ئيسلامی پيرۆزدا، ئەو تەكليف و ئەركە بیٚ جێيانە، جێيان نييە.. بەڵكو لەباتی ئەوە هەوڵ بدریٚ خۆشەويستی پتر بكریٚ.

٤١- مێـرد دەتـوانیٚ بـەدايكی خێزانەكـەی بڵـیٚ: پـوریٚ، هـەروەك ژن دەتـوانیٚ بـە بـاوكی مێردەكەی بڵیٚ: خاڵە، يان بڵیٚ مامە.

لە گرێيەستدا ئەم خاڵانە ڕەچاو بكەن

- مارەيی دياری بكریٚ و لە عەقدەكەشدا ناو ببریٚ.

- بیٚ (وەليی) ژنەكە گریٚ بەست نەكریٚ، چونكە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویٚ: ((لا نكاح إلا بولي)).

- دوو شايەتی نێرينەی باڵغ و موسڵمان و عادڵ ئامادە بكرێن.

- كچ و كوڕ، دەبیٚ هەردوو ڕازی بن.

٤٢- پيـاو دەتـوانیٚ - لـە بەرامبـەر چـاكە و صـەلاحەتی ژنەكەيـەوە، هەرچـی بيـەویٚ بيبەخشیٚ پێـی، ئەگەر زيانبەخش نەبیٚ بە ميراتگرەكانی، هـەروەها ژنيش دەتـوانیٚ، چـی دەبەخشیٚ بە مێردی، بيبەخشیٚ.

٤٣- وێنەگرتنی حاڵەتی ژن و مێرديی، لە كاتی (جيماع) و تێكەڵبووندا، كارێكی حەرامە و دەبـیٚ موسـڵمان خـۆی لیٚ دوور بگریٚ، چونكە پاراسـتنی (عيرض) و (عـەورەت) شـتێكە لـە ئيمان و فيطرەتی پاك.

٤٤- مێرد بۆی هەيە لە تەواوی جەستەی هاوسەرەكەی لـەزەت وەربگـریٚ، وە دەتـوانیٚ لـە پاشەوە - لەجێی خۆيەوە - سەرجێيی لەگەڵ بكات، واتـە: لـە (كۆم)ـەوە بە هيچ شێوەيەك ڕێـی پێنـەدراوە و هەڕەشـەی سـەختی تيادايـە و پێچەوانەی هـەموو ڕەوشـتێكی مرۆڤايەتيـە، تەنانەت ئاژەڵيش لەگەڵ يەكتردا بەكاری ناهێنن.

٤٥- ئەگـەر ژنێـك مێردەكـەی عـارەق خـۆر بێـت دەبـیٚ ئامۆژگـاری بكـاو، خـۆ ئەگـەر نەگەڕايەوە سەر ڕێی ڕاست، دەتوانیٚ لەگەڵی نەخەویٚ و داوای جيابوونەوەشی لیٚ بكات.

٤٦- دەبیٚ ژن بەسەر مێردەكەيدا دەنگ بەرز نەكاتەوە، هـەروەكو هەقە پياويش بەرامبـەر هاوسەرەكەی نەرم و نيان و بەڕێز بێت، وەنابیٚ هيچيان مافی ئەويان پێشێل بكەن.

٤٧- ديارە نەفەقەی ژن لەسەر مێردە.. بەڵام هەركات ئەشقيبوو و دەستی دايە لاساريی

و خۆی نەدا بەدەستەوە، نەفەقەش دەبڕدرێت.

٤٨- ئەگەر ژنەکە بەموڵەتی مێردەکەی چووە سەفەر، یان بێ موڵەتی ئەو، بێگومان نەفەقەو (قەسم) ی دەفەوتێ.

٤٩- یەکخستنەوەی ژن و مێرد و نەهێشتنی ناکۆکییەکانیان بە (جادوو) کارێکی حەرام و قەدەغەکراوەو دروست نییە، هەروەك جیاکردنەوەیان بە (جادوو) حەرام و یاساغە، بەڵکو هەندێ جار دەبێتە کوفر و شیرك.

٥٠- نوشتەی چەور و شیرینی (وەکو کورد دەڵێ) بۆ ئەوە ژن و پیاوەکە یەکتریان خۆش بوێ، کارێکی حەرام و بە جادوو دادەنرێت.

٥١- حەرامە بۆ مێرد، ڕێ لە (صیلەی ڕەحم) بگرێت و نەهێڵێت ژنەکەی سەردانی باوك و دایکیی و خزمانی بکات، مەگەر بزانێ (مەفسەد)ـە یەکی لێ پەیدا دەبێ.

٥٢- حەرامە بۆ مێرد، فەرق و سوون بخاتە نێوان ژنەکانیەوە - ئەگەر چەند ژنێکی هەبوو - لە خانوو و جل و بەرگ و نەفەقە و شەومانەوە لەلایان، ئەگەر چی هەندێ دەوڵەمەندیش بن.

٥٣- ئەگەر ژنێك بیەوێ لەماڵی خەزووران دوورەوە کەوێ، تاهەراو دڵئێشانیان نەبێ.. دەبێ مێرد هەوڵبدات کێشەکەیان چارەسەر بکات، خۆئەگەر چارەسەر تەنها جیابوونەوەو دوورکەوتنەوە بوو، قەیدێکی نییە، بەڵام دەبێ دەست لە (صیلەی ڕەحم) هەڵنەگرێ.

٥٤- (عەزل) واتە: خۆکشانەوە لەکاتی (جیماع)دا، بۆ ئەوەی (مەنیی)ـە کە برژێتە دەرەوەی ژنەکە، بەم مەرجانە درووستە:-

- دەبێ ژنەکە ڕازی بێت، چونکە هەقیەتی داوای منداڵ بکات.

- ئەگەر ڕازی نەبوو دروست نییە لە لەزەت وەرگرتن بێ بەش بکرێ، چونکە لەزەت و خۆشی ژنان، دوای ڕژانی (مەنیی)یەکە بۆ ناوەوە تەواو دەبێت.

چەند مەسەلەیەك لە فرە ژنیی

١- فرە ژنی.. موڵەت و ئیزنی خودای لەسەرە، بۆ هیچ موسڵمانێك ڕەوا نییە بێزاری دەربڕێ و ئیستنکاری بکات، بێگومان هەرکەسێك فرە ژنی پێ قەبوڵ نەبێ، بە (مورتەدد) و پاشگەز بووە لە ئیسلام دادەنرێ، وە بەر ئەم ئایەتە دەکەوێ کە دەفەرموێ: (ذلك بأنهم كَرِهُوا مَا أنزَلَ اللهُ فأحبَطَ أعمَالَهُم) بێ شك ئەوانە وا فرە ژنی ڕەت دەکەنەوە، کەوتونەتە ژێر

کاریگـەری کـافر و خوانەناسـانەوە، موسـڵمانە دڵپـاك و سـادەکانیش بـێ چـەند وچـوون لاساییان دەکەنەوە و، هەریەکەو لە ئاوازێ لێ دەخوێنێ و پاساوی بۆ دێنێتەوەو، وا قسە دەکەن ئیسلام نەیپێکاوە و، بۆ ئەمڕۆ دەتوانرێ بەرهەڵست بکرێ !

٢- هەموو کات سەرژمێریی و ئامارەکانی جیهان، وا دەگەیەنن کە کچان پتر لە کوڕان لە دایك دەبن و، زۆربەی ئەوانەی دەمرن نێرینەن، چونکە جەنگ و ئاژاوەکانی دنیا زیاتر پیاوان دەگرێتەوە تا ژنان، کەوابوو هەمیشە ڕێژەی ژنان بەرزترە.. بۆیە ڕێ بە پیاوان دراوە تا چوار ژن بێنن، تا بەڵکو ئەو ڕێژە زیادەیە بێ مێردی شەرعیی و حەڵاڵ نەمێننەوە. خۆ بێگومان پیاوێك لەسەر بناغەی شەرعی لەگەڵ ئافرەتێکدا تێکەڵ بێت، زۆر باشترە لەوەی لەسەر شەقام و کۆڵانێکدا بە ناشەرعی تێکەڵ دەبن و، پاشان هەڵدەسێتەوە و خۆی دەتەکێنێ و پێچی لێدەکاتەوە.

٣- ئەگەر پیاوێك ویستی ژنی دووەم بێنێ، مەرج نییە ژنی یەکەم ڕازی بکات، ئەگەر چی سیفەتی جوامێریی و مەردی واهەڵدەگرێ، بە هەر شێوە و شێوازێك بوو بێت ژنەی یەکەم ڕازی بکات، چونکە ئەو ڕازییکردنە دەبێتە مایەی زیادبوونی خۆشەویستیی ودلۆڤانی نێوانیان لە ئاییندەدا.

٤- (شێخ بن باز) دەڵێ: بەکار هێنانی (عەدالەت) لە نەفەقە و (قەسم)دا واجبە، ئەگینە لە خۆشەویستیی و (جیماع)دا لە توانادا نیە و ناکرێ.

٥- (قەسم) تەنانەتی بۆ ژنی حەیزدار و زەیسانیش واجبە، ئەگەر چی سەرجێییشیان لەگەڵ ناکرێت.

٦- ئەگەر ژنی دووەم کچ بوو، دەتوانێ (٧) شەو لەلای بمێنێتەوە، خۆ ئەگەر بێوەژن بوو، دەبێ (٣) شەو بمێنێتەوە.

٧- هاتووچۆی ژنێك - بەشەودا - سەرەی خۆی نەبێ.. تەماشای عورفی کۆمەڵگە دەکرێ.. ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە کاری وایان ڕێ پێدەدا و بە ستەمیان دانەدەنا، دەتوانێ هاتووچۆ بکات، ئەگینە واز بهێنێ لێی.

٨- ئەگەر ژنێك سەرەی خۆی بەخشی بە مێردەکەی، یان بە (هەویەکە)ی دروستە، هەرکاتێکیش داوای کردەوە هەقی خۆیەتی.

٩- دروست نییە - بێ هۆکاری شەرعیی - فەزڵی ژنێك بدات بەسەر ئەوانی تردا، لە بەخشش و دیاریدا.. خۆ ئەگەر یەکێکیان هاوکاری مێردەکەی دەکرد، لە ئیش و کارەکانیدا، دەتوانێ پتر لە بەرامبەر ئەوەوە، ئەمیش خزمەتی ئەو زیاتر بکات.

١٠- ئەگەر ویستی یەكیّ لە ژنەكان، لەگەڵ خۆی ببات بۆ سەفەر، دەبیّ (تیر و پشك)یان بۆ بكات، چونكە پێغەمبەر ﷺ هەمیشە وای دەكرد، هەر ژنێكیش بۆی دەرچوو، نابیّ ژنانی تر داوای مانەوەی شەویّ زیاتر لەو بكەن، كاتیّ گەڕانەوە، بەڵكو لە سەرەی خۆیدا دیسان دەست پێدەكاتەوە..

١١- ئەگەر ژنێك گوتی: بەمەرجیّ شوی پێدەكات، هەوێكەی تەڵاق بدات، دەیشیزانی ئەو قسە ناهەقە، ئەو مەرجە پووچە و كاری پیّ ناكریّ، خۆ ئەگەر نەیدەزانی، دەتوانیّ (فەسخ)ی بكاتەوە.

ژنان و تەڵاق

١- هەركات مێرد وتی: تەڵاقی خێزانەكەم كەوتبیّ، دەكەوێت، ئیتر بە ژنەكە بگات و بزانیّ، یان نا.. تەنانەتی ئەگەر پاش (٣) حەیز، یان (٣) پاكی بە تەڵاقەكەی زانی، دەاتوانیّ شوو بكات و، عیددەی تەواو بووە.

٢- لە دڵدا تەڵاقی ژنەكەی خست، بەڵام نەبە زمان گوتی، نەبە نوسین نوسی، ناكەویّ.

٣- (شیخ إبن عثیمین) دەڵیّ: مانەوەی ژن لای مێردیّ نوێژ نەكات، دروست نییە، بە تایبەت ئەگەر ئەو ژنە ئاقیدەی وابێت، مرۆڤی نوێژ نەكەر كافر دەبێت.

٤- ژیان بەسەر بردن لەگەڵ مێردی ئارەق خۆردا - بە پێی فەتوای (ئیبن عثیمین) - نە حەرامە و نە قەیدی هەیە، بەڵام دەبیّ هەمیشە ئامۆژگاری بكات.. خۆ ئەگەر بزانیّ شەو نەخەوتن لەگەڵیا، كاریگەری دەبیّ بۆ وازهێنان لێی، دروستە و هەقە بیكات، خۆ ئەگەر بزانیّ هیچ كەڵكی نییە، حەلاڵ نییە بۆی (سەرجێیی) لەگەڵ نەكات.

٥- بە یەك وشە (٣) تەڵاقەی ژنەكەی داو پێیگوت: (أنت طالق ثلاثاً)، بە یەك تەڵاق دادەنریّ و تا لە (عیددە)دا بیّ، دەتوانیّ بیهێنێتەوە بیّ مارە كردنەوە، خۆ ئەگەر عیددەی تەواو كردبوو، دەبیّ مارەی بكاتەوە.

٦- شایەتگرتن بۆ تەڵاق سوننەتە، واتە: تەڵاقدان بیّ شایەت دروستە و دادەمەزریّ.

٧- ئەم شتانە ڕیّ بە ژنان دەدەن داوای تەڵاق بكەن:

- مێرد لە نەفەقەدا دریّغی بكات.

- مێرد زیانێك بە ژنەكەی بگەیەنیّ، نەتوانیّ لەگەڵیا بژی، لەوانە: جنێو، لێدان، زۆری لیّ بكات بۆ كاری دزێوو و ناشیرین.

- مێرد بە جێی بهێڵیّ و خۆ نادیار بكات، ئەمیش ترسی (فیتنە)ی هەبیّ.

- مێرد زیندان بكرێ و، ئەمیش توانای خۆ گرتنی نەبێ.
- مێردەكـەی ببینـێ عەیبـداره، لەوانـە: نـەزۆكی، نـەبونی توانـای جیمـاع، جـۆره نەخۆشیەكی ناشیرین و پەتا.

٨- تەلاق لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، ناپەسەندە و پێشی دەڵێن: (الطلاق البدعي):-
- لە حەیزدا، یان لە زەیسانیدا تەلاقی بدات.
- یان لە پاكیدا تەلاقی بدات، بەلام سەرجێیی لەگەڵ كردبێ.
- بە یەك وشە سێ تەلاقەی بدات: (أنت طالق ثلاثا).
- لە یەك مەجلیسدا سێ تەلاقەی بدات، بە سێ وشە: (أنت طالق، أنت طالق، أنت طالق)، بۆیە هەندێ لە زاناكان دەڵێن تـەلاق لـەم حاڵەتانـەدا ناكـەوێ، ئەگـەر چی جەماوەری زانایـان پێیـان وایـە تـەلاقی (بیـدعی) لەگـەڵ ئـەوەدا حەرامـە، دەكـەوێ و هـەموو ئەحكامـەكانی تـەلاق تێدا جێی دەبێتەوە.

٩- ژنێك یەك تەلاق درابوو، سەرجێیشی لەگەڵ كرا بوو (المدخول بها)، پێیـدەڵێن تـەلاقی رجعیی، چونكە مێرد دەتوانێ لە ماوەی عیددەیدا بیگێرێتەوە لای خۆی، بێ نیكاحی تازە.

١٠- بـۆ (رەجعـەت) كردنـەوە، وەلیـی و مـارەیی و ڕەزامەنـدیی و ئاگـاداریی ژنەكـە و نیكاحی تازەی ناوێ.

١١- لـە مـاوەی تـەلاقی رەجعیـدا، ئـەو ژنـە بـە ژنـی تـەلاق دراو دادەنـرێ، بۆیـە دەتـوانێ تەماشـای بكـات، لـە جێگـای خەڵوەتـدا لەگەڵیـدا كـۆ بێتـەوە، ژنەكـەیش دەتـوانێ خزمـەتی پیاوەكە بكات تا لە عیددەدا بێت، وە نابێ لە ماوەی عیددەدا مەنزڵەكەی بە جێ بهێڵێ.

١٢- ژن و پیاو ناكۆك بوون لە (رەجعەت) دا: پیاوەكە گوتی: رەجعەتم كردویت، ژنەكەش بە درۆی خستەوە.. لە حاڵەتی ئاوادا گوێ لە ژنەكە دەگیردرێ، مەگەر پیاوەكە بچێت شایەت بێنێ بۆ (رەجعەت) بەر لە تەواو بوونی عیددە.

خـــــولع

١- هـەركات ژن ناوچاوی مێردەكـەی حـەز لێ نـەكرد و نەیویـست (لەبـەر ناشـیرینی، یـان لەبەر بێدینیی و ڕەوشت خراپی، یان لەبەر پیریی و لاوازیـی.. یـان.. یـان..) دەشترسا لەبەر ئەوە نەتوانێ بە شێوەی شـەرعی هـەڵس و كـەوتی لەگـەڵ بكـات، لـەو حاڵەتانـەدا دەتـوانێ بـە مارەییەكەی خۆی، یان بە هەر شتێكی تر خۆی ڕزگار بكات لێی.

٢- له هەموو کاتدا (له حەیز و له زەیسانیشدا) خولع لەگەڵ ژناندا دەکریٚ و دروسته و، دەشتوانیٚ به یەك (حەیز) عیددە تەواو بکات.

٣- ئەوانەی له کاتی نەخۆشیی وسەرە مەرگدا، ژنیان تەڵاق دەدەن، به مەبەستی بێبەشبوونی له میرات، کارێکی حەرام دەکەن و لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر میراتی لیٚ دەبەن، ئەگەر چی تەڵاق بیٚ جودابوونەوەی تەواویش بێت (بينونة كبرى)، چونکه نیەتی خراپ و ناشەرعی بووە.

٤- کەسێك سوێندی به تەڵاق خوارد، به مەبەستی ڕێگرتن له خۆی له کردن و نەکردنی کارێك، بۆ نموونه گوتی: ئەگەر جگەرەم کێشا، یان لەگەڵ فلانەکەسدا قسەم کرد، تەڵاقم بکەویٚ، یان گوتی: ئەگەر ئەوکاره نەکەم تەڵاقم بکەویٚ، لەم حاڵەتانەدا تەڵاقی ناکەوێت، چونکه مەبەست ڕێگرتن و هەڵنانی خۆی بووە بۆ کردن و نەکردنی کارەکە، نەك خستنی تەڵاقەکە.

تێبینی: زۆرێك له ئەهلی زانست ئەم جۆره تەڵاقانه دەخەن، ئەگەر چی مەبەستیش ڕێگرتن و هەڵنانی خۆی بێت لەو کاره، نەك تەڵاق، کەوابوو هەقه مرۆڤی ئیماندار، هەرگیز ئەو وشەو ڕستانه بەکار نەهێنیٚ.

٥- بیٚ هۆکاری شەرعیی، داوای تەڵاق حەرامه و دروست نییه، چونکه پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((أيما إمراة سألت زوجها الطلاق من غير بأس، فحرام عليها رائحة الجنة)) أبوداود والترمذي.

٦- بۆیه تەڵاق بەدەستی پیاوانەوەیه، چونکه پیاو زیاتر دەتوانیٚ له کاتی هەراو کێشەکاندا، خۆی کۆنترۆڵ بکات، لەولایشەوە نەفەقه لەسەر ئەوە.. کەوابوو هەقیشه تەڵاق بەدەستی ئەو بێت.

٧- ئەگەر دایك داوای له کوڕەکەی کرد کەژنەکەی تەڵاق بدات... جائەگەر ژنەکه صاڵح و دیندار بوو و ئازارو بێزاری دایکەکەی نەدەکرد، حەق نییه وەڵام بدرێتەوە، خۆئەگەر ناصاڵح بوو ئازاری دایکەکەیشی دەکرد، حەقه بەگوێی بکات.

٨- ئەگەر ژنێك تەڵاق درا، دەبێت لەو ماڵه دەرنەچێت تا عیددەی تەواو دەبێت، ئەگینا کارێکی حەرام دەکات، پیاوەکەیش نابێت دەری بکات تاله عیددە دایه، ئەوسا ئەگەر یەك نەکەوتنەوە دەچێتەدەر، دیاره ئەمه لەکاتێکدایه ڕێی گێڕانەوەو ڕەجعەتی ببیٚ، بەنیکاحی تازه یان هەر بەڕەجعەت.

٩- لەبناغـەدا تـەلاَق دراوەتـە دەسـتی پیـاوان، ئینجـا ئەگـەر ژنەكـەی كـردە وەكیـل بـۆ تەلاَقدانی خۆی، ئەویش خۆی تەلاَقدا، تەلاَقەكە دەكەوێت.. بەلاَم ئەگەر لە (عەقد)ـەكەدا مێرد گوتی: هەر كات ویستت خۆت تەلاَق بدە، ئەم مەرجە پووچە و كاری پێناكرێ،چونكە پێچەوانەی حیكمەتی نیكاحە كە بۆ هەتا هەتایی و دامەزراندنی یەك جارەكییە.

١٠- ئـەو ژنـەی نوێـژ ناكـات، دەبـێ ئامۆژگـاری بكرێـت، جـا ئەگـەر نـەی بیـست، دەبێـت تەلاَقی بدات، وەكو لیژنەی فەتوای سعوودیە دەڵێت.

١١- هەر ژنێك تەلاَقدرا، دەبێ (عیددە) تەواو بكات، ئەوكات دەتوانێت - ئەگەر بیەوێ - مێرد بكاتەوە.

١٢- ژنێـك بەمـەرجی گـرت: ئەگـەر شـووی پێكـرد، دەبێـت هەوێكـەی تـەلاَق بـدات ! نـابێ مێرد بەقسەی بكات، چونكە ئەو مەرجە (فاسید)ەو دروست نییە هیچ ژنێك جێ بەوی تر چۆڵ بكات، بۆیـە پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێ: ((لا تـسأل المـرأة طـلاق أختها لتكفـىء مـا فـى إنائها)) رواه البخاری.

ژنان و عیددە ئەژماردن

١- عیددە ئەوماوەیە كەدەبێ ژنان پاش مردنی مێردیان، یان تەلاَقدانیان، چاوەڕوانی تەواوبوونی بكەن، ئەوسا دەتوانن - ئەگەر بیانەوێت - مێرد بكەنەوە.

٢- عیددە بۆئەوە دانراوە كە:

- بزانرێ ئەو ژنە دووگیان نییە.
- مۆڵەتێكە بۆ ژن و پیاو، بەڵكو لەو ماوەیەدا بیری بكەنەوە بۆیەكگرتنەوە.
- ڕێزوحورمەتێكە بۆ ئەو ماوەیە كە ژن و پیاو پێكەوەوە ژیاون تێیدا.

٣- ژنێك تێكەڵی لەگەڵ نەكرابێ (غیر مدخول بها)، هەركات تەلاَقدرا، عیددەی لەسەر نییە.

٤- ژنـی سـەرجێیی لەگـەڵ نـەكراو، هـەر كـات مێـردی مـرد، دەبـێ (چـوارمانگ و دەشـەو دانیشێت).

٥- ژنانی خاوەن عیددە شەش جۆرن:

- دوو گیان.. هەركە تەلاَقدرا، یان مێردی مرد، دەبێ سكەكەی دابنێت.
- مێردی مردوو دووگیان نەبوو، دەبێ چوارمانگ و دەشەو دابنیشێ.
- ژنی حەیزدار.. هەركات تەلاَقدرا، یان فەسخی نیكاح كرایەوە، دەبێت (٣) پاكی دابنیشێ.

– ئەر خاوەن حەیز نەبوو – لەبەر بچووکیی، یان تەمەن زۆریی – دەبیّ (٣) مانگ دانیشیّ. ژنی موستەحازەیش هەر وایە.

– ژنێك بیّ هۆکار حەیزی نەماوە، دەبیّ یەك ساڵ دانیشیّ، ئیمامی شافیعی (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵیّ: پێشەوا (عومەر) –خودا پلەی بەرزبکاتەوە لە قیامەتدا – بەم جۆرە بڕیاری دەدا بۆ ژنانی (ئەنصار و موهاجرین) و کەسێکیش نکوولّی نەدەکرد.

– ژنیّ مێردی بیّ سەروشوێن بێت (مفقود)، دەبیّ چوار مانگ ودەشەو چاوەڕوان بێت، پاش تەواوکردنی ماوەی چاوەڕوانی کە چوار ساڵە.

نەفەقەی ژنی عیددە دار

٦– ژنی تەلاّقدراوی ڕەجعیی – دووگیان بێت، یانا، هەقی مەسکەن و نەفەقە و جل و بەرگی هەیە، چونکە بەژنی مێرد دادەنریّ.

٧– ژنێك بەیەکجارەکی تەلاّقیکەوت (بینونة کبری) و دووگیانیش بوو، دەبێت تا سکەکەی دادەنێت نەفەقەی بدرێتیّ، خۆ ئەگەر دووگیان نەبوو، نە نەفەقەی دەویّ و، نە مەسکەن.

٨– ژنی دووگیانی ئەشقیی (ناشز) یش، نەفەقەی دەکەویّ لەبەر حەملەکەی.

٩– ژنی مێرد مردووی دووگیان، لە بەشە میراتی سکەکەی، نەفەقەو مەسکەن و جل وبەرگی دەدرێتیّ.. خۆ ئەگەر دووگیان نەبوو، نە نەفەقەی دەکەویّ، نە مەسکەن.

ژنان و منداڵ

١– سەردەمی جاهیلیەت، زۆر بەکەم و چاوی سووك سەیری کچانیان دەکرد ! بۆیە کردەوەی وا دەبێتە مایەی تووڕەیی خودای گەورە، خۆ گەلیّ جاریش، کچان زۆر باشترن لە کوڕان.

٢– منداڵ شەفاعەت و تکا دەکات بۆ باوك و دایکی.

٣– کارو کردەوەی منالاّن بۆخۆیان دەبیّ، بەلاّم پاداشی باوك و دایکیشیان دەدرێتەوە لەبەرامبەر فێرکردن و ڕێنماییکردنیان بۆ کاروکردەوەی چاك.

٤– جەژن و ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لەدایکبوونی منداڵەوە، دروست نییەو، نابیّ

ئامادەیشی ببین و پیرۆز باییشیان لێ بکەین.

٥- هەڵگرتنی وێنەی منداڵان، ئەگەر چی هەڵیش نەواسرێن بەدیواردا دروست نییە، مەگەر پێویست بێت بۆ پاساپۆرت و ناسنامە و... هتد.

٦- نوشتەکردن بەشانی منداڵاندا، بە مەبەستی پاراستنی لەچاو، یان لەجنیی، یان لە نەخۆشی دروست نییە.

٧- ناونانی منداڵ، چ لە ڕۆژی لەدایکبوونی، چ لەڕۆژی حەوتەمدا دروستە.

٨- هەر ناوێك بەندایەتی بۆ غەیری خودا بگەیەنێ، وەکو (عبدالنبی – عبدالرسول..) حەرامە و دروست نییە.

٩- ئاهەنگ گێڕان بۆ منداڵ ناونان، سوننەت نییە، چونکە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان، کاری وایان نەکردووە.

١٠- ناو گۆڕین لەبەر ناوچاوو (طالع) دروست نییە، چونکە کاری (کەهانە) و نوقلانە دەرەکانە، بەڵام لەبەر ناشرینی دروستە.

١١- ناو نان بەناوی خوداوە، وەکو (کریم، عزیز...) بیێ (ئەلیف ولام) ((أل)) قەیناکات، بەڵام (العزیز، الکریم) تەنها ناوی خودایە و دروست نییە.

١٢- ناونان بە (ئایەت) وەکو (ئالاء، أفنان..) قەیدی نیە، هەروەها (هدی، رەحمە، صالح، سعید.).

١٣- باشترین ناو، ئەو ناوانەن بە بەندایەتی خودا بگەیەنن، وەکو: (عبدالله، عبدالرحمن..).

١٤- منداڵی نێرینە، سوننەتە ڕۆژی ناونانی (ڕۆژی حەوتەمی) سەری بتاشرێ، بەڵام بۆ کچان سوننەت نییە.

١٥- حەوتەم کردن (عقیقە) بۆمنداڵ لە ڕۆژی حەوتەمی لەدایکبوونیدا سوننەتە، بۆنێرینە دوومەڕ سەربڕدرێ و بۆمێیینە مەڕێك، کەسێکیش دەسەڵاتی نەبێت، لەکۆڵی دەکەوێ.

١٦- سوننەتە سێیەکی بخۆن و سێیەکی بنێرن بۆ دیاریی و دۆست و ناسراو، سێیەکەکەی تری بکرێتە صەدەقە

١٧- هەر منداڵێك پاش چوار مانگ لەبار بچێت، قسەی ڕاست ئەوەیە وەکو منداڵی تەواو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، واتە: حەوتەمی بۆدەکرێ، دەشۆردرێ، کفن دەکرێ، نوێژی لەسەر دەکرێ ودەخرێتە گۆڕستانی موسڵمانان و ناویش دەنرێ، بەڵام ئەگەر بەر لەوەی گیانی

بەبەردا بكرێت لەبار چوو، هیچ شتێك لەوانەی بۆ ناكرێت.

١٨- دەتوانیٚ خزم و دۆستی خۆی بۆ بانگ بكات، یان هەمووی ببەخشێتەوە بەسەر دۆست و خزماندا.

١٩- بەدەست دان لە (عەورەت)ی منداڵەوە، دەستنوێژ دەشكیٚ.

٢٠- ئاهەنگی خەتەنە بیدعەیە و نابێت بكرێت.

٢١- منـداڵ بـردن بـۆ مزگـەوت (لەلایـەن ژنانـەوە، یـان لەلایـەن پیاوانـەوە)، ئەگـەر گەیشتبوونە (٧ ساڵ)، دەتوانن بیان بەن بۆ ئەوەی پەروەردە بكرێن، بەڵام كەمتر لە (٧ ساڵ)، حەق نیە ببرێن بۆ مزگەوت، مەگەر بزانرێت نابنە عەزیەت بۆ مزگەوت و نوێژ خوێنەكان و، سەرەڕای ئەوەیش بردنیان پێویست بێت، وەكو ئەوە بەتەنها جێنەمێنن.

٢٢- سوننەتە منداڵانیش لە پشت سەر ئیمامەوە بۆنوێژەكان بووەستن، خۆ ئەگەر یەك منداڵ بوو، لەلای ڕاستیەوە بووەستیٚ.

٢٣- نابیٚ ئاڵ و وێڵ لەماڵی هەتیودا بكریٚ، مەگەر بە مەبەستی زیادكردن و بازرگانیی و هەر بەرژەوەندییەكی تری ئەودا بێت.

٢٤- ئەگەر منداڵ حەجی پێبكریٚ، پاداشتی هەیە، بەڵام حەجی فەرزی لەكۆڵ ناخات.

٢٥- ئیحرام و نییەتی ئەو منداڵە لەسەر (وەلیی) و سەرپەرستیاریەتی.

٢٦- پێویستە بە (عەدالەت) لەنێوان منداڵاندا ڕەفتار بكریٚ، بەتایبەتی لە بەخششدا، نابیٚ بە هەندیٚ بدریٚ و، هەندیٚ بێبەش بكریٚ.

٢٧- نابیٚ دایكان شتیٚ بدەن بە هەندیٚ منداڵ و، هەندێكیان بێبەش بكەن، مەگەر باڵغبن و ڕازیی بن، یان یەكێكیان هیچ شتێكی نەبوو پێی بژی.

٢٨- نەفرین كردن لەمنداڵان، گوناحی گەورەیە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویٚ: ((لعن المؤمن كقتلە)) متفق علیە. هەروەها دروست نییە نەفرینكردن لە كەسێكی تایبەت، ئەگەرچی ئاژەڵ بێت.

٢٩- دوعای شەڕكردن لەمنداڵان دروست نییە، چونكە وادەبیٚ هاوكات دەبیٚ لەگەڵ ئەوكاتانەدا دوعایان تێدا گیرادەبیٚ، دایك دەبیٚ صەبرو ئارامی بیٚ، بەرامبەر بەمنداڵان، تائەوەی دوعای شەڕبكات، ئامۆژگارییان بكات، لێیان بدات.

٣٠- هەدیەو دیاریی بردن بۆمنداڵێك لەدایك دەبیٚ، یان بۆ دایكەكەی، ئەگەر كرابیٚ بەعادەت و باوی ناوچەكە قەیدی نییە.

٣١- ڕاگرتنی هەندیٚ باڵندە و پەلەوەر لە ماڵەوە بۆ ئولفەتی منداڵان قەیدی نییە، بە

مەرجیٚ دان و ئاوی بدریٚتیٚ و جیٚگەی حەوانەوەی باش بیٚت.

٣٢- ئەو شتانەی منداڵان یارییان پیٚدەکەن، ئەگەر ویٚنەی كامل وتەواونەبن، بۆ نموونـه: چاوو لـووت و دەمیـان نـەبیٚ، دروسـتە وەكـو ئـەو یاریانـەی خـاتوو (عایـشە) بەمنـداڵی یـاری پیٚدەکردن، ئەگینە بەكار نەهیٚنریٚن باشترە لە بەكارهیٚنانیان.

٣٣- كونكردن لەگویٚ و لووتی كچۆڵە، بۆگوارەو لووتەوانە، هیچ قەیدیٚكی نییە.

٣٤- گـۆرانی منـداڵان.. ئەگـەر لەگـەڵ ئـەو جـۆرە مۆسـیقا هەسـت بزویٚنـەرانـە بـوو - ئـیتر دینی بیٚت، یان نیشتمانی - دروست نییە.

٣٥- دروست نییە نەبۆ گەورە، نە بۆمنداڵ لە بەركردنی هەرجل و بەرگیٚك ڕەسم و ویٚنـەی پیٚـوە بیٚـت، وە دروسـت نییـە ڕاگرتنـی ویٚنـە بۆیادگـاریی، یـان بۆهەرشـتیٚكی دی، مەگـەر حاڵەتیٚكی زەروورەت و پیٚویست داوا بكات، وەكو پسووڵە و پاساپۆرت و..تاد.

٣٦- هەق نییە دایك و باوك ڕیٚ بە منداڵ بدات ئەگـەر چی بچوكیش بیٚت، جل و بـەرگی كورتی لەبەر بكریٚ، چونكە بۆدوایی خووی پیٚوە دەگریٚ وە بەئاسانی وازی لیٚ ناهیٚنیٚ.

٣٧- كچۆڵەی نابالغ دەتوانی بیٚ سـەرپۆش نویٚـژ بكات و قـەبوڵیش بـیٚ، چونكە نویٚـژی كچی بالغ بیٚ سەرپۆش قەبوڵ نابیٚت، پیٚغەمبەر ﷺ دەفەرمویٚ:((لايقبل الله صلاة حائض الا بخمار)) رواه ابوداود والترمزی. بەڵام باش وایە بەسەرپۆشەوە بیكات.

٣٨- ئەو كیژانە زوو گەشە دەكەن بەر لەبالغ بوون، دەبنە جیٚگەی سەرنج و ڕوانین، هەقە حیجاب بكەن و خۆ داپۆشن، لەبەر فیتنەو ڕووداوی كاری خراپ و ناپەسەند.

٣٩- تیٚكەڵبوونی كچ و كوڕ لە قوتابخانەكاندا - بە تایبـەتی- بەهیچ شیٚوەیەك دروسـت نییـە، هەقـە بـاوك و دایـك و دەسـەڵاتداران كـاری وا قـەبوڵ نەكـەن... ئەوەتـە پیٚغەمبـەرمان موحەممەد ﷺ فەرمان دەدا بەجیاكردنەوەیان، تەنانەتی لە شویٚن و جیٚگای خەویشدا.

٤٠- هەڵـسانەوەی قوتـابی لەبـەر مامۆسـتا لـە قوتابخانەكانـدا پیٚویـست ناكـات، چـونكە بەتوندی بەرچاو خراوە و (مەكروهە).

٤١- ڕەسم و ویٚنەی ئەوشتانەی گیانلەبەرن، بەهیچ شیٚوەیەك دروسـت نییـە، ئەگـەر چی بۆفیٚركردنیش بیٚت، بەڵام سەیارە و دارو دەرخت و دیوارو...تاد، قەیناكات.

٤٢- چـەپڵە لیٚدان بۆمنـداڵ، یـان خـۆی لیٚیبـدات، كـاریٚكی ناپەسـەندەو لـە شـەریعەتدا بـە (الكراهة الشديدة) لیٚكیان داوەتەوە.

٤٣- (شـیٚخ بـن بـاز) دەڵـیٚ: بـاوك دەتـوانیٚ بەخـشش بـدات بـەوكوڕەی گۆیڕایەڵیـەتی و، نابیٚتە ناهەقی بەرامبەر بەمنداڵەكانی تر.

٤٤- دەبێ ڕشانەوەی منداڵ بشۆردرێ، ئەوسا نوێژ بکرێ... واتە: ئەگەر منداڵ رشـایەوە بەجل وبەرگی دایکیا دەبێ بشۆرێ، ئینجا نوێژەکانی بکات.

٤٥- بە لەشـگرانی شـیردان بەمنـداڵ قەیناکات، تەنانـەتی نایـەوێ لەبەرئـەوە بـچێت خـۆی بشۆرێ، یان دەست نوێژ بگرێت.

٤٦- ئەگەر منداڵان بە بەردەم نوێژدا بچن، نوێژەکە نابڕن و قەیدی نییە.

ژنـان وشیردان

١- منداڵێك مەمکەی ژنێکی گرت و مژیی، پاشان بەریدا بۆهەناسەدان، یان بێتاقەت بـوو، یـان لـەم مەمکـەوە گواسـتیەوە بۆئـەوی تریـان، یـان تێربـوو، هـەموو ئەمانـە بەیـەك کـەڕەت دادەنرێت، ئەگەر دووبارەی کردەوە دەبێتە دووکەڕەت، ئەگەر لە یەك مەجلیسیشدا بێ.

٢- شیر بە شایەتی تەنها ژنێکی صالح و دیندار و ناوبانگ بەراسـتگۆ، ئیتر شیر دەرەکە بێ، یان ژنێکی تربێت، وەردەگیرێ و ئیسپات دەبێ.

٣- شیر بەم دوو مەرجە کاریگەری دەبێ:

- دەبێ لە پێنج جار کەمتر نەبێت، هەرپێنج جارەکەیش منداڵەکە تێر ببێ.
- تەمەنی منداڵەکە دووساڵ زیاتر نەبێ.

٤- هەرکەسـێك کەوتـە گومانـەوە: ئـاخۆ پێـنج جـار شـیری خـواردووە یانـە ؟ شایەتیـشی نەبوو، بەوە حەرام نابێت.

٥- ژن شیر بەهەرمنداڵێك بدات، لەم شتانەی خوارەوەدا دەبێتە دایکیی ئەو منداڵە:

- ناتوانێ مارەی بکات،
- دەتوانێ بەئارەزووی تەماشای بکات.
- لە خەڵوەتدا دەتوانن پێکەوە دانیشن.
- دەبێتە مەحرەمیی.

٦- ئەگـەر لـەڕێی (ترومپـاوە) شـیر بەمنـداڵ درا، یـان کرایـە نـاو پەرداخێکـەوە وپێیـدرا، هەروەکو ئەوە وایە خۆی لە مەمکەکە خواردبێتی.

چەند پرسیارو وەڵامێکی جیاجیا لە بارەی ژنانەوە:

١- دەنگی ژنان (عەورەت) نیە، واتە: بیستنی حەرام نیە، مەگەر دەنگیان نەرم و ناسك بکەنەوە وببێتە ناز و نووز، ئەو کاتە حەرام دەبێت بیستنی بۆخەڵکانی نامەحرەم.

٢- نابێ ژن لەگەڵ ژندا لە ژێر پێخەفێکدا ڕاکشێن، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمویێ: ((وفرقوا بينهما في المضاجع)).

٣- هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێك وێنەو رەسمی رووتی ئارەزوو بزوێنی پێوەبێت، کڕین و فرۆشتنی حەرامە، دەبێ ژنانی ئیماندار لەوجۆرە شتانە خۆ دوور بگرن و لەماڵەوە ڕایان نەگرن.

٤- ژنان نابێ بەتەنها لەگەڵ شۆفێرێکدا سواربن، چونکە کۆبوونەوەو خەڵوەت لەگەڵ پیاوی نامەحرەمدا حەرامە.. بۆیە ئەگەر سواری سەیارە بوو، پێویستە ژنێکی تری لەگەڵ بێت، یان کەسێکی تری تێدابێت، خۆ ئەگەر منداڵێکی تیا بوو، شەرمی لێ نەدەکرا، نابێ سواربێ.

٥- سەلامکردن لەژنێکی بالأپۆش، بێ تەوقە و پێکەنێن و خەندە، دروستە.

٦- ژنان دەتوانن لە دەرەوەی ماڵ بەم مەرجانە کاربکەن:

- دەورو بەرەکەیان ژنان بن.
- ژن و پیاو تێکەڵ نەبن.
- لەگەڵ پیاوی نامەحرەمدا خەڵوەت نەکات.
- مێردەکەی ئیزن و مۆڵەتی بدات.
- بە جل و بەرگی شەرعییەوە بێت.

٧- ڕاگرتنی کارەکەر بۆماڵەوە، دەبێ ئەم مەرجانە ڕەچاو بکرێن:

- پێویستە کارە کەرەکە موسڵمان و شەرع ڕەوبێت و لە تەواوی نێرینەی ئەو ماڵە خۆی داپۆشێت.
- نابێ رووت و سافیرە بێت.
- نابێ لەگەڵ هیچ کەسێکدا (خەڵوەت)بکات.
- دەبێ مەحرەمی لەگەڵ بێت.

٨- نابێ ژنان بەفڕۆکە و شتی وا - ئەگەر چی ئەمینیش بێت - بەبێ مەحرەم سەفەر بکەن.

٩- نابێ تەوقە لەگەڵ ژناندا بکرێت، ئەگەر چی دەستکێشی لەدەستدا بێت.

١٠- باش وایە ژنان لە تەلەفزیۆنیشدا سەیری پیاو نەکەن و پیاوانیش سەیری ئەوان

نەکەن، چونکە گەلێ جار فیتنەی لێ پەیدا دەبێ.

١١- ئاهەنگگێڕان بەناوی جەژنی (دایك)ـەوە بیدعەیە و دروست نییە.

١٢- ئەو شتانە هەدیە دەکرێن بۆمردوو:

- صەدەقە و خێرو خێرات بۆی.

- دوعاو پاڕانەوە بۆی.

- بژاردنەوەی قەرزی.

- حەج و عەمرە کردن بۆی.

١٣- ئەو شتانەیش هەدیە ناکرێن بۆمردوو:

- نوێژ کردنەوە بۆی.

- تەوافی ماڵی خودا.

- قورئان و خوێندن بۆی، ئەگەر چی هەندێ زانا ڕێی پێدەدەن، بەلاًم هەقە نەخوێندرێ بۆی.

١٤- نووسینی (بسم الله...) لەسەر پسووڵە و شتی وا دروستە، بەلاًم دەبێ بپارێزرێ وفرێ نەدرێتە جێگای خراپ و پیسەوە.

١٥- ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە، ناوی خودایان تێدایە، نابێ بکرێنە سوفرە و شتی وا، خۆ ئەگەر دەبێ چی ئایە ت و ناوی خودای پێوەیە لێ بکرێتەوە.

١٦- ئەو کتێب و ڕۆژنامەو نامیلکانە ناوی خودا و ئایەت و فەرموودەیان تێدایە، نابێ بخرێنە کیسێکەوە و دوور لەماڵ هەڵبگیردرێن.

١٧- گێڕانەوەی قسەی نەستەق و هەڵبەستنی قسە بۆپێکەنین، حەرامە و دروست نییە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((ویل للذی یحدث فیکذب لیضحك به القوم)) أبوداود.

١٨- موجامەلەو رووی خۆش.. ئەگەر نکووڵی هەق و ڕاستی تێدا نەبێ، هیچ قەیدی نییە، خۆئەکەر هەق و راستییەکان کران بەژێرەوە، ئەوە ناڕەواو نادروستە.

١٩- خۆپاراستن لە جنیی و لە خراپەیان:

- زیکری خودا زۆر بکرێت.

- زیکرەکانی ئێواران و بەیانیان و پێش خەو بخوێنرێن.

- دورکەوتنەوە لەگوناح و، بەجهێنانی واجبات.

٢٠- (تأمین / بیمە)ی سەیارە و تەندروستیی و، ژیان و ماڵ و خانووبەرە...تاد، دروست نییە، چونکە چەواشە و دەست برینی تێدایە، وا دەبێ موسڵمانێك پارەیەکی کەم دەدات و، پارەیەکی زۆر وەردەگرێتەوە، یان هەرهیچ وەرناگرێتەوە، گەلێ جار کۆمپانیاکەش تووشی

زیانی گەورە دەبێ.

٢١- (تخیط)ی حەیوان و پەلەوەرو مرۆڤ دروست نییە، چونکە ماڵێکی زۆری تیا خەرج دەکرێ و وێنەکەشی وەکو هەڵواسراوی لێ دێت. (شێخ بن باز).

٢٢- (شێخ بن باز) دەڵێ: خوێندنی سوورەتی (یس) لەلای کەسێکدا لەسەرە مەرگدا بێت، فەرموودەکەی لاوازە.

٢٣- بانکە سوودارەکان.. سوو گەورەترین گوناحە و خودا نەفرینی کردووە لە بخۆریی، لە نووسەریی، لە شایەتەکانیی.

٢٤- بانق هەر قازانجێکی پێدایت، مەیگێڕەوە و مەیشیخۆ، بەڵکو بیکە بەخێرو صەدەقە بەهەژارو نەدارەکان.

٢٥- (شێخ بن باز) دەڵێ: دانانی پارەو عوملە - ئەگەر چی بەئەمانەت و بێ فائیزیش بێت - لە بانقەکاندا دروست نییە.

٢٦- پارە ڕاکێشان لە بانقەکاندا بەفائیز، ئەگەرچی بۆکارێکی شەریف وپەسەندیش بێت، وەکو خانوو و چارەسەری نەخۆشیی و زەواج و، قەرز دانەوە، دروست نییە.

٢٧- سوننەتە لای نەخۆش بڵێیت: ((لابأس طهور إن شاءالله)).

٢٨- بردنی گوڵ بۆ نەخۆش دروست نییە، چونکە سەرفی ماڵە بە بێهوودە و، چاولێگەری دوژمنانی خودایشە.

٢٩- ژن هەرکە لەماڵ دەرچوو دەبێ:

- حیجابی کامڵ و تەواوی هەبێ.
- تێکەڵیی پیاوان نەکات.
- ئادابی شەرعی ڕەچاو بکات.
- مێرد رازیی بێت.

٣٠- چوونیان بۆ بازاڕ، مەحرەم پێویست ناکات لەگەڵ ژناندا ببێ، مەگەر کاتێ ترسی فیتنە ببێ، چونکە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ژنان بەبێ مەحرەم دەچووونە بازاڕ.

٣١- دەنگ وەرگرتن لەهیچ موسڵمانێك - بەبێ هۆکاری شەرعی - دروست نییە، ئەگەرچی لەسەر داوای باوك و دایکیش بێت.

٣٢- دوعا کردن لەناو کاغەزدا - تەنانەتی لەنوێژیشدا - قەیدی نییە، بەڵام ئەگەر لەبەر دوعا بکرێت باشترە، بۆ ئەوەی دڵ سەرقاڵ نەکرێ بەشتێکی ترەوە.

٣٣- کەسێك تەوبەی کردو پاشان گەڕایەوە سەر بارودۆخی پێشووی، تەوبەی یەکەمی

ڕەوایەو، ئەگەر ئەمجارەیش، یان چەندجار تەوبە بکات دەتوانێ و دەرگای ڕەحمەتی خودا والآیە.

٣٤- دەستگرتنەوەو (فنجان)و خوێندنەوەی بورجەکان.. هەموو ئەمانە (کەهانە)و نوقلأنە لێدانەو، لەئیسلامدا حەرام و قەدەغەیە، وە بە بەشێك لە جادوو و سیحر دادەنرێ و داوای (غەیب)زانینەو چەواشەکردنی مەردمە.

٣٥- سەبارەت بە ڕۆژوو لەمانگی (ڕەجەب)دا، فەرموودەیەکی تایبەت بەفەزڵی ڕۆژوو تێیدا سابت نەبووە.

٣٦- گاڵتەکردن بە ژنانی ئیمانداری (محجبة)، لەبەر دینداریی و خۆبەستنەوە بەشەریعەتی ئیسلامەوە، کوفرە.

٣٧- کەلوو(بورج)ەکان.. ئەو جێگایانەن (خۆر)پیایاندا تێدەپەڕێ، ئەمەش ناوی هێندێکیانن: (بەرخ، گا، جەوزا..) خودا نەبێ هیچ کەسێك نازانێ چی ڕوودەدات تیایاندا.. هەرکەسێك بڵێ - بۆنمونە - لەبورجی گادا خۆشییەك، یان ناخۆشییەك ڕوودەدا، بێ شك دەستێوەردانی (غەیب)ە، خۆئەوەیش کاری خودایە و جگە لە خۆی کەس نایزانێ.

٣٨- گرەوکردن (مراهنة): دووکەس بەیەکتر دەڵێن:ئەگەر قسەکەی من بوو، دەبێ ئەوەندەم بدەیتێ،خۆ ئەگەر قسەی تۆ بوو، من ئەوەندەت دەدەمێ.. ئەمە بەر قومار دەکەوێ و حەرامە. (شێخ بن باز).

٣٩- باوك و دایك پاش مردنیان هەقە لەبەر ئەوان ئەم شتانە بکرێن:

- دوعایان بۆبکرێ.
- داوای لێبوردنیان بۆبکرێت.
- جێبەجێکردنی وەسیەتنامەکەیان.
- ڕێزگرتن لەهاوڕێیانیان.
- سەردان لە خزمانیان.

٤٠- کەسێك کردو کەسابەتی حەرام بێت، دەبێ هەوڵ بدرێت نانی نەخورێ، خۆ ئەگەر نەدەکرا، دەبێ بەپێی پێویست بخورێ، چونکە ئەو جۆرە کەسانە گومان هەیە لەحەلآلیەتی خواردنی نانیاندا.

٤١- خواردنی نانی ئەوکەسانە سوو کارو سووخۆرن حەرامە، ئەگەر دەعوەتی کردی بۆ نانخواردن، نابێ وەلأمی بدەیتەوە، بەلأم ئەو کەسانەماڵیان تێکەڵە لەحەلأڵ و لەحەرام، نانخواردنیان قەیدی نییە.

٤٢- لەملکردنی ئەو گەردن بەندو (ملوانکە)یە ناوی خودای لێنووسرابێ، قەیناکات،

ئەگەرچی لەمل نەکردنی باشترە، بەڵام دەبێ بەشەودا داینێ و پێوەی نەچێتە هەندی جێگا شیاو نەبێت بۆئەو ناوە پیرۆزە.

٤٣- ئەو گۆشتانەی لەدەرەوەی وڵات دەهێنرێن، سێ حاڵەتیان هەیە:

- دەزانرێ کە بەشێوەی شەرعیی سەربڕاوە، ئەمە حەڵاڵەو دەخورێ.

- دەزانرێ بەشێوەی ناشەرعیی سەربڕاوە، ئەمەیان ناخورێ.

- دوو دڵین: ئاخۆ بە شەرعیی سەربڕاوە، یانە ؟ ئەمەیشیان هەر دەخورێ و حەڵاڵە، چونکە پێویست ناکات ئەوەندە لەسەری بچین: ئاخۆ چۆن سەربڕابێ، ئاخۆ (بسم الله) لەسەر کرابێ یانە ؟

٤٤- قسەکردنی کچان و کوڕان، یان بڵێین: پیاوان و ژنانی نامەحرەم لە تەلەفوندا، بەمەبەستی ئەوێنبازیی خۆشەویستی، نارەواو ناشەرعییە، دەبێ هەردوولا خۆیان لەو جۆرە ئاخاوتنە بپارێزن، خۆ ئەگەر زەروورو پێویست بوو، قەیدی نییە، بەمەرجێ بەپێی پێویست بێت.

٤٥- بەکارهێنانی وشەی (ئالوو) لە تەلەفوندا، وشەیەکی (فەرەنسییە) هەقە موسڵمانان وشەیەك بۆخۆیان بەکاربهێنن، هی خۆیان بێت.

٤٦- ئەگەر مرۆڤ (ژن و پیاو) شتێکی دیت، پێی خۆشحاڵ، یان پێی سەرسامبوو، وەیان حەزی لێنەدەکرد، هەقە - لەباتی چەپڵە - (سبحان الله، الله اکبر) بکات، چونکە پێغەمبەر ﷺ هەرکات شتێکی دیتبا پێی خۆشحاڵ بووبا، یان پێی خۆش نەبووبا ((سبحان الله)) یان ((الله اکبر))ی دەکرد. اللجنة الدائمة.

٤٧- وێنەی هەرشتێکی گیاندار (مرۆڤ، ئاژەڵ) حەرامە، بەڵام وێنەی ئەو شتانەی بێ گیانن ڕەوایە.

٤٨- بەیەکگەیشتنی ژن و پیاو لە (ئاسانسوار) دا، خەڵوەتە، واتە: نابێ پێکەوەو دوو بەدوو بچنە ناویەوە.

٤٩- وێنە فۆتۆگرافیەکان.. قسەی ڕاست ئەوەیە، وەکو وێنەکانی ترەو حەرامە، چونکە ئەو بەڵگانەی وێنەی گیاندار حەرام دەکات، گشتیی یە، واتە: فۆتۆگرافی بێت، بەدەست بێت،پەیکەر بێت یان نا.

٥٠- هەرکەسێك چاوی پیس کاری تێکرد، ئەم حاڵەتانەی بۆبەکار دەهێنرێت:

- سوورەتی (فەلەق) و (الناس) و (آیة الکرسی) و سوورەتی (الکافرون) و (الفاتحە) و ئایەتی کۆتایی سوورەتی (بەقەرە)ی بەسەرا بخوێنرێ.

٥١- چاودەر دەستنوێژ بگرێ و ئاوەکەی بکرێ بەسەر چاو دراوەکەدا.

٥٢- خێرو خێرات کردن بۆ خەڵکانی ناموسڵمان دروستە، بەمەرجێ شەڕفرۆش نەبن لەگەڵ موسڵماناندا.

٥٣- هەڵوەشانەوەی جادوو بەجادوو:

- ئەگەر بە قورئان و ئەو دوعایانە بێت حەلاڵن، ئەوە ڕەوایە و دروستە.

- ئەگەر ئەمیش بەجادوو هەڵیوەشاندەوە حەرامە.

٥٤- ئاخۆ سیحر حەقیقەتێکی هەبێ ؟ (شێخ بن باز) دەڵێ: بەڵێ هەقیقەتی هەیە، وە (شەیاتین) دەپرستن و گوێڕایەڵی ئەوانن، شەیاتینیش خودا توانای داونەتێ کە هەندێ کاری سەرسوڕهێنەر ئەنجام بدەن.

٥٥- دڵ ناڕەحەتیی و (قەلەق)ـی نەفسیی بە نووشتە کردنە مل و هەڵواسینی بەقۆڵ و باڵیەوە چارەسەر ناکرێ، بەڵکو بە:

- قورئان خوێندن و ئەو دوعایانەی هاتوون.

- زیکر کردن و ئاکاری چاك کردن.

- خۆ دوورخستنەوە لەگوناح و تاوان.

٥٦- جگەرەکێشان حەرام و قەدەغەیە، چونکە زەرەرمەندە بۆمرۆڤ.

٥٧- چوونە لای (کەهەنە)و نوقلانە لێدەرو فاڵچییەکان بۆ چارەسەرو عیلاج حەرامە و ڕێی لێ گیراوە، چونکە گەلێ جار درۆو دەلەسە دەکەن و خەڵکی پێچەواشە دەکەن و بەناڕاست دەردەچێ، ئەگەرچی هەندێ کاتیش ڕاست دەرچێ.

٥٨- هەرکەسێك داوای ناوی نەخۆش و دایکی نەخۆشەکەی کرد، ئەوە (جنی) بەکار دەهێنێت.(شێخ بن باز).

٥٩- چارەسەری (بەسراو) بەرامبەر بەژنەکەی:

- حەوت (٧) گەڵای تەڕی داری (نەبەق) بهێنرێ و بەبەرد، یان بەهەرشتێك بکوترێ و بکرێتە ناو قاپێکەوە، ئینجا ئەوەند ئاوی تێبکات بەشی خۆشۆرینی بکات، پاشان خۆی پێ بشۆرێت.

- (آیة الکرسی، سوورەتی: فەلەق، ناس، ئیخلاص، کافرون) ئەو ئایەتانەی جادوویان پێهەڵدەوە شێتەوە (١٢٢-١١٧)ـی سوورەتی (ئەعراف)، (٧٩-٨٢)ـی سوورەتی یونس، (٦٥-٦٩)ـی سوورەتی (تاها) بە سەرئاوەکەدا بخوێنرێ، پاشان هەندێ لە ئاوەکە بخواتەوە بەوی دیکەش خۆی بشۆرێ - ان شاءالله - شیفای بۆ دێت، ئەگەر جارو دووجار پێویستی دەکرد بەکار بهێنرێ قەیدی نییە بەکاری بێنن تاچاك دەبێتەوە.

٦٠- فوو کردن بەئاودا: ئەگەر مەبەست (تبرك) بوونی ئاوەکە بێت بەفووی ئەوکەسە، ئەوە کارێکی حەرامەو جۆرە شیرکێکە، چونکە جگە لەفووی پێغەمبەر ﷺ (تبرك) بەفووی هیچ کەسێك ناکرێ، خۆ ئەگەر هەندێ قورئان بخوێنێ و فووی پیابکات، قەیدی نییە، چونکە هەندێ لە (سەلەف) کردوویانە، پێغەمبەریش ﷺ سوورەتی (فەلەق و، ناس)ـی لەکاتی خەودا دەخوێندو فووی دەکرد بەهەردوو دەستییداو دەیهێنا بە جەستەیدا.

کاروباری قوتابخانە

١- لێدانی ئەو قوتابیانەی (کچ و کوڕ) گوێ بەوانەکانیان نادەن و، مامۆستایش هەموو ڕێگەیەکی گرتە بەر بۆچاکبوونیان و چاك نەبوون، دروستە، بەڵام دەبێ سووکە لێدانێك بێت و مەبەست وەبیرهێنانەوەی وانەکانیان بێت.

٢- گاڵتەو مەسخەرە بە مامۆستا، لە فەرهەنگی موسڵماناندا نییە، بۆیە دەبێ هەموو قوتابییەك بەرامبەر بەمامۆستا بەئەدەب و خاوەن وێڵ و شەرم بێت، نابێ بەهیچ شێوەیەك ئازاری بدەن.

٣- پێویستە ژنان - بەتایبەت - ئەوەند کاتی خۆیان بەئیش و کاریماڵەوە نەکوژن، بەڵکو دەبێ هەندێکی بۆخوێندنەوەوە وفێربوون بەکار بێنن.

٤- دروست نییە بۆ قوتابیی (کچ و کوڕ) بەهیچ شێوەیەك گزیی و قۆپی لەوانەکانیاندا بکەن، ئەگەرچی وانەی ئینگلیزیش بێت.

٥- هەقە مامۆستای کچان، ژن بێت، بۆئەوەی تووشی ڕوانین و تێکەڵیی و فیتنە و کاری ناپەسەندو ناشەرعیی نەبن، هەر لەبەر ئەوەیشە تێکەڵکردنی کچان و کوڕان لەقوتابخانەکاندا، کارێکی ناڕەواو ناردروستەو، دینی ئیسلام قەبووڵی ناکات.

٦- هەقە مامۆستا بەهیچ شێوەیەك دیاری لە قوتابی وەرنەگرێت، تاتووشی ناحەقیی و ستەم نەبێت، چونکە لەوانەیە ئەو قوتابیە مەبەستێکی هەبێ لەو دیاری بردنەیەدا.

٧- هەندێ مامۆستا، یان کارمەند، هەموو پێکەوە، هەریەکە شتێك لەمانگانەکەیان دادەنێن و پاشان هەرمانگەی دەدرێ بەیەکێکیان، ئەوە کارێکی باشە، چونکە قەرزێکە و هیچ فائیزی تێدانییە.

٨- هەڵسانەوەی قوتابی لەپۆلدا، لەبەر هاتنی مامۆستا، شتێکی (مەکروهە)، واتە: چاك وایە نەبێت.

٩- خوێنـدن و (تخـصص)ـی کـچان، بۆنموونـه: لـه (کیمیـا، ئەنـدازە) تـا زۆر پێویـستی ولاّتمان نەبێت، هەق نییە ژنان بەوەوە خۆیان خەریك بکەن، چونکە دەرفەتگەلێکی تر هەیە، ئـەوان رۆڵـی تێـدا ببیـنن، سـەرەڕای ئـەوەیش، بۆ دوایـی دەبـێ بـچێتە نـاو پیـاوان و تێکـەڵی دروست دەبێت.

١٠- دواکەوتنی مامۆستا (ژن و پیاو) لە پۆل، کاریکی نارەواو نادروستە، چونکە ئەو چۆتە ژێرباری ئەو ئەرکەوە، هەقە جێبەجێی بکات بێ دواکەوتن، خوا دەفەرموێ: (وأوفوا بالعهد ان العهد كان مسئولا).

١١- مامۆستای کچان، دەبێ ژن بێت.. بۆیە ئەگەر پیاو بوو، دەبێ خۆیان لەڕوانینی ناپێویست بپارێزن.

ژنان و سوێند خواردن

١- هەقە موسڵمان لە سوێند خواردن خۆی بپارێزێ، بەڵام ئەگەر رکی هەڵساو تووڕە بوو و گوتی: (واللە) قسە لەگەڵ فلاّنەکەسدا ناکەم، کەچی قسەی لەگەڵکرد، دەبێ کەفارەتی سوێندەکەی بدات، مەگەر تووڕە بوونەکەی وابووبێت هەستی نەمابێ ونەزانێ چی گوتووە، دەشتوانێ سوێندەکەی بشکێنێ و کەفارەتی بدات، ئەگەر بەرژەوەندی لەوەدا دەبینرا.

٢- کەفارەتی سوێندیش بەم جۆرە دەدرێ:

- دەبێ ژەمێك (١٠) کەس تێر بکات، ئەگەر خۆراکیش دانێ، دەبێ بەهەریەکەیان - یەك و یەك لەسەردوو، واتە: کیلۆونیوێك بدات.
- کراس و دەرپێیەك نوێژی پێوە بکرێ، واتە: عەورەت داپۆش بێت.
- بەندەیەکی موسڵمان ئازاد بکات.
- ئەگەر هیچ کام لەوانەی پێ نەکرا، سێ رۆژ بەرۆژوو بێت.

٣- سوێند بەدرۆوە - کەپێی دەڵێن: (الیمین الغموس) چونکە خاوەنەکەی لە گوناح نقووم دەکات - کەفارەتی نادرێ، بەڵکو دەبێ پەشیمان بێتەوەو تەوبەی لێ بکات.

٤- ئەوسوێندانەی بەبێ نییەتی دڵ و مەبەست کەپێیان دەڵێن: (اللغوالیمین) لەزار دەردەچن، کەفارەتیان نییە.

٥- دایکێك سوێندی زۆر لەمنداڵەکانی دەخوات، گەلێ جاریش بەگوێی ناکەن و سوێندەکەی دەخەن.. دەبێ چی بکات ؟! لەوەدەچێ (لغو الیمین) بێت، واتە: لەدڵەوە نەبووبێت، بەڵکو مەبەست هەڕەشەو ترساندنیان بێت، کەوابوو کەفارەتی ناوێ.

٦- سوێند بەغەیری خودا.. دروست نییە، ئەگەر بە (کعبة الله)یش بێت، کەوابوو بە

(شەرەفم) بەگۆڕی شەهیدان... تاد، نابێ بەکار بهێنرێن، پێویستە موسڵمان بەتایبەتی خۆی بپارێزێ لێیان.

نەزر لە ئیسلامدا

١- کەسێك شتێك فەرزدەکاتە سەرخۆی، کەخودا فەرزی نەکردووە، بۆ نموونە: دەڵێ: ئەگەر خودا لەم نەخۆشیە شفام بدات، (نەزر) بێت مەڕێك سەربېڕم.. ئەو جۆرە نەزرانە لە ئیسلامدا (مەکرووهە)، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((انه لايأتي بخير)) جا ئەگەر لەکاتی خۆیدا ئەنجامی نەدا، دەبێ بۆ دوایی هەر جێبەجێی بکات، لەباتی دوا خستنەکەی کەفارەتی سوێندەکەشی بدات.

٢- کەسێك نەزری کرد لەفلانە جێگادا مەڕێك سەربڕێ، کەچی دوایی دەرکەوت، لە جێگایەکی تر باشترە و هەژاری زۆرترە و صالح و باشترن.. (شێخ بن باز) دەڵێ: دەتوانێ بۆجێگای باشتر نەزرەکەی بباو لەوێ جێبەجێی بکات.

٣- ئایا دەکرێ خۆی لە نەزرەکەی بخوات.. ؟ ئەگەر کاتی خۆی مەبەستی بەو نەزرە هەژارو خەڵکانی بێ نەوابووبێ، ئێستا نابێ خۆیی و ماڵ ومنداڵی لێی بخۆن، خۆ ئەگەر مەبەست لەماڵ و منداڵ و هاوڕێیانی خۆی بووبێت، دیارە خۆیشیی و ئەوانیش لێی دەخۆن.

٤- نەزر بۆغەیری خودا حەرامە و گەلێ جار دەبێتە شیرك.. بۆیە ئەگەر مەڕێکی بۆ گۆڕێك، یان بۆ پاشا، یان بۆ پێغەمبەرێك.. سەربڕێ، بەمردارەوە بوو دادەنرێ وشەریکیشی بۆ خودا داناوە.

٥- ئەگەر گوتی شتێك نەزربێت لەسەرم بۆخودا.. دەبێ کەفارەتی سوێندێك بدات، ئیتر شتێکی تری لەسەرناکەوێ.

٦- ئەگەر گوتی: ئەگەر قسەم لەگەڵ کردیت، مەڕێك نەزربێت لەسەرم، یان گوتی: ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاست نەبوو نەزربێ مەڕێك سەربېڕم.. بۆ ئەم جۆرە نەزرانە تەنها کابرا سەرپشك دەکرێ: نەزرەکەی جێبەجێ بکات، یان کەفارەتی سوێندێ بدات.

٧- نەزری کرد کە شەراب بخواتەوە.. ئەوە پێویستە وازی لێ بهێنێ، بەڵام ئایا کەفارەتی سوێندی لەسەر دەکەوێ یان نا ؟ هەندێ زانا دەڵێن: کەفارەتی سوێندی لەسەر دەکەوێ، بەڵام جەماوەری زانایان دەڵێن: کەفارەتیشی لەسەر نییە.

٨- کەسێك نەزری کرد ئەوەند ڕۆژ بەرۆژوو بێ بۆ خودا، دەبێ جێبەجێی بکات، ئەگینە کەفارەتی سوێندی لەسەرە، یان گوتی: ئەگەر خودا لەم نەخۆشیە شفای دام، نەزربێت

وشترێك سەربڕم، جا ئەگەر خودا شفای دا، دەبێ وشترەکە سەربڕێ، ئەگەر توانای کڕینی وشترێکی نەبوو، دەبێ کەفارەتی سوێندێ بدات.

٩- ئەگەر کابرایە گوتی: واللە قسە لەگەڵ کاکم ناکەم، واللە قسە لەگەڵ کاکم ناکەم، چونکە دووبارە کردنەوەیە، بەیەك سوێند دادەنرێ، واتە: ئەگەر قسەی لەگەڵ کرد، یەك کەفارەت دەدات.

١٠- ئەگەر گوتی: واللە قسە لەگەڵ مامم ناکەم، واللە نانی ناخۆم، واللە ناچمە ماڵی، پاشان هیچی جێبەجێ نەکرد، دەبێ لەباتی هەریەکەیان کەفارەتی سوێندێك بدات، چونکە لەیەك جودان و هەریەکە حسابی تایبەتی خۆی هەیە. شیاوی باسە سوێند خواردنی زۆر کارێکی (مەکرووهە) و ناپەسەندە لەئیسلامدا، جگە لەوەیش کەسێتی مرۆڤ دەڕوخێنێ و لەناو کۆمەڵگەدا سووك دەبێ.

ژنان و چوونە لای پزیشك

١- هەرشتێك زۆر پێویست نەبێ، بۆ پزیشك ناڕەوایە ببینێ و دەستی لێ بدات.

٢- کاتێ ژنان دەچنە ژوورەوە لای پزیشك، دەبێ مەحرەمیان لەگەڵ بێت، واتە: نابێ بەتەنها بچێتە ژووری پزیشکەوە، چونکە خەڵوەت روودەدات، ئەوەیش حەرام و قەدەغەیە.

٣- دەبێ لەکاتی چارەسەردا، دکتۆر هەر ئەوجێگایە ببینێ، پێویستی بەچارەسەر هەیە.

٤- تابکرێ و پزیشکی ژنان چارەسەریان بۆبکات، نابێ بچنە لای پزیشکی پیاو.

٥- پێویستە پزیشك و ژنە کارمەندەکانی نەخۆشخانەکان، جل و بەرگێکی وا لەبەر بکەن جەستەیان داپۆشێ و تەسك و ترووسك نەبێ لەبەریاندا.. واتە: نە ئەوەندە تەسك بێ و قەدو باڵای بگوشێ، نە ئەوەندەش پان و پۆڕ بێت رێ لەئیش و کارەکانیان بگرێ.

٦- دروست نیە پزیشك و هەر ئافرەتێکی تر لە نەخۆشخانە، یان لەهەرجێگایەکی تردا بەتەنها بمێنێتەوەو خەڵوەت روویدات.

٧- بەکارهێنانی وشەی (سستر) واتە: خوشك بەزمانی ئینگلیزی، هەقە تەنها بۆژنانی ئیماندار بەکاربهێنرێت.

٨- ژنێك بچێتە لای پزیشکی ددان بۆچارەسەر، یان بەپێچەوانەوە.. پێویستە ژنان لای پزیشکی ژنان و، پیاوان لای پزیشکی پیاوان بچن، مەگەر زۆر پێویست بێ و دەست نەکەوێت.

ژنان و پەیوەندییان بەخەڵکانی ناموسڵمانەوە

١- ئەگەر دراوسێیەکی کافری هەبوو، پێویستە چاکەو پیاوەتی لەگەڵ بکرێت، بەڵکو ئەو چاکەیە کاریگەر بێ لەسەری.

٢- کڕین و فرۆشتن و مامەڵە لەگەڵ کافراندا لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامدا ڕەواو دروستە.

٣- ئەگەر بەشێوەی ڕەسمیی هێنرانە وڵاتەوە، دەبێ ڕێزیان لێ بگیردرێ و مامەڵەی چاکیان لەگەڵ بکرێ وستەمیان بەرامبەر نەکرێ ومافی خۆیانیان بدرێتێ.

٤- نابێ موسڵمان لەسەر حسابی دین موجامەلە لەگەڵ کافران بکات، یان کارەکانی ئەوانی لاپەسەند بێت.

٥- نابێ موسڵمان لەکاتی جەژنەکانیاندا، بچێت جەژنە پیرۆزەیان لێ بکات، چونکە ئەوە ددان نانە بەکارە ناشەرعییەکانیاندا.

٦- موسڵمان دەتوانێ دیاری کافران وەرگرێ و قەبووڵی بکات، چونکە پێغەمبەر ﷺ دیارییەکەی (مقوقس)ی پاشای (میسر)ی قەبووڵ کرد.

٧- هەقە موسڵمان لە ژوورێکدا لەگەڵ کەسێکی کافردا کۆنەبێتەوە، خۆئەگەر زەروورو پێویست بوو قەیناکات، ئەگەرچی پێکەوەیش نان بخۆن و هەڵس و کەوت بکەن، بەمەرجێ دینەکەی بپارێزێ.

٨- پێویستە موسڵمانان مێژووی کافران (بەگاورەکانیشەوە) بەکارنەهێنن، چونکە هاوەڵان لەو سەردەمەدا مێژووی ئەوان هەبوو، کەچی لایاندا لێی و مێژووی (هیجری)یان داهێنا بۆخۆیان.

٩- چوونە دەرەوە بۆ وڵاتی کافرنشین، بەم مەرجانە نەبێ دروست نییە:

- بتوانێ دین و ئایینی دەربخاو ئەرکە خواییەکان بپارێزێ، (تەمەلوق) نەکاو خۆی بە کەم نەزانێ و خاو نەبێتەوە لەدینداریی.

- سەفەرەکەی لەبەر پێویستیی و زەروورەت بێت، وەکو چارەسەری نەخۆشیی و فێربوونی ئەوشتانە تەنها لەوێ دەست دەکەون و وڵات پێویستی پێیان هەبێت.

- بەڵام سەفەر بۆ پیاسە و ڕابواردن دروست نییە.

١٠- هاوبەشی گاوران و جوولەکەو هەرخەڵکێکی تر لەو چەشنە دروست نییە، چونکە بەشداری کردنیان خۆشوبهاندنە بەوانەوە، ئەوەی کارێکی ناردوست و حەرامە.

١١- دەتوانرێ کافرو خوانەناس بهێنرێ، جل وبەرگیان پێ بشۆردرێ و نان وچێشتیان پێ بکرێت، ئەگەرچی فەرموودە هەیە کە بەرلە چێشتەکە دەبێ قاپ و قاچاخەکەیان

بشۆردریێ، بەتایبەتی کە ئەوان شەرابی تێدا دەخۆنەوەو گۆشتی بەرازی تیادەکوڵێنن.

١٢- ڕاگرتنــی کارەکــەری ناموســڵمان و خزمــەتکارو شــۆفیری غــەیرە موســڵمان و کرێکاری ناموسڵمان لە (الجزیرة العرب) دروست نییە، چونکە هەر ئەوکات کە جوولەکەو گاور ئەوهەموو گزیی و خەیانەتەیان کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا کە لەویێ دەربکرێن. چونکە هێنانی کافران بۆ ولاتی موسڵمانان، مەترسی گەورەی لێدەوەشێتەوە بۆ دین و ڕەوشتی موسڵمانان.

١٣- دەعوەتکردنی خەڵکانی خراپ و خوانەناس بۆسەر زەماوەند ئەگەر مەبەست لەو دەعوەتە، دڵخۆشکردنیان بێت بۆهێنانیان بەرەو ئیسلام، ئەوە کارێکی باش و قەشەنگە، خۆئەگەر هەر مەبەست نانخواردنێك بوو و هیچی تر، ئەوا پێویست ناکات.

١٤- ســەربڕاوی دەســتی خاوەننامــەکان دەخــوریێ، بەمــەرجیێ نــەزانریێ بــە غــەیرە شەرعیی سەربڕاون.

١٥- سـەر بڕاوی کافرەکـانی تـر، ئاگرپەرسـتبن، یـان بتپەرسـت، یـان کۆمۆنیـست.. ناخوریێ و حەرامە.

والحمد لله أولاً وأخر ـ والصلاة والسلام على إمام المتيقين والمرسلين
سيدنا محمد و على آله وصحبه أجمعين.

کۆتـایی

سەرچاوەكان

١. قورئانى پیرۆز.
٢. تفسير ابن كثير.
٣. الجامع لأحكام القران / للإمام ابن كثير للقرطبى.
٤. روح المعانى / للشيخ محمود الآلوسى.
٥. الأساس فى التفسير / للشيخ سعيد حوى.
٦. في ظلال القرآن / للأستاذ داعية الاسلام سيد قطب.
٧. تفسير المنار / للأستاذ رشيد رضا.
٨. تفسير الكريم الرحمن / للشيخ عبد الرحمن السعدى.
٩. الكشاف / للزمخشرى.
١٠. الكاشف / للأستاذ جواد.
١١. قصص الأنبياء / عبدالوهاب نجار.
١٢. فتح البارى / شرح البخارى.
١٣. شرح النووى على مسلم.
١٤. الترغيب والترهيب / للحافظ.
١٥. نيل الأوطار / للشوكانى.
١٦. جامع الأصول / إبن كثير.
١٧. المفصل فى أحكام المرأة والبيت المسلم / د.عبدالكريم زيدان.
١٨. مدى سلطان الارادة فى الطلاق.. / د.مصطفى الزلى.
١٩. أحكام الأسرة فى الفقه الإسلامى / د.عبدالستار حامد.
٢٠. المحلى / لإبن حزم الظاهرى.
٢١. مجموعة الفتاوى / شيخ الإسلام إبن تيمية.
٢٢. المجموع / للإمام النووى.
٢٣. المغنى / لإبن قدامة المقدسى.
٢٤. المرأة في القرآن و السنة / محمد عزت دروزة.
٢٥. المرأة بين الفقه و القانون / د. مصطفى السباعى.
٢٦. المعجم المفهرس / للأستاذ محمد فؤاد عبدالباقى.
٢٧. أهل الحل و العقد، صفاتهم و ووضائفهم / للأستاذ عبدالله ابراهيم الطريق.

٢٨. الجهاد و القتال فى السياسة الشرعية / محمد خير هيكل.

٢٩. الفقه الاسلامى و أدلته / د. وهبة الزحيلى.

٣٠. أحياء علوم الدين / للإمام محمد الغزالى.

٣١. مسألة تحديد النسل / د. محمد سعيد رمضان البوطى.

٣٢. المرأة الكردية و دورها في المجتمع الكردى / د. ابراهيم طاهر معروف.

٣٣. الحريات العامة في الدول الاسلامية / الشيخ راشد الغنوشى.

٣٤. تربية الأولاد فى الاسلام / عبدالله ناصح علوان.

٣٥. احكام الزواج و الطلاق والخلع / محمد متولى الشعراوى.

٣٦. المرأة بين طغيان النظام الغربي و لطائف التشريع الرباني / د. محمد سعيد رمضان البوطى.

٣٧. موسوعة فقه المرأة المسلمة / يوسف الحاج أحمد.

٣٨. واجبات المرأة المسلمة / خالد عبدالرحمن.

٣٩. أكثر من (١٠٠٠) جواب للمرأة / خالد الحسينيان.

٤٠. يسألونك فى الدين و الحياة / د. احمد الشرباصى.

٤١. تفسير أيات الأحكام / للشيخ محمد على الصابونى.

٤٢. فقه السنة / للشيخ سيد سابق.

٤٣. إختصار من (أحكام و فتاوى المرأة المسلمة) لمجموعة من السادة العلماء الأفاضل (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية و الإفتاء فى المملكة العربية السعودية.

پێڕست

ناوەرۆك	لاپەڕە
پێشەكیی	٥
قورئان گرنگیی بە ژنان و كاروباری ژنان دەدات	٨
نێرومێی مرۆڤ دروستكراوی خودای گەورەو دلۆڤانن	٨
ژن و پیاو وەك یەك خاوەن بەهاو خاوەن مافن	٩
پێكهاتەی جەستەی ژن وپیاو لێكجودایە	٩
باوە (ئادەم) و دایە (حەوا)،هەردوو پێكەوە لەدرەختەكەی بەهەشتیان خوارد	١٠
ژن وپیاو لە ئایدیۆلۆژیادا دەبێ یەك بن	١١
لە بەر ئاسوودەیی ژنانە، هاوكووفیی رەچاوكراوە	١١
ژنان و حەیزو بێنوێژیی	١٢
بێحورمەتی كەناڵە سێكسیە بازرگانیەكان بەرامبەر بە ژنان	١٣
چەند خوویەكی نالەباری جاهیلیەت بەرامبەر بەژنان وچارەسەریان لە ئیسلامدا	١٤
كیژانی هەتیوو بێ باب، گەلێ ستەم وناهەقیان لێدەكرا	٣٩
فرە ژنێتی	٤٢
فرە ژنی لە چەند ڕوویەكەوە پێویستە	٤٣
پرسیارێكی سەیروسەمەرە؟!	٤٥
ئەگەری سەرهەڵدانی ئاڵۆزی هەیە لە فرەژنییدا	٤٧
فرە ژنێتی پێغەمبەر ﷺ	٥٠
مارەیی ژنان	٥٥

ئایا مارەیی سنووری بو دادەنرێت ؟	٥٨
بە یەکێ لەم شتانە هەموو مارەیی، دەکەوێتە مێرد	٥٩
بە یەکێ لەمانە نیوەی مارەیی دەکەوێتە سەر زاوا	٥٩
لەم حاڵەتانەشدا مارەیی هەموو لە کیس دەچێ	٦٠
کیژۆڵە بەر لە هاتنی ئیسلام لە میرات بێ بەشبوو !	٦١
میرات لە ئیسلامدا	٦٢
گەواهی ژنان لە ئیسلامدا	٦٥
تۆڵەی سەرەتایی بۆ ژنانی زیناکار	٦٦
ژنان کرابوونە ماوەو کەلەپوور!	٦٨
بەرلە ئیسلام ژنی باب مارە دەکرا!	٧٠
ئەم ژنانە بەژن و ژنخوازی حەرام دەبن	٧٢
ئەم ژنانەش بە شیر خواردن حەرام دەبن	٧٢
بەر لە ئیسلام بەژنان لەشفرۆشی دەکرا !	٧٤
قەووامە چییە ؟!	٧٦
ئەشقیبوونی پیاو	٧٩
دانانی کەیخودا (حەکەم) لە نێوان ژن و مێردا	٧٩
حەکەمەکان و کارەکانیان	٨٠
حەکەمەکان چۆن ژن و پیاوەکە لێکجودادەکەنەوە؟	٨١
سێ جۆر چارە سەر لە بەر دەستدایە بەر لە تەلاق	٨١
نەفەقەو بژێوی ژنان	٨٣
بژێوی ژنان بۆچی خراوەتە سەر پیاوان؟	٨٣
ژنانی ئاکار چاك	٨٤
ژنانی ئاکار خراپیش هەن	٩٧

ژنو پیاوی داوێن تەڕ	١٠٣
بوختان بۆ ژنانی داوێنپاك	١٠٥
بوختان بۆ هاوسەر	١٠٦
داستانی بوختاکە بۆ خاتوو عایشە! - خوا لێی ڕازی بێت	١٠٩
جلو بەرگی بالاپۆش (حیجاب)	١١٥
غەریزەی جنسیی بە سەرجێیی شەرعیی چارەسەر دەکرێ	١١٨
ژنانی پیرو بەسالا چوو	١٢٠
هاوسەرەکانی پێغەمبەر ﷺ و خۆشگوزەرانی !	١٢١
ژن و پیاو لە فەرمانی خودا نابێ کلا بن	١٢٦
ژنانی پێش سەرجێیی تەڵاقدراو	١٢٨
عیدەی شەرعیی	١٢٩
باسێکی دی ژنەکانی پێغەمبەر ﷺ	١٢٩
کات لە یەکتر مەگرن	١٣٢
حیجابی شەرعییو پەسەند، چەند مەرجێکی هەیە	١٣٥
یازدە ژن داستانی مێردەکانیان دەگێڕنەوە	١٣٦
گرێبەستی ژنو مێردیی / زەواج	١٣٩
حیکمەتی نیکاح	١٤٠
دەبێ کچ وکوڕ هاوسەری شیاو هەڵبژێرن	١٤٢
خوازبێنی	١٤٧
ئەو ژنانە بۆ خواستنن دەشێن	١٤٨
پایەکانی گرێبەستی/ زەواج	١٤٩
ئایا ژنان دەتوانن خۆمارە بکەن؟	١٥٠
مەرجەکانی گرێبەستی/زەواج	١٥١

ژمارەی شایەت	١٥٣
عەدالەتی شایەت	١٥٣
مەرجدانان لە گرێبەستەکەدا	١٥٤
ئەو مەرجانەی لە گرێبەستەکەدا دادەنرێن	١٥٤
مەرجگرتنی (صیفەت)ێك لە پیاوەکەدا، یان لە ژنەکەدا	١٥٥
ئەو شتانە لە نیکاحدا سوونەتن	١٥٦
حوکمی زەواجی کاتیی (مؤقت = متعة)	١٥٨
سەرپەرستیاری (زەواج). (الولی فی الزواج)	١٥٩
ئەرکی سەرپەرستیاری ژنان	١٦١
کچو کوڕ هەر پێگەیشتن بەیەکیان بگەیەنن	١٦٢
دواکەوتنی کوڕانو کچان لە بەیەکگەیشتن دەکەوێتە ئەستۆی (وەلی)یەکانیان	١٦٣
بەشوودانی کچی نابالغو مارەکردنی ژن بۆ کوڕی غەیرە بالغ	١٦٤
بەشوودانی کچ وبێوەژنی بالغ و ژیر	١٦٧
پوختەی ئەم باسە	١٦٩
(ظیهار) کەسێك بە ژنی خۆی بڵێ تۆ دایکمی	١٧٠
جیابوونەوەی ژن و پیاو (تەڵاق)	١٧٣
پوختەی ئەم باسە	١٨٥
سەرنجێك	١٨٦
(تەحلیل)ی شەرعیی‌و پەسەند	١٨٧
خولع لە شەریعەتی ئیسلامدا	١٨٩
بۆچی ڕێ بە خولع دراوە؟	١٩٠
یاسای عیراقیی چۆن دەڕوانێتە خولع ؟	١٩١
ئەو شتانە ڕێ بۆ ژنان خۆش دەکەن بۆ داوای تەڵاق	١٩١

جیابوونەوە بەهۆی بێ سەروشوێنبوونی مێردەوە	١٩٣
ئایا ئەم (تەفریق)ـە بڕیاری دادوەری دەوێ...؟	١٩٤
ئەگەر پاش بڕیاری (تەفریق)، مێردە بێ سەرو شوێنەکە گەڕایەوە	١٩٤
نادیار بوونی مێرد (غیبة الزوج)	١٩٥
ژنی پیاوی دیل و بەندکراو	١٩٦
ئاخۆ سەرجێیی نەکردن لەگەڵ ژناندا دەبێتە هۆکاری (تەفریق)؟	١٩٧
تەڵاق لەبەر نەبوونی نەفەقەو ژیان	١٩٧
ئەگەر بەدەست ئەنقەست نەفەقەی نەدەکێشا..!	٢٠٠
نەبوونی نەفەقە لەبەر نادیاریی مێرد	٢٠١
(کچ‌وکوڕی نابالغ) کاتێ بالغبوون دەتوانن جیاببنەوە	٢٠٣
دەکرێ تەڵاق بدرێتە دەستی ژنان؟	٢٠٤
صیغەو شێوەی داڕشتنی ((تەڵاق) سێ جۆرە	٢٠٥
الحلف بالطلاق/ سوێند بەتەڵاق	٢٠٧
تەڵاق بەدەست کێ بێت باشە..؟	٢٠٩
باوونەریتی چاخە کۆنەکانی پێش ئیسلام سەبارەت بەتەڵاق	٢١١
ڕوونکردنەوەیەك	٢١٢
هەندێ جیاوازی یاسای (حامورابی) لەگەڵ یاساکانی تردا	٢١٣
تەڵاق لە دۆڵی (نیل) دا	٢١٥
ڕێیان بەتەڵاق دەدا	٢١٥
تەڵاق لای هیندییە کۆنەکان	٢١٦
تەڵاق لای چینی کۆن (الطلاق الصینی القدیم)	٢١٩
تەلاق لای فارسە کۆنەکان	٢٢٠
تەڵاق لای (یابان)یەکان	٢٢٢

تەڵاق لە ئەورووپا	٢٢٣
(زەواج) و (تەڵاق) لای عەرەب- بەر لە ئیسلام -	٢٢٦
تەڵاق لای (مووسایی) یەکان، (١٢٠٠)ساڵ بەر لەزایین	٢٢٨
(زەواج) و (تەڵاق) لای مەسیحییەکان	٢٢٩
ژنان و مومارەسەی کاری سیاسیی	٢٣٠
ژنو سەرۆك کۆماریّتی	٢٣١
بەشداری ژنان لە ناو سوپادا	٢٤٠
ژنانو کارکردن لەدەرەوەی ماڵ !	٢٤١
ژنان لە دەربڕینی ڕاوبۆچووندا ئازادن	٢٤٧
ژنان سکالاّ دەبەنە لای پێغەمبەر (صلی الله علیە وآلە وسلم)	٢٤٩
ژنان دەتوانن فێری هەموو زانیارییەك ببن	٢٥٠
خشڵو زەنبەری ژنان	٢٥٢
بەکار هێنانی (کل) وگۆڕینی ڕەنگی موو	٢٥٤
بەکارهێنانی هەرمادەیەك بۆ گۆڕینی ڕەنگی موو	٢٥٤
دەستگرتنە خەنە	٢٥٥
هەلگرتنی دەمووچاو	٢٥٦
بەکارهێنانی بۆنخۆشیی	٢٥٦
قژی سەر	٢٥٧
هەڵکێشانی مووی سپی	٢٥٨
تاشینی بەشێ لە مووی سەر (بۆ ژنو پیاو) قەدەغەیە	٢٥٨
پەیوەستکردنی قژ بەقژەوە	٢٥٩
باریكو تەنککردنی برۆ	٢٥٩
خاڵکوتانو ددان شاشکردن	٢٦٠

ڕەنگو بۆیە كردنی (پێڵو)ی چاوو سەرو ژێری چاوو سوورکردنی کوڵمو لێو	٢٦٠
جوانكاریی (عمليات التجميل)	٢٦١
(خەتەنە)كردن	٢٦١
ژنان و وەرزش..؟	٢٦٦
ژنان و خۆ قەڵەو كردن ؟	٢٦٦
خۆ پاراستن لە نەخۆشیی و چارەسەركردن	٢٦٧
خۆ قەڵەوكردن بە دەرمانو پرۆتینات	٢٦٩
كورتە باسێكی دوعاو نووشتە	٢٧٠
مەرجەكانی دوعا و چارەسەری نەخۆشیی	٢٧١
لەباربردنی منداڵ (الإجهاض)	٢٧٢
ڕێگرتن لە سكبوون (منع الحمل)	٢٧٤
قسەی پەسەند لەمەسەلەی (عەزل)دا	٢٧٥
چەند فەتوایەك دەربارەی ژنان	٢٧٧